١٦ منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

میٚژووی شیٚوێنسر ئومان

شیخ الاسلام یوسف القرضاوي



وەرگێڕانی: ئیکرام کەریم
پێداچوونەوەی: ڕێناس ئەحمەد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

پرۆژەی بیری میانڕەو

(١٦)

مێژووی شێوێنراومان

نووسینی

د. يوسف القرضاوي

وەرگێڕانی پێداچوونەوەی

ئیکرام کەریم ڕێناس ئەحمەد

مێژووی شێوێنراومان



پڕۆژەی بیری میانڕەو

ناوی کتێب : میتۆدی شێوێنراومان

نووسینی : د. یوسف القرضاوي

وەرگێڕانی: ئیکرام کەریم

پێداچوونەوەی: ڕێناس ئەحمەد

نەخشەسازی بەرگ: هیوا ڕەفعەت

چاپی دووەم : ١٤٣٤ ك _ ٢٠١٣ ز

ژمارەی سپاردن : (٢٤٤٩)ی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە

مالپەڕی میانڕەوی: www.miyanrewi.org

Miyanrewi@gmail.com
Miyanrewi@yahoo.com

پەیڤێك لە دەستوورەكەی خواوە

- (أفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ) (الحج: ٤٦).

واتە: ئەوە بۆچی ناگەڕێن بە زەویدا و بە دڵ عەقڵ وەربگرن و بە گوێ هەواڵی میللەتانی پێشوو ببیستن، چونکە چاوکوێر نابێت بەڵکو ئەوە دڵە کوێر ئەبێت کە لە ناو سنگەکاندایە (ئیتر پەند و سوود لە کەس و لە هیچ وەرناگرێت).

- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً) (الأحزاب: ٧٠). واتە: ئەی ئیمانداران لەخوا بترسن و قسەی تۆکمە و بەبەڵگە بکەن.

- (وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى) (الأنعام: ١٥٢). واتە: ئەگەر قسەتان لە شتێکدا کرد، دادپەروەرانە قسە بکەن، با خزم‌و نزیکی خۆشتان بێت.

- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّهِ شُهَدَاء بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) (المائدة: ٨). واتە: ئەی بروادارانی! ببنە ئەو کەسانەی بۆ خوا دێنە مەیدان، بە داد شایەتی بدەن و با ڕقبوونتان لە کۆمەڵێك واتان لێ نەکات دادپەروەرانە ڕەفتار نەکەن، دادپەروەر بن! ئەوە نزیکتان دەکاتەوە لە خواناسی‌و تەقوا.

لە چرای پێغەمبەرایەتییەوە

- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (ان الرجل ليتكلم بالكلمة ما يتبين منها، يزل بها في النار ابعد ما بين المشرق والمغرب). (متفق عليه عن أبي هريرة).

واتە: کەسی وا هەیە قسەیەک دەکات و گوێی پێ نادات، کەچی بە هۆی ئەو قسەوە پێی هەڵدەخزێت و دەکەوێتە ناو ئاگر و ئەوەندە دەچێتە خوارەوە زیاتر لە ماوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

- دیسان پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (وأسالك كلمة الحق في الغضب والرضا). (رواه النسائي والحاكم عن عمار بن ياسر). واتە: ئەی خوای گەورە! داوات لێدەکەم وشەی هەق و ڕاستیم لەسەر زار بێت، لە کاتی تورەیی و ئارامیمدا.

پێش باس

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.

هەر خوێنەرێکی بەڕێز پێشتر ئاگای لە پرۆژەکەمان بووبێت دەزانێت ئەم پرۆژەیە زۆر بە تەوازوعەوە دەستی پێکرد و لەسەرخۆیش هەنگاوی نا، خوا یار بێت هەر واش دەمێنینەوە و درێژە بە کارەکانمان دەدەین، لە خوا یارمەتی و لە ئێوەش دوعا دەخوازین.

ئەم کتێبەی بەر دەستت یەکێکە لە کتێبە نایابەکانی شێخ و پێشەوای پایەبەرز یوسف قەرەزاوی، شتگەلێکی بە ئوسلووبە نەرم و هێمن و سادەکەی خۆی ڕوون کردووەتەوە و دنیایەک باسی گرنگی وروژاندووە. هەموومان دەزانین مێژوو چ گرنگییەکی هەیە و چەندە بۆ ئێستا و داهاتوومان کاریگەرە. ئەوانەی تانە لە موسڵمانان دەدەن و خەڵکێکی زۆر چەواشە دەکەن زۆربەی هەرە زۆری جارەکان لە ڕێگەی مێژووەوە هەنگاوەکانیان هەڵدەگرن. جا قسەکردن لە بابەتێکی ئاوا یەکجار پێویستە. شێخ قەرەزاوی خوای گەورە پایەداری کات بەم کارەی وەڵامی زۆر لەو گومان و چەواشەکارییانەی داوەتەوە، ئەڵبەت هەندێ لە هەڵە و گومانەکان لە لایەن زانا و کەسایەتی گەورەی نێو موسڵمانانیشەوە وروژێنراوە، ئەم پەرچی وانیشی داوەتەوە.

بۆ بەڕێزم کاك ئیکرام کەریم بە کردنەکوردیی ئەم کتێبە نایابە هەستا، پرۆژەی تیشك یەکەم چاپیان کرد، زۆر دڵم بە تەرجومەکە خۆش بوو و هەر ئەو کاتەش دەستخۆشیی تایبەتم لە کاك ئیکرام کرد و تێبینی ئەوەم پێ دا کە وەرگێڕانەکەی پڕە لە هەڵەی چاپ و ڕێنووس و ئەمەش بۆ کار و کتێبی ئاوا حەیف و داخە، بیرمە گوتی کە دەستنووسەکەی داوە بە برایانی پرۆژەی تیشك بۆ نووسینەوەی بە کۆمپیوتەر ئیتر نەیبینیوە و ڕاست ناردوویانە بۆ چاپ و فرسەتی ئەوەی نەبووە جارێکی تر دەستی تێ بخات و چاوی پێدا بخشێنێتەوە، بە هەر حاڵ

کتێبەکە لە بازاڕدا نەما و هەموو نوسخەکانی کڕان، ئەمەش نیشانەی ئەوەی خوازیارانی ئەم باس‌وخواسانە زۆرن و وەرگێڕانەکەش بەجێ بووە. هەر ئەو کاتە بیرم بۆ ئەوە چوو داوا لە کاك ئیکرام بکەم چاپی دووەمی بداتە ئێمە تا جوانتر و ڕێکتر چاپی بکەین... ئەودوای داستانەکەیش کاك ئیکرام گێڕاویەتیەوە! کاتێك نوسخەی کتێبەکەیان بۆ ناردم ئەم نامەیەشی لەگەڵ ناردبوو:

"بەڕێز کاك قانع خورشید! السلام علیکم.

ئەوە شوکور بۆ خوا کتێبەکە تەواو بوو هەرچەندە زۆر ماندوو بووم بە دەستییەوە بەڵام حەمدو سوپاس بۆ ئەو تاکە خوایە، زۆر دڵم پێی خۆشە و بە کتێبێکی فرە جوانی ئەزانم کە ئێوە ببنە بڵاوکەرەوەی..

جا بفەرموو لەگەڵ ئەم تێبینییانەدا :

١. من ئەوەندەی پێم زانیبێت هەڵەم تێدا نەهێڵاوە.

٢. بەڵکو خۆتان دیزاینێکی جوانی بۆ بکەن شایان بێت بە کتێبەکەو پرۆژەکەو ماندووبوونی منیش و ئێوەش.

٣. پاش دیزاین بەڵکو پێڕستی بۆ بکەن و ئەوەندە بەسە کە سەرباسەکان دابنرێنەوە..

٤. من لە ٢٠٠٨/١/٢٧ەوە دەستم بەم تەرجەمەیە کردووە و لە ٢٠٠٩/٦/١٧ەوە تەسلیمم کردووە بە برایانی تیشك بۆ بڵاوکردنەوە و ئەوە لە (٢٠١١/١١/٢٢)شدا تەسلیمی ئێوەی ئەکەم، بەڵکو ئەمە خوایە لای ئێوە دوا نەکەوێت.. لە دواکەوتنی لای من ببورن!

سەرکەوتوو بیت لە دونیا و ئاخیرەتدا...

براتان ئیکرام کەریم

٢٢/ ١١/ ٢٠١١".

لەبەر ئەوەی دەخلی پرۆژەی بیری میانرەو دیاریکراوە و ئەو گەنجە ئازیزانەشی کاری تێدا دەکەن سەرقاڵی خوێندن و دەوامن، کارمان تۆزێك خاو دەڕوات، بۆیە بەداخەوە ئومێدەکەی وەرگێڕی بەڕێز بەدی نەهات و پێداچوونەوە و ئامادەکردنەکەی بۆ چاپی دووەم زۆری خایاند، من بە ناوی هەموو هاوڕێکانیشمەوە داوای لێبوردن لە کاك ئیکرام دەکەم، بەڵام ئومێدم وایە چاپەکەی بە دڵ بێت و خەمی دواکەوتنەکەی بیرباتەوە !

لەبەر ئەوەی خۆم بە کار و نووسینی تردوە سەرقاڵ بووم کاتی ئەوەم نەبوو پێداچوونەوە بۆ ئەم کارە بکەم، لە جێی خۆم هاوڕێ و نزیکی خۆم (ڕێناس ئەحمەد)م بەم کارە ڕاسپارد، متمانەی تەواوم پێی بوو کە جوان پێی هەڵدەستێت. سوپاس بۆ خوا متمانەکەم هەڵە نەبوو، ئەوەندەی من ئاگادار بم زۆری لەگەڵدا ماندوو بوو، جگە لە ڕێکخستنی ئایەت و فەرمودەکان و چاککردنی هەڵەی تایپ و ڕێنووس و خاسکردنی هەندێ شتی تەکنیکی و هونەری، لە زۆر شوێندا پەراوێزیشی بۆ داناوە و ڕوونکردنەوەی نووسیوە. بەڵام کاری مرۆڤ هەر بێ کەمی نابێت، لە چاوپێداخشاندنەوەیەکی خێرادا بۆم دەرکەوت هێشتا وردە شتی تێدایە پێویستی بە چاککردنە، بۆ نموونە لە چەندین شوێندا (ێ، ێ)م بینیوە بە (ی، ی) نووسراوە، یا (ڵا) بەم شێوەیە نووسراوە (لا) و هەندێ وردە شتی تری لەم بابەتە ! داوام لە (شڤان)یش کردووە دەستێکی تری تێ بخات ! ئەگەر هەر واش بچێت بۆ چاپ هێشتا لەگەڵ چاپی یەکەمدا ئەرز و ئاسمانی بەینە. دەست و پەنجەی ڕێناس خۆش بێت کە شانی داوە بەر ئەم کارە، تا هەتایە لێی مەمنوونم.

حەقی خۆیەتی ئاماژە بە شتێکی تریش بدەم، ناوی کتێبەکە بە عەرەبی (تاریخنا المفتری علیه)یە، کاك ئیکرام لە چاپی یەکەمدا وای وەرگێڕا بوو (مێژووی ئیسلام بوختانی بەدەمەوە دەکرێ)، هەر ئەو کات بە خۆیشیانم وت کە ناوەکەم پێ

درێژ و جۆرێکە، بۆیە دوای هەندێ ڕاگۆڕینەوە و لێکدانەوە، بۆ ئەم چاپە ناویمان گۆڕی بۆ (مێژووی شێوێنراومان)، وا دەزانم گونجاوترە.

داوام وایە ئەم کارەشمان وەک کارەکانی پێشوو ببێتە جێی سوودی ئێوەی خۆشەویست و هەر تێبینی و ڕوونکردنەوەیەکیشتان هەبوو درێغی لە گەیاندنی مەکەن، ئێمە وەک هەمیشە خزمەتکاری هەموتانین. شوکور بۆ خوا ئێستا پرۆژەی بیری میانڕەو کار لەسەر بڵاوکردنەوەی نووسینی کوردی خۆمانەش دەکات و شتی نووسەرە میانڕەوەکانی کوردستانیش چاپ دەکات و تەنیا خەریکی وەرگێڕانی نووسینەکانی شێخ قەرەزاوی نییە، لە ئێمە کار و لە ئێوە دوعا و هاوکاری و لە خوای باڵا و میهرەبانیش تەوفیق و بەرەکەت...

خوایە گیان بە ژمارەی پیت و خاڵەکانی ئەم کتێبە پاداشتی شێخی مەزن دوکتۆر قەرەزاوی و برای خۆشەویستمان کاک ئیکرام و دۆستی ڕووحیم کاکە ڕێناس و هەموو خوێنەرێکی دڵسۆز بدەیتەوە و ئێمە لەو پاداشت و خێرە بێ بەش نەکەیت. ئیلاهی ئامین!

قانع خورشید _ صمود

شەوی پێنجشەممە ٢٠١٢/١٢/٥

یەك دوو وشە بۆ چاپی دووهەمی
"مێژووی ئیسلامی بوختانی بەدەمەوە ئەکرێت"

بە حوکمی ئەوەی من وەرگێڕی کتێبی"تاریخنا المفتری علیه"ی دکتۆر یوسف قەرەزاویم، برای بەڕێز کاك قانع خورشید داوای لێ کردم کە ئەو لە پرۆژەکەی خۆیدا _کە تایبەتە بە وەرگێڕانی کتێبەکانی دکتۆر یوسف قەرەزاوی_ چاپێك لەو کتێبە بلاوبکاتەوە، منیش لەبەر ئەوەی کە کتێبەکەم داوە بە پرۆژەی تیشك و ئەوە ئەتوانێ هەر جۆرە مامەڵەیەك بەو کتێبە وەرگێڕراوەوە بکات، ئاگادارمکردن لەم پێشنیارەی کاك قانع، ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی ئەرێیان دایەوەو ئەم چاپەی بەردەستتان ماڵی حەڵاڵ و زوڵاڵی پرۆژەی بیری میانڕەوە و بە مۆڵەتی ڕەسمیی پرۆژەی تیشك لە چاپ دراوە، هیوادارم کە بەسوود بێت و خوا خێر بۆ نووسەر و وەرگێڕ و بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبە بنووسێ و بیکاتە بەرچاووڕوونییەکیش بۆ خوێنەرانی بەڕێز، ئەبێ سوپاسی کاك (ڕێناس ئەحمەد)یش بکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم چاپەی گرتە ئەستۆ، هیوادارم کە خاڵی بێت لە هەڵەی چاپی، بە ڕاستی خوێندنەوەی مێژوو لە هەڵە و ڕاست ئاگادارت ئەکاتەوە و ئەو ئاگادارببوونەش پێوەرت بۆ دروست ئەکات و پێوەریش دینی ڕاستەقینەت پێ ئەناسێنێت و دینی ڕاستەقینەش ئاوێتەت ئەکات لەگەڵ چاکەدا و هەستیارت ئەکات بە خراپە و گوناە، کە بەو شێوەیەش بیت ئەوە لەم دونیایەدا بە ڕێزەوە ئەژیت و بە ڕێزیشەوە ئەمریت و لە دواڕۆژیشدا بە ڕێزەوە زیندووئەبیتەوە..

﴿قل سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلُ كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُشْرِكِينَ (٤٢) فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ الْقَيِّمِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لَا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ يَوْمَئِذٍ يَصَّدَّعُونَ (٤٣) مَنْ كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِأَنْفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ (٤٤) لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْ فَضْلِهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ﴾.

ئیکرام کەریم _ سلێمانی

١٠/ ١٠/ ٢٠١١

وتەیەکی پێویست پێش وەرگێڕان

بسم الله والسلام على رسول الله وما توفيقي الا بالله وبعد.

ئەم پەرتووکەی بەر دەستتان کتێبێکی دکتۆر یوسف قەرەزاویيە، زانای گەورەی ئیسلامی (خوا بەرەکەت بخاتە تەمەنییەوە)، بە ناوی "تأريخنا المفترى عليه"، برایانی پرۆژەی تیشك بە پێویستیان زانی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی شیرینی کوردی، منیش کە خوێندمەوە ئەو پێوسیتبوونەم زیاتر بۆ دەرکەوت، چونکە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێمەدا چەند کەسێکی بەناو نووسەر دروست بوون و بەمەبەست بەردەوام لە هەوڵی ناشیرین کردن و سوککردنی مێژووی ئیسلامیدان و تەنها بەسەر برینەکانی ناو مێژووی ئیسلامییەوە دەنیشنەوە و دەیانەوێت وا لە خەڵکی بگەیەنن مێژووی ئیسلامی تۆمارێکە لە ململانێ و خوێن و داگیرکاری، ئەم هەوڵە گوماناوییە (سێ) بێویژدانی گەورەی تێدایە:

یەکەم: ئەو کەسانە تەنها باس لە مێژووی سیاسیی ئیسلام دەکەن ئیتر بە هیچ جۆرێك باسی مێژووی زانست و زانیاری ناکەن، باسی مێژووی ئەو خەڵکە هەڵکەوتووە زۆرە لە بلیمەت و زانا لە بوارە جۆربەجۆرەکانی مەعریفەدا، یان مێژووی بزاڤی فیکر و ڕۆشنبیری و دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و، مێژووی تەساموحی دینی و، مێژووی پەروەردەکردنی نەوە یەك لە دوای یەکەکان و، مێژووی ئاوەدانی و پیشەسازی و پێشکەوتن و بزاڤە ڕزگاریخوازەکان ناکەن، کە زانایەکی وەك " زەهەبی" باسی زیاد لە چل جۆر مێژوو دەکات لە کتێبەکانیدا! !.. هۆکەشی ئەوەیە باسکردن و ناساندنی ئەو باسانەی تر ئامانجەکەیان لە دەست دەردەکات، کە بریتییە لە ناشیرین کردنی مێژووی ئیسلامی و کەسایەتییە گەورەکانی ئەو مێژووە.

دووەم : هەر بە تەنها تیشك دەخەنە سەر خاڵە پەشـەکانی مێـژووی ئیسـلامی و چاو لە خاڵە گەشـەکانی ئـەو مێـژووە دادەخـەن، وەك ئـەوەی موسـڵمانان وتبێتیـان مێژووی ئێمە مێژووی کۆمـەڵێك فریشـتەیە و ئەسـتەمە هەڵـەیان لێـوە دەرچـووبێت! نەخێر، مێژووی ئیسلامی مێژووی کۆمەڵێك خەڵکە و هەموویان مرۆڤ بوون و ئەو حەز وخاڵە بێهێزانەی لە مرۆڤدا هەن لە ئەوانیشدا هەبوون، بەڵام بە ڕاستی بەهۆی ئەوەی پەیڕەوییان لە ئیسلام کردووە و بۆ سەلماندن و گەیاندن و چەسـپاندنی ئـەو پەیامـە ژیاون لە هەموو کەس هەڵـەیان کـەمتر بـووە و لـە هـەموو کەسـیش زیـاتر خزمـەت و سـەروەرییان تۆمـار کـردووە، ئـەوەش مێـژوو، کـە هـیچ میللـەتێك مێژووەکـەی بـەو وردەکاری و دوور ودرێژییە نەنووسراوەتەوە، ئەوەتا مێژوونووسانی ئیسلامی ساڵ بە سـاڵ ڕووداوەکانیـان هێنـاوە و ئـەوەی بـەرگوێیان کـەوتبێت تۆماریـان کـردووە و نەیانشـاردووەتەوە و تەنانـەت ڕووداوە سروشـتییەکانی وەك لافـاو و زەمینلـەرزە و...هیتری هەریەك لەو ساڵانەشیان باس کردووە !.

سـێیەم: وەرگرتنـی مێـژووی ئیسـلامی لـە سەرچـاوەکانی چـاودێران(رقیب)ی ئیسلامەوە وەك تاقمە لادەرەکان یان ڕۆژهەڵاتناسان یان لێکۆڵینەوە گوماناوییەکان، لە کاتێکدا دەبێت مێـژوو لـە سەرچاوە ڕەسـەنەکان و لـە ڕیوایەتـە دروسـتەکانەوە وەربگیرێت.

جا وەرگرتنی مێژووی ئیسلامی لە سەرچاوەی چاودێرانەوە و قەتیسکردنەوەی تەنها لە مێژووە سیاسییەکەیدا و تەنهاش تیشك بخرێتە سەر خاڵە ڕەش و لاوازەکان، ئەوە ئیتر ئەوپەڕی بێویژدانییە و، مێژووی هەر میللەتێکیش بەو پێوەرەی ئەوان بیپێورێت سەرنجی کەس ڕاناکێشێت و کەس ڕاستیی ئەو مێژووەی بۆ دەرناکەوێت.

بۆ دەرخستنی هەندێك ڕاستی منیش حەزم کرد ئەم نەوە تازەیەی کورد - کە سوپاس بۆ خوا خوێندەوارن و حەزیان بە خوێندنەوەیە - کەمێك ئاگادار بن لە

سەروەرییەکانی مێژووی ئیسلامی کە بەداخەوە هیچێکی وا لە مێژووی ئیسلامی نازانن، بۆیە بە خەڵکی تر و مێژووی تر موعجەبن و وا ئەزانن کە مێژووی ئێمە جێگەی سەرسامیی کەس نەبووە، نازانن مێژووی ئێمە ئەم هەموو سەروەرییەی تێدایە کە لەم کتێبەدا کەمێکی زۆر کەم ئەبینن، کێیش بیەوێت شتی زیاتر بزانێت با بڕوات کتێبە ڕەسەنەکانی مێژووی ئیسلامی بخوێنێتەوە..

دەبێت ئەوەش بڵێم جار بە جار بۆ ڕاستکردنەوەی زیاتر و ڕەوانکردنی دەستەواژەکان وشەیەک یان زیاترم داناوە و لەناو کەوانەدا دیاریم کردووە وەک ئەمانەتپارێزی بۆ وەرگێڕانەکە و دەقی نووسینەکانی شێخ قەرەزاوی، یان هەرکات پێویست بووبێت پەراوێزی بۆ دابنرێت، پەراوێزم بۆ داناوە و لە کۆتایی پەراوێزەکەوە نووسیومە (وەرگێڕ) تا لە پەراوێزەکانی دکتۆر خۆی جیابکرێنەوە.

دکتۆر یوسف قەرەزاوی وەک زانایەکی بەوێژدان و شارەزا ئەم مێژووەی نووسیوە و ئێمەش لەبەر جوانی کتێبەکە ناوی خوامان لێهێنا و شەرەفی وەرگێڕانی ئەم شاکارە جوانەی دکتۆرمان وەرگرت بۆ خۆمان.

سوپاس بۆ خوای پەروەردگار

ئیکرام کەریم _ هەڵەبجە

زستان. ١٨/ محرم/ ١٤٢٩

پێشەکی نووسەر

الحمد لله حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه، والصلاة والسلام على الرحمة المهداة والنعمة المسداة، سيدنا وامامنا واسوتنا ومعلمنا محمد، وعلى آله وصحبه الذين آمنوا به وعزروه ونصروه واتبعوا النور الذي انزل معه اولئك هم المفلحون، ورضى الله عمن تبعهم بأحسان الى يوم الدين، اما بعد.

لە هاوینی ساڵی (٢٠٠٣)ی لەدایکبووندا، لە لایەن ئەمیندارێتیی پزیشکانی یەکێتیی عەرەبەوە بانگهێشت کرام بۆ ئەوەی لە (دار الحكمة)دا کە بنکەی سەندیکای پزیشکانی میصرە، وتارێك بدەم، چونکە ئەو برایانەی سەندیکا هەموو ساڵێك بانگیان دەکردم بۆ ئەوەی لە خانەکەی ئەواندا وتارێك بدەم و وەڵامی پرسیارە جۆربەجۆرەکانیشیان بدەمەوە.

گرنگترین پرسیارێك لەو شەوەدا لێم کرا پرسیاری برای بەڕێز دکتۆر پرۆفیسۆر عەبدولفەتاح شەوقی بوو، کە ڕاوێژکاری سەندیکاکە بوو، ئەو پرسیارەش زۆرترین کەس لەو دکتۆرانەی ئامادەبوون پشتیوانییان لێکرد، کورتەی پرسیارەکە ئەوەیە: زۆربەی ئەو کەسانەی کە باس لە گەورەیی ئیسلام و دادی ئیسلامەتی دەکەن و باس لەو هەموو بەها و چەمك و بنەمایانە دەکەن کە ژیانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئەوکاتە بەڕێوەی بردووە، تەنها باسی سەردەمەکانی خەلیفەکانی ڕاشیدین دەکەن و هەر ئەوان بە نموونە دێننەوە و باسی سەردەمەکانی تر ناکەن، هەروەك بڵێی سەردەمانی دوای خەلیفەکانی ڕاشیدین هیچ سەروەری و فەزڵێکیان تۆمار نەکردبێت!

من لە وەڵامدا بە دکتۆر شەوقیو دکتۆرەکانی هاوڕێیم وت: بەداخەوە ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە و هەر ئەوە باوە لەناو نووسەران و وتارخوێنەکاندا، شتێکی زۆر لەو بارەیەوە کەوتووەتە بەرگوێی خەڵکی و شتێکی زۆریش لەو بارەیەوە نووسراوە

و کەوتووەتە بەر چاوی خەڵکی، لەبەر ئەوەش کە بەردەوام ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە، لە خەڵك بووەتە حەقیقەت و زۆر کەس ئەو بڕوایەی بۆ دروست بووە، تەنانەت زیاد لەوەش هەندێك کەس وا دەزانن، کە دەوڵەتی ئیسلامی دوای سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین لە ئیسلام لایانداوە و بووەتە "پاشایەتی و دیکتاتۆری و بەدەستەواژەی (ملك عضوض) و (ملك جبری) باسی دەکەن و دەڵێن هەر خەریکی دەسەڵاتداری و ستەمکاری بوون و پەیوەندیی ئەو دەوڵەتە بە شەریعەتی ئیسلامەوە نەماوە، داخەکە لەوەدایە، کە هەندێك نووسەری ئیسلامیش قاچیان چووە بەم داوە و هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر بەنی ئوممەییە و کارێکی وایان پێ دەکەن لە دینو لە ئەخلاق دەیانشۆرنەوە، سەیرە هەندێك دەڵێن: ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتی ئیسلامیی نەبوون، بەڵکو دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوون، کە بە ڕاستی ئەو قسانە تۆندڕەوییە و هیچ بەڵگەیەکی میژوویی نییە پشتیوانییان لێ بکات و، پێچەوانەی ڕاستییەکانی دینو ڕاستییەکانی میژوویشە.

نووسەری وامان هەیە دەڵێت: ئیسلام تەنها لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا جێبەجێ کراوە، کە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی وردیش لەو سەردەمە بکەین دەبینین سەردەمی ئەبوبەکر زۆر کورت بوو، ئەویش سەرقاڵی بەگژداچوونەوەی بزاڤەکانی هەڵگەڕاوەکانو زەکاتنەدەرەکان بوو، سەردەمی (عوسمان)یش سەردەمی ئاژاوەی ناوخۆیی بوو، کە بە شەهیدکردنی ئەو کۆتایی پێ هات، سەردەمی (عەلی)یش سەردەمی شەڕە ناوخۆییەکانی ناو موسڵمانان بوو، هەریەکە لەگەڵ ئەوی تردا.. کەواتە تەنها سەردەمی عومەر دەمێنێتەوە، عومەریش کەسێکی ناوازە و هەڵکەوتوو بوو، کە کەسی وەك ئەو جارێکی تر دووبارە نابێتەوە، ئەم جۆرە نووسەرانە لەم جۆرە قسانەوە ئەوە وەردەگرن کە شەریعەتی ئیسلامیی "بیرۆکەیەکی ئایدیاڵییە - فکرة مثالیة" و توانای ئەوەی نەبووە لە میژوودا جێبەجێ بکرێت و ناشتوانرێت لەمەودوا جێبەجێ بکرێت.

سەیر ئەوەیە ئەم قسەیە قسەی کەسێکی وەک (شێخ خالید محمد خالید)ە لە کتێبێکیدا بە ناوی "من هنا نبدأ"، من شەخصی خۆم زۆر سەیرم لەوە دەهات کە کەسێکی وەکو شێخ خالید شتی لەو جۆرە بنووسێت لە کاتێکدا ئەو یەکێکە لە زاناکانی ئەزهەر، چونکە لە ڕاستیدا ئەو قسەیە جۆرە تۆمەتبارکردنێکی تێدایە بۆ خوای پەروەردگاری خاوەن ئەم دینە کە ناردوویەتییە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە ئەو قسەیە واتە: خوا ئەرکێکی خستووەتە سەر شانی ئەم خەڵکە کە پێیان نابرێت بەڕێوە و لە توانایان بەدەرە! شەریعەتێکی بۆ ناردوون سروشتی وانییە کە جێبەجێ بکرێت! خۆ خوای گەورە خوایەکی دادپەروەر ودانا و زانایە(ناشێ کاری لەو جۆرە بکات)!!؟

بەڵام لە خوا بەزیاد بێت شێخ خالید لەم قسەیەی پەشیمان بووەتەوە، تۆبەی کردووە لێی و بێ پەردە و ئازایانە دانیناوە بە هەڵەکەی خۆیدا، کە جگە لە ئەو زۆر ئەستەم کەسی تر هەڵوێستی وا دەنوێنێت و ئەوەشی ڕۆشن کردووەتەوە کە وای لێ کردووە ئەم هەڵوێستەی ببێت، لە کتێبی "الدولة في الاسلام"، کە کتێبێکی خۆیەتی هەموو ئەوانەی باس کردووە.

بەڵام خەڵکانێکی عەلمانی کە دەستیان داوەتە دژایەتیکردنی شەریعەتی خوا و بەنیازن هەرچی بەها و یاسا و نەریت و چەمکی ژیانمان هەیە هەموو هەر لە ڕۆژئاواوە وەربگرین، ئەمانە قسەکانی شێخ خالیدیان زۆر خراپ بەکارهێناوە و شتی زیاتریان داوەتە پاڵی و باڵەخانەیەکیان لەسەری دروست کردووە، سەیر ئەوەیە ئەو عەلمانییانە قسەکەیان نەداوەتە پاڵ شێخ خالید، بەڵکو بەناوی خۆیانەوە دەیکەن هەروەک ئەوەی ئەمە بیرۆکەی خۆیان بێت و ئەنجامێك بێت خۆیان پێی گەیشتبن!! بۆ نموونە (فوئاد زەکەریا) وای کردووە، کە ئێمە لە کتێبی (الاسلام والعلمانية)دا وەڵاممان داوەتەوە.

بەداخـەوە دەڵـێم: ژمارەیـەك بـانگخوازی گـەورەی ئیسـلامیش، هاوكاریـیـەكی گـەورەی عەلمانییـەكانیان كـردووە، بـە بـێ ئـەوەی مەبەسـتیان بووبێـت، چـونكە ئـەوانیش زۆر دڵڕەقانـە لەسـەر مێـژووی ئیسـلامی نووسـیوویانە و هەڵـە و كەموكورتییەكانیان زۆر گەورە كردووەتەوە و، لـە بەرامبەریشـدا ئـەو چـاكانەش كـە هەیە زۆر گرنگییان پێ نەداوە (خوا لێیان ببورێت).

كە ئەمە دەڵێم: مەبەستم ئەوە نییە بڵێم: مێـژووی ئیسـلامی مێـژووی كۆمـەڵێك فریشـتەن و هەڵـەیان نییـە ! یـان مێـژووی كۆمـەڵێك پێغەمبـەرن و خـوا لـە هەڵـە پاراستوونی و، مێژووەكەیان بێ هەڵە و پەڵەیە، وەك چۆن هەندێك كەسی دڵگەرم كە باسی مێژووی ئیسلامی دەكەن بە دڵێكی پڕ عاتیفەوە سەیری دەكەن نەك بە عـەقڵی كەسێكی توێژەرەوە بۆی بڕوانن، پیـاوی عـاقڵ شـتی وا ناكـات چ جـای پیـاوی زانـا، ئێمـە دڵنیـاین كـە موسـڵمانەكانیش وەك ئـەو خەڵكـەی تـر مـرۆڤ بـوون و چـاكە و خراپەشیان لێ دەوەشێتەوە و، رێك دەكەوێت ڕاست و ڕێك لەسەر بەرنامەی ئیسـلام بڕۆن و ڕێكیش دەكەوێت لێـی لا بـدەن، ڕێـك دەكـەوێت بـەداد بجوڵێنـەوە و ڕێكـیش دەكەوێت ستەم بكەن، بەڵام پێویستە كە بڕیار بەسەر مێژوودا دەدەین، لە سـۆنگەی هەموو ڕووداوەكان و سەردەمەكانەوە و لە ڕووی هـەموو تـوێـژ و پێكهاتەكانـەوە، لـە ڕووی هەموو هەرێم و وڵاتەكانـەوە ئـەو حوكمـە بـدەین، هـەروەها بـە بـەراوردی ئـەو مێـژووە بـە مێـژووی میللـەتان و سـەردەمەكانی تـریش بكـەین، جـا ئەوكاتـە بۆمـان دەردەكەوێت، كە لە ڕاستیدا مێژووی ئێمە زۆری هەیە بەسەر مێژووی میللەتانی تر و سەردەمەكانی تردا.

تەنانەت ئەو سەردەمانەی، كە ڕۆژئاواییەكان خۆیان ناویان ناوە "سەردەمەكانی تاریكی"و لە نووسـینەكاندا بـە (سـەدەكانی ناوەڕاسـت) نـاوزەدی دەكـەن، مێـژووی ئێمە ئەوكاتـە (سـەردەمی زێـڕینو زانسـتو ڕوونـاكیـو داهێنـان) بـووە، ئـەوروپاش ئەوكاتە بنەماكانی (ڕێنسانس)ی خۆی لەو سەردەمانەی ئێمە وەرگرتووە.

یەکێك لەو چاکە و هاوکارییانەی خوای گەورە بۆ من ئەوەیە: کە هەمیشە من بەرگریم لە مێژووی ئیسلامیمان کردووە، کە بە ڕاستی خەڵکەکەی خۆی بەر لە هەموو کەسێ ستەمیان لێکردووە، لە زۆربەی نووسینەکاندا ئەو بەرگرییەم کردووە بە تایبەتی لە کتێبی (شریعة الاسلام صالحة للتطبیق في کل زمان ومکان)و کتێبی (الاسلام والعلمانیة وجها لوجه)و کتێبی (غیر المسلمین في المجتمع الاسلامي).

بە ڕاستی مێژوو بریتییە لە پۆژژمێری ئوممەتی ئیسلامیی و دوژمنانی ئەم ئوممەتەش دەیانەوێت ئەو پۆژژمێر و یاداشتانەمان لە زیهندا بسڕنەوە، تا وامان لێ دێت لە مێژووی خۆمان ئەپچڕێین و سەردەمەکانمان لە بیر دەچێتەوە و بە دەستی خۆمان کەلەپور و شارستانییەتی باوباپیرانمان دەکەین بە ژێر خۆڵەوە و سەرلەنوێ لە خاڵی (سفر)ەوە دەست پێ دەکەینەوە، وەك ئەو میللەتانەی تر کە مێژوویان نییە، جا ئەگەر نەیانتوانی ئەو مێژووە لە زیهنماندا بسڕنەوە ئەوە هەوڵی ئەوە دەدەن، کە ناشیرینی بکەن و پڕی بکەن لە زانیاریی هەڵە و ئاوەژووکردنەوەی سەروەرییەکان و تەزویرکردنی ڕاسپاردەکانی پەیامی ئەم ئوممەتە و مێژووی پیاوە گەورەکانی و ئەو کەلەپوورە زۆرەی کە لە شارستانییەتەکەیەوە بۆی ماوەتەوە، جا ئەگەر ئەمەیان بۆ چووە سەر ئەوە ئەو ئامانجەیان بۆ دێتە دی و ئەم ئوممەتە لە بن و بیخەوە دەردەهێنن و، وادەکەن بەرەی داهاتوو هەمیشە قسە بە بەرەی ڕابردوو بڵێت و وای لێبێت ببێتە ئوممەتێکی بێ ڕەگ و ڕیشە و بێ مێژوو.

مێژووی هەموو ئومەتێك ماددەیەکی خاوی ڕەسەنە بۆ پەروەردەکردنی پۆڵەکانی بە تایبەتی ئەگەر خاوەنی مێژوویەکی دێرین و پڕ سەروەریی بن و پۆڵی بەرچاویان گێڕابێت و شوێنەواریان بەسەر خەڵکەوە لە جیهاندا دیار بێت، بەڵێ پێویستە میللەتی ئیسلامیی چۆن پەند و وانە لە شتە باش و سەروەرییەکان وەردەگرێت هەرواش سوود و پەند لە شتە خراپ و خاڵە لاوازەکانیش وەربگرێت.

لەبەر ئەمانەیە کە ئەمەوێت وەڵامی ئەو پرسارە گەورە بدەمەوە دەربارەی مێژوو و شارستانیمان، ئەو پرسیارەی کە زۆربەی کەسی تووشی ڕاڕایی و دڵەڕاوکە کردووە، مەبەستیشم لە مێژووی ئێمە، مێژووی ئیسلامی ئەو ئوممەتە ئیسلامییە میانڕەوەیە کە خوای گەورە کردوویەتی بە شایەت بەسەر میللەتانی هەموو دنیاوە، وەک دەفەرموێت: (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ)، ئەم کتێبەش با ببێتە کتێبێکی سەربەخۆ هەرچەندە سوودی زۆرم لە نووسینەکانی ترم وەرگرتووە بۆ نووسینی، وەک چۆن سوودی باشم وەرگرتووە لە نووسینی ئەو کەسانەی کە میانڕەو و بە وێژدان و توێژەرن، ئەوپەڕی هەوڵیش دەدەم، کە بە وێژدانەوە سەیری مێژووی ئیسلامی و شارستانییەتی ئیسلامی بکەم، کە ئەو هەموو سەروەرییەی بۆمان تۆمارکردووە نەک وەک ئەوانەبم کە بەرانبەر ئەو دوو مەسەلەیە تەواو بێ وێژدانانە نووسیویانە و ستەمی زۆریان لێ کردووە یان بە ڕاستی درۆیان بەدەمەوە کردوون بە بێ هیچ پاساوێک.

ڕاستە من مێژوونووس نیم، بەڵام وەک زانایەک، کە هەست بە گرنگی مێژوو دەکەم و هەست بەوە دەکەم پێویستە مێژوو لە بێژنگ بدرێت و بەکاربهێنرێت بۆ بێدارکردنەوەی میللەتان و جوڵاندنی هەستیان و بەرزکردنەوەی وریایان، لە کتێبی (ثقافة الداعية)* شدا، باسی ئەوەم کردووە، کە شەش کایەی ڕۆشنبیریی هەیە پێویستە بانگخوازی ئیسلامیی ئەم سەردەمە بیزانن، یەکێکیان (ڕۆشنبیریی مێژوویی و ئاگادارییە لە مێژوو)، لەو کتێبەدا چەند بنەمایەکم باس کردووە، کە پێویستە لەسەر هەموو بانگخوازێک ڕەچاوی بکات لە کاتی خوێندنەوەی مێژوودا و وا دەزانم ئەو بنەمایانە کارێکی پێویستن و جێگەی خۆیەتی هەمیشە لەبەرچاو بگیرێن.

---

* (ڕۆشنبیری بانگخوان) یەکێکە لە کتێبە نایابەکانی شێخ قەرەزاوی کە هێمن خورشید وەریگێڕاوە و، سوپاس بۆ خوا وەکو یەکێک لە بەرهەمەکانی پرۆژەی بیری میانڕەو لە چاپ دراوە..

زۆرێك له گەوره موفەسیر و فەرموودەزان و شەرعزانەكان گرنگی تایبەتییان بە مێژوو داوە و كتێبی تایبەتییان لەسەر نووسیوە، وەك: (طبري) و (أبو نعيم) و (خطيب) و (ابن عبد البر) و (ابن الجوزی) و (ابن عساكر) و(ابن كثير) و(ذهبي) و(ابن حجر) و (سيوطي) و، جگە لەوانیش زۆری تر هەیە. ئەم كتێبەم دابەش كردووە بەسەر پێنج بەشی سەرەكیدا دوای ئەم پێشەكییە.

یەكەم: بێ ویژدانی عەلمانییەكان دەربارەی مێژووی ئیسلامیی و ئەو تەزویركارییانەی لەو مێژووەدا كردوویانە و باسی ئەوەش دەكەین كە هەندێك بانگخوازی ئیسلامیش هاوكاریی باشی ئەم عەلمانییانەیان كردووە لەم بێ ویژدانییەدا.

دووەم: دەربارەی مێژووی (ئەمەوی و عەبباسی) دەدوێین و باسی هەڵوێستەكانیان لە شەریعەتی ئیسلامی دەكەین.

سێیەم: دەربارەی مێژووی ئیسلامی و سەروەرییەكانی مێژووی ئیسلامییە.

چوارەم: باسی ئەو كەسانە دەكەین، كە بەرپرسن لە شێواندنی مێژووی ئیسلامی.

پێنجەم: باسی ئەوە دەكەین چۆن و بە چ میتۆدێك مێژووی ئیسلامیمان بنووسینەوە.

من بە مەبەست باسم لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی نەكردووە، چونكە لە لایەك مەبەستم بووە بەرگریی لە سەدە كۆنەكانی مێژووی ئیسلامی بكەم و لە لایەكی تریشەوە بە پاستی ناتوانم ئەو بڕیارە بدەم، كە پوانینێكی ڕۆشن و زانستی تێر و تەواوم دەربارەی ئەو مێژووە هەیە، بۆیە تەنها باسم لە هەر دوو دەوڵەتی (ئومەوی) و(عەباسی) كردووە.

زۆر ئومێد دەكەم، كە بەم لێكۆڵینەوەیە ئەو هەڵە گەورەیەم پاست كردبێتەوە، كە لەناو خەڵكدا تەشەنەی كردووە و ئومێدیش دەكەم، كە ویژدانم بە خەرج دابێت،

سەبارەت بە ئەم ئوممەتە ئیسلامییە و شارستانییەتیی ئیسلامی و کەلەپوور و مێژووی ئیسلامی، هەروەها ئومێد دەکەم کە کارەکانمان خستبێتە شوێنی خۆیان بەوەی پشتم بە ڕاستیی مێژوویی بەستووە نەک درۆ و دەلەسەی ئەملا و ئەولا، پشتم بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و جێگەی متمانە بەستووە نەک تەنها داوای خاڵی لە بەڵگە و ڕیوایەتی بێ ڕەشمە و جڵەو..، هەوڵم داوە کە هەر قسەیەکم گواستبێتەوە بیگێڕمەوە بۆ خاوەنەکەی، هەر زانیارییەکم هێنابێت گەڕاندوومەتەوە بۆ سەرچاوەکەی و، نایشارمەوە سوودی زۆرم لەو لێکۆڵینەوانە وەرگرتووە، کە چەند زانای متمانەدار کردوویانە، ئەوانەی کە ڕیوایەتە مێژوویەکانیان لە بێژنگ داوە و بە ناویانداوا شۆڕبوونەتەوە و زیادەڕۆیی و پیاهەڵدانی نابەجێیان ڕەت کردووەتەوە و ڕیوایەتەکانیان پاک کردووە.

لە خوای گەورە داواکارم کە ئەم کارەم لەبەر خاتری خۆی بووبێت و تەرازووی کردەوە چاکەکانمی پێ قورس بکات و ئەم کتێبەش بکاتە مایەی ڕاستکردنەوەی چەمکە مێژوویەکان و ڕێگەی خوێنەران ڕووناک بکاتەوە و فێری وێژدانیان بکات و لە هەموو ئەو هەڵانەشمان ببوورێت کە قەڵەمەکەمان کردوویەتی یان بیرمان نەیڕیبێت و، پاداشتی باشمان بەنسیب بکات لە ئەنجامی ئەم هەوڵ و گەڕانەماندا بە شوێن ڕاستەقینەدا، چونکە خوا خۆی قسەکانمان دەبیستێت و ئاگای لە دڵەکانیشمانە.

یوسف القرضـــــاوي _ دۆحە
مانگی ڕەمەزانی پیرۆز/ ١٤٢٤ کۆچی
نوڤـــــەمبەر/ ٢٠٠٣ زایینـــــی

بێوێژدانی عەلمانییەکان دەربارەی مێژووی ئیسلامی و تەزویرکارییەکانیان لەو مێژووەدا و بڕیاری ناڕەوای هەندێك لە نووسەرە ئیسلامییەکانیش لەو بارەیەوە

١ـ پوچکردنەوەی ئەو قسەیەی گوایە شەریعەتی ئیسلامیی تەنها لە سەردەمی عومەردا جێبەجێ کراوە.

٢ـ شەریعەتی ئیسلامی بناغەی کۆمەڵگەی ئیسلامی بووە بە درێژایی سیازدە سەدە.

٣. نموونەیەکی حاشا هەڵنەگری تەزویرکاری لە مێژووی ئیسلامیدا.

٤ـ بڕیاری ناڕەوایی هەندێك لە گەورە بانگخوازەکان دەربارەی مێژووی ئیسلامی.

٥ـ شایەتی هەندێك لەوانەی بێڕەحمانە لەسەر مێژووی ئیسلامی نووسیویانە.

(١)

پووچکردنەوەی ئەو قسەیەی گوایە شەریعەتی ئیسلامی تەنیا لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا جێبەجێ کراوە

* ناوەڕۆکی ئەو قسەیە کە عەلمانییەکان دەیکەن:

عەلمانییەکان لەم سەردەمەی ئێمەدا بوختانێکی ناشکرا هەیە زۆر بەڵاوی دەکەنەوە، کە قسەکە خۆی خۆی پووچەڵ دەکاتەوە، قسەکە ئەوەیە: شەریعەتی ئیسلامی تەنها لە سەردەمانی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا جێبەجێ کراوە، تەنانەت هەندێکیان ئەڵێن: ئەگەر زۆر وردی بکەیتەوە و بە شوێنیدا بگەڕێیت، ئەوا شەریعەتی ئیسلام تەنها لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا جێبەجێ کراوە، ئیتر چۆن ئێوەی ئیسلامی داوا دەکەن ئێمە شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ بکەین؟ کە هەموو سەردەمە ئیسلامییەکان لە جێبەجێکردنیدا شکستیان هێناوە، باشە عەقڵی کێ دەیبڕێت کە هەموو پێشینەکان شکستیان هێنابێت لە جێبەجێکردنی شەریعەتدا، بەڵام ئێمە لەم سەردەمانەدا تێیدا سەرکەوتوو ببین؟

لەمەوە گەیشتووەتە ئەوەی گوایە شەریعەتی ئیسلامیی (بیرۆکەیەکی خەیاڵی)یە و لە کاتی پووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ (واقیع)دا تێکدەشکێت و خۆی بۆ ڕاناگیرێت، مێژووش بە حسابی ئەوان باشترین شایەتە بۆ ئەمە ! !

ئەو عەلمانییانەی ئەم قسەیە دەکەن و بەردەوام دەتفنەوە و ئەم قسەیە دەدەن بە گوێماندا، خۆش ئەوەیە کە ئەم قسەیە قسەی ئەوان و داهێنانی ئەوان نییە و ئەنجامی بیروبیرکردنەوەی خۆیان نییە ! بەڵکو ئەوەی کە یەکەمجار ئەم قسەیەی کرد و نووسی بریتی بوو لە (شێخ خالید موحەممەد خالید)، کە لە سەدەی بیستەمدا و لە سەرەتای پەنجاکاندا ناوی کەوتە ناوان و لە کتێبێکدا بە ناوی (من هنا نبدأ)

(لێرەوە دەست پێ دەکەین)، ئەم ڕایەی دەربڕی و بوو بە هۆی دروستکردنی چەند گەردەلولێك لێرە و لەوێ و چەند لایەنی "گومانلێکراو" ئەم قسەیان قۆستەوە و کردیانە گوللی دەستی خۆیان و ئەو کتێبە خزمەتێکی زۆری پێ کردن، بێ ئەوەی نووسەرەکەی مەبەستی بووبێت، بەڵام ئەو لایەنانە ئەم کتێبەیان زۆر خراپ بەکارهێنا بۆ ئامانجە خراپەکانی خۆیان.

یەکێك لەو قسانەی کە شێخ خالید - خوا لێی ببووڕێت - کردی ئەوە بوو دەیوت: "مەڵێن سەردەمانی خەلیفەکانی ڕاشیدین، چونکە سەردەمی (ئەبوبەکر) تەنها دووسالّ بوو، کە ئەویش سەرقالّی شەڕی هەڵگەڕاوەکان و ئەوانە بوو کە لە حوکمی هەڵگەڕاوەکاندا بوون، سەردەمی (عوسمان)یش سەردەمی ئاژاوە و بێسەروبەری بوو، ئەوەبوو بە کوشتنی خۆی کۆتایی هات، سەردەمی (عەلی)یش سەردەمی شەڕی ناوخۆیی بوو! کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها سەردەمی(عومەر)ە، عومەریش هەڵێکە هەڵکەوت و زۆر زەحمەتە جارێکی تر دووبارە ببێتەوە، ئیتر هەموو سەردەمەکانی تر بریتی بوون لە لادان لە ئیسلام و لە شەریعەتی ئیسلامی و بەهابالاکانی ئیسلام!!".

ئەم قسەیە یان شتێك کە لەم قسەیە دەچێت، شێخ خالید دای بە قەرز و عەلمانییەکان خێرا قۆستیانەوە[1]، با نەشیاندابێتە پاڵ ئەو و بەناوی خۆیانەوە بڵاویان کردبێتەوە.

ئەوەی پێویستە لێرەدا بە شانازییەوە تۆماری بکەین ئەوەیە، کە پاشتر مامۆستا خالید لەم قسەیەی پەشیمان بوویەوە و زۆر ئازایانە و ڕاشکاوانە ئەمەی لە ناو خەڵکیدا ڕاگەیاند کە بە ڕاستی کەم ڕێك دەکەوێت خەڵکی شتی وا بکات، کەچی ئەم زانا هەڵەی خۆی ئاشکرا کرد لەوەدا، کە ئەو بڕیارە ناڕەواییەی دابوو کە

---

[1] لەو کەسانەی کە ئەم قسەیان قۆستەوە دکتۆر فوئاد زەکریا بوو، لەو کتێبەیدا دەربارەی بێداربی نووسیویەتی و ئێمەش لە کیتبی (الاسلام والعلمانیه)دا قسەکەیمان هێناوەو وەڵامان داوەتەوە.

دەسەلآت پێویستە عەلمانی و ناسیۆنالیزمی بێت[٢]، شێخ خالید هەستا کتێبی (الدولة في الاسلام)ی دانا و هات ئەوەی سەلماند کە ئیسلام دینیشە و دەولەتیشە و، لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئەو پاڵنەرانەشی باس کردبوو، کە وای لێکردبوو بڕیارێکیَ ناڕەوای وا بدات و بەو ئاڕاستەیە بڕوات، خوا پاداشتی بەخێری شێخ خالید بداتەوە و لەو هەلەیەشی ببورێت، کە لە ناخافڵییەکدا تێی کەوتبوو.

* وەلآمی ئەم ڕەخنە گەورەیە زۆر بە کورتی:

سەرەتا زۆر بە کورتی وەلآمی ئەم ڕەخنە گەورەیە بدەمەوە، کە ستەمێکی زۆر گەورەی تێدایە لە ئوممەتی ئیسلامی و ستەمێکی گەورەشی تێدایە لە مێژووی ئێمە و هەمان ستەمیشی تێدایە لە شارستانییەتێك کە چەندین سەدە ڕووناکی بە هەموو دونیا داوە، پاشان بە درێژی وەلآمی ئەم قسەیە دەدەینەوە بە شێوەیەك کە ویژدانی تێیدا بکرێت و بەرانبەر بە ئوممەتی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلام و شارستانییەتی ئیسلامی و ئەو سەروەری و دەستکەوتانەی کە هەیبووە، هەروەها ویژدانی تێدا بێت بەرانبەر بە مێژووی ئیسلامی و ئەوانەش کە ئەو مێژووەیان دروست کردووە لە هەموو گۆڕەپانەکانی زانست و بانگەواز و ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەر و ئاوەدانی و جیهاد بە هەموو شێواز و شێوەکانیەوە، سەرەتا بەوە دەست پێ دەکەین، کە ئەم قسەیە چەند هەلە و بەهەلەدابردنێکی تێدایە و ستەمی لێ دەتکێت!

[٢] کاتی خۆشی (شێخ محمد الغزالی) هاورێم بە کتێبی (من هنا نعلم) وەلآمی شێخ خالیدی دایەوە، هەروەك چەند کەسی تریش هەر وەلآمیان دایەوەو لەسەریان نووسی.

* سێ هەڵە یان سێ چەواشەکاری لەم قسەیەدا:

ئەم قسەیە زۆر هەڵە یان بەهەڵدابردنی تێدایە، بەڵام ئێمە تەنها باس لە سێ دانەیان دەکەین:

١ـ کورتکردنەوەی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین تەنها لە سەردەمی ئیمامی عومەردا:

یەکەمین هەڵەیەک یان بەهەڵەدابردنێك لەم قسەیەدا ئەوەیە، کە هەموو سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدینی کورتکردووەتەوە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا (خوا لە هەموویان ڕازیبێت) ئیتر چاو لە سەردەمی ئەبوبەکر داخراوە و چاو لەو هەموو دەستکەوتە گەورانە و سەروەریانە نوقێنراوە کە ئەبوبەکر بە دەستی هێناون لەو ماوە کەمەی دەسەڵاتەکەیدا، کە یەکێکیان ئەوەبوو ئەو هەموو خەڵکە هەڵگەڕاوەی لە ئیسلام گەڕاندەوە بۆ ناو بازنەی ئیسلام و مافەکانی هەژارانی وەرگرتەوە، دەوڵەتی ئەبوبەکر یەکەمین دەوڵەتێك بوو کە شەڕ ڕابگەیەنێت و سوپا پێکەوە بنێت لە پێناو ئەوەدا کە مافی هەژاران وەربگرێتەوە و نەهێڵێت خەڵکی دەوڵەمەند ئەو مافە زەوت بکەن، ئالێرەدایە ئەو قسە بەناوبانگەی کرد، کە دەفەرموێت: (والله لو منعوني عقالا كانوا يؤدونه الى رسول الله ﷺ لقاتلتهم عليه)[٣]. واتە: سوێند بەخوا! ئەگەر سەرە گوریسێك زەوت بکەن و نەیدەن و کاتی خۆی دابێتیانە پێغەمبەر ﷺ شەڕ لە دژیان ڕادەگەیەنم.

هەر ئەبوبەکر بوو (خوای لێ ڕازیبێت) کە ڕچەی بۆ فتوحاتی ئیسلامی شکاند، ئەو بوو شەڕی لە دژی فارس و ڕۆم ڕاگەیاند، لەو سات و کاتەی کە ئەبوبەکر وەفاتی کرد شەڕ لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی (ڕۆم)دا دەستی پێکردبوو.

---

[٣] البخاري (٧٢٨٥) ومسلم (٢٠) عن ابي هريرة.

هەر ئەبوبەکر بوو، کە چەندین بنەمای ئەخلاقی _کە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ وەریگرتبوو_ بۆ شەڕ دانا:

ئەوەتا وەسیەت دەکات و دەفەرموێت: "ڕاهیب مەکوژن و دەست بۆ ئەوەش مەبەن خۆی یەکلا کردووەتەوە بۆ خواناسی و عیبادەتکردن"[٤]، هەر ئەبوبەکر بوو، کە بڕیاریدا سەری کوژراو لە لاشەی نەکرێتەوە و نەگوازرێتەوە بۆ ئەم لا و ئەولا و فەرمووی: "لە ئەمڕۆ بەدواوە کەس سەری کەسم بۆ نەهێننێت"[٥].هەر ئەبوبەکر بوو، کە بنەماکانی دەستووری دانا سەبارەت بەوەی، کە دەسەلاتدار دەبێت سنووری بۆ دابنرێت و پێویستە گەل چاودێر بێت بەسەریەوە، ئەوەتا لە یەکەمین وتاریدا، کە دەیدات دەفەرموێت: (ايها الناس اني وليت عليكم ولست بخيركم، فأن رأيتموني على حق فأعينوني وان رأيتموني على باطل فقوموني، أطيعوني مأطعت الله فيكم، فأن عصيته فلا طاعة لي عليكم..)[٦]، واتە: ئەی خەڵکینە،من کراوم بە دەسەلاتدار بەسەرتانەوە و مەرج نییە باشترینتان بم، ئەگەر بینیتان لەسەر حەق بووم پشتیوانیم لێ بکەن و،ئەگەریش بینیتان لەسەر باتڵ بووم ڕاستم بکەنەوە، فەرمانبەردارم بن تا کاتێك فەرمانی خوا جێبەجێ دەکەم و،ئەگەر سەرپێچی خوداشم کرد ئەوە گوێڕایەڵیتان لەسەر نییە.ئەمە و چەندان سەروەوەری و دەستکەوتی گەورەی تر، کە لەو تەمەنە کورتەدا بەدەستی هێنا.

تەنانەت (موحەممەد حوسێن هەیکەل) لە کتێبی (الصديق أبوبكر)دا دەڵێت: "ئەرێ باشە ئەوانەی ئەبوبەکر کردی هەموو وەك موعجیزەی مێژوویی نین؟ لە دوو ساڵ و سێ مانگدا میللەتە هەڵگەڕاوەکان هێور بکاتەوە و ئوممەتێکی ئیسلامیی

---

[٤] رواه مالك في الموطأ (٩٨٢) عن يحى بن سعيد، والبيهقي في السنن (٣٧٤/١٣) عن سعيد بن المسيب.

[٥] عبدالرزاق في المصنف (٩٧٠١/٣٠٦/٥)، وابن أبي شيبه (٣٣٦١٦/٥٣٤/٦) والبيهقي في السنن الكبرى (١٣٢/٩) عن يزيد بن حبيب.

[٦] تأريخ الطبري (٢٣٨/٢).

بەهێز و یەکگرتوو ڕابگرێت، کە خەڵك سامی لێبکەن و حساب بۆ قسەی بکەن و شەڕ ڕابگە یەنێت دژ بە دوو ئیمپراتۆرییەتی گەورە، کە ئەو دوانە دونیای ئەو ڕۆژەیان هەڵدەسوڕاند و ئاڕاستەی شارستانییەتیان دیاری دەکرد، کەچی ئەم ئالاکەیان لە دەست بسێنێت و بیداتە دەستی میللەتێکی تر و شارستانییەتێکی تر، کە چەندین سەدە دوای ئەو ئەرکی هەموو دونیایان لەسەرشان هەڵگرتبوو..

ئەمانە کارگەلێکی ئەوەندە گەورەبوون مێژوو شتی وای بۆ کەس تۆمار نەکردووە، سەیر نییە، کە کەسێکی وەکو ئەبوبەکر ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ بەدەستهێنانیان خستبێتە کار، کە سوپای گەورە گەورە توانای بەدەستهێنانی شتی وای نییە.. نەخوازەلا ئەبوبەکرێك کە لەو سەردەم و ڕۆژەدا کاتێك بەیعەتی پێدرا تەمەنی چووبووە سەرووی شەست سالێ"[٧].

ئەم قسەیە چاوپۆشی ئەوەشی تێدایە، کە لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا (خوای لێ ڕازی بێت) چ پێشکەوتنێکی گەورە ڕوویدا لە ڕووی ئابووریيەوە، ئەو چەند سالەی سەردەمی عوسمان لە ناوەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەوەندە خۆشگوزەرانی و گەشەی ئابووری ڕوویدا شانبەشانی ئەو هەموو فتوحاتە ئیسلامییەی کە لە هەرێمە جۆربەجۆرەکاندا دەکرا لە دەریا و وشکانیدا و مێژوو شایەتی دەدات لە سەریان، عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) یەکەمین خەلیفەیەك بوو کە شەڕی دەریایی لە سەردەمی ئەودا کرابێت و خەڵك سوار پشتی دەریا بووبێت لە پێناو سەرخستنی دیندا، چەندین فەرموودەی (صحیح)یش ئەو مژدانەیان ڕاگەیاندووە، ئەمانە و لە سەردەمی ئەودا چەندین پرسی گەورەی فیقهی و یاسای عەمەلی دروست بوون لە سیاسەتی شەرعیدا، کە نرخی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نموونە: "تەلاقی کەسی هەڵهاتوو"، واتە ئەو کەسەی کە لە کاتی سەرەمەرگدا ژنەکەی تەلاق دەدات بۆ ئەوەی هەڵبێت لە بەشە میراتەکەی، کە مافی شەرعی خۆیەتی و لە مێردەکەیەوە

---

[٧] الصديق أبوبكر، ص (٣٥٤).

بۆی دێت، عوسمان ئەو جۆرە تەڵاقە ناخات و ئافرەتەکە لە میراتەکە بێبەش ناکات، یان وەک (سوود وەرگرتن لە حوشترێک کە ون بووبێت) و لە سەردەمی ئەودا فەتوای ئەوە درا، کە ئەو جۆرە مااڵنە دەخرێنە (بیت المال)ەوە تا خاوەنی بۆ پەیدا دەبێت و دێت دەیباتەوە، ئەم شتانە فەرموودە هەیە لەسەریان، کە دەفەرموێت دروست نین و عوسمان دەیفەرموو ئەوانە بریتین لە چەند هەڵسوکەوتێکی پێغەمبەر ﷺ، کە بە حوکمی دەسەاڵتە سیاسییەکەی فەرموویەتی نەک وەکو دین و شەرع دانان، بۆیە دروستە بۆ دەسەاڵتی ئیسالمی دوای ئەو کامەیان باری بەرژەوەندییە بەو شێوەیە بجوڵێتەوە[٨].

هەوادارانی ئەو قسەیە ئەوەشیان لەبیر کردووە، کە ئیمامی (عەلی)یش (خوای لێ ڕازی بێت) چەندین بنەمای ڕیشەداری داڕێژا لە سیاسەتی حوکمداری و سیاسەتی ئابووری و مامەڵە لەگەڵ خەڵکی یاخی و خەڵکی هەڵگەڕاوە لە پێشەوای موسڵمانان، لەگەڵ ئەوەدا کە سەرقاڵی ململانێ و ئەو شەڕانەش بوو، کە لەم ال و ئەولاوە بۆی دروست دەکرا، لەگەڵ ئەمانەشدا ئیمامی عەلی کەلەپورێکی گەورەی (فقهی)یشی بۆ بەجێهێشتین لە زۆر بواری عەمەلیدا، کە پەیوەندن بە ژیانی ڕۆژانەوە لەوانە: "تضمین الصناع" واتە وەستا پێویستە گرەنتی ئەو شتە بکات، کە تۆ لای دایدەنێیت و ئەگەر لای ئەو فەوتا یان کەموکورتییەکی تێکەوت پێویستە بۆتی قەرەبوو بکاتەوە، ئەگەر نەیتوانی بۆتی بسەلمێنێ ئەوە ئەو ڕووداوە شتێک بووە لە دەسەاڵتی ئەو بەدەربووە.

یەکێکی تر لەو فیقهانەی بۆی بە جێهێڵاوین: چۆنییەتی هەڵسوکەوتە لەگەڵ (خەواریجەکان)دا، کە ئەوکاتە حزبێکی ئۆپۆزسیۆن بوون بۆ ئیمامی عەلی، ئەوەبوو

---

[٨] بڕوانە: (تأریخ الفقه الاسلامي: فقه الصحابة والتابعين، ص (٨٣ ـ ٨٥)، للدكتور محمد يوسف موسى، هەروەها سەیری کتێبی (الشريعة الاسلامية صالحة للتطبيق في كل زمان ومكان) بکە، ص (١٠ ـ ١٢)، بڵاوکراوەی (مکتبه وهبة) لە قاهیرە.

ئیمـــامی عـــەلی مافـــەکانی ســـەلماندن وەك حزبێکـــی موعـــاریز بـــەو مەرجـــەی موعارەزەکردنەکانیان بێ غەل و غەش بێت، پێی وتن: "لکم علینا ثلاث: لانمنعکم مساجدالله ان یذکر فیها أسمه، ولا نمنعکم فیئاً ماکانت ایدیکم مع ایدینا، ولا نقاتلکم حتی تقاتلوا"[٩]. واتە: ئێوە سێ مافتان بەسەر ئێمەوە هەیە: رێگەی مزگەوتتان لێ ناگرین، کە یادی خوای تێدا بکەن، پشکی خۆشتان لە غەنیمەدا لێ ناگرینەوە تا دەستتان بەدەستمانەوە بێت و مافی شەڕ ڕاگەیاندنیش دژ بە ئێوە بەخۆمان نادەین مەگەر ئێوە شەڕ دژمان ڕابگەیەنن.

لەم هەڵسوکەوتەی -ئیمامی عەلی-یەوە ئەو فەتوایە وەرگیراوە، کە حزبی ئۆپۆزسیۆن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا شەرعیەتی پێ دەدرێت بەو مەرجەی چەك بەکار نەهێنێت و(میلیشیای چەکداری نەبێت)[١٠]، ئەمانە و چەندین فەتوای گرنگی تر لە فقهی هەڵسوکەوتدا (معاملات).

---

[٩] رواه ابن ابي شيبة في المصنف (٣٧٩٣٠/٥٦٢/٧)، والطبري في تاريخه (١١٤/٣)، والمغني لأبن قدامة (٢٤٩/١٢) طبعة هجر.

[١٠] ئەو ڕستەیە هی وەرگێڕەو سیاقی ڕستەکە خواستوویەتی.

٢. دووبارەبوونەوەی ئەزموونی عومەر بە شێوەیەك یان زیاتر:

هەڵەی دووەم یان خراپحاڵی بوونی دووەم ئەوەیە: گوایە ئیمامی عومەر ڕێکەوتێکە و جارێکی تر دووبارە نابێتەوە، ئەم قسەیە یەکێکە لەو قسانەی کە ڕاستییە مێژوویییەکان بە درۆی دەخەنەوە، چونکە ئەزموونی ئیمامی عومەر بە چەندین شێوەی تر دووبارە بووەتەوە لە چەندین سەردەمی تردا، هەرچەندە ئەو ئەزموونانە نەگەیشتوونەتە باڵای ئەزموونەکەی عومەری کوڕی خەتتاب لە چۆنییەتی و چەندێتیدا، هۆکەشی ئەوەبوو، هاوکارانی عومەر و سەردەمی عومەر وەك سەردەمی کەسی تر نەبووە، بۆ نموونە یەکێکی وەکو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەبینین، کە چۆن دادی ڕاگرتووە و هەموو ئەو سوننەتانەش کە پشتگوێ خرابوون زیندووی کردنەوە و مااڵی داگیرکراوی خەڵکی گشت گەڕانەوە بۆ خاوەنەکانیان و ڕەگ و ڕیشەی دینی لە زەویدا قوڵ کردەوە و سیستەمی حوکمڕانی بردەوە سەر بەرنامەی خەلیفەکانی ڕاشیدین و، وای کرد کە موسڵمانان ناوی بنێن "پێنجەم خەلیفەی ڕاشیدین" و ئەوەندەش دونیا نەویست بوو تەنها یەك کراسی هەبوو لەبەری بکات، کە خەڵکی نزیکی عومەر بە چڵکنی لەبەریدا بینیان بە فاتیمەی خێزانیان وت: ئەوە بۆچی ئەو کراسەی بۆ ناشۆریت؟ وتی: سوێند بەخوا هەر ئەو کراسەی هەیە، کە لەبەریدایە!

لەگەڵ ئەوەدا، کە ماوەیەکی زۆرکەم حوکمڕانی کرد، کەچی توانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی و باری جێگیری لە هەموو هەرێمەکانی خانەی ئیسلامدا بەرقەرار بکات.

ئەم دووبارەبوونەوەمان جارێکی تریش لە ژیاننامەی یەزیدی کوڕی وەلیددا بینی لە مێژووی ئەو (یەزید)ەی، کە کودەتای بەسەر (وەلیدی کوڕی یەزید)ی ئامۆزایدا کرد لەبەر ئەوەی دەستی دابوویە بەرەڵاییو لە ڕێگە الیدابوو، ئەم (یەزید)ە

بەرنامەی بۆ زیندووکردنەوەی ڕێوڕەسمە ئیسلامییەکان هەبوو، ئەو یاسایانەی کە پشتگوێ خرابوون خەڵکی پێیان دەوت: "الناقص"، چونکە موچەو دەرماڵەی کاربەدەستانو سەربازانی زۆر کەمکردبوویەوە، بۆئەوەی پارە پاشەکەوت ببێتو کاروباری تری خەڵکی پێ بەڕێوە بەرێت، ئەم (یزید)ەو عەبدولعەزیزیش دوو کەسی دادپەروەری ناو بنەماڵەی مەروان بوون، بەڵام بەداخەوە لە بێ شانسی موسڵمانانداا تەنیا شەش مانگ حوکمی کردو کۆچی دوایی کرد.

هەمان نموونەی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە ژیاننامەی یەکێکی وەکو (نوورەدین مەحمودی شەهید)دا دەبینین، کە خەڵکی دەیانوت لە خەلیفەکانی ڕاشیدین دەچێت لە دادو لە جیهاد کردنیدا دژ بە خاچپەرستە داگیرکەرەکانو لەوەدا کە هەمیشە لە هەوڵی پاکسازیو چاکسازی کۆمەڵگەدا بوو لە ستەمو گەندەڵی.

نموونەی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە ژیاننامەی یەکێکی تری وەک سەڵاحەددینی ئەیوبیشدا دەبینین، ئەو سەڵاحەددینەی کە دوژمنەکانی پێش هەوادارانی شایەتی سەرڕاستیو مەردایەتی بۆ دەدەن، ئەو خاچپەرستە داگیرکەرانەی کە لە ڕۆژئاواوە هاتبوون و شەڕی سەربازییان لەگەڵ دەکردو ئەویش شەڕی لەگەڵ دەکردن شایەتی سەرڕاستییان بۆ دەدا، وەک چۆن موسڵمانەکان شایەتی سەرڕاستییان بۆ دەدا.

ڕاستە کەس لەمانە نەگەیشتنە ئەوەی حەزرەتی عومەر پێیگەیشت، هۆکەشی ئەوەبوو هاوکارو هاریکارەکانی عومەر هەموو صەحابە بەڕێزەکانی پەروەردەی دەستی پێغەمبەر ﷺ بوونو سەردەمەکەش سەردەمی صەحابە بوو، کە ئەم سیفەتە بۆ کەسێك لەوانەی باسمان کرد دەستەبەر نەدەبوو.

٣. به بێ بەڵگە و لە خۆڕا بریندارکردنی هەموو مێژووی ئیسلامی:

هەڵەی سێیەم یان خراپ حاڵیبوونی سێیەم ئەوەیە: کە بە ڕاستی ستەمێکی گەورە لە ڕاستییە مێژوویییەکان دەکرێت کاتێك کەسێك بێت و حوکمێکی ناڕەوا بدات بەسەر هەرچی خەلیفەکانی (بەنی ئومەیە)و (بەنی عەببباس)و (بنەماڵەی عوسمانییەکان)و موسڵمانەکانی مەمالیك لە میصرو شامو میرەکانی (مرابطین)و (موحدین)و جگە لەوانیش لە مەغریبو سوڵتانەکانی مەغۆل لە هیندستانو ئاسیاو شوێنانی تر.. بەم هەموو مێژووە بڵێت: ئەمانە هەموو پیاوی خراپو ستەمکاربوونو لە دادی ئیسلامو بەرنامەی ئیسلام لایان داوە ! !

ڕاستتان دەوێت؟ ! ئەم حوکمە زۆر بێویژدانانەیە، چونکە زۆرێك لەو خەلیفەو سوڵتانانە دادپەروەرو چاکەکارو بە خاوەن فەزڵ لەناو خەڵکدا ناویان دەرکردووە، بە تایبەتی ئەگەر بە بەراورد بە خەڵکی تر سەیریان بکەین، لەو خەڵکانەی تر کە حوکمڕانی دونیای ئەو ڕۆژەیان کردووە.

بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە زۆرجار هەوالّی مێژووی ئیسلامی لە سەرچاوەی ناڕەسەنو بێبایەخ وەردەگرینو ڕیوایەتی نادروست ئەگوازینەوە، کە ئەگەر نەشتەرگەری (جەرحو تەعدیل) بۆ ئەو ڕیوایەتانە بکەیت هیچیان ناچنە ناو لیستی ڕاستییە مێژوویییەکانەوە.

دەی ئیتر چۆن حوکمڕانی دەدرێت، لە کاتێکدا کە هەندێك لەو سەرچاوانە کتێبی ئەدەبیو حیکایەتخوانین، بۆ نموونە وەك (الأغاني)، کە هی ئەصفەهانییە ئەو کتێبەی، کە برایەك ناوی ناوە "النهر المسموم"، ڕوبارە ژەهراوییەکە[11]، کتێبی (الأغاني) باس لە مێژووی تۆڕێکی تایبەتی کۆمەڵگە دەکات، کە تۆڕی گۆرانیبێژو

---

[11] ئەو برایە "دکتۆر عبدلعظیم الدیب"ە، کە مامۆستای (فیقە) و (ئوسوڵ)ە لە زانکۆی قەتەرو، تۆڕەر و ساغکەرەوەی کەلەپوورەکانی ئیمامی (جوەینی)یە.

لۆتییەکانـەو ئەوانەشـی دەوریـان داون‌و، بێگومانیشـم ئەوانـە نوێنەرایـەتی هـەموو کۆمەڵگەیا نەکردووە.

ئەوانەی، کە لە کتێبی (الأغاني)یەوە سەیری کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکەن، من وا دەزانم وەك ئەو کەسە وان، کە لە پوانگەی فیلمە سینەماییە میصرییەکانەوە سەیری هەموو کۆمەڵگەی میصری دەکەن، دەی خۆ دیارە ئەو توێژە نوێنەرایەتیی ناوەندی هونەری دەکەن نەك نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی میصری!

کـە سـەیری ژیاننامـەی یـەکێکی وەکـو هارونـە ڕەشـید دەکـەی لـە سـۆنگەی حیکایەتخوان‌و چیرۆکنووسەکانەوە وا گومان دەبەی ئـەم هارونـە ڕەشـیدە پیـاوێکی بەرەڵڵاو ئارەزووپەرست بووەو هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە زانست‌و زانیاری‌و کـاری باش‌و عیبادەتکردن‌و جیهادو دادپەروەری‌و پیاوەتییەوە نەبووە، لە کاتێکدا ئـەوەی واقیعە دڕ بەم بۆچوونەیەو ڕاستییە مێژوییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەمانە هەمووی درۆو بوختـانن‌و دژن بـە ژیاننامـەی هارونـە ڕەشـید خـۆی، کـە شارسـتانییەت لـە سەردەمی ئەودا گەیشتە لوتکەو (چـەرخی زێڕین)، ئـەو کەسێك بـوو کـە پاشـاکانی دونیا لەو ڕۆژەدا هەموو لێی دەترسان‌و ئەوپەڕی ڕێزیـان بـۆ دادەنـا، هاورنـە ڕەشـید عادەتی وابوو، ساڵێك بەرەو حەج‌و ساڵێکیش بەرەو بەرەکانی جیهاد دەڕۆیشت.

زانای گەورە (ئیبن خەلدون) لە کتێبی (مقدمە)کەیدا بەرگرییەکی زانستی‌و جوان لە هارونـە ڕەشـید دەکـات‌و وەڵامـی ئەوانـە دەداتـەوە، کـە لـە خوتـو خـۆڕایی درۆو بوختانی بە دەمەوە دەکەن، هەرچەندە ژیـانی ئـەویش ـ وەك هـەموو مرۆڤێکـی تـر ـ خاڵی نییە لە هەڵەو کەموکورتی، خوا لە ئێمەو ئەویش خۆش بێت.

بـەڵام پێویسـتە مـرۆڤ لـە سـۆنگەی هـەموو ژیـان‌و هەڵوێسـتەکانییەوە بپێوڕێـت چەند، چاکەو چەند خراپەی هەیـە، چـەندە هەڵـەو چـەندە ئیشـی باشـی هەیـە، جـا ئەگـەر کـابرا تـای تـەرازووی باشـەکان‌و سـەروەرییەکانی قورسـتر بـوو ئـەوە بـە

دڵنیاییەوە پیاوێکی سەرکەوتوو دەبێت، خوای گەورەش (جل جلالە) هەر بەم بەرنامە پڕ دادەی لە قیامەتدا لێپرسینەوە لەگەڵ بەندەکانیدا دەکات.

ئەو کتێبەی کە پێشەوا (ئەبو یوسف) دەینووسێت بۆ ئەم خەلیفە بەڕێزە ناوی (الخراج) ە، تا بیکاتە چرای دەستیو کاروبارە ئابووریەکانی پێ بەرێت بەڕێوەو تێیدا ئامۆژگار زۆری هارونە ڕەشید دەکات لە پێشەکییەکەیدا. ئەو کتێبە بەڵگەیەکی ڕۆشنە لەسەر ئەوەی، کە ئەم شەریعەتی ئیسلامەو یاساو بەها باڵاکانی چەندە گرنگ بوون لای هارونە ڕەشید و شوێنی بەرزیان هەبووە لە دەروونیداو لە هەموو ژیانیدا. شایەتی قسەکەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە: هەر خەلیفە یان پاشا یان سوڵتانێکی گەورە هەبووبێت لە مێژووی ئیسلامیدا گەورەییەی ئەو پەیوەند بووە بە ڕێژەو ڕادەی پابەندبوونی ئەو بە شەریعەتی ئیسلامەوە، چەندێك توانیبێتی کار بە شەریعەت بکاتو دڵسۆز بێت بۆ خواو پێغەمبەری خوا ﷺو قورئانو جەماوەری موسڵمان ئەوەندە گەورەبووە لە ناویاندا.

وابزانم لێرەدا ئەوەندە بەسە، کە بۆ سەلماندنی گەورەیی سوڵتانو میرە ئیسلامییەکان ئەوانەی کە خوای گەورە لەسەر دەستیان موسڵمانانی تووشی خێری گەورە کردووەو مێژوویش لە ڕیزی نەمراندا ناوی تۆمار کردوون، نموونە بە سوڵتان نورەدین مەحمود دەهێنینەوە، کە نازناوی (شەهید)یان لێ نابوو، ئەو پیاوەی کە خوای گەورە سیرەو ژیاننامەی خەلیفەکانی ڕاشیدینی پێ زیندوو کردەوەو دروشمەکانی ئەم دینەی پێ بەرقەرار کردووەو بە شمشێرەکەی دەستی خاچپەرستە داگیرکەرەکانی شکاند[١٢].

ئەبو شامەی مەقدیسی "مێژوونووس" لە کتێبی (أزهار الروضتین في أخبار الدولتین)ەکەیدا دەڵێت:

---

[١٢] بڕوانە (الرجل والتجربة، د. عمادالدین خلیل) مؤسسة الرسالة، بیروت، کتێبکە دەربارەی ژیانی نورەدین مەحمود.

"کاتێك نورەدین مەحمود دەسەلاتی گرتە دەست، هەرێمە ئیسلامییەکان باریان لەو پەڕی ناهەمواریدا بوو لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆیە پیاوە ژیرەکانی دەوڵەت بیریان لەوە کردەوە چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی باری وڵات چاك بکەن، قەناعەتیان پەیدا کرد کە جێبەجێ کردنی یاساکانی شەریعەت تەنیا بەسەر ئەوانەدا کە تاوانێکیان لەسەر دەسەلمێت بەس نییەو بەوە بە تەنیا ناتوانرێت تەمبێخوارد بکرێن، بەڵکو چار نییە دەبێت یاساو سیاسەتێکی توندو تیژ بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی ئاسایش بەرقەرار بکرێتو بارودۆخی وڵات بەرەو باشتر بچێت ئەم پیاوانە هاتنە خزمەت زانایەکی پیاوچاکی گەورە بەناوی (شێخ عومەر مەلا موسڵی)، کە دەیانزانی ڕێزی تایبەتی هەیە لای نورەدین پێش ئەوەش ببێتە پاشا، چونکە بە پیاوێکی زاناو دینداری دەزانی، ئەم پیاوانە هاتنە لای ئەم شێخە بەڕێزە تا ئەم پێشنیارەی ئەوان بگەیەنێتە بەر گوێی نورەدین کە لای ئەوان ڕایەکی زۆر چاکو پێویست بوو، شێخ عومەریش تکاکەی وەرگرتنو نامەیەکی نووسی بۆ (نورەدین مەحمود)و تێیدا وەسێتی ئەوەی بۆ دەکات کە بە دەستێکی پۆڵایین بدات لە دەستی ئەو خەڵکە گێرەشێوێنە تاوانبارەو سیاسەتێکی توندوتیژیان لەگەڵدا بگرێتە بەر پێش ئەوەی کە چاوەڕوانی ئەوە بکات بە بەڵگەی شەرعی تاوانەکانیان بسەلمێت! کە نورەدین وەسیەتەکەی شێخی خوێندەوە، هەر لە پشتی کاغەزەکەی خۆیدا ئەم نامەیەی بۆ نووسییەوە (بەم مانایە):

"پەنا دەگرم بە خوا، کە سزای کەسێك بدەم بە بێ ئەوەی تاوانێکی لەسەر بسەلمێت بە بەڵگەی شەرعیو پەناش دەگرم بەخوا کە ساردو سڕی بنوێنم لە سزادانی کەسێکدا کە بە بەڵگەی شەرعی دەسەلمێت کە تاوانێکی کردووە، خۆ ئەگەر من بەو شێوەیە کار بکەم کە ئەم وەسیەتە دەیڵێت وەك ئەو کەسەم لێ دێت کە عەقڵی خۆی پێ باشترە لە زانیاری خوا (جل جلالە)، جا ئەگەر ئەم شەریعەتی

ئیسلامە بەس نەبووایە بۆ ڕاستکردنەوەی کاروباری خەڵکی ئەوە خوای گەورە هەر لە بناغەوە نەیدەنارد بۆ سەر پێغەمبەری خاتەم ﷺ".

ئەمەی نووسیو نامەکەی گەڕاندەوە بۆ شێخ عومەر، کە شێخ نامەکەی خوێندەوەو ئەم بڕیارە نەترسانەی سوڵتان نورەدینی بینی زۆر گریا و فەرمووی: "مالّی وێرانم! ئەبوو ئەمەی، کە نورەدین مەحمود دەیلێت من بموتایە، کەچی شتەکان پێچەوانە بوونەتەوەو هاوکێشەکان ئاوەژوو کراونەتەوە"، دوای ئەوە شێخ تۆبەیەکی چاکی لە وەسیەتەکەی کردو پاشا نورەدینیش دەستی کردە ڕێکخستنی کاروبارەکانی بە پێی تەرازووەکانی شەریعەتو بست بە بست لەگەڵیدا دەڕۆیشتو زۆری نەبرد ولّات بەرەو باشی ڕۆیشتو گەندەڵی نەما لە ماوەیەکی کورتداو بارودۆخی هەرێمە ئیسلامییەکان بەڕادەیەك ڕووی لە باشە کرد کە ئافرەتێکی گەنجی جوان ئەگەر بەتەنیاش سەفەری بکردایەو جۆرەها خشڵو بەردی بەنرخیشی پێوە بوایە لەمسەری ولّاتەوە بۆ ئەوسەری ولّات بڕۆشتایە کەس نەدەهات بە خەیاڵیدا کە دەستی ناپاکی نە بۆ خۆیو نە بۆ شەرەفو مالّی بەرێت.

کتێبە مێژوویییەکان پڕ پڕن لەو سەروەرییە گەورانەی کە لەسەر دەستی ئەم پیاوەدا تۆمار کراون، پاش ئەوەی کە ولّاتی شامو میسری لە پەلامارەکانی خاچپەرستان پاك کردەوەو بووبە یەکێك لەوانەی کە خەڵکی لەگەڵ خەلیفەکانی ڕاشدیندا باسی بکەن[١٣].

سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی–یش، کە قوتابیو دەرچووی بەردەستی شەهید نورەدین بوو، هەر بە هەمان شێوەی ئەو ڕەفتارەی دەکرد، ئەو پیاوەی کە خوای گەورە لەسەر دەستی ئەوداو لە شەڕی (حطین)دا خاچپەرستەکانی تێك شکاندو سەرکەوتنی دا بە موسڵمانەکانو توانی (قدس) ڕزگار بکاتو لە دەستی ئەوروپییە

---

[١٣] (مقالات الكوثر: ص ٣٢٠ ـ ٣٣١).

شەڕەنگێزەکانی بسێنێتەوە پاش ئەوەی کە زیاتر لە نەوەد ساڵ لەژێر چنگیاندا بەدیلی مابوویەوە.

سەلاحەددین زۆر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە یاساکانی شەریعەتو سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ زیندوو بکاتەوە، چونکە "عەبدییەکان"، کە پێیشیان دەوتن (فاتمییەکان) دونیایان پڕکردبوو لە گەندەڵی، نەیاندەهێشت ئەهلی سوونەت فەرمودە بخوێننەوەو ئەو هەڵسوکەوتانەشیان حەدیسزانەکانی ناچار کرد کە میسر بەجێبهێڵن، ئەم فاتمییانە خەڵاتیان دەدا بەو کەسەی کە جنێو بە سەحابە بدات! دەیانوت: (من لعن وسب، فله دينار وأردب)[١٤]، واتە هەر کەسێك جنێوێك بە صەحابە بداتو نەفرینیان لێ بکات ئەوە دینارێكو مەنێك خواردنی پێ دەدرێت! چەندین شتی تری ناڕەواو ناڕێکی لەو جۆرەیان داهێنا لە دینـدا و دونیـای خـەڵکیان هەموو گەندەڵ کرد.

بەڵام سەلاحەددین توانی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ زیندوو بکاتەوەو تەنانەت لە جەنگەکانیشدا زانایانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆ ئەوەی ئەگەر لە گەرمەی شەڕیشدا بوو صەحیحی بوخاری بڵێنەوە!

یەکێك لەو شتانەی (بەڕەحمەت بێت) لە سەلاحەددینی دەگێڕنەوە ئەوەیە جارێکیان پیاوێکی زۆر نزیك لە خۆی داوای لێ دەکات، کە تۆڵەی بۆ بکاتەوە لە کەسێکی تر، چونکە ناپاکی کردووە بەرامبەری لە مامەڵەکردنێکدا، ئەم سوڵتانە موسڵمانە چی بڵێت بەم پیاوە نزیکەی لای خۆی؟ فەرموی: "دەتەوێت چیت بۆ بکەم لە کاتێکدا کە موسڵمانان قـازیو دادوەری خۆیانیـان هەیـەو کـاری قـازیش ئەوەیـە کێشەی خەڵکی چارەسەر بکات؟ مافی شەرعییش پارێزراوە بۆ خـەڵکی تایبـەتو بـۆ هەموو خەڵکیشو ئەوەشـی ئـەو بڕیـاری لەسـەر بدات حەتمـەن جێبـەجێ دەکرێت،

---

[١٤] لە (منجد)دا دەڵێت: أردب، کەرەسەیەکی پێوانەییە، کە بیستو چوار (صاع) شت دەگرێتو هەر صاعێکیش چوار مشتە، کەواتە (٩٦) مشت شت (گەنم، جۆ،.. هتد) دەگرێت. (وەرگێڕ)

خۆمنیش چیم ئەوە نەبێت کۆیلەیەکی شەریعەتم و پۆلیسێکی[١٥] بەردەستی ئەوم، بڕۆ گوێ بۆ حەق بگرە ئیتر یان دەدرێت بە تۆ یان بە غەیری تۆ"[١٦].

مەبەستی قسەکەی سوڵتان ئەوەیە: کە ئەو تەنها جێبەجێکەرێکی شەریعەتەو وەکو بەڕێوەبەری پۆلیس وایەو دادگا سەربەخۆیە لە بڕیاردانداو، چونکە ئەوان بە شەریعەت حوکم دەکەن کە شەریعەتیش هەموو خەڵکی بەیەک چاو سەیر دەکات.

بەهۆی ئەم پابەندبوونو دەستگرتنەی بە شەریعەتەوە سەلاحەددینی ئەیوبی لە ڕیزی نەمرانو پیاوە گەورەکاندا مێژوو تۆماری کردووەو دۆست و دوژمنیش شایەتی گەورەییو مەردایەتی بۆ دەدەن.

---

[١٥] دەقە عەرەبیەکەی دەڵێت: (وانما أنا عبدالشرع وشحنته)، لە ـ منجد ـ دا دەڵێت: (شحنة البلد): من أقامهم الملك لضبطها وهم المعروفون بالبوليس). (وەرگێڕ).

[١٦] لە کتێبی (الوحي المحمدي) بەڕێز رەشید رەزا (ص ٢٧٦) چاپی هەشتەم/ المكتب الاسلامي/ دمشق، وەرگیراوە.

(٢)

شەریعەتی ئیسلام بە درێژایی سێزدە سەدە بناغەی کۆمەڵگەی ئیسلامی بووە

دەمەوێت هەر لەم سەرەتاوە ئەوە بڵێم: کە مێژووی ڕاستەقینە بە بێ پێچ و پەناو دوودڵی ئەوە دەسەلمێنێت کە: شەریعەتی ئیسلامی بریتیبووە لە بناغەو سەرچاوەی دەستوور و یاسا لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لە هەموو هەرێمەکانی دەوڵەتی ئیسلامدا لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺو خەلیفەکانی ڕاشیدینەوەو ئەوانەی دوای ئەوان هاتوون وەك (ئەمەوییەکانو عەباسییەکانو عوسمانییەکان..)، بە درێژایی چەند سەدە، تا ئەو کاتەی کە ئیمپریالیزم هاتو دونیای موسڵمانانی داگیر کردو دەستی دایە گۆڕینی بنەماکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیو کۆڵەکەکانی عەقیدەو شەریعەت و، داگیرکەر بەردەوامیش دەبێت لە گۆڕینی شوناسی کۆمەڵگەو سڕینەوەی کەسایەتییە باوەڕپێکراوەکانی، تا وای لێ دێت کە واز لە ڕەسەنایەتیی خۆی دێنێتو شوێن ئەو دەکەوێت لە ڕەهەندەکانی (فکر)و (تەشریع)و (نەریتەکان)یدا، بەو جۆرە نەبێت ناتوانێت مافێی بکاتو بیکاتە ئەڵقەلەگوێی خۆیو بەکاری بهێنێت بۆ مەبەستەکانی.

بەڵێ..شەریعەتی ئیسلامی بە درێژایی ئەو ماوە زۆرەو پێش ئەوەی کە داگیرکەر وڵاتە ئیسلامییەکان بگرێت، سەرچاوەی یاسادانانو سەرچاوەی قەزاوەتو سەرچاوەی فەتوادانو سەرچاوەی ئاراستەکردنو پەروەردەکردنو فێرکردنی هەموو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بووەو هیچ سەرچاوەیەکی تر نەبوو شان بدات لە شانیو پاڵپاڵێنی لەگەڵدا بکات.

مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکانیش خۆیان دان بەمەدا دەنێنو دەڵێن: بۆشایی نێوان بنەماکانو بەها باڵاکان لە لایەکەوەو هەڵسوکەوتو ئیشکردن بەو بنەمایانە لە لایەکی ترەوە لەناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا زۆر لەوە تەسکترە کە لەلای خەڵکی ئایینەکانی تر هەیە!

موسڵمانەکان چ کاربەدەستو چ جەماوەر زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە پابەندبن بە ئایینەکەیانەوەو بڕیارەکانی شەریعەتەکەیان جێبەجێ بکەن زیاد لە پەیڕەوانی دینەکانی تر، چونکە موسڵمانەکان بڕوایان وایە کە پەیڕەوی کردن لە شەریعەتی خوا نیشانەی ئیمانبوونیانە بە خواو نیشانەی ئەوەیە کە موسڵمانن وەک چۆن خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالاً مُّبِيناً) (الأحزاب: ٣٦). واتە: دروست نییە بۆ هیچ موسڵمانێکی پیاو یان ژن، کە خواو پێغەمبەر ﷺ بڕیاری شتێکیان دا ئەو شتێکی تر هەڵبژێرێت لە کاروباری خۆیداو هەر کەسێکیش سەرپێچی خواو پێغەمبەر ﷺ بکات ئەوە خراپ سەری لێتێکچووە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) (النور: ٥١). واتە: تاکە قسەی ئیمانداران ئەوەیە، کە کاتێك بانگ دەکرێن بۆ لای خواو پێغەمبەر ﷺ تا حوکمی نێوانیان بکات، کە دەڵێن (سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا) بیستمانو گوێڕایەڵیش بووین، هەر ئەو کەسانەش سەرفرازن.

خەڵکی موسڵمان لە هەر کوێی دەوڵەتی ئیسلامیدا بووبن پەیڕەوییان لە ئیسلام کردووەو بە سەرچاوەی عیبادەتو مامەڵەو هەڵسوکەوتی خۆیانیان زانیووە، خەڵکی هەموو بە پێی یاساکانی شەریعەت ژنی هێناوەو ژنی تەڵاقداوەو میراتی لێ وەرگیراوەو میراتی لە خەڵك وەرگرتووە.

هەموو خەڵکی، ئەم شەریعەتە چۆنی وتووە هەرواشتی کڕیوەو شتی فرۆشتووەو شتی داوە بە کرێو شتی بە کرێ گرتووەو هەرچی هەڵسوکەوتی تریشی هەیە هەر بە پێی شەریعەتی ئیسلام بووە.

شەریعەتی ئیسلامی بڕیاری چی بووبێت بۆ منالبوونو بۆ کەسی مردوو جەماوەری موسڵمان بەو شێوەیەی کردووە.

خۆ ئەگەر کێشەیەکیش لە ژیانیاندا پوویدابێت: ئایا ئەمە حەڵاڵە یان حەرامە؟ خێرا خۆیان گەیاندووەتە زانایانو فەتوای ئەو شتەیان لێ وەرگرتووە، تا بزانن ئەو شتە بکەن یان نا، هەر ئەوەندەیان لەسەربووە، کە پەیڕەوی لە شەریعەت بکەن.

هەر بەو شێوەیە لە شاردا ژیابن یان لەسەفەردا بووبن، لە ناو خەڵکدا بووبن یان لە خەڵوەتدا، لە شەودا بووبێتن یان لە ڕۆژدا، کۆنترۆڵی خۆیان داوەتە دەستی شەریعەت.

ئەمە لە ڕوانگەی گەردنگیریو پەیڕەوی کردنەوە، لە ڕوانگەی جێبەجێ کردنیشەوە ئەوە دیارە خەڵک هەموو یەک ئاست نینو جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە، وەک خوای گەورە ئەفەرموێت: (فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ) (فاطر: ٣٢). واتە: هەیە ستەم لە نەفسی خۆی دەکاتو هەشە میانڕەوەو هی واش هەیە لە خێردا پێشی گشتی داوەتەوە، بەڵام هەموو ئەوانە لە بازنەی ئوممەتی هەڵبژێردراوی ئیسلامدایە، تەنانەت ئەوەش، کە ستەم لە دەروونی خۆی دەکاتو دەکەوێتە ناو گوناە، بەڵگەش ئەوەیە خوای گەورە دەفەرموێت: (ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ) (فاطر: ٣٢).

میللەتانی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای ئەم سەرزەوییەدا بە درێژایی مێژووی ئیسلام هەموو بڕیارێکی خۆیان داوەتە دەستی شەریعەتی ئیسلام لە گشت کاروبارەکانیانداو دادگاکانیش لە هەموو هەرێمەکاندا پەیڕەوییان لەو شەریعەتە کردووەو کەسیش لەمەدا قسەیەکی تری نییە، شەریعەتی ئیسلامی بە تەعبیری سەردەمو دەستەواژەی دەستووری بریتیی بووە لە "تاکە سیستەمی متمانەپێدراو و دانپێدانراو، کە لە هەموو شوێنێکی نیشتمانو خانەی ئیسلامدا کاری پێ کراوە".

هەروەک "فەتوادان" کە بەردەوام جەماوەری ئیسلامی ئاڕاستە کردووەو زانایان لە هەموو سەردەمێکدا پێی هەستاونو خەڵکیش بە خواستو ویستی خۆی

گەڕاوەتـەوە بـۆ لای ئـەو زانایانـە، هەرهـەموو پـەیڕەوییان لـە شـەریعەتی ئیسـلام کردووەو بە پێی ئەو فەتوایانْ داوەو تا ئێستاش هەروایە.

ئەمە و، مێژووی راستەقینەش چەندین قۆناغی زێڕینی مێژوومان ناوبەناو بۆ باس دەکات، کە موسڵمانان توشیان بـووە بـە تووشـی کۆمـەڵێك بـەرپرس‌و کاربەدەسـتی پیاوباش‌و خـەڵکی بـەوەفای واوە کـە زۆر بـۆ دیـن دڵسـۆز بـوون‌و ڕاسـتگۆبوون لـەو پەیمانانـەدا کـە بـەخوایان داوەو پـەیڕەوییان لـە شـەریعەتی ئـەو کـردووەو دادیـان بەرقەرار کردووە لە سەرزەویداو ئەوەی شەریعەت بڕیاری لەسەر دابێت بەسـەر دوورو نزیکدا جێبەجێیان کردووەو لە خوانەبێت لە لۆمەی کەس نەترسـاون، ئـەوەش هـۆی ئەوە بووە کە سـەربەرزانە ژیـاون‌و سەربەرزیشـیان لـەناو خەڵکـدا دروسـت کـردووەو بـەردەوام لـە سـەرکەوتندا بـوون‌و ئـەم ئوممەتـە ئیسـلامییەیان بـەرەو سـەرکەوتن‌و سـەربەرزی بـردووە، ئـەم قۆناغـە زێڕینانـە، کـە پڕبـوون لـە عیـززەت‌و کامـەرانی‌و سەرکەوتن، باشترین بەڵگەن بۆ ئـەوەی کـە ئـەم شـەریعەتی ئیسـلامە شـەریعەتێکی زیندووەو هەرچی خێر هەیە لەوەدایە شوێنی بکەوی و دەست بەم قورئانەوە بگریت، لـە بەرانبەریشـدا چـی نەگبـەتی‌و خراپـە هەیـە هـەمووی لـەوەدا ڕووەدات، کـە لـەم شەریعەتە لابدەیت‌و بە شوێن بەرنامەی تردا بڕۆیت.

لەوانەیە دیارترین نموونە، کە لێرەدا بـاس بکرێـت لـە سـەردەمی ئومەوییەکانـدا بـریتی بێـت لـە عومـەری کـوڕی عەبدولعـەزیز، کـە دوای ئـەوەی لادانێکـی زۆر لـە دەسەڵاتدا پاش سەردەمی موعاویە دروست کرا، بە تایبەتی لە سەردەمی حەججاجی سەرکەشـدا، کـە لـە بەرنامـەی خەلیفـەکانی ڕاشـیدین زۆر دوورکەوتـەوەو سـتەمێکی زۆری بەرپا کـردو شـێوازی "کیسـرا"و "قەیسـەر"ی هێنایـە نـاو دەسـەڵات، کـە زۆر دوورن لە ئیسلام‌و گیانی ئیسلامەتی.

عومەر دوای ئەو سەردەمانە هات‌و دەسەڵاتی گرتە دەست‌و کارکردنی بە هـەموو شەریعەتی ئیسلامی زیندوو کردەوەو دیاردەی سەڵتەنەت نواندن‌و سـەرکردنە دنیـاو

مالّ بەفیڕۆدانی هەڵوەشاندەوەو مافی خەڵکی هەموو گەڕاندەوەو گەندەڵی لەناوبردو دادی بەرقەرار کرد لەناو هاوواڵاتیانداو بە یەکسانی کۆمەکی‌و هاوکاریی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکردو گەرموگوڕی گێڕایەوە بۆ نوێژو بە ڕێکوپێکی زەکاتی وەردەگرت‌و فەرمانی بە چاکە دەکردو بەرگری لە خراپە دەکردو (٣٠) مانگ نەڕۆیشت بەسەر خیلافەتەکەیدا، کە ماوەی هەموو خیلافەتەکەی هەر ئەوەندە بوو، خۆشگوزەرانی‌و پێشکەوتن هەموو کەسێکی گرتەوەو برایەتی‌و باری جێگیر باڵی کێشا بەسەر هەموو شوێنێکداو هەژاریی لەناو خەڵکدا نەماو باری کرد! هەر بۆیە سەیر نییە، کە ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ئیسلام بە موجەدیدو ریفۆرمخوازی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچی دەزانن بە بەڵگەی ئەو فەرموودە پیرۆزەی کە (أبوداود)و جگە لەویش دەیگێڕنەوە لە ئەبو هورەیرەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (ان الله یبعث علی رأس کل مائة سنة لهذه الامة من یجدد لها دینها)[١٧]، واتە خوای گەورە لە سەرەتای هەموو سەد ساڵێکدا موجەددێك دەنێرێت بۆ ئەم ئوممەتە بۆ ئەوەی تازەگەری لە دینەدا بکات، (واتە سەرلەنوێ ئەرك‌و مافە ئایینییەکان دیاری بکاتەوەو ریزبەندییان بۆ بکاتەوە بە پێی بەڵگە شەرعییەکان‌و باری بەرژەوەندی موسڵمانان)[١٨].

ئیمامی بەیهەقی–یش لە کتێبی (الدلائل)و لە عومەری کوڕی ئوسەیدەوە دەگێڕێتەوە، کە فەرمویەتی "عومەری کوڕی عەبدولعەزیز سی(٣٠) مانگ حوکمی کرد، خوا شایەتە بەو ماوە کەمەو پێش ئەوەی بمرێت هی وا هەبوو سامان‌و ماڵێکی زۆری دەهێناو دەیوت: ئەم پارەی من دابەش بکەن بەسەر هەژاراندا چۆن خۆتان بە بەرژەوەندی دەزانن، زۆری نەدەبرد ناچار هەموو ماڵەکەی هەڵدەگرتەوەو

---

[١٧] رواه ابو داود في كتاب الملاحم من سننه (٤٢٩١/١٠٩/٤) والحاكم في المستدرك (٨٥٩٢/٥٦٧/٤)، عن أبي هريرة، وأورده ابن حجر في الفتح (٢٩٥١٣) وصححه غير واحد من الأئمة.

[١٨] ئەوەی ناو کەوانەکە هی وەرگێڕە.

دەیبردەوە، چونکە بیر لە هەر هەژارێك دەکرایەوە دەوڵەمەند بوو بوو، عومەر هەموو خەڵکی دەوڵەمەند کردبوو!"[١٩].

جارێدەری عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هەموو ڕۆژێك بە ناو خەڵکدا هاواری دەکرد، هەژاران لە کوێن؟ قەرزاران لەکوێن؟ کێ دەیەوێت ژن بهێنێت؟[٢٠] ئەمەش بۆ ئەوەبوو تا بەشی کیفایەت بدات بە هەژاران‌و لە هەژاری دەربچن، قەرزی قەرزاران بداتەوە و لە ژێر باری قەرز بێنە دەرەوە، هەموو ئەوانەش بە نیازی ژنهێنانن ژنیان بۆ بهێنێت‌و ماڵ پێکەوە بنێن.

یەکێك لە والییەکان لە ئەفەریقا (والی تونس‌و هەرێمەکانی چواردەوری) باسی ئەوە دەکات کە زەکاتێکی زۆری لا کۆبوویەوە‌و کەوتنە ناو خەڵکی بۆ ئامارکردنی هەژاران، سەیریان کرد هەژار نەماوە (لە ئەفریقادا[٢١])، بۆیە نامەیەکی نووسی بۆ عومەرو تێیدا ڕاوێژی ئەوەی پێ دەکات چی بکات لەو ماڵە؟ عومەریش (ڕەزای خوای لێبێت) پێی دەفەرموێت: "بڕۆ هەمووی بدە بە کۆیلە‌و گشتیان ئازاد بکە"[٢٢]. واتە سەرەنجام زەکات وەرگرتن بوو بە بەسەرچاوەیەك بۆ ئازادکردنی کۆیلەکانی ئەفریقا، چونکە خەڵکی لە باری هەژاری ئازادبوون‌و ڕزگاریان بوو.

لە ئەو (سی) مانگەدا، کە ئەمە پێنجەم خەلیفەی ڕاشیدینە دەسەڵاتی تێدا گرتە دەست توانی کارێکی ئەوەندە گەورەی وا بکات، کە لە کودەکایەکی نەوعی دەچوو کە لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەرپا کرابێت، کە مێژوونووسان بۆیان تۆمار کردووە‌و لێکۆڵەرەوانیش بە جوانی تویژینەوەیان لەسەر کردووە[٢٣].

---

[١٩] فتح الباري: (٤٢٢/٧) طه مصطفى الحلبي، ارشاد الساري للقسطلاني (١٥/٦).

[٢٠] البداية والنهاية (ژیاننامەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز).

[٢١] وەرگێڕ.

[٢٢] (سيرة عمر بن عبدالعزيز لأبن عبدالحكم)، ص ٥٩.

[٢٣] جوانترین کتێب لەم بارەیەوە نووسرابێت (ملاحم الانقلاب الاسلامي في خلافة عمر بن عبدالعزيز)کە دکتور عمادالدين خليل نووسیوبەتی.

* حەججاج مل شۆڕ دەکات بۆ شەریعەتی ئیسلامی :

ئیبن عەبدولبیڕ ئەدیبی ئەندەلوس لە (العقد الفرید)دا، کە کتێبێکی بەناوبانگی خۆیەتی دەڵێت: کابرایەك هەبوو ناوی (سلیك کوڕی سلکە) بوو، جارێکیان دەچێتە لای حەججاجو شکاتی ئەوە دەکات کە یەکێك لە پیاوەکانی ئەو ستەمێکی لێ کردووەو ماڵێکی داگیر کردووە، بە حەججاج دەڵێت: "کابرایەك لە ناو خێڵێکی گەورەدا بێگوێیەکی کردووەو هاتوون بازنەیەکیان بە دەوری ناوی منـدا داناوەو ماڵەکەیان وێران کردووەو مووچەکەشیان بڕیوم..."، کابرا مەبەستی ئەوەبوو، کە ئەو هەموو کارەساتەی بەسەردا هاتووە لەبەر گوناهی کوڕێکی خێڵەکەی بووەو تاوانەکەی ئەویان داوە بەسەر ئەمداو سزای ئەمیان لەسەر گوناهی خەڵکی تر داوە، هەروەك چۆن بەڕپرسە یاخییەکانی ئەم سەردەمەش هەروا دەکەن تا ئەمڕۆش، یان چۆن (اسرائیل) کاتێك کە پیاوێکی فیدایی چالاکییەك دەکات دژ خانووی خێزانەکەی دەڕوخێنن‌و لەو دەشتەدا بەرەڵڵایان دەکەن!

حەججاج لە وەڵامی ئەم کابرایەدا وتی: هەی هوو! ئەی باشە تۆ نازانی شاعیر دەڵێت:

جانیك مَن یَجنَی عَلیكَ، وقد ... تُعدِي الصحاحَ مَبارِكُ الجَربِ!

ولرُبَّ مأخوذٍ بِذَنبِ عَشیرةٍ ... ونجا المُقارِفُ صاحِبُ الذَّنبِ![٢٤]

پیاوەکە وتی: خوا چاکە بۆ ئەم میرەی ئێمە بکات! بەڵام من وام گوێ لێ بووە، چونکە خوا وا نافەرموێت! حەججاج وتی: ئەی چی دەفەرموێت؟ کابرا وتی: خوای گەورە لەسەر زمانی براکانی یوسف دەفەرموێت: ﴿اُلواْ یَا أَیُّهَا الْعَزِیزُ إِنَّ لَهُ أَباً شَیْخاً

---

[٢٤] مانای شیعرەکە ئەوەیە: تاوانبارەکەت ئەو کەسەیە، کە دەرهەق بە تۆ تاوان دەکاتو رێکیش دەکەوێت، کە حوشترێکی گەڕ چەند وشترێ ساغ گەڕ بکات، رێکیش دەکەوێت کە یەکێك لەبەر گوناهی خێڵەکەی بگیرێتو ئەوەشی کە خاوەنی ڕاستەقینەی گوناهەکەیە وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت! (وەرگێڕ)

كَبِيراً فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ، قَالَ مَعَاذَ اللَّـهِ أَن نَّأْخُذَ إِلاَّ مَن وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِندَهُ إِنَّا إِذاً لَّظَالِمُونَ﴾ (يوسف: ٧٨ ـ ٧٩)[٢٥].

حەججاج وتی: یەزیدی کوڕی ئەبو موسلمم بۆ بانگ بکەن، کە یەزید هات پێی وت: ناوی ئەو کابرایە بکوژێنەرەوەو نامەیەکیشی بدەرێ با موچەکەی بدەنەوەو خانوویەکیشی لەبری خانووەکەی خۆی بۆ دروست بکەنەوەو جارپدەرێکی (دەنگ بەرزیش) بنێرن با لەناو خەڵکدا جارِ بداتو بڵێت: (صدق الله وكذب الشاعر)[٢٦]، خوا ڕاستی فەرموو و شاعیرەکەش درۆ.

ئەم چیرۆکە، کە کتێبەکانی ئەدەب دەیگێڕنەوە زۆر بە ئاشکرا ئەوە دەردەخەن، کە شەریعەتی ئیسلامی چ دەسەڵاتو سامێکی هەبووە تەنانەت لای کاریەدەستە دیکتاتۆرەکانیش، ئەم تایبەتمەندییەش تەنها شەریعەتی ئیسلامی هەیەتی جیا لە هەموو سیستەمو یاسا دەستکردەکان، ئەو بەڵگەیەش دەدات بە دەستمانەوە، کە تەنانەت کام کاربەدەست زۆر سەرکەشو دیکتاتۆریش بووە لە سەدە سەرەتاییەکاندا نەیتوانیووە شەریعەت بداتە دواوە یان خۆی بەسەر دەقەکانی شەریعەتدا هەڵبڕێت با ئەو کاربەدەستە حەججاجی کوڕی یوسفیش بێت، کە بە کەسێکی سەرکەشو دڵڕەقیش بەناوبانگ بووە.

---

[٢٥] مانای ئایەتەکە: ئەی سەرۆکی بەڕێز! ئەم کوڕە باوکێکی پیری بەسالاچووی هەیە، یەکێکی تر لە ئێمە لە جیاتی ئەو بگرە، ئێمە جەنابتان بە پیاوێکی چاکەکار دەزانین، یوسف فەرموی: پەنا دەگرم بەخوا کەسێکی تر بگرم کە شتەکەی ئێمەی نەبردبێت ئەگەر وا بکەم کەواتە کەسێکی ستەمکارم.(وەرگێڕ)

[٢٦] العقد الفريد (٣١/١ ـ ٣٢) ط، لجنة التأليف والترجمة والنشر.

* کاریگەری کاربەدەستان لەو پۆژانەدا کاریگەرییەکی سنووردار بووە:

حەز دەکەم بە ویژدانەوە ئەوە بڵێم : کە کاربەدەستانی ئەو پۆژە نەیانتوانیووە وەک کاربەدەستانی ئەمڕۆ کاریگەرییان ببێت.

حکومەتەکانی ئەم سەردەمە وایان لێهاتووە گەورەترین کاریگەرییان هەیە بەسەر کۆمەڵگەکانیانەوە، ئەم حکومەتانەی ئەمڕۆ جڵەوی هەموو کایەکانی خۆیندنو پەروەردەی کۆمەڵگەیان گرتووەتە دەست لە دایەنگاکانەوە بیگرە تا دەگاتە زانکۆکان.

جڵەوی پاگەیاندنەکانیشان هەموو خستۆتە دەستی خۆیان چ پاگەیاندنی بینراو چ بیستراو چ خوێندراو هەر دەزگایەکی تر، کە ئەوان چۆنیان بوێت بەو شێوەیە هەواڵەکە دادەبەزێنرێتو ڕەنگ دەکرێت.

ئەم حکومەتانە جڵەوی ئاسایشو سوپاو دادگاکانو ئەنجومەنی نوێنەرانو پۆلیسو هەموو شتێکیان گرتووەتە دەست، جگە لەمانەش، کە دەوڵەتە تازەکان وایان لێهاتووە وەک (برتراندلویس) فەیلەسوف یاسا زەمینییەکان دەڵێت : "یەکێك لە گەورەترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت لەم سەردەمانەی ئێمەدا ئەوەیە، کە گەورەترین کاریگەرییان هەیە لەسەر گەلانی خۆیان".

بەڵام دەوڵەتانی کۆن وا نەبوون، نەک جڵەوی ئەوانەیان هەموو لە دەستدا نەبوو، بەڵکو نیوەی ئەوەو دەیەکی ئەوەشیان لەدەستدا نەبوو، کاتی خۆی زانایان لە مزگەوتەکانو خوێندنگەکاندا خەڵکیان فێری خوێندنو خوێندەواری کردووەو ئەو کارە پەیوەند نەبووە بە دەوڵەتەوە.

زانایان لەو پۆژانەدا فەتوایان داوەو کاروباری خەڵکیان بەڕێوە بردووەو هیچ پەیوەندییەکیان بە دەوڵەتەوە نەبووە.

دەوڵەتی ئەوکاتە، کە خەلیفە نوێنەری دەوڵەتەکە بووە، کاری ئەوەبووە، کە قازییەکان دیاری بکات، بەڵام قازییەکان لەوەو دوا سەربەخۆ بوون و سەر بە دەوڵەت نەبوون و دەوڵەتیش کاری نەبوو بەسەریانەوە چ بڕیارێک دەدەن و، دەستی نەخستۆتە ناو دادگاکانەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو قازییەکان بڕیاریان داوە بەسەر خەلیفەشداو بڕیارەکەشیان جێبەجێ کراوە، چەندین نموونە هەیە لەسەر ئەوەی کە چەندجار دادوەرەکان بڕیاریان دژ بە میرو خەلیفەکان دەرکردووەو ئەوانیش جگە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە ڕێگەیەکی تریان شک نەبردووە، تاکە یاسایەک کە ئەم قازی و دادوەرانە بۆی گەڕاونەتەوەو بە پێی ئەو بڕیاریان داوە بریتیبووە لە شەریعەتی ئیسلامی.

دەوڵەت لەو سەردەمانەدا زۆرتر سەرقاڵی کاروباری شەڕ یان ئاشتی بووەو خەریکی بەرقەرارکردنی ئاسایشو دەستەبەرکردنی ئەو کەرەسانە بووە، کە بەردەوامی بدات بە باری جێگیر، خەڵکی تریش چ لە شار بووبن یان لە لادێ خەریکی گوزەراندنی ژیانی خۆیان بوون لە ژێر ڕۆشنایی ئاینەکەیاندا بەو پەڕی ئازادییەوەو دوور لە چاودێریی دەوڵەت، دوور لەوەی کە کەسێک بێت لێیان بپرسێتەوە یان بکاتە سەریان یان تەنگیان پێ هەڵبچنێت.

(٣)

نموونەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ تەزویرکردنی مێژوو

مێژووی ئێمە بووەتە ئامانجێکو هەرکەسێک تیری گرت بە دەستەوە دەیگرێتە ئەو، ئیتر لە چەپ بێت یان لە ڕاست، چونکە وای لێهاتووە کەس نییە بەرگری لەو مێژووە بکاتو پەرژینەکانی بپارێزێتو نەهێڵێت بشکێنرێت! دەڵێی خەڵکی، کە نەیتوانی چاکسازیو پاکسازی بکات لە ئێستای خۆیداو نەیتوانی شۆڕشێک دروست بکاتو بگاتەوە بە کاروانی میللەتە پێگەیشتووەکان هیچ بیانوویەکیان بەدەستەوە نییە، کە ئەو شکستەی خۆیانی پێ دابپۆشن بەوە نەبێت مێژوو تاوانبار بکەنو گوناهی ئەم خۆ ون کردنەو پەرتەوازەییو دواکەوتنە بخەنە ئەستۆی مێژوو، کە لە ڕاستیدا گوناهی فەشەلهێنانیان لە ئەستۆی خۆیاندایە نەک مێژوو، بۆیە چەندین کەس دەبینیت لۆمەی زەمانە دەکات لە کاتێکدا، کە زەمانە هیچ گلەییەکی لێ ناکرێتو ئەو گلەییانە پێویستە لە خەڵکی ئەو زەمانە بکرێن

نعيبُ زمانَنا والعيب فينا وما لـزماننـا عيب سـوانا[٢٧]

خەنسای شاعیریش دەڵێت:

إنَّ الجَديدَينِ في طولِ اختلافِهما لا يفسدان، ولكن يفسد الناسُ![٢٨]

خراپترین شتێک، کە خوێندبێتمەوەو بەرچاوم کەوتبێت لە نووسینی ئەوانەی زماندرێژی بەرانبەر بە مێژووی ستەملێکراوی ئێمە دەکەن لەو کەسە عەلمانییە هاوچەرخانەی کە لە ڕۆڵەی ئەم میللەتەشن، ئەو نووسراوەیە، کە کابرایەک

---

[٢٧] واتە: ڕەخنە لە زەمانە دەگرینو کەچی کەموکوڕی لە خۆماندایە، زەمانە چ ڕەخنەیەکی لەسەرە ئەوە نەبێت ئێمەی تێدایە. شیعرەکە هی ئیمامی شافیعییە. (وەرگێڕ).

[٢٨] شەو ڕۆژ کە هەردەم تازە دەبنەوە لەگەڵ ئەو هەمووە جیاوازییەدا هەیانە هەر خراپ نابنو ڕێکو پێک دێنو دەڕۆن، ئەوەی گەندەڵ و خراپ دەبێت بریتییە لە مرۆڤەکان! (وەرگێڕ)

نووسیویەتی‌و دەمی لە مێژوو کوتاوە کە بابەتی ئەو نییە، کەچی لافی گەورەی وای لێدلوە بە بێ ئەوەی بەڵگە بۆ قسەکەی بهێنێتەوەو هەستاوە تەزویرێکی زۆر تشکرای کردووە لە مێژوودا هاتووە ڕاستی کردووە بە ناڕاستی‌و ناڕاستی کردووە بە ڕاست، نازانم ئەم کابرایە لەسەر حسابی کێ ئەم بوختانانە دەکات‌و بازاڕ بۆ درۆ گەرم دەکات؟ یان ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَناً فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ)، کاری خراپیان بۆ ڕازێنراوەتەوە و زۆربە جوانی دەیبینن، خوای گەورەش کە ویستی لەسەر هەرکەسێك ببێت سەری لێدەشێوێنێت.

سەردەمێك بوو گۆڤارە دەستگێڕەکان دەرگای نووسینیان بۆ ئەم نووسەرە خستبووە سەر پشت تا بە ئارەزووی خۆی مێژووی ستەمکارێکی وەکو حەججاجی کوڕی یوسفی تاوانکارو لوتبەرز جوان بکات!

کە سەیری ئەم نووسەرە دەکەی وا دەزانیت لە نێوان ئەوو مێژووی ئیسلامیدا خوێن‌و تۆڵەیەك هەیە! هەر ئەم نووسەرە پێشترو لەگەڵ ئەمەشدا قسەیەکی زۆری بە (پێشینە صالحەکانی ئێمە)[٢٩] وتووەو گاڵتەیان پێ دەکات‌و وێنەیان دەشێوێنێت، بە کەم سەیری مێژووەکانیان دەکات‌و بە سەروەری‌و زانست‌و زانیارییەکانیان پێ دەکەنێت‌و کردەوە چاك‌و باشەکانیان سووك دەکات‌و لە هەرکوێدا چاکەیەکیان کردبێت یان ونی دەکات‌و دەیشارێتەوە یان مانای ناجوانی لێ دەدۆزێتەوەو هەر خراپەو کەمنرخییەکیش لە شوێنێکدا ببینێ دەیلکێنێت بەوانەوە بە بێ ئەوەی بەڵگەی زانستی یان سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو یان بەرچاو ڕوونییەکی هەبێت.

ئەمە وای کرد لە ئێمە، کە وەڵامی ئەو نووسەرە لە کتێبی (فتاوی معاصرە)دا بدەینەوە پاش ئەوەی، کە ڕای گشتی لێی هاتنە قسەو جەماوەری موسڵمان شکاتی

---

[٢٩] لە گۆڤاری (المصور)دا سەرەتا بڵاوکرایەوەو پاشان کرایە کتێبێك بە ناونیشانی (حول الدعوة الی تطبیق الشریعة الاسلامیة) بەتایبەت سەیری (ل ١٠٤) بکە، لە چاپخانەی (دار النهظة العربیة)، بیروت بڵاوکراوەتەوە.

حاڵی خۆیان له بوختانەکانی ئەو نووسەرە کرد، کە له هەندێك له گۆڤارەکاندا بڵاوی دەکردنەوە، کە بە پاستی مرۆڤی هێمنو لەسەرخۆی دەوروژاندو پیاوی بەسەربریشی تووڕە دەکرد.

ـ لافی ئەوەی لێدەدا، کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز پیاوێکی بێ سیاسەتو بێ ئیدارە بووە:

لە (فتاوی معاصرە)دا پرسیارێکیان ئاڕاستە کردووم و دەڵێت:

لە پرێکدا نووسەرێکی عەلمانیی قسەکەری لە خۆبایی هەڵتۆقیووەو لە هەندێك گۆڤاردا، کە دەرگا بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەخاتە سەر پشت، هێرشێکی زۆری کردووەتە سەر عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، کە پێش ئەو ئەوەندەی ئاگامان لێیەتی کەس هێرشی وای نەکردووەتە سەریو بێگومان ئێوەش لەمە ئاگادارن! ئەم زماندرێژە نەترسە دەڵێت: "بە درێژایی مێژووی بەنی ئومەییە خواناسێکیان نییە، کە بگاتە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، کەچی هەر عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو، کە لەبەر بێئاگایی لە کاروباری سیاسەتدا گەورەترین کاری کردە سەر بێهێزکردنی دەوڵەتو پاشان ڕووخاندنیو دەکردنی لە دەستی عەرەبەوە بۆ دەستی فارسەکان! !"، گۆڤاری (المصور) القاهرە، لە مێژووی ١٩٨٣/١٢/٩.

لە ژمارەیەکی تری (المصور)دا کە لە ڕۆژی ١٤٠٤/٤/١٧ کۆچی بەرانبەر بە ١٩٨٤/١/١٩ی لەدایکبوونـدا بلاوکراوەتەوە، (هەمان نووسەر) هەڵمەت بۆ شەرعزانەکان (فەقیهەکان)و پاشان مێژوونووسان دەبات و تۆمەتباریان دەکات گوایە هەردوولا پێکەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە مێژوو بشێوێنن، تا وای لێهاتووە، کە خەڵکی ڕوانینێکی ڕۆمانسییانەیان بۆ دروست بووە، وەك ئەو دەڵێت: زۆرێك لە موسڵمانان وا سەیری عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەکەن گوایە یەکێکە لە گەورە خەلیفەکان، کەچی ئەم نووسەر دەڵێت: سیاسەتە ئابووریو ئیدارییەکانی هیچی لێ نەکەوتەوە وێرانکاریو ڕووخانی دەوڵەت نەبێت! پاشان دەڵێت: تا ئێستاش

موسڵمانان به سەرسامییەوە هەر تامی دەمی خۆیان دەدەنەوە لەو هەڵوێستەی لە ڕۆ (حمص) گرتی کە بۆی دەنووسێت: قولەو قەڵاکانی شاری (حمص) هەموو ڕووخاون، جا ئەگەر میری ئیمانداران مۆڵەت بدات دەست بە نەوژەنکردنەوەیان بکەم کەرێکی باشە، عومەریش لە وەڵامدا بۆی دەنووسێت "أما بعد، فحصنها بالعدل"، وتە: لە پاشاندا، ئەو شارە بەداد حوکم بکە.

جا ئەم نوسەرە هەڵمەتبەرە! ڕەخنە لەم قسەیە دەگرێتو دەڵێت: ئەم وەڵامە بۆ پرە لە ڕەوانبێژی کە سەرنجی خەڵکی عەرەب ڕادەکێشێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوە دەخوازێت کە پەرلەمان لێپێچینەوەی لەسەر بکات لە هەر ڕژێمێکی دیموکراتیدا بێت!!

بۆیە تکا دەکەین، کە ڕاستی ئەم هەڵوێستەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزمان بۆ ڕۆشن بکەنەوەو ئەوەشمان بۆ ڕوونبکەنەوە، کە ئایا ئەم نووسەرە ئەم لافە گەورەیە لێ دەدات هیچ بەڵگەیەکی وای هەیە کە پشتی پێ ببەستێت؟

منیش لە وەڵامی ئەم پرسیارە گەورەیەدا وتوومە: "هەموو ئەوانەی کە ئەم نووسەرە دەربارەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو پێشەینە صاڵحەکان نووسیویەتی خۆیندوومەتەوەو ئەوەشم خوێندووەتەوە کە پێشتر دەبارەی (شەریعەتی ئیسلامی) نووسیویەتی، بەڵام نازانم چۆن ڕێگە ئاچۆغ دەکرێت بۆ کەسانی لەو جۆرە بە ئارەزووی خۆیان بێنو بچنو حەزیان لە هەرچی بوو بیڵێنو ویستیان هەرچی بڕوخێنن بیڕوخێنن، کەچی ڕێگە نادرێت بە خەڵکی تر وەڵامی بدەنەوە".

. ژیریو "ئیجماع" و مێژوو هەر سێکیان ئەم لافلێدانە دەدەنە دواوە:

من نازانم لە سەر چ بناغەیەکی زانستی ئەم کابرا زماندرێژە نەترسە ئەم لافە گەورەیە لێدەداو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە نەزانو بێ سیاسەتو بێ ئیدارە.. هتد، دەداتە قەڵەم؟ چونکە ئەوە ژیریو ئیجماع ئەو قسەیە دەدەنە دواوەو مێژووی

عومەر خۆشی‌و شوێنەواری حوکمڕانییەکەی بە هەمان شێوە ڕەتی ئەو قسەیە دەکەنەوە.

* **ئەم قسەیە ژیربێژی بە بوختانی دەزانێت:** ئەمەیان کە لۆژیك بە بوختانی دەزانێت ئەوەیە کە عەقڵ نایبڕێت عومەر سیاسەتی نەزانیبێتو بێ ئیدارە بووبێت،لە کاتێکدا کە ئەو لەناوجەرگەی بنەماڵەی بەنی ئومەییەدا پێگەیشتبێت، باوکی بریتیی بێت لە عەبدولعەزیزی کوڕی مەروان، مامی بریتی بێت لە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان، کە بەدامەزرێنەی دووەمی دەوڵەتی بەنی ئومەییە دەزانرێت.

ئامۆژاکانیشی هەموو خەلیفە بوون: وەلیدو هیشامو سولەیمان، کە هەمووشیان خەزورانی بوون، خێزانەکەشی فاتیمەی کچی عەبدولمەلیك بووە، کە شاعیر دەربارەی دەڵێت:

بنت الخليفة، والخليفة زوجها

اخت الخليفة والخليفة جدها

کاتێك باوکیشی میری میصر بوو، ئەمیش میری مەدینەی پیرۆز بوو، هەروەها بوو بە میری میصریش، دەی عەقڵی کێ دەیبڕێت کەسێك، کە هەر لەدایك بووبێت لەناو سیاسەتو ئیدارەدا بووبێتو ئەو هەموو پلەو کارە ئیدارییانەی بڕیبێت و کاندیدیش بکرێت بۆ بەرزترین پلەی بەرپرسیارێتی، کە خەلیفایەتیو سەرۆکی دەوڵەتە، کەچی سیاسەت نەزانێتو ئیدارە نەزانێت؟!! نازانم هۆی ئەوە مەگەر هەر ئەوەبێت کە کەسێکی بە دینو بە تەقواو دادپەروەری وەك عومەر پێویستە بەشی پێویست سیاسەتبازیو ئیدارەدانی نەدەیتە پاڵ چونکە کەسوکارەکانو نزیکەکانی هەموو سیاسەتمەدار بوون!

* **ئیجماعیش هەر بە درۆی دەزانێت:** بۆ مەسەلەی ئیجماعیش، هەموو ئوممەتی ئیسلامی یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، کە دوای خەلیفەکانی ڕاشیدین

سەردەمی پڕ خێرو بەرەکەتی وەک سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نەبینراوە، هەر بۆیە ناونراوە: (پێنجەم خەلیفەی ڕاشیدین) نەک ئەوە بەڵکو بە موجەدید و نوێکەرەوەی سەدەی یەکەمی دەزانن و هەندێك بە (مەهدی ئوممەتی ئیسلامی دەزانن)[٣٠].

ئەم یەکدەنگییەی زانایانیش تەنها لەسەر ئەوە نییە عومەر پیاوێکی زۆر موسڵمان بووەو هەمیشە بە ڕۆژوو بووەو شەونوێژی نەفەوتاوە، بەڵکو لەبەر ئەو دادگەریو خۆ دوورگرتنەی بووە لە سامانی گشتی و، لەبەر ئەو سیاسەتە وردو ئیدارە سەرکەوتووەی بووە کە بەرهەمەکەی بریتی بوو لە خۆشگوزەرانییەکی بێ وێنە هەرچەندە ماوەی دەسەڵاتەکەشی زۆر کورت بوو.

* **مێژووش هەر بەدرۆی دەخاتەوە:** مێژووی عومەر خۆشی شاخ لە ئەم درۆیە دەردەهێنێتو دەیسلەمێنێت کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە سیاسەتو ئیدارەدا لە پێشی هەموو کەسێکەوەیەو لە پیزی یەکەمی سیاسەتمەدارەکاندایە.

من لێرەدا باسی هەندێك هەڵوێستو ڕووداوی ژیانی ئەو دەکەم، کە بەڵگەن لەسەر لێهاتوویی و دانانیی ئەو لە کایەی سیاسەتداو بەڵگەن بۆ ئەوەی پیاوێکی تەواو بەتوانا بووە لە بەڕێوەبردنداو کەسێك بووە کە زۆر جوان لە دین و دونیا گەیشتووە.

ڕیوایەت کراوە کە عەبدولمەلیکی کوڕی ڕۆژێکیان پێی دەڵێت: ئەرێ باوکە! بۆچی ئەو خەڵکە ناچار ناکەی کە ملکەچییت بکەن؟ سوێند بەخوا گوێ نادەم بەوەی منیش و تۆش لەیەك مەنجەڵدا بکوڵێنن لەبەرخاتری خواو دینی خوا!!

ئەم گەنجە خواناسە بەحەماسەئەوەی لە باوکی دەویست دوای ئەوەی بەرپرسیارێتی و میرایەتی ئیماندارانی گرتە دەست خێرا کۆتایی بە ستەم بهێنێتو ئاسەواری گەندەڵی بەیەك هەڵمەت دروێنە بکاتو لێی نەوەستێتو گوێ بە هیچ

---

[٣٠] ملامح الانقلاب الاسلامي في خلافة عمر بن عبدالعزيز/ عمادالدين خليل، ص (٧٨، ٧٩). یان سەیری قسەکەی سەعیدی کوڕی موسەییب بکە، کە دەڵێت: (هذا هو المهدي)!

نەدات‌و دوای ئەوە ئیتر چی دەبێت با ببێت! بەڵام ئایا وەڵامی ئەم پیاوە صاڵح‌و خەلیفە ڕاشیدو زانا موجتەهیدە چی بوو؟!

عومەر فەرموی: "لا تعجل يا بني! فإن الله ذم الخمر في القرآن مرتين، وحرمها في الثانية، واني أخاف أن أحمل الحق على الناس جملة فيدفعوه جملة فيكون من ذا فتنة"[٣١].

ئەم خەلیفە ڕاشیدە دەیویست کاروبارەکان بە دانایی‌و پلە پلە کۆنترۆڵ بکات، لە ژێر ڕۆشنایی یاسا خواییەکاندا، کە عارەق خواردنی پلە پلە حەرام کرد لەسەر بەندەکانی، ورد بەرەوە لەو تۆژینەوە وردەی، کە بەرژەوەندیی ئامێزەو بەڵگەیە لەسەر بیرتیژی‌و بڕ بنی سیاسەتی شەرعی ئەو پیاوە.

من دەترسم کە بەیەکجار حەق بدەم بە کۆڵی خەڵکیدا، ئەوانیش بەیەکجار حەق بدەنە دواوەو لەوێوە ئیتر فیتنەو ئاژاوە دەست پێ بکات!

مەیمونی کوڕی مەهرانیش لە عومەرەوە دەگێڕێتەوە، کە فەرمویەتی: "اني لأريد الامر من أمر العامة - مەبەست پێی کاروباری جەماوەرو هاوولاتیانە - فأخاف الا تحمله قلوبهم، فأخرج معه طمعا من طمع الدنيا، فأن أنكرت قلوبهم هذا سكنت الى هذا"[٣٢]، واتە: من کە دەمەوێت بڕیار لە کاروبارێکی گشتی بدەم، دەترسم خەڵکی دڵی نەدەنێ‌و بەرگەی نەگرن، بۆیە لەگەڵ ئەو بڕیارەدا تەماحێکی دونیاش دادەنێم، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك دڵی بڕیارەکەی نەگرت، ئەوە تەماحە دنیاییەکە بگرێت!

ئەو دەیەوێت بڕیارێك دەرنەکات لەو بڕیارانەی کە پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە و بەناڕەحەت و جێی تەکلیفی بزانێت، مەگەر لەگەڵ ئەو بڕیارەدا بڕیاری دابینکردنی

---

[٣١] (الموافقات) للشاطبي (٢/٩٤)، واتە: کوڕە باشەکەم پەلە مەکە! خوای گەورە دووجار زەمی عارەقی کرد لە قورئاندا‌و بۆ سێیەم جار حەرامی کرد، منیش زۆر لەوە دەترسم، کە بەیەکجار حەق بدەم بە کۆڵی خەڵکیدا ئەوانیش بەیەکجار حەق بدەنە دواوەو لەوێوە ئیتر فیتنە دەست پێبکات.

[٣٢] سير اعلام النبلاء/ الذهبي (٥/١٢٩، ١٣٠) البداية والنهاية (٩/٢٠٠).

مـفێکیش بدات، که بەرژەوەندییەکی دونیایی ئەو خەڵکەی تێدا بێت، ئەوکاتە ئەگـەر ئـەویان لا سـەخت بێـت لەبـەر بەرژەوەندییـە دونیاییەکـە جێبـەجێی دەکـەن، دەی ئەمەی ئەو کردی هەر ئەوەیـە پیـاوە سیاسـەتمەدارە سـەرکەوتووەکان تـا ئـەمڕۆش هەسەری دەڕۆن.

جارێکی تریش کوڕە بەدینو بەحەماسەکەی دێتە لایو بە ڕەخنەو بە تووڕەییەوە پێی دەڵێت: ئەی ئەمیری باوەڕداران! سبەی لەبەردەمی خوای گـەورەدا چـۆن وەڵام دەدەیتەوە، کە پرسیارت لێ دەکات؟ ئەو هەموو بیدعەیەت دەبینـی بۆچـی ڕێگریـت لێ نەدەکرد، یان ئەو هەموو سوننەتەت دەبینی خەڵکی پشت گوێی خستبوون بۆچی زیندووت نەدەکردنەوە؟

باوکی فەرمووی: ڕۆڵەگیان خوا جەزای بـەخێرت بداتـەوەو سـۆزی خـۆی بڕژێنـێ بەسەرتدا! کوڕەکەم! خزمەکانو قەومەکانی تۆ ئەم هەلومەرجەیان گرێ گرێو لۆ لۆ ئاڵۆزکاندووەو کردوویانە بە گرێکوێرە، هەرکاتێك بمەوێت بە زۆرو زۆرکاری ئەوەی لە بندەسـتیاندایە هـەڵپوکێنم، دڵنیـانیم، کـە نەکەونـە نـاو خـەڵکیو دەسـت بدەنـە ئاژاوەنانەوەو خوێنێکی زۆری تێدا بڕێژرێت! ! لەبەر ئەوە سوێند بەخوا لەناوچـوونی دونیام پـێ باشـترە لـەوەی بـە هـۆی منـەوە دڵۆپێـك خـوێن لـە لـوتی یـەکێك بێـت! ڕۆڵەگیان ئایا تۆ ڕازیت بـەوەی هـەموو ڕۆژێـك کـە بەسـەرباوکتدا دێـت لـەم ڕۆژانـەی دونیا، ئیللا بیدیەکی تێدا لە گۆڕ دەنێتو سونتەتێکی تێدا زیندوو دەکاتەو[٣٣].

بەم تێڕوانینە واقیعییە قوڵەوە عومەر سیاسـەتی دەکـردو کاروبارەکـانی بـەڕێوە دەبـرد، هـەر بـەو شـێوازە ژیرانـەو لەسـەرخۆیە ئـەو هـەمووە گرێکـوێرە ئاڵۆزانـەی دەکردەوە، بەم لۆژیکە بە هێزو ڕەسـەنەوە ئـەم باوکـە ڕاشـیدە کـوڕە دڵگـەرمو بـە

---

[٣٣] تأريخ الخلفاء/ السيوطي (ص٢٢٣ ـ ٢٢٤).

حەماسەکەی قەناعەت پێ دەکرد، دەی کەسی داناو سیاسی ئاوەها دەبێت پێی بووترێت سیاسەتی نەزانیووەو ئاگای لە کاروباری سیاسەت نەبووە؟!

قسەی وا کەسێك نایکات کە لە سیاسەت حاڵی بووبێت یان لە ژیان تێگەیشتبێت تەنها ئەو کەسانە ئەم جۆرە قسانە دەکەن، کە لافی گەورە گەورە لێ دەدەنو هەروا لە خۆڕا قسە دەکەنو بەڵگەش بۆ قسەکانیان ناهێننەوە.

* **پوودواوی قوللەو قەڵاکانی شاری (حمص)**: سەبارەت بە قوللەو قەڵاکانی شاری (حمص) و، گوایە عومەر بە والییەکەی ئەوێی وتووە: "حصنها بالعدل ونق طرقها من الظلم"، بە داد حوکمیان بکەو ڕێگەوبانەکانی لە ستەم پاك بکەرەوە، ئەو قسەیەی کە ئەم نووسەرە بلیمەتە (!) دەڵێت: ئەگەر لە وڵاتێکی دیموکراسیدا بوایە ئەبوو پەرلەمان لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکردایە، لە ڕاستیدا نووسەر لەو قسەیەدا کە دەیکات یان زۆر گێلەو هیچ لەم دونیایە حاڵی نەبووە کە هەمووی وەك خۆر ئاشکرایە یان ئاگادارەو بەڵام ئەو بۆ مەبەستێکی خۆی قسەکان لە شوێنی خۆیان دەترازێنێت.

عومەر بەو ڕستە پڕ ڕەوانبێژیو پڕ حیکمەتەی ئامـاژە بـە ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی دەدات، کە یەکێکە لە پرسە گەورەکان ئەویش ئەوەیە: شارەکانو وڵاتان قەڵاو قولە مادییەکان نایان پارێزن چەند گەورەو بەرزیش بن، بەڵکو ئەوەی شارو وڵاتان دەپارێزێت بریتییە لە خەڵکو جەماوەر، خەڵکو جەماوەریش ئەو کارە ناکەن تا لەوە دڵنیا نەبن کە خێرو بێری ئەو وڵاتە بۆ ئەوانو مـاڵو منـداڵی ئەوانـەو ئەوان لە وڵاتو شارەکانیاندا بێ ترسنو دڵەخورپەیان نەماوە، بەڵام ئەگەر جەماوەرو خەڵك سەیریان کرد توێژێکی دیاریکراو خورمای وڵاتەکە دەخۆنو ناوکەکەی دەدەن بەوانو گۆشتەکەی دەخۆنو ئێسقانەکەی فڕێ دەدەن بۆ جەماوەرو بەردەوام لە دڵە خورپـەو ترسدا بـن کـە نانیـان ببڕدرێـتو هەڕەشـە لەسـەر ناموسـیان بێـتو شـتە پیرۆزەکانیان لەمەترسیدا بێت ئەوە دوور نییە کە خەمساردی بنوێنن لە بەرگریکردن

ـه شارو ولاتەکەیان و، ئەوەش هەر دوور نییە کە دوژمن ئەم هەلویستە بقۆزێتـەوەو هێرش بەرێتە سەر ئەو شارەو هیچ سڵ لەوەش نەکاتەوە کە جەماوەر لێی ڕابپەڕێت.

بۆیە وەسێتی عومەر بۆ والییەکەی ئەوەیە کە گرنگی بەو شتانە بدات، کە زۆربەی کاربەدەستان لێی بێ ئاگان، ئەویش ئەوەیە داد بەرقەراربکرێتو زوڵم نەهێڵرێت، تا خەڵکی شارو ولاتی خۆی لا خۆشەویست بێتو وایان لێ بێت دەستی پێوە بگرنو ئەوپەڕی بەرگری لێ بکەنو هەرچی شتی بەنرخی خۆیان هەیە لە پێناویدا دایبنێن، کەواتە لە ڕاستیدا پتەوترین قوللە وقەڵا، کە شارەکان بپارێزێت بریتییە لە خەڵکو جەماوەر نەک داروبەرد!

شتێکی تر هەیە ئەمە دەسەلمێنێت ئەویش ئەوەیە، وەک "سيوطي حافظ" لە "تأريخ الخلفاء"[٣٤] کەیدا دەیڵێت: ئەم والییە مەبەستی ئەوەبووە کە بودجەیەکی تایبەت لە خەزێنەی گشتی بۆ ببڕدرێتەوە بۆ ئەوەی شوراکانی شاری پێ تۆژەن بکاتەوە، عومەریش لە هەموو کەس زیاتر بە تەنگ مالّی گشتیو خەزێنەی میللەتەوە بووە، جا لە جیاتی ئەوەی سامانی گشتی بەرەو کایە سەربازییەکان ببردرێت کە زۆربەی کات کاروباری سەربازی ئابووری ولات هەموو هەڵدەلوشێت بە تایبەت لە لایەن ئەو کاربەدەستانەوە کە زۆر چاوبرسین، چ خۆیانو چ ئەو بەرپرسە سەربازییانەش کە دەوریان داون، لە بری ئەوە پێویستە سامانی گشتی ڕوو بکاتە کایە کۆمەڵایەتییەکان تا کونو کەلەبەرەکانی ئەوێی پێ بگیرێتو بەشی پێویست لە بژێوی دابین بکات بۆ هەموو کەسێکی موحتاج.

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (بەڕەحمەت بێت) لەناخەوە بڕوای بەوە هەبوو، کە (داد بناغەی دەوڵەتە)و هەر داد پشتیوانو پارێزەری دەسەلاتە نەک ملهوڕیو زۆرداریو زەبرو زەنگ، کە هەندێك لە بەرپرسانی بەنی ئوممەیە پەنایان بۆ دەبرد

---

[٣٤] هەمان سەرچاوە (ص٢١٦).

ماوەیەك پێش عومەر، بڕوایان وابوو ئەو زەبرو زەنگە تاکە ئامرازە بۆ پاراستنی دەسەڵات، ئەوەیان لە بیر کردبوو کە دەسەڵاتی ستەمکاری زۆر بڕ ناکاتو خەڵکی ستەملێکراویش حەتمەن ڕۆژێك هەر دێت لێیان ڕاپەڕن و داوای مافەکانی خۆیان بکەن.

هەر لەبەرئەمە بوو کە هەندێك لە بەڕێرسەکانی سەردەمی عومەر پێشنیاری ئەوە دەکەن کە با بە هەمان سیاسەتی پێشوو کار بکاتو خەڵکی چاوترسێت بکات، بەڵام ئەو بەڕێچییان دەداتەوەو دەچێت بە گژیاندا.

(سیوطي) لە (تاریخ الخلفاء)دا کە ئیبنو عەساکیر ڕیوایەتی کردووە لە (سائب)ەوە دەگێڕێتەوە: "جارێکیان جەراحی کوڕی عەبدوڵڵا نامەیەك بۆ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەنووسێت دەڵێت: خەڵکی خوراسان میللەتێکی قەڵەو خراپنو جگە لە شمشێرو قامچی هیچ شتێك چارەیان ناکات، بۆیە داواکارم (میری ئیمانداران) ڕێگەی ئەوەمان بدات، حەزرەتی عومەر نامەیەکی بۆ نووسیو تێیدا فەرمووی: (أما بعد، فقد بلغني كتابك تذكر أن أهل خراسان قد ساءت رعيتهم، وانه لا يصلحهم الا السيف والسوط، فقد كذبت، بل يصلحهم العدل والحق، فابسط ذلك فيهم، والسلام)[٣٥]، واتە: لەپاشاندا، نامەکەت گەیشت، کە تێیدا باسی ئەوە دەکەیت کە خەڵکی خوراسان میللەتێکی قەڵەو خراپنو جگە لە شمشێرو قامچی هیچ شتێك چاریان ناکات، دڵنیابە درۆ دەکەیت! بەڵکو ئەوەی چاریان دەکات تەنها دادو ڕاست جوڵانەوەیە لەگەڵیاندا، لەبەرئەوە دادو ڕاستی بەرقەرار بکە لەناویانداو ئیتر سڵاو".

ڕووداوەکانیش هەموو ئەوەیان سەلماند، کە ئەم فەلسەفەیەی عومەر لە حوکمڕانیدا زۆر ڕاستترە لە فەلسەفەی ئەوانەی پێش ئەو کە بە زەبرو زەنگ

---

[٣٥] سەرچاوەی پێشوو، (ص٢٢٥).

دەجولانەوە، ئەم سیاسەتەی عومەر بەری گرتو هیچ پێویستیشی بەوە نەبوو لە یاساکانی شەریعەت لابداتو سنوورەکانی ببەزێنێت.

(یحیی الغسانی) کە یەکێك بوو لە کاربەدەستەکانی عومەر دەڵێت: "کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کردمی بە (والی موسڵ)و چوومە ئەو شارە سەیر دەکەم لە هەرچی وڵات هەیە زیاتر دزیو دەخەڵی تیدایەو ڕاپۆرتێکم لەسەر شارەکە بۆ نووسیو تێیدا ئەوەم لێ پرسی: کە ئایا بە کام سیاسەت کار بکەم؟ کە گومان لە کەسێك کرا بیگرمو لێی بدەم یان تا بەڵگەی تەواوی لەسەر دروست نەبێت نەیگرمو بەو شێوەیە بکەم کە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لەسەر بووە؟ عومەر بۆی نووسیمەوەو فەرمووی: خەڵك بە بەڵگە بگرەو بەو شێوەیە بجوڵێرەوە کە سوننەت دایڕێژاوە، چونکە ئەگەر خەڵکی حەق ڕاستیان نەکاتەوە ئەوە خوای گەورە بە هیچی تر ڕاستیان ناکاتەوە، یەحیا دەڵێت: ئەم سیاسەتەم پێڕەو کردو سوپاس بۆ خوا، کە لە موسڵ دەرچووم دوای ماوەیەك لە هەموو شارەکانی تر چاکتربوو و کەمترین دزیو دەخەڵیشی تێدا مابوو"[٣٦].

یەکێك لە سیاسەتە باشەکانی عومەر ئەوەبوو، کە مووچەی چاکی بڕیبوویەوە بۆ والییەکانو مانگانە هەبوو سەد دینارو هەبوو دووسەد دیناری پێ دەداو بەڵگەشی ئەوەبوو، کە ئەگەر خەیاڵ ڕاحەت بنو خەمی ژیانیان نەبێت خۆیان یەکلا دەکەنەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کاری خەڵکیو چاونابڕنە شتی زیاتر تا پێویستییەکانی ژیانیانی پێ تەواو بکەن!

ڕۆژێکیان پێیان وت: قوربان! تۆ چۆن بەرانبەر والییەکانت دەستکراوەی، واش بەرانبەر ماڵو منداڵت دەست کراوەبە؟ فەرمووی: ئەوەی مافی خۆیان بێت لێیان زەوت ناکەمو ئەوەش مافی خەڵك بێت نایدەم بە ئەوان[٣٧].

---

[٣٦] هەمان سەرچاوە، (ص٢٢١).

[٣٧] البدایه والنهایه (٢٠٣/٩).

یەکێك لە سیاسەتە سەرکەوتووەکانی عومەر لە بواری ئابووریدا ئەوەیە، کە (ئەبو عبید) لە کتێبی (الاموال)دا باسی دەکاتو دەڵێت: عومەر نامەیەکی بۆ عەبدولحەمیدی کوڕی عەبدورڕەحمان نووسی، کە والی عێراق بوو، هەرچی دەرماڵەی خەڵکی هەیە هەمووی دابەش بکە بە سەرياندا بياندەرێ، عەبدولحەمید نامەیەکی بۆ نووسیو تێدا وتی: قوربان! هەموو دەرماڵەکانم پێداونو (بیت المال)یش هەر تێیدا ماوەتەوە، عومەر بۆی نووسی: سەیر بکەو بزانە کێ تووشی قەرزاری بووە _نەك لەبەر بیعەقڵیو دەستبڵاوی_ قەرزی هەموویان بدەرەوە، پاش ئەوە والییەکە بۆی نووسیەوەو وتی: قوربان! قەرزی هەموو قەرزارەکانیشم داوەتەوەو (بیت المال)یش هەر شتی تێدا ماوە، عومەر بۆی نووسی: بگەڕێن بزانن کێ کاتی ژنهێنانیەتیو دەیەوێت ژن بهێنێت، ژنیان بۆ بهێنەو مارەییەکانیان بۆ بدەن، عەبدولحەمید بۆی نووسیوە: قوربان! ژنم بۆ هەموو گەنجەکانیش هێناوە بەیتولمالیش هەر تێیدا ماوە، عومەر بۆی نووسی: بڕوانەو بزانە کێ (جزیە)ی لەسەرەو بەرهەمی زەوییەکەی کەمی کردووە (واتە زەوییەکەی بێهێزو کەم پیت بووە .. وەرگێڕ) ئەوەندە سلفەی بدەرێ کە بتوانن زەوییەکانیان بەهێز بکەنەوە، چونکە ئێمە تا یەك دوو ساڵی تریش پێویستمان بەو پارانە نابێت[٣٨].

ئا لەمەوە دەبینین کەسایەتی ئابووری عومەر تەنیا لەسەر ئەوە ڕاناوەستێت کە بەدادو یەکسانی سامان بەسەر خەڵکیدا دابەش بکرێت، بۆ نموونە: قەرزی هەموو قەرزارێك بدرێتەوەو ژن بۆ هەموو ژنخوازێك بهێنرێت، بەڵکو لەسەر ئەوەش ڕادەوەستێت کە پێویستە بیر لە گەشەی ئابووریو بەرهەمهێنان بکرێتەوەو خەڵك فێری وەبەرهێنان بکرێت بۆیە سیاسەتی (سلفەی زەراعی) پەیڕەو دەکاتو بۆ والی عێراق دەنووسێت وا بکات، چونکە ئەو سلفەیە بۆ خاوەن زەوی‌و زار گوڕێکی

---

[٣٨] (الأحوال)، بن عبید، تحقیق: هواس، (ص ٣٥٧ ـ ٣٥٨).

گەورەیەو لەسەرقاچی خۆی ڕایدەگرێتو دەکەوێتە بەرهەمهێنانی زەوییەکانی، کە بە هەمیشەیی زەوی سەرچاوەی یەکەمی (قوتی خەڵکییە)[٣٩].

یەکێکی دی لە سیاسەتە باشەکانی عومەر ئەوەبوو، کە قسەوتنی بە ئالوبەیت هەڵگرتو خەڵکی سەرقاڵ کرد بە کارکردنەوە نەك بە دەمەقاڵەو چەلەحانێ کردنەوە، کاتێك کە پرسیاری ئەوەشیان لێ کرد کە ڕای چییە لەمەڕ ئەو شەڕانەی لە نێوان صەحابەکاندا ڕوویداوە؟ ئەویش ئەو قسە بەناوبانگەی کرد، کە دەفەرموێت: "تلك دماء طهر الله منها أيدينا فلنطهر منها الستنا"، ئەوانە کۆمەڵێك خوێنو کوشتار بوون، کە خوای گەورە دەستی ئێمەی تێدا پاك ڕاگرت، دەی با ئێمەش زمانمان پاکڕابگرین.

ئەمە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو سیاسەتی بەڕێوەبردنی عومەر بوون ئەو پیاوە داناو بیرتیژەی کە ئاسۆی بیرکردنەوەی زۆر فراوان بوو، ڕەچاوی حاڵەتی خەڵکو دواڕۆژی بڕیارەکانی دەکردو ئیمانی بەوە هەبوو پلە پلە لەگەڵیاندا بجوڵێتەوەو هەر حاڵەتەش بە جیا مامەڵەی لەگەڵدا بکات[٤٠].

*** شوێنەواری سیاسەتەکانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەناو خەڵکدا:**

ئەم سیاسەتە پڕ حیکمەتو بەڕێوەبردنە ژیرانەی عومەر بەرهەمەکەی ئەوەبوو، کە دەوڵەت کەوتە گەشەکردنو باری جێگیرو ئاسایش بەرقەرار کرا و گەلیش لە هەموو

---

[٣٩] محمد علي بيضون دەڵێت: ئەم سیاسەتەی عومەر لەسەر ئەو بنەما لۆژیکییە دەوەستێت، کە دەڵێت: خەڵك ئەگەر ئیمکاناتی پێ درا کار دەکاتو کە کاریشی کرد بەرهەم زۆر دەکاتو دەخلی تاك بەمێز دەبێت وکە دەخل و بەرهەمیش زۆر بوو هەژاری نامێنێت (وەرگێڕ).

[٤٠] بڕوانە ئەو توێژینەوە بەنرخەی، کە دکتۆر عیمادەدین خەلیل بەناوی (ملامح الانقلاب الاسلامي في خلافة عمر بن عبدالعزيز) کردوویەتی لە بڵاوکراوەکانی (الدار العلمیە)ی چاپی بەیروت، بەتایبەت بەشی دوو و سێو چواری ئەو کتێبە.

هەرێمەکاندا هەستی بەدادگەریو دڵنارامی دەکرد!! ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە تۆوی چاك بەرهەمی چاك دەدات.

ئەگەر هەندێك کەس وا دەزانێت یان دەیەوێت خەڵك وابزانێت، کە بەڕێوەبردنی چاك ئەوەیە کە بەزەبرو زەنگو دارکاری لەگەڵ خەڵکدا بجوڵێیتەوەو، سام و هەیبەت بۆ دەوڵەت دروست بکەیت لە کۆمەڵگەدا بە زۆری شمشێرو تۆقاندندنو، بۆ تەمبێکردنی خەڵکی خراپ چاکەکانیش دەستگیر بکەیتو وابکەی لە خەڵکی ئەم بەو بڵێت: دەست بە کلاوە شرەکەی خۆتەوە بگرە[٤١].

بەڵام ئێمە هەر ئەوەیان پی دەڵێین کە مێژوو پێیان دەڵێت: (دوپرە) تەختەکەی دەستی عومەری کوڕی خەتتاب (پەزای خوای لێبێت) زۆر بە سامتر بوو لە شمشێرەکەی دەستی حەججاج!

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی خیلافەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە کایەکانی (سیاسەت)و (ئابووری)و (بەڕێوەبردن)و (دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆیی)و (ڕێزو حورمەت لە دەرەوەدا)و (بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە دونیادا)، ئەوە ئەو کاریگەرییانە زۆر لەوە دیارترن، کە باسیان لێوە بکەین.

ئەوەندە بەسە کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێك دیاردە بکەین، کە بەڵگەی تایبەتی خۆی هەیە و لە سەرچاوەی ڕەسەنەوە بیانگوازینەوە، هەرچەندە لە پێشەوەش هەندێك شتمان باس کرد.

ئیمامی بەیهەقی لە (الدلائل)داو لە عومەری کوڕی ئوسەیدەوە، کە کوڕی عەبدوڕەحمان کوڕی زەیدی کوڕی خەتتابە دەگێڕێتەوە، وتویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (٣٠) سی مانگ دەسەڵاتی لە دەستدابوو، سوێند بەخوا بەو ماوە کەمەو پێش ئەوەی بمرێت کارێکی وای کرد، کە کەسی وا هەبوو مالّو سامانێکی زۆری

---

[٤١] دەقی قسەکەی دکتۆر (قرضاوي) ئەڵێ: "يقول الرجل لصاحبه انج سعد فقد هلك سعيد"، بەڵام من (دەست بە کلاوە شرەکەی خۆتەوە بگرە)م لە بەرانبەریدا بە شیاوزانی (وەرگێڕ).

ـهەتا بۆمان‌و دەیوت: ئەمە دابەش بکەن بەسەر هەژاراندا خۆتان چۆنی بە باش ـمزانن، کەچی زۆری نەدەبرد مالّو سامانەکەی دەبردەوە چونکە چەند بیر ـەکرایەوە کەس نەبوو بە هەژاری مابێت‌و ئەو پارەیەی پێ بدرێت! عومەر دنیای ـەولّەمەند کردبوو.

ئیمامی بەیهەقی دوای ئەم هەواڵە دەفەرموێت: (فيه تصديق مارويناه في حديث عدي بن حاتم)[٤٢]، واتە: ئەم هەواڵە پشتی ئەو فەرموودەیەی عەدی کوڕی حاتەم ڕاست دەکاتەوە کە ئێمە ڕیوایەتمان کردووە (دیارە بەسەنەدی خۆی).

یەحیای کوڕی سەعید دەڵێت: "عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کردمی بە بەرپرسی لیژنەی کۆکردنەوەی زەکاتی ئەفریقیاو منیش کە زەکاتەکانم لێوەرگرتن داوام کرد کە هەژارەکانیان بهێنن تا مافی خۆیانیان لەو مالّە پێ بدرێت، کەچی هەژاریان دەست نەکەوتو کەس نەبوو ئەو مالّەمان لێوەربگرێت! بە دڵنیاییەوە عومەر هەموو خەڵکی دەولّەمەند کردبوو"[٤٣].

کەواتە ناحەقی نییە کە زانایان و شەرعزانەکان و فەیلەسوفەکان‌و حەدیسزانەکان‌و مێژوونووسان‌و سۆفییەکانی ئوممەتی ئیسلامی هەموو یەك دەنگ بن لەوەدا کە عومەر خاوەن ڕێزو حورمەتێکی وایە جێگەی خۆیەتی شوێنی دیارو تایبەتی هەبێت لە مێژووی ئیسلامیداو لە ڕیزی پیاوە صالّح‌و چاکەخوازەکاندا دابنرێت.

زانایانیش ڕاڤەی ئەم فەرموودەیە دەکەن کە دەفەرموێت: (إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها) هەموویان کە دێنە سەر ئەوەی لە واقعیدا کێ یەکەم - مجدد - ە؟ هەموو بەیەکدەنگ (ئیجماع) دەڵێن: عومەر

---

[٤٢] بڕوانە (فتح الساري) (٤٢٤/١)، ارشاد الباري القسطلاني (٥١/٦)، عمدة القاري، العيني (١٣٥/١٦).

[٤٣] سيرة عمر بن عبدالعزيز/ ابن عبدالحكم، ص٥٩.

(موجەدید)ی سەدەی یەکەمی کۆچییە و، (حافظ سیوطي) لە شیعرێکدا، کە باسی نوێکەرەوەکان(مجدید) دەکات دەڵێت:

فكان عند المائة الاولى عمر
خليفة العدل بأجماع وقر[٤٤]

ئەم بەڵگانە ئەو هەموو لافلێدانەی ئەو نووسەرە پووچ دەکەنەوە، کە عومەر بەوە تۆمەتبار دەکات کە سیاسەتکردنو بەڕێوەبردنی نەزانیووە، گوایە ئەگەر لە ڕژێمێکی دیموکراتیدا بوایە ئەبوو بدرێتە دادگا!! چونکە بووەتە هۆی وێرانکردنی دەوڵەت! ئەوە مێژوو شایەتی ئەوە دەدات، کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەوڵەتی بەرقەرار کردووەو ئاوەدانی کردووەتەوە نەک وێرانی کردبێت وەک ئەو کابرایە بوختانی بۆ دەکاتو قسەی بێبەڵگە ڕیز دەکات.

ئەوەشمان ڕۆشن کردەوە، کە کاتێک عومەر بە والییەکەی خۆی دەڵێت دەربارەی شوراکانی شاری (حمص) (حصنها بالعدل) مەبەستی ئەوە بووە، کە ئەویشو کاربەدەستو بەڕپرسی تریش هۆشیار بکاتەوە لە ئەرکێکی زۆر گەورە، کە کەسایەتی کورتبینو پەلەپەلەکەرو لەخۆبایی - وەک ئەم نووسەرە - لێی بێئاگان ئەو ئەرکە گەورەیەش ئەوەیە: شارو ولات شوراو قەڵای ماددی ناتوانێت لە هێڕشە دەرەکیو ئاژاوە ناوخۆییەکان بپارێزێت، بەڵکو ئەوەی ولاتو شاران دەپارێزێتو تۆکمەی دەکات پێش هەموو شتێک بەرقەرارکردنی دادپەروەرییە لە ولاتدا، دەستەبەرکردنی مافەکانە بۆ هەموو خاوەن مافێک، هەڵگرتنی ستەمو داگیرکارییە لەسەر خەڵکیو دانەوەیەتی بە خاوەنەشەرعییەکانی، ئەمەو تەنها ئەمە وا لە ڕۆڵەکانی ئەو شارە دەکات، کە بە دڵو بە گیان شورایەکی پۆڵایینو ڕاستەقینە بۆ

[٤٤] فيض القدير شرح الجامع الصغير/ للمناوي (١١/١).

وڵات دروست بکەن‌و هەریەکە لە لای خۆیەوە ببێتە قەڵغانێك بۆ پاراستنی ئەو شارە!

بەڵام کە دادپەروەری نەما ئەوە قەڵاو شورای تەنها چی پێ دەکرێت، کە لای خەڵك پەمان‌و ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە مەسەلەیەك نەبێت، ئەوەش مێژووی جاهیلی، کە باسی (عەنتەرەی عەبسی) دەکات چ هەڵوێستێکی هەبوو لەو هێرشەی کرایە سەر خێڵەکەی‌و ئەویش لە دوورەوە وەستابوو هەر سەیری دەکردو جوولەی لە خۆی بڕیبوو، بۆ؟ چونکە خێڵەکەی زوڵمیان لە ئەم کردبوو و، وەك کۆیلەیەك سەیریان دەکردو هەموو ئەرکێکی ئەو کە بۆی دیاری کرابوو بریتیبوو لە شوانیکردنی حوشترەکان! کە باوکیشی داوای لێ دەکات ڕۆڵە تۆش لەگەڵ قەومەکەتدا هەڵمەتێك بەرە! ڕوو دەکاتە باوکی‌و دەڵێت: "کۆیلە نازانێت هەڵمەت بەرێت، بەڵکو هەر ئەوە دەزانێت شیر بدۆشێت‌و گوانی حوشترەکان ببەستێتەوە!!".

ئەگەر کەسێك زەوقی هەبێت‌و لە قسە حاڵی ببێت دەزانێت خەلیفە عومەر مەبەستی ئەوە نییە، کە شوراو پتەوکردنی شارەکان پشتگوێ بخرێت‌و وێران بکرێت، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو لەو شتە ئاگاداریان بکاتەوە کە لێی بێئاگابوون‌و وەك دەشڵێن "لکل مقام مقال" هەموو شوێنێك قسەی تایبەتیی خۆی هەیە.

* **هەڵوێستی ئەو نووسەرە لەسەر (حەججاج)**: یەکێك لە شتە سەیرو سەمەرەکانی ئەم نووسەرە کە هێرشی ناڕەوا دەکاتە سەر عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ئەوەیە لەولاوە دێت بە شان‌و باڵی حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفیدا هەڵدەدات، کە کەسێکی یاخی ناو (بەنی ئومەییە) بوو، ئەو نووسەرە دەڵێ: "وێنەیەکی شێوێنراوی وا دروست کراوە بۆ حەججاجی کوڕی یوسف کە زۆر زەحمەتە بگۆڕدرێت.. هەر لەبەر ئەوەی زۆر دڵڕەقانە ڕەگو ڕیشەی خەڵکانی یاخیبوو لە دەوڵەت دەرهێناوە لە کاتێکدا نووسەرە ئەوروپاییەکان وا سەیری

حەججاج دەکەن، کە گەورەترینو سەرکەوتووترین بەڕێوەبەربووە لە مێژووی هەموو دنیادا!".

نووسەر لێرەدا ئەو سەرچاوەو کاریگەرییانە دەردەخات، کە ئاڕاستەی بیرو بۆچوونەکانی ئەو دیاری دەکەن، "مێژوونووسە ئەوروپیو ڕۆژهەلاتناسەکان!" یانی ئەگەر ئەوان وتیان: حەججاج پیاوێکی باش بووە ئیتر هەموو ئەو شایەتیانەی کە مێژوونووسو شەرعزانو زۆربەی زانایانی مێژووی ئیسلامی دەیڵێن دەبێت بدرێت بە دیواردا؟!

سەیر ئەوەیە ئەم نووسەرە کە دەیەوێت عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بەرەو قەفەسی تاوان ببات بە ناوی دیموکراسییەوە، کەچی بە شانو بالّی حەججاجدا هەڵدەدات، ئاخر حەججاجو دیموکراسی کوجا مەرحەبا، حەججاجێك لەبەر گومانێك خەڵکی لە زیندان توند دەکرد و، لەبەر تۆمەت یەکێکی تری دەکوشت و، گوێی نەدەدا بە خوێنڕشتن و، ستەمی لە خەڵکی بێ تاوان دەکرد، هەر لەبەرئەوەی دەسەلاتی (بەنی ئومەییە)بمێنێتەوە؟ نەك هەر ئەمە بەڵکو هەندێك هەیە دەڵێن: حەججاج بوو سەری بە عەرەب شۆڕ کردو ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی فارسەکانو جگە لەوانیش دەسەلاّت بگرنە دەست.

ئەو بیانووەی کە ئەم نووسەرە دیموکراسیخوازە دەیهێنێتەوە بۆ حەججاجو دڵڕەقیو یاخیبوونەکەی، هەمان بەڵگەو بیانووە کە هەموو یاخیو ستەمکارێکی دیکتاتۆر لە هەموو سەردەمێکدا دەهێنێتەوە، لەم سەردەمەی خۆماندا چەندان کەسی بێگوناە لە زیندانەکان توند کراونو چەندین کەسی تر شەهید کراونو چەندەها ڕووباری خوێن دروست کراوەو چەندان ناموس شکێنراوەو مالّی چەندین کەس داگیرکراوەو چەندەها خێزان ئاوارەو دەربەدەر کراوە، پێستی چەند کەسی هەژار بە قامچی سوتێنراوەو لەشی بە ئەشکەنجەو ئازار شێوێنراوە و چەند شار بەسەر خەڵکە هەژارەکەیدا ڕوخێنراوەو چەندان منالّی پاکی فریشتەئاسا باوك و

ـیکی خۆی له دەست داوەو سەدان و هەزاران ئافرەتی داوێن پاك لە زیندانەکانی ستەمکاراندا ئەتك کراوە.. هەموو ئەم تاوانانە بە ناوی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت و بەرگو ڕیشە دەرهێنانی یاخیو دەرچوان لە یاسا ئەنجام دەدرێت!

سەیری ئەم نووسەرە بکە چۆن خۆی کردووە بە (پارێزەر) بۆ ستەمکارەکان و ئەوەی لە ناخیدا حەشاری داوە چۆن لە هەڵوێستێکیدا دەری دەبڕێت.. ئەم نووسەرە خۆبەزلزانە دەربارەی یەکێکی وەکو (عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر)، کە صەحابەیەو لە سەردەمی خۆیدا پەیمانی خەلیفە بوونی پێدرا و ناونرا (أمیر المؤمنین)و نۆرسالێش لە دەسەڵاتدا مایەوەو زۆری نەمابوو کە کاروبارەکان هێور ببێتەوەو دەسەڵاتەکەی دابمەزرێنێت هەرچەندە خوای گەورە قەدەری بە شێوەیەکی تر هێنا، ئەو نووسەرە لوتبەرزە بە عەبدوڵڵا دەڵێ: یاخیو لە یاسا دەرچوو[٤٥]! ئەو صەحابەیەو تابیعینیش کە لە گەڵیدا بوون، بە هەمان شێوە ناودەنێت (یاخیبووان و لەیاسا دەرچووەکان)!

هەر ئەم نووسەرە بە یەکێکی وەکو سەعیدی کوڕی جوبەیرو شەعزانەکانی تری هاوڕێی، کە دژ بە زوڵمو ستەمی حەججاج لەگەڵ (ئیبراهیمی کوڕی ئەشعەس)دا شۆڕشیان بەرپا کرد (دژی حەججاج)، بەوانەش هەموو دەڵێ: یاخیبووان.

ئەم نووسەرە کە دەرچووی کولێژی (مافـ)ە، خۆی لێ بووەتە، دادوەری گشتیو دوژمنەکانی حەججاجو ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو دەداتە دادگا، هەڵوێستی ئەم

---

[٤٥] ئەم صەحابەیە یەکەمین کەسێکە پێی دەوترێت خۆی صەحابەیەو باوکی صەحابەیەو دایکی صەحابەیەو باپیرەی دایکی صەحابەیەو باپیری باوکی صەحابەیەو باوکی (حەواری) پێغەمبەرەی خوایە ﷺ و یەکێکە لەو دە کەسەی کە مژدەی بەهەشتیان هەر لەژیاندا پێ دراوەو یەکێکیش لەو شەش کەسەی عومەر کاندیدی کردن بۆ خەلیفایەتی پاش خۆی زوبەیری کوڕی عەوام بوو، دایکی عەبدوڵڵا بریتییە لە ئەسمای کچی ئەبوبەکر، کە بە (ذات النطاقین) ناسراوبوو لەناو صەحابەدا، باپیری لە دایکییەوە بریتی بوو لە (ئەبو بەکری صدیقو باپیرەگەورەشی بریتیبوو لە (ئەبو قحافە) کە باوکی ئەبوبەکر بوو (ڕەزای خوا لە گشتیان بێت).

نووسەرە کە خۆی بـە دادوەری گشـتی دەداتـە قەڵـەم هەڵوێسـتی ئـەو ماستاوچـییە زۆرزانانەمان بیردێنێتەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن هەرکەسێکو هـەر کۆمـەڵێک بـە بەرپرسو کاربەدەستانی وت: ئەوە بۆچی؟ یان ئەوە مەکەن! با بدرێت لە گـەردنیو تووندترین سزای بۆ بڕیار بدرێت، تا خەڵکی فێری موعارەزەکردن نەبن.

(٤)

بڕیاری نارەوای هەندێك لە گەورە بانگخوازەكان دەربارەی مێژووی ئیسلامی:

ئەگەر ئێمە بەدەست بێوێژدانیی عەلمانییەكانەوە دەنالێنین كاتێك باسی شارستانییەتیی ئیسلامی و مێژووی ئیسلامی دەكەن، ئەوە زۆر لەوە زیاتر دەنالێنینو ئێشمان پێدەكات لە هەڵوێستی هەندێ گەورە بانگخوازی ئیسلامیش، كە بێڕەحمانە لەسەر مێژووی ئیسلامی نووسیوویانەو چاوپان لەو شارستانییەتە زەبەلاحە ئیسلامییە داخستووە، كە مێژوو دروستی كردووە، ئەم بانگخوازانە موبالەغەی زۆریان كردووە لە ڕەخنەگرتندا لە مێژووی ئیسلامیو گەورەكردنی خاڵە بێهێزەكانو شاردنەوەی سەروەرییەكان، هەر ئەمانە بوونەتە هاوكارێكی باش بۆ عەلمانییەكانو بەڵگەیان داوەتە دەستیان تا بازاڕ بۆ ئەوە دروست بكەن گوایە شەریعەتی ئیسلامی تەنها لە سەردەمی عومەری كوڕی خەتتابدا جێبەجێ كراوەو شەریعەت بەرنامەیەكی خەیاڵی (ئایدیالیزمی) یە و، توانای جێبەجێ كردنی نییە، هەرچەندە ئەو بانگخوازانە بە بێبگومان مەبەستیان نییە شتی وا لە قسەكانیان وەربگیرێت.

ئێمە تەنها باسی سێ گەورە بانگخواز دەكەین، كە دەستی باڵایان هەبووە لە خزمەتكردنی ئیسلامو زیندووكردنەوەی ئوممەتی ئیسلامیو بە ئاگاهێنانەوەی گەلانی ئیسلامیو بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانو ئازادكردنی هەرێمە ئیسلامییەكانو یەكخستنی گوتاری ئیسلامیو ڕەتكردنەوەی چەمكە ئاوەژووكراوەكانو ئامادەكردنو پەروەردەكردنی ڕۆڵەكانی ئیسلام بۆ بەرگریكردن لەم دینەو قوربانیدان لە پێناو بەرزكردنەوەی وشەی خوا بە ماڵو بە نەفس، تا وایان لێ دێت كە نوێژو عیبادەتو ژیانو مردنیان تەنها بە تەنها هەر خوا بێت.

ئەو سێ بانگخوازە بەڕێزەش بریتین لە سێ مامۆستای گەورە کە من زۆر خۆشم دەوێن‌و ڕێزی تایبەتییشان هەیە لام چ خۆیان و چ جیهادەکەشیان، کە ئەمانەن:

١ـ ئەبوئەعلای مەودودی.

٢ـ سەید قوتب.

٣ـ موحەممەدولغەزالی.

لە کەلەپووری هەریەکەیان (بەڕەحمەت بن) ئەوەندە باس دەکەین، کە بەڵگەی ئەم ئاراستە ترسناکە بێت کە گرتوویانە، کە ئێمە بە قاچخلیسکانی زانایانی دەزانین، کە هەموو کەس چاوپۆشییان لێ دەکات‌و لە ڕێزو حورمەتیشیان هیچ کەم ناکاتەوە، چونکە ئەمانە لەبەر خوا ئاوا تووڕە بوون‌و خەمخواردنیان بۆ ئیسلام‌و بنەماو بەها باڵاکانی وای لێ کردوون کە بەو شێوەیە قسە بکەن، ئەم غیرەتکێشییەشیان لەبەر میللەتێك یان خێڵێك یان حزبێك‌و یان تایەفەیەکی تایبەتی ناو خەڵك نەبووە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوە جۆرە ئیجتیهادێك بووە لەو پیاوانەوە کە ئومێد دەکەین پۆزشیان پێ بدرێت، یان نا، بەڵکو پاداشتیشی لەسەر وەربگرن هەروەك چۆن هەموو موجتەهیدێك لە (فقه)و شتی تردا وەری دەگرێت.

یەکێك لە فەزڵ‌و ڕەحمەتەکانی خوای گەورە بەسەر ئەم ئوممەتەوە کە یەکێکیشە لە شتە جوانەکانی ئەم دینە ئەوەیە، کە ئەو کەسەی ئیجتیهاد بکات‌و خۆی ماندوو بکات خوای گەورە بێ پاداشتی ناکات با پڕ مەسەلەکەش نەپێکێت بەو مەرجەی کەسی ئەو مەیدانە بێت، ئەو ئەوەندەی بەسە، کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی داوەو خێری مەبەست بووەو بەدوای ڕاستیدا گەڕاوەو پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ (انما الأعمال بالنیات) مەرجی وەرگرتنی کردەوە بریتییە لە نێتی باش.

* هەندێك لە (وتەكانی مامۆستا مەودودی) دەربارەی مێژوو کە تونديڕەوی تێدایە:

یەکەم کەسێك لەو سێ کەسە بریتییە لە عەللامەی گەورە شێخ ئەبولئەعلای مەودودی، کە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیو دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵە بوو لە هیندستانی گەورەدا.

لە ڕاستیدا من کە قسەکانی مامۆستا (مەودودی)م دەربارەی مێژووی ئیسلامیو شارستانییەتی ئیسلامی خوێندەوە مووی سەرم گرژ بوونو دەستم کەوتە لەرزین، زۆر سەرم لەوە سووڕما کە ئەو پیاوە بەڕێزە لەگەڵ ئەو هەموو فەزڵو گەورەییەی کە هەیەتیو ئەو هەموو زانیارییەی خوا پێی داوە، ئەو بیرە ڕووناکو قوڵەی ئەو هەیەتیو ئەو گیانی ڕەخنەگرتنەی لەودایە، کەچی بەو شێوە تونديڕەوە لە هەڵوێستیدا بەرانبەر مێژووی ئیسلامی!

ئەو هەڵوێستانەی ئەو بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە هەرچەند لە زانستو فەزڵو گەورەییدا بەرزبێتەوە، هەر لە پێستی مرۆڤانەی خۆیدایە و، بێئاگاییو هەڵەو کەموکوڕی تێکەڵی دەبێت _ بیەوێتو نەیەوێت _ وەك دەرئەنجامێك بۆ تونديژی یان خاوو خلیچکی، پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ کەس لەم بنەمایە هەڵناوێرێت، چونکە ئەو بەردەوام بە سروش ئاڕاستە دەکرێت.

ئەم ڕایەی (عەللامە مەودودی) سەبارەت بە هەندێك خاڵی ناو مێژووی ئیسلامی بووە مایەی نیگەرانیی زانایانی هیندو پاکستان لەو زانا گەورەیە، مەودودی بەڕەحمەت بێت هەندێك ڕای سەیریشی لە هەندێك صەحابەی پێغەمبەر ﷺ دەربڕیووە کە ئەو شتانە شایەن نین بە کەسانێکی وا کە زۆر لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ ماونەتەوەو لێوەی نزیك بوون، وەك حەرزەتی عوسمان خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدین (ڕەزای خوای لێبێت) ئیتر ئەوە بۆ موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانو جگە لەو هەر هیچ.

(مەودودی) ئەم پایە تایبەتەی لە زیاد لە کتێبێکدا دەربڕیووە بە تایبەتی هەرسێ کتێبی (الخلافة والملك) و (موجز تأريخ تجديد الدين وأحيائه) و (الحكومة الاسلامية).

لە کتێبی (الخلافة والملك)دا دەڵێت:

"گەورەمان حەزرەتی عوسمان لە سەردەمی خیلافەتی خۆیدا پێچەوانەی عومەر دەجوڵایەوە کە پێش ئەو خەلیفە بوو، ئەم دەهات خزمە نزیکەکانی خۆی لەناو سەنتەری دەسەڵاتدا دادەمەزراند لە کاتێکدا ئەو کەسانە لەوانەبوون کە پێیان دەوتن (ئازادکراوەکان)[٤٦] و نەوەی ئازادکراوەکان و، ئەو دەهات ئەمانەی باو ئەدا بەسەر صەحابە دێرینو سەرەتاییەکاندا، کە خاوەنی فەزڵی زۆربوون چ ئەوانەی لە پیزی کۆچەراندا بوونو چ ئەوانەی لە پیزی ئەنصاردا بوون وەك سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، هەندێك لەوانەی کە عوسمان دایدەنان لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ڕقیان لێ بوو کەچی لە سەردەمی ئەمدا بوونە هەڵسوڕێنەرانی کاروباری موسڵمانان.. پاشان هەندێك شتی تر لە سیاسەتی حەزرەتی عوسمان باس دەکات، گوایە بنەماڵەی (بەنی ئومەییە)ی خستبوویە سەر گەردنی موسڵمانان، کە ئەم کارە ئەوکارە بوو عومەر زۆر لێی دەترساو خۆی بەدوور دەگرت لێی.

ئەم کارەی عوسمان یەکێك بوو لەو هۆیانەی ئاژاوەی نایەوەو بوویە هۆی کوشتنی خۆشی لە ئەنجامدا، کە کارەساتێکی وای دروست کرد دڵەکانو چاوەکان

---

[٤٦] وشەی (ئازادکراوەکان = الطلقاء) ئەو وشەیە بوو، کە پێغەمبەر ﷺ پاش ئازادکردنی مەککە بە خەڵکەکەی فەرمو: گومان دەبەن چی بکەم بەرامبەرتان، وتیان: جەنابت پیاوێکی بەخشندەو کوڕی پیاوێکی بەخشندەشی، فەرمووی: دە بڕۆن هەموو ئازاد بن، (اذهبوا فأنتم الطلقاء)، ناحەزانی صەحابە وەك ڕەخنەو بەسووك سەیرکردن بە صەحابەکانو بەتایبەت ئەوانەی دوای فەتحو تایبەت تر بنەماڵەی بەنی ئومەییە، دەڵێن: "خەڵکە ئازادکراوەکە"، کە ئەو زاراوەیە خەریکە تایبەت دەبێت بە ئەدەبیاتی ئەوانەوە نەك ئەدەبیاتی ئەهلی سوننەتەوە! بە داخەوە مەودودیش هەمان زاراوەی بەکار بردووە (وەرگێڕ).

حوێنیان لێ بتکێتو دەرگای شەڕێکی گەورەو گرانی واشی کردەوە لە موسڵمانان تا ئەمڕۆش هەر تاڵاوی ئەو کارەساتە دەخۆینەوە"[٤٧].

لە کتێبی (موجز تاریخ تجدید الدین وأحیائه) پاش ئەوەی باس لەو سەروەریو دەستکەوتانە دەکات، کە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ و لە ماوەی بیستو سێ ساڵدا دەستخرانو پاشان باسی سەردەمی هەردوو خەلیفەی پاشیدین ئەبوبەکرو عومەر دەکات و باس لە چەند ساڵێکی سەرەتای سەردەمی خەلیفەی سییەمیش عوسمان دەکات، کە بە درێژکراوەیی پەیامی کۆتایی(الرسالة الخاتمة) دەداتە قەڵەم.

*** بازدانێکی نەفامی:**

(مەودودی) پاش ئەمانە دەڵێت: بەڵام کاروباری خیلافەت بەردەوام بەرەو فراوانبوونو پێشکەوتن دەڕۆیشت لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا وەک دەرەنجامێک بۆ فراوانبوونی زۆر خێرای نیشتمانی حکومەتی ئیسلامی، خەلیفەی سێیەمیش، کە شانی دابوویە ژێر ئەرکە گەورەیە، ئەو سیفەتانەی کە لەو دوو کەسایەتییە گەورەی پێش خۆیدا هەبوون، لە ئەمدا نەبوون[٤٨]، نەفامیش ڕێگەی بۆ خۆشبوو تا هەڵکشێ بەرەو سیستمی دەستەجەمعی ئیسلامی، ڕەوتی نەفامیش هەرچەندە عوسمان زۆر هەوڵیدا کە بەربەست لەبەردەمیدا دروست بکات، بەڵام خۆیو گیانی خۆشی لە پێناودا دانا هەر نەکوژایەوەو ئەوەبوو (عەلی)یش (ڕەزای خوای لێبێت)

---

[٤٧] الخلافة والملك، المودودي.

[٤٨] هەندێک کەسی بەڕێزو خاوەن فەزڵ، کە دەم لە فەتوا دەکوتن لەو ڕستەیەی ئێمە ئەوە وەردەگرن، گوایە ئێمە لە ڕێزی حەزرەتی عوسمانمان هێنابێتە خوارەوە (ڕەزای خوای لێبێت) ئەوەی ڕاستییە ئەو مەبەستەم نییەو تەنها مەبەستم ئەوەیە، کە حەزرەتی عوسمان هەندێک سیفەتی پێویست کە دەبێت لە کاربەدەستدا هەبێت لەودا نەبووە، کە بە دڵنیاییەوە لە گەورەمان ئەبوبەکرو لە عومەردا هەبوون (ڕەزای خوایان لێبێت)، ئەم مەسەلەیەش شتێکی مێژوویییەو تۆێژەرەوان دەتوانن و بۆیان هەیە ڕای جیاواز جیاوازی لێ دەربڕن، وانازانم ئەم مەسەلەیە شتێکی (فقهی) یان (فەلسەفی) بێتو ئەو خەڵکەی خەریکی فەتوا دەکردنن بیکەنە بابەتی فەتوادانو فەتوای تێدا بدەن (مەودودی).

پاش ئەوە خیلافەتی گرتە دەستو ئەوپەڕی هەوڵیدا بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئاژاوە بگرێتو دەسەڵاتی سیاسی لە ئیسلامدا بپارێزێتو نەفامی تێکەڵی نەبێت، کەچی ئەویش نەیتوانی پێش بە کودەتای هەڵگەڕاوەکان بگرێت هەتا گیانی خۆشی لەو پێناوەدا بەخشی! سەردەمی خیلافەت لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتی کۆتایی پێهاتو پاشایەتیو تاکڕەوی (Tyrant kingdom) هاتە شوێنەکەیو سیستمی ئیسلامی پاش ئەوە لە بری ئەوەی لەسەر بنەما ئیسلامییەکان دابمەزرێت لەسەر بنەما نەفامییەکان دامەزرا".

بڕوانە ئەم پیاوە گەورە چ بڕیارێکی ناڕەوا دەدات بەسەر ئیسلامدا بەوەی کە دەڵێ: نەفامی هەرزوو هاتەوە گۆڕێ ، لە سەردەمی صەحابەو تابعینو قوتابییەکانیاندا، کە ئەو سەردەمانە بە پێی فەرمووەی سەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ و بەپێی مێژووی ڕاستەقینەش (خیر القرون)نو پێغەمبەر ﷺ شایەتی بۆ داون!

پاش ئەوە دیسان دەڵێت: "کاتێک کە نەفامی دەسەڵاتی گرتە دەست ئەم پەتایەی خۆی دا بە ژیانی کۆمەڵایەتیش و_ وەک نەخۆشی شێرپەنجە لە لەشتێکی ساغدا_ لەناو خەڵکیشدا تەنییەوە، سەیریش نییە ئەمە وابێت، چونکە جڵەوی حوکمڕانی بە دەستی نەفامییەوە بوو نەک بە دەستی ئیسلامەوە، چونکە ئیسلام کە دەسەڵاتی لە دەستدا نەما ئیتر ناتوانێت بەر لە کاریگەریی نەفامی بگرێتو نەهێڵێت تەشەنە بکات.

گەورەترین بەڵا ئەوەبوو کە نەفامی بە بەرگی ڕاستەقینەی خۆیەوە نەدەچووە ناو خەڵکی تا خەڵکی بە ئاشکراو بێ بەرگ بیناسن، بەڵکو کە دەچووە ناو خەڵکی بەرگێکی ئیسلامییانەی دەکردە بەریو ڕەنگێکی ئیسلامییانەیان پێ دەدا، خۆ ئەگەر لە بەرانبەر ئیسلامدا مولحیدو کافرو موشریکەکان بەهاکانی خۆیان بە ئاشکرا دەربڕیایە مەسەلەکە سووک دەبوو، شۆڕشکردن ئاسان دەبوو، بەڵام ئەوانە میللەتێک بوون کە بەڕووکەش (یەکتاپەرست) بوونو بڕوایان بە پەیامی ئیسلامی

ـدەگەیاندو پارێزگارییان لە فەرزو ئەرکە ئاینییەکان دەکردو ئایەتو فەرمووداەیان ـەخوێندەوە بۆ خەڵکی کەچی لە ناخیاندا نەفامی کاری گەورەی خۆی ئەنجام دەدا ـە پشت پەردەوە.

ترسناکترینو سەختترین شتێك لەم کوردەتا ئاوەژووەدا هەبوو ئەوەبوو کە نەفامی بەهەرسێ شێوەکەیەوە بەرگی ئیسلامی کراوە بەریو کەوتە پەگداکوتان لەناو کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامیداو بۆ خۆی دەهاتو دەچوو، وای لێهات بە درێژبوونەوەی شەوو رۆژ کاریگەریی زیاتری دادەنا لەناو کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بە نەفامیی تەواو (الجاهلە المحضة): بەرەو دەوڵەتو حکومەت ڕۆیشتو دەستی گرت بەسەریانداو خیلافەتی گۆڕیو کردی بە قەیصەرییەت کە ئیسلام بۆ ئەوە هات کۆتایی پێ بهێنێتو دوابڕاوی بکاتو وای لێهات خیلافەت تەنها هەر ناوەکەی مایەوە، سەبارەت بە بەخواکردنی پاشاکانیش ئەوە کارەکە لەوە گرانتربوو کەسێك بتوانێت بڕیارێکی وەها بدات بۆیە هاتن فێڵێکیان کردو (أثر)یکی ڕیوایەتکراویان هێنا، گوایە سوڵتان سێبەری خوایە و بەم فێڵە پاشاکان تواناییان خۆیان بەرنە شوێنی ئەو کەسەی کە دەبێت بە موتڵەق گوێڕایەڵی بکرێن، کە ئەویش یەکێکە لە شتە تایبەتەکانی خوا (جل جلالە)، ئیتر ڕێگە خۆش بوو بۆ میرو کاربەدەستو والیو پیاوانی سوپاو خۆشخۆرەکان لە ژێر ئەم پاشایەتییەدا ڕۆ بچن لە نەفامیی تەواوداو ژیانیان کەم تا زۆر چووە ژێر کاریگەریی ئەم پاشایەتییەو ڕەوشتیان ڕووی لە گەندەڵی کردو ماکی نەفامی ژیانی داگیر کردن.

شتێکی سروشتیش بوو کە هاوکات لەگەڵ ئەمەدا: فەلسەفەی نەفامیو ئەدەبو هونەریی نەفامیش بازاڕی گەرم ببێتو زانستو مەعریفەش لەسەر هەمان شێواز بنوسرێتەوە، چونکە هەموو ئەو کاروبارانە ئەوەی دەخواست کە حکومەتو دەوڵەت سەرپەرشتییان بکات کە ئەو دووانەش لە ژێر چنگی نەفامیدا بوون، کەواتە چار هەر ئەوەبوو، کە دەستیش بگرێت بەسەر ئەوانەشدا.

ئالێرەوە بوو، فەلسەفەی یۆنانو عەجەمو زانستو فەرهەنگی ئەوان رێگەیان بۆ رەخسا تا بێنە ناو کۆمەڵگەیەك کە پەیوەندە بە ئیسلامەوە، لە ژێر کاریگەریی ئەو زانستو فەرهەنگانەدا موسڵمانان دەستیان دایە توێژینەوە لە پرسەکانی زانستی (کلام) و ڕێبازەکانی موعتەزیلە گەڵاڵەیان گرتو سەردەمی (زەندەقە)و (ئیلحاد) هاتە پێشەوەو دەستکرایە لقو پۆپ دروست کردن بۆ زانستی (عەقیدە) و بەو شێوە چەندین تاقمو دەستەی تازە لەناو موسڵمانانداا دروست بوونو کارەکەش لێرەدا ڕانەوەستا، بەڵکو هونەرەکانی تری نەفامی تەواو وەك سەماکردنو مۆسیقا لێدانو وێنەکێشان بوونە جێگەی ڕێزو گرنگی پێدان لەناو ئەو میللەتانەدا کە ئیسلام نەگبەتیو زیانەکانی هەموو ئەو خراپانەی لە خەڵکی دوور خستبوویەوە[٤٩].

*** دوو تێڕوانینی دوور لە یەکتری بۆ شارستانییەتی ئیسلامی:**

سەیرکە ئەم قسانە چ ناڕەوایی‌و ستەمێکی گەورەی تێدایە دەربارەی هەموو شارستانییەتێکی بەرزی ئیسلامی، کە مەودودی بە (نەفامی) ناوی دەبات، شارستانیەتێك کە گەورەترین منەتی بەسەر هەموو عەرەبو جگە لە عەرەبیشەوە هەیە لە میللەتانی ئیسلامی، نەك ئەوە بەڵکو فەزڵو منەتی بەسەر هەموو مرۆڤایەتییەوە هەیە.

خوێنەری بەڕێز دەتوانێت بەراورد لە نێوان ئەم ڕوانینە پڕ ئیسراف‌و ڕەشبینییەی مەودودی‌و ئەو ڕوانینەی بانگخوازی گەورە دکتۆر مستەفا سوباعی–یشدا

---

[٤٩] مەودودی دەڵێ: یەکێك لە شتە زۆر سەیرو سەمەرەکان ئەوەیە، کە زانایەکی گەورەی وەك (شبلی النعمانی) و بەڕێز (ئەمیر عەلی) لەگەڵ ئەو هەموو زانیاری‌و فەزڵەی هەیانە کاری ئەم پاشاو میرانەیان بەو کارە گەورانە لە قەڵەم داوە کە خزمەتی ئیسلامی کردووە.. منیش دەڵێم: (قسەکە هی کتۆر یوسف قەرزاویە)، ئەوەی کە زانای گەورە (نوعمان)و بەڕێز (ئەمیر عەلی) بۆی چوون زیاتر لە پاستییەوە نزیکە تا ئەوەی (مەودودی) بۆی ڕۆیشتووە، خوای گەورە لە هەموویان خۆش ببێت.

کت له ڕوانگەی ئەو کتێبە ناوازە جوانەی کە ناوی ناوە (من روائع حضارتنا)[٥٠]، کتوڕ سوباعی هەندێ لەو سەروەرییانەی شارستانییەتی ئیسلامیو شوێنەوارە جۆزەکانی ئەو شارستانییەتەی باس کردووە، کە هەرگیز ناگونجێت بە شارستانییەتی نەفامی وەسف بکرێتو ناوبنرێت[٥١].

لەڕاستیدا موسڵمانان کتێبی شارستانییەتە پێشووەکانیان گواستووەتەوە بۆ ناو خۆیان، لەوانە شارستانییەتی یۆنانیو بە تایبەت کتێبە فەلسەفییەکانی ئەو شارستانییەتە، کە فەلسەفەی گەورە فەیلەسوفەکانیانی تێدابووە، وەک (سوقرات)و (ئەفلاتون)و (ئەرستۆ)، ئەو فەلسەفانەش لە ڕوانینیاندا بۆ (خوایەتی)و (پێغەمبەرایەتی)و (ئاخیرەت) پێچەوانەی عەقیدەی ئیسلامی بوون.. ڕاستە چەندین زانای گەورەی ئیسلامیش چوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو فەلسەفانەوە بە تایبەتی قوتابیانی قوتابخانەی ئیسلامیی (مەشائییەکان) وەک: کەندیو فارابیو ئیبن سینا.. ئەوەش ڕاستە، کە ڕۆشنبیریی ئیسلامیو بە تایبەت زانستی (کەلام)و (مەنتیق)و (ڕەوشت)و (زانستی ئوصول) کاریگەری زۆری ئەو فەلسەفانەیان کەوتووەتە سەر هەریەکەو بە شێوەیەک، بەڵام ئەو فەلسەفانە نەیانتوانی عەقڵە ئیسلامییە گشتییەکە بگۆڕنو کاریگەری ئەو فەلسەفانە لە سنوورێکی دیاریکراودا مانەوە، هەروەها ئەوەشمان لە بیرنەچێت کە بەردەوام لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامییدا موقاوەمەی ئەم فەلسەفانە دەکرا تا ئەو کاتەی غەزالی هاتو کتێبی (تهافت الفلاسفه)ی داناو سامو ڕێزی فەلسەفەی نەهێڵاو لەسەر تەختەکەی هێنایە خوارەوەو دوو سەدە یان زیاتر دوای (غەزالی)یش، ئیبن تەیمیەش هاتو ئەو کارەی غەزالی تەواوتر کرد.

---

[٥٠] کورتەیەکی پوختی ئەو کتێبەمان بڵاوکردۆتەوە لە کتێبی ژمارە (٢١)ی پرۆژەی تیشکدا(وەرگێڕ).

[٥١] بگەڕێرەوە بۆ ئەو زانیارییانەی لەو کتێبەوە گواستومانەتەوە لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا لە ژێر ناوی (مێژووی ئێمە سەروەرییو شانازییەکانی).

هەرچەندە فەلسەفەی یۆنان هەمووی دژ بە "عەقیدە" نەبوو، یان دژ بە ئەو ڕوانینە گشتییە نەبوو بەرانبەر بە گەردوون و سەرەتای دروست بوون و چارەنووسی ئەم بونەوەرە، چونکە هەندێ لە لۆ پۆپە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە بریتییە لە (زانستە سروشتی و بیرکارییەکان) وەک فیزیاو گەردوونناسی و کیمیاو پزیشکی و تۆپکاری و دەرماننسازی و بیرکاری و حساب و شتی تریش.

کاریگەریی ئەم شارستانییەتە بەسەر مزگەوتەکان و قوتابخانەکان و کتێبخانەکان و نەخۆشخانەکان و کۆشک و قەڵاو قوللەکانەوە زۆر بە دیاری دەرکەوتن.

"مەودودی" پاش ئەمانە دەڵێ:

"سەبارەت بە نەفامی شیرک؛ ئەوە هەموو خەڵکی گرتەوە و لە ڕێگە ڕاستەکەی یەکتاپەرستی دووری خستبوونەوە و لە ڕێگە پێچەکانی تیاچووندا سەرگەردانی کردبوون، موسڵمانەکان لەو ڕۆژانەدا با دەستیان نەدابایەتە بتپەرستی ئاشکرا، بەڵام شێوەیەک لە شێوەکانی (شیرک) نەمابوو کە بازاڕی لە کۆمەڵگاکانیاندا گەرم نەبوو بێت، هەموو ئەوانەش کە لە میللەتان و گەلانی پێشوو تر دەهاتنە ناو ئیسلامەوە زۆربەی بینش و دابوونەریتە شیرک ئامێزەکانی خۆیانیان دەگواستەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئا لەوێدا بوو کاتێک کە دەهاتنە ناو ئیسلام و خوویان بە عیبادەتی جگە لە خوا گرتبوو، زەحمەت نەبوو بۆیان کە یەکێک لە گەورە موسڵمانەکان یان "وەلی"یەکان خوایەکی تری بۆ بدۆزێتەوە لە جیاتی خوا پێشووەکەی و لە جیاتی پەرستگا کۆنەکانیشی قسن و قەبری یەکێک لە ئەولیاکانی بۆ دیاری بکات و لە بری نەریتە کۆنەکانی خۆشی هەندێ نەریتی تازەی بۆ دابنێت".[٥٢]

---

[٥٢] بۆ هەموو ئەم زانیارییانە بگەڕێرەوە بۆ : "موجز تأريخ تجديد الدين وأحيائه" مودودي ، ص ٤٣-٤٨. نشر دار الفكر، بيروت.

ئەوەی مەودودی لێرەدا دەیڵێت شتێکی ڕاستە، بەڵام بەوشێوەیە نەبووە کە هەموو میللەت بگرێتەوە، چونکە چەندین کەس بەرگرییان لەو شیرکو خورافیاتانە کردووە و ڕەتیان کردوونەتەوەو واش نییە کە ئیمام مەودودی دان بەوەدا دەنێت کە ئەو شتە داهێنراوانە میللەتی ئیسلامی لە یەکتاپەرستییەوە بەرەو بتپەرستی بردبێت!

پاشان مەودودی دەڵێت:

"سەبارەت بە نەفامی ڕەهباییەتیش؛ ئەوە سەرتاپای زانایان و شێخەکانو خەڵکانی خاوەن وەرەو دونیانەویستی گرتەوەوە، هەموو ئەو خراپانەی کە لە پێشەوە ئاماژەم پێدان لەناو ئەمانیشدا تەشەنەی کردو وەک دەرەنجامێك بۆ ئەم نەفامییە کە تەشەنەی کرد فەلسەفەکانی ئیشراقی و سیستمی ڕەوستی ڕەهبانیەت و گۆشەنیگای (غەنوسیەت) لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بڵاوبوویەوە، بەوەشەوە نەوەستا کە دەست بکێشێتە ناو هەموو هونەرەکانو فەرهەنگو زانستەکان، بەڵکو بە کاریگەریی خۆی هەموو توخمێکی چاکی ناو کۆمەڵگاکەشی بەنج کردو وەک دەرمانی خەو دەماخ و مێشکی خەواندن! بەوشێوەیەش سیستمی پاشایەتی نەفامی تۆکمە تر کردو هەموو زانیارییەکانو هونەرە ئیسلامییەکانی تووشی نەزۆکی و دۆگما و تەسکبینی کردو هاتو ئایینی قۆرخ کردەرە لە چەند بابەتێکی ئایینی دیاریکراودا" ت. و.

*** زیادەڕەوی کردن لە گشتاندندا:**

من بڕوام وایە کە ئەم بڕیارە بێڕەحمانەی مامۆستای بەڕێزمان "مەودودی" کە داویەتی بەرانبەر بە میللەتی ئیسلامی و مێژووی ئیسلامیو شارستانییەتی ئیسلامی موبالەغەو زیادەڕەوییەکی تێدایە لەو گشتاندنانەدا، چونکە ئەوەی زانراوە کە ئوممەتی ئیسلامی هەموو لەسەر گومڕاهی کۆنابنەوە، بەڵکو هەمیشە کۆمەڵێکی تێدا دەبێت کە دەستیان بە (هەق)ەوە گرتووەوە و کاری بۆ دەکەن تا ئەوکاتەی خوای

گەورە کۆتایی بەم بوونەوەرە دێنێت و ئەمەش فەرموودەیەکی زۆر و ئاشکرا باسیان کردووە و خوای گەورەش دەفەرموێ: (وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ) (الأعراف : ١٨١). حەزرەتی عەلیش دەفەرموێ: (لا تخلوا الأرض من قائم لله بالحجة).[٥٣]

ئەحمەد شەوقیش دەڵێ:

ان الـــذي خلق الحقيقة علقما

لم يخل من أهل الحقيقة جيلاً

واتە: ئەو کەسەی ڕاستی بە تاڵ دروست کردووە نەشیهێڵاوە هیچ نەوەیەک لە نەوەکانی مرۆڤ خاڵی بێت لە هەوادارانی ڕاستی.

ئەوەی خوێندنەوە بۆ مێژوو دەکات یان خوێندنەوە بۆ واقیع دەکات بە ئاشکرا بۆی دەردەکەوێت کە ئەم ئوممەتی ئیسلامە لەگەڵ ئەو کەموکورتییانەی هەیەتی کەچی هەر باشترینی ئوممەتەکانی سەرزەوییە، چونکە خوای گەورە ئەرکی گەیاندنی ئاخیرین پەیامی خۆی خستووەتە سەرشانی و کردوویەتی بە شایەت بەسەر میللەتەکانی تردە بۆیە حەتمەن دەبێت بە هەمیشەیی خەڵکانێکی تێدا بێت کە بە کەڵکی ئەوە بێن ئەم شایەتییە بدەن.

*** مەودودی خۆشی دان بە ئەمەدا دەنێت:**

مەودودی خۆشی دان بەم ڕاستییەدا دەنێت کاتێک کە باس لە پێویستیی بوونی ڕێفۆرمخوازان و تازەگەران دەکات و دەڵێت:

"با گومان وا لە کەس بۆ ئەوەی لەم بارەوە بڵێت: ئەم نەفامییە نیشانەکانی ئیسلامەتی هەموو سڕیووەتەوە و دینی نەهێڵاوە لە کۆمەڵگادا و شوێنەواری کوژاندووەتەوە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو ڕووەکانی بوونداً پەیدا کردووە لەو

---

[٥٣] ئیبن حەجەر لە (فتح الباری: ٦/٤٩٤)دا ئەم قسەیەی باس کردووە.

سەردەمەدا کە لە لوتکەی هێرشبردنو یاخی بوونیدا بووە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە گەلانی ئیسلامی چ ئەوانەی کە ملیان بۆ ئیسلام کەچکردبوو چ ئەوانەشی لە پاشاندا ملیان کەچ کرد بۆ ئیسلام هەموو شوێنەواری چاکی ڕیفۆرمی ئیسلامییان کەم تا زۆرێك هەر بەسەرەوە مابوویەوە بە درێژایی زەمانە، نکوڵییش ناکرێت کە ئەوە هەر کاریگەری ئیسلام بووە کە پاشای لە پەت بەربووی واهەبووە کە لە ژیانیدا ڕێککەوتووە لە هەڵوێستێکدا دەستو قاچی هاتووەتە لەرزە لە ترسی خراو دەستی لە وێڵی هەڵگرتووە و هاتووەتەوە سەر ڕێگەی دادو ویژدان، ئەوەش هەر لە کاریگەری ئیسلامە کە تۆ لێرە ولەوێ لەناو ئەمپەڕو ئەوپەڕی ڕەشانەی مێژووی پاشایەتیدا چەندین لاپەڕەی گەشو ڕەوشتی بەرز دەبینیت ئەوەش هەر بەڵگەی گەورەیی ئیسلامە کە لەناو کۆشکی پاشاکانداو لە بنەماڵەی ئەواندا چەندین پیاوی بە دین و لەخواترس و دادپەروەر پێگەیشتوونو دەسەڵاتیانگرتووەتە دەستو بوونەتە خاوەنی کاروباری خەڵکیو ئەوپەڕی هەستی بەرپرسیارێتیشان بەپێی بۆ گونجانیان ڕەچاوکردووە هەرچەندە بە سیستمی پاشایەتیش ئەو دەسەڵاتەیان پێدراوە".[٥٤]

ڕەخنەی توند لە شارستانییەتی ئیسلامی:

مامۆستا مەودودی جارێکی تر ئەم پرسە باس دەکات لە کتێبی (الحکومة الاسلامیة)دا لەوێدا دەڵێت:

"وشەی (موسڵمان) وەك لە ماناکەیەوە دەردەکەوێت بریتی نییە لە ناوێك بۆ شتێك، بەڵکو وەسف (صفة)تە بۆ شتێك، واتە جگە لە (شوێنکەوتەی ئیسلام) مانایەکی تریشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە سیفەتێکی عەقڵیو ڕەوشتیو عەمەلییە بۆ ئەو مرۆڤەی کە ئیسلامی قبوڵ کردووە، ناکرێت هەر بەو شێوەیەی کە سیفەتی هیندی یان چینی یان یابانی دەبڕی بەسەر کابرایەکی هیندی یان چینی یان یابانی،

---

[٥٤] بڕوانە " موجز تأریخ تجدید الدین وأحیائه" ص٤٩و ٥٠.

هەرواش صیفەتی (موسڵمان) ببڕی بەسەر کەسێکدا کە شوێن ئیسلام کەوتووە، چونکە کابرای موسڵمان کە لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە ئیتر یەکسەر ئۆتۆماتیکی سیفەتی ئیسلامی لێ دەبێتەوە و لەوەو دوا هەرچی بکات بە سیفەتی کەسێتی خۆی دەیکاتو ئیتر مافی ئەوەی نییە کە وشەی ئیسلام بەکاربهێنێت، ئەم مەسەلەیە بۆ موسڵمانان چۆن وەهایە هەر واشە بۆ هەموو وشەکانی (بەرژەوەندی ئیسلامی)و (پێشکەوتنی ئیسلامی)و (حکومەتی ئیسلامی)و (وەزارەتی ئیسلامی)و (کۆمەڵگەی ئیسلامی) و شتەکانی تریش جگە لەمانە، کە دەکرێت پاشگرو پێشگرێکی (ئیسلامی) بچێتە سەریان.

ئەگەر هاتوو ئەو ناوە وەک تیۆرو پراکتیک بەسەریدا جێبەجێ دەبوو و، پاش ئەوەش هەموو هەوڵەکانی سەروەری دروستکردن بۆ ئیسلامو ئەو ئامانجانە بوو کە ئیسلامی بۆ هاتووە، ئەوە جێگەی خۆیەتی صیفەتی ئیسلامی بدرێتە پاڵی وەگەرنا بەکارهێنانی وشەی (موسڵمان) یان (ئیسلامی) بۆ هەریەک لەو وشانەی سەرەوە بەکارهێنانێکی هەڵەو ناڕەوایە و دەتوانن هەر ناوێکی تری ببڕن بەسەردا، بەڵام ناتوانن وشەی (ئیسلامی) بەسەردا ببڕن و ڕێگە نادرێن".

پاشان لەسەر ئەمە دەڕواتو دەڵێت:

"هەر ئەم هەڵەیە بوو کە وای کرد ڕۆشنبیری و کەلتوورو کۆمەڵگەو شارستانییەتو مێژووی ئێوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی تووشی هەڵە کردو بەهەڵەیدا برد، ئەوەبوو ئەو دەوڵەتو حکومەتانەی کە لەسەر بنەماکانی جگە لە ئیسلام بەرقەرار دەبوون ناوتان نان حکومەت و دەوڵەتی ئیسلامی! هەر لەبەرئەوەی کاربەدەستەکانی پیاوێکی موسڵمان بوو، یان ئەو شارستانییەتانەی کە لە کۆشکو دیوانی پاشاو نۆشە دونیاییەکاندا لە (قورتوبە)و (بەغداد)و (دەلهی)و (قاهیرە)دا دروستکرابوون ناوتان لێنان (شارستانییەتی ئیسلامی) لە کاتێکدا لە دوورونزیک پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نەبووەو هەر ئەوەندەی کەسێک پرسی ایتان کامە

شوێنەواری شارستانییەتی ئیسلامە؟ خێرا ئاماژە بە (تاج مەحەل) دەکەن کە لە ئاگرا (ئەکرا)ی هیندستان دروستکراوە،[٥٥] هەروەک ئەوەی ئەو قەبرستانە گەورەترین نموونە بێت بۆ شارستانییەتی ئیسلامی لە کاتێکدا کە ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە شارستانییەتی ئیسلامییەوە نییە کە چەند دۆنمێك زەوی دابڕێت و چەند ملیۆن جونەیهی تێدا خەرج بکەی بۆ ئەوەی کە لاشەی مردوویەکی تێدا بشاریتەوە، کە دەشتانەوێت باس لە شانازییەکانی مێژووی ئیسلامی بکەن دێن باسی کارەکانی عەبباسییەکانو سەلجوقییەکانو مەغۆلی گەورە دەکەن، لە کاتێکدا ئەگەر بتەوێت لە دیدگای مێژووی ڕاستەقینەی ئیسلامییەوە ئەوانە بنووسیتەوە پێویستە لە تۆماری تاوانەکان و بە مرەکەبی ڕەش ئەو کارانە بنووسیتەوە ! !

ئێوە مێژووی پاشا موسڵمانەکانتان لێ بووە بە (مێژووی ئیسلامی) و نەك ئەوە، بەڵکو هەندێ ناوی دەنێن "مێژووی ئیسلام" هەروەك ئەو پاشایانە بریتی بووبن لە خودی (ئیسلام) !

جا لە جیاتی ئەوەی کە بنەمای ئیسلام و ئامانجەکانی ئیسلام بخەنە پێش چاوی خۆتانو مێژووی کۆنی پێ بپێوونو جیاوازی بکەن لە نێوان بزاڤی ئیسلامیو جگە لە ئیسلامی _ بە هەموو ویژدانتانەوە _و ئەمانە بۆ خەڵکی ڕۆشن بکەنەوە، کەچی دێن خزمەتکردنی مێژووی ئیسلامی لەوەدا دەبینن کە بێن بەرگری لە پاشاو بەرپرسەکان بکەنو پارێزگاریان لێ بکەن، ئالێرەوە ئەو هەموو لاریو خوارییە لە ڕوانینیاندا دروست بووە، دێن ئەوەی کە لە موسڵمانێکەوە دەرچووبێت ناوی دەنێن (شتێکی ئیسلامی) لەبەرئەوەی گومانتان وایە کە هەرکەسێك وتی من (موسڵمانم)

---

[٥٥] "تاجمحەل" ئەو گۆڕستانەیە کە سوڵتانی مەغۆلی (شاهبهان) لە ساڵی ١٥٩٢ ـ ١٦٦٦ زاینیدا لە هیندستان بۆ ژنەکەی دروستی کرد کە ناوی نا (أرجمند بینکم ممتاز محل).

ئیتر ئەوە کاری ئیسلامی دەکات با ئەو کارەشی لە ڕێگەیەکی نائیسلامییەوە بە ئەنجام گەیاندبێت".[٥٦]

مامۆستا مەودودی بەو شێوەیە گورزێکی پشت شکێن ئەسرەوێنێتە ئەو شارستانییەتەی کە ئێمە بە (ئیسلامی) ناوی دەبەین کە لە (بەغداد)و (قورتوبە)و (دیمەشق)و (دەلهی)و (قاهیرە)دا بنیاتنراوەو حوکمی ئەوە دەکات کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نەبووە، هەر لەبەرئەوەی لە کۆشك و دیوانی کاربەدەستەکانیدا خۆشخۆریو چێژی دنیایی براوە !

پاشان کورتکردنەوەی شارستانییەتی ئیسلامی لە خۆشگوزەرانیو ڕابواردندا ستەمێکی گەورەی تێدایە لە شارستانییەت، ئەو شارستانییەتەی کە جۆرەها زانیاری و فەرهەنگو کەلتوورو هونەری بۆ گواستوونەتەوە کە ئیسلام - بەبێ دوو دڵی - جێگە دەستی بەسەر زۆربەیانەوە جێهێشتووە ئەمەو لە پەنا ئەمانەشدا سەروەتێکی گەورەی ڕۆحیو بەهای بااڵو سیستمی ڕەوشتی وای بۆ بەجێهشتووین کە بڕواناکەم مەودودی نکوڵی لێ بکات.

مەودودی وا دەبینێت کە ئیسلام هیچ پەیوەندییەکی نییە بەم شارستانییەتەوەو نموونەش بۆ ئەوە بە "تاج مەحەل" دەهێنێتەوە لەشاری (ئەکرا)ی هیندستاندا کە لە ڕاستییدا (تاج مەحەل)یش نموونەیەکە لە هونەری بیناسازی ئیسلامی لە مێژووی موسڵمانانداا، کەچی مەودودی (بەڕەحمەت بێت) وا سەیری دەکات کە گوایە ئەوە پارچە زەوییەکەو دابڕاوەو چەندین ملیۆن ڕوپێیان یان جونەیهی تێدا خەرج کراوە بۆ ئەوەی لاشەی مردوویەکی تێدا ئەسپەردە بکرێت! !

بەاڵم خۆ هەیە لە گۆشەیەکی تردە سەیری ئەو مەسەلەیە دەکات، وا سەیری دەکات کە ئەو پاشایە ویستویەتی کە بۆ هەموو خەڵك ئەوە ڕۆشن بکاتەوەو و لە

---

[٥٦] بڕوانە (الحكومة الاسلامية) المودودی، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (أحمد إدريس) نشر المختار الاسلامی، ص٢٤٦و ٢٤٨.

مێژووشدا تۆماری بکات که تا چەندێك گەشەو پێشکەوتنی مەدەنیو پێشکەوتنی هونەری لەو سەردەمەدا هەبووە، بۆ ئەوەی موسڵمانەکان بەوە تۆمەتبار نەکرێن کە کەسانێکی لادێییو دواکەوتوو بوون لە مەیدانەکانی شارستانییەتو گەشەی ئەندازیاریو مەدەنییەتدا.

لێرەدا حەز دەکەم ئەوەش تۆمار بکەم کە ئەم ڕایە تایبەتەی مەودودی دەربارەی مێژووی ئیسلامی با ئێمە ڕەخنەشی لێبگرینو نکوڵی لێ بکەین هیچ کاتێك لە پیشەوایەتیو پلەی فیکریو بانگخوازی ئەو پیاوە ناهێنێتە خوارەوە، چونکە بەسە بۆ گەورەیی مرۆڤ کە کەموکورتییەکانی بێنە ئەژمارو (ئەوەش زۆر ڕاستە کە دەڵێ) ئەندازەی ئاو کە گەیشتە دوو کوننە ئیتر پیس نابێت.[٥٧]

* ڕای شەهید سەید قوتب:

با واز لە مامۆستا مەودودی بهێنینو قسەکانی سەید قوتب بخوێنینەوە تا بزانین کە لاپەڕەیەکی تریش هەیە کە زۆر بێڕەحمانە لەسەر مێژووی ئێمە نووسراوە! کە بڕوام وایە لەم خاڵەدا لەگەڵ مەودودی هاوڕابن با سەید ڕاوبۆچوونەکانی ئەویشی نەخوێندبێتەوە، چونکە ئەوەی ئاگام لێیەتی تا ئەو کاتە کتێبەکانی مەودودی دەربارەی مێژوو وەرنەگێڕدرابوونە سەر زمانی عەرەبی، یەکەمین کتێبێکی سەید قوتب دەربارەی مێژووی ئیسلامی کە بە هۆی ئەو کتێبە هاتە ناو گۆڕەپانی بانگەوازی ئیسلامییەوە، بریتی بوو لە کتێبی (العدالة الاجتماعية في الاسلام).[٥٨]

---

[٥٧] ئاماژەیە بۆ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: (إذا بلغ الماء قلتين لم يحمل الخبث)، هەرچەندە هەندێك لە فەرموودەناسەکان ئەفەرموون ئەم حەدیسە زەعیفە (وەرگێڕ).

[٥٨] سەید قوتب دوو کتێبی بە نرخی هەیە کە خزمەتی گەورەیان بە قورئان کرد کە بریتین لە (التصوير الفني في القرآن)و (مشاهد القيامة في القرآن)، بەڵام (سەید) ئەم دوو کتێبەی وەك ئەدیبێکی ڕەخنەگرو

بەڵام هەموو ئەو وتارو کتێبانەی کە دەربارەی (حاکمیەت)و (جاهلیەت) و (جارِی جیهاد) نووسیوونی ئەوە بەبێگومان لە ژێر کاریگەری نووسینەکانی مەودودی دا بووە.

ئێمە لێرەدا هەندێك لە وتەکانی سەید قوتب بەڕەحمەت بێت دەگوازینەوە کە لە کتێبی (العدالة الاجتماعية في الاسلام)دا نووسیوویەتی بە تایبەتی بەشی (من الواقع التأريخي فی الاسلام)، لەم بەشەدا باسی ناوەرۆکی ئیسلام دەکات کە چۆن کاری کردووەتە سەر ڕێڕەوی مێژوو، لەوێدا نموونەی زۆر دێنێتەوە سەبارەت بە گەورەیی و وێنەی ئیسلام لە سەردەمە جیاجیاکاندا، بەڵام کە دێتە سەر باسی گەورەمان حەزرەتی عوسمان زۆر بێڕەحمانە قسەی لەسەر دەکات کە گوایە دەستی بۆ مەروانی کوڕی حەکەمی ئومەوی شل کردووە و ئەویش دەستی وەرداوەتە کاروباری دەوڵەتو لە ئیسلام زۆر دووری خستووەتەوە، سروشتی نەرم ونیانی عوسمانو پێداگرتنی لەسەر پاراستنی مالّو منالّی دوو توخمی سەرەکی بوون کە بوونە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لەو صەحابانەی لەدەوری بوون نکولّی لێ بکەنو ئەم نکولّی کردنەش بوویە هۆی ئەوەی کە ئاسەواری خراپی زۆری لێبکەوێتەوە و ئاژاوەیەکی زۆر دروست بکات کە ئیسلام زۆر بە دەستییەوە نالاندی".[٥٩]

مامۆستا سەیدقوتب دەڵێت:

"پاساومان بۆ عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) ئەوەیە کە خیلافەت درەنگ کەوتە دەستیو تاقمی (بەنی ئومەییە)ش چواردەوریان تەنیبوو، خۆشی تەمەنی لە هەشتا سالّی نزیك بووبوویەوە، هەڵوێستی عوسمانیش بەو شێوەیە بوو کە عەلی کوڕی ئەبی تالیبی هاوڕێی باسی دەکاتو دەڵێ: من ئەگەر لە مالّی خۆم دادەنیشم و هیچ ناکەم

سەرسام بە بەلاغەتی قورئان نووسیوە زیاد لەوەی وەك بانگخوازێك بۆ پەیامی ئیسلامی نووسیوویەتی.

[٥٩] بروانە: العدالة الاجتماعية في الاسلام، الطبعة السابعة، ١٩٦٧م، ص٢٠١.

یێم دەڵێ: پشتی بەرداومو ئاگای خزمایەتیو مافم لەسەری نازانێت، ئەگەر قسەش ـەکەمو ئەوەی ئەو دەیەوێت دەستی دەکەوێت، مەروان یاری پێدەکاتو وای نیهاتووە ئەو چۆنی بوێت وا هەڵیدەسوڕێنێت لەگەڵ ئەو هەموو تەمەنو هاورێیەتییەی کە لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەسەری بردووە".

سەرئەنجامی ئەوەی کە ئەم ئایینە تازە دەسەلاتی پەیدا کردو هەر زوو تاقمی بەنی ئومەیە لەسەر دەستی خەلیفەی سێیەمدا لەو تەمەنە زۆرەیدا دەسەلاتیان کەوتە دەستو ئەوەبوو کە بەها کردارییەکانی ئەم دینە نەیانتوانی وەک ڕیشە تیۆرییەکانی ڕەگ دابکوتن بۆ ماوەیەکی زۆر، لە سەردەمی درێژەی خیلافەتی عوسماندا دەسەلاتی ئومەوی گەشەیەکی زۆری کردو لە شامو جگە لە شامیشدا دەسەلاتیان فراوان بوو، واشی لێهات مالّ لە لایان کەڵەکەی کرد کە ئەویش بەرهەمی سیاسەتی عوسمان بوو (وەک لە پاشەوە باسی دەکەین ـ قسەکە هەر هی سەیدقوتبە ـ وەرگێڕ) هەروەها کارەکە گەیشتە ئەوەی کە شۆڕشکردن دژ بە عوسمان هەر زوو قەڵای ئوممەتی ئیسلامی داڕووخاندو کرمۆڵی کرد.

لەگەڵ ئەو هەموو سەروەریو ڕووداوانەدا کە ئەم دینە لەو ماوەیەدا تۆماری کردوون کەچی بە ئاشکرا قەلەمبازێکی گەورە دەبینرێت لە ڕوانینی خەڵکدا بۆ ژیانو بۆ دەسەلاتو مافی کاربەدەستان و مافی هاوڵاتیان، هەرچەندە ئەو ئاژاوە گەورەیە ناکرێت نە لە ترسناکییەکەی و نە لە ئاسەوارەکانیشی چاوپۆشی بکرێت!

عوسمان بەرەو ڕەحمەتی خوا ڕۆیشت و لە ڕاستییدا لیستێکی گەورەی سەروەری تۆمار کرد بۆ دەوڵەتی ئومەوی لە پەنای ئەو دەسەلاتەی لە هەموو زەویداو بە تایبەتی لە شامدا هەیبوو، بنەما ئومەیەکانی هێنایە ناو دەسەلاتو جێگەی کردنەوە کە زۆریش لە گیانی ئیسلامەتییەوە دوورببوون وەک: دامەزاندنی پاشایەتی بە پشتاوپشتو دەستگرتن بەسەر سەروەتو سامانو مالّی گشتی دا کە کەموکورتییەکی زۆری لە هەستی ئیسلامیدا بە گشتی دروست کرد، ئەوەش نابێت بە

کەم سەیر بکرێت_ئیتر هەق بێت یان ناهەقی بێت_ کە لە دڵی خەڵکدا ئەوە دروست بوو گوایە خەلیفە باوی خزمەکانی دەدات بەسەر خەڵکدا و بە هەزاران شتیان پێ دەبەخشێت، هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دوور دەخاتەوەو دەسەڵات بە دوژمنەکان دەدات، کەسێکی وەک (ئەبوزەر) دووردەخاتەوە لەبەرئەوەی کە نکۆڵی لەوە دەکات سەروەتو سامان کۆبکرێتەوە و نکۆڵی لەوە دەکات کە دەستبدرێتە خۆشخۆری کە دەوڵەمەندەکان فێری فرتو فێڵ دەکات: (ئەبوزەر)یەک کە خەڵکی بانگ دەکرد بۆ ئەو شتانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) خەڵکی بۆ بانگ دەکرد، وەک بەخشینو چاکەکردنو خۆپاراستن لە مااڵی حەرام.

دەرئەنجامی سروشتی بۆ بااڵبوونەوەی ئەم بیرۆکانە لە ناو خەڵکدا _ ئیتر هەق بێت یان ناهەق بێت _ ئەوەیە کە هەندێک خەڵک دەوروژێنێت و هەندێک خەڵکی تریش دەکەونە خۆیان و حەزەر وەردەگرن، ئەو خەڵکانەی کە دڵیان گیانی ئیسلامەتی مژیووە دەروونیان دەوروژێنێت و دەکەونە حاڵەتی نکۆڵی کردن و خۆبەدوورگرتن لەو گوناهانەو ئەو کەسانەش کە بەرگێکی ئیسلامەتییان کردووەتە بەر و ئیسلام بە دەمارەکانی دڵیاندا گوزەری نەکردووە دەکەونە خۆیان، چونکە ئەوانە هەمیشە دونیاو -ەماع دەیانجوڵێنێت و بڕوایان وایە پێویستە لەگەڵ تەوژمی ئاودا بەڕێ بکەوێتو لەگەڵیدا بڕۆیت، هەموو ئەم هەڵو مەرجانەش لە کۆتاییەکانی ژیانی عوسماندا ڕوویان دا.

کە "عەلی"یش (ڕەزای خوای لێبێت)[٦٠] هاتە سەردەمی خۆی ئاسان نەبوو بۆی کە هەر زوو کارەکان بخاتەوە شوێنی خۆیان، بۆیە ئەوانەی کە لەسەردەمی

---

[٦٠] سەید قوتبیش وەک هەندێ نووسەری تر لە جیاتی دەستەواژەی (ڕەزای خوای لێبێت) کە هەمیشە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بەکاردێت دەستەواژەی (کرم الله وجهه) بەکاردێنێت بۆ حەزرەتی عەلی، کە لە ڕاستییدا ئەو جیاکردنەوەیەی حەزرەتی عەلی لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هیچ بناغەو بنەمایەکی نییەو عەلیو ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو هاوەڵە بەڕێزەکانی تری پێغەمبەر (ﷺ) هەموو

عوسماندا سودمەندبووبوون بەتایبەتی لە بەنی ئومەییە زانییان کە عەلی لێیان بێدەنگ نابێت بۆیە لەبەر خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان دایانە پاڵ موعاویە.

عەلی هاتو ویستی کە بینشی ئیسلامی بۆ حوکمڕانی فێری کاربەدەستانو خەڵکی بە گشتی بکات، عەلی هات بە دیاری چاوی خەڵکەوە ئەو نانی جۆیەی دەخوارد کە خێزانەکەی بە دەستی خۆی هاڕیبووی، دەستی دەهێنا بەسەری مەنە جۆکەداو دەیفەرموو: "حەزناکەم شتێك بکەمە ناو سکم کە نەزانم چییە" جاری وا بووە کە شمشێرەکەی لاقەدی خۆی دەفرۆشت تا بەرگو خواردنی مانۆ منداڵی پێ بکرێت، حەزی لەوە نەبوو کە لە (کۆشکی سپی) کوفەدا دەوام بکاتو وای پێخۆش بوو لە خانویەکدا بێت کە هەژارانی تر هەیانبوو.

ئەو کەسانەی وا دەزانن کە موعاویە زۆر زان و لێهاتوو بووەو ئەو زۆرزانیو لێهاتوویە لە (عەلی)دا نابینین و وادەزانن هەرلەبەر ئەوەش بوو کە موعاویە گرەوی لە عەلی بردەوە، ئەو کەسانە لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەدا بە هەڵەدا چوونو لە (عەلی)و ئەرکەکانی (عەلی)یش حاڵی نەبوون، چونکە ئەرکی یەکەمو کۆتایی (عەلی) ئەوەبوو کە هێز بگێڕێتەوە بۆ نەریتە ئیسلامییەکانو گیان بکاتەوە بە بەری ئەم ئایینەدا و هەموو ئەو پەردانە بدڕێنێت کە درابوون بەسەر گیانی ئەم دینەدا لە لایەن بەنی ئومەییەوە لەژێر باڵی تەمەن زۆری عوسماندا، بۆیە ئەگەر (عەلی)ش وەك بەنی ئومەییەی بکردایە لەم شەڕەیدا ئەوە ئەرکە سەرەکییەکەی لەدەست دەداو خیلافەت گرتنە دەست لەلایەن ئەوەوە هیچ نرخێکی نەدەبوو بۆ ژیاندانەوە بەم ئایینە. عەلی ئەبوو یان عەلی بێت یان دەبێت خیلافەتی لە پێناودا دابنێت، نا، بەڵکو ژیانیشی لە پێناودا دابنێ! ئەمە ئەو تێگەیشتنە ڕاستەیە کە بۆ ساتێکیش لە عەلی (ڕەزای خوای

شایستەی ئەوەن کە دەستەواژەی (ڕەزای خوایان لێبێت) بۆ بەکاربێرێت و ئەو جیاکردنەوەیە کاریگەری مەزهەبی تڕە بەسەر نووسەرانی ئیسلامییەوە و پێویست ناکات وەها جیاوازییەك دروست بکرێت. (وەرگێڕ).

لێبێت) ون نەبوو، عەلی بە پێی ئەو ڕیوایەتانەی لێوەی وەرگیراوە ئەگەر _ صحیح _ بێت دەفەرموێت: "سوێند بە خوا موعاویە لە من لێهاتووتر نییە، بەڵکو ئەو غەدر دەکات و خراپە دەکات ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە غەدر کردنم پێناخۆشە دەمتوانی لە هەموو کەس زیاتر لێهاتوو بم".

عەلیش بەرەو ڕەحمەتی خوا ڕۆیشتو بە دوایدا بەنی ئوممەییە هاتن..

ئەگەر ئیمانو وەرعو دڵناسکی عوسمان لە بەردەم بنەماڵەی ئومەییەدا وەک بەربەست ڕادەوەستا، خۆ بە مردنی عوسمان ئەو پردە ئاوبردی و ڕێگە ئاچوغ بوو بۆ لادانو لارێبوون.

نیشتمانی ئیسلامی لە دواییدا فراوانبوونی زۆری بەخۆیەوە بینی، بەڵام نکوڵی لەوەش ناکرێت کە گیانی ئیسلامەتی لەناو خەڵکدا زۆر کزبوو، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە کە هێزێکی شاراوە لە سروشتی ئەم دینەدا هەیەو بەرەکەتو فەیزێکی ڕۆحی وای لە خۆگرتووە _ بێوێنە_ ئەوە سەردەمی بەنی ئومەییە بەس بوو بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ڕاستەقینەی ئەم دینە بگۆڕێت، بەڵام گیانی ئەم دینە بەردەوام لەبەرگری کردن و سەرکەوتندا بووە و، بەو لادانانەشە تا ئێستاش هەمان وزەی شاراوە لەم ئایینەدا هەر هەیەو مایەی سەرخستن و زاڵبوونیەتی بە بەردەوامی.

بەڵێ لەو ڕۆژەوەی کە بەنی ئومەییە سنوورو پەرژینی (بیت المال)ی بەزاند، وای لێهات سامانی گشتی بووە شتێکی حەڵاڵ بۆ پاشاو حەشەمو خەڵکە ماستاوچییەکە و بنەما توندوتیژییەکانی دادی ئیسلامی کلۆر کرانو وای لێهات کە توێژی کاربەدەست پلەوپایەی تایبەتی پێدراو کلکەکانیشیان کەوتنە سەر نانی خۆیانداو دەستوپێوەندەکانیشیان ناونیشانیان بۆ دانراو خیلافەت بوو بە پاشایەتیو

نیکتاتۆری وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە قەڵەمبازێکی گەورەی کاتی ڕووناکبونەوەیەکی قوواڵی ڕۆحدا ئەم ڕاستییە دەفەرموێت.[٦١]

کارەکە گەیشتە ئەوەی خەڵاتی گەورە بدرێتە ماستاوچیو شۆخیبازو لۆتییەکان، یەکێك لە پاشاکانی بەنی ئومەییە دوازدە هەزار دینار بە جارێك دەداتە (مەعبەد)و هاورنە ڕەشیدیش کە پاشایەکی عەباسییەکان بوو لەسەر یەك گۆرانی کە ئیسماعیلی کوڕی جامع وتی چوار هەزار دینارو خانوویەکی فەرشکراوی پێبەخشی...و حاڵەتەکە هەروا دەڕوات و ناو بەناو نەبێت نەدەگۆڕرا.[٦٢]

ئەم قسانەی سەید قوتب دەربارەی حەزرەتی عوسمانو بەنی ئومەییە مایەی توڕەییو نیگەرانی زۆرێك لە نووسەرە ئیسلامییەکانەو لە پێشی هەموویانەوە ئەدیبو توێژەری ناودار مامۆستا مەحمود موحەممەد شاکر، کە ڕەخنەی زۆر لەم سەرنجانە دەگرێت لەو وتارانەیدا کە لە گۆڤاری (المسلمون)دا دەینووسی، کە گۆڤارێك بوو بانگخوازی ناودار (سعید رمضان) لە قاهیرە دەریدەکرد کە لە پاشان دا باسی ئەمەش دەکەین، هەروەها ئەو قسانەی سەید زۆرێك لە زانایانی هیندستانو پاکستانی تووڕە کرد و ئەو نووسیانانەیان بە هێرشکردنە سەر گەورەمان حەزرەتی عوسمان دەزانی با هەندێکیشیان ڕاست بنو هەندێکیشیان ناهەق بنو هەموو ئەو سەردەمە مێژوویانەش پێویستیان بە توێژینەوەو هەڵسەنگاندن هەیە تا هەموو ئەو زیادەڕەویو ئەفسانانەی تێکەڵی بووە لێی جیابکرێتەوە.

---

[٦١] باشتر وابوو لە جیاتی ئەم دەستەواژەیە بیوتبا: وتنی ئەو ڕاستییە بە سروشی خودایی بووە، نەك ڕووناکبوونەوەی ڕۆح!، ئەگەر حەدیسەکە - صحیح - بێت، وەك لە دواوە باسی دەکەین.

[٦٢] سەیری (العدالة الاجتماعية في الاسلام) سەید قطب، بەشی (من الواقع التاريخي في الاسلام) بکە لاپەرە ٢١٠ بە داوەوە، چاپی حەوتەم ساڵی ١٩٦٧.

ئەو پاساوانەش کە بۆ پێشەوا (مەودودی)مان هێنایەوە بەهەمان شێوەش بۆ شەهید سەید قوتبیش دەیهێنینەوە و ئەم هەڵەی لە دەریای چاکەکانیدا وەن دەبێت کە بەرانبەر بە ئیسلام کردنی.

* **ڕای شێخ (محمد الغزالی):**

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە بێرەحمانە لەسەر مێژووی ئیسلامیو بە تایبەتی سەردەمی بەنی ئومەییە نووسیوویەتی مامۆستای بەڕێزمان (محمد الغزالی)یە بەڕەحمەت بێت.

هۆکەشی ئەوەیە _ وەک من لەگەڵیدا ژیاوم و لە نزیکەوە ناسیوومە _ ئەو پیاوە شەیدای ئازادی بوو، زۆر بێزار بوو لە تاکڕەویو بە زمانو بە قەڵەم بەردەوام دژایەتی دەکردو بڕوام وایە ئەگەر شمشێریشی ببووایە دژ بە تاکڕەوی بەکاری دەهێنا، (محمد الغزالی) هەموو ئەو لێقەومانو داماویو گلانانەی کە بەسەر موسڵماناندا هاتووە هەمووی بە خەتای تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت دەزانێت.

هەرچەندە شێخ غەزالی بێرەحمە بەرامبەر بە مێژووەکەمان، کەچی دەستەواژەکانی ئەو نەرمترنو وەک ئەوانەی مەودودیو سەید قوتب زبر نین (خوا لە هەموویان خۆش ببێت).

شێخ محمد الغزالی لە کتێبی (الاسلام والاستبداد السیاسی)دا کە یەکێکە لەو کتێبانەی لە سەرەتای نووسینیدا نووسیوویەتی لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە بڵاوکراوەتەوەو بیرمە ئەو کاتەی لە زیندانیشدا بووین لە (جبل الطور) لە ساڵی ١٩٤٩ لە شێوەی چەند موحازەرەیەک پێمانی دەوتەوەو پاشان کۆی کردەوەو کردنی بە کتێبێک. لەوێدا شێخ غەزالی باسی دەسەڵاتی ئیسلامی دەکات پاش خەلیفەکانی ڕاشدینو دەڵێت: جڵەوی دەسەڵات لە دەستی ئیماندارە چاکەکان بەربوو، خیلافەتیش پاش (٣٠) ساڵ لە بەرقەراربوونی و پاش ئەوەی کە کاربەدەستانی ئیسلام لە هەموو کەس ئاشناو شارەزاتر بوون لێیو لە هەموو کەس

بە سۆزتر بوون لە حوکمڕانیدا کەچی پاش ئەو سەردەمانە زۆربەی کاربەدەستان خەڵکێکی پوچو بۆش بوون، کە زیانیان هەبوو سودیان نەبوو، شتەکانیان خراپ دەکردو چاکیان نەدەکرد.

یەکێك لەو خەڵکە پوچو بۆشە - بە نەزەری شێخ محمد الغزالی - بریتییە لە: یەزیدی کوڕی موعاویە کە باوکی دوای خۆی کردی بە خەلیفەو بە زۆرو زۆرکاری و هاندان بەیەتی لەخەڵکی بۆ وەرگرت.

غەزالی دەڵێ: ئەم یەزیدە گەنجێکی بەدڕەوشت بوو، بۆ ئەوە نەدەشیا بیکەیتە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی چ جای ئەوەی بیخەیتە سەر دوانگەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبوبەکرو یارانی.[٦٣]

***شێخ غەزالی حاڵەتی ئوممەتی ئیسلامی دەلاوێنێتەوەو دەڵێ:**

(ئەو شەوەزەنگەی کەباڵی ڕەشی کێشا بەسەر ئیسلامو موسڵمانداو ئەو ڕۆژە ئەو ڕۆژە بوو کە سەرچاوەکانی زانست کوێر بوونەوەو دەنگی ڕەخنەگرتن کپ کراو شێوازی بانگکردنی خەڵکی بۆ لای ئیسلام باوی نەما! ئەو ڕۆژە وای لێهات ئەو سەرچاوانەی کە پێویست بوو ڕۆشنبیری ئیسلامی و پێناسەی موسڵمانانی لێوەربگیرێت، بوونە تێکەڵەیەك لە قسەی بۆشو ڕای پووچو چاولێکەری کوێرانەو دەستەواژەی بێناوەڕۆك، وای لێهاتبوو کتێبەکانی موسڵمانان لە چەرخە کۆتاییەکاندا وەك کتێبەکانی جوولەکە کۆنەکان پڕ بوون لە جادووگەری، ئەوەی کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: (وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ * وَلَوْ أَنَّهُمْ آمَنُواْ واتَّقَوْاْ لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ اللّهِ خَيْرٌ لَّوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ) (البقرة: ١٠٢- ١٠٣).

---

[٦٣] برِوانة : الاسلام والاستبداد السياسي، الغزالي، ص ١٧٥.

واتە: فێری شتێك دەبوون کە زیانی پێ دەگەیاندن‌و سوودی نەبوو بۆیان بە دڵنیاییەوە ئەوەش کە کرپاری ئەو جۆرە شتانە بوو دەیزانی کە لە دوارۆژدا هیچ پشکێکی دەست ناکەوێت، بێگومان قەڵبترین شتێکە کە دەروونی خۆیانیان پێوە سەرقاڵ کردووە ئەگەر ئەوەیان بزانیبا، جا ئەگەر ئەوانە ئیمانیان بهێنایەو خۆیان لە عادزی خوا بپاراستایە ئەوەندە پاداشتی لای خوایان دەست دەکەوت کە زۆر باشتر بوو بۆیان ئەگەر بیانزانیبا.

بەڕای من گەندەڵ بوونی زانست و ئەدەب لەلای موسڵمانەکان لەو کۆتاییانەدا هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ فشاری ئەو حوکمە دیکتاتۆرییەی کە دەستی کێشابوویە ناوی‌و حەزی بەوە بوو هەر شتێك پەرچ لەبەردەم ستەمەکانیدا دروست بکات ئەم بیسڕێتەوە و لایبات‌و سنور بۆ هەڵمەتەکانی دابنێت.

ئەوەی ڕاستی بێت هەردوو هۆکارەکە پێکەوە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە ڕووخاندنی ئۆممەتی ئیسلامیدا کە بەردەوام لە بەرگرییکردندا بوو تەنیاو تەنیا بە چەکی ئیمان دژ بەو هەموو گەندەڵییەی کە بە درێژبوونەوەی زەمانە کەڵەکە بوو بوو، تا چەرخی چواردەی کۆچی هاتو بە تەواوەتی ئۆممەتی ئیسلامی بە دەستی داگیرکەرانی چاوچنۆك لەتو پەت کراو شاییان بۆ گێڕا!

با هەندێك لەو ڕەخنانە باس بکەین کە لە سیستمی حوکمڕانی دەگیرێت لە سەردەمی (بەنی ئومەییە)دا:

١- خیلافەتی ڕاشیدی کرا بە پاشایەتی‌و تاکڕەوی‌و بنەماڵەیەکی دیاریکراو سەرکردایەتیکردنی موسڵمانانیان داگیر کرد بۆ خۆیان.

٢- بێهێزبوونی هەستی ئۆممەتی ئیسلامی لەوەدا کە خۆی سەرچاوەی دەسەڵاتەو کاربەدەستەکانی جێگری ئەمانن‌و کرێکاری ئەمانن، نەك وانەبوو، بەڵکو وای لێهات هەر کاربەدەستێك بە تەنها خۆی گەورەو حاکمی ڕەها بوو، میللەت دەبوو بە ئامازەی ئەم بجوڵابانەوە.

ترى الناس ان سرنا يسيرون خلفنا

وان نحن اومأنا الى الناس وقفوا!

واتە: وای لێهاتبوو کە ئێمەی کاربەدەست بکەوتینایەتە ڕێگە بە شەودا خەڵکیش بە شوێنماندا دەهاتن‌و خۆئەگەر ئاماژەمان بۆ بکردنایە ڕاوەستن یەکسەر ڕادەوەستان.

٣ـ کەسانێك خیلافەتیان گرتە دەست وێڕدانیان مردبوو، یان گەنجانێکی بێعەقڵ بوون، زۆر چاونەترسانە بێگوێی خوایان دەکردو ملیان دەنا بە گوناهەوە و ئەو ڕۆشنبیرییە ئیسلامییەی ئەوان هەیانبوو لای خەڵکی هیچ نرخێکی نەبوو.

٤ـ بازنەی خەرجی کاربەدەست‌و چواردەورەکەی و ماستاوچییەکان تا دەهات گەورە دەبوو، ئەم ئەرکەش هەموو دەخرایە سەر (بیت المال) و سامانی گشتی و ئەمەش کاریگەری گەورەی خستە سەر پێویستییەکانی هەژاران‌و بەرژەوەندییەکانی ئوممەتی ئیسلامی.

٥ـ ئەو نەفامییە کۆنەی کە ئیسلام ڕووخاندی سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ ناو خەڵکی و خێڵەکانی عەرەب جارێکی تر دابەشبوونەوە‌و دەستیان دایەوە خۆهەڵکێشان، شەڕو شۆڕو ڕق‌و کینە کەوتەوە نێوان عەرەب‌و فارس و جگە لەوانیش کە پێشتر هاتبوونە ناو ئیسلامەوە، کاربەدەستی تاکڕەو دەستی دایە خۆشکردنی ئاگری ئەم جیاوازییە گومڕاییانەو دەهات ئەمی دەدا بە گژی ئەویترياندا و پشتیوانی لە ئەمیان دەکرد بۆ خستنی ئەویتریان.

٦ـ بەهاکانی ڕەوشت‌و لە خواترسان لەبەرچاوی خەڵکی سووك بوون کە منالّە ووردکەی بێڕەوشت دەسەلاّتیان گرتە دەست و لەسەر دوانگەکان قسە بە موسڵمانە پیشینەکان دەوترا، تەنانەت شاعیرێکی مەسیحی بە شانوبالّی (یەزیدی کوڕی موعاویە)دا هەڵدەدات‌و دەڵێ:

ذهبت قریش بالسماحة والندی

واللئوم تحت عمائم الانصار!

واتە: قوڕەیش هەرچی بەخشندەییو شەونمە بردوویانە بۆ خۆیان و ژێر میزەرەکانی ئەنصاریش پڕە لە ناپیاوی!

٧ـ ئازادییەکان و مافی تاکەکان سوکو پیسواکران لەسەر دەستی ئەو کاریەدەستانەی کە پشتیوانیان لە پاشایەتی و تاکڕەوی دەکرد، وای لێهات هەرزانترین شت بریتی بوو لە کوشتنو داگیرکردن، تەنانەت یەکێکی وەکو (ترمیذی) ڕیوایەت دەکات لە هیشامی کوڕی حەسسانە کە وتوویەتی: "ئاماری ئەو کەسانە کرا کە حەججاج بەخۆینساردی کوشتوونی گەیشتە سەدو بیست هەزار کەس"!!

ئیمامی بوخاریش لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە دەگێڕێتەوە کە کاتێك یەکەم ئاژاوە و فیتنە ڕوویدا ـ واتە شەهیدکردنی حەزرەتی عوسمان[٦٤] ـ یەك صەحابە نەمایەوە کە لە (بەدر)دا بەشداری کردبوو، پاشان کە فیتنەی دووهەمیش ڕوویدا (واتە ڕووداوی حەڕەڕە)[٦٥] لەوانەی بەشداریی (حودەیبییە)یان کردبوو کەسیان نەمان، پاشان ڕووداوی سێهەم ڕوویدا کەسێك نەمایەوە دەماغ بسووتێنێت[٦٦ ٦٧].

---

[٦٤] محمد الغزالی دەڵێ: عوسمان خۆی پیاوێکی گەورەو بەڕێز بوو، بەڵام لە ژیاندا پێڵانگێڕەکانی بەنی ئومەییە چواردەوریان گرتبوو کە شەهیدیش کرا مردنەکەیان بەکاردەهێنا بۆ ئامادجەکانی خۆیان.

[٦٥] ڕووداوی (حەڕەڕە) بریتییە لەو شەڕەی کە (یەزید) سوپای نارد سەر مەدینەو خەڵکێکی زۆریان کوشتو حەرەمی مەدینەیان شکاند.

[٦٦] لەزمانی عەرەبییدا دەوترێت: "فلان لا طباخ له": واتە فلانە کەس دەماغ سوتێنی نییە، واتە: عەقڵی نییەو خێری لا دەست ناکەوێت، مەبەستیش ئەوەیە کە کەسێکی وا ناوی "صەحابە" بێت لەو سەردەمەدا نەماوەتەوە. سەیری (النهاية في غريب الحديث والاثر) بکە ١١١/٣.

[٦٧] لەسەردەمی (یەزید)دا هێرشێك دەکرێتە سەر (مەدینە)، پاشان لە سەردەمی حەججاجیشدا جارێکی تر هێرش دەکرێتە سەر مەدینەو هێرشیش دەکرێتە سەر مەککەو کەعبەو لەو هێرشەدا "عەبدوللای کوڕی زوبێرو هەوادارانی" دەکوژرێن.

لە ڕاستییدا ئەو لەرزینەی کە تووشی ئیسلام بوو لەم هەموو شەڕە یەك لە دوای یەکەدا ئەوەندە توندو تاقەت پڕوکێن بوو تووشی هەر بانگەوازێکی تر بهاتایە وێرانی دەکرد، بەڵام کانزای ئەم دینە و مەحکەمی زانایان و جەماوەری چواردەوری توانییان ئەم ئایینە بپارێزن و ئەو قۆناغە تێبپەڕێنێت و لەو هەموو قەیرانە سەختانە ڕزگاری ببێت و لەو سەرەوە بە سەلامەتی و بێعەیبی بێتە دەرەوەو پاشان سەرلەنوێ و لە سەردەمی تازەتردا دووبارە کاروانی خۆی دەست پێ بکاتەوە.[٦٨]

ئەم قسانە جگە لەوەی کە گشتاندنو بەڕەها قسەکردنە، ئەو عەیبەشی تێدایە کەوا نینو ئێمە وەڵامیان دەدەینەوە لەو شوێنەدا کە باسی بەنی ئومەییە دەکەین، هەروەها پاش کەمێکی تر هەر لە دەمی شێخ محمد الغزالی خۆیەوە ئەو شایەتییانەش دەگوازینەوە کە دادیان تێدایە دەربارەی مێژووی ئیسلامی.

شایانی باسە کە ئەم سێ بانگبەرە بەڕێزە (مەودودیو سەید قوتبو محمد الغزالی) قسەکانیان ناگاتە ئەو لافلێدانەی کە عەلمانییەکان لێی دەدەن، ئەوانەی کە بێبەلگە دەڵێن ئیسلام لە ژیان دوورخرابوویەوەو شەریعەتی ئیسلامی لەناو کۆمەڵگەدا هەڵوەشێنرابوویەوە لەسەردەمی عومەردا نەبێت کەس کاری پێ نەکردووەو ئەم شەریعەتە شتێکی ئایدیالیزمەو لەم سەردەمەی ئێمەدا توانای ئەوەی نییە جێبەجێ بکرێت!

---

[٦٨] بڕوانە: الاسلام والاستبداد السياسي، ص ١٧٨- ١٨٠، طبعة دار الكتب العربي لە قاهیرە.

(٥)

بە خێر شایەتیدانی ئەو زانایانەی کە بیرەحمانە لەسەر میژووی ئیسلامی نووسیوویانە

حەزدەکەم لەم بەشەدا هەندێ لە شایەتی خێری گرنگو بەنرخی ئەو زاناو بانگبەرە ئیسلامییانە بگوازمەوە کە بیرەحمانەو توند _ بەڵکو بەزیادەڕەوییەوە _ لەسەر میژووی ئیسلامیو شارستانییەتی ئیسلامی نووسیوویانە، وەک دەرئەنجامێك بۆ ئەو ڕوانینە ڕەشبینانەی هەیانە بۆ میژووی ئیسلامی، هەرچەندە نەیانتوانیووە نکوڵی لەوە بکەن کە شەریعەتی ئیسلامی بناغەی فەتواو قەزاوەت بووە بە درێژایی ئەو سەدانە و، گەلیش لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئیسلامی وەک سەرچاوەی یەکەمی خۆی سەیر کردووەو لادانی کاربەدەستان زۆر بووبێت یان کەم بووبێت وای لێنەکردووە کە پارێزگاری لە ئیسلامەتی خۆی نەکات لە عیبادەتکردنو مامەڵەکردنو پەیوەندییەکانیدا.

*** شایەتیدانی شێخ محمد الغزالی:**

سەرەتا بە شایەتییەکی شێخ محمد الغزالی دەست پێدەکەم کە زۆر توند ڕەخنە لە میژووی ئیسلامی دەگرێت بە تایبەتی میژووی بەنی ئوممەییە، هەروەك لە کتێبی (الاسلام والاستبداد السیاسی) دا باسی دەکات کە کتێبێکە لە سەرەتای لاوێتیدا نووسیوویەتی ئەو کاتەی کە هەموو گیانی هەر حەماسو غیرەت بوو، ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە سەرەتاییەکانی نووسەر، بەڵام ئەم بانگبەرە گەورەیە کاتێك کە ئەزموون پێی دەگەیەنێتو پاڵفتەی دەکاتو تەمەنی زۆری ساڵ بە ساڵ زانستی زیاترو ڕوشدی زیاتری پێ دەدات، پرسیارێکی ئاراستە دەکرێت لە ڕیزی ئەو سەد پرسیارەی کە دەربارەی بیری ئیسلامی و ڕۆشنبیری ئیسلامی لێی دەکرێت لەلایەن نووسەری گەورە خالید موحەممەد خالیدەوە کە دەقی پرسارەکە دەڵێ: چۆن

تەفسیری ئەو هەموو گلانە دەکرێت کە بەسەر ئوممەتی ئیسلامیدا هاتووە، سەرەتا کە بە جیاوازی نێوان (عەلی)و (موعاویە) دەستی پێ کرد تا دەگاتە ئەمڕۆی ئێمە؟

وەلامی محمد الغزالی (بە ڕەحمەت بێتو خوا لە بری ئەو هەموو خزمەتەی کە بەرانبەر بە ئیسلام کردی پاداشتی گەورەی بداتەوە)[٦٩] ئەوەیە: هەموو ئەوانەی عەقڵیان هەیە چ دۆست بێتو چ دوژمن بێت لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە ئیسلام عەقیدەو شەریعەتە، عیبادەتو موعامەلاتەو ڕەوشتو سیستمەو کۆمەڵێك نەزمو نەریتی کۆمەڵایەتییە، ئیسلام داوا لە شوێنکەوتووانی دەکات کە کاروباری ڕۆژانەیان ملکەچی هەموو ئەوانە بکەن.

ئێمە لە کاتی توێژینەوەی ئیسلامیماندا جیاوازیمان دەکرد لە نێوان (ئیسلامو بیری ئیسلامیدا) یان لە نێوان ئیسلامو حوکمی ئیسلامیدا.

ئیسلام سروشتێکی پاکو بێگەردە و گومان و دوو دڵی تێدا نییە، بەڵام بیری ئیسلامی برتییە لە تێگەیشتنی خەڵکی لە ئیسلام، حوکمی ئیسلامیش بریتییە لە کاری دەسەڵاتی مرۆڤەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئیسلامە و ئەو دوو شتەش هەردووکیان بێگەردو بێلەکە نین (واتە: فیکری ئیسلامیو دەسەڵاتی ئیسلامی. "وەرگێڕ").

کە بیرمەندێك هەڵەیەك دەکات هەڵەکەی زۆر نابات و بیرمەندێکی تر فریای دەکەوێتو بۆی ڕاست دەکاتەوە.. هەروەها کە کاربەدەستێکیش هەڵە دەکات، هەڵەکەی درێژەناکێشێتو ڕەخنەگرێکی ژیر بۆی ڕاست دەکاتەوە.

ئوممەتی ئیسلامیش لە سایەی فەزڵی خواوە لە هیچ سەردەمێکدا لەسەر هەڵە یەکدەنگ نابن و دەزگای بانگەوازی ئیسلامیش دەزگایەکی هەستیارەو لە کاتی

---

[٦٩] بەڕێز شێخ محمد الغزالی لە ڕۆژی ٢٢/ شوال / ١٤١٦ ی کۆچی بەرانبەر بە ١٣/مارس/ ١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووە.

فێرکردنو فەرمانکردن بە چاکەو بەرگریکردن لە خراپەدا خێرا هەق و ڕاستی دەردەخرێتو مافی پێدەدرێت.

جا لەبەر ئەوەی کە ئەم ئوممەتە هەڵگری کۆتاپەیامی خوداییە بۆیە قەدەرەکانی خوا هەمیشە لە پەروەردەکردنیدان هەرکاتێك کە پاڵی لێدەداتەوە یان توشی کەمتەرخەمی دەبێت بۆ ئەوەی بچێتەوە سەر ڕێگە ڕاستەکەو هەر خواش وادەی ئەوەی داوە کە ناو بە ناو موجەدیدو تازەکەرەوەی بۆ بنێرێت، کە ئەوپەڕی غیرەتیان بەرانبەر بە ڕاستییەکانی سروشی خواو ڕێگەکانی تێگەیشتن لێی و کەرەسەکانی چەسپاندنی هەیە، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ) (الأعراف: ١٨١) واتە: ئێمە لەڕیزی ئەواندا کە خوڵقاندووماننو ئوممەتێکمان خوڵقاندووە کە لە ژێر ڕۆشنایی (حەق)دا ڕێدەکەنو داد بەرقەرار دەکەن بەو حەقە.

لە ڕوانگەی ئەم پێشەکییەوە ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە کە سەیر نییە هەڵە لە مێژووی ڕۆشنبیری و سیاسی ئێمەدا هەبێت، بەڵکو سەیر ئەوەیە کە ئەو هەڵانە پەردەپۆش بکەین، یان گێلانە چارەسەریان بکەینو ئاسەوارەکانیان بسڕینەوە.

زۆرینەی جەماوەری موسڵمانان ئەوە دەزانن کە موسڵمانە پێشینەکانی ئێمە زیاتر سەرقاڵی شەڕکردن بوون لەگەڵ دوو داگیرکەری گەورەی وەك ڕۆمانیو مەجوسی لەوانەشە پاکترین شەڕێك بووبێت کە دونیا بە خۆیەوە بینیوویەتی، هەرچەندە جێگەی داخ وخەفەتە کە پاش ئەو شەڕانە هەندێ شەڕی ناوخۆیی لە نێوان موسڵمانانیشدا ڕوویدا کە ئاسەوارێکی زۆری بەجێهێشت چ لە ئێستایانداو چ لە داهاتوودا.

جەماوەری شەرعزانەکان و مێژوونووسان و بانگبەرانی ئیسلامی ئەوە دووپات دەکەنەوە کە خەلیفەی چوارەم "عەلی کوڕی ئەبوتالیب" پێشەوای ڕاستەقینە بوو، موعاویەش نوێنەری خودی خۆیو کۆمەڵەکەی خۆی بوو بە تەنیا کاتێك کە

یـخیبوون له "عەلی"، کەچی ویستی خوا وابوو که موعاویه شەڕەکه بەڕێتەوەو دوای نەوە ئەوەبوو که خیلافەت کرا به پاشایەتیو تاکڕەویی لەناو بنەماڵەی بەنی ئومەییەدا.

لەگەڵ ئەوەدا که ئەم گۆڕانکارییانه جۆرێك له تێکشکانی ڕاستی تێدابوو، گورزێکی کاریگەریشی سرەواندە بەها جوانو بەرزەکان، بەڵام ئەو زیادەڕەوییەش ڕاست نییه که بێیت دەرئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییانه گەورەوە بکەیت لەبەرئەمانەی خوارەوە:

أ ـ ئەو خەلیفەو پاشایانەی که دەسەڵاتیان لەناو موسڵماناندا گرتووەتە دەست بە ڕێگەیەکی ناڕاست ئەوەیان ڕاگەیاندووە که خزمەتکارو پشتیوانی ئیسلامن، ئەو گۆڕانانەی بەسەر کەسی کاریەدەستدا دەهات مەرج نەبوو که هەمان گۆڕان بەسەر یاساو ئامانجە ئیسلامییەکانیشدا هاتبا، هەر لەبەر ئەمە بوو که دەستیان بە جیهادی دەرەوە (فتوحات...وەرگێڕ) دەکردەوەو ئازادی بیرکردنەوەشیان بۆ شەرعزانەکان جێ دەهێڵا ئەگەر دەستیان بۆ دەسەڵاتو سەرکردایەتییەکانی ئەوان نەبردایە.

ب ـ زانستە ئایینییەکان ڕەوتی سروشتی خۆیانیان گرتبوویە بەرو ئاسۆی خۆیانیان بەردەوام فراوانتر دەکردو جەماوەریان پەروەردە دەکردو هەموو ڕاستییە ئیسلامییەکانیان وەك چەند ڕاسپاردەیەکی تیۆری دەنووسیەوە، یانی ئیسلامی ناو جەماوەر با لە دەسەڵاتیش دوورخرابێتەوە هەر توانییوویەتی خۆی فراوان بکاتو کاریگەری لەسەر خەڵك دابنێت.

ج ـ لەگەڵ ئەوەدا دەوڵەت خەڵکی عەرەب بەڕێوەیان دەبردو دەمارگیریش بوون بۆ ڕەگەزەکەی خۆیان، کەچی جەماوەر تەنیا پشتیوانیان لە ڕاسپاردەکانی ئیسلام دەکردو جڵەوی کاروباری خۆیان لە زۆربەی هەرێمەکاندا دابوویە دەستی ئەو زاناو

شەرعزانو بانگبەرانەی کاری پەروەردەییان دەکرد لەناو خەڵکیداو غەیرە عەرەبیش بوون.[٧٠]

ئەمە قسەی شێخ خۆیەتی، بە ویژدانەوە دەیکاتو باشیش دەڵێت، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر تونده لەبەرانبەر لادەرو سەرکەشەکاندا چ ئەوانەی کۆن بێت یان ئەمانەی تازە بێت.

* پەیڤی شەهید سەیدقوتب:

"شەهید سەیدقوتب"یش _ بەڕەحمەت بێت _لەگەڵ ئەو تونديیەی بەرانبەر بە مێژووی ئیسلامی هەیەتی پاش سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینو ئەو هێرشانەی دەیکاتە سەر بەنی ئوممەییە لە کتێبی (العدالة الاجتماعية في الاسلام)دا کەچی ناتوانێت دان نەنێت بەوەدا کە ئیسلام بەردەوام لە مێژوودا باڵەخانەیەك بووە ڕەگو ڕیشەی بەناو کۆمەڵگەدا داکوتاوەو ئاڵاکەی هەمیشە شەکاوەتەوەو قەزاوەتو یاسادانانیش بۆ ئوممەتی ئیسلامی لە هەموو کارەکانیدا تەنیاو تەنیا بە دەستی ئیسلام بووە بە درێژایی دوازده سەدە، "سەید" بەم شێوەیە مافی ئیسلامو مافی مێژوو و مافی خۆشی بێ کەم و زیاد داوە.

لە پێشەکی کتێبی "مقومات التصور الاسلامي" دا کە بەشی تەواوکەری کتێبی "خصائص التصور الاسلامي"یە کە کۆتا کتێبی "سەید"ە نووسویەتی لە ساڵی (١٤٠٦ ك - ١٩٨٦ز) بڵاوکراوەتەوە، واتە پاش بیست ساڵ لە شەهیدکردنی بڵابوەتەوە، لەوێدا دەڵێ: "ئاڵای ئیسلام بە بەرزیو شەکاوەیی هەر مایەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ، بەڵکو نزیکەی هەزارو دوو سەد ساڵ کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕژێمێکی ئیسلامی بە هەموو هەرێمەکاندا، ئەو ڕژێمە کە هەموو خەڵکی تەنیا هەر بۆ لای شەریعەتی ئیسلامی دەگەڕانەوەو دادوەرەکانیش تەنیاو تەنیا دادوەری خەڵکیان بە

---

[٧٠] بڕوانە (مائة سؤال عن الاسلام) (٢/٣٥٢- ٣٥٤). ط، دار ثابت ، القاهرة.

یێی شەریعەتی ئیسلامی دەکرد لە هەموو کاروبارەکانیانداو کەس نەبوو دادی خۆی بۆ لای جگە لە شەریعەت بەرێت لە هیچ کاروبارێکی ژیانیدا.[٧١]

* شایەتیدانی مەودودی:

پێشەوا ئەبوئەعلای مەودودی لەگەڵ ئەو هەموو تونديیەی بەرانبەر بە مێژووی ئیسلامی هەیەتی و ئەو ڕەخنە تونداندەش لە شارستانییەتی ئیسلامی دەگرێت، کەچی _ بەڕەحمەت بێت _ ناتوانێت دان بەوەدا نەنێت کە میللەتان هەر بە موسڵمانێتی ماونەتەوە بە درێژایی مێژوو و ئیسلامیش کاریگەری زۆری داناوە لەسەر پاشاو کاربەدەستەکانو پیاوی صالحو خواناسی زۆریش لەکاربەدەستاندا هەڵکەوتووەو بەڕادەیەك لە مێژووی میللەتانی تریشدا شتی وا نەبووە.

بۆیە ئامۆژگاریم بۆ ئەوانەی کە کتێبەکانی عەللامە مەودودی دەخوێننەوە ئەوەیە کە قسەکانی بە دەم یەکترییەوە بدەن بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ڕای (مەودودی)یان بە ڕۆشنی بۆ دەربکەوێتو تەنیا دەقنەگرن بە کتێبێك یان لە دوو کتێب لە هەموو ئەو کتێبانەی کە نووسیویەتی.. یان بنووسێت بە لاپەڕەیەك یان دووانی کتێبێکەوەو لاپەڕەکانی تری نەخوێنێتەوە لەهەمان کتێبدا.

جا ئەگەر ئێمە بۆ تێگەیشتنیش لە قسەی خوای کاربەجێ یان فەرموودەکانی لە قورئاندا پێویست بێت کە:

قسە ڕەهاکان (مطلق) ببەینەوە بۆ سنوردارکراوەکان (مقید)و قسە گشتییەکان (عام) بەرینەوە بۆ تایبەتەکان (خاص)و موحکەمەکان ببەینەوە بۆ لای تەفسیر کراوەکان، دەی ئیتر چۆن دەبێت هەمان مامەڵە لەگەڵ قسەی خەڵکیدا نەکەین لە کاتێکدا بمانەوێت بڕیاری بۆ بدەین یان بڕیاری لە دژ بدەین؟!

---

[٧١] بڕوانە: "مقومات التصور الاسيلامي" ص ٢٦، القاهرة، دار الشروق، ط ١.

داوا له هەموو خوێنەرێکی وردو بە ویژدان دەکەم کە پێکەوە ئەم بڕگەیە بخوێنینەوە لەو کتێبەیدا کە هێرشێکی زۆر دەکاتە سەر مێژووی ئیسلامیو شارستانییەتی ئیسلامی، مەودودی لە (موجز تأریخ تجدید الدین وأحیائه)دا ولە ژێر ناونیشانی (الحاجه الی المجددین)دا دەڵێ:

"کەس گومانی نەبوات بۆ ئەوەی کە جاهلیەت هات ئایینی ئیسلامی پاوناو ئاسەواری ئیسلامی بە تەواوەتی سڕییەوەو دەسەڵاتی بەتەواوەتی لەئیسلام وەرگرتەوە لە هەموو کاروبارەکاندا، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە جاهیلیەت دەستی دایە سەرکەشی و پەلاماردانی ئیسلام، ئەوە وانییە؛ بەڵکو لە ڕاستیدا ئەو گەلانەی کە ملکەچی کاریگەریی ئیسلام بوون کاتی خۆیو یان دواتریش هەر وا مانەوەو کاریگەریی چاکسازی ئیسلامیش - کەم تا زۆر - بە درێژایی زەمانە حزوری هەبووە.. مەگەر ئەوە کاریگەریی ئیسلام نەبوو کە پاشاو کاربەدەستی ڕەهای وا هەبوو هەڵوێستی وای لێ دەردەکەوت کە لە ترسی خوا هەموو گیانی دەلەرزیو دەستی هەڵدەگرت لە سەرکەشیو دەگەڕایەوە سەر ڕێگەی ڕاستو دەستبەرداری ستەمکاریی دەبوو، خێراش مافەکانی دەگەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان! ئەمە هیچی تر نییە گەورەیی ئیسلام نەبێت، کە تۆ لە ناو ئەو لاپەڕە ڕەشانەی مێژووی پاشایەتیدا چەندین پرشنگی ڕووناکی ڕیفۆرم و ڕەوشتبەرزی دەبینی، ئەوەش هەر گەورەیی ئیسلام دەردەخات کە دەبینی لە بنەماڵەی چەند بەرپرسو کاربەدەستدا پیاوی بە دین و دادپەروەر هەڵکەوتووەو دەسەڵاتیان گرتووەتە دەستو هەستی تەواویان هەبووە بەرانبەر بە ئەرکەکانیان بەپێی توانای خۆیان هەرچەندە لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیشدا بوون.

بەهەمان شێوە بەردەوام ئیسلام فەڕو بەرەکەتی خۆی - با بە ناڕاستەوخۆش بووبێت - ڕشتووە بەسەر کۆشکی دەوڵەتو حکومەتەکاندا وەک چۆن ڕشتوویەتی بەسەر قوتابخانەکانی فەلسەفەو حیکمەتو خانەکانی بازرگانیو پیشەسازیو

تەکیەو خانەقاکانو گشت کایەکانی تری ژیاندا، ئیسلام _ جاهیلیەتی شیرك لەناو خەڵکدا بڵاوبووبوویەوە ئیتر پێی خۆش بووبێت یان نا _ دەسەڵاتی بەسەر خەڵکیدا هەبووە بە گشتیو بەردەوام کاری لە بیرویاوەڕو ڕەوشتو کایە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کردووە بە هەردوو لادا چ هانی دابن بۆ کردنی کارێکی چاك یان بەرگری نیکردبن لە کردنی کارێکی خراپ یان ئاراستەی کردبن بۆ شوێنێك یان ئاراستەی گۆڕیبن لە شوێنێك، لە هەموو ئەو بوارانەدا ڕەوشتی میللەتە ئیسلامییەکان بەردەوام بەو بەرزیو بڵندییە مایەوە بە بەراورد بە ڕەوشتی گشت میللەتانی تری دونیا.

لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە هیچ سەردەمێك نییە لە هەموو ئەو سەردەمانەدا کۆمەڵێك حزوریان نەبووبێت کە بە تەواوەتی گەردنگیر بووبن بە پەیامی ئەم ئیسلامەوەو هەمیشەش لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە بەرچاوڕوونییەوە تیۆری و کردارییەکانی ئیسلام زیندوو بکەنەوە لە ژیانی خۆیانو لە ژیانی ئەو کەسانەشدا کە لە ژێر کاریگەریی ئەمانەدا بوونو دەسەڵاتیان بەسەریانەوە هەبووە، هەرچەندە ئەمە هەموو ئەو ئامانجە سەرەکییە نییە کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بۆی هاتوون".[٧٢]

مامۆستا مەودودی زۆر بە درێژی باس لە قۆناغی یەکەمی ئیسلام دەکات کە قۆناغی پێغەمبەرایەتیو خیلافەتی ڕاشیدینە، باس لەو کاریگەرییە زۆرانە دەکات کە ئەو قۆناغە دروستی کرد لە ژیانی تاکەکانو کۆمەڵگاکانو ئوممەتی ئیسلامیدا چ لە بیرو بیرکردنەوەیاندا و چ لە هەستو نەستیاندا و چ لە ئاکارو ڕەوشتیانداو کە تا ئەمڕۆش ئەو کاریگەرییانە ئاسەواریان هەر ماوە، یەکێك لە قسەکانی ئەوەیە کە دەڵێ: "بەو شێوەیە ئیسلام لە قۆناغە سەرتاییەکانیدا بزاڤێکی بەهێزو هەڵمەتبەری وای دروست کرد کە شوێنەوارەکانی بە ڕوونی لە مێژوودا دیارەو ئەمڕۆش ڕووی ئەو

---

[٧٢] بڕوانە: (موجز تأريخ تجديد الدين) ص ٤٩، ٥٠.

شوێنەوارانە دەبینرێت پاش تێپەڕبوونی سیازدە سەدە بەسەر دامەزرانیدا، ئێستاش دەتوانن _ لەگەڵ ئەو ئاستە خراپەی کە ئوممەتی ئیسلامی بۆی دابەزیووە _ شوێنەواری ئەو نەخشەیە ببینن کە ئوممەتی ئیسلامی لەسەر داڕێژراوە لە یەکەمین قۆناغەکانی دروستبوونیدا.

هەر تاکێك بگری لە موسڵمانان چەند کاروباری گەندەڵ بووبێتو ڕەوشتی خراپ بووبێت کەچی بە دەروونیدا شۆڕدەبێتەوەو پلەی لێدانی دڵی وەردەگریت بۆت دەردەکەوێت کە خۆشەویستی و حەزی هەر بەو کۆمەڵگە نموونەییەیە کە موحەممەد (ﷺ) و خەلیفە ڕاشیدینەکانی دروستیان کردو ئەمەش ئەو تاکە ئامانجەیە کە بەردەوام هەوڵی بۆ دەدات و هەرگیز لە بیری ناچێت ئەو کۆمەڵگە نموونەییە وەك خۆرێك وایە بەردەوام لێی هەڵدێتو ناهێڵێت بۆ ساتە وەختێکیش لەبەر چاوی ون ببێت.

هەموو تاکێکی موسڵمان کە سەیری ئەو قۆناغە زێڕینە دەکات وای دەبینێت کە نموونەو پێشەنگە بۆیو تا سنووری عاشقبوون پێی خۆشی دەبێتو ئاواتی ئەوەیە جارێکی تر لەسەر زەویدا ئەو کۆمەڵگەیە ببینێتەوە، ئیسلام لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینەوە تا ئەمڕۆش بەردەوام نوری خۆی پەخش دەکاتەوە لەسەر دونیادا هەرێمێك لەهەموو هەرێمەکانی دونیا نەماوە ئەم نووری ئیسلامە بە ناخیدا نەچووبێتە خراوەوە، ئەم گەشەسەندنە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم ئوممەتە دووچاری کارەدەستی خراپی زۆر بووەتەوە کە لە ئارەزووبازیدا تا بینە قاقای چەقیووەو، زاڵمو ستەمکاری زۆریشی بووەتە مل کە مایەی گلانی بوون و ڕۆژێك لە ڕۆژان نەبووە بێبەش بووبێت لە خەڵکی خراپەکار تا ئەمڕۆشو ماوەیەکی زۆرە کە کەس بەو ئوممەتە نموونەییەی نازانێت تا چاوی لێ بکاتو دڵان بۆ خۆی کەمەندکێش بکات، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئیسلام لە بڵاوبوونەوەی خۆی نەوەستاوە ئەوەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە موسڵمانەکان لەسەر ڕێبازێکی نموونەی وا دەڕۆن کە دڵی

خەڵکی بۆ خۆیان ڕابکێشن، بەڵکو هەموو ئەوانەش کە موسڵمان دەبن باش ئەوە دەزانن کە ئیسلام ئەمڕۆ دەسەڵاتی نییە لە واقیعی موسڵمانانداو ئیسلام بریتییە لەو ئیسلامەی کە لە سەردەمی موحەممەدو هاوەڵە بەڕێزەکانیدا هەبووەو دەسەڵاتی بەدەست بووە، پاشان ئەو شتە خاوێنو جوانو لایەنە باشانەش لە بیرو بیرکردنەوەو کاروکردەوەو ڕەوشتی ئەمڕۆی موسڵمانانداو دەبینی هیچ نییە ئەو پاشماوە باشە نەبێت کە لە کاریگەری ئیسلام لەسەریان بۆیان ماوەتەوەو ئەوە چواردە سەدەیە هەر کاریگەری لەسەریان ماوە.

بەدەستەواژەیەکی تر ئەمە بڵێین: قۆناغی یەکەمی ئەم ئوممەتە ئەوەندە لە ئاستێکی بەهێزو زیندوودا بووە، ئەستەم بووە کە کاریگەری و شوێنەواری لەسەر مێژوویان بسڕێتەوە، تەنانەت ئەو گەرموگوڕییەی کە ئەمڕۆ لە کاری ئیسلامیدا دەبینیت هەمووی بەرهەمی ئەو بزاڤە نموونەییەیە کە ئیسلام لە یەکەم قۆناغی دروستبوونیدا دروستی کردووە"[٧٣].

جا بڕوانە ئەو قسەیەی کە دەڵێ: "ئیسلام لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینەوە تا ئەمڕۆش بەردەوام نوری خۆری پەخش دەکاتەوە بەسەر دونیاداو هەرێمێك لە هەموو هەرێمەکانی دونیادا نەماوە ئەم نوری ئیسلامە بەناخیدا نەچووبێتە خوارەوە ! !

مەودودی هەرخۆی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە قۆناغی یەکەمی مێژووی ئێمە لە پلەو ئاستێکدا بوو لە زیندوێتیو هێزی کاریگەریدا ئەستەم بووە نەخشی بەسەر مێژووەوە بسڕێتەوە !

---

[٧٣] بڕوانە نامیلکەی: (الاسلام الیوم) ص٢٠ تا ٢٥، نشر الدار السعودیة.

هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەو گەرموگوڕییەی کە ئەمڕۆ بە کاری ئیسلامیەوە دەبینین شوێنەوارێکە لەو شوێنەوارانەی ئەو بزاڤە نموونەییەی ئیسلام لە قۆناغە سەرەتاییەکەیدا دروستی کردووە.

بەو قسانەی ئەو فەرموودەیە دەسەلمێنێت کە ئیمامی ئەحمەد و ترمیزیو ئیبن حیبانو جگە لەوانیش ڕیوایەتی دەکەن کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: "مثل أمتي كالمطر لا يدرى أوله خير أم آخره".[٧٤]

واتە: میللەتی من وەک باران وایە کەس نازانێت سەرەتاکەی خێرە یان کۆتاییەکەی خێرە.

*** هەڵکەوتنی چەندین پاشای پیاوچاک لە سەردەمەکانی پاشایەتیی ئیسلامیدا:**

لەگەڵ ئەو هەموو تووندییەی کە مامۆستا مەودودی هەیەتی لەسەر ئەو سەردەمەی کە ناوی ناوە "قۆناغی پاشایەتی" لە مێژووی ئێمەدا کە تێیدا ژیانی ئیسلامی گۆڕانکاریی زۆری بەخۆوە بینی بەوەی کە نموونەی بەرزی ئیسلامی کەمبوویەوە لەناو موسڵماناندا و بانگەوازی ئیسلامی پشتگوێ خراو دەوڵەتی ئیسلامی لە دەوڵەتی هیدایەتەوە گۆڕا بۆ دەوڵەتی باجوەرگر بە پێچەوانەی ئەو قسەیەی خەلیفەی ڕاشید عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کە دەیفەرموو: "إنَّ الله بعَثَ رَسولَه هادياً ولم يبعث جابياً" واتە: خوای گەورە پێغەمبەرکەی بۆ ئەوە ناردووە هیدایەتی خەڵکی بدات، نەک وەک "جابی" باج وەربگرێت.

لەگەڵ ئەمانەدا کەچی مەودودی دان بەوەدا دەنێت کە پاشا گەلێکی صالح و زۆر لە خواترس لە مێژووی ئیسلامیدا هەڵکەوتوون، ئەوەتا دەڵێت:

---

[٧٤] رواه أحمد ١٢٣٤٩/١٣٠/٣، والترمذي ٨٦٩/١٥٢/٥ عن أنس، والطيالسي عن أنس، وأحمد وابن حبان عن عمار، وأبو يعلي عن علي، والطبراني عن عمرو ابن عمرو وذكره الالباني في صحيح الجامع الصغير بدرجة صحيح ٥٨٥٤.

"ئەوەی کە حاشاهەڵناگرێت ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک سەردەمی پاشایەتی لە مێژووی ئیسلامیدا بەراورد بە سەردەمی پاشایەتی لە مێژووی هیچ میللەتێکی تردا ناکرێت، چونکە سەردەمی پاشایەتی لە مێژووی ئیسلامی ئێمەدا لەگەڵ ئەوەی سەرگاوی بوو بە مەینەتییو خراپەیەکی زۆریشەوە کەچی لە هەموو مێژووی ئیسلامیدا هەرگیز ئەو سەردەمە تاریکانە نابینی کە نیشانەیەکی ئاشکرای مێژووی میللەتەکانی تر، لێرەدا ناتوانم بەر لە عەقڵ بگرمو بەم بۆنەیەوە ئەو سەرسامیەی خۆم تۆمار نەکەم کە چەندین پاشای صالح و لەخواترس لە مێژووی ئیسلامیدا هەڵکەوتوون کە هیچ میللەتێك نەیتوانیووە ئەو ژمارە زۆرە لە پاشای پیاوچاك بەدەست بهێنێت". [٧٥]

ڕاستە مەودودی ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە ئەو پاشایانە وەك پێویست بە گەیاندنی بانگەوازی ئیسلامی هنەڵنەساون، ئەمەش شتێکی گشتییە لە هەموو مێژووی ئیسلامیدا و پێویستە سەربەخۆر لە شوێنی خۆیدا باسی لێوە بکرێت.

بەم شێوەیە _ واتە ئەگەر قسەکانی مەودودی یەك یەك بدرێنە دەم ئەوی تریان _ بۆمان دەردەکەوێت کابرا (بەڕەحمەت بێت) پیاوێك بووە بە ویژدانەوە قسەی لەسەر مێژووی ئیسلامی و شارستانییەتی ئیسلامی کردووە، نەك هەر بەو شێوەیە دوابێت کە مرۆڤ لەیەکەم جارەوە ڕوانینێکی تری بۆ دروست دەبێت کاتێك کە هەندێ لە نووسینەکانی دەخوێنێتەوە.

* پەیڤی دکتۆر جابری:

لەم مانایەشدا پێم باشە پەیڤێکی دکتۆر موحەممەد عابیدالجابری کە مامۆستای فەلسەفەیە لە مەغریبو مامۆستایەکی مەغریبی بەناوبانگە، بەوەش تۆمەتبار ناکرێت کە لایەنگری لە ڕەوتی ئیسلامی بکات، بەڵکو زیاتر لە سەر ڕەوتی چەپەکان حساب دەکرێت، ئەم دکتۆرە لە یەکێك لە پاشکۆکانیدا لە کۆڕی (التراث والتحدیات

---

[٧٥] بڕوانە: الاسلام الیوم، ص٣٠.

المعاصرة) كه "مركز دراسات الوحدة العربية" له قاهيرەو له مانگى سێبتەمبەرى سالّى ١٩٨٤ زايينى بەستبووى ئالەوێدا خوا هێنايە گۆو وتى: "من له پياوانى ياسا نيم، بەڵام گرنگييدانم به كەلتوور وام لێدەكات كه هەركاتێك دەبيستم: ئيسلام يان شەريعەتى ئيسلامى له سەردەمى خەليفەكانى ڕاشيدين به دواوە جێبەجێ نەكراوە زۆر هەست به ئيزعاجى و دڵەڕواكێ بكەم لەم قسەيەدا گوايە شەريعەتى ئيسلامى به درێژايى چواردە سەدەى ڕابردوو جێبەجێ نەكراوە، ئەمە وام لێ دەكات بپرسم: دەى كەوابێت له داهاتووشدا چۆن جێبەجێ دەكرێت و به چ شێوەيەك دەبێت؟

ئەم قسەيە ئەمانبات بۆ "عەدەميەتێكى" زۆر ترسناك، باشە ئەى ئەو هەزاران دەيان هەزار شەرعزانو فەقيهانە له كوێدا دابنێين كه مێژووى ئيسلامى پێى ناساندووين؟ يان ئەو هەموو كتێبە فيقهى و ئەو هەموو ئيجتيهادو فەتوانە لەكوێدا دابنێين؟

ڕاستە دەرگاى ئيجتيهاد ـ وەك دەڵێن ـ له سەدەى چوارى كۆچيدا داخرا، بەڵام ئەم داخستنە واى نەكرد كه شەرعزانەكان لەناو چوار مەزهەبەكەدا هيچ ئيجتيهادێك نەكەن يان لەناو مەزهەبى جەعفەرى (شيعه)دا، نەك ئەوە بەڵكو ئەم دەرگا داخستنەى ئيجتيهاد ڕێگەى نەگرت له ئوصولى و شەرعزانێكى گەورەى وەك: ئيبن حەزم كه "تەقليد"و چاولێكەرى حەرام كردو ئيجتيهادكردنى واجب كرد لەسەر هەموو كەسێك تەنانەت لەسەر پياوى عەوامو نەخوێندەوارىش، يان كابرايەكى ئوصولى گەورەى وەك: ئەبوئيسحاقى شاتيبى كه كارى لەسەر ئەوە دەكرد كه ڕەگو ڕيشەى "ئوصولى فيقه" ببڕێتەوە بۆ ناو شەريعەتى ئيسلامىو تازەگەرى تێدا بكات، شاتيبى بانگەشەى ئەوەى دەكرد كه له جياتى ئەوەى ئيجتيهاد له لەفزو وشه و جۆرى ماناكاندا بكرێت، له ڕووى "قياس"و دۆزينەوەى "علة"ەكانەوە (واتە "قياس الجزء بالجزء") پێويستە ئيجتيهاد لەم شێوازەشەوە ـ كه شتێكى باوى ئەو سەردەمە بوو پێش ئەو ـ بگۆڕدرێت! شاتيبى هات و ئەم جۆرە ئيجتيهادەى گۆڕى به

ئیجتیهادکردن لەسەر بناغەی (مەبەستەکانی شەریعەت) کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکجار سیستەمە شەرعییەکانو وای لێ بکەیت بیکەیتە بنەمایەکی گشتی (قواعد کلیة)و پاشان ئەم بنەما گشتییە جێبەجێ بکەی بەسەر هەموو ئەو بەشە تازانەی کە پەناو خەڵکدا دروست دەبن، ئەمەی شاتیبی هەر تەنیا - ئیجتیهاد - نییەو بەس، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی کاری ئیجتیهاد کە یارمەتی فیقە و شەریعەت دەدات کە بست بە بست لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا ڕێ بکاتو تواناى جێبەجێ کردنی هەبێت لە هەموو سەردەم و زەمانێکدا، بەهەر حاڵ من موسڵمانم، ئەو قسەیەی گوایە "ئیسلامو شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێنەکراوە دواى خەلیفەکانی ڕاشدین" زۆر بێزارم دەکات، چونکە ئەوە وا لە یەکێکی وەک من دەکات پرسیار لە خۆم بکەم دەربارەی ڕاستی موسڵمانێتیی باوباپیرانو پێشینانم: ئایا ئەوان لە ڕاستیدا موسڵمان بوون یان نا؟ ئایا ئەوان لە عیبادەتکردن و گرێبەستی ژنهێنانو زۆربەی مامەڵەکانی ڕۆژانەیاندا پەیڕەوییان لە شەریعەتی ئیسلام نەکردووە؟!

بڕوام وایە کە پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە سەرلەنوێ خوێندنەوە بۆ کەلتور بکەین و پاشان خوێندنەوە بۆ شەریعەتو فیقە و جگە لەوانەش بکەین، خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ بکەین ئەگەرنا ئەوە لەناو عەدەمییەتدا دەچەقین،[٧٦] ئێمە دەڵێین: ئیسلام دینیشەو دەوڵەتیشە، بەڵێ، لە ڕاستیدا لە مێژووشدا هەروا

---

[٧٦] عەدەمییەت کە "نیهلیز" یشی پێدەوترێت بریتییە لە ڕێبازێکی فیکریو فەلسەفی و بڕوای وایە کە ڕژێمی ئێستا هیچ پەیوەندییەکی نییە بەوەی ڕابوردووەو شتێك نییە لە ئێستادا ناو بنرێت - ئینتیما - بۆ ڕابوردوو، یەکەمجار "تورگنێف" ڕۆماننووسی بەناوبانگ ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا بۆ ئەو کەسانەی کە شۆڕشیان دژ بە حوکمی قەیسەری کرد لە ڕوسیادا لە ساڵی ١٨٥٥- ١٨٨١ز، ئەم عەدەمیانە پەلاماردانێکی ئیرهابیی گەورەیان دەست دایە کە گەیشتە لوتکەو لە ئەنجامدا قەیسەریان کوشت لە ساڵی (١٨٨١ز)دا..سەیری (الموسوعه السیاسیه، د. عبدالوهاب الکیالیو کامل زهری، ص ٥٤٧/ مؤسسه العربیه للدراسات والنشر، بیروت، لبنان، ١/ مارس ١٩٧٤) بکە. (وەرگێڕ).

بووە، بەڵام ئەگەر بڵێین: ئیسلام لە کاتی پێغەمبەرەوە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە یان لە کاتی خەلیفەکانی ڕاشدینەوە تا ئیستا جێبەجێ نەکراوە! مانای وایە ئیسلام توانای جێبەجێ بوونی نەبووەو بە درێژایی چواردە سەدە دەوڵەتی نەبووە، دەی ئەمەش لە ڕوانگەی مێژووەوە شتێکی ناڕاستەو وانییەو لە لۆژیکیشدا جێی نابێتەوە، ئەم قسەیەش سەر بۆ عەدەمییەتێکی زۆر ترسناک دەکێشێتو وامان لێ دێت هیچ جۆرە شوناسێکمان نامێنێتو مێژووشمان نامێنێت کە ئەمانەشمان نەما ڕاستەوخۆ ئێستاو داهاتووشمان نامێنێت، دەی کەس هەیە بتوانێت شتی وا قەبوولّ بکات؟".[٧٧]

ئا بەم جۆرە عەقڵیەتە هۆشیارانە و بەم ڕوانینە ڕۆشنەوە پێویستە مێژوو بخوێنینەوە، دوور لە هەموو دەمارگیرییەک بۆ شتی کۆن یان چاولێکەرییەک بۆ شتی تازە.

---

[٧٧] بڕوانە: کۆڕی "التراث والتحديات المعاصرة" ص ٦٧٠و ٦٧١.

(٢)

هەردوو دەوڵەتی: ئومەوی و عەببباسی و هەڵوێستیان لەمەر شەریعەتی ئیسلام

١ـ دەوڵەتی بەنی ئوممەییە : دەوڵەتی فتوحاتو دامەزراندنی شارستانییەت

٢ـ دەوڵەتی بەنی عەببباس: دەوڵەتی گەشەسەندنی زانستو شارستانیەیت

١ـ دەوڵەتی بەنی ئومەییە:

دەوڵەتی فتوحاتو دامەزراندنی شارستانییەت

زۆر نووسەر پووی تێرەکانیان دەکەنە سنگی دەوڵەتی بەنی ئومەییەو هی وا هەیە دەڵێ: دەوڵەتی بەنی ئومەییە دەوڵەتێکی مەدەنی بوو، واتە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە ئایینەوە نەبووە، هی واش هەیە دەڵێ: ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی بووەو دەوڵەتێکی ئیسلامیی نەبووە!! نەك هەر ئەمە، بەڵکو هی وا هەیە دەڵێ: دەوڵەتی ئومەوی دەوڵەتێکی عەلمانی بووەو لە دوورو لە نزیك پەیوەندی نەبووە بە ئایینەوە، لەوەش سەیرتر دەڵێ: ئەو دەوڵەتە هیچ پەیوەندییەکیشی بە ڕەوشتەوە نەبووە!!

*** ئەم قسانە بوختانێکن ڕاستییە ئاینییەکانو ڕاستییە میژوویییەکان بەدرۆی دەخەنەوە:**

ئەم قسەیەش سوێند بە خوا بوختانێکی وایە گومانی تێدا نییە ڕاستییە ئاینییەکان و ڕاستییە میژوویییەکان بە درۆی دەخەنەوە.

سەبارەت بە ڕاستییە ئاینییەکان، بێگومان دەوڵەتی بەنی ئومەییە لە ساڵی (٤٠)ی کۆچییەوە دەستی پێکردووەو بەردەوام بووە تا ساڵی (١٣٢)ی کۆچی، بە دڵنیاییشەوە کەوتووەتە ناو هەرسێ چەرخەکەوە کە بە باشترین چەرخی ئوممەتی ئیسلامی دادەنرێت، چەرخی صەحابەو چەرخی تابیعینو چەرخی دوای تابیعینو مەبەستیش بە چەرخ بریتیە لەنەوە (جیل)یك.

ئەم سێ چەرخەش فەرموودەیەکی صەحیحی زۆری لەسەر هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەك حەدیسەکەی ئیبن مەسعود کە دەفەرموێ: "**خیر**

لقرون قرني، ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم".[٧٨] واتە: باشترین چەرخ ئەو چەرخەیە منی تێدایە و پاشان دوای ئەوان و پاشان دوای ئەوان.

هەروەها حەدیسی عیمرانی کوڕی حصین کە دەفەرموێ: "خيركم قرني، ثم لذين يلونهم" جا عیمران فەرمووی: "لا أدري اذكر النبي بعد قرنين أو ثلاثة".[٧٩] هەروەها حەدیسی ئەبی سەعیدی خودری کە دەیباتەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: "يأتي زمان يغزو فئام من الناس، فيقال: فيكم من صحب النبي ﷺ؟ فيقال: نعم: فيفتح عليه، ثم يأتي زمان فيقال: فيكم من صحب اصحاب النبي ﷺ؟ فيقال: نعم، فيفتح، ثم يأتي زمان، فيقال: فيكم من صحب من صاحب اصحاب النبي ﷺ فيقال: نعم، فيفتح".[٨٠]

واتە: سەردەمێك دێت کۆمەڵێکی زۆری خەڵك دەچن بۆ غەزاکردن، دەوترێت: کەستان تێدایە کە هاوڕێیەتی پێغەمبەری ﷺ کردبێت؟ دەوترێت: بەڵێ، سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، پاشان سەردەمێکی تر دێت دەوترێت، کەسێکتان تێدایە کە هاوڕێیەتی کەسێکی کردبێت کە هاوڕێیەتی صەحابەی کردبێت؟ دەوترێت: بەڵێ، سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، پاشان سەردەمێکی تر دێت و دەوترێت: کەسێکتان تیدایە برادەری هاوەڵی صەحابەیەکی پێغەمبەری ﷺ کردبێت؟ دەوترێت: بەڵێ، سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

مەبەست (قرنی) واتە: خەڵکی سەردەمی من کە بریتین لە صەحابە، پاشان سەردەمی تابعینو پاشان سەردەمی "الأتباع".

هەندێك لە ڕاڤەکەرانی فەرموودە "سەدە- قرن" بەسالّ دیاری دەکەن، بۆ نموونە هەندێك دەڵێن: "سەدەیەك بریتییە لە چل سالّ"، هەندێکی تر دەڵێن:

---

[٧٨] متفق عليه، وەك لە "اللؤلؤ والمرجان"دا هاتووە.

[٧٩] هەمان سەرچاوە، حەدیسی ژمارە (١٦٤٦).

[٨٠] هەمان سەرچاوە، حەدیسی ژمارە (١٦٤٧).

"هەشتا سالّو هەندێکی تر بە سەد سالّ مەزەندەی دەکەنو ئێستاش لە بەکارهێنانی خەڵکیدا ئەمەی دواییان ناوبانگی پەیدا کردووە لەبەکارهێناندا و بووەتە ڕاستییەکی عورفی.. جا بەم پێیە بێت ئەو سێ چەرخە باش شایەتی بۆ دراوەو بە باشی دەکاتە سێ سەد سالّ، ئەمەش لەگەڵ لۆژیکی مێژوودا یەک ناگرێتەوە.

کەواتە ڕاست وایە بەسەردەمی صەحابەو سەردەمی تابیعین و سەردەمی دوای تابیعینیش تەفسیری بکەین وەک لە پێشەوە باسمان کرد، ئەم سەردەمانەش یان ئەم بەرە چاکانەش بە دڵنیاییەوە بەر سەردەمی (بەنی ئوممەییە) کەوتووە وەک چۆن سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینی پشکی گەورەیان لەو شایەتی بۆدانەدا بەرکەوتووە.

یەکێکی تر لەو حەدیسانەی شایەتی بۆ پلەو پایەی دەوڵەتی ئومەوی دەدات لە ئیسلامدا ئەو فەرمودەیەیە کە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی دەکات لە "صحیح"ەکەیدا، لە خالیدی کوڕی "مەهران"ەوە دەگێڕێتەوە کە عومەیری کوڕی ئەسوەدی عەنسی بۆی گێڕاوەتەوە کە چووەتە لای عوبادەی کوڕی صامت لە گۆڕەپانی (حمص) دا ئەو کاتەی لەوێ لایداوەو مالّی لەوێ بووەو (ئوم حەرام)ی ژنیشی لەگەڵدا بووە، جا عومەر دەڵێ: ئوم حەرام بۆی باسکردووین کە گوێی لە پێغەمبەر بووە ﷺ فەرموویەتی: "أول جيش من أمتي يغزون البحر قد أوجبوا" واتە: یەکەمین سوپایەکی ئوممەتەکەم کە جەنگ لە دەریا دەکەن، کارێکیان کردووە شایستەی چوونە بەهەشتن بەو کارە)، جا ئوم حەرام دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا منیان تێدایە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: تۆشی تێدای، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "أول جيش من أمتي يغزون مدينة قيصر، مغفور لهم، فقلت: أنا فيهم يارسول الله؟ قال: لا".[٨١]

---

[٨١] رواه البخاري في الجهاد من صحيحه (٢٩٢٤) لە چەند شوێنێکی تری صەحیحەکەیدا ئەم حەدیسە دووبارە دەبێتەوە.

فەرموودەکە یانی: یەکەمین سوپایەك لە ئوممەتی من کە غەزای شارەکەی "قەیسەر" دەکەن، خوا لە هەموویان خۆش دەبێت، ئوم حەرام وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ منیشی تێدام؟ فەرمووی: نەخێر.

ڕاڤەکەرانی ئەم فەرموودەیە دەڵێن: ئەم فەرموودەیە گەورەییەکی بۆ موعاویە تێدایە، چونکە ئەو یەکەمین کەسێك بوو کە غەزای ناو دەریای کرد لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا، چونکە پێش ئەو نەیاندەهێڵا شەڕ لەناو دەریادا بکرێت لەبەرئەوەی مەترسی زۆری تێدا بوو، بەڵام لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا بەردەوام موعاویە هانی حەزرەتی عوسمانی دەدا کە با شەڕی دەریا دەست پێ بکەن... ئەوەبوو لە کۆتاییدا حەزرەتی عوسمان داواکەی قەبوڵ کردو دەست بە دروستکردنی گەلەکەشتی ئیسلامی کراو لە سەردەمی موعاویەدا گەشەی فراوانی کردو مەحکەمتر کرا.

لەو فەرموودەیەدا بە هەمان شێوە گەورەییەکیشی بۆ یەزیدی کوڕی تێدایە، چونکە یەکەمین سوپایەك کە غەزای قوستەنتینییەی کرد بە سەرۆکایەتی یەزید بوو، ئەمەش قسەی هەموو مێژوونووسانە بێ جیاوازی، لەم غەزایەدا بوو کە ئەبوئەیوبی ئەنصاری وەفاتی کرد (ڕەزای خوای لێ بێ) و ئەو صەحابە بەڕێزە لەسوپاکەی یەزیددا بوو، پێش مردنی وەسێتی کرد کە لەلای دەرگای قوستەنتینیەدا بینێژن.

هەندێ لە زانایان پاشکۆیەك لێرەدا دەڵێن: بوونی یەزید لەو سوپایەدا مەرج نییە کە ئەویش یەکێك بێت لەوانەی خوا لێی خۆش بووە، چونکە دەگونجێ بە بەڵگەیەکی تری (تایبەت) ئەو لەو بەڵگە "گشتییە" بێتە دەرەوە...

ئێمە ئەوەمان لا گرنگ نییە کە تۆێژینەوە بۆ یەزید بکەین، بەڵکو ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە کە ئەو سوپایە بەشێوەیەکی گشتی خوا لە گوناهەکانیان خۆش

بووەو ئەو سوپایەش لە سەردەمی بەنی ئوممەییەدا بوون، چونکە ئەو غەزایە لە سالّی پەنجاو دووی کۆچیدا بووە[٨٢]، واتە لە سەردەمی موعاویەدا.

*** ڕاستییە میژوویییەکانیش هەر بە درۆی دەخەنەوە:**

سەبارەت بەوەش کە ڕاستییە میژوویییەکانیش ئەو بوختانە بە درۆ دەخەنەوە ئەوەیە: شتێکی زانراوە لەلای هەموو توێژەرەوەیەک کە دەوڵەتی ئەمەوی ئەو دەوڵەتەیە کە ئیسلامی بە دونیادا بڵاوکردەوەو هەڵقەکانی زانستی لە هەموو شوێنێکدا دامەزراند، هەروەک چۆن لە سەردەمی ئەواندا دەست کرایە نووسینەوەی زانستە ئایینی و زمانەوانییەکانو زانستەکانی تریش...

نەک هەر ئەمە بەڵکو وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لە سەردەمی ئەماندا دەستی پێ کردو یەکێك لە میرەکان بۆ یەکەمجار بەو کارە هەستا کە ناوی (خالیدی کوڕی یەزید) بوو، هەر ئەم دەوڵەتە بوو کە فتوحاتی بۆ ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا و بۆ باکوورو بۆ باشوور دەست پێ کرد، ئەم دەوڵەتە سوپای دەریایی هەبوو لەناو دەریاکانداو سوپای وشکانیشی هەبوو لە وڵاتانداو ئەو فتوحاتانەی لە سەردەمی ئەبوبەکرو عومەرو سالّە سەرتاکانی حەزرەتی عوسماندا دەستی پێ کرا لەم سەردەمەدا تەواو کرا.

دەوڵەتی ئومەوی لە یەك کاتدا چوار سەرکردەی سەربازی لە هەموو جیهاندا هەبوو کە هەریەکەیان سەنگەرێکیان بۆ ئیسلام گرتبوو.

مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك خەریکی فتوحاتی وڵاتی چین بوو.

قوتەیبەی کوڕی موسلیمی باهیلی خەریکی فتوحاتی سەمەرقەندو وڵاتانی چواردەوری بوو.

موحەممەدی کوڕی قاسم خەریکی فتوحاتی وڵاتی هیندستان بوو.

---

[٨٢] بڕوانە: فتح الباري، (٧/٥٠٤، ٥٠٥) طبعة دار أبي حيان.

موسای کوڕی نوصەیر کە تاریقی کوڕی زیادیشی لەگەڵ بوو تەقەیان لە هەرگاکانی ئەوروپا دەدا تا ئەندەلوس ڕزگار بکەنو فتوحات بەرنە ناوی.

ئەو دەوڵەتەی کە لە دوو قۆڵەوە شەڕ بکات خەڵکی وا دادەنێن کە کەوتووەتە مەترسیی گەورەوە، ئەی دەبێ حاڵی دەوڵەتێك چۆن بێت کە لە چوار قۆڵەوە شەڕی ڕاگەیاندبێت کە هەر قۆڵەی کەوتبێتە لایەکی دونیاوەو لەیەك کاتیشدا؟

دەی دەوڵەتی ئومەوی لە هەموو قۆڵەکانەوە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، ئەو وڵاتانەی هەموو فەتح کرد، باشە کەی باوی خوا وایە کە دەوڵەتێکی لادەر یان دەوڵەتێکی ستەمکار سەربخاتو بەرقەراری بکات لە هەموو زەویدا؟

باوی خوا وەك لە قورئاندا باسی کراوە، ئەوەیە کە دەفەرموێ: (إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ) (یوسف: ٢٣)، (وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْماً) (طه: ١١١)، (إِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) (المائدة: ٥١)، (وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ) (إبراهيم: ١٥).

ئەوەی سەیرو جێگەی داخە ئەوەیە کە هەندێ لە بانگخوازانی ئیسلامیش دەکەونە ئەم قەیرانە ناڕەحەتەوەو بڕوا بەو هەموو شتە ناڕەوایانە دەکەن کە دراونەتە پاڵ "بەنی ئومەییە"، تەنانەت هەندێجاریش تیر دەگرنە حەزرەتی عوسمان کە خەلیفەی سێیەمی خاوەن دوو (نور)ەو زاوای پێغەمبەرە ﷺ، ئەو خەلیفەیەی کە فریشتەکان شەرمی لێ دەکەنو یەکێکە لەوانەی کە بۆ یەکەمین جار لە پێناوی ئەم دینەدا ماڵو وڵاتی خۆی جێ هێڵاوەو کۆچی کردووە، هەندێ پیاوی بەڕێزو گەورەو شوێنەوار دیار لە کاری ئیسلامی جیهانیدا کەوتوونەتە ناو ئەم قەیرانەوە وەك: پێشەواو زانای گەورە ئەبوئەعلای مەودودی لە پاکستان لە کتێبی (الخلافة والملك)دا هەروەها لە کتێبی (موجز تأريخ الدين وأحيائه)، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێ قسەو قسەڵۆك بکرێت بەرانبەر ئەم پیاوە کە بێگومان ئەو قسانە لە ناو دەریای چاکەکانی ئەو پیاوەدا نقوم دەبنو دیار نامێنن.

بەهەمان شێوە ئەدیبی گەورەو بانگخوازی خاوەن فیکرو موجاهیدی قارەمانی وەك شەهید سەید قوتب کەوتووەتە ئەم قەیرانەوە لە کتێبی (العدالة الاجتماعية في الاسلام) کە تێیدا هێرشێکی زۆر توند دەکاتە سەر بەنی ئومەییەو تەنانەت دایاندەپنێت یان خەریکە دایانبڕنێت لە هەموو پێوەرێکی ڕەوشتی لەبواری مامەڵەو سیاسەتکردندا! ئەم هەڵوێستەی سەید قوتب وای کرد کە لە میسرو جگە لە میسریشدا زۆرێك لە زانایانی ئیسلامی لێی بوروژێن، چونکە هەندێ لە ڕێزی گەورەمان حەزرەتی عوسمانی لەکەدار کردووەو ئەمەش بە هەمان شێوە لە دەریای چاکەکانی ئەو پیاوەدا نقوم دەبێت کە بەرانبەر بە ئیسلامو ئوممەتی ئیسلامی کردوویەتی، دواجاریش ئەوەبوو سەری خۆی لە پێناوی خوادا دانا ! (بەڕەحمەت بێت).

بەهەمان شێوە بانگخوازی گەورەش شێخ محمد الغزالی لەکتێبی (الاسلام والاستبداد السياسي)دا دەربارەی (یەزیدی کوڕی موعاویە) دەڵێت: "بۆ ئەوە ناشێت بکرێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی"و ئاراستەی تیرەکانیشی هەموو ڕوو دەکاتە "بەنی ئومەییە" بە گشتی!

من قسەکانی هەریەك لەو بانگخوازانەم لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا گواستەوە کە چەندە بێڕەحمییان تێدایە دەربارەی مێژووی ئوممەتی ئیسلامی هەروەها شایەتییەکانی ئەوانیشم گواستەوە دەربارەی مێژووی ئیسلامی کە چەند بەوێژدانەوە شایەتی دەدەن.

دەکرێت بانگخوازو زانای گەورە (ئەبوحەسەنی نەدەوی)یش لێرەدا زیاد بکەین کە لە لایەك بە وێژدانەوە لەسەر مێژووی ئیسلامی نووسیویەتی و لە لایەکی تریشەوە هەندێ هێرشی گشتی کردووەتە سەر بەنی ئومەییە کە من بە ڕاستی زۆرم پێناخۆشە پیاوی وەك ئەو ئەو کارەی لێ بوەشێتەوە، تەنانەت چیرۆکێکی سەیروسەمەرە دەگوازێتەوە لە کتێبی (الأغاني) ئەصفەهانی بۆ سەلماندنی مێژوو! ئایا شێخ

ئەبوحەسەنی نەدەوی ڕازییە خەڵکی مێژووی ئەم ئوممەتە لە کتێبێکی لەوشێوەیەوە وەربگرن؟!

جگە لەمانەش زانای تریش هەن‌و زۆرن کە هەڵوێستیان وا بوو بێت، بەڵام من تەنیا باسی ئەمانەیانم کرد، چونکە ئەمانە لە گەورە بانگخوازەکانی ئیسلامن و من زۆرم خۆشدەوێن‌و ڕێزو پلەو پایەی تایبەتیشیان لام هەیە، لەگەڵ ئەمانەدا کەچی کەوتوونەتە ئەو هەڵانەی کە زۆر کەسی تێ دەکەوێت، چونکە خۆیان زۆر نەڕەنجاندووە بۆ دۆزینەوەو دەرخستنی ڕاستی‌و تەتەڵەو بێژرنگکردنی بابەتەکان و گەڕان بە شوێن ڕەگ‌و ڕیشەکانیاندا کە ئەگەر وایان بکردایە بە دڵنیاییەوە هەڵوێستیان دەگۆڕاو وایان نەدەوت!

یەکێك لەو شتانەی کە دێتەوە بیرم ئەوەیە گفتوگۆو دەمەقاڵەیەکی زۆر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری مانگانەی "المسلمون" دروست بوو کە لە قاهیرە دەردەچوو لە لایەن بانگخوازی دیارو ناسراو (مامۆستا سەعید ڕەمەزان)، ئەم گۆڤارە لە جیاتی گۆڤاری (الشهاب) دەردەچوو کە کاتی خۆی (ئیمام حەسەن بەننا) دەری دەکرد کە موحەممەد سەعید ڕەمەزان سەرنووسەری بوو، پێنج ژمارەشی لێ دەرکرا.

گفتوگۆکان لە لایەن ئەدیب‌و لێکۆڵەری ناسراو و دیارەوە مامۆستا (مەحمود موحەممەد شاکر)ەوە دروست کرا، ئەم ئەدیبە گەورەیە چوار وتاری نووسی و تێیدا بەرگریی زۆری لە حەزرەتی موعاویە بەتایبەتی‌و بەنی ئومەییە بەگشتی کردووەو زۆر توند ڕەخنە لەو هەندە نووسەرو کتێبانە دەگرێت کە هێرش دەکەنە سەر بەنی ئومەییە کە یەکێك لەوانە لەو کاتەدا ئەدیبی ناسراو سەید قوتب بوو، کە کتێبی (العدالة الاجتماعیة فی الاسلام)ی نووسیبوو کە تێیدا هێرشێکی زۆر توند دەکاتە سەر بەنی ئومەییە کە بە ڕاستی زیادەڕۆیی زۆری تێدایە، هەروەها شێخ محمد الغزالی کە ئەویش هەمان شتی کردوە لە کتێبی (الاسلام والاستبداد السیاسی)و جگە لەویش..

یەکێك لەو وتارانە، وتارێك بوو بە ناوی (حکم بلا بینة) وتارێکی تریش بەناوی (تأریخ بلا إیمان) سێیەم وتاری بەناوی (لا تسبوا أصحابی) وتاری چوارەمیش بەناوی (ألسنة المفترین)، ئەوەی زیاتر مەبەست بوو لەم وتارانەدا (سەید قوتب)و کتێبەکانی بوو (بەڕەحمەت بێت).

سەید قوتب بە ڕەحمەت بێت وەڵامی ئەم وتارانەی نەدایەوە، بەڵام لە سوریاوە نووسەرو ئەدیبی گەورە (عەلی تەنتاوی) لەو کاتەدا لە گۆڤاری (الرسالة)دا بە وتارێك وەڵامی مامۆستا مەحمود موحەممەد شاکری دایەوە..

بە قەناعەتی من مامۆستا شاکریش هەندێ زیادەڕەویی کردبوو لەو بەرگریی‌و وەڵامانەدا وەك چۆن بەرانبەرەکانی لە ڕەخنەو هێرشەکانیاندا کردبوویان، بەڵام باشترین بەرنامەو میتۆد میانڕەوییە، نە زۆر بەرزکردنەوەی قسەی خەڵکی باشەو نەدەستپێوەنانیشی باشە، لە کێشانەدا نەقورسکردنی باشەو نەسوککردنی باشە.

من خۆم یەکێکم لەوانەی بەرگریی کردن لە بەنی ئومەییە بەڕاست دەزانم و ناتوانم قەبوولّی ئەو تۆمەتانە بکەم کە بەبێ بەڵگە دەدرێنە پاڵیان‌و زۆربەی ئەو قسەو تۆمەتانەش کە وردی دەکەیتەوە هیچیان ڕاست دەرناچێت یان زیاد لە قەبارەی خۆی پێدراوە.

بەڵام ئەو ستەمانەش کە کردوویانە بەرییان ناکەم لێی‌و چاوداناخەم لەو ڕێوڕەسمە ناجوانانەی دایان هێنا کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز قۆڵی هەڵماڵی بۆ گۆڕینیان و دانانی چەند ڕێوڕەسمێکی تر کە گونجاو بێت لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، هەر ئەو هەوڵیدا کە ئەو ستەمانەی کراون هەڵیان بگرێت‌و مافی خەڵکی بگێڕێتەوە، هەرچەندە نەیتوانی کاروباری خیلافەت بداتەوە دەستی خەڵکی و ڕزگاری بکات لە بەنی ئومەییە، چونکە ئەو کارە زۆر لە ئەو گەورەتر بوو، پاشان تەمەنیش ڕێگەی پێ نەدا تا ئەو ڕێوڕەسمە ڕیشەداڕە لە بن بێخ دەر بێنێت.

چەندان زانای گەورە هەیە لە سەردەمە پێشووەکاندا کە بەرگرییان لە صەحابە کردووەو سەبارەت بەو ناکۆکییانەش کەوتووەتە نێوانیانو بەرگریی زۆریشی لە بەنی ئومەییە کردووە، بەڵام لە ڕاستییدا زیادەڕۆیی کردووە لەوەی بەنی ئومەییەدا، یەکێك لەوانە قازی ئەبوبەکری کوڕی ئەلعەرەبییە لە کتێبی (العواصم من القواصم)ەکەیدا، کە لەوێدا بەرگرییەکی زۆر لە یەزید و پیاوانی دەکات، ئەوانەی کە کچەزای پێغەمبەر حوسەینی کوڕی عەلییان شەهید کرد، ئیبنولعەرەبی دەڵێت: "حەزرەتی حوسەین بەپێی شەریعەتەکەی باوکی شەهید کرا (سەڵاتو سەلامی خوای لەسەربێت) کە ئاماژەکردنێکە بۆ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت: "إنه ستكون هنات وهنات، فمن أراد أن يفرق هذه الأمة وهي جميع فاضربوه بالسيف كائناً من كان".[٨٣] واتە: لە داهاتوودا چەندین شتی خراپی گەورە گەورە ڕوو دەدات، بۆیە هەرکەس ویستی برایەتی و یەکبوونی ئەم ئوممەتە بشێوێنێت لە کاتێکدا هەموو پێکەوەیە، بە شمشیر لێی بدەن با هەرکەسێك بێت! دەی یەزید و کۆمەڵەکەی یەزید فەرمانی ئەم فەرموودە سەحیحەیان جێبەجێ کردووە.

ئیبنوخەلدون ئەم قسەیەی ئیبنولعەرەبی بە هەڵە دەزانێت لە (المقدمة)کەیدا هەرچەندە لە زۆر شوێنی تردا پێی سەرسام دەبیت. ئیبنوخەلدون دەڵێت: "قازی ئیبنولعەرەبی مالیکی مەزهەب بەهەڵەدا چووە لەو کتێبەیدا کە ناوی ناوە (العواصم من القواصم) کاتێك بەم مانایە دەڵێ: حوسەین بەپێی شەریعەتی باوای شەهید کرا! پاشان دەڵێ: "ئەمە هەڵەیەو ئەوەش کە ئیبنولعەرەبی بەهەڵەدا بردووە ئەو بێئاگابوونەی ئەوە لەوەی مەرجی پێشەوای دەوڵەت "دادپەروەریی پێشەواکەیە"

---

[٨٣] رواه مسلم: ١٨٥٢ عن عرفجة.

دەی کێ هەبوو لەو کاتەدا لە حوسەین دادپەروەرترو دەستپاکترو قارەمانتر بێت بەرامبەر خەڵکی ئارەزووپەرست".[٨٤]

*** (کورتە باسێکی) ژیانی موعاویە: دامەزرێنەری دەوڵەتی بەنی ئومەییە:**

باڵێرەدا هەوڵبدەین بە ڕوانینێکی دادپەروەرانەو هاوسەنگ بۆ مێژووی بەنی ئومەییە بڕوانینو سەرەتاش بە ژیاننامەی دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە دەست پێ بکەین کە ئەویش موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانە کە یەکێکە لەوانەی هاوڕێیەتی پێغەمبەری ﷺ بووە بە نسیبو بەرەکەتی ئەو هاوەڵایەتییەی دەستکەوتووە.[٨٥]

ئیمامی بوخاری ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت لە (صحيح)ەکەیدا دەربارەی موعاویەو لە کتێبی (فضائل الصحابة: باب ذكر معاوية رضي الله عنه)داو لەوێدا حەدیسێکی ئیبن ئەبی مەلیکە (یان موڵەیکە) دەهێنێتو دەفەرموێت: موعاویە پاش نوێژی عیشا یەك ڕکات وەتری کردو یەکێك لە هاوەڵەکانی ئیبن عەببасیش لەوێ بوو (واتە باسی ئەمەی موعاویەی کرد بۆ ئیبن عەببас)، ئەویش فەرموی: وازی لێ بهێنن موعاویە یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و لە خزمەتیدا بووە[٨٦].

---

[٨٤] بڕوانە: المقدمة، ابن خلدون، طبعة لجنة البيان العربي، ص٥٦٣، هەروەها بروانە: منطق ابن خلدون، د. علي الوردي، ص١٨٨ـ ١٩٠.

[٨٥] مەبەستی شاعیر دەربارەی صەحابە جوان دەڵێت:

ئەوانن ئەوان چاکیان بنـــاس
خیر أمة أخرجت للنـــاس
ئەدەس ئەوان کەوت دەرەجە قەبوول
ڕەزامەندی هەق صوحبەتی ڕەسوول

(وەرگێڕ).

[٨٦] البخاري، مناقب الصحابة، ٣٧٦٤.

حەدیسێکی تری ئیبن ئەبی مولەیکە دەهێنێت کە دەڵێ: وترا بە ئیبن عەببباس هیچ ڕەخنەیەکت لە ئەمیری ئیمانداران هەیە چونکە تەنیا یەک ڕکات وەتر دەکات؟ فەرمووی "إنه فقیه"[٨٧] موعاویە کەسێکی شەرعزانە، ئیتر ئەوە بەس نییە کە زانا گەورەکەی ئوممەتی ئیسلامیو موفەسیرە کەموێنەکەی قورئان ئەو شایەتییە بدات بۆ موعاویە؟!

هەر ئیمامی بوخاری لە موعاویەوە حەدیسێك دەگوازێتەوە کە فەرموویەتی: "ئەرێ ئێوە دوو ڕکات نوێژ دەکەن (دوو ڕکات نوێژی سونەت بووە دوای نوێژی عەسر کردوویانە، قەرزاوی) ئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ بووین نەمان بینیووە ئەو دوو ڕکاتە نوێژە بکات و نەك ئەوەش بەڵکو نەهی لێ کردووە.

ئەم هاوڕێیەتییە بۆ پێغەمبەر ﷺ پلەی (عیصمەت) نادات بە هاوەڵانو تەنیاو تەنیا هەر پێغەمبەر ﷺ مەعصومە، بەڵام پلەیەکی پێ دەدات کە دەکرێت وەك لەم ڕۆژەدا ناو نراوە "حەصانە" ئێمەش هەمان ناوی لێ بنێین، ئەم "حەصانە"یە دەدرێت بە پەرلەمانتار و هاوشێوەکانیان، کە ڕێگە نادرێت کەس خراپە بەرانبەریان بکات یان عەیبداریان بکات، خوای گەورەش لە قورئاندا زۆر باسی چاکەکانی صەحابە دەکات و پێغەمبەریش ﷺ بەهەمان شێوە لە زۆر حەدیسدا چاکەیان باس دەکات، و زۆر ڕاستی و ڕیوایەتی مێژوویی کە بە موتەواتری هاتوون باس لە گەورەیی‌و چاکەو ڕەوشتبەرزی صەحابە دەکەن و هەر صەحابە بوون کە قورئانو ژیاننامەی پێغەمبەریان ﷺ گواستووەتەوە بۆمان.

---

[٨٧] بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٣٧٦٥.

مەیمونی (کە زانایەکی گەورەی ئیسلامەو قوتابی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بووە) دەڵێت: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پێی وتم: ئەبو حەسەن! هەرکەسێکت بینی کە باسی خراپی دەربارەی صەحابە دەکرد ئەوە بزانە ناحەزە بە ئیسلام).[٨٨]

ئیمام ئەحمەدیش دەفەرموێت: "ما انتقص أحد أحداً من أصحاب رسول الله ﷺ إلا وله داخلة سوء"[٨٩]. واتە: هەرکەسێکت بینی باسی کەموکوڕییەکانی یەکێك لە صەحابەکانی پێغەمبەری ﷺ دەکرد، ئەوە بێگومان نیازێکی خراپی لەدڵدا هەیە.

هەندێ لە پێشەوایانی ئیسلام موبالەغە دەکەن لە پلەو پایەی هاوەڵێتیدا و دەڵێن: صەحابە زۆر گەورەترو بەڕێزترە لە هەموو ئەوانەی پاش ئەوان هاتوون هەرچەندە ئەوانە چەند پلەشیان بڕیبێت لە زانستو خواناسیو جیهادکردنیشدا، لەبەرئەمەیە کە لە ئیمام عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکیان پرسی: دەربارەی موعاویە چی دەڵێی؟ وتی: چی بڵێم دەربارەی ئەو پیاوەی کە کاتێك پێغەمبەر ﷺ لە نوێژدا فەرمووی: "سمع الله لمن حمده" ئەو بە دوایدا وتی: "ربنا ولك الحمد"؟! پێی وترا: باشە ئەی موعاویە بەڕێزترە یان عومەری کوڕی عەبدولعەزیز؟ ئیبن موبارەك وتی: تۆزی خۆڵ (ی جیهاد)ی ناو لووتی موعاویە لە خزمەت پێغەمبەردا چاکترو بەڕێزترە لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز.[٩٠]

ئەم قسەیەی عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك مانای ئەوەی تێدایە کە چاکی صەحابە بۆ هەر یەکەیانە نەك بۆ هەموویان بە کۆمەڵ، واتە هەموو "صەحابەیەك" بەڕێزترو گەورەترە لە هەموو ئەوانەی کە پاش ئەوان هاتوونو ئەمەش ڕای جەماوەری موسڵمانانە.

---

[٨٨] هەمان سەرچاوە، ٣٧٦٦، دەقە عەرەبییەکەی دەڵێ: (فاتهموه على الاسلام) و ئێمە ئەوەمان بە جوان زانی لەبەرانبەریدا(وەرگێڕ).

[٨٩] بڕوانە: (البداية والنهاية) ٤٥/١١، تحقيق د. عبدالله التركي، و د. عبدالفتاح الحلو.

[٩٠] هەمان سەرچاوە.

پێشەوای مەغریب و ئەندەلوس "ئیبنوعەبدولبەر" ڕایەکی جوانی هەیە لێرەدا شایەنی ئەوەیە لێی وەربگیرێت، ڕایەکەش ئەوەیە کە: لەناو صەحابەدا هی وایان هەیە کەس نییە بە تۆزی ئەوانیش ببێتو وەك موسڵمانە یەکەمینەکانو ئەهلی بەدرو وئەهلی ئوحودو ئەهلی بەیعەتی"رضوان"، هەشیانە بەتایبەتی فەزڵو چاکەیەکی بۆ سەلماوە، بەڵام باقی سەحابەکانی تر ڕێزو چاکەکە هی هەموویانە نەك هی دانە دانەیان، چونکە هەلدەگرێت پاش ئەوان کەسانی تر بێن لەوان چاکترو بەڕێزتربن لەبەرئەوەی پیاوێکی لە خواترسو تێکۆشەرە بۆ دینو پیشبڕکێ دەکات لە چاکەکردندا.

ئیبن کەسیری حەدیسزان لە مێژووەکەیدا شتێکی زۆرتر لە ژیانی موعاویە باس دەکات و حەدیسێکی زۆر ڕیوایەت دەکات لەوانەوە کە حەدیسیان گونستوەتەوە دەربارەی ڕێزو گەورەیی موعاویەو زۆر درێژەی پێ دەدات، هەرچەندە تەنیا ئەو حەدیسانەیان (صحیح)ن کە دەڵێن موعاویە یەکێك بووە لە نووسەرانی (وەحی) لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ[91].

حەدیسێکی تریش هەر "صحیح"ە کە دەفەرموێت: "پێغەمبەر ﷺ چەند جارێك عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی نارد بە شوێن موعاویەدا لە هەموو جارەکاندا خەریکی نان خواردن بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "لا أشبع الله بطنه".[92]

ئیبن حەجەری حەدیسزان لە "فتح الباري"و لە (باب ذكر معاوية)دا دەڵێ: بوخاری لە تەرجەمەی (باب)ەکەیدا دەڵێ (ذكر معاوية)و نالێ: "فضيلة" یان "منقبة"، چونکە پلەو ڕێز لە فەرموودەی (باب)ەکە وەرناگیرێت.

ئیبنو ئەبی عاصیمی حەدیسزان کتێبێکی تایبەتی لەسەر پلەو ڕێزی موعاویە نووسیوە، هەروەها (ئەبو عومەر غلام ثەعلەب) و (ئەبوبەکری نەققاش)و

---

[91] البداية والنهاية، ٤٠١/١١.

[92] بڕوانە: مسلم ٢٦٠٤ عن ابن عباس.

(ئیبنولجەوزی)ش لە کتێبی (الموضوعات)دا هەموو ئەو حەدیسە هەڵبەستراوانەی هێناوە کە دەربارەی موعاویە هاتووە، پاشان قسەیەکی ئیسحاقی کوڕی راهەوەیهی دەهێنێت کە دەڵێت: "دەربارەی پلەو پایەی موعاویە هیچ حەدیسێکی "صحیح" نەهاتووە"! هەر ئەمەشە وای کردووە کە بوخاری خۆی لەوە لابداو نەڵێ : "منقبە"و ئەمەش چاوکردنە لە شێخەکەی خۆی.

بەڵام دووربینییەکەی وای لێدەکات شتێکی جوان بڵێت تا قوڕ بدات بە دەمی ڕەوافیزەکاندا و چیرۆکی "ئیمام نەسائی" یش لەم مەسەلەیەدا هەموو کەس دەیزانێت و لێرەشدا هەر چاوی لە ئیسحاقی مامۆستای کردووەو بە هەمان شێوە لە چیرۆکەکەی (حاکم)یشدا.

ئیبنولجەوزی دیسان لە ڕێگەی عەبدوڵڵای کوڕی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: پرسیارم کرد لە باوکم دەربارەی عەلیو موعایە چی دەڵێ؟ تۆزێك بیری کردەوە فەرمووی: من ئاگام لەوە هەیە کە عەلی دوژمنێکی زۆری هەبوو، چەند گەڕان بۆ ئەوەی کە عەیبێکی لێ بدۆزنەوە، دەستیان نەکەوت، جا گەڕان بۆ ئەوەی ئەو پیاوە بدۆزنەوە کە لەگەڵیدا بەشەڕ هاتبوو دەستیان کردە پیاهەڵدانی تا عەلی بشکێنن، ئەمە ئامازەیەکە لە ئیمام ئەحمەدەوە بۆ ئەو هەمووە حەدیسە هەڵبەستراوەی دەربارەی پلەوپایەی موعاویە وتراوەو هیچ بناغەیەکیشیان نییە.

لە پلەوپایەی موعاویەدا حەدیسێکی زۆر هاتووە، بەڵام هیچیان لە ڕووی (ئیسناد)ەوە ـ صحیح ـ نین، ئەمە قسەی ئیسحاقی کوڕی راهەوی و نەسائیو جگە لەوانیشە و خواش باشتر دەزانێت.[٩٣]

---

[٩٣] بڕوانە: فتح الباري، (٨:٧١٥)، طبعة دار أبي حيان.

* موعاویه وەك خەلیفەو كاربەدەستێك:

هەركەس وردبێتەوە لە ژیانی موعاویە پاش ئەوەی خیلافەتی گرتە دەستو حەسەنی كچەزای پێغەمبەر ﷺ لە پلەی خیلافەت دابەزی بۆ موعاویە، هەركەس بە ویژدانەوە لە ژیانی موعاویە بڕوانێت بۆی دەردەكەوێت كە ئەو پیاوە زۆر پێداگر بووە لەسەر بەرقەراركردنی ئیسلام و دروشمەكانی ئیسلامو یاسا ئیسلامییەكانو سوور بووە لەسەر ئەوەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو كایەكانی ژیاندا بەرز ڕابگیرێت.

سەعیدی كوڕی موسەییب و حەمەدی كوڕی عەبدولڕەحمانی كوڕی عەوف دەگێڕنەوە: كە كاتێك موعاویە بۆ كۆتا جاری هاتە مەدینە، لەسەر مینبەرەكەی پێغەمبەردا ﷺ وتی: خەڵكی مەدینە كوان زاناكانتان؟ من لە پێغەمبەری خوا ﷺم بیستووە و لە ڕۆژێكی وەك ئەمڕۆژەدا ڕۆژی عاشورا بوو ـ دەیفەرموو: "هەركەستان دەیەوێت با لەمڕۆژەدا بە ڕۆژوو بێت"، لە ڕیوایەتێكی تردا دەڵێ: منیش بەڕۆژووم و خەڵكەكەش نیێتی ڕۆژوویان هێنا، پاشان وتی: هەر لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە كە نەهی لە شتی ئا لەم شێوەیە دەكرد! لە قۆڵی كراسەكەیدا كۆمەڵێك قژە سەری ئافرەتی دەرهێناو پاشان فەرمووی: (إنما أهلكت بنو إسرائيل حين اتخذها نساؤهم)،[٩٤] واتە: ئافرەت قژێكی تر بداتە دەم قژی خۆی و زیادی بكات، لە زۆر حەدیسدا بە صەحیحی هاتووە كە پێغەمبەر ﷺ نەفرەت لەو ئافرەتانە دەكات كە قژ زیاد دەكەن بۆ قژەكانیان یان خەڵكی تر قژیان بۆ زیاد دەكەن.. لە ڕیوایەتێكی تردا دەفەرموێ: پێی وتن: ئەرێ ئەوە چ كارێكی خراپتان داهێناوە،

---

[٩٤] فەرمودەكە ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدی موعاویەدا لە زۆر شوێندا ڕیوایەتی ئەكات وەك (١٦٨٦٧)، (١٦٨٦٨)، (١٦٨٩١)و (١٦٩٣٤)و هەروەها موسلیم (١١٢٩/ ١٢٦) و جگە لەوانیش، فەرمودەكەش صحیحە.

پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە درۆو دەلەسە (پێغەمبەر ﷺ ناوی ناوە درۆو دەلەسە، چونکە درۆکردن‌و گزیبازی و هەڵخەڵەتاندنی تێدایە).

ئەوەتا لێرەدا دەبینین کە چەند سوورە لەسەر زیندووکردنەوەی ڕۆژووی سوننەتی عاشورا کە دەبێنێت خەڵکی پشتگوێیان خستووە و، بە هەمان شێوە سورە لەسەر ئەوەی بیدعەیەکی خراپی ناو خەڵك بمرێنێت، ئەویش چاوکردنە لە ئافرەتانی یەهودی بەوەی بۆ جوانکردنی خۆیان قژ دەدەنە دەم قژەکانیان.

عەبدوڕەحمانی کوڕی هورمۆزی ئەعرەج دەگێڕێتەوە کە عەبباسی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەببباس کچێکی دەدات بە عەبدوڕەحمانی کوڕی حەکەم‌و (عەبدوڕەحمان)یش کچێکی خۆی دەدات بەئەو کە مارەیی هەریەکەیان بڕیتی بوو لە مارەبڕینی ئەوێتریان، موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانیش کە ئەوکاتە خەلیفە بوو، بۆ مەروان نووسی خێرا ئەو ژنهێنانە هەڵبوەشێنەوەو لە یەکێتریان جیابکەرەوە، لە نامەکەیدا دەڵێ: "ئەمە "شغار"ەو ژن بە ژنکردنە کە پێغەمبەری خواش (ﷺ) نەهی لێکردووە".[٩٥]

موعاویە چاودێر بوو بۆ ئەوەی خەڵکی لە کاروباری تاکە کەسی خۆی‌و کاروباری خێزانی‌و کاروباری کۆمەڵگەشدا سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەرقەرار بکەن.

زانایان ئەوە باسە دەکەن کە موعاویە کەم حەدیسی پێغەمبەر (ﷺ) ڕیوایەت دەکردو لە بۆنەیەکدا نەبوایە حەدیسی ڕیوایەت نەدەکرد، دەگێڕنەوە کە کاتێك دەچێتە لای عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو ئیبن عامر، ئیبن عامر لەبەری هەڵدەستێتەوەو ئیبن زوبەیر لەبەری هەڵناستێتەوە، موعاویە دەڵێت: مەکە! پێغەمبەر (ﷺ)

---

[٩٥] رواه أحمد (١٦٨٥٦)، تۆێژەرەکانی موسنەد ئەڵێن: (إسناده حسن)، ئەبوداودیش بە ژمارەی حەدیسی (٢٠٧٥) ڕیوایەتی ئەکاتو جگە لەویش ئەم حەدیسە ڕیوایەت ئەکات.

ـەفەرموێت: "من أحب أن يمثل له عباد الله قياماً فليتبوأ مقعده من النار".[٩٦] واتـە: هەرکەس پێی خۆش بێت عەبدەکانی خوا بـە پێـوە بوەسـتن بـۆی بـا شـوێنی خـۆی ـیاری بکات لە ئاگردا.

موجاهیدو عەتا لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە دەگێڕنـەوە کـە موعاویـە باسـی ئـەوەی بـۆ کـردوون کـە پێغەمبـەر (ﷺ) لـە (عـومرە)دا بـە ڕمێکـی سـەرپان قـژی کورتکردووەتەوە، کە ئەمەیان بۆ عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس گێڕایەوە وتیان ئێمە ئەم حەدیسەمان تەنیا لە موعاویـە بیستووە، عەبـدوڵڵا فـەرمووی: "ماکـان معاویـة علـی رسول الله متهماً".[٩٧] واتە: موعاویە لای پێغەمبەر (ﷺ) کەسێکی تۆمەتبار نەبوو.

هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕای پێچەوانەی موعاویەیان هەبوو لـە کاتێکیشـدا کـە ئەو خەلیفە بوو، کاتێك لە ڕیوایەتکردنی حەدیسێکدا هەڵـەی بکردایـە یـان لێـی تێـك بچوایە و، ئەم ڕایەی خۆشیان ڕاگەیاندووە و بە پێچەوانەی ئەویشەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد ئەگەر ئیجتیهادێکی بکردایەو پێچەوانەی ئیجتیهادی ئەمان بوایە.

ئیمامی ئەحمەد لە (مسند)ەکەیداو بە سەنەدی خۆی لـە ئـەبی شـێخولهونائیەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: من لەناو کۆمەڵێك صەحابەدا بووم لە خزمەتی موعاویەدا، موعاویە فەرمووی: سوێندتان دەدەم بە خوا ئاگاتان لەوە هەیە کە پێغەمبـەر (ﷺ) دەربارەی لەبـەرکردنی ئاوریشـم شـتێکی فـەرموو بێـت؟ وتیـان: بـەڵێ، ئـەرێ وەڵـڵا ئاگامان لێیەتی! موعاویەش فەرمووی: منیش شایەتم، پاشان فـەرمووی: سـوێندتان ئەدەم بە خوا ئاگاتان لەوە هەیە کە پێغەمبـەر (ﷺ) نـەهی لـە لـەخۆکردنی ئـاڵتون کردووە مەگەر بە پارچە پارچەیی نەبێت؟! وتیان: بەڵێ، ئـەرێ وەڵـڵا وایـە، پاشـان فەرمووی: سوێندتان ئەدەم بە خوا ئاگاتان لەوەش هەیە کە پێغەمبـەر (ﷺ) نـەهی

---

[٩٦] رواه أحمد فی المسند (١٠٦٨٣٠) تۆێژەرەوەکانی (مسند)یش ئـەڵێن: (إسـناده صـحيح علـى شـرط الشيخين)، مسلم (٢١٢٧)، البخاری (٢٩٣٨)و جگە لەوانیش ڕیوایەتیان کردووە.

[٩٧] رواه أحمد فی المسند، تۆێژەرەکانی ئەڵێن: إسناده صحيح (١٦٨١٣).

کردووه لـه سـواربوونی ئەسپی پلنگەزین (واتـه زیـنی ئەسپەکه بـه پێسـتی پلـنگ داپۆشرابێت، چونکه ئیسـرافـو لوتبـەرزی تێدایـه ! : قـەرزاوی) وتیـان: بـەڵێ، ئـەرێ وەڵڵا وایه، فەرمووی: منیش شـایەتی ئـەدەم، پاشـان فـەرمووی: سـوێندتان ئـەدەم بەخوا ئاگاتان لەوە هەیە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کـردووه کـه خواردنـەوه لـه دەفـری زیوپندا بخورێتـەوه؟ وتیـان: ئـەرێ وەڵڵا وایـه، فـەرمووی: منـیش شـایەتی ئـەدەم، پاشان فەرمووی: سوێندتان ئەدەم بە خوا ئاگاتان لـەوە هەیـه کـه پێغەمبـەر (ﷺ) نەهی کردووه "حەج"و "عومرە" هەردووکیان پێکەوە کۆبکرێنەوە؟ وتیان: ئەمەیان نەخێر، موعاویه فەرمووی: دەی ئەم دانەش لەگەڵیاندایه".[٩٨]

یەکێك لەو شتە سەیرو خۆشانەی باس دەکرێت ئەوەیە کە موعاویه هـەوڵی دەدا خەڵکی فێری جورئەتو بوێری بکاتو دڵسۆز بێت بۆ دینو ئەوەی بە چاکی دەزانێـت فەرمانی پێ بکاتو ئەوەشی بە خراپی دەزانێت بەرگریی لێ بکاتو هەقبێـژ بێـت لـه بەرانبەر هەموو کەسێکدا با ئەو کەسە خەلیفەش بێت. بەدەستەواژەی سەردەم و بە زمانی مافەکانی مرۆڤ ئەم کارە بریتییە لە "بوێری لە ئازادی ڕادەربڕینو قسەکردندا" یان ئازادی لە ڕەخنەگرتنو نەیاربیدا، کە ئەرکێکە ئیسلام خستوویەتییە سەر هەموو تاکێکی موسڵمان نەك تەنیا مافێك بێت و پێی درابێتو بۆی هـەبێت لێـی دابـەزێتو دەستبەرداری ببێت.

ئـەبو قوبـەیل لـه موعاویـەی کـوڕی ئەبوسـوفیانەوە دەگێڕێتـەوە کـه لـه ڕۆژی (قمامه)دا دەچێته سەر مینبەرو لە وتارەکەیـدا دەڵـێ: "سـامانی گشـتی هـی خۆمـه بەتایبـەتیو دەسـتکەوتی وڵاتـانیش هـەر هـی خۆمـه و، ویسـتم بەهەرکەسـی بـدەم دەیـدەمو ویسـتم لەهـەر کەسـی بگرمـەوە دەیگرمـەوە ! کـەس وەڵامـی نەدایـەوە و

---

[٩٨] ئەحمەد لە (مسند)دا ڕیوایەتی کردووە (١٦٨٣٣) دکتۆر قەرزاوی لەم پەراوێزەدا باسی ئەوە دەکات کە ئاڵتون پۆشین بۆ ئافرەتان دروستەو بۆ پیاوان حەرامەو ئەمەش قسەی زانایانی سـەلەفـو ئـەهلیی عیلمەو ئیجماعیشی لەسەرە، ل (٩١) پەراوێزی ژمارە (١).

ڕەخنەی لێنەگرت، کە جومعەی دووهەمیش هات، هەمان شێوە ئەو چەند قسەیەی دووبارە کردەوە، دیسان کەس لێی نەهاتە وەڵام! کە جومعەی سێیەم هات و موعاویە هەمان وتاری دایەوە و هەمان قسەی سێ بارە کردەوە، کابرایەک لە ناو خەڵکەکەی مزگەوتدا هەستایەوە وتی: شتی وا نییە، سامانی گشتی هی ئێمەیە و خەراجی وڵاتانیش هەر هی هەموومانە، هەرکەسیش ببێتە بەربەست لە نێوان ئێمەو سامانی گشتیدا شکاتی خوای لێ دەکەینو شمشێری بە ڕوودا هەڵدەکێشین! موعاویە لەسەر مینبەرەکە دابەزیو ناردی بە شوێن کابراداو بردییە ژوورەوە خەڵکی لە دەرەوە دەیانوت: کابرا تیاچوو، کە پاشان خەڵکەکە چوونە ژوورەوە سەیر دەکەن کابرا لەسەر تەخت دانیشتووەو دەمەتەقێ دەکات، موعاویە بە خەڵکەکەی وت: ئەم پیاوە گیانی کردەوە بە بەرمدا خوا گیان بکات بە بەریدا! (خەڵکینە) جارێکیان لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیست فەرمووی: "سیکون بعدی أمراء، یقولون ولا یرّد علیهم، یتقاحمون فی النار کما تتقاحم القرده".[99] جا ئەوەبوو من کە جومعەی یەکەم ئەو قسەیەم کردو کەس وەڵامی نەدامەوە ترسم لێ نیشت کە منیش لەو جۆرە میرانە بم، پاشان لە جومعەی دووهەمدا هەمان قسەم کردەوەو کەس وەڵامی نەدامەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: کەواتە من لەو جۆرە میرانەم، پاشان کە لە جومعەی سێیەمەدا هەما قسەم کرد و ئەم پیاوە هەستایەوەو هاتە وەڵام لێم گیانی کردەوە بە بەرمدا خوا گیان بکات بە بەریدا.[100]

---

[99] واتە: لە دوای من میری وا دێتە سەر کار بە ئارەزووی خۆیان قسەی ناڕەوا دەکەنو کەسیش وەڵامیان ناداتەوە، ئەوانە بە دوای یەکدا فڕێ دەدرێنە ناو ئاگر، وەک چۆن مەیمون بە دوای یەکدا باز دەدەن.(وەرگێڕ)

[100] هەیسەمی لە (مجمع الزوائد: ٥/٢٣٦)دا ئەڵێ: رواه الطبراني في الكبير والأوسط وأبويعلي ورجاله ثقات.

ئەمانە و، ئێمەش هەمان بیروڕای دکتۆر (عبدالحلیم عریس)مان هەیە، کە بڕوای وایە شایەتیدانی (مەسعودی) بۆ موعاویە (لەگەڵ ئەوەدا شاراوە نییە کە مەسعودی شیعیەو مەیلی بەلای ئالوبەتیدا ئەڕواو بەردەوام هێرش دەکاتە سەر بەنی ئوممەیە) ڕاستترینو پتەوترین شایەتییە بۆ موعاویە...

مەسعودی دەڵێ: (یەکێك لە ڕەوشتەکانی موعاویە ئەوەبوو کە لە هەموو شەو و ڕۆژێکدا پینج جار دەرگای دەخستە سەرپشت بۆ خەڵکی و دیداری لەگەڵ دەکردن، کە نوێژی بەیانی دەکرد لەگەڵ چیرۆکخوانەکاندا دادەنیشت (کە لە وەعزخوێنەکانی ئەم سەردەمە دەچوون! قەرەزاوی) تا لە چیرۆکەکانیان دەبوونەوە، پاشان دەچوویە ژوورەوەو قورئانەکەیان بۆ دەهێناو جوزئەکەی ئەو ڕۆژەی دەخوێندەوەو دوای ئەوە دەچوویەوە بۆ ماڵو لەوێدا فەرمانی بە ئەم دەکردو بەرگری لەوی تری دەکرد، پاشان چوار ڕکات نوێژی دەکردو دەهاتەوە بۆ ناو مەجلیسو خەڵکەکە (...) پاشان نانی نیوەڕۆیان بۆ دەهێناو (.....) جاری وابوو تا دەوروبەری چل کەسی هەژار _ بە پێی بڕی خواردنەکە _ بەشدار دەبوون لەگەڵیدا (.....) پاشان کە بانگی مەغریبی دەدا دەهاتە مزگەوتو نوێژەکەی دەکردو پاشان چوار ڕکاتی تری دەکرد کە لە هەر ڕکاتێکیاندا پەنجا ئایەتی دەخوێند (.....) پاشان ڕێگەی دەدا خەڵکی تایبەت بچنە لایو پاشان کەسە تایبەتەکانی ناو ئەو تایبەتانەو وەزیرو دەستوپێوەندەکانی تر...).[١٠١]

جا (دکتۆر عویس) دەڵێ: "پاش ئەوەی مەسعودی لە درێژەی ئەو باسوخواسانە دەبێتەوە کە ئێمە کورتەیەکمان گواستەوە (و حەزیش دەکەین خەڵك بۆی بگەڕێتەوە، چونکە زۆر جوان باسی دەکات) پاشکۆیەکی ورد لەسەر بەرنامەی ڕۆژانەی موعاویە _ پیاوە گەورەکەی دەوڵەت _ دەنووسێتو دەڵێت: "هەندێ لە

---

[١٠١] المسعودی، مروج الذهب (٣/٤٠).

کاریەدەستانی بەنی ئومەییە کە پاش ئەو هاتن هەوڵیاندا چاو لە ڕەوشتەکانی موعاویە بکەن وەک عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان، بەڵام نەگەیشتنە ئەو حیلمو ئارامییەی ئەو، نەشگەشتنە ئەو سیاسەتمەداریەی موعاویە، و نەشگەیشتنە ئەو بەشێنەیی ڕۆیشتنەی بۆ کاروبارەکانو هەڵکردنی لەگەڵ خەڵکی هەمەجۆرو نەرمونیانی نواندن بەرانبەر گشت تۆێژێکی خەڵکی..".[١٠٢]

لە ڕاستیدا ئەگەر لە خەلیفەو کاریەدەستێکی وەک موعاویە ورد ببینەوە دەبینین کە یەکێکە لە گەورە کاریەدەستەکانی دونیاو لە هەموشیان نزیکترە لە دادپەروەریو داناییەوە، پلەوپایەی موعاویەش بۆیە خوارتر سەیر دەکرێت، چونکە خەڵکی بە یەکێکی وەک عومەری کوڕی خەتتابو عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب بەراوردی دەکەن، ئێ دیارە کە موعاویە ناگات بەو نموونە بەرزانەی ئەو دوانە، لەبەرئەوەشە کە موعاویە سیستمی دەسەڵاتی لەسەر ڕەوڕەوەی خیلافەتی ڕاشدین لادا کە کاتی خۆی خەلیفە لەلایەن میللەتی ئیسلامییەوە هەڵدەبژێررا یان خەلیفەی پێشوو کەسێکی کاندید دەکرد کە خزمی خۆشی نەبێت، ئەم ئەو سیستەمەی واز لێ هێناو کردیە پاشایەتی کە پشتاوپشت دەگوزرایەوە، پاشان لەبەرئەوەشە کە ستەمی لە "عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب" کردو شەڕی "صفین"ی لەگەڵدا کرد. ئێمەی مسوڵمانانیش هەموو سۆزمان لەگەڵ "عەلی"و ئەوانەدایە کە لەگەڵ "عەلی" بوون‌و بڕوامان وایە لەو مەسەلەیەدا "عەلی" لەسەر هەق بوو.

لە شێخ حەسەنی بەسرییەوە دەگێڕنەوە کە چوار ڕەخنەی لە موعاویە هەبووە: شەڕ کردنی لەگەڵ "عەلی"دا، کوشتنی (حوجری کوڕی عەدی)،[١٠٣] (زیاد بن أبیە) کردە برای خۆی، بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی وەرگرت..

---

[١٠٢] هەمان سەرچاوە (٤٢/٣)، بڕوانە: (بنو أمیة بین السقوط والانتحار، ص١٩ و ٢٠).

[١٠٣] ئیبنو حەجەری حەدیسزان لە (الإصابة)دا (٣١٤/١، ٣١٥) ژمارە (١٦٢٩)دا ژیاننامەی ئەم حوجری کوڕی عەدییەی باس کردووە.

ئێمه هاوڕاین لەگەڵ حەسەنی بەسریدا لەو چوار ڕەخنەیەیدا، هەرچەندە ئەو چوارە هەریەکەیان پلەیەکی هەیەو وەک یەک نین.

سەبارەت بە شەڕکردنی لەگەڵ "عەلی"دا، گومانی تێدا نییە کە موعاویە لەو شەڕەدا (باغی) بوو،[١٠٤] فەرموودەی سەحیحیش ئەمە دەسەلمێنێت وەک پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر بە (عەممار) دەفەرموێت "تقتلك الفئة الباغية"،[١٠٥] دەی ئەوانەی کە (عەممار)یان کوشت بریتیی بوون لە موعاویەو پیاوەکانی ئەو.

پرسیاریان لە (شریح)ی قازی کرد، ئایا موعاویە پیاویکی خاوەن حیلم بوو؟ وتی: خاوەن حیلم ئەوە نییە کە سوك سەیری هەق بکاتو شەڕ لەگەڵ "عەلی"دا بکات.[١٠٦](*)

پرسیار لە ئیمامی ئەحمەد کرا ڕای چییە بەرانبەر ئەو شەڕەی لە نێوان عەلیو موعاویەدا ڕوویدا؟ فەرمووی: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ

---

[١٠٤] یەکێك لەو ڕەخنانەی کە من لە هاوڕێی بەڕێز (عبدالحليم عويس) هەمە ئەوەیە کە مێژوونووسێکی گەورەی گەڕیدەی وەك مەسعودی عەیبدار دەکات، گوایە مەسعودی بە بڕیاری پێشوەخت دژایەتیی موعاویە دەکات لەبەرانبەر عەلییدا!! چونکە کوا کامە موسڵمان پشتی موعاویە دەگرێت لەو شەڕەیدا لەگەڵ "عەلی"دا کردی، مەگەر حەدیسی (صحيح) ئەوەی نەسەلماندووە کە موعاویە سەرگەورەی ئەو کۆمەڵە باغیە بووە؟! بڕوانە: بنو أمية بين السقوط والأنتحار، ص٢٠.

[١٠٥] رواه البخاري في فضائل الصحابة عن أبي بكرة (٣٧٤٦). لە چەندین شوێنی تریشدا دووبارە بووەتەوە.

[١٠٦] بڕوانە، البداية والنهاية، (٤٢٧/١١).

* لەڕاستییدا (حیلم)ی موعاویە لەوە بەناوبانگترە کە زانایەکی وەکو شورەبیحی قازی نکوڵیی لێ بکات، تەنانەت بووەتە پەندی سەر زمانی خەڵکی کە موعاویە تەڵەمویەکی لەگەڵ هەموو کەسێکدا بووەو دەوترێ (تەڵەمووەکەی موعاویە)، جا نازانم لەبەر قسەی زانایەك چۆن ژیانو حیلمی حەزرەتی موعاویە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە با ئەو زانایە گەورە تابیعییەکی وەکو شورەبیحی قازیش بێتو لە لایەڕەکانی دواتریشدا بۆت دەردەکەوێ کە ئەو بڕیارە دادی تێدا نییە. (وەرگێڕ).

تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (البقرة: ١٣٤).[١٠٧] واتـه: ئەوانـه ئوممـەتێك بـوون رۆيشـتن، ئەوی كردیان بەرهەمەكـەی بـۆ خۆیانـەو ئێـوەش بەرهـەمی كردەوەكـانی خۆتانتـان دەستدەكەوێتو خوای گەورەش پرسیاری ئەوان لە ئێوە ناكات!

كابرایەك بە ئەبو زورعەی ڕازی وت: من زۆر ڕقم لە موعاویەیە، ئەبو زورعە وتـی: بۆچی؟ كابرا وتی: لەبەرئەوەی شەڕی لەگەڵ "عەلی"دا كرد، ئەبو زورعـە وتـی: خـوا بتگرێ! خوای موعاویـە خوایـەكی بـە ڕەحمـەو بەرانبەرەكـەی موعاویـەش پیـاوێكی بەخشندەیە ئیتر تۆ بۆ خۆت هەڵدەقورتێنیت لەو نێوانەدا.[١٠٨]

بەهەرحاڵ ئەوەی لای ئێمە گرنگە لێرەدا ئەوەیە لە كاتی دەسەلاتی خۆیدا چۆن بووە!؟...

سەبارەت بـە كوشـتنی حـوجرەی كـوڕی عـەدییش ئـەوە ئێمـە نایسـەلمێنین بـا چەندین پاساویشی بۆ بهێنرێتەوە، وەك باس دەكرێت یەكێك لـەو پاسـاوانە ئـەوەبوو كە كوشتنی كەسێك لە پێناو مانەوەی هەزار كەسدا كـارێكی خـراپ نییـە، مەبەسـتی ئەوەیـە كـە ئەگـەر حـوجر بمایەتـەوە دەرگـای فیتنەیـەكی گـەورەی دەكـردەوەو مسوڵمانان بەو هۆیەوە دەستیان دەچوو بە خوێنی یەكداو شـەڕ دەكەوتـە نێوانیـان، بێگومان خوای گەورە لەسەر ئـەو كردەوەیـەی پاداشـتی شـیاوی دەداتـەوە، (قـازی شورەیحیش) دەربارەی حوجر دەڵێت: پیاوێكی شەونوێژكەرو هەمیشە بەڕۆژوو بـوو، دایكیشمان عائیشە لۆمەی زۆری موعاویەی كرد لەسـەر كوشـتنی حـوجر، حـەزرەتی موعاویەش پێی وت: ئەوانە دایان بە كوشت كە شایەتییان لەسەری دا.

ئیمامی تەبەری ڕیوایەت دەكات كە كاتێك موعاویە نزیكی سەرەمەرگ بوویەوە و كەوتە گیانەڵا، دەیوت: حوجری كوڕی عەدی ئەو ڕۆژە زۆر سەختو درێژ دەبێـت كـە

---

[١٠٧] بڕوانە: البداية والنهاية (١١/ ٤٢٧).

[١٠٨] بڕوانە هەمان سەرچاوە (٤٢٧/١١).

بەیەک دەگەین تیایدا (سێ جار ئەم قسەیەی وتەوە).[١٠٩] بەڵام مەسەلەی بە براکردنی (زیاد بن أبیه) ئەو شتێکی بچووکەو ناگاتە ئەو سێ شتەی تر..

سەبارەت بە بەیعەت وەرگرتنیشی بۆ یەزیدی کوڕی هەر لە ژیانی خۆیداو پاشایەتی قۆرخکردنی بۆ نەوە دوای نەوە، ئەمە ئەوەیە کە خیلافەتی ئیسلامی گۆڕی بۆ قەیسەرییەتو کیسرەوییەتو شێوازی خیلافەتی ڕاشدینی چوار خەلیفەکەی تری گۆڕی یان بڵێین پێنج خەلیفەکەی پێش خۆی گۆڕی (ئەگەر حەسەنی کوڕی عەلی بخەینە سەریان)و بەو شێوەیە حەدیسەکەی (سەفینە) هاتە دی کە دەفەرموێت: (الخلافة ثلاثون سنة ثم تكون الملك).[١١٠]

سەیر نییە یەکێکی وەکو شێخ موحەممەد ڕەشید ڕەزا لە کتێبی (الوحی المحمدی)ەکەیدا و تەفسیری (المنار) ەکەشدا هەیە کە دەڵێت: یەکێک لە زانا گەورەکانی ئەڵمانیا بە هەندێ لە زانا مسوڵمانەکانی وتووە" لە (ئاستانە)دا دەبوو ئێمە پەیکەرێکمان لە ئاڵتون بۆ موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان دروست کردباو لە گۆڕەپانی نڵانە شوێنی بەرلینی پایتەختدا دامان بنایە ! کە پێی وترا بۆچی؟ وتی: لەبەرئەوەی ئەو سیستمی حوکمڕانی لە بنەما ئیسلامییەکەی خۆی ترازاند کە لە سەر دیموکراتی دامەزرابوو، گۆڕی بۆ دەمارگیری کەسی دەستڕۆیشتوو! خۆ ئەگەر

---

[١٠٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو، (٢٣٧/١١)، ورواه أحمد (١٩٦٩).

[١١٠] رواه أحمد والترمذي وأبو يعلي في مسنده، وأبن حبان في صحيحه عن سفينة مولى النبي (ﷺ) ومداره على سعد بن جمهان، وفيه كلام، وذكره الالباني في صحيح الجامع الصغير (٣٣٤١) وفي سلسلة الصحيحة (٤٦٠). لە بەشی (بەرپرسیارێتی حەدیسزانەکان لە شێواندنی مێژووی ئێمەدا) موناقەشەی ئەم حەدیسە دەکەین لە کۆتا بەشی ئەم کتێبەداو باسی وەڵامەکەی (إبن العربي)و (إبن خلدون)یش هەر دەکەینو باسی ئەو بیروڕایانەش دەکەین کە هەندێ لە پێشەوایان (ئیبنو جومهان) بە (ضعيف) دەزانن کە تەوەرەی حەدیسەکە لەسەر ئەوەیە.

ئەو نەبوایە ئیسلام دونیای دەگرتو ئێمەی ئەڵمانو گەلانی ئەوروپاش ئەمڕۆ هەموو مسوڵمانو عەرەبی دەبووین.[١١١]

لەگەڵ ئەم گوناهانەشدا کە کردی کەچی چەندین صەحابە هەبوو نەیاری موعاویە بوو و، لە گوڵێ کاڵتریشی پێنەوتووە، بۆ نموونە ئەبوو سەعیدی خودری کە پێیان وت: موعاویە ئەوەندە نرخی داناوە بۆ سەرفیترە، فەرمووی: ئەوە نەخشەو تەقدیری موعاویەیەو من نەقەبوولمەو نە کاریشی پێ دەکەم.

چەندین صەحابە، بەڵکو "تابعین"یش هەبووە کە لە ڕوویدا زۆر بە کاڵی قسەی کردووەو ڕاشکاوانە بیروڕای خۆی دەربڕیووە کەچی ئەو لە بەرانبەریدا لێبووردەو بە لوتف بووە، نەک زبرو توندوتیژ بێت.

زەهەبی حەدیسزان لە کتێبی (سیر أعلام النبلاء)دا لە ئیبنو عەونەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: کەسی وا هەبوو ڕووبەڕووی موعاویە دەوەستا و دەیوت: وەڵڵاهی ڕێکوپێك دەمانبەیت بەڕێوە باشە، ئەگەرنا ڕاستت دەکەینەوە.

موعاویە دەیوت: بە چی؟ دەیووت: بە دەمی شیر، ئەویش دەیوت: کەواتە ڕێکوپێك دەبم.

ئەوەتا ئەبوموسلیمی خەولانی دەچێتە لای موعاویەو پێی دەڵێ: "السلام علیك أیها الأجیر" ئەوانەی لە لای موعاویە دانیشتبوون وایانزانی هەڵەی کردووە، وتیان بڵێ: "السلام علیك أیها الأمیر" کەچی ئەبوموسلیم هەر دەیوت (أیها الأجیر)، موعاویەش پێیان دەڵێت: لە ئەبوموسلیم گەڕێن ئەو خۆی باش دەزانێت دەڵێت چی! ئەبو موسلیم وتی: بەڵێ تۆ کرێکاری موسڵمانانی، تۆیان گرتووە بە کرێ بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئیشو کارەکانیان بکەی!

---

[١١١] بڕوانە: تفسیر المنار (١١/٢٦٠).

* حیکایەتخوانەکان ستەمی زۆریان لەبەنی ئوممەیە کردووە:

بەڵام لە ڕاستییدا چ موعاویەو چ بەنی ئومەییە دوو تاقم ستەمی زۆریان لێکردوون، یەکەمیان لە کۆنەکان کە بریتی بوون لە "حیکایەتخوانەکان"،[١١٢] ئەوانەی کە بە پێی میزاج و ئارەزووی خۆیان ڕووداوە مێژوویییەکان دەگێڕنەوە یان بێ ئەوەی وردی بکەنەوە شتەکە دەگوازنەوە، بەتایبەتی مێژووی بەنی ئومەییە پاش ئەوەی دەوڵەتەکەیان نەماو ڕکابەرەکانیان لە دەوڵەتی عەباسی هاتنە سەر دەسەڵات ئەوجا مێژووەکەیان نووسرایەوە.

هەموومان بە چاوی خۆمان ئەوەمان بینیووە کە کاتێک کۆمەڵێک سەرکەوتن بە دەست دەهێنن دوایی چۆن مێژووی سەردەمی لەناوچووی پێش خۆیان دەنووسنەوە، چۆن هەرچی خراپەیان هەیە هەڵیدەماڵنو هەرچی چاکەیەکیشیان هەیە پەردە پۆشی دەکەن! نەک ئەوە بەڵکو ئێمە بەچاوی خۆمان بینیمان کە ناوی سەرۆک کۆماری کەسێک سڕایەوە لە مێژوودا هێشتا خۆی نەمردبوو، پاش چەند ساڵ دوای ئەوە ئەوجا دانی پێدا نرا، ئەویش پاش ئەوەی کە ڕکابەرەکەی مردو دەسەڵاتی نەما، کە ئەویش بریتیی بوو لە (محمد نەجیب)، کە یەکەمین سەرۆک کۆمار بوو لە میسردا.

ئەگەر موعاویە ئەوەندە خراپ بوایە کە هەندێ ڕیوایەت باسی دەکەن ئەوە هەرگیز پیاوێکی وەک ئیمامی حەسەنی کوڕی عەلی (ڕەزای خوایان لێ بێت) لە پلەی

---

[١١٢] زاراوەی (أخباری) یان حیکایەتخوان، زاراوەیەکە زانایانی ئیسلامی لەو کەسانەیان ناوە کە هەر حیکایەتو بەسەرهاتیان کۆکردووەتەوە، ئیتر ئەو حیکایەتە (سند)ی بوونێت یان نەبووبێت، ڕاست بووبێت یان ناڕاست بووبێت، بێ ئەوەی لە یەکیان جیابکەنەوە، زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆش وەکو ئەو تاقمە وان کە ئاواتیان ئەوەیە هەواڵێک بگوازنەوە لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت بێ ئەوەی وردی بکەنەوەو ڕادەی ڕاستیو ناڕاستی هەموو سەرچاوەکانی لێکبدەنەوە.

خیلافەت دانەدەبەزی بۆی، بۆ ئەوەی یەکڕیزی مسوڵمانان دەستەبەر بکات و، ئوممەت هەموو کۆبکاتەوەو خوێنی پاکیان بپارێزێت، "حەسەن" کە لە پلەی خیلافەت دابەزی کاتێک دابەزی کە بەیعەتی خەلیفایەتی پێدراو ناوی "ئەمیرولموئمینین"ی بەسەردا بڕاو هەوادارو پشتیوانەکانی ئامادەبوون بە خوێنو گیانیان پشتیوانی لێ بکەن، چونکە بڕوایان وابوو کە لە هەموو کەس شیاوترە بۆ پلەی خیلافەت.

بەڵام ئیمامی حەسەن سەیری کرد کە پاراستنی خوێنی موسڵمانان بەو ئاشتیو دابەزینەیَ ئەو دێتە دی‌و بۆ ئەمیش زوهدو دونیانەویستییە ڕەزای خوای لێ بێتو خوا لە جیاتی هەموو ئوممەتی ئیسلامی پاداشتی بەخێری بداتەوە.

ئەوەبوو موسڵمانان لە هەموو هەرێمەکاندا بەم زوهد و (إیثار)و هەڵوێستەی حەسەن زۆر دڵخۆش بوون‌و ئەو ساڵەیان ناونا (عام الجماعة)و کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ جارێکی تر لەسەر پێی خۆی وەستایەوەو دەستی دایەوە چاکسازی لەناوخۆداو بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە دەرەوەدا.

حەدیسێکی _ صحیح _ ی پێغەمبەریش (ﷺ) ئەم هەڵوێستەی "حەسەن"ی کچەزای (ڕەزای خوای لێ بێت) دەنەخشێنێت وەک دەفەرموێت: "إن إبني هذا سيد، وسيصلح الله به بين فيئتين عظيمتين من المسلمين". [113] واتە: ئەم کوڕەی من پیاوێکی گەورەیە، خوای گەورە نێوانی دوو کۆمەڵی گەورەی موسڵمانی پێ چارەسەر دەکات، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریش (ﷺ) یەکێکە لە هەواڵەکانی (غەیب)و داهاتوو، کە ڕۆژان هاتنو ڕۆیشتنو ڕاستی فەرموودەکەیان سەلماندو ئەمەش بە سروشی خوایی نەبێت بە هیچ شتێکی تر نازانرێت.

---

[113] رواه البخاري (٢٧٠٤) عن أبي بكرة.

* خەڵکە تووڕەکانی ئەم سەردەمە

تاقمی دووەم کە ستەمی زۆریان لە بەنی ئومەییە کردووە، هەندێ نووسەری تازەن کە لە خۆڕا تووڕەن لە بەنی ئومەییەو هێرشیان دەکەنە سەر، کە ئێمە لە پێشەوە قسەی هەندێ گەورە بانگخوازمان گواستەوە، لەو قسانە؛ قسەگەلێکی بێ بەڵگەیان تێدایە و زیادەڕەوی لەخۆگرتووە دەربارەی بەنی ئومەییە بە تایبەتیو دەربارەی مێژووی ئیسلامیش بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش بەهۆی بنیاتنانی ئەو بڕیارانە لەسەر عاتیفەو بڕواکردنیش بە هەموو ئەو قسانەی بەبادەدرێن، بێ ئەوەی وردبکرێنەوەو توێژینەوەیان بۆ بکرێت.

ئەگەر ئەمە هەڵوێستی هەندێ لە گەورە بانگخوازان بێت، کەواتە سەیر نییە ئەم هێرشبردنە _ بەڵکو زیاد لەوەش _ لەلایەن هەندێ نووسەری تازەوە ڕووبدات کە وەک ئەو پیاوە گەورانە بۆ ئیسلام نەژیاون، بۆ نموونە هەندێ مامۆستای ئەکادیمیی پسپۆڕ لە مێژوودا کە چوونەتە ژێر کاریگەریی ڕۆژهەڵاتناسانەوە و ئەوان چۆن بۆ مێژووی ئیسلامیو شارستانییەتی ئیسلامی دەڕوانن ئەمانیش هەروا بۆی دەڕواننو ئەوان چۆن سەیری ئوممەتی ئیسلامیو پەیامی ئیسلامی دەکەن ئەمانیش بەهەمان شێوە ! وەک "پولوس فلهۆزن" لە کتێبی (تأريخ الدولة العربية من ظهور الاسلام الى نهاية الدولة الأموية)دا و کتێبەکەی "فان فلوتن" دەربارەی (السيادة العربية والشيعة والإسرائيليات في عهد بني أمية).

لە دیارترین کەسە ئەکادیمییەکان کە دەربارەی بەنی ئومەییە نووسیویانە وای دادەنێن کە دەوڵەتی بەنی ئومەییە "دەوڵەتێکی عەرەبی" بووە، نەک "دەوڵەتێکی ئیسلامی" واتە دەوڵەتێک بووە دەمارگیر بووە بۆ عەرەب دژ بە ناعەرەبو وابەستە نەبووە بە بنەما ئیسلامییەکانەوە کە هاتوون بۆ ئەوەی یەکسانی لە ناو خەڵکدا بەرقەرار بکەنو جیاوازی لە نێوان خەڵکدا بتوێنننەوەو ڕەنگو ڕەگەز نەخوێننەوە.. دیارترین کەسیشیان لەناو ئەو جۆرە نووسەرانەدا بریتیە لە دکتۆر عەبدولڕەزاق

ئەلئـەنبارىو كتـێبى "تـأريخ الدولـة العربيـة"[١١٤] ەكەيـەى، كـە هـەر لەناونيشـانى كتێبەكەيەوە لە رێوە بەنى ئومەييە تۆمەتبار دەكات بەرەگەزپەرستى.

نووسەرى زۆر هەن لەم خولگەيەدا دەسـووڕێنەوەو هەرچـى لـە كتێبێكدا ببينن وەك شتێكى بەلگەنەويست سەيرى دەكەن و، هەندێ گوناهيـان داوە بـەكۆڵى بـەنى ئومەييەدا كە بارى ئەوان نييەو دەستى ئەوانى تێدا نـەبووە، يـەكێك لـەو نووسـەرانە بريتييـە لـە عـەباس مـەحمود عـەققاد نووسـەرى ديـارو گـەورەى ميسـرى، خـاوەنى "ئيسـلاميية عەبقەرييـەكان"ە، كـە ژيانناممـەى زۆرێـك لـە كەسـايەتييە ئيسـلامىو نائيسلاميية‌كانيشى نووسيوە. بەتايبەت "عبقرية علي"و "معاوية في الميـزان"و "أبـو الشهداء" مەبەستى (حوسەينى كوڕى عەلى)ە (ڕەزاى خواى لـێ بێـت)، جگـە لەمانـە شتى تريشى زۆر نووسيوە.

لە پێش هەموو ئەمانەوە نووسينەكانى "طه حسين" دێن، كە دەربارەى مێژووى ئيسـلام نووسـيوونى وەك (الفتنـة الكـبرى) يـان (علـي وبنـوه) و جگـە لـەو دوو كتێبەش...

هەندێكى تـر وەك نووسـەرە چـەپەكانى وەك (أحمد عبـاس صـالح) كـە كتـێبى "حول اليمين واليسار فى الاسلام"ى نووسى.

ئەوەش، كە (عبدالرحمان الشرقاوى) دەربـارەى حـەزرەتى عـەلى نووسـى لـە ژێـر ناونيشانى "على إمام المتقين"دا كـە سـەرەتا لـە ڕۆژنامـەى "الأهـرام"دا بـە زنجـيرە دەينووسىو پاشان كردييە كتێبێك، كە ئەميش دەكرێت لە هەمان خولگەدا دابنرێت.

---

[١١٤] بڕوانە: بنو أمية بين السقوط والانتحار، عبدالله عويس، دارالصحوة، القاهرة، ص٨و٩.

*** بیروڕای ئیبن خەلدون لەوەدا کە ماوەی دەسەڵاتی موعاویە دەخاتە سەر خەلیفەکانی ڕاشدین:**

لە ڕاستیدا حەکایەتخوانەکان لە کۆنداو، نووسەرە تووڕەکانی ئەم سەردەمە تازانەش ستەمێکی زۆریان لە بەنی ئوومەییە بە گشتیو حەزرەتی موعاویە بەتایبەتی کردووەو، موعاویە بەو شێوەیەش نییە کە زۆرێك دەیانەوێت وێنای بکێشن، ئەمە وای کردووە لە یەکێکی پایە بڵندی وەك ئیبن خەلدون، زاناو دانای ناو مێژوونووسانو دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسی، لە مێژووەکەیدا "چاپی فاس کە شەکیب ئەرسەلان پاشکۆی لەسەر نووسیوە" کاتیك کە باسی چوار خەلیفەکەی ڕاشدین دەکات (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت:

"بە دڵنیاییەوە دەڵێم پێویستە ماوەی دەسەڵاتی موعاویە و دەنگوباسەکانی بخرێتە سەر ماوەی خەلیفەکانی ڕاشیدین و دەنگوباسەکانی ئەوان، چونکە موعاویەش لە ڕێزو دادو هاوەڵێتی بۆ پێغەمبەردا لە دوای ئەوانەوەیەو لێرەدا کار بە حەدیسی "الخلافة ثلاثون سنة" ناکرێت، چونکە حەدیسەکە _ صحیح _ نییە و ڕاست ئەوەیە کە موعاویەش یەکێکە لە خەلیفەکانی ڕاشدین.." .[١١٥]

پێش ئیبن خەلدونیش قازیو ئیمام ئەبوبەکری عەرەبی کە ڕێبەری مالیکییەکانی سەردەمی خۆی بوو و دانەری ئەو کتێبە جوانو بە نرخانەیە کە جێی ڕەزامەندی هەموو لایەکە، ئەویش لە (العواصم من القواصم)دا دەڵێ: "ئەم حەدیسە_ صحیح _ نییە" .[١١٦]

عەللامە و زانای گەورەش (محب الدین الخطیب) بە هەمان شێوە لە پاشکۆکانیدا کە لەسەر (العواصم من القواصم)ی نووسیوە قسەکەی ئیبنولعەرەبی پشتڕاست دەکاتەوەو، بەشێکی تایبەتیشی لە کتێبەکە لەسەر هەڵوێستی هاوەڵانی پێغەمبەر

---

[١١٥] تأريخ إبن خلدون (٢/٤٥٨).

[١١٦] العواصم من القواصم، ص٢٠١.

*** بیروڕای ئیبن خەلدون لەوەدا کە ماوەی دەسەڵاتی موعاویە دەخاتە سەر خەلیفەکانی ڕاشدین:**

لە ڕاستیدا حەکایەتخوانەکان لە کۆندراو، نووسەرە تووڕەکانی ئەم سەردەمە تازانەش ستەمێکی زۆریان لە بەنی ئوومەییە بە گشتیو حەزرەتی موعاویە بەتایبەتی کردووەو، موعاویە بەو شێوەیەش نییە کە زۆرێك دەیانەوێت وێنای بکێشن، ئەمە وای کردووە لە یەکێکی پایە بڵندی وەك ئیبن خەلدون، زاناو دانای ناو مێژوونووسانو دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسی، لە مێژووەکەیدا "چاپی فاس کە شەکیب ئەرسەلان پاشکۆی لەسەر نووسیوە" کاتیك کە باسی چوار خەلیفەکەی ڕاشدین دەکات (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەڵێت:

"بە دڵنیاییەوە دەڵێم پێویستە ماوەی دەسەڵاتی موعاویە و دەنگوباسەکانی بخرێتە سەر ماوەی خەلیفەکانی ڕاشیدین و دەنگوباسەکانی ئەوان، چونکە موعاویەش لە ڕێزو دادو هاوەڵێتی بۆ پێغەمبەردا لە دوای ئەوانەوەیەو لێرەدا کار بە حەدیسی "الخلافة ثلاثون سنة" ناکرێت، چونکە حەدیسەکە _ صحیح _ نییە و ڕاست ئەوەیە کە موعاویەش یەکێکە لە خەلیفەکانی ڕاشدین.." .[١١٥]

پێش ئیبن خەلدونیش قازیو ئیمام ئەبوبەکری عەرەبی کە ڕێبەری مالیکییەکانی سەردەمی خۆی بوو و دانەری ئەو کتێبە جوانو بە نرخانەیە کە جێی ڕەزامەندی هەموو لایەکە، ئەویش لە (العواصم من القواصم)دا دەڵێ: "ئەم حەدیسە_ صحیح _ نییە" .[١١٦]

عەللامەو زانای گەورەش (محب الدین الخطیب) بە هەمان شێوە لە پاشکۆکانیدا کە لەسەر (العواصم من القواصم)ی نووسیوە قسەکەی ئیبنولعەرەبی پشتڕاست دەکاتەوەو، بەشێکی تایبەتیشی لە کتێبەکە لەسەر هەڵوێستی هاوەڵانی پێغەمبەر

---

[١١٥] تأريخ إبن خلدون (٤٥٨/٢).

[١١٦] العواصم من القواصم، ص٢٠١.

(ﷺ) و ئەو شتانەی لە نێوانیاندا ڕووی داوە بڵاوکردوەتەوە و پاشکۆیەکی زیادیشی لەسەر نووسیوە.

ئەلبانی فەرموودەناس قسەکەی (محب الدین الخطیب)و ئیبنولعەرەبی و ئیبنوخەلدونیش ڕەتدەکاتەوەو تەنانەت ئیبنوخەلدونیش بەوە تۆمەتبار دەکات کە لە زانستی فەرموودەناسیدا ڕۆنەچووە و زانستی تەواوی پێی نییە.

ئەمەش جیاوازییەکی سورشتییە لە نێوان لۆژیکی فەرموودەناسانو لۆژیکی زانایانی بوارەکانی تر. فەرموودەناسەکان _ بەتایبەت ئەوانەی سەردەمەکانی ئەم دواییە _ زۆر زەحمەتە لایان فەرموودە (ضعیف) بکەن، وەک چۆن لایان زەحمەتە لە ماناو مەبەستی حەدیسەکە ورد ببنەوە کە ئەوان پێی دەڵێن "متن الحدیث" واتە دەقی قسەکەو دەستەواژەو وشەکانی.

شێخ ئەلبانی لە _ تصحیح _ کردنی ئەم فەرموودەیەی (ئیبنو جومهان)دا _ کە ڕەورەوی فەرموودەی "سەفینە"ی لەسەر بەندە _ پشتی بە بیروڕاکانی ئیمام ئەحمەدو ئیبنوموعینو ئەبوداودو ئیبنوحەبان بەستووەو گوێی بەو قسەیەی بوخاری نەداوە کە دەربارەی ئیبنو جومهان دەیڵێت کە دەفەرموێت: لە فەرموودەکانیدا شتی سەیرو سەمەرە هەیە! هەروەها قسەکەی ئیمام ساجی کە دەڵێت: حەدیسی جومهان (موتابەعە)[117] ناکرێت، جا ئەلبانی دەڵێت: ئەم (جرح)ە نادیارەو تەفسیری تەواوی نەکراوە، بۆیە دروست نییە وەربگیرێتو کاری پێ بکرێت!.[118]

---

[117] ئەم زاراوەیە لەناو زانایانی زانستی فەرموودەدا مەبەست پێی ئەوەیە کەسێک کە تاکە حەدیسێک ڕیوایەت دەکاتو ئەوەندە (ضعیف)ە حەدیسەکەی بۆ بەهێز ناکرێتو فەرموودەی تر نەهاتووە لەو مانایەدا یان بەو (لەفز)ەی ئەو بۆ ئەوەی (تقویە)ی ئەم فەرموودەیەی ئەمی پێ بکرێت، بە پێچەوانەی فەرموودەی کەسی تر‌ەوە کە ئەوەندە (ضعیف) نییەو (شاهد) یان (متابع)یشی هەیە (وەرگێڕ).

[118] سلسلة الأحادیث الصحیحة، الألباني (١) حەدیسی ژمارە (٤٦٠).

من سەرم لەم قسەیەی ئەلبانی سوور دەمێنێت چونکە لە ڕاستیدا ئەم (جرح)ە تەفسیر کراوە، چونکە خۆ بوخاری نەیتووە (لا یحتج به) و بێدەنگ بێت وەک چۆن ئەبوحاتەم وای کردووە، بەڵکو هۆکەشی ڕوون کردووەتەوە ئەویش ئەوەیە لە (متن)و دەقی ئەو فەرموودانە وردبونەتەوە کە (جومهان) ڕیوایەتی کردوون بۆیە دەفەرموێت (لە فەرموودەکانیدا شتی سەیرو سەمەرە هەیە)، واتە: هەندێ شتیان تێدایە کە لە لۆژیکی دین و لە لۆژیکی زانستیشدا قەبوڵ ناکرێت، بەهەمان شێوە قسەکەی (ساجی)یش کە دەڵێت: (لا یتابع علی حدیثه) ماناکەی ڕۆشنە کە ئەوەیە: تەنیا ئەو فەرموودەی سەیر و سەمەرە ڕیوایەت دەکات کە کەس موتابەعەی نەکردووە و وەک ئەوی نەوتووە، هەرکەسیش حاڵی وا بێت دیارە فەرموودەکانی ڕەت دەکرێنەوەو دەدرێنەوە بەسەریدا.

بەڕێز (محب الدین الخطیب) کە فەرموودەی (سەفینە) بە (ضعیف) دەزانێت هۆکەشی ڕوون دەکاتەوە بەوەی دەڵێ: ئەم فەرموودەیە پێچەوانەو دژی ئەو فەرموودە صحیحەی پێغەمبەرە (ﷺ) کە ئیمامی موسلیم لە کتێبی (الأمارة)دا لە ناو _ صحیح _ هەکەی خۆیدا ڕیوایەتی دەکات لە جابری کوڕی سەمورەوە کە دەڵێت: لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبوتالیبدا چووینە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێم لێ بوو فەرمووی: "إن هذا الأمر لا ینقضي حتی یمضي منهم اثنا عشر خلیفة .. کلهم من قریش".[119] واتە: ئەم کارووبارە هەر بە دەستی قورەیشەوە دەمێنێتەوە تا دوانزە خەلیفەیان دەسەڵات دەگرنە دەست و هەموویان هەر لەوان دەبن.

لە هەندێ ڕیوایەتی تردا هاتووە کە دەفەرموێت: (لا یزال الاسلام عزیزاً الی اثنا عشرة خلیفة .. کلهم من قریش".

---

[119] بڕوانە: حەدیسی ژمارە (١٨٢١) لە "کتاب الامارة" دا.

هەردوو پیاوە گەورەکەی ئیسلامیش (بوخاریو موسلیم) لە ئەبوهورەیرەوە ـەگێڕنەوە کە وتوویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: "كانت بنو إسرائيل تسوسهم الانبياء، كلما هلك نبي خلفه نبي، وانه لا نبي بعدي، وسيكون خلفاء فيكثرون، قالوا فما تأمرنا؟ قال: فوا ببيعة الاول فالاول، اعطوهم حقهم، فان الله سائلهم عما استرعاهم". [١٢٠] واتە: پێغەمبەران سەرپەرشتی کاروباری سیاسیی بەنی ئیسرائیلیان دەکرد، کە پێغەمبەرێك دەمرد پێغەمبەرێکی تر دەهاتە جێگەی، ئەوە بزانن پاش من پێغەمبەری تر نایەتو لەمەودوا خەلیفە دێنو زۆر دەبن، عەرزیان کرد: فەرمانمان بەچی پێ دەکەی؟ فەرمووی: پەیمان(بیعة)ی یەکەمەکەیان بپارێزنو پاشان پەیمانی دوای ئەویش بپارێزن، ئێوە مافی ئەوان بدەنو خواش لێپرسینەوە لەگەڵ ئەواندا دەکات لەسەر ئەو کاروبارەی خستوویەتییە ژێر دەستیان.

هەندێ لە زانایانیش هەماهەنگی (تەوفیق) دەخەنە نێوان ئەم فەرموودە صەحیحانەوەو فەرموودەکەی (سفینه)وەو دەڵێن: مەبەست بە فەرموودەی (الخلافة ثلاثون سنة) ئەو خیلافەتەیە کە لەسەر بەرنامەی پێغەمبەر (ﷺ) دەڕوات وەك لە ڕیوایەتەکەی ئەبوداود (٤٦٤٦)و جگە لەویش دا هاتووە ، مەبەستیش لە فەرموودەکانی تر بریتییە لە خیلافەت بەشێوەیەکی گشتی.

بەڵام من شتێکم بۆ دەرکەوتووە لە ژێر ڕۆشنایی فەرموودەکەی ئەبووددا ئەویش ئەوەیە فەرموودەکەی سەفینه (ڕەزای خوای لێ بێت) وەك وەڵامێك وایە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان وابووە کە (عەلی) (ڕەزای خوای لێ بێت) ناچێتە ناو ئەو خیلافەتەوە کە بە بەرنامەی پێغەمبەر ﷺ _ خلافة النبوة _ دەڕۆیشت بەڕێوە، چونکە لەسەردەمی ئەودا خەڵك ئاڕاوەی تێکەوت، بە پێچەوانەوەی هەر سێ خەلیفە ڕاشدینەکەی تردوە، واتە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان، بۆیە ئەبوداود فەرموودەکە

---

[١٢٠] متفق علیه، بڕوانه (اللؤلؤ والمرجان (١٢٠٨).

بەم شێوەیە دەهێنێت‌و دەڵێ: (قال سعيد: قلت لسفينة: إن هؤلاء (يعني خصوم علي) يزعمون أن علياً لم يكن بخليفة، قال: كذبت أستاه بني الزرقاء يعني: مروان).[١٢١] مەبەست لە فەرموودەکە دیارە ئەوەیە کە "عەلی" بخرێتە ناو خیلافەتی ڕاشدینەوە نەک خەڵکی تری لێ دەربهێنرێت..

* وەلیدی کوڕی یەزید و یەزیدی کوڕی وەلید:

شتێکی شاراوە نییە لای ئەو کەسانەی مێژوو دەخوێننەوە کە خراپترین کەسێك کە کورسی خیلافەتی پێدرا بێت لەناو بەنی ئومەمەیەدا بریتی بووە لە وەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك کە چووە شوێنەکەی مامەی خۆی کە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك بوو، ئەم وەلیدە بەوە بەناوبانگ بوو کە پیاوێکی فاسق‌و بەرەڵاو مەشروب خۆر بوو، لە ڕووی جنسییەوە ڕیزپەڕەو خەڵکیش بە گشتی لێی پەست‌و عادز بوون، کار گەیشتە ئەوەی کە کوژراو کورسی خیلافەت درایە ئامۆزاکەی کە پیاوێکی صالح‌و دادپەروەر بوو کە ئەویش (یەزیدی کوڕی وەلید)ە.

خەڵك موبالەغەی زۆر دەکەن لەو شتانەدا کە دەیدەنە پاڵ (وەلیدی کوڕی یەزید) و شتانێکی دەدەنە پاڵ کە _صحيح _ نییە وەك کوفرو زەندیقی بۆ نموونە، تەنانەت هەیە دەڵێ: گوایە ڕۆژێك قورئان دەخوێنێت کە دەگاتە ئەم ئایەتەی سوورەتی ئیبراهیم کە دەفەرموێ: (وَاسْتَفْتَحُواْ وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ)[١٢٢] (إبراهيم: ١٥)، واتە: پێغەمبەران داوای سەرکەوتنیان لەخوا کردو ئەوسا ئیتر نائومێدیو لەناوچوون ڕووی کردە سەرسەخت و ستەمکاران. قورئانەکە دەدرێنێت و دەڵێت:

---

[١٢١] بڕوانە: حەدیسی ژمارە (٤٦٤٦) لە سنن أبی داود دا ٥/٣٦و٣٧.

[١٢٢] واتە: شوێنکەتەوەکانی پێغەمبەرانو پێغەمبەران داوایان لە خوا کرد کە ڕزگاریان بکات، ئەوەبوو هەموو ستەمکارە کەلە ڕەقەکان ڕەنجەساربوونو تیاچوون.(وەرگێڕ)

أتوعد كل جبار عنيد؟ فها أنا ذاك جبار عنيد!

اذا لاقيت ربك يوم حشر فقل ياربي مزّقني الوليد![123]

دەی ئەم شیعرە هەڵبەستن بە سیمایەوە هاوار دەکات، ئیمامی "زەهەبی"یش لە "سیر أعلام"دا دەڵێ: "لە کۆڕی خەلیفە مەهدی عەباسیدا باسێکی وەلیدیان هێنایە ناو، کابرایەك لە مەجلیسەکەدا وتی: وەلید کابرایەکی زەندیق بوو، خەلیفە مەهدی وتی: نا، مەکە! خیلافەتی خوای گەورە لەوە پیرۆز تر ە کە بردێتە کابرایەکی زیندیق!

لە وەلیدی کوڕی هیشامی قەحزەمییەوە دەگێڕنەوە کە ئەویش لە باوکییەوە دەیگێڕێتەوە وتوویەتی: کاتێك کە دەوری وەلید دەدەن بیکوژن، خێرا قورئانەکەی دەکاتەوەو دەڵێ: با منیش وەك عوسمانی ئامۆزام شەهید بکرێم!

لە "حەماد"یشەوە ڕیوایەت دەکرێت کە دەڵێت: جارێکیان لای وەلیدی کوڕی یەزید بووم، دوو ئەستێرەناس (فاڵچی) قسەیان بۆ دەکردو دەیانوت: بەپێی وردبوونەوەی ئێمە جەنابت حەوت ساڵ دەسەڵاتت لەدەستدا دەبێت، منیش وتم: درۆ دەکەن، ئێمە باشتر لە شوێنەوار ئاگادارین، وا نییە جەنابت چل ساڵ دەسەڵاتت لە دەستدا دەبێت! وەلید تۆزێ وەستاو پاشان وتی: نە قسەی ئەو دووانە بێئومێدم دەکاتو نە قسەکەی تۆش یاخیم دەکات، سوێند بە خوا ئەوەندە سامان لە حەڵاڵدا کۆدەکەمەوە، وەك ئەو کەسەی کە بە تەمایە هەرگیز نەمرێتو ئەو سامانەش لە شوێنی گونجاو و شیاوی وادا سەرف دەکەم وەك ئەو کەسەی وا دەزانێت بەیانی دەمرێت".[124] دەی ئەم جۆرە قسانە لە پیاوی زندیق دەرناچێت..

---

[123] واتە: تۆ وەعد بەهەموو ستەمکار و زۆردارێك دەدەی، دە ئەوە من ستەمکار و زۆردارم، ئەگەر ڕۆژی حەشر گەیشتیتە خواکەت پێی بڵێ: وەلید درێندەمی!

[124] سیر أعلام النبلاء (٥/٣٧١، ٣٧٢).

"زەهەبی" لە "تـأریخ الاسـلام"[١٢٥]دا دەڵێـت: "منـیش دەڵـێم: خـەڵك ڕقیـان لـە وەلید بوو لەبەر فیسقو بەرەڵڵاییەکەی، وایان دەزانی بێدەنگ بـن گوناهبـار دەبـن، بۆیە لە دژی ڕاپەڕین، ئەوە ڕاست نییە کە کوفرو زندیقی هەبووبێت، ڕاستە کابرایـەك بـوو بـە ناوبـانگ بـوو بـە مەشـروب خـواردنو هەتیوبازیـەوە ! لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر نەمایەوە لەسەر دەسەڵات، بەڵکو تـەنیا سـاڵێك و سـێ مـانگ دەسـەڵاتی لەدەسـتدا بـوو، ئـەوەبوو خـەڵك لێـی ڕاپـەڕینو بـەردبارانیان کـرد و چـوونە نـاو کۆشـکەکەیو چـواردەوریان گـرتو کوشـتیانو کورسـی دەسـەڵاتیان تەسـلیم بـە (یەزیـدی کـوڕی وەلید)ی ئامۆزای کرد، کە ئەم یەزیدە و عومەری کـوڕی عەبدولعـەزیز بـە دوو کەسـە دادپەروەرەکەی بنەماڵەی مەروان دادەنرێن.

ئەمە شۆڕشێکی جەماوەری بوو کە موسڵمانان پێی هەستان، ئـەو موسـڵمانانەی کـە لەبـەر خـاتری دیـن تـووڕە دەبـنو گـەمارۆی خەلیفـەش دەدەنو بەردبارانیشـی دەکەنو ناچاری دەکەن واز لە دەسـەڵات بهێنێتو لەمەوە دەیگوازنەوە بـۆ کەسـێکی تر کە شیاوە بۆی.. نازانم مێژوونووسان بۆ ئامـاژە بـەم شۆڕشە ناکەن کە جـەماوەری موسڵمان خۆبەخۆ پێی هەستاونو کاربەدەستێکیان لاداوەو کاربەدەستێکی تریان لە جێگەی داناوە.

(زەهەبی) فەرمووەناس لە کتێبەکەی خۆیدا (سیر أعلام النبلاء) و لە (خەلیفەی کوڕی خەییات)ەوە دەگێڕێتەوە کە ئەویش بە سەنەدی خۆی دەگێڕێتەوە کە یەزیدی کوڕی وەلید لە کاتی کوشتنی وەلیدی کوڕی یەزیددا وتـارێکی داو وتـی: سـوێند بـە خوا من لەبەر شەڕو شۆڕو لوتبـەرزی یـان لەبـەر تـەماعی دونیـا یـان لەبـەر کورسـی دەسەڵات ئەم شۆڕشەم نەکردووە، بەڕاسـتی ئەگـەر خـوا لـێم نـەبوورێت ئـەوە خـۆمم دۆڕاندووە، بەڵام خوا خۆی دەزانێت کە لەبەر ئەو و لەبەر ئایینەکـەی ئـەم شۆڕشـەم

---

[١٢٥] (٥/١٧٦- ١٧٩). هەمان سەرچاوە (٥/٣٧٣) لە پەراوێزدا.

کردووه و خەڵکی بۆ لای قورئانو پەوشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بانگ دەکەم، چونکە مەشخەڵەکانی هیدایەت خەریکە دەکوژێنەوەو نووری ئەهلی تەقواش خەریکە دەکوژێتەوەو کەسی ستەمکاری غافڵ لە شەرعی خوا دەسەڵاتی پەیدا کردووەو سواری پشتی بیدعە بووە، منیش زۆر لەوە ترسام کە ستەمی داتانبپۆشێتو دەستی لێ هەڵنەگرێتو هەمووتان فێری تاوان بکاتو، خەڵکی بۆ ئەوەی بانگ بکات کە خۆی لەسەریەتی، بۆیە داوام لە خوا کردو هەموو ئەوانەی چواردەوری خۆمم بانگ کردو، خوای گەورەش وڵاتو خەڵکی لەم ستەمکارە ڕزگار کرد.

خەڵکینە !

پەیمانی ئەوەتان پێدەدەم ئەگەر من کاروباری ئێوەم گرتە دەست بەردێك نەخەمە سەر بەردو دینارێك[١٢٦] لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر نەگوازمەوە تا هەرچی پێویستی بەرەکانی سنوور هەیە تۆکمەی نەکەم بەو ماڵو پارە، جا ئەگەر شتێکیشی لێ مایەوە ئەوە دەیدەم بەو هەرێمەی لەو سنوورەوە نزیکە بۆ ئەوەی بژێوی خەڵکی هەموو بەرقەرار بێتو یەکسان بن بە یەکتری، جا ئەگەر لەسەر ئەمەی کە وتم بەیعەتم دەدەنێ ئەوە من لە خزمەتتاندام، خۆ ئەگەر لەمەش لامدا ئەوە ئێوە ئازادنو من هیچ مافێکم بە سەرتانەوە نامێنێت، خۆ ئەگەر کەسێکی تریش شك دەبەنو وا دەزانن لە من بەهێزترو چاکترە بۆ ئەم کارەو دەتانەوێت بەیعەتی پێ بدەن، ئەوە بزانن من یەکەم کەسم دەبم لەناوتاندا کە بەیعەتی پێبدەمو گوێڕایەڵی لێ بکەم، خوا لە منیشو لە ئێوەش خۆش بێت".[١٢٧]

---

[١٢٦] لەدەقە عەرەبییەکەدا (مالا) بەکارهێناوە، من دینار لەو شوێنەدا بەجوان دەزانم لە بەرامبەریدا، هەرچەندە (مال) تەنها پارە ناگرێتەوە !... ڕێناس

[١٢٧] سير أعلام النبلاء ٣٧٢/٥.

که گوێمان لەم وتارە دەبێت دەڵێی گوێمان لە وتاری عومەری کوری خەتتاب گرتووە یان گوێمان لە وتاری عومەری کوڕی عەبدولعەزیز گرتووە (ڕەزای خوایان لێ بێت).

بەڵام لە بێبەختیی ئەم ئوممەتە یەزید پاش شەش مانگ بە نەخۆشی "تاعون" وەفاتی کردو خیلافەتی جێهێڵا، تەنانەت ئیمامی (زەهەبی) دەفەرموێت: (انه ما متع ولا بلع ریقه) کابرا چاوی نەدڕیەوەو لیکی خۆی نەخواردەوە مرد!

(٢)

دەوڵەتی بەنی عەباس

دەوڵەتی بەنی ئومەییە دەورانی خۆی تەواو کردو پیر بوو، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا چەند میرێکی لاواز دەسەڵاتیان گرتە دەست کە ئەوەندە بەهرەو توانایان تێدا نەبوو بتوانن لە پووی ئەو هەموو لاوازییەدا بوەستن کە پووی کردبووە سیستمی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتەکە، تەنانەت کۆتا خەلیفەی ئەمەوییەکان کە ناوی موحەممەدی کوڕی مەروان بوو پێیان دەوت (مەروانە کەر)!.

بەنی عەباس دەسەڵاتیان گرتە دەستو بوونە میراتگری ئەمەوییەکان، ئەمانە خەلیفە یەکەمەکانیان پیاوی بەهێزو بە توانا بوون وەک: مەنصورو ڕەشید و مەئمون، ئەم دەوڵەتە چەند سەدە مایەوەو شارستانییەتی ئیسلامی ئەوەندە گەشەی کرد تێیدا کە چەند سالّ توانییان ڕێبەرایەتی هەموو دونیا بکەن.. شارستانییەتی ئیسلامی ئەو شارستانییەتە پێشەنگە بوو لە هەموو دونیادا کە زانکۆکانی لانەی هەموو ئەو خوێندکارانە بوو کە بە شێوەی شاندو نوێنەر لە ئەوروپاو جگە لە ئەوروپاش دەهاتن بۆ خوێندن تێیاندا.

زانا بەناوبانگەکانی ئەو کاتە بریتی بوون لە دیارترینو بەناوبانگترین زاناکانی سەردەمی خۆیان وەک (ئیبنو حەییان و ئیبنو هەیسەم و بێرونی و ڕازی و ئیبنو سینا و زەهراوی و خواڕەزمی و ئیبنو نەفیس و ئیبنو ڕوشد و کیندی و چەندانی تریش..

کتێبە زانستییەکانی ئەم زانایانەش بریتیی بوون لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو لەلای زانایانی ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوا، بۆ نموونە لە زانستی پزیشکیدا چەندین کتێبی وەکو "الحاوی"ی ڕازی و "القانون"ی ئیبنو سیناو "التصریف عن عجز التألیف"ی

زەهاوی و "الکلیات"ی ئیبنو ڕوشد هەن وەی تریش... زمانی عەرەبیش یەکەمین زمانی زانستی ئەو سەردەمە بوو لە هەموو دونیاداو ئەوەی بیویستایە ڕۆبچێتو زیاتر شارەزایی پەیدا بکات لە زانستدا دەبوو خۆی فێری ئەو زمانە بکردایەو باش شارەزا بوایە تێیدا، قسەکردنیش بە زمانی عەرەبی لەو سەردەمەدا بەڵگەی پێشکەوتنو ڕۆشنبیری خەڵك بووە.

ئەم شارستانییەتە ئیسلامییە بەوە جیادەکرایەوە لە شارستانییەتەکانی تر کە ئەم هەموو کایەکانی جوانیو ئاوەدانی دەگرتە خۆی، زانستەکانو هونەرەکانو ئەدەبەکان هەموو دەستیان لەمل یەکتری دەکرد، سیفەتێکی تری ئەم شارستانییەتە ئەوەبوو کە هاوسەنگ و میانڕەو بوو لە هەموو شتەکاندا، بۆیە ئیمانو زانست دەستەملان بوون لەگەڵ یەکتریدا لەناو ئەم شارستانییەتەدا، هەروەك داهێنانی ماددی و بەرزبوونەوەی ڕۆحیو ڕەوشتی دەستەملان بوون، ئەوەبوو لەناو ئەم شارستانییەتەدا دینو دونیا پێکەوە کۆبووبوونەوە، ئای کە جوانە دین و دونیا هەمیشە پێکەوە بن!!

شاعیرێك بە (مەئمون)دا هەڵدەداتو دەڵێ:

أمسى امام الهدى المأمون مشتغلاً

بالدين، والناس بالدنيا مشاغيل![128]

"مەئمون" وتی: هەر ئەمە مابوو بشمکەن بە ڕاهیبێکی ناو میحراب، باشتر نییە وەك ئەو شاعیرە شیعر بڵێی کە بەرانبەر بە مەنصوری باپیرەم وتی:

فلا هو في الدنيا مضيع نصيبه

ولا عرض الدنيا عن الدين شاغله![129]

---

[128] واتە: پێشەوای ڕوناکی کە "مەئمون" ە سەرقاڵە بەکاروباری ئایینیەوەو خەڵکیش هەموو سەرقاڵن بە کاروباری دونیاوە.

ئەوان بەو شێوەیە سەیری دونیایان دەکرد کە دەستەملانی ئایین بێت، ماددە ئاوێتە بێت بە ڕۆح و نابێت لە یەکتری جودابکرێنەوە.

ئیتر نازانم هەندێك کەس چۆن دەڵێن: مێژووی ئیسلامی تۆمارێکە لە شتی کەموکورت و خراپ، نەك ئەمە بەڵکو هەندێك دەڵێن: مێژووی ئیسلامی بریتییە لە کۆمەڵێك تاریکی بەسەر یەکەوە .

ئێمە چۆن دەبێت چاو لە شارستانییەتێك بنوقێنین کە لە لوتکەدایە و چەندین سەدە لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە؟ چۆن لەناو تاریکاییەوە ئەو هەموو ڕووناکییە دێتە دەر کە دونیای ڕووناك کردەوە، ڕۆژئاوای فێری شارستانی کردو زۆرێك لە بنەما شارستانییەکانی لە شارستانییەتی ئێمەوە وەرگرت، بەتایبەتی "میتۆدی ئەزموونی _ المنهج التجریبی" کە ڕاپەڕینی ئەوروپای دروستکرد.

ڕۆژئاوا کاتێك خەبەری بوویەوە کە چەخماخەیەکی لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرکەوتو لەو خەوە قوواڵەی بەخەبەری هێنایەوە، چونکە ڕۆژئاوای مەسیحی لە زۆر ڕێگەوە تەماس و بەریەککەوتنی لەگەڵ موسڵمانانداو بۆ دروست بوو وەك: جەنگەکانی خاچپەرستان و فتوحاتی ئیسلامی لە ئەندەلوس و شوێنەکانی تریشدا. بەم بۆنەیەوە پێویستە باسێکی ئەو شارستانییەتە گەورەیە بکەین کە مسوڵمانان لەناو دڵی ئەوروپادا دروستیان کرد، واتە لەناو "ئەندەلوس"دا، کە ئیسپانیای ئێستایەو ئەو شارستانییەتە بۆ نزیکەی (هەشت سەد) ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام دەمارگیریی خاچپەرستی پەلاماری ئەو شارستانییەتەی داو لەناوی بردو تەنانەت جینۆسایدی مسوڵمانەکانیشی کردو کوانویەکی نەهێڵا کە ژیلەمۆیەکی تێدا بێت.

---

[١٢٩] واتە: نەپشکی دونیای پشتگوێ خستووەو نەباوەش کردنەوی دونیاش بۆی سەرقاڵی کردووەو ئایینی لەبیربەرێتەوە.

* دەوڵەتی گەشەی زانستو مەدەنییەت:

دەوڵەتی بەنی ئوممەییە _ وەك بینیمان _ دەوڵەتی فتوحاتو دامەزراندنی شارستانییەت بوو، تەنانەت سەرەتای وەرگێڕان لە ئەوانەوە دەستی پێکردو لە یەکێك لە میرەکانیانەوە بوو بە ناوی "خالیدی کوڕی یەزید".

یەکێك لە نەخشەکانی خوا ئەوەیە کە هەموو شتێك بە بچووکی دەست پێدەکاتو پاشان وردە وردە گەورەی دەکات، سەرەتا لاوازەو پاشان وردە وردە بەهێز دەبێت، سەرەتا سادەو سانایەو پاشان بەشو پارچەی تری بۆ دروست دەبێتو ئاڵۆز دەبێت، شۆڕشی زانستو ئەدەبو ڕۆشنبیری لە ئیسلامدا هەر بەو شێوەیە دەستی پێکرد، وەك چۆن موسڵمانان و ناموسڵمانانیش ئەو مێژووەیان نووسیوەتەوە، بۆ نموونە ئەحمەد ئەمین لە کتێبی "فجر الاسلام" و "ضحی الاسلام"دا تۆماری کردووە، یان وەك چۆن زانایانی ڕۆژئاوا نووسیویانەتەوە، ئەوانەیان کە گرنگیی مێژوویی بە شارسانییەتی میللەتانی تری دنیا دەدەن.

سەردەمی عەباسییەکان بەتایبەتی سەردەمانی یەکەمی عەباسییەکان، سەردەمی مەنصورو هارونە ڕەشیدو مەئمونو پاش ئەوانیش بریتییە لە سەردەمی زێڕینی شارستانییەتی ئیسلامی بێ ئەوەی کەس نکوڵیی بکات.

ئەم خەلیفە گەورانە زۆر سور بوون کە دەوڵەتەکانیان لەسەر پتەوترین پایەی زانستیو مەعریفەی دینی و دونیایی ڕابوەستێت، چونکە قەناعەتیان وابوو کە هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت بەرقەرار ببێت بە زانستو مەعریفەوە نەبێت، چونکە زانستی بە کەڵك بناغەی کاری چاکەو کۆڵەکەی ژیانی بێ غەڵو غەشە.

هەر لەبەر ئەمەیە کە خەلیفەیەکی وەکو مەنصور دەبینین ئەوپەڕی گرنگی بە زانستی ئایینی و زانستی دونیایی دەدات.

سەبارەت بە گرنگی دانی بە زانستی ئایینی ئەوە شتێکی سەیر نییە، چونکە خۆی یەکێك بوو لە جەمسەرەکانی[١٣٠]، ئەوەتا بە ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس دەڵێت: "وەك ئاگاداری لەم ڕۆدا جگە لە منو تۆ کەسێکی تر نەماوە لەم گۆڕەپانەداو، لەوەش ئاگاداری کە من سەرقاڵم بە کاروباری خەڵکەوە، بۆیە دەمەوێت کتێبێك بنووسی شێوەی ئاوا و ئاوا بێت، سەرەتاو کۆتاییەکەی بە یەکەوە ببەستیتەوە ... ئیمامي مالیك دەفەرموێ (فعلّمنی التصنیف) فێری کتێب دانانی کردم.

ئەوەبوو ئیمامی مالیك کە لە دانانی کتێبەکەی بوویەوە پیشانی مەنصوری دا، مەنصور ویستی بیکاتە یاسای گشتی دەوڵەت و خەڵکی پێوە پابەند بکاتو لە دادگاکانو شوێنەکانی تریشدا کار بەو کتێبە بکرێت، بەڵام ئیمامی مالیك ئامۆژگاری کرد کە وا نەکاتو ئەویش بە گوێی کرد.

سەبارەت بە گرنگیدانی مەنصور بە دونیا زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خەڵکی هاندا بۆ ئەوەی هەرچی کتێبی زانستی و فەلسەفی یۆنان و فارس هەیە وەربیگێڕنە سەر زمانی عەرەبیو دیاریو خەڵاتی چاکیشی بۆ ئەم کارە داناو کوڕو کوڕەزاکانیشی دوای خۆی کە بوونە خەلیفە بەردەوام بوون لەسەر ئەم کارەو بە خۆیان سەرپەرشتییان دەکردو باشترین دیارییان دەدا بە وەرگێڕەکان، دەستیان تەواو کراوە بوو بۆیان، ئەوەبوو بزاڤی وەرگێڕان ئەوەندە چالاکی بە خۆیەوە بینی کە هەرچی کتێبی گەورە فەیلەسوفو دکتۆرە گەورەکانی یۆنان هەیە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی.

شاراوە نییە کە کتێبەکانی فەلسەفە _ کە ئەوکات پێی دەوترا "حیکمەت " _ تەنیا بریتی نەبوون لە لایەنی تیۆری و تەجریدی کە باس لە نهێنیو عیللەو معلول

---

[١٣٠] جەمسەرمان بۆ (أقطاب) بەکارهێناوە (وەرگێڕ).

دەکات دەربارەی بوونو مەعریفەتو بەها بالآکان، وەک: ڕاستیو خێرو جوانی، کە ئەمانە بناغەی فەلسەفەن، وەک دکتۆر (تۆفیق ئەلتەویل) دەیڵێت، بەڵکو ئەو کتێبانە هەموو ئەو بابەتانەشی تێدا بوو کە ئەمڕۆ ناومان لێناون "زانستەکان" وەک فیزیا و فەلەکیات "گەردوونناسی" و کیمیا و پزیشکی "طب"و بیرکاری و ئەوانی تریش، کاتی خۆی ئەم زانستانەش لقێکی تر بوون لە لقەکانی فەلسەفە، ئەم زانستانە لە بناغەدا ناویان زانستی "گوازراوە _ نقول" بوون، چونکە کۆمەڵگەکان زۆر پێویستیان پێیان هەبوو، هەر لەبەر ئەوەیشە کە هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستی پێیانە بۆ ئەوەی گەشە بکاتو بە پەیژەی شارستانییەتدا بەردەوام سەربکەوێت.

پرۆسەی وەرگێڕان لە بناغەدا پرۆسەیەکی دەوڵەتی بوو، دەوڵەت خۆی سەرپەرشتی دەکردو یەکێك بوو لە بەرنامەو شتە ستراتیژییەکانی دەوڵەتو کارێکی بێبەرنامەو هەڕەمەکی نەبوو، هەرکەس بۆ خۆی!

لاکردنەوە بەلای زانستدا بە هەموو لقو پۆپەکانییەوە شتێکی زۆر جوانو بەهێز بوو، خەڵکی خۆبەخۆ سەریان کردە ئەو پرۆسەیەو ئایینیش گەورەترین فاکتەر بوو بۆ ئەم ڕاپەڕینەو دەوڵەتیش پشتیوانی لە پرۆسەکە دەکرد و خەڵکی هان دەدا بۆی و هەندێ جاریش بەرنامەی وردی بۆ دادەنا.

موسڵمانان خۆبەخۆ و بە فاکتەری ئایینەکەیان دەستیان دایە وەرگرتنی زانستو بڕەودان پێی لە هەر کوێدا دەستیان بکەوتایە، ئەو زانستە زانستی ئایینی بوایە یان زانستی دونیایی بوایە، چونکە هەموو زانستێکی بە کەڵك پێویستە بەدەست بهێنرێت، ئیتر ئەو زانستە لە زانستە فەرزە عەینییەکان بێت یان لە فەرزە کیفاییەکان بێت، هیچ کەسێك لەناویاندا نەیدەوت: ئەو زانستەی خوا پێی خۆشە تەنیا بریتیبە لە زانستی ئایینی، چونکە ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: (قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) (الزمر: ٩). خوای گەورە لێرەدا ئەوە ڕەت

دەکاتەوە کە خەڵکی زاناو خەڵکی نەزان وەک یەک بن، بێ ئەوەی جۆری زانستەکە دەربخات.

هەروەها دەفەرموێت: (وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ قَدْ فَصَّلْنَا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ) (الأنعام : ٩٧) دەی ئەم زانستە لێرەدا بە دڵنیاییەوە بریتیی نییە لە زانستی ئایینی. هەروەها دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ مَنَامُكُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَابْتِغَاؤُكُم مِّن فَضْلِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ) (الروم : ٢٣). زانایانیش لێرەدا بە بێگومان بریتی نین لە زانایانی ئایینی.

هەروەها دەفەرموێت: (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا). ئەو ناوانەش بریتی نین لە زانستە ئایینیەکان.

ئەوەی موسڵمانان لێی حاڵی دەبن ئەوەیە کە هەر زانستێك پاستییەك دەربخات لە مەیدانی ئایینداا بێت یان دونیا، ئەو زانستە یارمەتی ئەم مرۆڤە دەدات بۆ ئەوەی لە شتێك تێبگات لە دونیای دەروونو گەردووندا یان کارئاسانی بکات بۆ ژیانی ئەم مرۆڤەو کاتو ئەرکی بۆ بگێڕێتەوە، ئەو زانستە پێی دەوترێت زانستێکی بە کەڵك و پێویستە هەوڵی دەستخستنی بدرێت لەهەر کوێدا بێت با ئەو زانستە لای موسڵمانانیش نەبێت، چونکە حیکمەت و دانایی گومبووی ئیماندارەو لەهەر شوێنێکدا ببینیەوە لە هەموو کەس شایانترە پێی، لەناو موسڵماناندا ئەو پەندە جوانە زۆر بەناوبانگە کە دەڵێت: "أُطلب العلم ولو بالصين" بە شوێن زانستدا بگەڕێ ئەگەر بۆشی چووبیتە وڵاتی چین. هەندێ ئەوندە لایان جوان بووە بە "فەرموودە" ناویان بردووە، بەڵام پاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە "فەرموودە" نییە هەرچەندە ماناکەی پاستەو (لەگەڵ ڕۆحی فەرموودەشدا دەگونجێت) و مەبەستی ئەوەیە کە بۆ زانست بگەیتە ئەوپەڕی دونیا.

هەر قورئان موسڵمان فێر دەکات کە مرۆڤ دەکرێت لە قەڵەڕەشێکەوە فێری شت ببێت وەک چۆن کوڕی یەکەمی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێت) ئەوەی لێوە فێر بوو

کە چۆن جەنازەی براکەی "دفن" بکات‌و بیشارێتەوە، یان مرۆڤ دەتوانێت لە پەپوسڵێمانەیەکەوە فێری شت ببێت وەک چۆن حەزرەتی سولەیمان لێوەی فێر بوو، ئەوەبوو سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە لە پەپوسولەیمانەی پرسی بۆچی نەهاتی بۆ کۆبوونەوەکە، ئەویش وتی: (فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ) (النمل: ٢٢). واتە: وتی زانیاریەکم چنگ کەوتووە کە چنگی تۆ نەکەوتووەو لە وڵاتی (سبأ)ەوە هەواڵێکی یەقینو بێگومانم بۆ هێناوی.

هەربۆیە موسڵمانان سەریان کردە زانستی میللەتە پێشووەکان ئەو میللەتانەی کە پێش ئەمان زانستێکیان چنگ کەوتووە کە چنگی ئەمان نەکەوتووە، وەک فارسەکان‌و هیندییەکان‌و یۆنانییەکان، ئەوانەی کە چەندین فەیلەسوفی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە وەک سوقرات‌و ئەفلاتون‌و ئەرەستۆ، ئەوانە توانیویانە زانست و فەلسەفە ئاوێتەی یەکتری بکەن، هەر بۆیە موسڵمانان دەستپێشخەرییان کرد بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان و دەستیان بە پێشبڕکێ کرد لەو مەیدانەداو خەلیفەکانیش هاوکارو پشتیوانیان بوون و بەرزترین و بەنرختترین دیاریشیان پێ دەدان و، ئەوەبوو زۆری نەبرد ڕاپەڕینێکی زانستی لە کایە جیاجیاکانی زانست‌و بیردا دروست بوو وەک "فیزیا" و "کیمیا" و "گەردوونناسی" و "زیندەوەرزانی" و "بیرکاری" و "پزیشکی" و "تۆپکاری _ التشریح" و "دەرمانسازی" و "جوگرافیای وڵاتان" و شتی تریش.

زمانی عەرەبی وەک باسمان کرد یەکەمین زمانی زانستی بوو لەو ڕۆژگارەدا بۆیە لە زمانی عەرەبیشەوە کاری وەرگێڕان دەکرا بۆ لاتینی‌و جگە لە لاتینیش.

ئەو کاتانە میتۆدی ئەزموونی‌و خوێندنەوە یەک لە دوای یەکەکان (المنهج الاستقرائی التجریبی) _ کە لە بناغەدا لەسەر ئەوە ڕادەوەستێت تێبینی‌و سەرنجەکانت لە بارەی شتێکەوە بخەیتە تاقیگەوە بۆ ئەوەی بزانیت تا چەندێك ڕاستن _ لە جیهانی ئیسلامیدا ڕەگ‌و ڕیشەی بۆ دادەکوتا لە هەردوو ڕووی تیۆری‌و پراکتیکییەوە، ئەم هەوڵەش پێچەوانەی ئەو گیانە زانستییە بوو کە لە فەلسەفەی

یۆناندا هەبوو کە تەنیا پشتی بە فیکری فەلسەفی بەستبوو کە تیۆرییەکی پووت بوو و زۆر دوور بوو لە ژیانی واقیعی خەڵکەوە.

موسڵمانان پێش هەموو کەس کەوتنە ڕەخنەگرتن لە "مەنتیقی پووکەشی ئەرەستۆ" وەک چۆن ئیمام ئیبن تەیمیە لە کتێبی (نقض المنطق)دا باسی دەکات‌و، ئەم کارەشیان لەسەر بناغەیەکی زانستی‌و فیکری ئەنجامداوە، ئەم ڕەخنەگرتنەی موسڵمانان زۆر پێش ڕەخنەکانی (استوارت مل)و جگە لەویش دێت کە (مل) یەکێکە لە گەورە فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا.

موسڵمانان هەموو زانستەکانی تریشیان ملکەچ کرد بۆ ئەم میتۆدە، وەک (پزیشکی)و (تۆپکاری)و (نەشتەرگەری)و (کیمیا)و (فیزیا)و (گەردوونناسی) و (زیندەوەرزانی)و زانستەکانی تریش.

ئەوروپا ئەم میتۆدە زانستییە ئەزموونییانەی لە موسڵمانانەوە وەرگرت کە ئەوەبوو بەوە بناغەی ڕاپەڕینە گەورەکەیان‌و لەو ڕێگەیەوە توانییان (شۆڕشی پیشەسازی) بەدەست بهێنن‌و دوای ئەوە ئەو هەموو شۆڕشەی تر لە دونیای زانست‌و لە بوارە پراکتیکییەکانی زانستدا بەدەست بهێنن.

گەورەیی‌و فەزڵی ئەم میتۆدە بۆ شارستانییەتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە کە ڕۆژئاواییەکان لە موسڵمانانەوە وەریانگرت‌و پاشان فراوانتریان کردو بەوی زیاتریان پێداو گەیاندیانە ئەوپەڕی ئاستی خۆی. نەک بگەڕێتەوە بۆ (فرنسیس بیکن) یان بۆ (روجر بیکن)، ئەمەش قسەی ئێمە نییە، بەڵکو هەموو ئەو زانایانەی لە ڕۆژئاوادا لەسەر مێژووی زانست‌و شارستانییەتی ڕۆژئاوا نوسیوویانە دان بەم ڕاستییەدا دەنێن و بە ویژدانەوە باسی موسڵمانان‌و عەرەب دەکەن‌و ئەوەش دادو ویژدان بە خەرجدانە بۆ خۆیان.

یەکێك لەوانەی کە بێ پێچوپەنا ئەمەی ڕاگەیاندووە مێژوونووسی فەڕەنسی "گۆستاڤ لۆبۆن"ە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە ناوی (حضارة العرب)ە.

هەروەها یەکێکی تر بریتییە لە نووسەری ئەمریکی "درایبر" لە کتێبی (النزاع بین العلم والدین)دا، هەروەها "بریفولت" لە کتێبی (بناء الانسانیة)دا، هەروەها میژوونووسی بەناوبانگی زانستەکان "جۆرج سارتون" لە کتێبی (تأریخ العلم)دا، هەموو دان بەمەدا دەنێنو باسی دەکەن.

_ لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر (نەششار) دەربارەی میتۆدی زانستی لای موسڵمانان:

مامۆستای دکتۆر (علي سامي النشار) کتێبێکی بەنرخی هەیە بە ناوی (مناهج البحث عند مفكري الاسلام واكتشاف المنهج العلمي في العالم الاسلامي)، لە و کتێبەدا دەریخستووە کە زۆربەی زۆری زانایانی موسڵمان لە پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکانیشدا لۆژیکی یونانی ئەرەستۆییان لا پەسەند نییە کە پشت بە وێنەو پێوانە دەبەستێت ، چونکە لەگەڵ گیانی ئیسلامەتیدا ناگونجێتو دژ بە بنچینەکانی دیدی ئیسلامییە.

ئەمە هەڵوێستی زانایانی (ئوسوڵی فیقە)ە لە سەرووی هەموویانەوە ئیمامی شافیعی، بەهەمان شێوە زانایانی (ئوسوڵی دین)یش کە زانایانی زانستی کەلامیشیان پێدەوترێت... هەروەها زانایانی (فیقە) و (فەرموودە)یش هەمان هەڵوێستیان هەیە، وەک (ئیبن صەلاح) و (نەواوی) تا دەگاتە (ئیبن تەیمیە) ، کە سوودی زۆری لە ڕەخنەکانی پێش خۆی وەرگرتووە کە لە (لۆژیکی یۆنانی) گیراوەوەو، ئەم هاتووەو توانیویەتی ڕەخنەی زیاتری لێ بگرێت و ئەو ڕەخنانەش نرخو قورسایی تایبەتی خۆیان هەیە.

زیاد لەمانەش پیاوانی زانستە سروشتیو بیرکارییەکان ئەوانەی کە بەشێوەیەکی کرداری هەستاون بە تاقیکردنەوەو جێبەجێکردنی میتۆدی خوێندنەوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەزموونکاری (المنهج الاستقرائي التجريبي).

دکتۆر نەشار ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە هۆی سەرەکی چییە کە زانایانی ئیسلامی ڕەخنە لە لۆژیکی ئەرستوطالیسی یۆنانی دەگرن، باسی ئەوە دەکات کە ئێمە ناتوانین ئەو هۆسەرەکییە بە ڕوونی ببینین لە دیدی موسڵمانانەوە بە گشتی لەسەر ئاستی لایەنی نەگەتیڤی کە بریتیە لە(ڕەتکردنەوە و) ڕووخاندنی ئەو لۆژیکە، بەڵکو لە ڕووی ئەو بەدیلەوە دەبینرێت کە موسڵمانان (لەبری ئەوە)میتۆدێکی تریان داهێناوە.

ئەوەی لەم بواری داهێنانەدا دەیبینین ئەوەیە کە موسڵمانان میتۆدی ئەزموونگەرَی یان خوێندنەوە یەک لە دوای یەکەکان (ئیستقرائی)یان داهێنا، هەر موسڵمانان توانییان کە تانوپۆی ئەم میتۆدە دابنێن کە پشت بە ئەزموونو تاقیکردنەوە دەبەستێت، هەر ئەم میتۆدەشە کە بە ڕاستی گیانی ئیسلامەتی دەردەخات بۆ خەڵکی، چونکە کۆتا تێڕوانینی شیکاری بۆ ئیسلام بریتییە لە هەماهەنگی نێوان دیدو کار.... ئیسلام تیورێکی فەلسەفی دەربارەی بوون دادەڕێژێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕەسمو ڕێبازێکی کرداریش بۆ ژیان دادەنێت.

_ هۆی ڕاستەقینە لە ڕەخنەکانی موسڵمانانداا بۆ لۆژیکی ئەرستۆگالیسی ئەوەیە:

ئەم لۆژیکە لەسەر میتۆدی پێوانەکاری (La methode deductive) ڕادەوەستێت، کە ئەم میتۆدەش بەگیانی شارستانییەتی یۆنانی دادەنرێت، چونکە لە بناغەدا لەسەر دیدێکی فەلسەفی و فیکری بنیاتنراوە، ئەم شارستانییەتە هیچ ڕووبەرێکی نەهێڵاوەتەوە بۆئەوەی ئەو دیدانە بخرێنە تاقیگەو ڕاستیو دروستییان بسەلمێنرێت، لە کاتێکدا ئەم ئەزموونگەرییە یەکێکە لە پایە گەورەکانی ئیسلام (و شارستانییەتی ئیسلام).

هەر لە رێگەی ئەم میتۆدە ئەزموونگەرییە ئیسلامییەوە دەتوانین بە ڕوونی تەفسیری ئەو دژایەتیکردنەی ئیسلام بۆ فەلسەفەمان دەستبکەوێت، چونکە ئەگەر ئێمە زانیمان ئیسلام داوای میتۆدی ئەزموونو خوێندنەوەی یەک لە دوای یەکمان لێ دەکات و زۆر بە تووندی نکوڵی لە میتۆدی بەڵگەییو قیاسی دەکات، ئەو کاتە دەتوانین زۆر بە ئاسانی تەفسیری ئەو تێکشکانو سەرنەکەوتنەی فەلسەفە بکەین لە بازنەی ئیسلامدا _ کە لە بناغەدا لەسەر ئەو میتۆدە لەرزۆکە ڕاوەستاوە! _ بەسیشە بۆمان کاتێک کە دەربارەی ئەوانە دەخوێنینەوە کە پێیان دەوترێت "فەیلەسوفە ئیسلامییەکان" یان ڕاڤەکارانی ئەستۆطالیسی وەک (کیندی و فارابی و ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد و جگە لە ئەوانیش)، کە هەموو کەسێک بە درێژکراوەو ڕەگو ڕیشەی گیانی (هیلنیی) یان دادەنێن لە دونیای ئیسلامدا.

ئیبن تەیمیە دەفەرموێت: (یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کیندی کە فەیلەسوفی ئیسلامی سەردەمی خۆی بوو، مەبەستم ئەو فەیلەسوف بوو لە بازنەی ئیسلامیدا ئەگینا ئیسلام فەیلەسوفی تێدا نییە، چونکە کاتی خۆشی لەسەردەمی ئیبن سینادا لە هەندێ قازیو دادوەریان پرسیووە فەیلەسوفە ئیسلامییەکان کامانەن؟ فەرموویانە: ئیسلام فەیلەسوفی نییە!).[١٣١]

بەهۆی ئەم میتۆدە ئیسلامییەوە بۆ خوێندنەوە، دەتوانین لە نهێنی ئەو هەموو هێرشەش بگەین کە زانایانی ئیسلامی کردوویانەتە سەر یەکێکی وەکو (غەزالی) کاتێک ویستوویەتی لۆژیکی ئەرستوتالیستی موتوربە بە زانستە ئیسلامییەکان بکات، غەزالی لە سەرەتای ژیانی زانستی خۆیدا بەو کاری موتوربەکردنە هەستاوە، کە پێدەچێت تا ئەو کاتە بۆی ڕۆشن نەبووبێتەوە کە گیانی لۆژیکی یۆنانی چەندە دژو نەسازە لەگەڵ گیانی ئیسلامیدا و چۆن لە هەموو ڕوویەکەوە دژ بە یەک

---

[١٣١] السيوطي: صون المنطق والكلام عن علم المنطق والكلام، ص٢٨٨.

دەوەستنەوە،[١٣٢] هەرچەندە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا هەموو ئەو نەسازییەو دژ بەیەکبوونەی بۆ دەرکەوت کە ئەم میتۆدە دروستی دەکات، بۆیە هات قەناعەتە سەرەتاییەکانی خۆی هەموو ڕووخاند و دەستبەرداریان بوو، بەڵام بە داخەوە لە هەمان کاتدا ڕێگەیەکی تری گرتە بەر بۆ پەیداکردنی زانیاری، ئەویش ئەزموونی ناخ و دەروون بوو یان (ئەزموونی کەشفی سۆفیگەری).

ئەم مەنهەجە ئیسلامییە بۆ خوێندنەوەی یەک لەدوای یەک (ئیستقرائی) ئەوەشمان بۆ تەفسیر دەکات کە لەبەرچی هەندێ لە بیرمەندە کۆنە ئیسلامییەکان سوودیان بینیووە لە بیری ڕەواقی پاش ئەوەی غەزالی هەستا بە پرۆسەی موتوربەکردنی لەگەڵ بیری ئیسلامییدا، چونکە لە لایەکەوە لۆژیکی ڕەواقی لۆژیکێکی میتافیزیکی نییە و لە لایەکی تریشەوە پەیوەست نییە بە باسە ئیلاهییەکانی یۆنانەوە(خواوەندەکانی یۆنان) وەک چۆن لۆژیکی ئەرستۆ پەیوەستە پێوەیەو هەمووشی دژە بە بیروباوەڕی موسڵمانان.

هەر بۆیە زۆر بیرمەندی تازە دەبینین بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕاڤەی کتێبی (السلّم)[١٣٣]یان کردووە حوکمی ئەوەیان داوە کە خوێندنی لۆژیکی فەلسەفی تێکەڵ بە بیروباوەڕی خراپ حەرامەو دروست نییە، بەڵام لۆژیکێك کە بەو بیروباوەڕە خراپانە تێکەڵ نەبووبێت ئەوە هیچ ڕێگرییەك نییە کە خەریکی ببیتو پێوەی سەرقاڵ بیت. زانایانی تازەش خۆیان نادەن لە باسەکانی میتافیزیکی لە (منطق)دا

---

[١٣٢] ئەوەی ئەم لێڵییەی غەزالی دەسەلمێنێ ئەو هەموو سەرسامبوونەیەتی بە لۆژیکی یۆنانی کە لە کتێبی (المستصفی فی علم الاصول)دا دەریبڕیووە کە پێش مردنی بەماوەیەك داینناوە و سەرەتایەکی بۆ نووسیوەو و وا دادەنێت کە ئەو پێشەکییە لۆژیکییە شتێکی پێویستە و کەس لێی بێ منەت نییە!!

[١٣٣] السلّم: دەقێکی فەلسەفییە لە زانستی (منطق)دا بەشیعر هۆنراوەتەوەو قوتابیانی دواناوەندی لە ئەزهەر لەگەڵ ڕاڤەکانیدا ئەیخوێنن.

وەك (المقولات) بۆ نموونە، هەروەها باسی (بەڵگەی عەقڵیش) وەك شتێكی لابەلا باس دەكەن و زۆر وردی ناكەنەوە.

یەكەمین دەرئەنجامێك كە لەم باسەدا پێی دەگەین ئەوەیە كە ئەو بیرمەندە ئیسلامییانەی نوێنەرایەتی گیانی ئیسلامی پاستەقینە دەكەن لۆژیكی(منطق)ی ئەرستۆتالیسییان پێ قەبوڵ نییە، چونكە لەسەر بناغەی میتۆدێكی پێوانەگەریی (قیاسی) دروست بووە و بڕوا بە میتۆدی خوێندنەوە یەك لە دوای یەكەكان یان میتۆدی ئەزموونگەری ناكات.

دەرئەنجامی دووەمیش ئەوەیە كە تانوپۆی میتۆدی ئەزموونگەری هەمووی موسڵمانان دایانناوەو، ئیسپانیاش ئەو پردە بوو كە زانستە ئیسلامییەكانی لێوە پەڕییەوە بۆ ئەوروپا.

بیرمەندی گەورەی هاوچەرخی هیندی (موحەممەد ئیقبالّ) بە پەحمەت بێت دەڵێت (دوبرینگ Dubring) دەڵێت: "بیروڕاكانی پۆجەر بیكۆن دەربارەی دونیا پاستترو پۆشنترە لە بیروڕای زانایانی پێش خۆی، ئایا دەزانن پۆجەر بیكۆن خوێندنی ئەكادیمی خۆی لە كوێدا تەواو كردووە؟!... لە زانكۆ ئیسلامییەكانی ئەندەلوسدا!".[١٣٤]

مامۆستا بریفۆڵت (Briffault) لە كتێبی (Making of Humanity)دا دەڵێت: (پۆجەر بیكۆن توێژینەوەی قوواڵی لە زانستە عەرەبییەكاندا كردووە،[١٣٥] چونكە فەزڵی دۆزینەوەی میتۆدی ئەزموونگەری لە ئەوروپا دا نە بۆ ئەو و نە بۆ جگە لەویش ناگەڕێتەوە... پۆجەر بیكۆنیش لە پاستیدا هیچی تر نییە ئەوە نەبێت یەكێكە

---

١٣٤ Muhamad Iqbal: The Reconstuetion of Religions Thought Islam. P.١٢٣.

١٣٥ مەبەستت بە عەرەبو زانستی عەرەبی لە بەكارهێنانی زانایانی پۆژئاوادا بیرتییە لە ئیسلامو موسڵمانان (وەرگێڕ).

ـە هێنەرانی زانستو میتۆدی ئیسلامی بۆ ئەوروپای مەسیحی، بیکۆن بەردەوام ئەوەی دەوتەوە بەهاوچەرخەکانی خۆی کە: زانست و زانیاری (العلم والمعرفة)ی عەرەبی دوو ڕێگەن کە مرۆڤ لێیانەوە بگاتە زانستی ڕاستەقینە ! !

پاش ئەمە دەڵێت : (قسەو دەمەقاڵەیەکی زۆر دەکرێت دەربارەی ئەوەی کێ دڵنەری میتۆدی ئەزموونگەرییە؛ هەموو ئەو موناقەشانە لە ئەنجامدا وێنایەکی گەندەڵ و خراپ دەگرن دەربارەی سەرچاوەکانی شارستانییەتی ئەوروپا، بەڵام سەرچاوەی ڕاستەقینەی شارستانییەتی ئەوروپا بریتییە لە میتۆدی ئەزموونگەری عەرەبی، بە دڵنیاییەوە ئەم میتۆدە ئەزموونگەرییە لە سەردەمی بیکۆندا بڵاوبوویەوەو خەڵکی لە ئەوروپادا پێی ئاشنا بوون و سرودیان بە باڵایدا دەوتو عاشقی بوو بوون).[١٣٦]

دوای ئەمانە باسی ئەوەش دەکات کە کایەیەک لە کایەکانی پۆشنبیریی ئەوروپا نییە کە پۆشنبیری ئیسلامی کاریگەری بنەڕەتی لەسەر دانەنابێت، بەڵام گرنگترین کاریگەری پۆشنبیری ئیسلامی لە زانستی ئەوروپادا ئەو کاریگەرییەیە کە لەسەر زانستی سروشتیو گیانی زانستی (الروح العلمیه) داینارە کە ئەو دووانەیش بریتین لە دوو هێزی دیارو کاریگەر لەسەر زانستی تازەو دوو سەرچاوەی گەورەشن بۆ پێشکەوتنی ئەو زانستە).[١٣٧]

بریفولت مکوڕی لەسەر ئەوە دەکاتو دان بەوەدا دەنێت کە: (زانستی ئێمە هەر ئەوەندە قەرزاری عەرەب نییە کە زانستە شاراوەکانی خۆیانیان بۆ گواستینەوەو ئەو بیردۆزانەیان پێ ناساندین کە خۆیان دۆزیبوویانەوە، بەڵکو زانستی ئێمە زۆر لەوە زیاتر قەرزاری پۆشنبیریی عەرەبییە بەگوێرەی بوونی خۆی قەرزاریەتی، چونکە وەک دەزانین دونیا پێش ئەوان دونیای پێش زانست بوو! !

---

١٣٦ .Briffault : Making of Humanity. P. ٢٩٢

١٣٧ .Ibid: p. ١٦٠

(زانستی ئەستێرەناسیی‌و بیرکاریی یۆنانی دوو توخمی بێگانە بوون و شوێنێکی گونجاویان نەبوو لەناو کەلتووری یۆنانییدا، ڕاستە یۆنانییەکان ڕێبازی فیکرییان داهێناو چەندین یاسای گشتیشیان داڕێژا، بەڵام ڕێگاکانی توێژینەوەو کۆکردنەوەی زانستی عەقڵی‌و چڕکردنەوەیان‌و دانانی میتۆدی ورد بۆ زانیاری‌و خوێندنەوەی یەک لەدوای یەک و توێژینەوەی ئەزموونگەری، هەموو ئەمانە نامۆبوون بە سروشت‌و میزاجی زانایانی یۆنانی!.

هەموو ئەوانەی کە ناومان ناون (زانست‌و زانیاری) لە ئەورووپادا، گیانی توێژینەوەی تازە بەرهەمی هێناون کە بە ڕێگە تازەکانی خوێندنەوە یەک لە دوای یەکەکان دەستمان کەوتن،... کە ئەویش بریتییە لە ڕێگەی (ئەزموونگەری وردکردنەوەو پێوانە کردن Measurement کە بووە هۆی پێشخستنی بیرکاری لە دونیای ئەورووپادا).[١٣٨]

کەواتە موسڵمانان سەرچاوەی ئەم شارستانییەتەن کە لە ئەورووپادا هەیە، کە لەسەر میتۆدی ئەزموونگەری ڕاوەستاوە.

ئێمە دەزانین (فرنسس بیکۆن) دوای ئەمانە هات‌و ئەم مەنهەجە ئەزموونگەرییەی بەدرێژی ڕاڤە کردو دوای ئەویش (جون ستیوارت مل) شوێنپێی عەرەبی هەڵگرت‌و هەموو ئەو دەرئەنجامانەی دەستکەوت، کە عەرەب پێی گەیشتبوون‌و، هەمان دەستەواژەو نموونەی ئەوانی دووبارە کردەوە.

مەنهەجی ئەزموونگەری پاش (بیکۆن و ملّ) هەنگاوی جیاوازترو زۆرتری بڕی لەم سەردەمە تازانەی ئێمەدا، شێوازو ڕێبازی تری گرتەبەر لەسەر دەستی زانا ئەورووپییەکاندا، بەڵام موسڵمانان یەکەمین کەس بوون _ لە مێژووی ڕێبەرانی فیکری مرۆڤایەتیدا _ کە بیریان بە لای ئەم مەنهەجە ئەزموونگەرییەدا ڕۆیشت‌و گەوهەری

---

١٣٨ . Ibid: p. ١٩٦

ئەم میتۆدەیان دۆزییەوەو کردیانە بناغە بۆ شارستانییەتەکەیان، هەر لەبەر ئەمەش جوونە یەکەمین مامۆستای شارستانییەتی تازە بۆ ئەوروپا).[١٣٩]

. شایەتیدانی (لۆبۆن) دەربارەی میتۆدە زانستییەکانی عەرەب:

"لۆبۆن" لە کتێبی (حضارة العرب)دا بە درێژی باسی ئەم میتۆدە زانستییە دەکات لەلای عەرەب و دەڵێ: (ناکرێت کتێبخانەو تاقیگەو دەزگاکان بە کەرەستەی ولەوتنەوە و توێژینەوە دانەنێین ، بەڵکو نرخی ئەوانە لەوەدایە کە زانستیان پێ وەردەگیرێتو سوودیان لێ دەبینرێت، خەڵکیش دەتوانن خۆیندنەوەیان هەبێت بۆ زانستی خەڵکانی تر.. دەشکرێت نەتوانێت وەک پێویست بیربکاتەوەو داهێنان بکات، کە ئەوکات هەر بە خوێندکاری دەمێنێتەوەو ناچێتە پلەی مامۆستایەتی! لەو داهێنانو دۆزینەوانەشەوە کە لە بەشەکانی داهاتوودا باسیان دەکەین، ئەندازەی ئەو زانستانە دەردەکەوێت کە عەرەب بەو کەرەسانەیان دۆزیویانەتەوە، بەڵام ئێستا من تەنیا باسی ئەو بنەما گشتییانە دەکەم کە ئاراستەی توێژینەوەکانیان دیاری دەکەن:

عەرەب زۆری نەبرد پاش ئەوەی قوتابی کتێبەکانی یۆنان بوونو هەموو پشتبەستنێکیان بەوان بوو، کەچی هەر زوو گەیشتنە ئەوەی کە تاقیکردنەوەو خوێندنەوەو چاودێریکردنی یەک لە دوای یەک لە کتێبە زۆر چاکەکانیش باشترە، کەچی وەک دەبینرێت زانایانی چەرخی ناوەڕاست لە ئەوروپادا پێش هەزار ساڵ گاڵتەیان بەمە دەهات و زانیارییان دەربارەی نەبوو!

زانایان بە گشتی وا دەزانن کە (بیکون) یەکەمین کەس بوو کە هەستا بە تاقیگەریو چاودێریکردنی مەسەلە زانستییەکان، کە ئەم دوو شتە (تاقیکردنەوەو

---

[١٣٩] بڕوانە: مناهج البحث عند مفكري الاسلام، ص٣٧٧- ٣٨٥، دار المعارف، الثانية.

چاودێریکردن) دینگەی هەموو مەنهەجە زانستییە تازەکانە، وادەزانن بیکۆن مامۆستایە لەمەدا!! بەڵام ئەمڕۆ پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ئەو مەنهەجە ئەزموونگەرییە هەمووی تەنیاو تەنیاو داهێنانی عەرەبەکان بوو، هەموو ئەوانەش کە کتێبەکانی عەرەبیان خوێندووەتەوە دان بەم ڕاستییەدا دەنێن، بەتاییەتی (هەبنۆڵد)، پاش ئەوەی ئەم زانا ناودارە باسی ئەوە دەکات کە بەرزترین پلە لە زانستەکاندا بریتییە لەزانستەی بە ڕێگەی (ئەزموون)و (چاودێریکردن)ەوە دەست دەکەوێت، جا دوای ئەمە دەڵێت: (ئەوانەی کە گەیشتنە ئەم پلە بەرزە لە توێژینەوە زانستییەکانیاندا بریتی بوون لە عەرەب کە وەختە بڵێم زانا کۆنەکانی ئێمە هەر ئاگاشیان لەمە نەبوو".

مسیۆسفیدیۆ دەڵێت: " گرنگترین شتێك کە قوتابخانەی بەغداد لەو سەردەتایەدا پێوەی دەناسرایەوە ئەوەبوو کە گیانێکی زانستی ڕاستەقینەی هەبوو لە هەموو کارەکانیدا، دەرهێنانی شتی زانراو لە نەزانراوەکانو وردبوونەوەو پشکنینی ڕووداوە وردەکارەکان تا دەگەیشتنە ئەوەی (عیللەت) لە (مەعلولەکان) دەربهێنن‌و ملنەدانیان بۆ شتێك کە لە ژێر تاقیگەدا دەرنەچووبێت، ئەم بنەمایانە هەمووی مامۆستا عەرەبەکان بەر لە هەموو کەسێك دایانهێناوە.

عەرەبەکان بوون کە لە سەدەی نۆیەمی لەدایکبووندا ئەم میتۆدە بەسوودو پڕکەڵکەیان بەدەستهێنا کە لە ئەمڕۆدا زانایانی چەرخی تازە دوای سەردەمێکی دوورودرێژ پشتی پێدەبەستن، کە بەو میتۆدە گەیشتوونەتە جوانترین داهێنان‌و دۆزینەوە...

مەنهەجی عەرەبەکان لەسەر ئەزموون‌و چاودێریکردن ڕاوەستاوە، ئەوروپاش لەسەدەکانی ناوەڕاستدا سەریان کردە خوێندنی کتێب‌و جووینەوەی بیروڕای مامۆستاکانیان، دەی جیاوازی نێوان ئەم دوو مەنهەجە زۆر جیاوازییەکی بنەڕەتییەو

ئاگەینە ئەوەی نرخی زانستی عەرەب بزانین تا جیاوازی لە نێوان ئەو دوو مەنهەجەدا نەکەین.

عەرەبەکان شتەکانیان تاقی دەکردەوەو دەیانخستە بەر ئەزموونو یەکەمین کەسێك بوون لە دونیادا کە گرنگیو نرخی ئەم میتۆدەیان زانیو بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەموو دونیادا تەنیا ئەوان کاریان بەو مەنهەجە دەکرد، (دولەنبەر) لە کتێبی (تأریخ علم الفلك)دا کە دانراوی خۆیەتی دەڵێ: (چەند بگەڕێی دوو زانای گەردوونناس، یان سێ زانا لەناو ئیغریقییەکاندا دەدۆزیتەو، کەچی لەناو عەرەبەکاندا ژمارەیەکی زۆر زانای گەردوونناس دەبینرێن، هەروەها لەناو یۆنانییەکاندا زانای کیمیاناس نابینی کەچی لەناو عەربەکاندا سەدان زانای کیمیاناس دەبینی کە تاقیگەی هەبووە).

پشتبەستنی عەرەب بە تاقیکردنەوە وای کردووە کە کتێبەکانیان وردەکاری و داهێنانێکی زۆر بەخۆیەوە ببینێت، لە کاتێکدا کە ئەو وردەکارییانە نابینی لە نووسینی کەسێکدا کە ڕاهاتووە ڕووداوەکان هەر لە کتێبەوە وەربگرێت! عەرەب تەنیا داهێنانیان لە فەلسەفەدا نەکردووە، ئەویش لەبەرئەوەیە فەلسەفە ملنادات بۆ تاقیگەری و ئەزموون!.

عەرەب بە بۆنەی ئەم میتۆدە ئەزموونگەرییەوە گەیشتە دۆزینەوەی زۆر شتی گرنگو خوێنەریش لە درێژەی باسەکانی ئێمەدا زۆرێك لە کارە زانستییەکانی عەرەب دەبینێت: عەرەبەکان لەماوەی سێ سەدە یان چوار سەدەدا ئەوەندە داهێنانو شتی نادیاریان دۆزییەوە لە بواری زانستدا کە ئیغریقییەکان لە کاتێکی زۆر لەوە زیاتردا پێی نەگەیشتن، کەلەپووری زانستی یۆنان کاتێك گوازرایەوە بۆ ناو بیزەنتینییەکان هیچ سوودێکیان لێ نەبینی لەو ماوە زۆرەشدا، کەچی کە گوازرایەوە بۆ ناو عەرەبەکان دونیایەك گۆڕانکارییان تێدا کردو باوباپیرانیان ئەوەندە داهێنانیان تێدا کرد کردیانە خولقاوێکی ترو شتێکی تازەتر!!

عەرەب تەنیا ڕۆڵیان دەرخستن و پێشخستنی زانست نەبوو، بەڵکو هاتن ئەو زانستو پێشکەوتنانەشیان بەهەموو دونیادا بڵاوکردەوە لە ڕێگەی ئەو هەموو زانکۆو کتێبانەی کە دەیانووسینو هەر لەم بوارەدا کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر ئەوروپاوە هەبوو، لەو فەسڵەدا کە باسی ئەم کاریگەرییانە دەکەین بە ڕوونی دەبینی کە تەنیاو تەنیا عەرەب بۆ ماوەی چەند سەدەیەک مامۆستای میللەتە نەصرانییەکان بوون، ئێمە لە ڕێگەی عەرەبەوە نەبوایە لە ڕاستیدا ئاشنا نەدەبووین بە کەلتووری کۆنی یۆنانو ڕۆمانەکان، زانکۆکانی ئێمە بەردەوام ئەو کتێبانەیان دەخوێند کە لە نووسراوەکانی عەرەبەکانەوە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی خۆمان، مەگەر لەم چەند ساڵەی دواییدا نەبێت".[١٤٠]

گۆستاڤ لۆبۆن لە باسی ئەو دۆزینەوانەدا کە لە بواری کیمیادا کراون دەڵێ: (بۆمان دەردەکەوێت کە عەرەب چەندین شتی نەزانراویان لە بواری کیمیادا دۆزییەوە، کاتێك ئەو هەموو شتە نەزانراوانەی پێش خۆیان دەبینین ئەمان دۆزیویانەتەوە وەك ئەو هەموو دەرمانەی کە باسیان کردووە لە کتێبە پزیشکییەکانیاندا، عەرەب هونەری دەرمانسازییان داهێنا، زانستەکانی عەرەب لە بواری پیشەسازی کیمیاییدا لەوەدا دەردەکەوێت کە چۆن هونەری بۆیاغکردنیان پێشخستووە، چۆن توانیویانە کانزاکان دەربهێنن‌و پۆڵا دروست بکەن‌و پێست خۆشە بکەن.... و هتد".[١٤١]

. زانستە کردارییەکان‌و پیشەسازی:

لۆبۆن دوای ئەمانە باس لە زانستە کردارییەکان (العلوم التطبیقیة) دەکات _ دۆزینەوەکان _ لە شارستانییەتی عەرەبیدا و دەڵێت:(عەرەبەکان شانبەشانی توێژینەوە تیۆرییەکانیان زانستە کردارییەکانیشیان پشتگوێ نەخستبوو، بەڵکو

---

[١٤٠] بڕوانە: (حضارة العرب، ترجمه عادل زعتیر، ص٤٣٥- ٤٣٧.

[١٤١] بڕوانە: حضارة العرب، ص٤٤٧.

پیشەسازییەکانی عەرەب لە سایەی کەلتوورە زانستییەکەیانەوە پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینیبوو، ئێمە دەتوانین بزانین بەرهەمی ئەو پیشەسازییانەیان چی بووە یا پەی بە زۆرێك لە رێگاکانیشی نەبەین، بەڵام دەزانین بۆ نموونە چەندێك بە بەهرە بوون لە بەکارهێنانی کانەکانی (گۆگردو مس‌و جیوەو ئاسن‌و ئاڵتون)دا، دەزانین زۆر دەستڕەنگین بوون لە خۆشەکردنی پێست‌و هونەری پۆڵا دروستکردندا وەك زۆرێك لە پیشەوەرانی (طلیطلة) شایەتی ئەمە دەدەن، ئەوەش ئاشکرایە کە شتە چنراوەکانی عەرەب‌و چەك‌و تفاق‌و پێست‌و کاغەزیان ناوبانگێکی جیهانی گەورەی پەیدا کردبوو، کە بێگومان لەو سەردەمانەدا کەس پێشی ئەوانی نەدابوویەوە لە زۆرترین ڕشتەی ئەو پیشەسازییانەدا!

داهێنانێك دەبینین _ لەنیوان ئەو هەموو داهێنانەی عەرەب _ کە ناکرێت باسی نەکەین چونکە زۆر گرنگە، ئەویش بریتییە لە داهێنانی (باروت) بۆ نموونە... جا ئیتر بە درێژی باسی داهێنانی باروت دەکات لەلایەن عەرەبەوە.[١٤٢]

_ زانستە پزیشکییەکان:

مامۆستا لۆبۆن باسێکی زانستە پزیشکییەکان دەکات لە (شارستانییەتی عەرەب)داو دەشتوانی بڵێی (شارستانییەتی ئیسلامی) ئەوەتا دەڵێت:

(پزیشکی و گەردوونناسی و بیرکاری و کیمیا لە گرنگترین ئەو زانستانە بوون کە عەرەب گرنگی زۆری پێدەدان، زۆرترین‌و گەورەترین دۆزینەوەکانی عەرەب لەم زانستانەدا بوون، هەرچی کتێبی پزیشکی عەرەبی هەیە لە هەموو ئەوروپادا وەرگێڕراون‌و زۆربەی ئەو کتێبانەش لەناو نەچوون وەك چۆن کتێبەکانی تریان تیاچوون).

---

[١٤٢] بڕوانە : حضارة العرب، ص٤٧٧.

پاشان باسی شوێنەواری پزیشکی عەرەبی دەکاتو دەڵێت:

(ژمارەی دکتۆرەکان لەناو عەرەبدا زۆر زۆرنو (ئیبن ئەبی ئوصەبیعە) یەک بەرگی تەواوی کتێبەکەی داناوە بۆ ژیاننامەی دکتۆرە عەرەبەکان و ئێمەش باسی ناودارترین دکتۆرەکانی عەرەب دەکەین .... جا ئیتر لۆبۆن باسی ژیانی هەریەک لە "ڕازی"و "عەلی کوڕی عەببباسی"ی هاوچەرخیو "ئیبن سینا" دەکات کە بەناوبانگترین دکتۆرەکانی عەرەبن).[١٤٣]

ئێمە پێویستمان بە گواستنەوەی ئەو قسانە نییە _ لەگەڵ ئەوەشدا ویژدانی زۆری بەخەرج داوە _ چونکە خەریکە وای لێدێت هەموو توێژەرەوەکان ئەو زانیاریانە دەزانن.

ـ ئەو کەلتوورە زانستیو وێژەییەمان کە دەستی دوژمنانیان پێگەیشت

شارستانییەتی ئیسلامی ڕێژەیەکی زۆر کتێبی لە هەموو مەیدانەکانی زانستو ئەدەبو هونەردا بەرهەم هێناوە، خەریکە بڵێی ڕشتەیەک نییە لە زانستدا کە زانایەکی ئیسلامی کتێبێکی لەسەر دانەنابێت، یان نووسەرێک کتێبێکی لەسەر نەنووسیبێت، نەک هەر ئەمە، بەڵکو چەندین زاناو چەندین نووسەر لەسەر ئەو ڕشتەیە نووسیویانە.

هەندێ لەو دانراوانە نامیلکەی قەبارە بچووکن، هەندێکیشیان کتێبی قەبارە مامناوەندنو، هەندێکی تریشیان دەریایەکی زانیارین[١٤٤] لە بابەتی خۆیاندا.

نهێنی ئەمەش ئەوەیە کە ئیسلام خەڵکی وافێر دەکات کە هەرکەس زانیارییەک لە دوای خۆی جێبهێڵێتو خەڵکی دوای خۆی سوودی لێ ببینن لە بواری دیندا بێت یان لە بواری دونیادا بێت وەک ئەوە وایە بەردەوام خۆی لە کاردا بێت و هەر خێری

---

[١٤٣] بڕوانە: حضارة العرب، ٤٤٨ بەدواوە.

[١٤٤] دەریایەک لە زانیارییدا بۆ (مەوسوعات) بەکارمان هێناوە (وەرگێڕ).

بۆ دەنووسرێت پاش مردنیشی، ئەو زانایە وەک ئەوە وایە تەمەنێکی تری بۆ تەمەنی خۆی زیادکردبێت بە ئەندازەی ئەو کاتانەی کە سوودی زانستەکەی بەردەوام دەبێت. ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیداو لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "إذا مات ابن آدم إنقطع عمله إلا من ثلاث: صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعو له".[١٤٥] واتە: کە بنیادەمێک دەمرێت کردەوەکانی لێی دەبڕێنەوە مەگەر لە سێ ڕێگەوە: خێرێکی بەردەوام، زانستێک کە خەڵکی سوودی لێ ببینن، منداڵێکی چاکەکار کە نزای خێری بۆ بکات.

هەموو ئەو کەسانەش کە بەشدار دەبن لە گەیاندنی زانیارییدا بەر ئەمانە دەکەون و هەمان خێریان دەست دەکەوێت وەک ئەو کەسانەی کە بەدەست دەینووسنەوە و بڵاوی دەکەنەوە (وەک خەڵکی پێش سەردەمی چاپو پەخش) یان ئەوانەی کە کتێبخانە دادەنێنو کتێبی تێدا دەپارێزنو بوار دەکەنەوەو ئاسانکاری دەکەن بۆ خوێندنی ئەو زانستانەو سوودگەیاندن بە قوتابیان و شاگردانی ڕێگەی زانست.

کاتی خۆی لە جیهانی ئیسلامیدا چەندین کتێبخانە هەبوون کە دەیان هەزار، بەڵکو سەدان هەزار کتێبی لە خۆگرتبوو، لە شارەکانی (بەغداد و دیمەشق و قاهیرە و یەمەن و مەغریب و ئەندەلوس و نەیسابور و خۆراسان و سەمەرقەند و وڵاتانی پشت ڕووبار[١٤٦] و شوێنانی تریش..).

هەموو ئەوانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم میللەتە ئیسلامییە لە هەموو دونیادا تاکە میللەت بووە بە درێژایی چەندین سەدە، میللەتێکی ڕێبەر و سەرکردە و مامۆستا بووە بۆ مرۆڤایەتی.

---

[١٤٥] مسلم والبخاري في الأدب المفرد، وابوداود والترمذي والنسائي كما في ص ج ص ٧٩٣.

[١٤٦] وڵاتانی پشت ڕووبار (ما وراء النهر) بە هەموو ئەو وڵاتانە ئەوترێ کە ئەکەونە ڕۆژئاوای ئاسیاوە وەک ویلایەتە یەکێتیەکانی سۆڤیەت... (وەرگێڕ).

بەڵام ئەوەی خەفەت بە دڵ دەداتو فرمێسك لە چاوان دێنێ ئەوەیە کە کاتێك سوپای تەتار هاتو بەغدادی داگیر کرد ئەو هەموو کتێبخانانەی لەئەوێو شوێنەکانی تریشدا بوون سوتاندو وێرانیانی کرد و هەرچی شت هەیە تالآنیان کرد هیچ نرخو کێشێکیشیان بۆ زانستو زانیاری دانەدەناو، هاتن هەموو ئەو کتێبانەی کە بەرهەمی چەندین سەدەی شارستانییەتی ئیسلامی بوون خستیانە ڕووباری دیجلەوە کە مێژوو دەڵێ: ڕووباری دیجلە ڕەش هەڵگەڕا لەدەرەنجامی مرەکەبی ئەو کتێبانە ! ! ئەوەشی بۆیان سوتێنرا هەموویان سوتاند، چونکە دیارە تەنیا زاناکان نرخی زانستو زانیاری دەزانن.

گلانێکی گەورەی تری موسڵمانان کە هاوتا بوو لەگەڵ ئەم گلانەی (بەغداد)دا بریتی بوو لەوەی ئەندەلوس، کە موسڵمانانی ئەوێ زیاتر لە هەشت سەدە تێیدا مانەوەو شارستانییەتێکی بەرزو بڵندیان تێدا دروست کرد، کە لە ڕاستییدا ئەوروپییەکان بوونە قوتابی لە زانکۆکانیداو لەوێوە ڕووناکییان دەبرد بۆ وڵاتانی خۆیان لە ڕۆژانێکدا کە لە کونی دەرزییەوە نەبوایە ڕووناکییان نەدەبینی!

هەرکەسێك ئەو کتێبانە بخوێنێتەوە کە لە زانستەکاندا دانراون یان ئەوانەی لە پسپۆڕییە جۆربەجۆرەکاندا نووسراون، بەڕوونی نرخی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە موسڵمانان چەندێك بەشداربوون لە دروستکردنی مێژووی زانستو شارستانییەتدا، هەر بۆ نموونە کتێبی (الفهرست)ی ئیبن نەدیم یان (کشف الظنون في أسماء العلوم والفنون) یان (هداية العارفين) کە تەواوکەری ئەوە...

ـ پاشماوەی کەلتووری موسڵمانان لە کتێبخانەکانی جیهاندا

لەگەڵ ئەو هەموو کەلتوورەی کە فەوتاوەو نەماوە کەچی ئەو هەندەی کە ماوە ئامازەیەکی گەورەی تێدایە بۆ گەورەیی ئەم ئوممەتەو ئەندازەی ئەو سەروەریانەی

که تۆماری کردووه.. ئاماژەیە بۆ فراوانی شارستانییەتەکەی و بوونی ئەم کەلتوورە ئیسلامییە لە هەموو کایەیەکی ژیانو لە هەموو ڕشتەیەکی زانستیدا.

هەرکەس کتێبی (تأريخ الأدب العربي)ی مێژوونووسی ناوداری ئەڵمانی (بروکلمان)ی خوێندبێتەوە کە ئاماژە بۆ ئەو کتێبانە دەکات لە کتێبخانە جیهانییەکاندا، بە یەقین ئەمەی بۆ دەردەکەوێت، لەوەش گرنگتر کتێبی (تأريخ التراث العربي)یە لە نووسینی توێژەرو زانای مێژوونووسی موسڵمان (مامۆستا فوئاد سزکین)، کە مەبەستی بووە ئەو کەلێنانەی بروکلمان و جگە لەویش هەیانە پڕی بکاتەوەو هەڵەکان ڕاست بکاتەوەو، چەندین بابەتی ڕەسەنو بە نرخیشی بۆ زیاد کردووە،[١٤٧] بەڕادەیەک شایانی ئەوەبوو کە خەڵاتی جیهانی شافەیسەڵی پێبدرێت لەبەر ئەو کتێبە قەبارە گەورەیەی کە نووسی.. کتێبەکە یازدە بەرگەو زانکۆی پێشەوا موحەممەد بن سعودی ئیسلامی لە ڕیاز چاپی کردووە.

ئەوەی جێگەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا وردبوونەوەیە لەو بەرگەی کە ناونیشانی "مجموعات المخطوطات العربية في مكتبات العالم"ی لێناوە..

هەروەها دامەزراوەی "ئالوبەیت بۆ فیکری ئیسلامی" لە عەممانی پایتەختی ئوردوندا شتی زیادی خستۆتە سەر مەڵۆی ئەم هەوڵە شەخصیانە و هەوڵێکی دامەزراوەیی چاکیان داوە بەوەی هەستاون بە نووسینی بیبلۆگرافیایەک بۆ کەلتووری ئیسلامی کە زۆر فراوانو هەمە لایەنەیە، تا ئێستا چەندین بەرگی وەک سەرەتایەک لێ چاپکراوەو کارەکەش هەر بەردەوامەو نەوەستاوە.

---

[١٤٧] لە بناغەدا کتێبەکەی بە زمانی ئەڵمانی نووسیوەو دکتۆر مەحمود فەهمی مەجازی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و دکتۆرە "عرفه مصطفي"و "دکتور سعيد عبدالرحيم" پێیداچوونەتەوە.

- پۆڵی عەرەب‌و ئیسلام لە ڕاپەڕینی ئەورووپادا:

پۆڵۆ چاکەی عەرەب‌و ئایینی ئیسلام لە ڕاپەڕینی ئەورووپاو کاریگەری شارستانییەتی ئیسلامی لەو ڕاپەڕینەدا چ وەك میتۆدو قوتابخانەو زانکۆکان‌و چ وەك زاناو سەرچاوە زانستییەکان، پۆڵی گەورەیان لە خەبەرکردنەوەی پۆژئاواداو ئاڕاستەکردنیان بۆ ڕاپەڕین‌و سوود بینین لەو شارستانییەتە، ئەمانە هەموو بوونەتە شتێکی ڕوون‌و ئاشکرا و پۆژئاواییەکان پێش عەرەب‌و موسڵمانەکان دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە.

کتێبێکی زۆر لەسەر ئەم ڕاستییە دانراوە هەندێکیان لانی کەم لای خەڵکی تۆێژەر ناوبانگیان هەیە وەك کتێبی (حضارة العرب)ی گۆستاڤ لۆبۆن‌و کتێبی (بناء الانسانية)ی بیر فۆلۆت‌و کتێبی (النزاع بيت العلم والدين)ی درایبر و کتێبی (تاريخ الأمم)ی جۆرج سارتۆن‌و کتێبی (شمس الله تسطع على الغرب)ی ژنە پۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (زیگرد هۆنکە).

هەروەها چەندین نووسەری عەرەبیش لەم بوارەدا کتێبیان نووسیوە بۆ نموونە مامۆستا عەباس مەحمود عەققاد لە کتێبی (أثر العرب في الحضارة الغربية)ەکەیدا و مامۆستا جەلال مەزهەر لە کتێبی (حضارة الاسلام واثرها في الترقي العالمي)ەکەیدا..

یەکێکی تر لەو کتێبانە بریتییە لەو تۆێژینەوە بە نرخەی کە بە سەرپەرشتی "مركز تبادل القيم الثقافية" کە بە هاوکاری (یونسکۆ _ منظمة الأمم المتحدة للتربية والعلوم والثقافة) دانراوە بە ناونیشانی (أثر العرب والاسلام في النهضة الاوربية) کە مامۆستای گەورە (محمد خلف الله أحمد) پێشەکی بۆ نووسیوە، پێشەکییەکی تۆێژەرانەی کورت‌و زۆر جوانی بۆ نووسیوە کە ئێمەش بە باشی دەزانین چەند دێڕێکی لێ وەربگرین‌و بیگوازینەوە، چونکە دەلالەتەکانی زۆر بەهێزو پڕ مانان.

مامۆستا (خلف الله) دەڵێت:

"بابەتی کاریگەری شارستانییەتی ئیسلامی لەسەر کەلتوورو ژیاری ڕۆژئاوا بابەتێکی فراوانو هەمەلایەنەو هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردووەوە پانتاییەکی زۆری لە توێژینەوەی زانا ڕۆژهەڵاتناسەکاندا داگیر کردووە، جێگەی خۆیەتی ئێمەش دان بەوەدا بنێین کە ئەوان کاری باشیان لەم بوارەدا کردووە و ئاسانکاریی زۆریان کردووە بۆ ڕێباز و میتۆدی توێژینەوە و کارەکانیان هەمە جۆرەیە، هەیانە هەوڵی شەخصییەو توێژینەوەی لەسەر بابەتێکی تایبەتو دیاریکراو یان دیاردەیەک یان قۆناغێك یان زانایەك لە زانایان کردووە، وەك ئەو توێژینەوەی (دانتی) کە دەربارەی کاریگەرییە ئیسلامییەکان کردوویەتی لەسەر "کۆمیدیایی خودایی"، یان توێژینەوەکانیان دەربارەی کاریگەری سروده عەرەبی و ئەندەلوسیەکان لەسەر گۆرانیو شیعری ئەوروپی، یاخود کاریگەری بیروڕاکانی ئیبن سینا لەسەر فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە سەرەتاکانی سەردەمی زیندووبوونەوەدا، یان مێژووی زانستی عەرەبی و شوێنپێی لە پێشخستنی زانستی جیهانیدا، یان وێناگرتنی ڕاپەڕینی عەرەبی ئیسلامی و سەروەرییەکانی لە سەدەی چواری کۆچیدا کە بەرانبەرە لەگەڵ سەدەی دەیەمی لەدایکبووندا، .. هەندێ لەو هەوڵانەش لەم مەیدانەدا دراون هەوڵی دەستەجەمعین کە چەند توێژەرێك سەریان کردووە بەیەکداو لە مەیدانە گەورەکانی کەلتووری ئیسلامیدا توێژینەوەی زانستییان کردووە و ڕوونیان کردووەتەوە لە چ ڕێگەیەکەوە ئەو کەلتوورە پردی دروست کردووە بۆ ناو هزری ئەوروپا، ئێمە لەم کتێبەدا ئاماژەو گەڕانەوەی زۆرمان دەبێت بۆ ئەو جۆرە هەوڵانە و دووبارەکردنەوەی زۆرمان دەبێت بۆ نرخاندنی ئەو توێژینەوانە.

لە پەنجا ساڵی ڕابوردووداو لە سەرەتای ڕاپەڕینی زانکۆکاندا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لەم بوارەدا بەشداربیەکی جیددی زۆر هەیە لە لایەن زانایانی ڕۆژهەڵاتەوەو بەرهەمی باشیشیان هەبووە بەتایبەتی لە کۆنگرەکانی ڕۆژهەڵاتناسانو

کۆنگرە زانستییە نێودەوڵەتییەکان و ئەو کۆڕبەندییە جیهانیانەی دەربارەی کەلتووری ئیسلامی دەگێڕرێت، لەو کۆنگرانەوە کۆمەڵێکی زۆر لە دەقو دیکۆمێنتو توێژینەوەی تازە بەرهەمهاتووە کە مەودای کاریگەریو کاریگەر بوون لە نێوان هەردوو هزری ئیسلامیو ڕۆژئاوادا دیاری دەکات، هەروەها دەزگا چاپەمەنییە عەرەبییەکان توێژینەوەی زۆریان لەم بابەتەدا بڵاوکردووەتەوە کە هەندێکیان باس لە سەروەرییەکانی شارستانییەتی ئیسلامی و کۆڵەکەکانی ئەو شارستانییەتە دەکەنو هەندێکیشیان باسی ئاسەوارەکانی کەلتووری ئیسلامی دەکەن لەناو شارستانییەتی ڕۆژئاوادا.

مایەی خۆشحاڵییە کە ئەو قۆناغە کۆتایی پێهات یان خەریکە کۆتایی پێ دێت ، کە کاتێك دەست دەبرا بۆ ئەم بابەتە بە گیانێکی هێرشبردنو دەمارگیرییەوە توێژینەوە دەکرا، یان زۆر حەزیان لەوە بوو کە بەرگری لە کەلتووری میللی خۆیان بکەن.

ئێستا قۆناغێکی تر هاتووەتە پێشەوە و بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکرێت کە پەیوەندیی و تێگەیشتنی نێودەوڵەتی پتەو بکرێتو توێژینەوە لە شارستانییەتەکان بکرێتە ڕێگەیەك بۆ دەرخستنی یەکبوونێکی ئینسانی و دروستکردنی هەماهەنگییەکی ڕاستەقینە بۆ ڕاماڵینی گیانی دوژمنکارانەو سوککردنی هێزی داگیرکاریو، لە ڕێگەی ئەو توێژینەوانەشەوە هەوڵ بدرێت ئاشتییەکی جیهانی لە نیوان میللەتاندا بەرقەرار بکرێت بەبێ جیاوازی لە نێوان ڕەگەزو ڕەنگو زمانو کەلتوورەکەیانیاندا، هەنگاو هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی خەڵکی لەوە ئاگادار بکرێتەوە کە ئەم پێشکەوتنە مەدەنییەی کە هەندێ لە دەوڵەتەکان لەم سەردەمە تازانەدا بەهرەمەند بوون پێی بەرهەمی ئەو هەموو هەوڵە یەك لە دوای یەکەی مرۆڤایەتییە بۆ دروستکردنی ئەو شارستانییەتە گەورانەی لە مێژوودا بوونیان بووە، بۆیە هەموو مرۆڤەکان مافی ئەوەیان هەیە سودمەند بین لە خێرو خێراتی ئەم مەدەنییەتەو

بەهرەی خۆیانی لێوەربگرن، لە ڕاستیشدا مێژووی شارستانییەتی ئەم بنیادەمە لە سەر هاوکاریو بەخشینو وەرگرتن ڕاوەستاوە، بۆیە مەجالی خۆهەڵکێشان نامێنێتەوە بۆ ئەوانەی شارستانییەتەکەیان لە بن دەست دایە و لێی دەبەخشن، هەروەک مەجالی سەرکزی بۆ ئەوانەش نامێنێتەوە کە سوود لەو شارستانییەتە دەبەن.

پرۆفیسۆر (کویلر یونگ) لە کتێبی (أثر الثقافة الاسلامية في الغرب المسيحي)دا، لەکۆتاییەکەیدا ئاماژە بۆ هەندێ لەم ڕاستییانەی سەرەوە دەکاتو دەڵێ:

(جا لە پاشاندا، ئەمە باسێکی مێژووییەو مەبەست پێی بەیادهێنانەوەی ئەو قەرزە کەلتوورییەیە کە ئیسلام پێش هەزار ساڵ داویەتییە ئێمەی مەسیحی، ئەوکاتانەی کە گەشتمان دەکرد بۆ پایتەختە ئیسلامییەکانو لەوێدا لە خزمەت مامۆستایانی ئیسلامیدا وانەکانی فەلسەفەی ژیانی مرۆڤایەتی و هونەرو زانستەکانمان دەخوێند و، یەکێک لەو قەرزە گەورانە ئەوەیە کە کەلتووری کلاسیکیمان وەک خۆی ماوەتەوەو ئیسلام بە جوانترین شێوە چاودێری لێکردووەو پاراستوویەتی، بەڕادەیەک ئەوروپا بۆ جارێکی تر توانی لەو کەلتوورە تێبگاتو بیخاتەوە ژێر چاودێری خۆیەوە، هەموو ئەمانە پێویستە بوونیان هەبێتو تێکەڵ بین بەو ئاراستەیەی کە ئێمەی مەسیحی دەمانەوێت خیتابی پێ بکەین لەگەڵ ئیسلامداو بەو گیانەوە دیاریە ڕۆحی و کەلتوریەکانمان بخەینە سەر دەستو لەگەڵ هەستی برایەتیدا بڕۆین بەرەو ڕووبانو ئەو قەرزە کۆنەیان بە جوانترین شێوە بدەینەوە ! !..

لە ڕاستیدا سنووری داد نابەزێنین ئەگەر ئەو قەرزەو قازانجەکەشی بدەینەوە، ئەو کاتە بە ڕاستیو باشتر مەسیحیین کە هەموو مەرجانەکانی ئالۆگۆڕکردن لە بیر

خۆمان بەرینەوە و، ئەوەی دەیدەینەوە بە ئەوان لە ئەوپەڕی ڕێزو داننانماندا بێت بە جوانی کارەکەیان! ".[١٤٨]

لە بناغەدا ئەم گیانە تازەیە وای کرد کە یونسکۆ لە خولی دوازدەیەمینی خۆیدا لە (نۆڤەمبەرو دیسەمبەری ١٩٦٢)دا ئەو پێشنیارە پەسەند بکات کە داوا لە مەڵبەندی میللی یونسکۆ بکات لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا هەڵبسێت بە دامەزراندنی پرۆژەیەك بۆ توێژینەوە دەربارەی کاریگەری ڕۆژئاوا و شارستانییەتی ئیسلامی لەسەر ڕاپەڕینی ئەوروپا، ئەو پرۆژانە بە زمانی عەرەبی ئامادە دەکرێن و پاشان وەردەگێڕدرێنە سەر هەندێ لە زمانە گەورەکانی دونیا.

مەڵبەندەکەش لیژنەیەکی لە زانایانی کۆمار بانگهێشت کرد کە هەریەك لە بوارێکی زانستدا پسپۆڕی هەبوو، وەك زانستو فەلسەفەو هونەر، تا هەموو پێکەوە پلانێکی توندوتۆڵ بۆ ئەم پرۆژەیە و جێبەجێکردنی دابنێن.

---

[١٤٨] ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی دوورودرێژە بەناونیشانی: " The Cultural Contribution of Islam to Christemdom" دانراوی پرۆفیسۆر "T. cayler" ، کە ئەو کاتە مامۆستای بەشی ئاداب‌و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بوو لە زانکۆی (برنستۆن) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئێستاش سەرۆکی ئەو بەشەیە، ئەم توێژینەوەیەی پێشکەش بە کۆڕبەندی جیهانی بۆ کەلتوری ئیسلامی کرد، کە لە (برنستۆن)و (واشنتۆن) بەسرا لە ساڵی ١٩٥٣ لەسەر بانگهێشتی زانکۆی (برنستۆن)و کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی بەسترا، ژمارەیەکیش لە زانایانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و زانایانی ڕۆژئاوا بەشداریان تێدا کرد ئەوانەی کە گرنگی بە توێژینەوەی ئیسلامی دەدەن، محمد خلف الله احمد وەرگێڕاوێکی ئەم توێژینەوەی بڵاوکردەوە و لەگەڵ چەند توێژینەوەیەکی تریشدا کە پێشکەش کرا لە کۆڕبەندییەکەدا بەناونیشانی (الثقافة الاسلامية والحياة المعاصرة - بحوث ودراسات اسلامية) - القاهرة ١٩٥٥. بەشی دووەمی ئەم کۆڕبەندە لە لاهوری پاکستان گیرا لە ساڵی ١٩٥٧- ١٩٥٨و لەوێشدا هەندێکی تر توێژینەوە دەربارەی کاریگەری ئیسلام لەسەر ڕاپەڕینی ڕۆژئاوا پێشکەش کراو کرانە کتێبێك و بەهەر سێ زمانی (ئوردوی)و (عەرەبی)و (ئینگلیزی) بڵاوکرانەوە لە ژێر ناونیشانی: INTERNATIONAL COLLOQUIAM ON ISLAMIC CULTURE .١٩٦٠LAHORE

لێژنەکەش هاتن و ئامانجی سەرەکییان لە پرۆژەکە دیاری کرد کە بریتییە لە توێژینەوەیەکی زانستی لە هەموو لایەنەکانی بەیەکگەیشتنی بەرهەمی شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی و شارستانییەتی ئەورووپا لە سەرەتاکانی سەردەمی ڕاپەڕینیاندا کە لە سەدەی دوازدەیەمەوە درێژدەبێتەوە بۆ سەدەی شازدەیەمی لەدایکبوون، لەگەڵ ئەو شایەتحاڵو بەڵگانەدا کە باس لە کاریگەری فیکری ئیسلامی لەسەر فیکری ئەورووپی دەکات.

لێژنەکە نۆ مەیدانیان تەرخان کرد بۆ ئەوەی باسی خاڵی بەیەکگەیشتنی تێدا بکەن کە بریتییە لە: (ئەدەب، فەلسەفە، زانستە سروشتییەکان، پزیشکی، جوگرافیا، زانستەکانی دەریاوانی، مێژوو، بیناسازیو کارە هونەرییەکان، مۆسیقا)و هەر بەشێکیانی سپارد بە زانایەکی پسپۆڕ تا کارەکانی ڕاپەڕێنێت.

کارەکە بەو شێوەیەی نەخشەی بۆ دانرابوو بەڕێوە دەچوو هەریەکەیان لە بواری خۆیدا، هەر توێژەرەی لە بابەتی خۆیدا ئەو سەروەرییانەی کە شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی بەدەستی هێنابوو کۆکردەوەو هەموو ئەو ڕێوشوێنانەشی باس کردبوو کە ئەو زانستە لێوەی پەڕیبووەوە بۆ ئەورووپا، هەروەها باسی ئەو شوێنانەشی کردبوو کە زانا و بیرمەندە ئەورووپییەکان سەرنجیان ڕاوەو پێی سەرسامبوون _ ئەگەر هەبوایە_ لە سەرەتاکانی سەردەمی ڕاپەڕیندا و، هەریەکەشیان بە پێی توێژینەوەی بەراوردکاری مێژوویی(البحث التاریخی المقارن) باسەکانیان هەڵسەنگاندبوو.

شتێکی سروشتی بوو کە ئاماژەکانی ناو ئەو توێژینەوانە چەندبارە دەبوونەوە لەوەدا کە لە کام پردەوە ئەو شارستانییەتە عەرەبییە ئیسلامییە پەڕیوەتەوە بۆ ئەورووپا _ با هەریەک لەو توێژەرانەش لە گۆشەنیگای خۆیو بابەتەکەیەوە بۆ باسەکەی ڕوانیبێت _ و هەرچەند ئەگەر توێژەرەوە عەرەبەکان لە بابەتەکانیاندا ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسە هاوڕاکانی خۆیانیشیان هێنابێت، بە ئامانجی

ئەوەی ئەم توێژینەوانە تازەترین لێکۆڵینەوە بگرێتە خۆی، لەم ساڵانەی دواییدا دەقێکی زۆرو دەستنووسێکی زۆر بڵاوکرایەوە لە لایەن توێژەرە پسپۆڕەکانەوە چ پۆژهەڵاتی و چ پۆژئاواییەکان کە تیشکی تازەی خستبووە سەرئەم بابەتەی کەباسمان کرد". [١٤٩]

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا چاکەی شارستانییەتی عەرەبیو ئیسلامی تەنها لەم لایەنە زانستیو تەکنیکییەدا نەوەستاوە، بەڵکو ئەم سەروەرییانە چوونەتە ناو هەموو بوارەکانی تری ژیانەوە وەك ئایینو بیروباوەڕو ڕەوشتو شتەکانی تریش، ئەوەتا چەندین توێژەر باسی ئەوە دەکەن ئەو ڕیفۆرمە ئایینییەی پۆژئاوا دەستی پێکرد لە ژێر کاریگەری ئایینی تەوحیدی ئیسلامدا دروست بوو، [١٥٠] کە ئیسلام بەرییە لەو کارە تووندوتیژانەی کە کاهینە کاسۆلیکییەکان دەیکەن، لە ئیسلامدا تاك ئازادە هەرچۆن پەیوەندی بە خوای خۆیەوە بکات و بیپەرستێت و دەڵاڵ لە نێوان ئەو و خوادا نییە کە مافی پەیوەندیکردن بە خواوە قۆرخ بکات بۆ خۆی، ئەورووپییەکان بە چاوی خۆیان ژیانی ئیسلامەتی خەڵکیان دیووە و بۆیان دەرکەوتووە کە چ ژیانێکی هاوسەنگە! کە تیایدا زەوی پەیوەست دەبێت بە ئاسمانەوە، دونیا بە ئاخیرەتەوە و، مادە بە ڕۆحەوە بەبێ ئەوەی دژایەتی ببێت لە نێوانیانداو جیابن لە یەکتری (يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) (البقرة: ٢٠١). واتە: خودایە لە دونیادا هەر شتی باشمان پێ بدە و لە ئاخیرەتیشدا هەر شتی باشمان بدەرێو لە سزای ئاگر بمانپارێزە.

ئەورووپاییەکان لەم پێکەوەژیانەیان لەگەڵ موسڵمانداندا سوودی زۆریان بینی چ لە ئەندەلوسدا و چ لە صقلیە و چ لە شەڕەکانی خاچپەرستیو هیتر، ئەو شەڕانە بوونە زللەیەك بۆیانو لەو خەوە قووڵەی تێیدا بوون خەبەری کردنەوەو لەو قۆناغە درێژەی

---

[١٤٩] بروانە: أثر العرب والاسلام في النهضة الاوربية ـ مقدمة، د. محمد خلف الله أحمد، ص٤ـ ٧.

[١٥٠] بروانە: أثر الاسلام في اصلاح المسيحية، شيخ امين الخولي.

متبوونیان دەری هێنانو خستیانییە حەرەکەتو جوولّەکردن و هەرئەمەش گەورەترین فاکتەر بوو بۆ ئەوەی پوو لە پاپەڕین و هەستانەوە بکەن!

(٣)

میژووو پڕە لە مەردایەتی و شانازی

١ـ بێخداری لە لایەنی خودا پەرستییەوە
٢ـ ڕۆشنکردنەوەی بەها مرۆییەکان
٣ـ بێخداری بەها ڕەوشتییەکان
٤ـ بەربلاوی سەماحەتی ئایینی
٥ـ توانای ئیسلام لە بلاوبوونەوەدا بەڕێگەیەکی ئاشتیانە
٦ـ توانای موسڵمانان لە بازداندا بەسەر گلانە گەورەکاندا

لە کەلتوورەکانی میژووماندا

هەرکەسێك میژووی ئێمە بخوێنێتەوە دەبێت بە شێوەیەکی گشتگیرانە و بەرچاوڕوونی بیخوێنێتەوە، دوور لە هەموو ئەو تۆزو گەردانەی کە نیشتووەتە سەریو بەناڕەوا میژووی ئێمەی لێڵ کردووە ،(لە ڕاستیدا) ئەو تۆزو گەردانە فشار دەخەنە سەر عەقڵی خوێنەرو ناهێڵن جوان بۆ میژوو بڕوانێت.

هەروەها هەر کەسێك دوور لەو بیروڕا هێنراوانەی کە عەقڵی زۆرێك لە نەوەکانی ئێمەی داگیرکردووە، ئەو بیروڕایانەی کە قەڵەمی مژدەدەران و ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بەرهەمی هێناون کە بێلایەنی خۆیان لەدەست داوە، سەیری میژوو بکات، بۆی دەردەکەوێت میژووی ئێمە _ کە بە دڵنیاییەوە خاڵی نییە لە هەڵە و کەموکوڕی وەك میژووی هەموو میللەتانی تری دونیا _ زۆری هەیە بەسەر تەواوی میژووی میللەتانی تر‌ەوە کە خاوەنی شارستانییەتی خۆیان بوون، میژووی ئێمە پێکهاتووە لە کۆمەڵێکی زۆر سەروەریو هەڵوێستی پڕ شانازی کە نە بۆ میژووی هیچ میللەتێکی تر هەڵکەوتووەو نە بۆ شارستانییەتەکەشی هەڵکەوتووە ! !

ئێمە ماف خۆمانە _ بەڵکو ئەرکی سەرشانمانە _ کە تیشك بخەینە سەر ئەو سەروەرییانەو ئەو هەڵوێستە جوامێرانە، تا خوێنەری بەرێزیش لای ڕوون بێت بەتایبەت ئەوانەی بە دوای ڕاستییە میژوویییەکاندا دەگەڕێن دوور لە دەمارگیری ئەوکەسانەی بە چاك‌و خراپەوە میژووەکەیان وەرگرتووە و، دوور لە هێرشی ئەوانەش کە دەمارگیرن لە ڕەخنەکانیاندا و هەر خاڵی ڕەش دەبینین ... ئەو خوێنەرانەی کە دەیانەوێت بە دادو ویژدان بڕیار لە سەر میژوو بدەن هەروەك چۆن خودای گەورە فێرمان دەکات‌و دەفەرموێت: (وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا) (الأنعام: ١٥٢) واتە: ئەگەر قسەیەکتان کرد ئەوا دادپەروەرانە بیکەن، یان دەفەرموێت: (وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى) (المائدة: ٨). واتە: ڕقبوونتان لە

میللەتێك با واتان لێنەكات سنور ببەزێنن (سنوور مەبەزێنن)، دادپەروەر بن، جون دادپەروەری نزیكترە تەقواوە.

پێویستە ئێمە وەك ئەوانە بین كە خوای گەورە ئاڕاستەیان دەكات و دەفەرموێ: (أَلاَّ تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ * وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلاَ تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ). (الرحمن: ٨ـ ٩). (خوا بۆیە قورئانی نادروەتە خوارەوە) تا ئێوە فێر بكات كە لە كێشانی شتێ خەڵكیدا سەركەشی نەكەن، كێشان بە دادپەروەرییانە بەرقەرار بكەن و تەرازوو سووك مەگرن.

ئەم ئایەتانە پێوەرێكی وردن بۆ كێشانی هەموو شتێك (لا طغيان ولا اخسار) نە زیادەڕۆیی و سەركەشی نە سووككردن و بێنرخی.

ئێمەش لەمەودوا تیشك زیاتر دەخەینە سەر هەندێ لەو سەروەرییە گەورە و دیارانەی كە لە مێژووی ئێمەدا هەیە و دەربارەی هەریەك لەمانەی خوارەوە وتارێك باس دەكەین :

١ـ بێخداری لە لایەنی خودایەرستیەوە

٢ـ ڕۆشنی لە بەها مرۆییەكاندا

٣ـ بێخداری بەها ڕەوشتیەكان

٤ـ بەربلاوی سەماحەتی ئایینی

٥ـ توانای ئیسلام لە بلاوبوونەوەدا بەڕێگایەكی ئاشتیانە

٦ـ توانای موسڵمانان لە بازداندا بەسەر گلانە گەورەكاندا

١ ـ بێخداری لایەنی خودا پەرستیی لە مێژووی ئێمەدا

مێژوونووسێك نییە كە مێژووی ئێمەی خویندبێتەوە و ئەوەی نەبینیبێت كە مێژووی ئێمە لەو خاڵەدا ئیمتازی زۆری هەیە بەسەر زۆربەی ئەو شارستانییەتانەدا كە لە پێش یان لە پاش ئیسلامەوە هاتوون، خاڵەكەش ئەوەیە :

شارستانییەتی ئیسلامی ماناكانی خوداپەرستی تێكەڵ بە هەموو كایەكانی ژیان كردووە وەك چۆن ڕوح تێكەڵ بە لەشی مرۆڤ بووە.

ماناكانی خوداپەرستیش بە كورتی لە شارستانییەتی ئێمەدا بریتییە لەوەی هەموو شتێك سەرچاوەكەی لە خوداوەیە و ئامانجەكەشی بۆ خودایە.

ئەو ئوممەتەی كە ئەم مێژووەی دروست كرد و ئەم شارستانییەتەی بنیات نا ئوممەتێكی ((خولقێنراوە)) واتە لە وشكانیدا سەوز نەبووە وەك چۆن گیای بیابان سەوز دەبێت كە هەندێ كەس بەو ڕووەكانە دەڵێن " گیای شەیتان! مەبەستیان ئەوەیە كەس نەیناشتوون و ئاوی نەداون، بەڵام ئەم ئوممەتە خودا ڕواندوویەتی وسەوزی كردووە" بەدیاری ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتیو "كردوویەتی بە ئوممەتێكی میانڕەو و شایەتحاڵ " وەك دەفەرموێت: (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا) (البقرة: ١٤٣). واتە: بەوشێوەیە ئێوەمان كردووە بە ئوممەتێكی میانڕەو تا شایەتحاڵ بن بەسەر مرۆڤەكانەوەو بەو شێوەیەش پێغەمبەر شایەتحاڵ دەبێت بەسەر ئێوەوە.

بەڵێ..، ڕێنماییەكانی سروشی خودایی ئەم ئوممەتەی سازو ئامادە كرد، ئەو ڕێنماییانەی كە لە پەڕاوی خودا _ كە قورئانە _ و لە فەرموودەو سوونەتەكانی پێغەمبەرەوە بۆیان دادەبەزی و ئەو قورئانەی كە خوا ناردوویە خوارەوە تا پێغەمبەر ﷺ بەیانی بكات بۆ خەڵكی و، ئەویش بە گوتار و بە كرداریش ئەو

بەیانەی کرد، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ) (النحل: ٤٤). واتە: ئێمە ئەم قورئانەمان ناردووەتە خوارەوە تا بۆ خەڵکی ڕوونی بکەینەوە کە چییان لە خوداوە بۆ دابەزیووە، بۆ ئەوەی بیربکەنەوە.

لە لایەکی تریشەوە ئامانجی گەورەی ئەم شارستانییەتە ئەوەیە کە مرۆڤەکان خوداپەرستی بکەن و بە شوێن ڕەزامەندی ئەودا بگەڕێن و گوێڕایەڵی لە خودای خۆیان بکەنو لەوانەش دوورکەونەوە کە خودا قەدەغەی کردوون، هەموو موسڵمانێکیش بەردەوام ئەوە لەبەرچاوی خۆیدا دادەنێت کە پێویستە بۆ خودا دڵسۆز بێت و لە هەوڵی ڕازیکردنیدا بێت تا سەرکەوتوو بێت وەك خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت: (قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ). (الانعام: ١٦٢ـ ١٦٣). واتە: بڵێ: نوێژەکانم و خوداپەرستییەکانم و ژیانو مردنم هەر بۆ خوا سەرف دەکەم، ئەو خودایەی کە هیچ هاوەڵێکی نییەو بەو شتەش فەرمانم پێکراوەو منیش یەکەمین کەسێکم کە خۆم تەسلیم بە خوا دەکەم!

کەواتە سەیر نییە کە پاڵنەری ئایینی و ئامانجە ئاییەنی و خوداییەکان بریتی بن لە یەکەمین فاکتەرو ئاراستەکەر بۆ ئەم شارستانییەتە، بەو ڕادەیەی کە خەریکە (ناوی خودا) لە پشت هەموو دیاردەیەکی ئەم شارستانییەتەوە دەخوێنینەوە، چونکە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا و لە یەکەمین ئایەتێکدا کە دابەزاندووە بۆ پێغەمبەرەکەی فەرمانی پێدەکات بە دوو شتی سەرەکی:

یەکەمیان: خوێندنەوە، خوێندنەوەش کلیلی هەموو زانستێکەو زانستیش یەکەمین دیواری ڕاگرە بۆ هەموو شارستانییەتێك..

دووهەمیان: پێویستە ئەو خوێندنەوە بەناوی خوداوە بێت کە دروسنکەری ئەم گەردوونەیەو دروستکەری ئەم مرۆڤەیەو بەڕێزترین پەروەردەکەریشە بۆی و فێری ئەو شتانەی دەکات کە نایانزانێت ! !

ئایەتەکەش ئەوەیە کە دەفەرموێت: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ * اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ * الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ * عَلَّمَ الإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ) (العلق: ١ـ ٥). واتە: بخوێنە بەناوی ئەو خودایەی دروستی کردووی * ئەو خودایەی مرۆڤی دروستکردووە لە زالوویەك * بخوێنە لەگەڵ ئەوخودا بەڕێزەی کە مرۆڤی بە هۆی قەڵەمەوە فێری شت کردووە * مرۆڤی فێری ئەو شتانە کردووە کە نایانزانێت! ! !

ئا لەمانەوە موسڵمانان لە قورئانەوە فێربوون کە: بەناوی خوداوە دەست بە هەموو کارەکانیان بکەنو ئەوەش بزانن کە هەر کارێك کە بە ناوی خوداوە دەست پێنەکان بێبەرەکەتو دوابڕاوە ، هەربۆیەش هەموو سورەتەکانی قورئان بە (بسم اللّه الرّحمن الرّحیم) دەستیان پێ کردووە.

موسڵمانان کە قورئان دەخوێننەوە دەبینین کە حەزرەتی نوحیش (علیه السلام) کاتێك کە کەشتییەکەی دروست کرد بەو موسڵمانانەی لەگەڵیدا بوون فەرمووی: بەناوی خواوە بچنە ناو کەشتییەکە (وَقَالَ ارْكَبُوا فِيهَا بِاسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَحِيمٌ) (هود: ٤١).

هەروەها حەزرەتی سولەیمانیش (علیه السلام) کاتێك نامە دەنووسێ بۆ شاژنی (سبأ) سەرەتا بە (بسم اللّه الرّحمن الرّحیم) دەست پێ دەکات، وەك دەفەرموێت: (إِنَّهُ مِنْ سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِاسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) (النمل: ٣٠).

ئالێرەوەیە کە دەڵێن : شارستانییەتە گەورەکەی ئێمە بە پاڵنەری ئایینی دروست بووەو بۆ چەند ئامانجێکیش دروست بووە کە ئایین سەربخاتو خزمەتی ئایینی پێ بکات و بە شوێن ڕازیکردنی پەروەردگاری هەمووانداا بگەڕێت.

ئەو قەناعەتانە بوو وای کرد کە ماناکانی ئایین و بەها ئیمانییەکان بنووبێخ دابکوتن لە ژیانی ئیسلامەتیدا، بەو شێوەیەش ڕەگیان بچێتە خوار بەناو شارستانییەتە ئیسلامییەکەدا و زەوی پەیوەست ببێت بە ئاسمانەوەو دونیا بەئاخیرەتەوەو مادە بە ڕوحەوەو دروستکراو بە دروستکەرەوە.

. کاریگەری ئایین بەسەر شارستانییەتی ئێمەوە:

مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکانیش خۆیان کە مێژووی ئێمەیان نووسیوەتەوە بەڕوونی ئەوە دەزانن کە ئایین چ ڕۆڵێکی هەبووە لە دامەزراندنی ئەم شارستانییەتەدا، هەروەها لەبەرەوپێشبردن و لە ڕەگداکوتانیدا، ئەوەش دەزانن ئایین تا چەندێك ئەم شارستانییەتەی دەوڵەمەند کردووەو ئەوەی مایەی بەرزیو بڵندی بووبێت بۆئەم شارستانییەتە پێی داوەو بووەتە هۆی ئەوەی زووتر بەر بگرێت.

ئەم بڕگەیەی مێژوونووس و فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی فەڕەنسی (گۆستاف لۆبۆن) دەگوازینەوە لە کتێبی (حضارة العرب)ەوە کە دەربارەی (تأثير الدين في المسلمين) دەکات لە فەسڵی پێنجەمدا، چونکە دەستەواژەیەکی زۆر پڕ ماناو وردە، (لۆبۆن) دەڵێت :

(پێشتر باسی ئەو یاسایانەمان کرد کە لە قورئاندا باسکراون هەروەك چۆن موحەممەد پێش سیازدە سەدە خەڵکی فێر کردووە، بەڵام ئەوە هەیە قورئان دەستورێکی نووسراوەو هەر ماوەتەوە، زۆر جارانیش جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت لە نێوان ئەو ڕێنماییانەی کە دەنووسرێنەوە لەگەڵ ئەو کارو کردەوانەی کە بە پێی ئەو ڕێنماییانە دەکرێن، بەڵام هەر کەس بیەوێ لەوە بگات ئایا تا چەند ئەو ڕێنماییانە گرنگ بوون لە ژیانی خەڵکیدا، پێویستە تۆژینەوە بکات لەسەر ئەوەی تا چەندێك خەڵکی کاریگەر بوون بەو ڕێنماییانەو، بازنەی ئەو کاریگەرییانە چەندیك فراوان

بووە؟ ئەوە گرنگە بزانرێت، چونکە ئەمە وادەکات بە درێژی بچینە ناو ئەو باسانەی کە تا ئێستا نەچووینەتە ناوی:

کاریگەری ئایینی موحەممەد لە دەروونەکاندا لە کاریگەری هەموو ئایینەکانی تر گەورەتر بووە، تائێستاش میللەتە جیاجیاکانی دونیا _ ئەو میللەتانەی کە قورئانیان کردووەتە ڕێبەری خۆیان _ هەر کار بە یاساکانی قورئان دەکەن بەوشێوەیەی کە پێش سیازدە سەدە کاری پێ دەکرا..

بەڵێ! ڕاستە لە ناو موسڵمانانداە هەندێ لە خەڵکی بێدینو دەستی بێگانە دەبینیت بەڵام هەرگیز نابینی کە یەکێکیان بێڕێزی بەرانبەر بە ئیسلام بکاتو پابەند نەبێت بەو ڕێنماییە بنەڕەتییانەی کە ئیسلام داینناوە، بۆ نموونە نوێژکردن لە مزگەوتەکاندا یان ڕۆژووگرتن لە ڕەمەزانەکاندا، کە هەموو موسڵمانان زۆر بە وردی پابەند دەبن بە هەموو یاساکانیەوە لەگەڵ ئەو زەحمەتانەش کە تێیاندایە، کە لە ڕۆژووی چل ڕۆژی هەندێك لە نەصرانییەکانیشدا شتی وانابینی، ئەمانە من بە چاوی خۆم هەموویم دیووە لە هەموو ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی کە سەردانم کردوون، لە ئاسیاو لە ئەفریقیادا.

بۆ نموونە: جارێکیان بۆم ڕێککەوت سواری کەشتییەکی نیلی بووم، بینیم کە کۆمەڵێك عەرەبی تێدایە پێوەند کراوەتە دەستو قاچیان و چەندین تاوانیشیان درابووە پاڵ، کەچی شتێکیان زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەویش ئەوەبوو ئەمانە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو هەموو یاسا کۆمەڵایەتییانەیان پێشێل کردبوو و، بە هەڕەشەی سزای ناڕەحەتیش ترسێنرابوون، کەچی جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد بێڕێزی بەرانبەر بە ڕێنماییەکانی پێغەمبەرﷺ بکەن، کە کاتی نوێژ دەهات پێوەندەکانیان لێ دەکردنەوەو نوێژەکانیان دەکردو سەریان بۆ خوای گەورە دەخستە سەرزەوی و عیبادەتیان بۆ دەکرد!

هەرکەسێك حەز لەوە دەکات کە لە ڕاستیو سروشتی میللەتانی ڕۆژهەڵات تێبگات کە _ ئەوروپاییەکان تا ئێستاش کەمێکیان نەبێت لێیان تێنەگەیشتوون _ پێویستە ئەوە بێنێتە بەرچاوی خۆی کە ئایین چ دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە بەسەر دەروونەکاندا لەوێو، چ دەسەڵاتێکی کزو لاوازیشی هەیە بەسەر ئێمەدا، تەنیا بە ئایین دەتوانرێت گەورەترین کاریگەرییان لەسەر دابنرێت، ئەگەر ئایین نەبوایە کێ خەڵکی میصری دەجوڵاندو شۆڕشی تازەی پێ بەرپا دەکردن کە میصری خەڵتانی خوێن کرد ! !

لۆبۆن پَاش ئەمانەش باسی خاڵێکی تری گرنگ دەکات ئەویش ئەوەیە دەڵێت:

(ان الرجل الذي يخاطب العرب باسم الله يطاع لا محالة، ما علموا انه يتكلم باسم الله حقاً، فعلى الراصد المؤمن او الملحد: ان يحترم هذا الايمان العميق، الذي استطاع العرب ان يفتحوا العالم به فيما مضى وهم اليوم يصبرون به على قسوة المصير...)[١٥١].!!! واتە: ئەو کەسەی کە بە ناوی خواوە عەربەکان بدوێنێت بێگومان هەموو گوێڕایەڵی دەکەن بەو مەرجەی دڵنیابن لەوەی کە بە ڕاستی بۆ خودای دەکات!

هەموو چاودێرێکی باوەڕدار یان بێباوەڕیش پێویستە ڕێز لەو باوەڕە قووڵو بێخدارە بگرێت، کە عەرەبەکان هەر بەو باوەڕە توانییان هەموو دونیا فەتح بکەن لە ڕابوردوودا و ئەمڕۆش هەر بە هۆی ئەو باوەڕەوەیە کە دان بە خۆدا دەگرن لەو چارەنووسە (ڕەشە)ی[١٥٢] کە تێی کەوتوون! !

مێژووی بەڵگەدار ئەوی سەڵماند کە دەستگرتنی موسڵمانان بە ئایینەکەیانەوە هەمیشە مایەی ڕزگاربیان بووە لەو سەختیو قەیرانە گەورانەی کە تێی کەوتوون لە مێژووياندا، هەروەها مێژوو ئەوەشی سەلماندووە کە هەڵکشانو داکێشان لە مێژووی

---

[١٥١] بڕوانە: حضارة العرب، ٤٣٣/ ٤٣٤.

[١٥٢] قسوة المصير: بە چارەنووسی ڕەش –نەك ڕەقو قورس– ماناماں کرد. (وەرگێڕ).

دوورودرێژی موسڵمانانداا پەیوەست بووە بە ڕێژەی پابەندبوونیان ڕاسگۆیانەیان بەئیسلامەوە یان دوورکەوتنەوەیان لە ئیسلام، ئەم ڕاستییە زانایەکی گەورەی وەک شێخ ئەبولحەسەنی نەدەوی لە توێژینەوەیەکی بە نرخی خۆیدا بەوردی باسی کردووە.[١٥٣]

مێژووی تازەش ئەوەی سەلماندووە کە هەموو ئەو شۆڕشو بزاڤە تازانەی کە بەرگرییان دژ بە ئیمپریالیزم و داگیرکەر کردووە و لە وڵاتە ئیسلامییەکان وەدەریان ناون، هەموو لە بناغەدا بزاڤی دینی بوونو هەموو ئەوانەش کە ئاڕاستەی ئەو بزاڤانەیان کردووە و ڕێبەرایەتییان گرتووەتە دەست بە زۆری سەرکردەی ئایینی بوون.. ئەم ڕاستییەش مێژوونووسێکی یەهودی ئەمریکی سەلماندوویەتی کە ناسراوە بە (برنارد لویس) لە کتێبێکی خۆیدا، بەناوی (الغرب والشرق الأوسط) کە (نبیل صبحی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

. لە مێژووی ئیسلامی ئێمەدا ئایینو زانست دەست لەملانی یەکترین:

ئەوەی بە قوولّیی لێکۆڵینەوە لە شارستانییەت و مێژووی ئیسلامی ئێمە بکات دەبینێت چەندین سەروەری تێدایە کە لە شارستانییەت و مێژووی میللەتانی تردا نییە، ئەوەش هەموو بەرهەمی ئیسلامو ڕێنماییە ئیسلامیەکانە، کە بەردەوام ئاراستەی ئوممەتی ئیسلامی کردووە کە ئەم مێژووەی دروست کردووە.

یەکێک لەو کەلتوورو سەروەرییانەی کە ناوبانگی پەیدا کردووە ئەوەیە لە شارستانییەتی ئێمەدا ئایینو زانست دەستلەملانێی یەکترنو ململانێیان نییە لەگەڵ یەکتریدا، هەروەها هاوڕانو جیاواز نین لەگەڵ یەکتردا، ئایین لای ئێمە یەکسانە بە زانستو زانستیش لای ئێمە یەکسانە بە ئایین، هەر بۆیە لای ئێمە زۆرانبازیی لە

---

[١٥٣] ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (المد والجزر فی تأریخ الاسلام) هاوڕێ لەگەڵ نامیلکەکان تری نەدەوی لە ژێر ناونیشانی (الی الاسلام من جدید) چاپو پەخش کراوە.

نێوان زانستو ئایینداو ڕووبەڕووبونەوەی نێوان هزر و عەقیدەدا، یان لە نێوان شەریعەتو حیکمەتدا وەک چۆن لای میللەتانی تر ڕووبداوە، بۆ نموونە لەناو میللەتانی ئەورووپادا لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا ئاگری ململانێیەکی توند لە نێوان ئایینو زانستدا هەڵگیرسا.

مێژووی ئەورووپا ئاگری ئەو جۆرە شەڕانەی تێدا هەڵگیرساوە لە نێوان ئایینو زانستدا، بە دەستەواژەیەکی تر بڵێین: شەڕی گەورە ڕوویدا لە نێوان پیاوانی هزرو زانستدا لە لایەک _ کە ڕێبەرایەتی داهێنانو پێشکەوتنیان دەکرد لە بواری جۆربەجۆرەکانی زانستدا _ و لەلایەکی تریشەوە پیاوانی کڵێسای ڕۆژئاوا کە نوێنەرایەتی دینیان دەکردو بەناوی دینەوە قسەیان دەکرد..

پیاوانی کڵێسا کاریان بە هەندێ لە بیردۆزەکانی فەلسەفەی یۆنانی دەکرد و دەهاتن جۆرێک لە گیانی پیرۆزیو دوور لە کەموکورتی (عیصمەت)یان بەبەردا دەکرد _ لەگەڵ ئەوەدا ئەو فەلسەفانە تەنیا بیرێکی مرۆڤانەی ڕووت بوون _ بۆیە ڕێگەیان نەدەدا کەس پێچەوانەی ئەو بیردۆزانە بجوڵێتەوە یان لە سنووری ئەو بیردۆزانە دەربچێت، هەرکەسێکیش کاری وای کردبا بەرنەفرینی خودا دەکەوتو بڕیاری بێدینیو هەرتەقە[١٥٤] و بڕیاری لە دین دەرچوونیان بەسەردا دەدا.

کڵێسا دادگا سامناکەکانی پشکنینی دروست کرد، بۆ ڕاوەدونانی هەموو ئەوانەی کە بێڕێزییان بە ئایین دەکردو چووبوونە ناو بازنەی حەرامەکانو لەیاسا و سنورەکانی کڵێسا دەرچووبوون، بۆ نموونە یەکێک لە تاوانەکان ئەوەبوو کە نابێ بووترێ زەوی خڕە، بەڵکو زەوی تەختە ! !

---

[١٥٤] هەرتەقە (هرطقة) وشەیەکی یۆنانییە و لەناو نەصرانییەکاندا باوە، بە کەسێک ئەوترێ کە شتی تازەو بیدعە لە دینی مەسیحییدا دابهێنێت، بەو کەسەی کاری وابکات ئەوترێ "هەرتەقی" "بیدعەکار". (وەرگێڕ).

هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا قوتابیانی زانست لەناو موسڵمانانداو لە کتێبەکانی تەفسیردا بۆ نموونە تەفسیرەکەی فەخری ڕازیو لە کتێبەکانی "زانستی کەلام"دا وەک کتێبەکانی جورجانیو تەفتازانیو کتێبەکانی (ملل ونحل)و ئەوی (ابن حزم) بۆ نموونە، بیرۆکەی (خڕی زەوی)یان دەسەلماندو بەڵگەشیان بۆ دەهێنایەوە بە هەموو شێوەیەک[١٥٥] و کەسیان نەبوو لە ڕووی ئایینەوە گوناهێک لەمەدا ببینن یان بە خراپەی بزانن لە ڕووی دونیاییەوە.

مەنهەجی زانستی ئەزموونی خوێندنەوە یەک لەدوای یەکەکان، لە زەوی و گڵی شارستانییەتی ئیسلامیدا چەکەرەی کردو لەسەر دەستی زانا موسڵمانمانەکاندا ئەو نەمامە گەشەی کردو قەدو باڵای بۆ دروست بوو، چ لە ڕووی فەلسەفیو تیۆرییەوە بێت یان لە ڕووی جێبەجێکردنو زانستییەوە بێت، بە هەمان شێوە زانستەکانی فیزیاو گەردوونناسییو کیمیاو توێکاریو پزیشکیو بیرکاری، هەموو گەشەی گەورە گەورەیان کردو لە تاقیکردنەوەکانیشدا سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێنا لە هەموو بوارەکانی جیاوازەکانی ژیانو مرۆڤدا، هەروەها موسڵمانان بوون کە ڕەخنەی

---

[١٥٥] هەر بۆ نموونە سەیری ئەو ڕاستییانە بکە کە یەکێکی وەکو (ابن حزم) لە کتێبی (الفصل فی الملل والنحل)داو لە ژێر ناونیشانی (مطلب کروية الأرض)دا باسی ئەکات ئەڵێ:
تاکە کەسێک نییە لەناو پێشەوایانی موسڵماناندا کە شایانی ئەوەبێت بە ئەمانەتەوە پێی بوترێت زانا و، نکوڵیی کردبێت لە خڕی زەوی، لە هیچ کەسێکیشیانەوە قسەیەک نەگوزاراوەتەوە بەڕەڕچی ئەوەی دابێتەوە، نەک ئەوە، بەڵکو بەڵگەکانی قورئانو سوننەتیش هەموو باس لە خڕی زەوی دەکەن، خوای گەورە ئەفەرموێ: (یکور اللیل علی النهار ویکور النهار علی اللیل) (الزمر: ٥) شەو خڕ دەکاتەوە بەسەر ڕۆژداو ڕۆژیش خڕ دەکاتەوە بەسەر شەودا ئەوەمەش ڕۆشنترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەو بە خڕی بەسەریەکدا ئەگۆڕین، پاش ئەمە (ابن حزم) بە درێژی بەڵگە دێنێتەوە بۆ خڕی زەوی لە ڕووی (عەقڵ)و (نقل)ەوە، بڕوانە (الفصل ٥/٢٤١) بەداوەو، طبعة دار عکاظ، جدة.

ڕێستی وردیان له مەنهەجی پێوانەیی ئەرستۆ دەگرت، وەك له پەخنه زانستییه تۆندو تۆڵەکانی ئیبن تەیمیەدا دەیبینین لەسەر (منطق).[١٥٦]

ئەوروپاییەکان پێبازی ئەزموونگەرییان له شارستانییەتی ئیسلامییەوه وەرگرتووه، وەك (ڕۆجر بیکۆن)و (فرنسیس بیکۆن) و قوتابییەکانیان، ئەوانه هەموو قوتابی بەردەستی موسڵمانانو شارستانییەتو زانستەکانی موسڵمانان بوون، له ئەوانەوه شتیان وەرگرتووەو له کتێبەکانی ئەوانەوه ئەو ڕێبازەیان گواستووەتەوه، ئەمەش مێژوونووس و توێژەرە به ویژدانەکانی ڕۆژئاوا دانینا پێداناوه وەك له پێشەوه له باسمان کرد.

- (عەقڵ)و (نەقڵ)[١٥٧] له شارستانییەتی ئێمەدا دەست له ملانن:

بەداخەوە؛ هەندێ نووسەری عەلمانی هەن له نووسینەکانیاندا وەهمێك دروست دەکەن ئەویش ئەوەیە که ژینگە ئایینییەکان ناتوانن زەمینەسازی بکەن بۆ پێشکەوتنی زانستی! ئەم قەناعەتەشیان به حسابی خۆیان لەوەوە بۆ دروست بووە که (عەقڵ)ی (نەقڵ) دژ به یەکنو له ململانێی بەردەوام دان، یان دەقە خوداییەکان لەگەڵ ئیجتیهادە مرۆییەکان یەکانگیر نابن، ئەمە پێ دەچێ لەناو نائیسلامو ناموسڵماناندا ڕاست بێت، بەڵام به نیسبەت ئیسلامو موسڵمانانەوە به دڵنیاییەوە ئەو شتە ڕاست نییە، بەڵکو شەرعو مێژوو و واقیعیش ئەو ڕەت دەکەنەوە.. چونکه

---

[١٥٦] بڕوانه ئەو شیکارە زانستییه درێژەی بۆ ئەم ڕەخنانه کراوه له کتێبی (مناهج البحث عند مفكري الاسلام واكتشاف المنهج العلمي في العالم الاسلامي) د. علی سامی النشار، ط: دار المعارف، ص١٩٠ بۆ ٢٠٢.

[١٥٧] (عەقڵ)و (نەقڵ) دوو زاراوەن له فیکری ئیسلامییدا، مەبەست به دووەمیان دەق و تێکستە شەرعییەکانه له قورئانو حەدیسداو مەبەست به یەکەمیشیان هەموو ئەو بیرەڕاو بیرۆکانەیە که عەقڵ بەرهەمیان دێنیو زانستیش پشتیان ڕاست ئەکاتەوە (وەرگێڕ).

شەرع ڕوو لە عەقڵ دەکاتو داوای لێدەکات لە شەرع ورد ببێتەوەو لێی تێبگاتو کاری پێ بکاتو ئیجتیهادی تێدا بکاتو ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە شەرع دەقێکی تێیدا نەبووە! (نەقڵ)یان سروشتی خودایی هەموو کاروباری گەردوونو بوونەوەرو ژیانی داوەتە دەست (عەقڵ) تا هەرچۆن دەیەوێت گوزەری تێدا بکاتو بێتو بڕوات! (نەقڵ) نەک هەر حیجری نەخستۆتە سەر عەقڵ، بەڵکو فەرمانیشی پێ دەکاتو هانیشی دەدات و بانگی دەکات بۆ تووێژینەوەی ئازادانە و داهێنان کردن.

تەنانەت زانا ئیسلامییەکان خوێندنی زانستە گەردوونییەکانی وەک پزیشکیو ئەندازەو کیمیاو گەردووننناسیو ئەوشتانە بە فەرزی کیفایە دەزانن لەسەر ئوممەتی ئیسلامی، ئەگەر کۆمەڵێك لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا پسپۆریی پەیدا بکەن تێیدا ئەوە گوناهی نەزانین لە کۆڵی هەموو موسڵمانان لادەبەن، خۆئەگەر کۆمەڵێك نەبن سەرقاڵی ئەو مەیدانە بن ئەوە هەموو موسڵمانان گوناهبار دەبن، لە پێشەوە ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە لە شارستانییەتی ئێمەدا هەرگیز لە نێوان زانستو ئاییندا یان لە نێوان سروشو عەقڵدا ململانێیەك نەبووە، وەك چۆن ئەو شتە لەناو ناموسڵمانداندا بوونی هەبووە.

ئەو زانایانەی لەناو ئوممەتی ئیسلامییدا خەریکی تووێژینەوەن، وا دەبینین کە (سروش)و (عەقڵ) هەردووکیان دوو ڕێگە پیشاندەرن بۆ ئەم بنیادەمەو دەستی دەگرن بۆ ناسینی ڕاستی، پێشەوا ڕاغیبی ئەصفەهانی لە کتێبە بەنرخەکەیدا کە ناوی (الذریعة الی مکارم الشریعه)دا دەڵێت:

(خوای گەورە دوو نوێنەری خۆی ناردووە بۆ لای ئەم دروستکراوەی خۆی: یەکەمیان شاراوەیەو لەناو خۆیدایە کە بریتییە لە (عەقڵ)و دووهەمیان: بەدەرەوەیە و دیارە کە بریتییە لە پێغەمبەر، مرۆڤ ڕێگەیەکی تر شك نابات پێی بگاتە ئەو نوێنەرە دیارە کە هەیە تا سوودی لێوەربگرێ مەگەر لە ڕێگەی نوێنەرە شاراوەکەوە نەبێت کە عەقڵە، نوێنەرە شاراوەکە دەرك بەوە دەکات کە نوێنەرە ئاشکراکە ڕاست

سەفەرمووێت، ئەگەر عەقڵ نەبوایە پێغەمبەرﷺ بە تەنیا دەبوو بە بەڵگە لەسەر هەڵکی!! هەر بۆیە خوای گەورە خەڵکی دەنێرێت بۆ لای عەقڵ کاتێك کە گومان و خوداڵییان بۆ دروست دەبێت لەسەر یەکانەیی خۆی و پاستی پێغەمبەران! فەرمان بە مرۆڤەکان دەکات بگەڕێنەوە بۆ لای عەقڵی خۆیان تا بزانن پێغەمبەران بەڕاستی هاتوون؟ کەواتە پاستە (کە دەوترێت) (العقل فائد والدین مدد) عەقڵ پابەرەو تەینیش هاریکار، ئەگەر عەقڵ نەبوایە ئایینیش نەیدەتوانی خۆی پابگرێت و بمێنێتەوە ئەگەر ئایینیش نەبوایە، عەقڵیش سەرگەردان و وێڵ دەبوو، بۆیە کوبوونەوەیان بە یەکەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (نُورٌ عَلَى نُورٍ) نوور و بەرەکەتێکە لەسەر نوورو بەرەکەتێکی تر.[١٥٨]

ئیمامی غەزالیش کە هاوچەرخی پاغیبی ئەصفەهانییە لە ژمارەیەك لە کتێبەکانیدا ئەم پاستییە دەسەلمێنێت و دووپاتی دەکاتەوە، وەك لە کتێبی (المستصفی)و لە پێشەکییەکەیدا دەفەرموێ: (عەقڵ وەك دادوەرێك وایە کە هەرگیز ناکرێ لەسەر کار لاببرێتو شتێکی تر بخرێتە جێگەی، شەرعیش وەك شایەتحاڵێکی متمانەدارو دادپەروەر وایە کە عەقڵ دەکات بە کەشتی دینداری و هەڵگری سپاردەکانی خواد.[١٥٩]

لە کتێبی (أحیاء)کەشیدا ئەم دەسەلمێنێت و دەڵێت: (شەرع تەنیا بەس نییە و عەقڵ وەلا بنرێت، یان عەقڵ بەس بێتو شەرع وەلابنرێت، چونکە زانستە عەقڵییەکان وەك خۆراك وانو زانستە شەرعییەکانیش وەك دەرمان وان، کەسی نەخۆش خواردن بۆی دەبێتە زیان دەگەر دەرمان نەخوات). بەرپەرچی ئەوانەش دەداتەوە کەوا گومان دەبەن زانستە عەقڵییەکان دژ بە زانستە شەرعییەکانو

---

[١٥٨] النور: ٣٥، بڕوانە: الذریعة الی مکارم الشریعة، ص٢٠٧، توێژینەوەی دکتۆر ئەبولیەزیدی عەجەمی، طبع دار الصحوة، القاهرة.

[١٥٩] المستصفی: ٣/١.

کۆکردنەوەیان بەیەکەوە کارێکی ئەستەمەو بەڕای ئەو، ئەو بیروڕایە دەرەنجامی کوێربوونەوەی عەقڵی خاوەنەکانیانە).[١٦٠]

هەروەها لە کتێبی (الاقتصاد فی الاعتقاد)دا پێناسەی کۆمەڵی ڕاستەقینەو ئەهلی سوننەت و جەماعەت بەوە دەکات کە ئەوانەن هاوسەنگییان دروست کردووە لە نێوان داوا شەرعییەکانو قەناعەتە عەقڵییەکانداو ئەوانەن کە قەناعەتیان وایە (لا معانده بین الشرع المنقول، والحق المعقول)[١٦١] واتە: دژایەتی نییە لە نێوان شەرعی نەقڵیو ڕاستی عەقڵیدا.

لە کتێبی (معارج القدس)دا کە بە کتێبێکی تری ئیمامی غەزالی دادەنرێت ئەم چەند وشەیە دەخوێنینەوە کە دەڵێت: (باش ئەوە بزانە کە عەقڵ ڕێگەی ڕاست نادۆزێتەوە بەبێ شەرع، شەرعیش ڕۆشن نابێتەوە بۆ خەڵکی بە عەقڵ نەبێت، عەقڵ وەک بناغە وایەو شەرعیش وەک خانووەکە وایە، بناغەیەک خانووی بەسەرەوە نەکرابێت بە کەڵکی چی دێتو بینایەکیش بناغەیەکی تۆندو تۆڵی نەبێت چۆن خۆی ڕادەگرێت)!!

دیسان، عەقڵ (دەکرێت بوترێت) وەک چاو وایە و شەرعیش وەک ڕووناکی، چاو هیچ کەڵکی نییە ئەگەر لە دەرەوە ڕووناکی نەبێت و، ڕووناکیش هیچ کەڵکێکی نییە ئەگەر چاو کار نەکات، کەواتە شەرع بریتیە لە عەقڵێک لە دەرەوەی مرۆڤو عەقڵیش

---

[١٦٠] أحیاء علوم الدین، ١٧/٣، طبع دار المعرفة، بیروت، جێگەی خۆیەتی تێبینی ئەرە بکرێت کە ڕاغیبی ئەصفەهاتی لە کتێبی (الذریعة ص٢٠٨) دا لەرووێکی ترەوە شتە شەرعیەکان بەخواردن ئەزانێتو شتە عەقڵیەکان بە دەرمان.

[١٦١] پێشەکی (الاقتصاد فی الاعتقاد)ی غەزالی.

بریتیە لە شەرعێك لەناوەوەی مرۆڤدا، ئەم دوانەش نەك هەر دەستلەملانی یەکترین، بەڵکو هەردووکیان یەکیان گرتووەو یەك شتیشن).[١٦٣]

بۆیە هیچ سەیر نییە، کە لە مێژووی شارستانییەتی ئێمەدا خەڵکانێکی زۆر لە هەردوو بواری (زانستە شەرعییەکان)و (زانستە عەقڵییەکان)دا هەڵکەوتوون، زانستە شەرعییەکان کە لە (سروش)و زانستە عەقڵییەکان کە لە (عەقڵ)ەوە وەردەگیرێن..

زانستەکانی گەردوونناسیی و فیزیاو کیمیاو پزیشکیو بیرکاریو شتانی تریش بەشێکن لە زانستە سروشتییەکان کە ئەویش خۆی بەشێکە لە زانستە عەقڵیەکان.

جابری کوڕی حەییان کە پێی دەوترێت سۆفی جابر!! خوارەزمییش کە داهێنەری زانستی بیرکارییە (جەبرە)، لەکاتی دانانی نامیلکەیەکدا کە باس لە زانستی میرات (علم الفرائض) دەکات ڕێی کەوت لەو زانستی جەبرو بیرکارییە!! سەیر لەوەدایە کە تۆ ئەو نامیلکەیە دەخوێنیتەوە لە بەشی یەکەمیدا فەقیهێکی تەنیا و لە بەشی دووهەمیشدا بیرکارێکی تەنیا دەبینیت.

یان ئیبنو ڕوشدی حەفید کە خاوەنی کتێبی (الکلیات)ە لە پزیشکیدا ئەو کتێبەی کە ئەوروپا ماوەی چەند سەدە کردیانە مامۆستا بۆ خۆیان، هەر هەمان ئیبنو ڕوشدە کە کتێبی (بدایة المجتهد ونهایة المقتصد)ی داناوە لە فیقهی بەراوردکارییدا!! کە بە ڕاستی گەورەترین کتێبە لە فیقهی بەراودکاریدا نووسرابێت و، خۆی قازییەکی شەرعی گەورەی ناو مالیکییەکان بووە لە کاتی خۆیدا!

یان فەخری ڕازی خاوەنی کتێبی (التفسیر الکبیر)و چەندان کتێبی تری بەناوبانگە لە (ئوصولی دین)و (ئوصولی فیقە)دا، یەکێکە لە شەرعزانەکانی مەزهەبی شافیعی و موتەکەلیمی گەورەی ئەشعەرییەکانیشە، لەگەڵ ئەمانەشدا یەکێکە لە دکتۆرە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی و ئەوانەی کە ژیاننامەیان نووسیوە

---

[١٦٣] (معارج القدس)، ص٥٧، طبع دار آفاق جدیدة، بیروت، بڕوانە ئەو پاشبەندیانەی ئێمە لە کتێبی (الامام الغزالی بین مادحیه ومنتقدیه)، ص٤١، نوسیوومانە.

دەربارەی دەڵێن: (ناوبانگی فەخری ڕازی لە زانستی پزیشکیدا هیچی کەمتر نەبوو لە ناوبانگی لە زانستە ئایینییەکاندا).

ئەی ئیبنو نەفیس دۆزەرەوەی سووڕی بچووکی خوێن (لە مرۆڤدا) یەکەمین کەس بوو کە ئاماژەی بە سیکڵدانۆچکەکانی سی و دڵەخوێنبەرەکان((coronary arteriesدا.. ئەم زانایە یەکێکیشە لە فەقیهە گەورەکانی مەزهەبی شافیعیو، ئیبنو سوبوکی لە کتێبی (طبقات الشافعية)دا ژیاننامەکەی تۆمارکردووە، هەروەها ئیمامی زەهەبیش و جگە لەویش لە مێژوونووسانی ئیسلامی باسی ژیاننامەی ئەم زانا گەورەیان کردووە.[١٦٣]

---

[١٦٣] بۆ ژیاننامەی ئەم زانایانە بڕوانە (سير اعلام النبلاء) الذهبي، هەروەها (شذرات الذهب)ی ئیبنو عیمادی حەنبەلی، هەرونەها (الاعلام)ی زەرکەلی.

٢- ڕوونی بەها مرۆییەکان لە مێژووی ئیسلامدا

دیارترین مەشخەڵ لەناو هەموو مێژووی ئیسلامدا بڕوابوونە بەوەی کە مرۆڤ سروستکراوێکی بەڕێزەو، سروشتێکی پاکەو، خاوەنی حورمەتی تایبەتی خۆیەتی، چ خوێنی، چ ناموسی، چ مااڵی! هەروەها خاوەنی مافەکانی خۆیەتی، چ مافی ژیان، چ مافی ئازادی، چ مافی یەکسانی‌و، چ مافی بژێوی خۆی‌و مااڵو منداڵی..

بنەمای ئەم بڕوابوونەش دەگەڕێتە بۆ ئیسلام _ ئەو ئیسلامەی کە ئەم مێژووەی دروست کردووەَ _ کە ڕێزی لە مرۆڤ ناوە لەو ڕووەوە کە مرۆڤەو، نەوەی ئەو ئادەمەیە کە خوای گەورە بەدەستی خۆی دروستی کردووەو، لە گیانی خۆی گیانی بەبەردا کردووەو، فەرمانی بە هەموو فریشتەکانیش کردووە کە کڕنووشی بۆ بەرن‌و، لەسەر زەویش کردوویەتییە خەلیفەی خۆی، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ) (الاسراء: ٧٠) واتە: ئێمە بە دااڵییەوە ڕێزمان لە بنیادەم ناوە، قورئان لەگەاڵ کتێبە ئاسمانییەکانی تردا دوپاتی دەکاتەوە و دەفەرموێت: (مَن قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً) (المائدة: ٣٢). واتە: هەرکەسێك مرۆڤێك بکوژێت بێ ئەوەی کەسێکی تری کوشتبێت یان خراپەیەکی لەسەر زەویدا بەرپا کردبێت، ئەوە وەك ئەوە وایە کە هەموو مرۆڤەکانی کوشتبێت.

هەروەها قورئان هەموو مرۆڤەکانی وەك دانەکانی شانە یەکسان کردووەو، ڕێزی هیچ کەسێك، بەسەر کەسێکی تردا نادات نە لەڕووی بنەچەیەوە، نە ڕەنگییەوە، نە زمانییەوە، نە لەڕووی ئەو هەڕێمەی لێی نشتەجێ بووە، نە ئەو چینە کۆمەاڵیەتییەی کە هەیەتی، تەنها بە لەخواترسان نەبێت کە ئەمیان جێگاکەی لەدااڵیە، خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (الحجرات : ١٣).

بۆیە لە هەموو مێژووی ئێمەدا دیارترین مانای مرۆیی کە ڕەچاوکراوەو دووپاتکراوەتەوە بریتییە لە یەکسانی مرۆڤەکان بە گشتی، سپی بێت یان ڕەش، عەرەب بێت یان عەجەم، کاربەدەست بێت یان هاووڵاتی، دەوڵەمەند بێت یان هەژار، خانەدان بێت یان خزمەتکار، موسڵمان بێت بان ناموسڵمان...

دەبینین پێغەمبەری گەورەمان ﷺ خۆی یەکسان دەکات لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لە سەفەرو لە شاریشدا، لە جلو بەرگو لە شوێنی دانیشتنیشدا، تەنانەت غەریبی تازە هاتووش نەیدەزانی پێغەمبەر ﷺ کامەیانە، چونکە نە جێگەو، نە جلو بەرگو، نە هێماو خەتو باڵی لە کەسیان جیانەبوو، بۆیە کابرا ناچار دەپرسی کامتان موحەممەدە؟

لە یەکێك لە غەزاکاندا پێغەمبەر ﷺ کە ڕیزی هاوەڵەکانی ڕێك دەخست، بەدارەکەی دەستی دای لە یەکێکیان و ڕیزەکەی پێ ڕێك کردەوە، دوای ئەوەی هاوەڵەکە داوای مافی خۆی کرد، پێغەمبەرﷺ سنگی موبارەکی ڕووت کردو فەرمووی: هەقی خۆتم لێ بکەرەوە!!

لەگەڵ هاوەڵەکانیشیدا یەکەم کەسیان دەبوو کە برسی دەبوو و کۆتا کەسیان دەبوو کە خۆی تێربکات، کە وەفاتیشی کرد ﷺ قەڵغانەکەی بەبارمتە دانابوو لای کابرایەکی جوولەکە لەبری چەند مەنێك جۆی قەرز کە بۆ قووتی مانڵو منانڵی قەرزی کردبوو.

گوێی بۆ تکای ئوسامەی کوڕی زەید نەگرت کە خۆشەویستی کوڕی خۆشەویستی خۆشی بوو، کاتێك تکای بۆ ئەو ئافرەتە قورەیشییە کرد کە تاوانی دزیکردنی بەسەردا سەپا و پێویست بوو تۆڵەی لێ بکرێتەوە، بە ئوسامەی فەرموو: (أتشفع في حد من حدود الله يا اسامة؟ وايم الله لو ان فاطمة بنت محمد سرقت لقطعت يدها) (متفق عليه). واتە: ئەی ئوسامە دەتەوێت تکا لە سنورێك لە سنورەکانی

خودادا بکەیت؟ سوێند بە هەموو بەرەکاتی خودا ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەدیش دزی بکات دەستی دەبڕم.[١٦٤]

هاوەڵە بەڕێزەکانیش لەسەر هەمان بەرنامە دەڕۆیشتن، بەتایبەتی خەلیفەکانی ڕاشدین کە بەرنامەو ڕێبازی ئەوان وەک سوننەتی پێغەمبەر ﷺ تەماشا دەکرا و، ئەو بەرنامانە بەوەرگیراوی بەرنامەکەی پێغەمبەر ﷺ سەیر دەکرا.

ئەوەتا دەبینین عومەری کوڕی خەتتاب یەکسانی دەپارێزێت لە نێوان جەبەلەی کوڕی ئەیهەم _ کە پاشای غەمسان بوو _ لەگەڵ هاوواڵاتییەکی سادە، لە کاتی تەوافکردندا ئەم جەبەلەیە زللەیەک دەدات لە کابرایەک و ئەویش شکاتی لێدەکات و داوای ئەوەی دەکرد کە وەکو مافێکی خۆی ئەویش زللەیەکی لێ بداتەوە، عومەریش فەرمانیدا جەبەلە بهێنرێتو ئەم کابرایە زللەکەی خۆی لێ بداتەوە، کە جەبەلەیان هێنا عومەر فەرمووی: یان دەبێت زللەیەکت لێ بداتەوە یان دەبێت ڕازی بکەیت! جەبەلە وتی: جا قوربان چۆن من کە پاشایەکم یەکسانم دەکەی بەکابرایەکی ئەو بازاڕە؟ فەرمووی: ئیسلام یەکسانی کردوون!

کابرایەکی قیبتی شکاتی حاڵی خۆی هێنا بۆ لای عومەر(ر.خ) وتی: کوڕەکەی والی میصر _ کە عەمری کوڕی عاص بوو _ لە خۆڕایی داویەتی لە کوڕەکەی منو پێی وتووە: من کوڕی دوو ڕێزدارەکەم _ مەبەستی باوک و باپیری بووە_! ئەمیری موسڵمانانیش ناردی بە شوێن عەمرو کوڕەکەیدا لە میصر و ڕاپێچی مەدینەی کردن و بە کوڕی کابرای قیبتی فەرموو: چەند قامچی لێداوی تۆش ئەوەندە قامچی لێ بدەرەوە، ئەو کوڕی دوو بەڕێزە دارکاری بکە، پاشان ڕووی کردە عەمری کوڕی عاص و ئەو ڕستە بەناوبانگەی پێ فەرموو: (یاعمرو! متی استعبدتم الناس وقد

---

[١٦٤] لە درێژەی ڕیوایەتەکەودا دەفەرموێ: میللەتانی پێش ئێوە خوا بۆیە لەناویبردن کە کەسی خانەدان دزیبکردایە وازیان لێ دەهێنا، بەڵام ئەگەر کەسێکی لاواز دزی بکردایە سزاکەیان بەسەردا دەسەپاند! (وەرگێڕ).

ولدتهم امهاتهم احرارا؟!) ئەرێ عەمر ئەوە لە کەییەوە ئەم خەڵکانەتان کردووە بە کۆیلەی خۆتان لە کاتێکدا ئەوان بە ئازادی لە دایك بوون؟!

پەندی ناو ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە ئەم کابرا قیبتییەو کەسانی تریش لە سەردەمی ڕۆمانیەکاندا کە هەڵگری هەمان ئایینیش بوون _ هەردووکی مەسیحییەت بوو _ کەچی بەردەوام لەژێر دارو فەلاقەی ئەواندا بوونو سوکایەتییان پێ دەکرا و مااڵیان تااڵن دەکرا و بریندار دەکرانو نەشیان دەتوانی هیچ بکەن و سەر بەرز بکەنەوە یان هاواریێ بکەنو شکاتی حاڵی خۆیان لای کاربەدەستێك بکەن، چونکە دەیانزانی ئەو کەسەی ئەمان شکاتی حاڵی خۆیانی دەبەنە لا، لە ئەوانی تر ستەمکارترو بەدفەرتڕن، بەاڵم ئەمە چییە و چی ڕوویدا کە ئاوا هەست بە قورسی ئەو ستەمە کەمە بکەن کە لە تاکە کەسێکیان کەوتووەو سەفەرێکی دوورو درێژی لە فوستاتەوە بۆ مەدینە کردووە کە ئەوکاتە دوو مانگی ویستووە بۆ ڕۆیشتنو هاتنەوەی، تا بگاتە خزمەت خەلیفەو میری موسڵمانانو شکاتی حاڵی خۆی بکات.

ئەو شتە بریتییە لە هەستکردن بەڕێزی خۆیان کە لە ژێر سێبەری ئیسلامدا بۆیان دروست بوو بوو، بڕواشیان وابوو کە دادێکی ڕاستەقینە لەم ئایینەدا هەیەو ئەم ئیسلامە جیاوازی ناکات لە نێوان هیچ موسڵمانو ناموسڵمانێکدا، یان لە نێوان کاربەدەستێكو هاوواڵتییەکدا.

لە ڕاستیشدا وابوو، کابرا سەفەرەکەی بەبەاڵش نەڕۆیشتو، مافیشی نەفەوتا، بەڵکو بەبەرچاوی خەڵکەوە مافەکەی وەرگرتەوەو، بە گوێی خۆیشی ئەو فەرموودە گرنگەی عومەری بیست کە لەوێدا بۆی هات کە لەم سەردەمانەی خۆماندا تەواوی دەستوورەکانی دونیا بەو ڕستەیە دەست پێ دەکاتو پێشەکییەکیشە بۆ جارنامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ کە دەوترێت (یولد الناس احراراً متساوین) خەڵکان هەموو بە ئازادی و یەکسانی لەدایك دەبن.

سەیریش ئەوەیە ئەم کابرایە پاش ئەوەی ئەو هەموو ویژدانو دادەی لە ئیسلام و ئەصلی ئیسلامدا بینی کەچی هەر موسڵمان نەبوو...

یەکێکی تر لەو هەڵوێستانەی باس دەکرێت بریتییە لە هەڵوێستی دادوەری بەناوبانگ (قازی شورەیح) کە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبی میری موسڵمانان شکاتی لە کابرایەکی نەصرانی کرد، چونکە قەڵغانەکەی خۆی بە دەستی ئەوەوە بینی، بەڵام کابرای نەصرانی نکۆڵی لێ دەکردو هەر دەیوت ئەمە قەڵغانی خۆمە، میری موسڵمانانیش بەناچاری ڕووی کردە دادگاو، شورەیحیش کە پرسی: عەلی، بەڵگەت هەیە لەسەر دەعواکەت؟ عەلی فەرمووی: نەخێر[١٦٥]، قازیش فەرمانی دا کە قەڵغانەکە بۆ کابرای نەصرانی بێت! پاش ماوەیەك کابرای نەصرانی دانی بەوەدا نا کە قەڵغانەکە هی عەلییە و، گەڕایەوەو شایەتومانی هێنا و موسڵمان بوو).

ئەم بەها مرۆییە کە بریتییە لە یەکسانی لە نێوان بنیادەمەکاندا بە درێژایی مێژووی ئیسلامی ڕەچاو کراوەو بەشێوەیەك لە شێوەکان دادوەران شکاتی خەلیفەکانیان هاتووەتە بەردەستو مافیان لێیان وەرگرتووەتەوە و ئەو ئەرکە خوداییەش لەسەریان بووە بە ئەنجامیان گەیاندووە.

. ڕیشەیی و ڕەسەنایەتی مانای خێرو چاکە:

یەکێکی تر لەو مانا مرۆییە ڕیشەدارو دیارانەی کە لە مێژووی ئیسلامی ئێمەدا بوونی هەیە بریتییە لە خێرو چاکەکردن بەرانبەر بە خەڵك و هاوکاری کردنیان لە خۆشیو ناخۆشیدا، بەتایبەتی بەرانبەر هەژارو لاوازەکان، ئیتر هۆکاری لاوازییەکەیان

---

[١٦٥] لە درێژەی ڕیوایەتەکەدا دەفەرموێ: عەلی فەرمووی: ئەو قەڵغانە من نەفرۆشتووەو نەبەخشیومە بە کەس، شورەیح وتی: شایەتت هەیە، عەلی فەرمووی: حەسەنی کوڕم شایەتمە، شورەیح وتی: شایەتی کوڕ بۆ باوك وەرناگرم، عەلی فەرمووی: دەی ئیتر شایەتی ترم نییە، ئەوەبوو شورەیح قەڵغانەکەی دا بە کابرای نەصرانی.... تا کۆتایی چیرۆکەکە. (وەرگێڕ).

هەرچییەك بێت، هەیانە لەبەرئەوەی مالّو سەروەتی نییە لاوازە وەك خەڵکی هەژارو بێنەوا، هەیانە لەبەرئەوەی باوکی نەماوە و سەرپەرشتیاری نییە لاوازە وەك هەتیو، یان هەیانە لاوازییەکەی لەبەرئەوەیە لە نیشتمانو مالّی خۆی دوورکەوتووەتەوە وەك ڕێبوار، هەشە هۆی لاوازییەکەی بریتییە لە (ئەسیری)و (کۆیلەیەتی).... دەی ئیسلام مافی هەموو ئەمانەی پاراستووەو فەرمان بە چاکە دەکات بەرامبەریان و مەدحی بەندە ڕاستەقینەکانی خۆی وادەکات کە (وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِيناً وَيَتِيماً وَأَسِيراً * إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاء وَلَا شُكُوراً) (الإنسان: ٨ـ ٩). خواردن دەدەن بە هەژارانو بێباوکانو بەندەکان * (و دەڵێن) ئێمە لەبەر خاتری خودا نانتان دەدەینێو چاوەڕوانی هیچ پاداشتو سوپاسێکی ئێوە نین.

هەروەها دەفەرموێت: (وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ) (البقرة: ١٧٧). بەڵام چاکەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ بڕوای بە خوداو ڕۆژی دواییو فریشتەکانو پەیامە خوداییەکان و پێغەمبەران هەبێتو نانبدەش بێت _ لەبەر خاتری خودا _ بە خزمانو هەتیوانو هەژارانو ڕێبوارانو سوالّکەرانو کۆیلەکان...

هەموو ئەوانەی سەرەوە لە ئیسلامدا مافیان بۆ دانراوە، هەندێك لەو مافانە ئەرکو واجبی سەرشانی موسڵمانانە، هەندێکیشیان سوننەتن، هەندێکیشیان ئەرکی دەوڵەتە هەستێت بە سزادانی ئەو کەسانەی کە کەمتەرخەمی دەکەن لەو ئەرکانەدا، نەك هەر ئەمە، بەڵکو دەوڵەت بۆی هەیە شەڕ ڕابگەیەنێت دژ بەو کەسانەی کە مافی هەژاران زەوت دەکەن و بەتایبەت ئەگەر شەوکەتیان[١٦٦] هەبێتو ببنە مافیاو

---

[١٦٦] وشەی شەوکەتدار (ذي شوكة) لەزاراوەی زانایانی ئیسلامدا: بەو هێزو مافیایانە ئەوترێت لەناو دەوڵەتی ئیسلامییدا کە میلیشیایان هەیەو هەڕەشە لە یاساکانی گشتی دەوڵەتی ئیسلامی ئەکەنو زەکات نادەن بە هەژاران بۆ نموونە. (وەرگێڕ).

خاوەن دەسەلات، هەندێ لەو ئەرکانەش مرۆڤی موسڵمان خۆبەخۆ ئەنجامیان دەدات و ئایینەکەی پاڵی پێوە دەنێتو بەهیوای پاداشتی قیامەت دەیکات، هەندێ لەو سەرچاوە خێرییانە بریتییە لە خێرو چاکەی سادەو هەندێکیشیان بریتییە لەو چاکە بەردەوامانەی کە خەڵکی دەیانکات و دەبنە وەقف دوای خۆیانو خێرەکەی بۆ هەژاران دەبێت.. هەموو ئەمانە ڕەگو ڕیشەیان بەناو کۆمەڵگەی ئیسلامییدا چووەتە خوارەوەو لقو پۆپو گەڵاشی چووەتە ئاسمانو بەرو سێبەری هاتووەتە ناو ژیانی ئیسلامەتییەوەو بە شێوەیەک لەناو مێژووی ئێمەی موسڵماندا ئەوەندە دیارو ئاشکرایە لە مێژووی هیچ میللەتێکی تردا بەو شێوەیە نابینرێت.

. هەندێ لە شوێنەوارەکانی خێرو چاکە کردن لەناو مێژووی ئیسلامیدا:

ئەم خێرو چاکەو ڕەوشتە بەرز و مانا مرۆییە جوانانە لە مامەڵەی موسڵمانان لەگەڵ ناموسڵماندا زۆر بە جوانی دەردەکەوێت، کە ئێمە لەم کتێبەدا فەسڵێکی تەنیای بۆ تەرخان دەکەین، بەهەمان شێوە ئەم چاکەکردنە لە ناوخۆی موسڵمانانیشدا زۆر بە ڕوونی دەبینرا، کۆمەڵگەی موسڵمانان دەبینین کە سۆزێکی زۆر پیرۆزو هەستێکی زۆر بەرز باڵی بەسەریاندا کێشابوو، هەموو بەرانبەر بە یەک بەسۆز بوون، نەرمونیان بوون، چاکەو چاکەکارییان لێ هەڵدەقوڵا، باشترین شتێک کە ئەم هەستانەی تێدا بەرجەستە دەبێت بریتییە لەو سیستمەی کە لەناو موسڵمانداندا بە سیستمی (مالێ وەقفکردن) ناسراوە.

مێژووی ئێمە چەندین هەڵوێستی جوانی کەسانی دەستبەخێرو پارەداری ناو موسڵمانانی بۆ تۆمار کردووین، کە هەموو ماڵەکەی خۆی یان هەندێکی کردووە بە وەقف بۆ ئەوەی بەو ماڵە خەڵکی فێری خوێندەواری بکرێت، یان هاوکاری زانایانی پێ بکرێت، یان نانی هەژارانی پێ بدرێت، یان ئاوی پێ دابین بکرێت بۆ تینووان، یان خەڵکی بێبەرگی پێ پۆشتە بکرێت، یان خەڵکی بێنەوای پێ بەخێو بکرێت، یان

نەخۆشی پێ چارەسەر بکرێت، یاخود خەڵکی بێکەسی پێ دااڵدە بدرێت، یان زەمانەتی هەتیوو و بێوەژنی پێ بکرێت، ئەمەش هەموو بەپاڵنەری ئایینو ئیمان دەکرا، کە کابرایەك بە ئومێدی ئەوە دەیکرد کە خودا پاداشتی بداتەوەو، بەردەوام پاش مردنیشی هەر لە خێرکردندا بێتو خێری بۆ بنووسرێت.

ئەو کەسە دەستبەخێرو پارەدارانە هەر مەبەستێکی مرۆیی جوانیان شك ببردایە سامانێکی چاکیان بۆ وەقف دەکرد، نەك هەر ئەوە، بەڵکو بێزمانان و ئاژەاڵنیشیان بێبەش نەدەکرد و وەك مرۆڤەکان ماڵیان بۆ سەرپەرشتی ئەوانیش وەقف دەکرد ! !

وادەزانم، هەریەك لە ئێمە سەرسام دەبێت کاتێك بوارەکانی وەقفکردن دەخوێنێتەوە، کە ئەو خەڵکە چەندە نەجیبو نەفسبەرزو ویژدان زیندوو بوونو، لە چ ئاستێکی مرۆڤایەتیدا ژیاون؟ ئایین چەندە دەسەاڵتدار بووە بەسەریانەوە؛ بەو شێوەیە بیریان کردووەتەوە و هەر ئامانجێکی مرۆیی جوانیان بەرچاو کەوتبێت بڕێك سامانیان بۆ وەقف کردووەو ئومێدیان وابووە کە ئەو سامانە لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەدا ببەخشرێت!

لەوانەیە هەموو کەسێك حەزی ئەوەی لا دروست بووبێت کە باسی چەند نموونەیەك بکرێت لەم کایەی چاکەکردنەدا تا ئەم کورتەی سەرەوەی بۆ بسەلمێت، با ئەو دەروونانەی حەزیان بەو نموونانە هەیە بفەرموون لەگەڵ ئەم چەند نموونەیەدا:

. وەقفێك بۆ قاپو قاچاخی شکاو هەبوو:

ماڵێك تایبەت کرابوو بۆ کرینی قاپوقاچاخی چینی دروستکراو لە گڵی بژێنراو و (سیرامیك - وەرگێڕ) و خانەیەکی بۆ دانرابوو، هەر خزمەتکارێك کە قاپێك بە دەستییەوە شکابا و ڕووبەڕووی تووڕەیی خاوەن ماڵەکەی ببوایەتەوە، ئەو خزمەتکارە بۆی هەبوو بچێتە لای لیژنەی بەڕێوەبەری ئەو خانەیەو قاپە شکاوەکەی

تەسلیمی ئەوێ بکردایەو لە جیاتی ئەوە قاپێکی تازەی وەربگرتبایەو بهاتبایەتەوە بۆ مالّی سەردارەکەی و لە گۆلّی کالّتری پێ نەدەوترا!

. وەقفێك بۆ سەگە بەرەلاّو بێخاوەنەکان هەبوو:

لە چەند شوێنێکی شاردا ئەم وەقفە دادەنرا و لە قازانجەکەی نانو خواردنی پێ دەدرا بەو سەگانەی بەرەلاّو بێخاوەن بوون بۆئەوەی برسییان نەبێتو ئاسودە بژین تا تەمەنی خۆیان تەواو دەکەن یان یەکێك دەیانباتە لای خۆیو بۆ پاسەوانی شتێکی خۆی بەکاریدەهێنێت.

. وەقفێك بۆ خواستنو قەرز کردنی خشلّ هەبوو بۆ بووکو زاوا:

ئەمەش وەقفێکی تر بوو بۆ خواستنی خشلّو زێڕو زیوو بۆ شایيو زەماوەندەکان، خەلّکی هەژار دەچوون بۆ بۆنەو ئاهەنگەکانیان ئەوەی پێویست بوایە بە ئەمانەت وەریاندەگرتو پاش بۆنەکەیان دەیانگێڕایەوە بۆ شوێنی خۆیو بەو شێوەیە خەلّکی فەقیریش دەیتوانی پۆژی ژنهێنانو شووکردنی خشلّو زێڕی پێویست بەخۆیدا بکاتو لە جلو بەرگێکی جوانو شایستەدا خۆی دەربخاتو ئەو خۆشیو شادییەی لێلّ نەبێتو هەستی بریندار نەبێت.

. وەقفێك بۆ ژنە تۆراوەکان:

ئەمەش وەقفێکی تر بوو کە بە قازانجەکەی خانوویەکی چاك دروست دەکراو خواردنو خواردنەوەو جێگای حەوانەوەی تێدا دروست دەکراو هەرچی پێویستی بوایە تیایدا دابین دەکرا، هەموو ئەو ژنانەی کە عادزییەك لە نێوان خۆیانو پیاوەکانیاندا ڕوویبدایە ڕوویان دەکردە ئەو خانانەو لەوێدا دەمانەوەو خواردنو خەوتنیان لەوێ بوو، تا نێوانی لەگەلّ مێردەکەیدا چاك دەبوویەوەو سۆزو

خۆشەویستییان بۆ دەگەڕایەوەو دڵیان باش دەبوویەوە، ئیتر سەرلەنوێ دەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی.

. وەقفێك بۆ دڵدانەوەی نەخۆش و خەڵکی غەریبە:

ئەمەش وەقفێك بوو تایبەتکرابوو بۆ سروودبێژو بانگبێژو دەنگ خۆشەکان، ئەمانە شەو تا بەیانی بە دیار کەسە نەخۆشەکانەوە ئێشکیان دەگرتو سروودی ئایینییان بۆ دەخوێندو مەقامیان بۆ دەوتنو هەریەکەشیان کاتژمێرێك خەفارەتی بەردەکەوت، ئامانجیش لەم سروودو مەقام وتنە ئاسودەکردنی کابرای نەخۆش بوو، بۆئەوەی ئازارەکەی لەبیربچێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کەسیان نەبوو خەمیان هەڵبگرێت یان ئەوانەی کە غەریبە بوون و هاودەمێکیان نەبوو سوکنایی پێبەخشن.

. وەقفێك بۆ چاککردنەوەی نەخۆش بە "ئییحائی دەرەکی":

ئەمەش وەقفێکی تر بوو کەئەرکەکەی بەشێك بوو لە کۆی ئەرکەکانی تری چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەکاندا، کارەکەش ئەوەبوو کە دوو پەرستار دادەنران لە نزیکی کابرای نەخۆشەوە بەڕادەیەك نەخۆشەکە گوێی لە دەنگیان بوو، بەڵام نەیدەبینین، یەکێکیان بەوی تریانی دەوت: ئەرێ ئەوە دکتۆر دەربارەی ئەم نەخۆشە چی دەڵێو حاڵی چۆنە؟ پەرستارەکەی تر وەڵامی دەدایەوەو دەیوت: دکتۆر دەڵێت حاڵی باشەو بەرەو چاکبوونەوەش دەڕوات، نەخۆشییەکەی شتێکی وا نییە جێی دوودڵی و بێتاقەتی بێت، ئەم چارەسەرە ئەوەندە کاریگەری هەبوو، جاری وا هەبوو نەخۆشەکە دوای دوو سێ ڕۆژ هەڵدەسایەوەو چاك دەبوویەوە.[١٦٧]

---

[١٦٧] لە بەیاننامەیەکی وەزیری ئەوقاف (ی میسری) شێخ ئەحمەد حەسەنلباقوری وەرگیراوە کە باسی وەقف و ڕۆڵی وەقف ئەکات، لە دانیشتنێکی پەرلەمانی میسریدا جارێکیان خوێندبیەوە.

ئەم چارەسەرە پێی دەوترێت (ئیحائی دەروونی) بۆ نەخۆش، کە نزیکی دەکاتەوە لە چاکبوونەوەو وەرگرتنەوەی مەعنەویاتی خۆی، ئەمەش بابەتێکە زانست سەلماندوویەتی کە ئەو ئیحائە بۆ نەخۆش زووتر _ بە ویستی خودا _ شیفای پێدەدات!

لەولاتانی مەغریبدا: هەندێ (وەقف)ی تر هەن وەکو: وەقفی هەندێ سامان بۆ ئەو کەسانەی کە دەچن بۆ گەرماوی گشتیو تقافی گەرماویان پێ نییە، ئەو کەسانە دەتوانن بچنە ئەو خانەیەو تقاق پێویستی خۆیان وەربگرن بۆ پاککردنەوەی لەشو ئەوجا بچن بۆ گەرماوەکان.

لە شاری (فاس)دا: وەقفی وا هەبوو تایبەت بوو بە جۆرە باڵندەیەکەوە کە لە وەرزی تایبەتی خۆیدا پوو دەکاتە ئەو شارە، هەندێ کەسی خێرخواز مااڵێکی تایبەتی وەقف کردووە بۆ ئەو باڵندانە تا بتوانن لە شارەکەدا بمێننەوەو نەفەوتێنو بە ئاسوودەیی ئەو ماوەیە لەو شارەدا بژین، مرۆڤ کە ئەوە دەبینێت، ئەو هەستەی بۆ دروست دەبێت کە ئەو خەڵکە خێرخوازە پێدەچێت وا بیریان کردبێتەوە کە ئەو باڵندانە غەریبەو کۆچەرنو مافی ئەوەیان بەسەر خەڵکی ئەم شارەوە هەیە کە میوانداریان بکەنو بەجوانی دااڵدەیان بدەن!

بەم شێوەیە پارەدارو دەوڵەمەندەکان هەرچی رێگەی خێر هەیە گرتوویانەتە بەر، کایەیەک نییە لە ژیاندا ئەوان بیریان لێ نەکردبێتەوەو مااڵێکیان بۆ وەقف نەکردبێت.

ئەم کارانە ئەو هەستە قوڵە ئینسانییەی ناو دڵیان بەرجەستە دەکات کە توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە خەڵکی هەموو شوێنێك و هەموو سەردەمێك، نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەو هەستە و ئەو دەستەخێرییە گەیشتووەتە ئاژەڵو باڵندەکانیش!

گومان لەوەدا نییە ئەم هەستە ناسکانە بەرهەمی دەستی عەقیدەی ئیسلامییەو، هەر ئەو خەڵکی فێری ئەو شتە وردانە کردووەو ئەم هەستە بەرزەی تیایاندا زیندوو

کردووەتەوە لە هەموو کوچەو گۆشەیەکی کۆمەڵگای ئیسلامیدا، ئەوە ئیسلامە فێری کردوون کە تەنیا بەرانبەر بە ماڵو منداڵی خۆیان چاکەکارو دەستکراوە نەبن، بەڵکو لە هەموو گۆشەکانی ژیاندا پێویستە دەستبەخێرو دەستکراوە بن‌و خەمیان لای (خێری بەردەوام - صدقة جارية) بێتو هەر بۆ چاکە بگەڕێن تا بەردەوام خێریان پێبگات بەدرێژایی ژیان و مانەوەی مرۆڤەکان.

. دامەزراوە خێرخوازییەکان لە مێژووی موسڵماناندا:

یەکێك لە دیارترین بەڵگەکان لەسەر بن‌و بێخداری بەها مرۆییەکان لە شارستانییەتی ئێمەدا کە بەرووناکی لە مێژوومانداو دەرکەوتبێت بریتییە لە ئەو هەموو دامەزراوەی کە کاریان ئەوەبوو خێروخێرات بگەیەننە خەڵکو چاکەیان دەرهەق بکەن.

پێمخۆشە چەند لاپەڕەیەکی گەش لە کتێبە بە نرخو جوانەکەی بانگخوازی گەورەو زانای پایەبەرز دکتۆر موستەفا سیباعی (بەڕەحمەت بێت) بگوازمەوە کە ناوی ناوە (من روائع حضارتنا) کە باس لە دامەزراوە خێرخوازییەکان دەکات و دەفەرموێت:

(دامەزراوە خێرییەکان دوو جۆر بوون: جۆرێکیان دەوڵەت دایدەمەزراندن و پارەیەکی زۆری وەقف دەکرد بۆیان، جۆرێکی تریشیان خەڵکی بەرپرس، یان سەرکردە، یان دەوڵەمەند، یان ژنان دایاندەمەزراندن (و پارەی تایبەتی خۆیان وەقف دەکرد بۆ بەڕێوەبردنی)، لێرەدا ئێمە ناتوانین باس لە هەموو ئەو دامەزراوانە بکەین‌و یەك یەك بیانژمێرین، بەڵام ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بە گرنگترینیان بدەین:

یەکەمین دامەزراوەیەك کە خەڵکی بۆ دامەزراندن‌و دروستکردنی پێشبرکێیان دەکرد لەسەری بریتی بوو لە مزگەوت بۆئەوەی خوا لە خۆیان ڕازی بکەن.. تەنانەت پاشاو کاربەدەستەکانیش پێشبرکێیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد لەوەدا کامیان

مزگەوتێکی گەورەتر لەویتریان دروست بکات، لێرەدا ئەوەندە بەسە کە باسی مزگەوتی گەورەی (ئەمەوی) بکەین کە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لە شامدا دروستی کرد کە ئەوەندە پارەی تێدا خەرج کرد، کە خەریکە مرۆڤ بڕوا نەکات کە بە پارەکەو بە ژمارەی ئەو کەسانەی کاریان تێدا دەکرد).[١٦٨]

گرنگترین دامەزراوەیەکی خێرێش (لە شارستانییەتی ئێمەدا) بریتییە لە قوتابخانەو نەخۆشخانەو ئێمەش خوا بیەوێت باسێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەین.

دامەزراوەیەکی تری خێرخوازی بریتییە لە: دروستکردنی خانوو و مۆتێل بۆ ئەو ڕێبوارانەی کە لە کەس‌وکاریان دابڕاون، یان بۆ ئەوانەی هەژار کەوتوون.

یەکێکی تر لە دامەزراوە خێرخوازییەکان بریتیی بوو لەو تەکییەو خانەقایانەی دروستدەکران بۆ ئەوانەی لە خەڵک دادەبڕانو خۆیان یەکلا دەکردەوە بۆ خوداپەرستی..

دامەزراوەیەکی تر بریتی بوو لە: دروستکردنی خانوو بۆ هەژاران، بەتایبەتی ئەوانەیان کە ئەوەندە پارەیان نەبوو خانوو بکڕن یان بیگرن بە کرێ.

یەکێکی تر بریتیی بوو لە: جۆگەلە دروست کردنو ئاوبردن بۆ ماڵان، تا هەموو خەڵکی سوودی لێ ببینن‌و بەکۆڵانەکاندا دابەش ببێت.

دامەزراوەیەکی تر بریتی بوو لە: کردنەوەی چێشتخانەی میللی کە خواردنو نانو گۆشتو شۆرباو شیرینی (حەڵوا) تێدا دابەش دەکرا، تا ئەمڕۆی ئێمەش بیروەریمان هەیە لەگەڵ ئەم جۆرە دامەزراوەدا وەک تەکییەکانی سوڵتان سەلیمو تەکییەی شێخ محیەدین لە دیمەشق.

---

[١٦٨] تائێستاش ئەو مزگەوتە لە دیمەشقدا جێگەی گرنگی خەڵکی هەموو دونیایەو مرۆڤ سەری لێ سووڕدەمێنێت ئەو بەردە گەورەو زەبەلاحانە چۆن بەرزکراونەتەوەو خراونەتە چینی دیوارەکانیو ئەو هەموو هونەرە وردە چییە بەکارهاتووە لە دروستکردنیدا؟! (وەرگێڕ).

یەکێکی تر بریتی بوو لە: دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر خانوو لە دەوروبەری کەعبەدا بۆئەوەی حاجییان _ ئەوانەی هاتبوون بۆ حەجکردن _ تیایدا بحەوینەوەو ئاسودە بن، ئەو خانوانە ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوو هەموو مەککەی گرتەوە، تەنانەت هەندێ لە شەرعزانو زانایان فەتوای ئەوەیان دا کە دروست نییە خانووی ناو مەککە لە پۆژانی حەجدا بدرێتە کرێ، چونکە هەمووی وەقفی حاجییان و میوانانای مالّی خودان!

یەکێکی تریان بریتی بوو لە: هەڵکەندنی بیر لە دەشتو بیابانەکاندا بۆ دابینکردنی ئاوی کشتوکاڵو مەڕو مالاّتو ڕێبواران، ژمارەیەکی ئەوەندە زۆریان لەم بیرانە هەڵکەندبوو بەتایبەتی لە نێوان بەغداو مەککەو دیمەشقو مەدینەو، لە نێوان پایتەختو شارەکانی تردا، خەریکە بڵێی لەو پۆژگارەدا ڕێبوارێك نەبووە پەکی کەوتبێت و تینوێتی کێشا بێت!

یەکێکی تر ئەوە بوو کە: چەند دامەزراوەیەك هەبوون کاریان دروستکردنی قوللەو قەڵا بووە لە سنوورەکانی نیشتمانی ئیسلامییدا بۆئەوەی ئێشکی تێدا بگیرێتو لە هێرشو ترسی پەلاماری بێگانە ولاّت بپارێزرێت، ئەم دامەزراوانە تایبەت بووە بەوانەوە کە خۆیان یەکلاکردووەتەوە بۆ تێکۆشان لە ڕێگەی خودادا، ئەم دامەزراوانە هەموو تفاقو پێویستییەکی موجاهیدینی تێدابووە، وەك چەكو تفاقی شەڕو خواردنو خواردنەوە، ئەم دامەزراوانە کاریگەری گەورەیان هەبووە لە گێڕانەوەی هێرشو پەلاماری ڕۆمەکاندا بەتایبەتی لەسەردەمی عەباسیەکاندا، یان لە کاتی هێرشەکانی خاچپەرەستەکاندا کە ڕۆژئاوا پەلاماری دونیای موسڵمانانی دا، زۆر پارێزگارییان لە میسر و ولاّتی شام کرد.

ئەم دامەزراوانە وەقفێکی زۆری بۆ کرابوو تا ئەسپو کەرەستەکانی جیهادی پێ بکڕێتو خەباتی لە پێناوی خودادا پێ بکرێت، ئەمەش وای کرد کە پیشەسازی جەنگی زۆر پێش بکەوێتو کارگەی گەورە گەورەی بۆ دروست بکرێت لە ولاّتانی

ئێمەدا، تەنانەت ولاتەکانی ڕۆژئاوا _ لە کاتی ئاشتیدا _ شاندی زۆریان دەهاتن بۆ ئەوەی چەک بکڕن لە وڵاتی ئێمە، بەڵام زانایان فەتوای ئەوەیان دەدا کە دروست نییە چەک بە دوژمن بفرۆشرێت.... سەیرکەن! چۆن هاوکێشەکان هەموو ئاوەژووبوونەتەوە، ئێستا وامان لێهاتووە ئێمە بووین بە بار بەسەر ڕۆژئاواوەو ئەگەر چەکیشمان پێ بفرۆشن ئەوەندە مەرجمان لەسەر دادەنێن کە مایەی لەدەستدانی سەربەخۆیی و تەنانەت حورمەتو ڕێزیشمانە...

ئەم دامەزراوانە سەپەرشتی ئەو وەقفانەشیان دەکرد کە بژێوی ئەو کەسانەیان دابین دەکرد کە حەزیان بە جیهادکردن بوو، یان حەزیان بە کارکردن بوو لە بواری سەربازیدا، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە دەوڵەت توانای ئەوەی نەبوو هەموو ئەندامانی سوپا بەخێو بکات، ئەمە وای کرد ڕێگەی جیهاد کردن ئەوەندە ئاسانکاری بۆ بکرێت کە هەموو کەسێك بتوانێت ببێتە تێکۆشەرو ژیانی بفرۆشێت بەخودا بۆئەوەی بەهەشتێکی پێ بکرێت کە پانتاییەکەی لە پانتایی زەوی و ئاسمانەکان فراوانترە...

کەچی سەیرکەن ڕۆژگارەکە چەند هاتووەتە دواوەو وای لێهاتووە پێویستمان بە یەك هەفتە ڕیکلام و دەستپانکردنەوە هەیە بۆئەوەی هەندێ پیتاکو پێویستی جەنگ کۆبکەینەوەو سوپاو تفاقی سوپای پێ بەهێز بکەین، کە ئەگەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بڕوایەکی بنو بنخدارمان هەبوایە هەموو ڕۆژێك _ نەك تەنها هەفتەیەك لە ساڵەکەدا _ بڕێك لە پارەی خۆمانمان تەرخان دەکرد بۆ کردنەوەی کارگەیەکی چەکدروستکردن تا سوپای پڕ چەك بکردایەو تفاقی بۆ دابین بکردایە، بۆ ئەوەی سوپاکانمان لە هەموو سوپاکانی دونیا بەهێزترو دەوڵەمەندتر بوایەو توانای گلدانەوە هێرش و پەلامارەکانی دوژمنانی هەبوایەو، وڵاتی بپارێزایە لە چاوچنۆکی دوژمنان[١٦٩]..

---

[١٦٩] شێخ سیباعی (بەرەحمەت بێت) گلەیی لەو ڕۆژگارەی خۆی دەکات کە هەموو ساڵێك هەفتەیەك تەرخانکرداوە بۆ ئەو ئامانجە، ئەی ئەگەر لەم ڕۆژانەدا بڵێایە کە نە لە ستراتیژو نە لە واقیعی

هەندێ دامەزراوەی تر هەبووە (لە مێژووی ئیسلامی ئێمەدا) سەرپەرشتی ئەو وەقفانەی کردووە کە تایبەت بوون بە چاککردنی ڕێگەوبانو پردو شوێنی پەرینەوەی خەڵکی.

هەندێ دامەزراوەی تر هەبووە تایبەت بووە بە گۆڕستانو مردووەکان بۆ نموونە هەبوو پارچەیەک زەوی فراوانی تەرخان دەکرد بۆ ئەوەی بکرێتە گۆڕستان.

هەندێ دامەزراوەی تر تایبەت بوون بە کاروباری مردنو کفنکردنو کڕینی تفاقی مردوو بەتایبەت بۆ هەژارانو بێکەسان.

هەندێ دامەزراوەی تری خێری بۆ بەرقەرارکردنی هاریکاریو دادگەری کۆمەڵایەتیو سەرپەرشتی بێباوکانو خەتەنەکردنیان و سەرپەرشتی کردنیان.

دامەزراوەی واش هەبوو کە تایبەت بوو بە کەمئەندامانو نابیناو پەککەوتووان کە لەو شوێنانەدا بە خورمەتو ڕێزەوە دەژیانو هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکرا، وەک شوێنی حەوانەوەو خواردنو جلو بەرگو کەرەستەکانی خوێندن.

لە مێژوودا هەندێ دامەزراوەی تر هەبووە کە بەتایبەت کاریان ئەوەبووە لە بەندیخانەکان بپرسنەوە و ئاستی بژێوییان چاک بکەنو تەندروستییان بپارێزنو دەواو دەرمانیان بۆ دابین بکەن.

دامەزراوەی تر هەبووە، مووچەی بڕیوەتەوە بۆ خەڵکانێک کە ئیشیان ئەوە بوو دەستی گۆچو پەککەوتە یان کوێرو نابینا بگرنو لەگەڵیاندا بن بۆ ئەملاو ئەولاو لە خزمەتیاندا بن!

دامەزراوەی تر هەبووە کاری تایبەت بووە بە کوڕانو کچانی عازەبەوەو ئاسانکاری کردووە بۆ هاوسەرگیرییان، بەتایبەت ئەوانەیان کە خۆیان و سەرپەرشیارەکانیان دەستکورت بوونو توانای نەفەقەو مارەیی پێویستیان

موسڵمانانداا خەمخواردنێک نەماوە بۆ ئەوە ئامانجە گەورەیە، ئەبوو چی بفەرموایەو چۆن چارەسەری بۆ دابنایە (وەرگێڕ).

نەبووە... ئەو هەستە چەند بەرزو جوانە و ئێمەش لەم رۆژانەدا چەندە پێویستمان بە وەها سۆزێك هەیە...!

دامەزراوەی تر هەبووە کە شیرو شەکری دابین کردووە بۆ دایکانی شیردەر!! ئەم دامەزراوەیە بەماوەیەکی زۆر لەپێش ئەم (جمعية نقطة الحليب)ەی لای خۆمانەوە هەبووە، لە هەمان کاتدا ئەو دامەزراوە تەنیا لەبەر خاتری خودا کارەکانی ئەنجام داوە، شایانی باسە یەکێك لە کارە چاکەکانی سوڵتان سەلاحەددین ئەمەبووە، کە لە یەکێك لە دەرگاکانی قەلای دیمەشقەوە _ کە تا ئێستاش هەر ماوە _ دوو بۆری[١٧٠] هێنابووە دەرەوە، کە لە یەکێکیانەوە شیر دەهاتە دەرەوە و لەوی تریشیانەوە ئاوێکی شیرینی لێوە دەهاتە دەرەوە کە شەکری تێدا تواندرابووەوە، هەموو دایکێکی شیردەر هەفتەی دوو رۆژ دەهاتو بەشی منداڵو ماڵەوەیانی وەردەگرت، ئەوەندەی پێویستیان پێی بوایە...

خۆشترینو سەیرترین دامەزراوەی خێری لە مێژووی ئیسلامیدا بریتی بووە لە (وەقفی زەبادی)[١٧١] کە تایبەت بووە بەو منداڵانەی کە لەرێگەوبانەکاندا ئەو دەفرانە بە دەستیانەوە دەشکان کاتێك بۆ ماڵەوە دەگەرانەوە، بەخۆیانو دەفرە شکاوەکانیانەوە دەهاتن بۆ ئەم دامەزراوەو دەفرێ تازەیان وەردەگرت لە جیاتی دەفرە شکاوەکەو دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە وەك ئەوەی هیچ ڕووینەدا بێت....

کۆتا دامەزراوە کە باسی بکەین بریتییە لەو دامەزراوانەی کە تایبەت دامەزرابوون بۆ چارسەرەکردنی ئازەڵە نەخۆشەکان! یان بۆ دابینکردنی خواردن بۆیان، یان بۆ سەرپەرشتیکردنیان کاتیك کە پەکیان دەکەوت، کاتی خۆی لە دیمەشقدا (المرج

---

[١٧٠] لە دەقە عەرەبییەکەدا ئەڵێ (میزابان) کە زیاتر بۆ پلوسکەو جۆگەلە بەکاردێ، بەڵام ئێمە ئەوەی سەرەوەمان بە گونجاوتر زانی لەبەرانبەریدا دابنرێ (وەرگێڕ).

[١٧١] زەبادی کۆی (زبدیە)، کە بریتییە لە دەفرێك بە گشتی لە گڵ دروست دەکرێتو "ماست"ی تێدا دانەنرێت تا ئەترشێت.

الأخضر) هەمان ڕۆڵی دەبینی کە ئێستا کراوەتە یاریگای شارەوانی، ئەوکات ئەوە دامەزراوەیەکی وەقفی بوو تایبەت کرابوو بەو ئەسپو ئاژەڵانەی کە پەکیان دەکەوتو دەچوونە تەمەنەوە، سەرپەرشتییانیان دەکرد تا بە ئاسوودەیی مردار دەبوونەوە!

(٣٠) دامەزراوەی خێریمان باس کرد کە لە ژێر سێبەری شارستانییەتی ئێمەدا بوونیان هەبووە، دەی لەم جۆرە شتانە لەناو کام میللەت لە میللەتانی پێشوودا دەبینیت؟ بەڵکو ئێستاش لە ژێر سێبەری ئەم شارستانییەتەدا نموونەی زۆرێك لەو دامەزراوانە لە کوێدا دەبینیت؟ بۆ خوا ئەم شایەتییە بدەین کە ئوممەتی ئیسلامی تاقە ئوممەتێکە کە ئەم ڕێگە نەمرەی داهێنا بێت لە ڕۆژانێکدا کە هەموو دونیا لە بێئاگایی و نەفامی و زوڵم و زۆردا دەژیان.. خودایە، شایەتی ئەوە دەدەین کە ئەمە ئەو ڕێگەی نەمرەیە کە ئێمەی موسڵمان دامان هێناوە و دۆزیومانەتەوە لە ڕۆژگارێکدا کە مرۆڤایەتی ئازارو مەینەتی لە هەموو لایەکەوە دادەبارییە سەری... بەڵام ئایا ئەمڕۆ کام ڕێگەو ڕەچە بگرینە بەر؟

کێیە ئەمڕۆ دەبێت دەستی سۆز بهێنێت بەسەر بێباوکانداو ئاهبێنێتەوە بە بەر دڵبریندارانداو باوەش بۆ ئەم کۆمەڵگە ئیسلامییانە بکاتەوەو کۆمەڵگایەکی تۆندو تۆڵ و یەکڕیزی لێ دروست بکاتو ئەم مرۆڤانە هەموو بخاتە ناو ئاشتی و خێرو خورمەتو خۆشییەوە.[١٧٢]

---

[١٧٢] من روائع حضارتنا، دكتور مصطفى السباعي، ١٧٨ـ ١٨٢.

٣ ـ بێخداری بەها ڕەوشتییەکان لە مێژووی ئیمەدا

دیارترین مەشخەڵی ناو مێژووی ئیسلامی ئێمە و ناو شارستانییەتی ئێمە دەرکەوتنی توخمی ڕەوشت‌و ڕیشەداری بەها ڕەوشتییە ڕەسەنەکانە تیایدا وەک ڕاستگۆیی‌و، دەستپاکی‌و، وەفاداری‌و، دادپەروەری‌و، چاکەکردن‌و، بەزەیی هاتنەوە‌و، داوێنپاکی‌و، دلێری‌و، دەستکراوەیی‌و، عیززەتی نەفس‌و، ملکەچی‌و شەرم‌و، ڕەوشتەکانی تریش کە ئیسلام ئەو ڕەوشتانە بە نیشانەی بوونی ئیمان دەزانێت‌و، ئیمان بەو ڕەوشتانەوە دەبەستێتەوە، بەهەمان شێوە ئیسلام ڕەوشتە خراپەکانیش کە پێچەوانەن لەگەڵ ئەم ڕەوشتانەدا بە نیشانەی دووڕوویی دادەنێت‌و دەیکاتە سیفەتی کەسانی دووڕوو.

لە قورئاندا دەربارەی سیفەتەکانی ئیمانداران دەفەرموێت: ﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ، الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ، إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ، فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ﴾ (المؤمنون: ١ـ ٨). واتە: بەدڵنیاییەوە ئەو ئیماندارانە زاڵن سەرکەوتوون کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچن، ئەوانەی کە لە شتی بێهودە (قسە بێت یان کردار بێت) خۆیان بە دوور دەگرن‌و، ئەوانەی کە زەکاتدەرن‌و، ئەوانەی کە پارێزگاری لە داوێنیان دەکەن (داوێنپاکن) تەنها بەرانبەر خێزانەکانیان یان کەنیزەکانیان نەبێت، چونکە لەسەر ئەوە سەرزەنشت ناکرێت‌و، هەرکەسێکیش جگە لەم دووانە بەدوای شتی تردا بگەڕێت ئەوە سنووری خۆی بەزاندووە، هەروەها ئەو ئیماندارانەی کە چاودێرو ڕاگری سپاردەو پەیمانەکانیان و (نایشکێنن)..

لەولاشەوە لە وەسفی کافراندا دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ﴾ (النحل: ١٠٥)، واتە: بێگومان ئەو کەسانەی درۆ هەڵدەبەستن ئا ئەوانەن کە بڕوایان بە ئایەتەکانی خودا نییەو هەر ئەوانەن درۆزنان.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ عَاهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لاَ يَتَّقُونَ﴾. (الأنفال: ٥٦) واتە: ئەوانەی کە پەیمانیان لەگەڵدا دەبەستیتو کەچی هەموو جارێك پەیمانەکەیان دەشکێنن‌و، لە خوداش ناترسن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ، فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ، وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ﴾. (الماعون: ١ـ ٣). واتە: سەیری ئەوانە بکە کە بڕوایان بە پۆژی ئاخیرەت نییە، ئەوانەی کە دەست بە ڕووی بێباوکانەوە دەنێن‌و هانی خەڵکی نادەن کە نان بە هەژاران بدەن!

خودای گەورە لە قورئاندا هەموو سیفەتە خراپەکان دەداتە پاڵ مرۆڤی دووڕوو وەك درۆ کردن‌و، ناپاکی‌و، گزیبازی‌و، خۆگۆڕین لە خەڵکی‌و، خەڵەتاندن‌و بێهەڵوێستی‌و، شتانی تریش...

لە فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتووە کە دەفەرموێت: (آية المنافق ثلاث: إذا حدث كذب، وإذا وعد أخلف، وإذا اؤتمن خان).[١٧٣] نیشانەکانی مرۆڤی دووڕوو سێ شتن، کە قسەی کرد درۆ دەکات‌و کە پەیمانی دا نایباتە سەرو، کە سپاردەیەکت لەلای دانا ناپاکی لێ دەکات.

(أربع من كن فيه كان منافقا خالصا، ومن كانت فيه خصلة منهن كانت فيه خصلة من النفاق حتى يدعها: إذا حدث كذب، وإذا اؤتمن خان، وإذا عاهد غدر، وإذا خاصم فجر).[١٧٤] چوار شت هەیە لە هەر کەسێکدا هەبێت ئەوە دووڕوویەکی تەواوەو، هەرکەسیش سیفەتێك لەو سیفەتانەی تێدا بێت ئەوە سیفەتێکی دووڕووی

---

[١٧٣] متفق عليه، البخاري (٣٣) ومسلم (٥٩) عن إبن عمر.

[١٧٤] متفق عليه، البخاري (٣٤) ومسلم (٥٨)، عن ابن عمر.

تێدایە تا دەستبەرداری ئەبێت، کە قسەی کرد درۆ دەکات، کە سپاردەیەکی لا دانرا ناپاکی لێ دەکات، کە پەیمانی بە یەکێك دا غەدری لێ دەکاتو، کە لەگەڵ یەکێکیش دا ناکۆکی هەبوو جنێوی پێدەدات.

عیبادات گەورەکانیش لە ئیسلامدا کە بە گشتی لە دیدی موسڵمانانداو بە کۆڵەکەو پایەی ئایین دادەنرێن _ وەك نوێژو زەکاتو ڕۆژوو و حەج _ کە سەرەڕایی ئامانجە ڕووحییە گەورەکان، چەندین ئامانجی ئەخلاقی زانراو و ویستراویشی لە پشتە، بەشێوەیەك ئەگەر بە پێی پێویست جێبەجێبکرێت بەرهەمی خۆی دەداتو ئامانجی ڕەوشتی زۆر لەو مرۆڤەدا دروست دەکات...

بۆ نموونە نوێژ کردن، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ﴾. (العنكبوت: ٤٥). نوێژ دەستی مرۆڤ لە خراپەو خراپەکاری دوور دەخاتەوە. یان دەربارەی زەکات کە دەفەرموێت: ﴿تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾. (التوبة: ١٠٣). زەکاتیان لێوەربگرە تا بەو زەکاتە دەروونو کارەکانیان پاك ببێتەوەو گەشەش بکەن بەهۆیەوە.[١٧٥]

دەربارەی ڕۆژووش دەفەرموێت: ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ (البقرة : ١٨٣). بەڵکو بە ڕۆژووگرتن لە خوداترسانیان تێدا دروست ببێت، دەربارەی (حەج)ی وەرگیراو(المقبول)یش دەفەرموێت: ﴿فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ﴾ (البقرة : ١٩٧) نە جیماعو، نە تاوانکردنو، نە دەمەدەمێ کردن لە حەجکردندا دروستە.

---

[١٧٥] زەکات دەرکردن وەك زانایان ئەفەرموون: دەروونیش پاك ئەکاتەوەو گەشەی پێویستیشی پێ ئەدات، هەروەها ماڵەکەش پاك ئەکاتەوەو گەشەی پێویستیشی پێ ئەدات، چونکە وشەی زەکات لە زمانی عەرەبییدا دوو مانای هەیە: ١ـ پاککردنەوە. ٢ـ گەشە کردن. (وەرگێڕ).

پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لە پەیامەکەیدا بەڕوونی پلەوپایەی (ڕەوشت)ی ڕوونکردووەتەوە وەک دەفەرموێت: (إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق).[١٧٦] من بۆ ئەوە نێردراوم تا هەموو ڕەوشتە باشەکان تەواو بکەم.

هەر بۆیە لە زووەوە من ئەوەم لە نووسینەکانمدا وتووە کە ئەم ئیسلامە پەیامێکی ڕەوشتییە، تەنانەت خودای گەورە کە مەدحی پێغەمبەر ﷺ دەکات دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ (القلم: ٤) تۆ لەسەر ڕەوشتێکی بەرز ڕاوەستاوی.

تەنانەت پێغەمبەری ئەکرەم ﷺ فێرمان دەکات ئەو عیبادەتانەی کە بەرهەمەکانی ڕەوشتێکی باش نادەن بەدەستەوە، ئەو عیبادەتانە بێ غەڵو غەش نین و لای خودای گەورەش وەرگیراو نین، ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (رب قائم حظه من قيامه: السهر، ورب صائم حظه من صيامه: الجوع والعطش).[١٧٧] واتە: لەوانەیە کەسێك هەبێت بەردەوام خەریکی شەونوێژ کردن بێت کەچی هەر شەونخونییەکەی بۆ بمێنێتەوە، لەوانەیە کەسێکیش هەبێت بەردەوام بە ڕۆژوو بێت کەچی هەر برسێتی‌و تینوێتی بۆ بمێنێتەوە..

هەروەها دەفەرموێت: (من لم يدع قول الزور والعمل به، فليس لله حاجة في أن يدع طعامه وشرابه).[١٧٨] واتە: ئەو کەسەی کە واز لە قسەی درۆو کاری درۆ نەهێنێت ئەوە خودای گەورە هیچ پێویستی بەوە نییە ئەو دەم لە خواردن و خواردنەوە بگرێتەوە.

---

[١٧٦] رواه الترمذي في نوادر الأصول (٣١٢/٢). والطبراني في الأوسط (٧٤/٧/ ٦٨٩٥)، والحاكم في المستدرك (٦٧٠/٢/ ٤٢٢) وقال: صحيح على شضرط مسلم، وصححه الألباني في الجامع الصغير (٢٣٥٠)، عن أبي هريرة.

[١٧٧] رواه أحمد ٨٨٤٣، والحاكم، ١٥٧١. والبيهقي، ٨٠٩٧. عن أبي هريرة، ص ج ص٣٤٩٠.

[١٧٨] رواه البخارى، ٥٧١٠، فى كتاب الصوم عن أبى هريره.

بۆیە سەیر نییە کە ئەم ئاراستەکردنانەی قورئانو ئەم ڕێنماییانەی پێغەمبەر ﷺ کاریگەریی خۆیان بووبێت لە شارستانییەتی ئێمەدا،چ لە ڕووی فەرمانو، مەبەستو، چ لە ڕووی پێدانی بەرچاوڕوونی بە ژیانی موسڵمانان و، ئەو ئاراستانەش زۆر بەهێز دەستی زاناو بانگخوازە ئیسلامییەکان دەگرن بۆئەوەی ئەو ڕێنماییانە قوواڵ بکەنەوە لەناو دڵو دەروونی ئومەتی ئیسلامیداو، کارێك بکەن کە ببێتە زایەڵەو ئاسەوارێك بە درێژایی زەمانەو ڕۆژگار هەر بمێنێتەوە..

هەرکەسێك لە مێژووی زانستیی‌و هزریی موسڵمانان یان لە مێژووی ئاکارو ڕەوشتیان وردببێتەوە، دەبینێت کە بە پاستی خەڵکانێکی بەڕەوشتو کەسانێکی خاوەن فەزڵ بوون، هەڵگری خەمی ڕەوشتبەرزی بوون، چ وەك فیکرو تیۆر، چ وەك ڕەوشتو پراکتیك، چ وەك قسەو کردار.

موسڵمانان زانستو ڕەوشتیان پێکەوە گرێداوە، لەلای ئەوان ئەو زانستەی ئاکارو ڕەوشتی لەگەڵدا نەبێت ئەوە هیچ نرخێکی نییە، زانای لادەرو بەدرەوشت لە ڕەحمەتی خوا دوورخراوەتەوەو نەفرینی لێ کراوەوەو، لای خەڵکیش بێزراوە ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ، كَبُرَ مَقْتاً عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾. (الصف : ٢ـ ٣). واتە: (ئەی خەڵکانی ئیماندار! ئەوە بۆچی قسەیەك دەکەنو کاری پێ ناکەن، نازانن شتێکی زۆر لەلای خودا کە شتێك بڵێنو کەچی نەشیکەن؟)!

﴿أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ﴾. (البقرة: ٤٤) واتە: (ئایا فەرمان بە خەڵکی دەکەن بە چاکەو کەچی خۆتانتان لەبیر چووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی خوێندنەوەی کتێبی خودان؟! ئەرێ بۆ بیرناکەنەوە؟)!

لە موسڵمانانی پێشووەوە گێڕراوەتەوە کە دەڵێن: "علم بلا عمل كشجرة بلا ثمر" یان "كسحاب بلا مطر" زانستێك کاری پێ نەکرێت وەك درەختێك وایە بەر نەگرێت یان وەك هەورێك وایە بارانی پێ نەبێت.

موسڵمانان ڕەوشتو خواپەرستییان پێکەوە گرێداوە هەرکەسێك خواپەرستی بکاتو لە مامەڵەدا سەر ڕاست نەبێت دەبێتە جێگەی ڕەخنەو گازندە و گاڵتەی خەڵکو پێی دەڵێن نوێژە فەرزەکان دەکاتو زەوی کاول دەکات، بە زمانی تەسبیحات دەکاتو بە دەستی سەر لە لاشە دەکاتەوە.

دەربارەی کەسی لەم شێوە ئەبوئەعلا دەڵێت:

اذا رام کیداً بالصلاة کقیمها
فتارکها عمداً الی الله أقرب[۱۷۹]

دەربارەی ئەمەش پەندێك لە نێوان موسڵماناندا باڵاوە کە دەڵێت: ئایین مامەڵەیە، تەنانەت هەندێ لە خەڵکی ئەم پەندە بە فەرموودەی پێغەمبەر دەزانن، هەرچەندە فەرموودەش نییە، بەڵام واتاکەی ڕاستە.[۱۸۰]

موسڵمانان ئابووریو ڕەوشتیشیان پێکەوە گرێداوە، لایان دروست نییە بەڕێگەی حەرام ماڵ پەیدا بکەن یان بە ڕێگەی حەرام گەشەی پێ بدەن، یان لە ڕێگەی حەرامدا سەرفی بکەن، ،عارەق لە ڕووی ئابوورییەوە چەندین کەس سوودی لێ دەبینێت، کەچی لەبەرئەوەی زیانو خراپەکانی زیاترە لەو قازانجانە، خودای گەورە عارەقی حەرام کردووە! خودای گەورە حەرامی دەکات خەڵکی موشریك بچێتە کەعبە، با سودێکی گەورەی ئابووریش دەستی خەڵکەکەی بکەوێت لە چوونیان، خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلاَ يَقْرَبُواْ الْمَسْجِدَ

---

[۱۷۹] کەسێك مەبەستی بەنوێژکردن فرتو فێڵ بێت ، ئەوە ئەوانەی هەر نوێژ ناکەن بەقەسدی لە ئەو کەسە نزیکترن لە خوا.

[۱۸۰] سەیری پەڕاوی (العباده فی الاسلام)مان بکە، نشر مکتبه وهبة القاهرة، مؤسسة الرسالة، بیروت.

الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَـذَا وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ إِن شَاء إِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)[١٨١] (التوبة : ٢٨)

هەروەها موسڵمانان ڕەوشتیان بە سیاسەتەوە گرێداوەو، لە مێژووی خۆیاندا تیۆری (الغاية تبرر الوسيلة: ئامانج هۆکار دیاری دەکات)یان بەکارنەهێناوەو، بۆ گەیشتن بەڕاستی بەڕێگەی ناراستدا نەڕۆیشتوون، هەڵەی گەورەیان ئەنجام نەداوە بۆ ئەوەی ئامانجێکی باش بەدەستبێنن، بەڵکو پێویستە ئامانج شەریف بێتو هۆکاریش پاك، بەهیچ شێوەیەك خوێنێك ڕشتنی حەرام بێت حەڵاڵ نابێتو، ناموسی پەرژین کراو ناشکێنرێتو، ماڵو سامانی کەس حەڵاڵ ناکرێت بۆ کارێك کە خاوەنەکەی خۆی بەخێرو حەقی بزانێت.

وێنەی ئەوانە وەك سووخۆر و بەرتیل وەرگر وایە کە بیەوێت بەپارەکەی مزگەوت دروست بکات، ئەو مزگەوتەش نوێژکردن تیایدا دروست نییە[١٨٢]، چونکە خودا خۆی پاکەو تەنها پاك وەردەگرێت و خوا پیس بە پیس لانابات.

موسڵمانان جەنگیشیان بەڕەوشتەوە گرێ داوە، نابێت هیچ کەسێك بکوژرێت، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە دەجەنگێت، بۆیە ئیسلام کوشتنی منداڵ و ژنی قەدەغە کردووە.

---

[١٨١] عیلە: هەژاری، بۆ زیاتر ئاشنا بوون دەربارەی ڕەوشتو ئابووری لە ئیسلامدا بگەڕێرەوە بۆ کتێبی (دور القيم و دور القيم والاخلاق فى الاقتصاد الاسلامى) نوسیوومانە ، طبعة مكتبة ومبة، القاهرة، مؤسسة الرسالة، بیروت.

[١٨٢] دەبێت ئەوەش بزانین کە شێخ مەبەستی لەکەسانێکە کە دڵنیان لەوەی ئەو کەسە بەرتیل وەرگر و سووخۆرە، بۆ ئەوانە دروست نییە نوێژی تێدا بکەن، دەبێت لەوەش خۆیان دڵنیا بکەنەوە ئایا ئەو کەسە پارەکەی لە جێگایەکی ترەوە نەهێناوە(بۆ نموونە بە میرات بۆی ماببێتەوە،.. کە لەم کاتەدا دروستە نوێژی تێدا بکرێت) یان هەر بەرهەمی سوو و بەرتیلە؟.. بەڵام بۆ کەسانێك کە ئەسڵەن هەرنازانن دروستکەری مزگەوتەکە کێیە حوکمەکە دەگۆڕێت، ئەوانە نوێژەکانیان دروستە تا کاتێك لەکەسێکی ڕاستگۆوە هەواڵیان پێدەگات. والله أعلم. (ڕێناس)

پێغەمبەر ﷺ لە یەکێك لە شەڕەکاندا ژنێکی بینی کوژرا بوو، پێی ناخۆش بوو فەرمووی: (ما كانت هذه لتقاتل)[١٨٣] ئەم ژنە بۆ خەڵك کوشتن نەهاتووە.

خەلیفەکانی پێغەمبەریش ﷺ دوای خۆی بەهەمان شێوە بەرگرییان دەکرد لە کوشتنی منداڵو ژنو کەسانی بەسالاچوو، بڕینی درەختو ڕووخاندنی ماڵو کوشتنی مەڕو ماڵاتیش _ مەگەر بۆ خواردن _ قەدەغە بوو، هەروەها بەرگرییان دەکرد لە کوشتنی ڕاهیبو جوتیارو هەموو ئەوانەی کە پەیوەندییان بەشەڕەوە نەبوایە.

پێغەمبەر ﷺ بەرگرییەکی زۆر توند دەکات لەوەی لە شەڕدا ناپاکی و غەدر بکرێت، یان لاشەی مردووی دوژمنان ئەتك بکرێتو بشێوێنرێت، چونکە مرۆڤ لە ئیسلامدا ڕێزی لێگیراوە بە زیندوویی و بە مردوویش، بۆیە حەڵاڵ نییە موسڵمانان شتی وا بکەن با دوژمنەکانیشیان شتی وا بکەن، چونکە موسڵمانان بەها باڵاکانیان و شەریعەتەکەیان بڕیاریان بەسەردا دەدات، بە پێچەوانەی ناموسڵمانەکانەوە.

هەندێ لە سەرکردەی موسڵمانان تووڕەکەیەکیان نارەد لای ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێك کە لەسەر تەختی خەلیفایەتی بوو، ئەویش تووڕەکەکەی کردەوەو سەیر دەکات کەلله سەرێکی تێدایەو نامەیەکیشی لەگەڵدایە کە باس لەوە دەکات ئەوە کەلله سەری یەکێکە لە دوژمنە دڕندەکانی ئیسلام، ئەبوبەکر ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو، وتیان: قوربان! ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خودا، دەی ئەوانیش لەگەڵ سەرکردەکانی ئێمەدا بەم شێوەیە ڕەفتار دەکەن (واتە کەلله سەرەکانیان دەنێرنەوە بۆ پاشاو میرەکانیان) ئەبوبەکر بەتووڕەییەوە فەرمووی: باشە ئێوە چاو

---

[١٨٣] رواه أبـوداود ٢٩٦٩. وابـن حبـان في الصـحيح، ٤٧٩١. والطبراني في الكبير، ٣٤٨٩. والبيهقـي في الكبير، ٨٢/٩. عن رباح ابن ربيع.

لە ڕەوشتی ڕۆمو فارسەکان دەکەن؟ سوێند بەخوا لەمڕۆ بەدواوە کەس نابێت کەلە سەرم بۆ بنێرێت! ئەوەندە بەسە کە هەواڵەکەو نامەیەک بنێرێت.[١٨٤]

سەیری ئەو قسەیەی ئەبوبەکر بکە، باشە ئێوە چاو لە ڕەوشتی ڕۆمو فارسەکان دەکەن؟ کە دیارە مەبەستی ئەوەیە بەدوای ڕەوشتی ئەواندا دەڕۆنو ئەوان دەکەن بە ڕێبەرو پێشەوای خۆتانو، چیان کرد ئێوەش دەیکەنەوە لە کاتێکدا ئێوە خودا کردوونی بە ئومەتێکی میانڕەو کە ئەرکتان ئەوەیە خەڵکی فێری ڕەوشتبەرزی بکەن.[١٨٥]

ڕەوشت لە ئیسلامدا هەموو کایەکانی ژیان سەراپا دەگرێتەوە، ئاشتی، شەڕ، زانست، کار، ئابووری، سیاسەت، هەروەک چۆن ڕەوشت حزوری لە پەیوەندییە خێزانییەکاندا هەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا حزوری هەیە، لە پەیوەندییە سیاسییەکانیشدا بەهەمان شێوە، کاربەدەست بەرانبەر هاوڵاتیو بەپێچەوانەشەوە، ڕەوشت لە نێوان دەوڵەتانیشدا بوونی هەیە و، پێویستە ڕەوشت دەسەڵات بە سەر هەموو پەیوەندییەکاندا پەیدا بکات.

من لێرەدا تەنیا دوو نموونەی ڕەوشتبەرزی دێنمەوە کە لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا ڕوویان داوە، یەکێکیان هی خەلیفە عوسمانەو ئەویتریان هەی خەلیفە عەلییە ڕەزای خودایان لێ بێت.

---

[١٨٤] رواه عبدالرزاق في المصنف، ٣٠٦/٥/ ٩٧٠١. وسعيد بن منصور في السنن، ٢٦٣٥، والبيهقي في السنن، ١٣٢/٩، عن يزيد بن حبيب.

[١٨٥] بۆ درێژەی ئەم باسە سەیری ئەو کتێبەمان بکە کە ناوی (فقه الجهاد)ەو بەتایبەت ئەو باسەی بەناونیشانی (جيش الجهاد الاسلامي، واجباته، وآدابه، ودستوره) نووسراوە.

ـ هەڵوێستی عوسمان بەرانبەر ئەو کەسانەی گەمارۆی خانووەکەیان دا بوو:

نموونەی یەکەم: ئەو هەڵوێستەیە کە میری موسڵمانان عوسمانی کوڕی عەففان نواندی لەو کاتەدا کە ئاژاوەگێڕان گەمارۆی ماڵەکەیان دابوو، کە دەستێکی پڕوپاگەندەچی یەهودیانەی سەبەئیانە لەپشتی ئەم کارەوە هەبوو، هانی ئەو خەڵکەی دابوو بۆ ئەوەی شۆڕشی چەکداری دژ بەم خەلیفە بەتەمەنە ئاشتیخوازە ڕابگەیەنن، کەچی خەلیفە سووربوو لەسەر پاراستنی نەفس و خوێن نەرشتن، بۆیە ڕەتیکردەوە ئەو هێزە بە هێز بەرەنگاری بکرێتەوە، چەك لەبەرانبەر چەکدا هەڵبگیررێت، با ئەمە ببێتە مایەی ڕشتنی خوێنی خۆیشی! واباس دەکرێت کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر زرێیەکەی دەپۆشێتو شمشێرەکەی هەڵدەگرێتو خۆی بۆ شەر ئامادەدەکات لە ڕۆژی (یوم الدار)[١٨٦]دا، کەچی حەزرەتی عوسمان سوێندی لێ دەخوات کە دەبێت بچێتە دەرەوەو چەکەکەی دانێتو دەست لەکەس نەکاتەوە، ئەویش بە گوێی دەکات.

زەیدی کوڕی سابیتیش هاتە ژوورەوە بۆ لای و وتی: قوربان هەموو ئەنسار لەبەر دەرگادان و دەڵێن ئەگەر دەیەوێت ئێمە با دووجار ببینە ئەنسار، حەزرەتی عوسمان فەرمووی پێویستم بەو کارە نییە، کەس دەستیان لێ نەکاتەوە.

لە عامیری کوڕی ڕەبیعەشەوە دەگێڕنەوە کە دەڵێت: (یوم الدار) لەگەڵ عوسماندا بووم لە ژوورەوە فەرمووی بڕۆ بەو خەڵکە بڵێ: سوێندی هەموو ئەوانە دەدەم کە (سمع و طاعة)ی منیان لەسەرە دەبێت دەست نەکەنەوەو چەکەکانیان دابنێن، جا دەڵێ سەیرم کرد هەموو خەڵکی چەکەکانیان دانا.

---

[١٨٦] (یوم الدار) بەو ڕۆژە دەوترێت کە گەمارۆی ماڵی حەزرەتی عوسمان درا بۆ شەهید کردنی لەناو ماڵەکەی خۆیدا.

هەندێ لە پشتیوان‌و دۆستانی عوسمان دەڵێن: عوسمان پێشی ئەوەی لێ گرتین کە دەستیان لێ بکەینەوە _ واتە لە ئاژاوەگێڕەکان _ خۆ ئەگەر ڕێگەی پێ دابایین دەستی باشمان لێ دەوەشاندن‌و لە ولاتیش بەدەریانماندەنا.

بەم شێوەیە خەلیفە عوسمان ناهێڵێت دڵۆپێك خوێن بڕژێت با ئەو خوێنە لە پێناو سەرخستنی ئەم و بەرگریکردن لەمیشدا بێت، بەڵکو هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو ئاژاوەگێڕانە بە حیکمەت‌و قسەی جوان‌و گفتوگۆی ڕێك‌و پێك بگێڕێتەوە دواوە.

ڕۆژێکیان تەشریفی هێناو پێی فەرموون: دڵنیابن لەوەی حەڵاڵ نییە خوێنی هیچ موسڵمانێك بڕێژرێت مەگەر لەسەر یەکێك لەم سێ شتە نەبێت، کافربوون دوای باوەڕهێنان، یان زیناکردنی دوای هاوسەرگیری، یان کەسێك کەسێك بەناهەق بکوژێت، دەی باشە من کامیان؟ خەڵکەکە هیچ وەڵامێکیان نەبوو.

جارێکیان پێی فەرموون: ئەی خەڵکینە؛ ئەگەر حەق لەوەدا دەبینن کە پێوەند بکەنە پێیەکانی من، فەرموون بیکەن، خەڵکەکە هیچ وەڵامێکیان نەبوو.

پاشان فەرمووی: ئەگەر ستەمێکم کردبێت لە خوا دەپارێمەوە لێم خۆش بێت، ئەگەریش ستەمم لێ بکەن من دەتانبوورم!!

خەلیفە عوسمان (ڕەزای خوای لێ بێت) دانی بە خۆیدا گرت‌و نەیهێڵا کەس شمشێر لە کێلان دەربهێنێت بۆ پشتیوانی کردنی خۆی، تا کار گەیشتە ئەوەی ئاژاوەگێڕن زەوی خانووەکەیان بە خوێنی ئەو خەلیفەیە سوور کرد.

هۆی ئەم هەڵوێستەش ئەوەبوو پێیناخۆش بوو بگاتە خوداو خوێنی موسڵمانێکی لەگەردندا بێت.

موعەببەدی خوزاعی بە حەزرەتی عەلی وت: خۆت لە چ پلەیەکدا دەبینی کە عوسمان بەبەرچاوتەوە شەهید کراو هیچت نەکرد؟ عەلی فەرموی: (برا!) عوسمان خەلیفەی ئێمە بوو، نەیدەهێشت دەست بکەینەوە و فەرموی: هەر کەسێك شمشێر لە کێلان دەربهێنێت پەیوەندی بەمنەوە نامێنێت، ئەگەر بە گوێمان نەکردایە

گوناهبار دەبووین، پاشان وتی: ئەی عوسمان دەبێت لە چ پلەیەکدا بێت کە لێگەڕا تا شەهیدیان کرد؟ عەلی فەرمووی: ئەو پلەیەی کە کوڕەکەی حەزرەتی ئادەمی تێدا بوو کە بە دراکەی وت: ﴿لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾. (المائدة: ٢٨). واتە: ئەگەر تۆ دەستم بۆ درێژ بکەی و بمکوژی من دەستت بۆ درێژ ناکەم تا بکوژم، من لەو خودایە دەترسم کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.

. وەسیەتەکەی عەلی پاش ئەوەی کە (ئیبنولمەلجەم) دایە بەر خەنجەر:

نموونەی دووهەمیش: میری موسڵمانان عەلی کوڕی ئەبوتالیب (ڕەزای خوای لێ بێت) کە دوو کەس لە کۆمەڵەی خەواریج بۆی دەچنە کەمینەوە کە (شەبیبی ئەشجەعی و عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلجەم)ن ئەویش پێش بانگی بەیانی لە ماڵ دەرچوو بوو بۆ بەخەبەرهێنانەوەی خەڵکی بۆ نوێژی بەیانی.

ئەو دوانەش لە دەرگای مزگەوتدا چاوەڕوانێیان دەکرد تا چووە مزگەوتەوە، شەبیب بۆی داهەتەوە بەڵام نەیپێکاو ئیبن مەلجەم دایە بەر خەنجەر تا خستی، عەلی فەرمووی: بەخودای کەعبە بردمەوە، واتە پلەی شەهادەتم بەدەست هێنا.

خەڵکەکە بە پەلە گەیشتنە سەر دوو بکوژەکە، بەڵام شەبیب لە ژێر دەستی خەڵکەکە خۆی دزییەوەو ڕایکرد، بەڵام ئیبن مەلجەم پاش ئەو کارە ناپاکو چەپەڵەی شمشیری لە خەڵکەکە هەڵگێشاو کەمێك بڵاوەیان لێ کرد، تا موغیرەی کوڕی نەوفەل _ برای هاشمییەکان _ بەپارچە قەدیفەیەکەوە پەلاماری داو پێیەوە پێچا و خستی بەزەویدا، موغیرە زۆر بەهێزو بازوو پتەو بوو ، پاش خستنی چووە سەر سنگی، پاشان خەڵکەکە چوونە پیری حەزرەتی عەلییەوە و پرسیاریان لێ کرد چی لەو ناپاکە بکەن؟

دەبێت عەلی چی فەرموو بێت دەربارەی ئەم بکوژە بێزراوە، کە ئەو کاتە عەلی خۆی کاربەدەستو خەلیفەی دەم پاست بووە؟ فەرمووی: ئەگەر نەمردم ئەوە کاری ئەو لای خۆمەو ئەگەریش لە ژیاندا نەمام ئەوە بە دەست ئێوەوەیە، ئەگەر تۆڵەی لێ دەکەنەوە ئەوا چەندی وەشاندووە ئەوەندە بوەشێنن، ئەگەریش لێی خۆشدەبن ئەوا ئەویان لە تەقواوە نزیکترە، (وان تعفو أقرب للتقوى).

ئەوەیە لۆژیکی ئیمان بە خودا، خەنجەرێك بە خەنجەرێكو ئەگەر لێیشی ببورن ئەوە ئەو هەڵوێستە لە لەخواترسانەوە نزیکترە، سەیرکەن چەند هەڵوێستێکی جوانە چەند هەڵوێستێکی بەرزو گەورەیە!

باشە لە پاستیدا ئەگەر ئەمە لەکاربەدەستێکی دونیاپەرست پووی بدایە چەند کەس لە خزمو خوێشو هاوەڵانی کابرای بکوژ لەناودەبرا، ئەو کاربەدەستە دونیاپەرستانەی کە نە لە خودا دەترسن نەسۆزو بەزەییشیان هەیە بەرانبەر دروستکراوەکانی خودا[187]؟!

• ڕەوشتی بەزەیی

لێرەدا تیشك دەخەمە سەر یەکێك لەڕەوشتەکانی موسڵمانان، کە پۆڵی تایبەتی خۆی هەبوو لە مێژوویاندا، لە کاتی ئاشتیو شەڕیشدا بە پوونی ئاسەواری بەجێهێڵاوەو لە مێژووی موسڵمانانو شارستانییەتەکەیاندا سەروەری تۆمار کردووە.

ئەو ڕەوشتەش بریتیە لە (سۆزو بەزەیی) کە خوای گەورە کردوویەتیە ناونیشانی بەیامی پێغەمبەرەکەی وەك دەفەرموێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) (الأنبياء : ١٠٧) ئێمە تۆمان نەناردووە بۆئەوە نەبێت ببیتە سۆزو بەزەیی بۆ هەموو جیهانەکان.

---

[187] بڕوانە ئەو کتێبەمان بەناوی (الایمان والحیاة)، فەسڵی (الرحمة).

پێغەمبەر ﷺ بەیەك ڕستە وەسفی خۆی دەکات و دەفەرموێت: (إنما أنا رحمة مهداة)[١٨٨] من هەر ئەو سۆزو ڕەحمەتەم کە خوا بە دیاری بۆ خەڵکی ناردوومی.

ئەمەش تەواو پێچەوانەی جوولەکەیە کە بەوە بەناوبانگن کە زۆر دڵڕەق و تووندوتیژن، تەنانەت تەورات خۆی ناوی ناون (میللەتە ملئەستوورەکە)و قورئانیش دەربارەیان دەفەرموێت: (ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً) (البقرة: ٧٤)، پاشان لە دوای ئەو ڕووداوە دڵتان ڕەقبوو، وەك بەرد، یان لەبەردیش ڕەقتر!!

موسڵمانان ئەم سۆزو بەزەییە لە خواوە وەردەگرن، ئەو خوایەی خۆی ناوناوە (الرَّحمنِ الرَّحيم) پڕسۆزو بەبەزەیی،[١٨٩] ئەم دوو ناوە لەنێوان هەموو ناوە جوانەکانی خوای گەورەدا چوونەتە ناو (بسم الله الرَّحمن الرَّحيم)، کە هەموو سورەتەکانی قورئانی پێدەکرێتەوە تەنیا سورەتێکیان نەبێت، بەم (بسم الله الرَّحمن الرَّحيم)ە موسڵمان هەموو کارێکیان دەست پێدەکەن، تەنانەت خواردنو خواردنەوەش... ئەم دوو ناوە لەناو سوورەتی (الفاتحه)شدا هەن کە موسڵمان ڕۆژانە (بەلای کەمەوە) (١٧) جار دەیڵێن: (الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * الرَّحْمـنِ الرَّحِيمِ) (الفاتحة :٢ ـ ٣) سوپاس بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانەکان، ئەو پەروەردگارەی کە پڕسۆزو بەبەزەییە.

یەکێك لە پێناسەکانی خوای گەورە لە قورئاندا ئەوەیە کە خوای موتەعال (أرحم الراحمين)ە، واتە لە هەموو بەسۆزەکان بەسۆزترە، هەروەها (خيرالراحمين)ە، باشترین بەسۆزە (لە دونیا و لە ئاخیرەتدا) خوای گەورە وەسفی خۆی دەکاتو

---

[١٨٨] رواه الدارمي، ١٥. والحاكم، ١٠٠، والبيهقي في الشعب، ١٤٤٦. عن أبي هريرة، وذكره في ص ج ص، ٢٣٤٥.

[١٨٩] زاناياں ئەفەرموون: (الرحمن) لەسەر وەزنی (فعلان)ەو بۆ پڕبوونو تێڕبوون بەکاردێتو (رحيم) بۆ سیفەی اسمی فاعل بەکاردێتو ئێمەش بەو پێیە ماناماں کرد لەسەرەوە (وەرگێڕ).

ـەفەرموێت: (وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ) (الأعراف: ١٥٦) سۆزی من هەموو شتێکی گرتووەتەوە.

قورئان لەسەر زمانی فریشتەکانەوە دەفەرموێت: (رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْماً) (غافر: ٧) پەروەردگارا؛ سۆزو زانیاری تۆ هەموو شتێکی فراوان کردووەو ئاگیری کردووە..

مەسەلەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە گرنگترین شتێك کە ئیماندار داوای بکات لە خوای گەورە بۆ خۆی‌و بۆ خۆشەویستانی (سۆزو لێبوردنە) وەك خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت: (وَقُل رَّبِّ اغْفِرْ وَارْحَمْ وَأَنتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ) (المؤمنون: ١١٨) بڵێ: پەروەردگار؛ سۆزو لێبوردنت بخەرە کار، هەر تۆی باشترین بەسۆزو بەبەزەییت.

قورئان چیرۆکی باوکە ئادەم‌و دایکە حەوامان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێك کە بەری درەختەکە دەخۆت! دەڵێن: (قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ) (الأعراف: ٢٣) ئەی پەروەردگار؛ ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە ستەممان لە خۆمان کرد، جا ئەگەر تۆ لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پێماندا نەیەتەوە ئەوە بە دڵنیاییەوە پەنجەڕۆ دەبین.

(نوح)یش نزا دەکات‌و دەفەرموێت: (وَإِلاَّ تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُن مِّنَ الْخَاسِرِينَ) (هود: ٤٧) ئەگەر لێم خۆش نەبیت و سۆزو بەزەییت پێمدا نەیەتەوە ئەوە پەنجەڕۆ دەبم.

گەورەمان موساش هەروا دەفەرموێ: (قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلأَخِي وَأَدْخِلْنَا فِي رَحْمَتِكَ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) (الأعراف: ١٥١) پەروەردگارا؛ لە خۆم‌و براکەشم خۆش ببە‌و بمانخەرە ناو سۆزی خۆتەوە، تۆ لە هەموو بەسۆزەکان بەسۆزتری.

گەورەمان ئەیوبیش دەفەرموێ: (وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) (الأنبياء: ٨٣) (یادی بەندەمان ئەیوب بکە) کاتێك هاواری کردە پەروەردگاری کە زیان زۆری بۆ هێناوم و تۆش لەهەموو بەسۆزەکان بەسۆزتری.

هاوەڵانی ئەشکەوتیش دەپارانەوەو دەیانووت: (رَبَّنَا آتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا) (الكهف: ١٠) پەروەردگارەکەی ئێمە؛ سۆزی خۆتمان پێ ببەخشەو، لە کارەکانمانیشدا بەرچاوڕوونیمان پێ ببەخشە.

قورئانیش فێرمان دەکات کە بپارێینەوە لەخواو بڵێین: (وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا) (البقرة: ٢٨٦) لێمان ببورەو لێمنا خۆشبەو سۆزت پێماندا بێتەوە، هەروەها منداڵ فێری ئەوە دەکات کە بۆ دایکو باوکی بلاڵێتەوەو بڵێ: (وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيراً) (الإسراء : ٢٤) پەروەردگارا؛ بەسۆزبە لەگەڵ دایکو باوکمدا، وەك چۆن ئەوان بە منداڵی منیان بەسۆزەوە پەروەردە کردووە !

پێغەمبەری ئازیزیشمان وەسیتمان بۆ دەکات کە بەسۆز بین و بەزەییمان هەبێت وەك دەفەرموێت: (الراحمون يرحمهم الرحمن، ارحموا من في الارض يرحمكم من في السماء)[١٩٠]. خەڵکانی بەسۆزو بەبەزەیی خوای بەسۆزو بەبەزەییش سۆزی بۆیان دەبێت، بەزەییتان بێتەوە بەوانەی لە زەویدان، ئەوانەی ئاسمان سۆزیان بۆتان دەبێت.

هەروەها دەفەرموێ: (من لا يَرحَم لا يُرحَم) هەرکەس بە سۆز نەبێت بەرانبەر خەڵکی، خواش بەسۆز نابێت بەرانبەری.

ئەم سۆزو بەزەییە لە سەرەتادا لە مامەڵەکردندا بەرانبەر کەسانی بێهێز و بێدەسەڵات دەردەکەوێت، وەك خەڵکی نەخۆش، یان پەککەوتە، یان وەك ئاژەڵی

---

[١٩٠] رواه أبوداود ٤٩٤١. والترمذي وقال حسن صحيح، ١٩٢٥. كلاهما عن عبدالله بن عمرو.

بێزیان، بۆیە ئێمەش لەم دوو بوارە گرنگەدا باس لە پەوشتی بەزەیی دەکەین لە مێژووی خۆماندا:

١. بواری بەزەیی هاتنەوە بە نەخۆشاندا:

بەوەی موسڵمانان لە مێژووی خۆماندا نەخۆشخانەیەکی زۆریان دروست کردووەو گرنگییەکی زۆریان بەم لایەنە داوە.

٢. بواری بەزەیی هاتنەوە بە گیاندارانداا:

کە لەمەدا موسڵمانان کەس لە پێشیانەوە نییەو کەس وەکو ئەوان کڵاوی قووچ نییە.

. نەخۆشخانە[١٩١] خێرخیوازییەکان لە مێژووی ئیسلامیماندا:

با خوێنەری بەڕێز لێرەدا مۆڵەتم بدات تا لەم بوارەدا چەند لاپەڕەیەکی گەش لەو تۆمارە (جوانەی) شەرعزانو بانگبەری ئیسلامی گەورە دکتۆر موستەفا سیباعی لە کتێبە بەنرخەکەیدا کە ناوی (من روائع حضارتنا)یە بگوزامەوە، نووسەر خوا لێی خۆشبێت و غەرقی ڕەحمەت بێت پاش ئەوەی بە خێرایی باس لە نەخۆشخانە گەڕۆکەکان دەکات، دەفەرموێ:

(بەڵام نەخۆشخانە جێگرەکان (هەمیشەییەکان) هەموو شارو پایتەختێك جمەیان دەهات لەو نەخۆشخانانە، هیچ شارێکی بچووکیش نەبووە لەو ڕۆژانەی جیهانی ئیسلامیدا کە نەخۆشخانەیەك یان زیاتری تێدا نەبووبێت، تەنانەت تەنیا شاری (قرتوبە) خۆی پەنجا نەخۆشخانەی تێدا بووە.

---

[١٩١] : لە ناو خەڵکی کوردستانی باشوردا وشەی نەخۆشخانە(کە کوردییە) و خەستەخانە(کە تورکییە، ئەم وشەیە لە ناوچەی گەرمیانیشدا لەچەند سالّی پێشودا زۆر بەکاردەهێنرا، بەڵام لە ئێستادا کەمتر بەکاردەبرێت)و مستشفی (کە عەرەبییە) بەکار دەهێنرێت، لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بە زۆری بیمارستان (کە فارسییە) بەکاردەبرێت. (ڕێناس)

نەخۆشخانەکانیش چەند جۆرێك بوون، نەخۆشخانەی سوپا هەبوو کە ئەمانە چەند دکتۆرێکی تایبەت کاریان تێدا دەکرد، جگە لە دکتۆرەکانی خەلیفەو سەرکردەو میرەکان، هەندێ نەخۆشخانەی تر هەبوون تایبەت بوون بە بەندیخانەکانەوەو هەموو ڕۆژێك دکتۆر بە سەریاندا دەگەڕاو دەرمان و چارەسەری پێویستی بۆ ئەنووسین، یەکێك لەو دۆکۆمێنتانەی کە مێژوو بۆی هەڵیگرتووین ئەو نامەیەی (ئەلی کوڕی عیسای کوڕی جەرڕاح)ە کە نووسیویەتی بۆ (سینانی کوڕی سابت) کە سەرۆکی پزیشکەکانی بەغداد بووە (لەو ڕۆژگارەدا)و لەو نامەیەدا دەڵێ: (بیرم لە کاروباری ئەوانە دەکردەوە کە لە زیندانداون، لەگەڵ زۆری ژمارەیان‌و وشکی شوێنەکانیان دوور نییە کە نەخۆشی بکەوێتە ناویان، بۆیە پێویستە چەند دکتۆرێکیان بۆ تایبەت بکەین کە هەموو ڕۆژێك سەردانیان بکەن‌و دەرمان‌و شروبی پێویستیان بۆ بەرن‌و دانە دانە هەموو زیندانییەکان ببشکنن‌و چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکەن!!

(لە مێژووی ئیمەدا) لە نزیك مزگەوت‌و شوێنە گشتیەکاندا کە خەڵکی تێیدا قەرەباڵغییان دروست ئەکرد، چەند وێستگەیەکی فریاکەوتنیان دانابوو، مەقریزی بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ئیبنو طولون کە مزگەوتە بەناوبانگەکەی خۆی لە میسر دروست کرد، لە پشت مزگەوتەکەوە شوێنێکی تایبەتی دروست کرد بۆ سەرئاو ودەستنوێژ گرتن،[١٩٢] گەنجینەیەکی بۆ شروب‌و دەرمان دروست کرد، لەو گەنجینەیەدا هەموو جۆرە شروب‌و دەرمانێکی تێدا دەست دەکەوت، خزمەتکاری تایبەت بە خۆی هەبوو، دکتۆریش هەموو ڕۆژێکی هەینی لەوێدا دادەنیشت (و خەفارەتی دەگرت) تا چارەسەری ئەو نوێژخوێنانە بکات کە تووشی نەخۆشی دەبوون.

---

[١٩٢] دەقە عەرەبییەکە ئەڵێ: (میضأة)، کە ئەکرێ بۆ (توالێت) و بۆ (شوێنی دەستنوێژگرتنیش بەکاربێ) (وەرگێڕ).

نەخۆشخانەی گشتیش هەبوو، کە بەردەوام دەرگای کراوە بوو بۆ هەموو هاوولاتیان، ئەم نەخۆشخانانە لە دوو بەشی سەرەکی و جیا لە یەکتر پێکهاتبوون: بەشێکی تایبەت بەپیاوانو بەشێکی تایبەتیش بە ئافرەتانو، هەر بەشەش لە چەند ژوورو هۆڵێکی هەمەجۆر پێکهاتبوو، هەر هۆڵەی تایبەت بوو بە نەخۆشییەکەوە، هەبوو تایبەت بوو بە نەخۆشی هەناوییەوە (باطني)، هەبوو هی چاو و هەبوو هی نەشتەرگەریو هەبوو هی شکانو برینپێچی، بەشی واش هەبوو تایبەت بوو بە نەخۆشییە عەقڵییەکان (دەروونییەکان)..

بەشی نەخۆشییە هەناوییەکان (الباطنية) دیسان دابەش دەبوون بۆ چەند ژوورێك: ژوورێك تەرخان کرابوو بۆ لەرزو تا، ژوورێك بۆ نەخۆشی سکچوونو بەو شێوەیە... هەموو بەشێکیش چەند دکتۆرێك کاریان تێدا دەکردو دکتۆرێك سەرۆکی ئەو بەشە بوو، سەرۆکی نەخۆشییە هەناوییەکان هەبوو، سەرۆکی نەشتەرگەرەکان هەبوو، سەرۆکی بەشی چاو هەبوو، هەموو بەشەکانیش بە گشتی یەکێك سەرۆکیان بوو، پێی دەوترا (ساعور) کە بریتی بوو لە بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەکە.

پزیشکەکان بەنۆبەت کاریان ئەکرد، هەموو پزیشکێك کاتێکی تایبەتی هەبوو، دەبوو لەو کاتەدا لە هۆڵەکەی خۆیدا بێت و نەخۆشەکان ببینێت و چارسەریان بکات، لە هەموو نەخۆشخانەیەکیشدا ژمارەیەك کارگوزار لە پیاو و لە ژن و پەرستار و یاریدەدەر هەبوو، هەریەکەشیان موچەی دیاریکراوی خۆی هەبوو، لە هەموو نەخۆشخانەیەکیشدا دەرمانخانەیەکی تێدا بوو، کە ئەو سەردەمە پێی وتراوە (گەنجینەی شروب) کە جۆرەها شروبو کەرەستەی گرانبەهای مەعجون گرتنەوەی تێدا بووە، چەندین مرەبای گرانباو دەرمانی جۆربەجۆری لەخۆدەگرت، هەروەها چەندین بۆنی خۆشی دەگمەنو _ کە تەنها لەوێدا هەبوو _ کەرەستەی نەشتەرگەری و دەفری شووشەو دەفری گڵینو شتی تریش کە لە گەنجینەی پاشاکاندا نەبوایە لە شوێنی تردا نەبوون.

نەخۆشخانەکانی (ئەو کاتە) پۆلێ پەیمانگاشیان دەبینی، چونکە لە هەموو نەخۆشخانەیەکدا هۆلێکی گەورە هەبوو بۆ موحازەرەوتنەوە، لەو هۆلە گەورەیەدا سەرۆکی پزیشکەکان دادەنیشت و قوتابیانیش بە دەوریدا و دەزگاکان و کتێبەکانیش لەو هۆلەدا رێکخرا بوون، قوتابیان پاش ئەوەی سەردانی نەخۆشەکانیان دەکردو چارەسەریان بۆ دەدۆزینەوە دەهاتن لەبەردەم مامۆستاکەیاندا دادەنیشتن ، ئەوجا موناقەشەی زانستی لە نێوان ئەو مامۆستایەو قوتابییەکاندا دەستی پێ دەکرد، زۆرجاریش ئەو مامۆستایە قوتابییەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆ ناو ژوورەکانی نەخۆشخانە تا لەوێدا وانەی پراکتیکی بەو قوتابییانە بڵێتەوە لەسەر نەخۆشەکان وەک چۆن ئێستا لە هەندێ شوێندا نەخۆشخانەیەک وەک پاشکۆیەکی کۆلێژی پزیشکی دەکرێتەوە، ئیبنو ئەبی ئوصەیبیعە کە لە "بیمارستانی نوری" لە دیمەشقدا وانە پزیشکییەکانی خوێندووە لەو بارەیەوە دەڵێت : "من پاش ئەوەی کە حەکیم[۱۹۳] مهذب الدين و حەکیم عیمران لە پشکنینی نەخۆشەکانی بیمارستان دەبوونەوە و منیش لەگەڵیاندا بووم، دوای ئەوە لە خزمەت شێخ (رضي الدين الرحبي)دا دادەنیشتم‌و وانەی ئەوەم دەخوێند کە چۆن بزانی فلاّنە نەخۆش فلاّنە نەخۆشی هەیە و کام دەرمانەش چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکەی و دەبێت چی بۆ بنووسی؟ پێکەوەش موناقەشەی زۆرێك لە نەخۆشییەکانمان دەکردو موناقەشەی ئەو چارەسەرانەشمان دەکرد کە بۆ ئەو نەخۆشییە پێویستە".

کاتی خۆی رێگە نەدەدرا هیچ دکتۆرێك خۆی بە تەنیا نەخۆش ببینێت تا تاقیکردنەو،یەکی (دیاریکردنی ئاست)ی لێ وەرنەگیرایە لەلایەن سەرۆکی پزیشکانی دەوڵەتەوە، ئەم دکتۆرە دەبوو نامەیەك لەو بەشەدا بنووسێت کە دەیەوێت (مۆڵەت)ی خۆی تێدا وەربگرێت‌و بیکاتە کاری خۆی، ئەو نامەیەش دەبوو یان

---

[۱۹۳] حەکیم لەقەبی دکتۆری جاران بوو، ئێستا کە ئەوترێ دکتۆر فلاّن ئەو کات ئەوترا حەکیم فلاّن.....
(وەرگێڕ).

دانراوی خۆی بێت یان دانراوی یەکێك لە پزیشکان بێت و ئەم توێژینەوە و ڕاڤەیەکی لەسەر نووسیبێت، دەهاتن تاقیکردنەوەیان لەو کتێبەدا پێ دەکردو هەرچی پرسیارێك لەو بوارەدا هەبوایە کە ئاستی ئەوی دیاری بکردایە و مافی کارکردنی پێ بدایە لە کاری پزیشکیدا، لێیان دەکرد.

لە ساڵی ٣١٩ی کۆچیداو ڕێك لە سەردەمی خەلیفە موقتەدیردا، هەندێك لە دکتۆرەکان بە هەڵە چارەسەرێکی کابرایەکیان کردبوو، کابرا مرد، خەلیفە فەرمانی کرد کە دەبێت سەرلەنوێ تاقیکردنەوەیەکی هەموو پزیشکانی بەغداد بکرێتەوە ! ! سینانی کوڕی سابت کە گەورەی هەموو پزیشکەکانی بەغداد بوو هەستا تاقیکردنەوەی بە هەموویان کرد، کە ئەو ڕۆژە تەنیا لە بەغداددا ژمارەی پزیشکەکان بریتی بووە لە (هەشت سەدو شەست و ئەوەندە) دکتۆر، ئەمە جگە لە ژمارەی ئەو گەورە پزیشکانەی کە ئەم تاقیکردنەوانە نەیگرتوونەتەوە و جگە لە پزیشکە تایبەتەکانی خەلیفەو وەزیرەکانیش.

نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە هەموو نەخۆشخانەیەك کتێبخانەیەکی گەورەو دەوڵەمەندی هەبووە کە هەموو ئەو کتێبە پزیشکیو زانستییانەی تریشی تێدا بووە کە پزیشکانو قوتابیان پێویستییان پێی هەبووە، تەنانەت دەوترێ لە نەخۆشخانەی (ئیبن تۆلۆن) لە قاهیرەدا گەنجینەیەکی گەورەی کتێب هەبووە کە زیاتر لە سەد هەزار بەرگ کتێبی لە هەموو زانستەکاندا تێدا بووە.

سیستمی چوونە نەخۆشخانەکان بۆ هەموو کەس بەخۆڕایی بوو، جیاوازی نەبوو لە نێوان دەوڵەمەندو هەژاردا، لەنێوان دوورو نزیکدا، لە نێوان خانەدانو دەربەردا، سەرەتا نەخۆشەکان پشکنییان لە هۆڵی دەرەوەی نەخۆشخانەدا بۆ دەکرا، جا هەر کەسێك نەخۆشییەکەی ئاسان و سادە بوایە دەرمانی بۆ دەنووسراو هەر لە دەرمانخانەی نەخۆشخانەکە دەرمانی وەردەگرت، هەر کەسیش نەخۆشییەکەی وابوایە کە پێویست بێت لە نەخۆشخانەدا بمێنێتەوە ناوی ئەنووسرا و دەبرایە

(حەمام) و جلەکانی لەبەر دادەکەنرا و جێگەو بانێکی تایبەتو تازەیان پێ دەداو پاشان ئەو دەرمانانەشی پێ دەدرا کە دکتۆر بۆی نووسیبوو! هەروەها بەو بڕەی بۆی دانرابوو خواردنێکی پێ دەدرا کە لەگەڵ تەندروستیدا بگونجێ، خواردنی نەخۆشەکان ژەمە گۆشتی مەڕو مانگا و باڵندە و مریشکی تێدا بوو، نیشانەیەکیان دانابوو بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو نەخۆشە چاکبووەتەوە، ئەویش ئەوەبوو بیتوانییایە نانێکی تەواو و مریشکێکی ساغ بخوات بەیەك ژەم! کە نەخۆشیش دەکەوتە قۆناغی هەستانەوە دەبرایە هۆڵێکی تایبەت بە چاکبووەکان، کە تەواو چاکیش دەبوویەوە دەستێ جلوبەرگی تازەی پێ دەدرا و بڕێك پارەشی دەدرایە کە ئەوەندە بوایە کاروباری خۆی پێ ببات بەڕێوە تا دەستی بەئیش کردن دەکردەوە، ژووری نەخۆشەکان هەمیشە پاکو خاوێن ڕاگیراونو ئاویان پێدا ڕۆیشتووە، هۆڵەکانی بە چاکترین فەرشو کومبار فەرشڕێژ کراون، هەموو نەخۆشخانەیەك کۆمەڵێك پشکنەری هەبووە، چاودێری پاکوخاوێنی نەخۆشخانەکەی کردووە، هەندێکیش چاودێری پسوولەکانی دارایی کردووە، زۆرجار خەلیفە خۆی یان میری شار سەردانی نەخۆشخانەکانیان دەکرد و لە نزیکەوە هەواڵی مامەڵەی دروستی دەپرسی لەگەڵ نەخۆشەکاندا.

ئەمە ئەو سیستمە بوو کە پەیڕەوی لێ دەکرا لە هەموو ئەو نەخۆشخانانەدا کە لەو ڕۆژانەدا بوونیان هەبووە لە دونیای ئیسلامیدا، ئیتر لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییدا بووبێت یان لە ڕۆژئاوایدا، هەر ئەم سیستمە پەیڕەو کراوە لە نەخۆشخانەکانی بەغدادو دیمەشقو قاهیرەو قودسو مەککەو مەدینەو مەغریبو ئەندەلوسدا... بەڵام ئێمە تەنیا باسی چوار نەخۆشخانە دەکەین لە چوار پایتەختی ئیسلامی ئەو ڕۆژگارەدا:

یەکەم: نەخۆشخانەی (عەچدی) لە بەغداد: ئەم نەخۆشخانەیە (عضد الدولة بن بویە) لە ساڵی ٣٧١ی کۆچی دروستی کردووە، (ڕازی) گەورە پزیشک شوێنی کردنەوەی ئەم نەخۆشخانەیەی دیاری کرد، بەوەی هەستا لە شەودا لە چوار شوێنی بەغدادا چوار پارچە گۆشتی کرد بە دارەوە کە بەیانی هەستان بڕیاری کردنەوەی نەخۆشخانەکەیان لەو شوێنەدا دا کە پلە گۆشتەکە بە ساغیو بێگۆڕان مابوویەوە، نەخۆشخانەکە کرایەوەو، بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان کرا و، بستو چوار پزیشکی شارەزای بۆ تەرخان کرا و، هەموو ئەو شتانەشی بۆ دابینکرا وەک: کتێبخانەی زانستیو دەرمانخانەو چێشتخانەو گەنجینە..

لە ساڵی (٤٤٩)ی کۆچییدا خەلیفە (القائم بأمر الله) سەرلەنوێ هەستا بە نۆژەنکردنەوەی ئەم نەخۆشخانەیە و ئەوەندە شروبو دەرمانو کەرەسەی چارەسەری بۆ پەیدا کرد کە زۆر دەگمەن پەیدا دەبوون! هەموو جێگەو پێخەفی نەخۆشەکانو کەرەستەکانی تری وەک عەتری پزیشکی و جێگەوبانو دەزگاکانی پاراستنی بەفری[١٩٤] تازەکردەوەو کارگوزارو پزیشکو کرێکاری تازەی زۆری بۆ دامەزراند، ڕای کرد نەخۆشخانەکە گەورەتر و فراوانتر و پاسەوانی تایبەتی هەبێتو لە تەنیشتییەوە باخێکی گەورەی میوەی بۆ دابینکرد کە جۆرەها بەروبووم و دانەوێڵەی تێدا دەچێنرا، لەناو ئاوی بەغدادیشدا خەڵکە هەژارو لاوازەکان بە کەشتی تایبەت دەگوازرانەوە و دکتۆرەکان بە نۆبەت ئێوارانو بەیانیان سەردانیان دەکردنو هەر شەوەی چەند دکتۆرێك لەلایان ئەمانەوە (بە خەفارەت).

---

[١٩٤] وادیارە دەزگای تایبەت هەبووە بۆ هەڵگرتنی بەفر کە بۆ کاروباری نەخۆشخانە بەکارهاتووە، لە عەرەبییەکەیدا (مثلجة)یە کە ئەو شتەیە بەفری تێدا هەڵدەگیرێت. (وەرگێڕ).

دووهەم: نەخۆشخانەی گەورەی نوری لە دیمەشقدا: ئەم نەخۆشخانەیە سوڵتان و پاشای دادپەروەر (نورەدین مەحمودی شەهید) لە ساڵی (٥٤٩)ی کۆچی (١١٥٤ز) دروستی کردووە بەو پارەیەی لە فیدیەی یەکێك لە پاشاکانی خاچپەرستاندا وەریگرت لە بەرانبەر ئازادکردنییدا کە لای موسڵمانمان بەند کرابوو،[١٩٥] ئەم نەخۆشخانەیە باشترین نەخۆشخانە بووە لەو وڵاتەدا دروست کراوە و ئەم مەرجەشی دانا لەسەری: ئەم نەخۆشخانەیە وەقفە بۆ نەخۆشی هەژارو کەمدەستو ئەگەر دەوڵەمەندێکیش ناچاری دەرمانێك بوو لەم خەستەخانەیەدا نەبوایە دەستی نەکەوتایە پێی دەدراو رێگری لێ نەدەکرا، هەر شروبو دەرمانێك لەو نەخۆشخانەدا هەبووە دراوە بە هەموو نەخۆشێك کە ڕووی کردبێتە ئەوێ، (ئیبن جوبەیر)ی گەڕۆك کە لە ساڵی (٥٨٠ی کۆچی) دەچێتە ئەم نەخۆشخانەیە باس لەوە دەکات کە چەندێ دکتۆرەکانی ئەوێ بە تەنگ نەخۆشەکانەوە بوون، چۆن بەردەوام سەردانیان کردوونو پرسیاری کاروباریانیان کردووە و، خواردن و دەرمانی پێویستیان بۆ ئامادەکردوون، ئەم نەخۆشخانەیە بەشێکی تایبەتی تێدا بووە بۆ نەخۆشییە عەقڵییەکان کە لەوێدا نەخۆشی شێت بەسراوەتەوەو سەرپەرشتی خواردنو نەخۆشییەکانیان کراوە..

هەندێ لە مێژوونووسانیش ئەوە باس دەکەن کە لە ساڵی (٨٣١ك)دا کابرایەکی عەجەمی کە کەسێکی خانەدانو بەزەوقو قسەخۆش دەبێت سەردانی ئەم نەخۆشخانەی نوریيە دەکات، لەو هەموو پزیشکە ڕادەمێنێت کە ئەوەندە بە سۆزن بەرانبەر نە خۆشەکان! و ئەو هەمووە خواردنە خۆشەو شتە بە نرخو وردانە دەبینێت لە نەخۆشخانەکەدا (بیرۆکەی) ئەوەی بۆ دێ کە پزیشکەکانی ئەوێ تاقیبکاتەوە،

---

[١٩٥] لە یەکێك لە شەڕەکاندا بە ئەسیری ئەگیرێت، پاشان خوشکەکەی ئەو بڕە پارەیە ئەدات بۆ ئازادکردنیو نوورەدین مەحمودی شەهیدیش ئەو بڕە پارەیە تەرخان ئەکات بۆ کردنەوەی ئەو نەخۆشخانەیە! (وەرگێڕ).

نێت خۆی دەکات بە نەخۆش و سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانەکەدا دەخەوێت و سەرۆکی پزیشکەکان سەردانی دەکات بۆ ئەوەی ڕادەی بێهێزی بزانێت، دێت لێدانی دڵی دەگرێت بۆی دەردەکەوێت هیچی نییە و ساغەو بە نیازی ئەوەیە پزیشکەکانی ئەم ناقیبکاتەوە! بۆیە بڕێکی باش خواردنو مریشکی قەڵەو و شیرینیو خواردنەوەو میوەی جۆراوجۆری بۆ دەنووسێت و تا سێ ڕۆژ لەوێدا گلی دەداتەوە و پاش ئەو سێ ڕۆژە لە پارچە کاغەزێکدا ئەم ڕستەیەی خوارەوەی بۆ دەنووسێت : میوانداری لای ئێمە تەنیا سێ ڕۆژە، کابرای عەجەمی تێدەگات کە بەنیازو مەبەستی ئەمیان زانیووەو ئەم ماوە زۆرە هەروەک میوان مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە (نەک نەخۆش)!

ئەم نەخۆشخانەیە بەردەوام بووە لەسەر ئەم کارە گەورانە، تا ساڵی ١٣١٧ی کۆچی، واتە تا نەخۆشخانەی (الغرباء) دروستکرا کە ئێستا کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سوریا سەرپەرشتی دەکاتو نەخۆشخانەی نوری هەڵوەشێنرایەوەو کرا بە قوتابخانەیەکی ئەهلی..

سێیەم: نەخۆشخانەی مەنصوری گەورە کە بە (بیمارستانی قلاوون) ناسراوە، سەرەتا خانەی هەندێ لە میران بوو، بەڵام شای مەنصور و زاڵ (سەیفەدین قلاوون) لە ساڵی (٦٨٣ هـ) دا بەرانبەر لەگەڵ ساڵی (١٢٨٣ز)دا گۆڕی بۆ نەخۆشخانەیەکی گشتیو وەقفێکی تایبەت کرد پێوەی کە ساڵانە هەزار درهەمی بۆ خەرج دەکرا و مزگەوتێك و قوتابخانەیەكو نووسینگەیەکی تایبەت بە هەتیوانیشی بۆ دروست کرد!

دەڵێن هۆی دروستکردنەکەی ئەوەبوو کە شای زاڵو سەرکەوتوو (قلاوون) کە بەرەو شەڕی ڕۆمەکان بەڕێکەوت لەو سەردەمەدا کە (ظاهیر بیبرس) لە ساڵانی (١٢٧٥ز)دا دەسەڵاتی هەبوو، ئەم قلاوونە لە دیمەشقدا نەخۆش دەکەوێت و دکتۆرەکان دەچن لە نەخۆشخانەی گەورەی نووری دەرمانی بۆ دەهێنن و چاك دەبێتەوە و سواری ئەسپەکەی دەبێتو دەچێت بۆ نەخۆشخانەکەو سەرسام دەبێت

پێی‌و (نەزر) دەکات ئەگەر خوا مولك و دەسەلاتی پێبدات نەخۆشخانەیەکی لەو شێوەیە دروست دەکات، کە خوای گەورە کردیە سولتان ، ئەو خانەی مێرانەی کڕی و کردی بە ئەو نەخۆشخانەیە.

ئەم نەخۆشخانەیە یەکێك بوو لە شتە زۆر سەرسوڕهێنەرەکانی دونیا لە ڕووی ڕێکخستن‌و بەڕێوەبردنەوە، ئەم نەخۆشخانەیە دەرگای کراوە بوو بۆ هەموو خەڵکی‌و گشت کەس سودی لێ دەبینی، چی نێر بێت چی مێ بێت، کۆیلە بێت یان ئازاد، بەڕپرس بێت یان هاوڵاتی، هەر نەخۆشێك چاکببوایەتەوە قاتێك جلوبەرگی پێ دەدرا ئەوکات لە خەستەخانە دەریان دەکرد، هەر نەخۆشێکیش بمردایە شۆردن‌و کفنکردن‌و دفنکردنی لەسەر نەخۆشخانەکە بوو، لە هەموو ڕشتەکانی پزیشکیدا دکتۆری تایبەتی دامەزراند بوو، بە هەمان شێوە کارگوزارو خزمەتکاری تەواوی بۆ نەخۆشەکان دامەزراندبوو، بەشێوەیەك هەموو نەخۆشێك دوو کارگوزاری بۆ تەرخان کرابوو، تا جێگەکانیان پاکوخاوێن ڕابگرن‌و جلوبەرگەکانیان بشۆرن‌و بیانبەنە حەمام‌و بیانشۆرن، بۆ هەموو نەخۆشێك تاقمێکی تایبەتی تەرخان کردبوو لە جێگەو پێخەفـو، هەر جۆرە نەخۆشییەکیش جەناحێکی تایبەتی بۆ دانابوو و شوێنی تایبەتیشی بۆ دکتۆرەکان دروست کردبوو کە تێیدا موحازەرات بڵێنەوە.

جوانترین سیستمێك ئەم نەخۆشخانە پەیڕەوی لێدەکرد ئەوەبوو کە خزمەتگوزارییەکانی تەنیا بۆ ئەو نەخۆشانە نەبوو کە سەردانی نەخۆشخانەکەیان دەکرد بەڵکو هەر خۆیان شروب‌و خواردن‌و دەرمانیشیان دەبرد بۆ ئەو نەخۆشانەی لە ماڵەوە بوون‌و پێویستییان بەو دەرمانانە هەبوو، ئەم نەخۆشخانەیە ئەم کارە جوانە مرۆییانەی بەردەوام ئەنجام دەدا، تەنانەت پزیشکەکانی چاو کە لەو خەستەخانەدا کاریان کردووە دەڵێن : ڕۆژ بووە چوار هەزار کەس چارەسەری وەرگرتووە لەو نەخۆشخانەدا چ ئەوانەی داخل کرابن یان دەرکرا بن پاش چاکبوونەوە!

کەسێك نەبووە لەو نەخۆشخانە بچێتە دەرەوە پاش چاکبوونەوەی، دەستێ جلوبەرگو برێکی باش پارەی پێ نەدرابێت بۆ خەرجی، لەبەرئەوەی ناچاری کاری قورس نەبێت لەسەرەتاوەو سەرلەنوێ تەندروستی خراپ ببێتەوە!

شتێکی جوانی تری ئەم نەخۆشخانەیە ئەوەبوو بەدەق نووسراوە لە قەوڵەی (وەقفەکەیدا) کە پێویستە هەموو نەخۆشێك پەنیری تایبەتی خۆی پێبدرێت کە نەخۆشی تر لێی نەخواردبێتو بەکاری نەهێنابێتو پێویستە لە کاتی بردنیشیدا بۆ نەخۆش داپۆشراوبێتو بەدەرەوە نەبێت!

یەکێك لە جوانترین شتەکانی ئەو نەخۆشخانەیە ئەوەبوو ئەو نەخۆشانەی تووشی خەوزڕان دەبوون لە هۆڵێکی تایبەتی لاچەپدا (مەعزول) دادەنران و مۆسیقای ناسك و غەمباریان بۆ لێدەدانو ئەوانیش سەریان بۆ دەلەقاند، یان چیرۆکخوانی شارەزایان بۆ دەهێنان و چیرۆکیان بۆ دەگێڕانەوەو خەمیانیان بە بادا دەکرد، ئەوانەشیان بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆیشتن دەهاتن قسەی خۆشو نوکتەیان بۆ دەگێڕانەوەو دەیانیانخستنە پێکەنین، یان هەڵپەڕکێی لادێیان پێدەکردن (هەڵپەڕکێی لادێی باوبوو لە ناویاندا) بانگخوێنەکانی ئەو مزگەوتانەی بە نەخۆشخانەکانەوە لکابوون دووسەعات پێش بانگی بەیانی و لەسەحەردا بەدەنگێکی ناسك دەستیان بە خوێندنەوەی مەقاماتو سروودوتن دەکرد بۆ ئەوەی لە ئازاری ئەوانە کەم بکەنەوە کە نەخەوتنو درێژی شەوگار ناڕەحەت و بێتاقەتی دەکردن، ئەم خزمەتگوزارییانە دەوامیان کێشا، تا پەلامارەکەی فەرنسا دەستی پێ کرد بۆ سەر میصر لە ساڵی ١٧٩٨ زانیدا و زانا فەرەنسییەکان بە چاوی خۆیان ئەم نەخۆشخانەو سیستمی کارکردنەیان بینیووە و لەسەریان نووسیوە.

سوێند بە خوا ئەمە لوتکەیەکی سەیرو بەرزە لە هەستی مرۆڤایەتیدا و عەقڵ و ژیرییەکی زۆر جوانە کە خەڵکی لەم سەردەمە تازەدا نەبێت پێی نەگەیشتوون..

ئەمە نەوەم بەبیر دێنێتەوە کە جارێکیان چوومە (طرابلس) سستم موسڵمانان وەقفێکی سەیریان داهێناوە کە قازانجەکەی تایبەت کراوە بۆ دوو فەرمانبەر کە ئیشیان ئەوەیە ڕۆژانە سەردانی خەستەخانەکان بکەنو لە نزیک نەخۆشەوە بە دەنگێکی نزم لەگەڵ یەکتریدا گفتوگۆ بکەن بەشێوەیەک نەخۆشەکە گوێی لەقسەکانیان بێت، ئەم دوو کەسە باسی ئەوە بکەن کە ئەو نەخۆشە حاڵی زۆر باشەو ڕووی سوورەو چاوی زۆر گەشە !.

بە شتێکی بە سوودی دەزانین کە دەقی قەوڵەی وەقفەکەی ئەم نەخۆشخانە گەورەیە لە خوارەوە باس بکەین بەوشێوەیەی کە نووسەری (تأريخ البيمارستانات فى الاسلام) باسی لێوە کردووە:

(باشترینو ڕاستترین کارێک کە بەهەند هەڵبگیرێتو کاری بۆ بکرێتو بەهرەو تواناکانی بۆ پاشەکەوت بکرێتو شایانی ئەوەبێت تەنانەت خەڵکی خەوتوویش بە خەبەر بهێنێت کە هەموو کەسێکی خاوەن ئامانج و پیاوی بەکار هەوڵی بۆ بدات ئەوەیە کە: کارێک بکات سەرەنجامی خێرەکەی دەستی ئەو بکەوێت و تا زۆر گەورەتر بێت زیاتر خۆشی بخاتە ناو خەڵکی و، سوودەکانی بگەڕێتەوە بۆ باوباپیرانو، لەسەر بناغەی لە خواترسان و ئومێد بە ئەو دابمەزرێت، ئەو کارەیش بریتییە لە مالّ وەقفکردن کە خێری گشتی تێدا بێت و بەردەوام بێت و گەورە بێت و گەنجینەیەکی دەرگا کراوە بێت، ئەمەش ئەو چاکانەن کە بەهەشتی ئەم مرۆڤەن و ئەو خەرجییانەن کە دەریایەکی دوپو گەوهەر لە پاداشت بۆ خاوەنەکەی دروست دەکەن.

ئەوەش شاراوە نییە کە چەندێک خۆشیو شادی بە دڵی نەخۆشانی هەژار دەدات‌و دڵی بریندارانی ساڕێژ دەکات‌و ئەوەندە هەستی دەوڵەمەند بوون و بێمنەتی تێدا دروست دەکات کە زمان لاڵە لە باسکردنی، خۆشبەختی بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ خوای عەزیزو غەففاری خۆیاندا مامەڵە دەکەنو خواش دەکەن بەچاودێر

بەسەر خۆیانەوەو، دەزانن خوای گەورە ئاگادارە بە نهێنی و پەنهانیان[١٩٦] لە داهاتو لە خەرجییاندا، بۆیە دێن قەرزێکی چاك دەدەن بە خوای گەورە هەریەکەو بە پێی ئەو توانایەی کە هەیەتیو پێی دراوە، پێشبڕکێ دەکات و هەل دەقۆزێتەوە و پلەکانی یەکەمین بۆ خۆی بەدەست دەهێنێتو دێت هاوکاری موسڵمانی هەژار دەکات و ئێش و ئازاری لەسەر لادەباتو چارەی نەخۆشییەکانی دەکاتو هاوکارییەکی وای دەکات کە سبەی ئەویش لە سزای خودای پەروەردگاری ڕزگاری بێتو ئومێدی ئەوەشی پێدەبەخشێت کە ئەو پەروەردگارە پلەو پایەیەکی گەورەی پێبدات لە ئاخیرەتداو ئەوەندە نزیکیو پاداشتی بۆ بنووسرێت لە ستەمو مااڵوێرانی نەترسێتو ببێتە خاوەنی ئەو چاکەیەی کە گوناهەکانی پێ بسڕێتەوە.

کاتێك کە گەورەو بەڕێزمان سوڵتانو پاشای مەنسوور و زانا و دادپەروەرمان بەمەی زانی هات و فەرمانی کرد بە تایبەتکردنی وەقفێك بۆ دامەزراندنی بیمارستانی مەنصوریی.. (جا لێرەدا قەوااڵی وەقفەکە باسی شوێنی نەخۆشخانەکەو ڕێڕەی وەقفەکانو سیفەتەکانی دەکات) تا تێیدا ژنو پیاوی موسڵمانی نەخۆش چارەسەر بکرێن چ دەوڵەمەندی خاوەن پارە بێت یان هەژاری داماو بێت لە قاهیرەو میسرو چواردەوریشیدا، ئەو نەخۆشانە خەڵکی شار بن یان خەڵکی الدێ بن و لە هەر ڕەگەزو شێوەیەك بن و هەر جۆرە دەردو نەخۆشییەکیان ببێت، نەخۆشی جەستەیی کەم یان زۆر، ئەو نەخۆشانە بە یەکەوە بن یان جیا بن لە یەکتری، ئەو نەخۆشییانە هی هەستەکان بن، دیار بن یان پەنهان، نەخۆشی عەقڵی (دەروونی) بن _کە (بێگومان) هەرچی مەبەستو نیاز هەیە بۆ پاراستنی عەقڵ دەخرێتە کار، لە ڕاستیشدا ئەصل ئەوەیە ڕووبکرێتە چارەسەری ئەمەیان بەر لە هەموو شتێك و پێش ئەوەی البەالی شتی تردا بکرێتەوە تا ئەم وەستا بێت_ ئەم نەخۆشخانەیە پێویستە کار بۆ هەموو ئەمانەو جگە لەمانەش بکاتو هەوڵی هەموو ئەو شتانە بدات کە مرۆڤ

---

[١٩٦] نهێنیو پەنهانمان بۆ (سرە ونجواه) بەکاربردووە. (وەرگێڕ).

پێویستی پێیانە و گرنگن بۆی و کاروباری چاکتر دەکەن و، لە ڕێگەی ئەو دەرمانو گژوگیایانەوە[١٩٧] کە لای خەڵکی شارەزاو پزیشك دیارو ناسراون چارەسەری بکات. ئەم وەقفە بۆ ئەوانە بوو کە خەریکی زانستی پزیشکین و بەو زانستەوە سەرقاڵن، کە دانە دانە یان کۆمەڵ کۆمەڵ بە گەنجێتی یان بە پیرییێتی یان بە منداڵی یان بە باڵغیی یان بە کچێتی یان بە کوڕێتی دەهاتنە ئەم نەخۆشخانەیە.. نەخۆشە هەژارەکان چ پیاو چ ژن تا کاتی چاکبوونەوە تێیدا دەمانەوە. هەموو ئەو شتانەی لە نەخۆشخانەکەدا بوو بۆ چارەسەر سەرف دەکرا و بەسەر دوورو نزیکدا دابەش دەکرێت، بەسەر شارنشینان و غەریباندا، بەسەر بەهێز و بێهێزاندا، بەسەر بێکەس‌و کەسداراندا، بەسەر پایەدارو بێپایەکاندا، بەسەر دەوڵەمەندو هەژاراندا، بەسەر بەڕپرس‌و ژێردەستەدا، بەسەر چاوساغو نابیناندا، بەسەر خانەدان‌و بێخانەدا، بەسەر ناودارو بێناودا، بەسەر پلەدارو بێ پلەدا، بەسەر خۆشخۆرو زەحمەتکێشدا، بەسەر ئەرباب و کۆیلەدا دەبەخشێنرێتەوە، بەبێ ئەوەی لەبەرانبەر ئەم خزمەتانەدا شتێکیان لێ وەربگیرێت یان پورتەو بۆڵەیەکیان بەسەردا بکرێت! بەڵکو ئەمە بە تەنیا هەر فەزڵ و نیعمەتی بەرفراوانی خوایە و پاداشتی بەخشندەیی ئەوەو چاکەی زۆری و فەرمانیەتی بەوەی دەبێت خەرجی بدرێت بە هەموو ئەوانەی هەڵدەسن بە خزمەتکردنی نەخۆش، ئیتر دکتۆرو چاوپێڕ[١٩٨] بێت یان نەشتەرگەرو چێشتلێنەر بێت، شۆربا دروست بکات یان چێشت یان تاموچێڕ بدات بە خواردن و، ئەوانەی هەویرشێل و کلدروستکەرو دەرمانگرەوەیشن، ئیتر چ دەرمان و ڕەوانکەری سادە بێت یا تێکەڵ و ئاوێتەی، لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارگوزارو بەرپرسی گەنجینەو ئەمینی صندوق‌و دەوامکەرێك لەم وەقفەدا کە دامەزراون و خزمەت دەکەن، چونکە ئەوانیش

---

[١٩٧] دەرمان‌و گژوگیامان بۆ (الادویە والعقاقیر) بەکارهێناوە. (وەرگێڕ).

[١٩٨] (کحّال) ئەو کەسەیە چاوئەڕێژێت بە دەرمانی تایبەتی (کل) بێت یان دەرمانی تر، ئەم ڕشتەیە نێستا بریتییە لە دکتۆری پسپۆڕی چاو. (وەرگێڕ).

به ئەرکی خۆیان هەڵدەسنو هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ نەخۆشەکاندا و هەموو خواردنو .خواردنەوە و (کل) و پڵیتەو قەنیلەو هەویرو مەرهەمو ڕۆنو شملێو دەرمانی سادەو دەرمانی ئاوێتەو فەرشو مەنجەڵ و کەرەسە ئامادەکراوەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستانە، دابین بکرێت.

ئەو کەسەی نازیرو سەرپەرشتیاری ئەم وەقفەیە لە خێری ئەم وەقفە هەموو ئەو شتانە دابین دەکات کە نەخۆش پێویستی پێیان دەبێت، وەك بۆنی خۆشی ڕۆژانەو قاپو قاچاخی خواردن بە پێی پێویست و پەرداخی شووشەو شایستە بە پێی پێویستو گۆزەو مەسینەی گڵینو مەنجەڵو سەبەتەی گڵین[۱۹۹] بۆ هەڵگرتنی خاشاك و زەیت بۆ سوتاندنو هەڵگرتنی ئاوی موبارەکی نیل بە پێی پێویستی خواردنو خواردنەوەی یان دابەشکردنی بەسەریاندا کاتێك پێویست دەبێت، سەرپەرشتیاری وەقفەکە خەرجی ئەو سەکۆو گۆڕەپانانەش دەدات کە بەکاردێت بۆ وشکردنەوەی پەلی دارخورما تا لە کاتی گەرمادا بەکاربهێنرێت.[۲۰۰]

سەرپەرشتیاری ئەم وەقفە خەرجیی هەموو ئەم شتانە دەدات لە خێری ئەم ماڵە وەقفکراوە، بەبێ دەستبلاوی و بەبێ ڕەزیلییش، بەبێ زیادەڕەوییش لەوەی کە لە سنووری پێویست دەربچێت، هەموو ئەوانەی کە پێویست دەبنو پاداشتی زیاتریان لەسەر وەرنەگیرێت.

هەر لە قازانجی ئەم وەقفە مووچە دەدات بە دوو پیاوی موسڵمان کە بە(دینداریو دەستپاك)ی بناسرێنەوە، یەکێکیان بەڕێرسە لە گەنجینەی دەرمانەکان کە دابەشدەکرێت و کاری ئەوە دەبێت کە شروبو کل و گژوگیای پزیشکی و هەویر و ڕۆن و پڵیتە سەرف دەکات بۆ ئەوانەی پەیوەندن بەو کارانەوە، کەسەکەی تریان

---

[۱۹۹] عەرەبییەکەی (وقصاری فخار) کە لە (منجد) دا ئەڵێ : وعاء تفرز فیه فضلات الجسم (عامیه) واتە وشەیەکی میللییە بۆ ئەو دەفرە بەکاردێ کە خاشاك و شتی زیادەی لەشی تێ ئەکرێ.

[۲۰۰] وادیارە بۆ باوەشێن کردن بەکارهێنراوە. (وەرگێڕ).

بەرپرس دەبێت لەوەی کە دەبێت هەموو بەیانی و ئێوارەیەک دەفری خواردنەوەی تایبەتی نەخۆشەکان و پیاوان و ژنانی کارمەندانی نەخۆشخانەکە وەردەگرێتەوە، هەروەها کاری دابەشکردنەوەشیان بەسەرياندا هەر ئەم لێی بەرپرسە و سەرپەرشتی چێشتخانەی ئەم بیمارستانە دەکات و چاودێر دەبێت بەسەر ئەو خواردنانەوە کە بۆ نەخۆش لێدەنرێن وەک (دەواودەرمانی خواردن)[٢٠١] و مریشکو فروج و گۆشتو شتی تریش، پێویستە هەموو رۆژێکو بۆ هەموو نەخۆشێک دەفرێکی تایبەت بە خۆی پێبدات و نەخۆش هاوبەشی نەبێت لەو دەفرەداو دەبێت خواردنەکەی سەرداپۆشراو بێت تا دەگاتە بەردەمی نەخۆشەکەو بۆ هەموو نەخۆشەکان وادەکرێتو بەیانیانو ئێواران ئەم بەرنامەیە بەکاملّی و رێکوپێکی پەیڕەو دەکرێت...

هەروەها سەرپەرشتیاری ئەم وەقفە لە خێری ئەم وەقفە خەرجیی هەموو ئەو دکتۆرە موسلّمانانە دەدات کە خەریکی چارەسەری سروشتین یان چاورێژانن یان نەشتەرگەرین بەو شێوەیەی کە رۆژگار دەیخوازێتو نەخۆشیش پێویستی پێیان دەکەوێت، ئەو کەسە ئازادە چەند کەس دادەنێت لەم کارەداو چەند موچەیان[٢٠٢] بۆ بڕیار دەدات، بەو مەرجەی ستەمیان لێ نەکاتو سنووریان بۆ نەبەزێنێت، ئەم کارمەندانە خزمەتی هەموو ئەو نەخۆشانە دەکەن کە لەم بیمارستانەدا هەن چ پیاو بن و چ ژن بن، ئیتر بە نۆبەت لەناو خۆیاندا رێدەکەون لەسەر دەوامێک یان سەرپەرشتیار خۆی نۆبەتیان بۆ دادەنێت، ئەم کارمەندانە بەردەوام بەسەر نەخۆشەکاندا دەگەڕێنو چاودێری حاڵەتی نەخۆشەکان دەکەنو پرسیاریان لێ دەکەن تا بزانن چی تازەیان پێویستە، ئایا نەخۆشییەکانیان زیادی کردووە یان

---

[٢٠١] عەرەبییەکەی ئەڵێت: (من مزاور ودجاج وفراريج ولحم وغير ذلك) من وشەی (داوودەرماز)م بۆ (مزاور) بەکاربرد کە ئەو شتانەیە تاموچێژ بە خواردن ئەدەن وەک "بەهاراتو زیرە وبۆنو داوودەرمان". (وەرگێڕ).

[٢٠٢] عەرەبییەکەی ئەڵێ: (وهو (أي الناظر) مخيّر في العدة وتقرير الجامكيات مالم يكن في ذلك حيف ولا شطط).. منجد ـ ئەڵێ: الجامك : ج جامكيات: مرتب خدّام الدولة من العسكرية الملكية (تركية). واتە وشەکە تورکیە و مەبەست پێی ئەو موچەیەیە بۆ کارگوزارانی دەوڵەت دانەنرێت.

کەمی کردووە، جا ئەوەی پێویستە بۆ نەخۆشەکە وەک شروب و خواردن و شتی تر لە پارچە وەرەقەیەکدا بۆی دەنووسێت تا بە دانایی‌و رێکوپێکی پێی بدرێت، پێویستە هەموو شەوێك بەشی پێویست کارمەند لە خەستەخانەکەدا بمێنێتەوە لەگەڵ نەخۆشەکاندا جا بەیەکەوە دەمێننەوە یان بە نۆبەت (خەفارەت) دەمێننەوە، دکتۆرە چاوپێڕەکان لەم بیمارستانەدا چارەسەری هەموو ئەو نەخۆشانە دەکەن کە چاویان ئێش دەکات، هەروەها پێویستە چارەسەری هەموو ئەو موسڵمانانەش بکەن کە سەردانی ئەم بیمارستانە دەکەن‌و نابێت هیچ کەسێك کە تووشی چاوئێشە بووە جواب بکرێت و دەبێت هەموو بەیانیانێك چارەسەری چاوەکانیان بکرێت و خزمەتیان بکرێت‌و لوتفیان لەگەڵدا بەخەرج بدرێت، نەرمو نیان لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکرێت‌و ئەگەر یەکێکیان لەگەڵ چاوئێشانەکەیدا برینیشی هەبوو، یان نەخۆشی تری هەبوو لە چاویدا و پێویست بوو سەردانی دکتۆری چارەسەری سروشتی بکات ئەوە دەبێت سەردانی بکات‌و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت‌و هەردووکیان پێکەوە سەرپەرشتی نەخۆشییەکەی بکەن، نەك هەریەکەیان بەتەنیا، پێویستە دکتۆری چاوەکە بەردەوام سەردانی دکتۆرەکەی تر بکات و لە حاڵی چاکبوون‌و چاکبوونەوەی ئاگاداری یەکتر بکەنەوە !

سەرپەرشتیاری ئەم وەقفە مووچە سەرف دەکات بۆ ئەو زانا ئایینییەی کە دایدەنێت بۆ ئەوەی ببێتە وانەبێژی دکتۆرەکان لە هەموو بەشەکاندا، لەسەر سەکۆیەکی گەورە _ کە وەقفەکە بۆی دروست دەکات _ دادەنیشێت‌و وانە بە هەموو ئەو دکتۆرانە دەڵێتەوە لەو کاتانەدا کە بەرێوەبەری وەقف بۆی دیاری دەکات‌و بە گونجاوی دەزانێت. پێویستە دکتۆرەکانی هەموو ئەم بیمارستانە پیرۆزە ئامادەبن‌و لەوە زیاتریش نەبن... بەرێوەبەری وەقف لە قازانجی ئەم وەقفە مووچەی هەموو پارێزەران‌و کارگوزارانی پیاو و ژنی ئەم بیمارستانە دەدات هەموو کەسێك بە پێی ئەو کارەی ئەنجامی دەدات، مەرجیشە لەسەر هەمووان کە بە خزمەتی خۆیان

هەڵبستن بەرانبەر نەخۆش‌و کارمەندانی بیمارستانەکە بە پیاو و ژنیانەوە و جلەکانیان بشۆرن‌و شوێنەکانیان پاکوخاوێن ڕابگرن‌و کاروبارەکانیان جەموجۆر بکەن‌و بەرژوەندییەکانیان بپارێزن، بەومەرجەش کە بەڕێوەبەری وەقفەکە هەموو پێداویستییەکانیان بەپێی ژمارەو جۆر دابین بکات، بە گوێرەی کات‌و شوێن‌و بەوشێوەیەی کە لە سنووری پێویست دەرنەچێت نەوەک ڕێژەو نەوەک ژمارەش.

سەرپەرشتیاری[٢٠٣] وەقف هەموو پێداویستییەکانی مردوو ئامادە دەکات بۆ ئەوانەی کە لەم بیمارستانەدا گیان لەدەست دەدەن‌و دەمرن چ لە نەخۆشەکان بێت و چ کارمەندانی پیاو و ژن بێت، بۆیە پێویستە خەرجی هەموو پێداویستییەکان بدات بۆ شۆردن‌و نرخی کفنەکەی و نرخی عەترو بۆن‌و کرێی مردووشۆرەکەو کرێی قەبر هەڵکەنەکەی و کرێی شاردنەوەی لە قەبرەکەدا بە پێی سوننەتی پێغەمبەرﷺ و بەو شێوەیەی کە جێگەی ڕەزامەندییە ! !

هەرکەسێکیش لە مااڵی خۆیدا کەوتبێت و نەخۆش بێت‌و هەژار بێت، سەرپەرشتیاری ئەم وەقفە بۆی هەیە ئەوەی بە نەخۆشی ئەم بیمارستانە دەدات بەویشی بدات، لە شروب‌و دەرمان‌و هەویرو شتی تریش، بەو مەرجەی نابێت لە بەشە پێویستییەکانی کارمەندان‌و نەخۆشانی بیمارستانەکە ببڕێت! ئەگەر لەناو کەس‌وکاری خۆیدا مرد سەرپەرشتیار بۆی هەیە پێداویستییەکانی هەموو بۆ دابین بکات وەک شۆردن و کفنکردن‌و هەڵگرتنی بۆ قەبرستان‌و شاردنەوەی بەو شێوەیەی کە شایستەیە بەو و کەسوکاری پێی دڵخۆشن!

هەر نەخۆشێک کە چاکدەبێتەوەو دەگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی و لەم بیمارستانە موبارەکە دەردەچێت سەرپەرشتیار بۆی هەیە دەستێ جلوبەرگی شایستە بە خۆی پێ بدات لەو وەقفە _ هەموو کەس بە پێی خۆی _ بێ

---

[٢٠٣] وشەی (سەرپەرشتیار)مان بۆ (ناظر) بەکارهێناوە لە هەندێ شوێنیشدا وشەی (بەڕێوەبەر) بەکارهاتووە و ماناکانیان بۆ یەک گونجاون. (وەرگێڕ).

زیادەڕەوییەکی وا کە کار بکاتە سەر مافـو کاروباری نەخۆشەکانی بیمارستان، لە هەموو ئەمانەدا سەرپەرشتیار خۆی سەرپشکەو چی بەپێویست دەزانێتو چۆن بە باش دەزانێت بۆی هەیە ئیجتیهاد بکات.

سەرپەرشتیاری ئەو وەقفە ئەرکی سەرشانییەتی کە لە خوا بترسێت لە ئاشکراو پەنهانیداو ڕێزی کەسێکی پلەوپایەدار نەدات بەسەر کەسێکی بێکەسدا و ڕێزی کەسێکی بەتواناو بەهێز نەدات بەسەر کەسێکی لاوازتردا و جیاوازی لەنێوان کەسێکی هاوشاریو کەسێکی غەریبەدا نەکات، بەڵکو پێویستە هەمیشە پاداشتی زۆرو ڕەزامەندی و نزیکبوونەوە لە خودای پەروەردگار بەبەری چاوییەوە بێت...

دەقی وەقفەکە تەواو بوو..[٢٠٤]

چوارەم: نەخۆشخانەی مەراکیش: ئەم نەخۆشخانەیە میری زاڵو سەرکەوتووی ئیمانداران (ئەبویوسف)ی پاشای (مووەحیدەکان) لە مەغریبدا دروستی کردووە، ئەم میرە موسڵمانە هەستا بە دیارکردنی گوڕەپانێکی گەورە لە مەراکیشدا کە تەختترین شوێنی ئەو شارە بوو، بانگی وەستا و بەننەکانی شاری کرد کە لەسەر جوانترین شێوە خەستەخانەکەی بۆ دروست بکەنو، فەرمانی دا لە تەنیشتیدا هەموو جۆرە درەختێك بنێژن بۆ خواردن بێت یان بۆ بۆنکردنبێت، ئاوێکی زۆری بۆ هێنا بەشێوەیەك بگاتە هەموو خانوویەك و بە دەوریاندا بسوڕێتەوە، زیاد لەوەش چوار حەوزی بۆ کۆبوونەوەی ئاوەکان دروست کرد کە ناوەڕاستی حەوزێکیانی بە بەردی سپی ناوپۆش کردبوو، پاشان فەرمانی کرد نەخۆشخانەکە فەرشڕێژ بکەن بە جۆرەها فەرشی دروستکراو لە خوری و کەتان و ئاوریشم و فەروو و شتی تریش کە وەسف ناکرێن..

---

[٢٠٤] دەقی ئەم وەقفە لە (ل ١٦٥)ەوە دەست پێدەکات بۆ (ل١٦٩)، ژمارەیەکی زۆر زاراوەی پزیشکی کۆنی تێدایەو بە پشت بەستن بە (منجد) و(قوامیس) ماناکانیم ساغکردوونەتەوە، ئومێد ئەکەم لە پاستی ماناکانیان دوورنەکەوتبمەوە. (وەرگێڕ).

چەندن تاقیگەی تێدا دروست کردو دکتۆری شارەزای پەیدا کرد تا شروب و کل و چەوری دروست بکەن، بۆ هەموو نەخۆشێك دوو دەستە جلوبەرگی شەو و رۆژی ئامادە کرد، یەکێکیان هاوینەو ئەویتریان زستانە، کە نەخۆشیش هەڵدەستایەوە فەرمانی دەکرد بڕێك پارەی پێ بدرێت، تا دەکەوێتەوە ئیشو کارکردن، ئەگەر دەوڵەمەندیش بوایە هەر پارەکەی دەدرایە، ئەم نەخۆشخانەیە تایبەت نەبوو بە هەژارانەوەو دەوڵەمەندی لێ بێبەش بکرایە، تەنانەت غەریبەیەکیش لە مەراکیشدا نەخۆش بکەوتایە هەڵدەگیراو دەبرا بۆ ئەو نەخۆشخانەیە و چارەسەری پێویستی بۆ دەکرا تا چاك دەبوویەوە و هەڵدەستایەوە یان بە ئاسوودەیی‌و خزمەتەوە دەمرد ، "ئەبویوسف" خۆی هەموو ڕۆژانێکی هەینی سەردانی نەخۆشخانەکەی دەکردو بەسەر نەخۆشەکاندا دەگەڕاو هەواڵی تەندروستی دەپرسین‌و پرسیاری لە نەخۆشەکان دەکرد دەربارەی مامەڵەی دکتۆرەکان و پەرستارەکان لەگەڵ نەخۆشەکاندا.

پاش هەموو ئەمانە، ئەوە نموونەی چوار نەخۆشخانە بوون لە سەدان نەخۆشخانە کە لەو کاتو ڕۆژگارانەدا بە بەربڵاوی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دونیای ئیسلامیدا هەبوون، ئەو ڕۆژگارەی کە ئەوروپا لە تاریکایی نەفامیدا سەرسمیان دەدا، هیچ شتێکیان دەربارەی ئەم نەخۆشخانانە و وردەکاری‌و سیستمی بەڕێوەبردن تیایاندا نەدەزانی‌و نەیاندەزانی چ پاکوخاوێنییەك‌و چ سۆزێکی ئینسانی لەوێدا پەیڕەو دەکرێت، ئێمە تەنیا قسەیەکی (مایرهوف)ی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی دەگوازینەوە کە باس لە نەخۆشخانەکانی ئەوروپا دەکات لەو ڕۆژگارانەدا کە نەخۆشخانەکانی ناو شارستانییەتی ئێمە بەو شێوەیە بوو کە پێشتر باسمان کرد. دکتۆر ماکس [٢٠٥] دەڵێت:

---

[٢٠٥] مایرهوف (ماکس) meyrhof max لە ساڵانی (١٨٧٤_١٩٤٥) ژیاوەو، لە خێزانێکی خانەدانی یەهودی لەدایکبووە، ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانییە و لە مسر نشتەجێ بووە، پزیشکێکی بەناوبانگی چاو بووەو،

"نەخۆشخانە عەرەبییەکان و سیستمی تەندروستی لە وڵاتە ئیسلامییە کۆنەکاندا وانەیەکی زۆر تاڵو سەختی ئێمەدا دەدات، کە ڕێزی خۆی وەک پێویست نازانین، کاتێک نەبێت بەراوردکارییەکی سادە دەکەین لە نێوان ئەو نەخۆشخانانەو نەخۆشخانەکانی ئەورووپا لەو ڕۆژگارەدا، ئەوە زیاد لە سێ سەدە بەسەر ئەورووپادا گوزەراوە، لەو ڕۆژەوە بیگرە تا ئێستا مانای نەخۆشخانەی گشتی نازانرێت، زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین تا سەدەی هەژدەهەمی زاینیش (١٧١٠ز) نەخۆش هەر لە مااڵی خۆیدا دەخەوت و چارەسەر دەکرا، یان لە چەند ماڵێکی تایبەتیدا، نەخۆشخانەکانی ئەورووپا پێشتر چەند خانەیەکی سۆزو دڵنەوایی کردن بوون و هەرکەسێ بێنەواو بێسەرپەرشت بوایە لەوێدا دەمایەوە، ئیتر نەخۆش بوایە یان پیرو پەککەوتە بوایە، باشترین نموونەش نەخۆشخانەی (أوتیل دیو) بوو لە پاریس کە بە گەورەترین نەخۆشخانەی ئەورووپا دادەنرا لەو ڕۆژگارەدا، کە هەریەک لە (ماکس تورد) و (تینون) بەم شێوەیە باسی دەکەن :

هەزارو دوو سەد جێگەی تێدا بوو کە (٤٨٦) جێگە لەو جێگانە تایبەت بوو بە یەک نەفەرەوە(یەک کەسی بوو) ئەوانی تر _ کە ڕووبەری هەریەکەیان لە پێنج پێ تێنەدەپەڕی _ وەک عادەتی لێهاتبوو کە لە سێ نەخۆشەوە تا شەش نەخۆشی لەسەر دەخەوت، ژووڕە گەورەکان پڕیان لە کەڕوو بوو، زۆر شێدار بوون و پەنجەرەیان تێدا نەبوو بۆ هەوا گۆڕکێ، بەردەوام تاریک بوون، لە هەموو کاتێکدا نزیکەی هەشت سەد نەخۆشت دەبینی لەسەر زەوییەکە پاڵکەوتبوون، هەندێکیان کەوتبوون بەسەر هەندێکی تریاندا، لەناو زەوی ژووڕەکاندا لەسەر کۆمەڵێک پلوپووش پاڵدەکەوتن، بەڕادەیەک هەرکەس چاوی پێکەوتبا بەزەیی بە حاڵیاندا دەهاتەوە، لەسەر جێگەیەکی ئەندازە مامناوەند چوار نەخۆش یان پێنج نەخۆش یان شەشت

بەگەورەترین توێژەری مێژووی پزیشکی و دەرمانسازی لای عەرەب دادەنرێت... (س: پژهلاتناسەکان بە درێژایی سەدەکان) (پێناس)

دەبینی کە پێکەوە نووسابوون، سەری ئەمیان لە ژێر قاچی ئەویاندا بوو، منالّت دەبینی لە پاڵ کەسێکی بە تەمەندا خەوێنرابوو، پیاو بە تەنیشتی ئافرەتەوە دانرابوو، (لەوانەشە بڕوا نەکەن، بەڵام ئەوە ڕاستییە) ئافرەتت دەبینی ژانی منالّبوون دەیگرت لە تەنیشتدا منالێك هەبوو کە تووشی (تیفوس)[٢٠٦] بوو بوو، تا دەیسوتاند و هەموو گیانی گرژ بوو بوو، ئەم دوانەش لە پاڵ نەخۆشێکی تردا بوون کە تووشی گولی بوو بوو، کە بە نینۆکە خوێناوییەکانی پێستە پتوورکاوەکانی دەخوراند[٢٠٧] و کێمو جەراحەتی زیبکەکانی بەسەر پێخەفەکەدا بڵاودەبوویەوە !.

خواردنی نەخۆشەکانیش خراپترین خواردن بوو کە عەقڵ پێی وێنا ناکرێت، بڕێکی زۆر کەم خواردنیان دەدرایەو کاتەکانیش دووربوون لە یەکو ڕێکوپێکی تێدا نەبوو، کچە ڕاهیبەکانیش فێر بووبوون هەر بە دەوری ئەو نەخۆشانەدا دەهاتن کە دووڕوویی بۆ دەکردنو بە گوێیان دەکردن، هەمووشی لەسەر حسابی ئەوانی تر بوو، دەهاتن مەییان دەرخوارد دەدان و شیرینیو خواردنی خۆشیان بۆ دەهێنان لەو خواردنانەی کە خەڵکە خێرخوازەکە دەیانهێنا بۆ نەخۆشخانەکە ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوان پێویستییان بە پاراستنی زیاتر هەبوو، ئەوەبوو زۆرێکیان تووشی (ئینتەلا)[٢٠٨] دەبوون و بگە لەوانیش لە برساندا مردار دەبوونەوە.[٢٠٩]

دەرگای نەخۆشخانەکان بەردەوام لەسەر پشت بوون و ئەم دەهاتو ئەو دەڕۆیشت لەهەرکاتێکدا بیانویستایە بەیانی بوایە یان ئێوارە ، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی کە نەخۆشییەکی زۆر تەشەنە بکات لەمەوە بۆ ئەو، ئیتر لە ڕێگەی پاشەڕۆوە

---

[٢٠٦] تیفوس: typhus جۆرێکە لە جۆرەکانی تا، کە بە هۆی ئەسپێ و کێچەوە بڵاودەبێتەوە و، نیشانەکانیشی بریتین لە سەرئێشە و تایەکی زۆر و هەڵەشەبوونی پێست.. (ڕێناس)

[٢٠٧] يحك جلده المهترئ بأظفاره الدامية.

[٢٠٨] ئینتەلام بۆ (تخمه) بەکارهێناوە واتە ئەوەندەیان ئەخوارد گەدەیان ئەترشا، ڕاستەکەشی (ئیمتیلا)یە.. (وەرگێڕ).

[٢٠٩] دەقە عەرەبییەکەی (یفطس) بەکاردێنێ نەك (یموت) بۆیە منیش وەك خۆی نووسیم (وەرگێڕ).

بوایە یان لە رێگەی هەوای پیسو ئالوودە، خۆئەگەر خەڵکی خێرخواز نەبوایە نەخۆشەکان هەموو لە برساندا دەمردن، وەک چۆن هەندێکیان بەهۆی گەدەترشانەوە دەمردن یان لە تاو شەکرە دەمردن، جێگەوبانەکانیان پڕبوون لە مێرووی پیس پیس، کەس بەرگەی هەوای پیسی ژوورەکانی نەدەگرت، تەنانەت کارگوزارو پەرستارەکانیش کە دەچوونە ژوورەوە ئیسفەنجێکی تەپکراویان بە سرکە دەگرت بە لووتیانەوە، جەنازەی مردوو بەلای کەمەوە بیستو چوار سەعات لەسەر جێگەکەی دەمایەوە کە مافی خەڵکی تریشی بەسەرەوە هەبوو، زۆرجاریش جەنازەکە بۆنی دەکردو لە پاڵ نەخۆشێکی تردا دادەنرا کە نەخۆشەکە وەختبوو لە تاودا شێت دەبوو".

ئەمە بەراوردێکی سادەیە لە نێوان نەخۆشخانەکانی ناو شارستانییەتی ئێمەو نەخۆشخانەکانی رۆژئاواییەکان لەو رۆژگارانەدا، کە ئەگەر بەڵگە بێت لەسەر شتێك، ئەوە بەڵگەیە لەسەر پادەی داپووخانی زانستی ئەو میللەتەو رێژەی بێئاگاییان لە بنەماکانی نەخۆشخانە، نەك ئەوە، بەڵکو پادەی بێئاگاییان لە بنەماکانی تەندروستی گشتی، زیاد لەمانەش لە گێڕانەوەکانی (ئوسامەی کوڕی مونقین)ەوە دەردەکەوێت کە لە کتێبی (الأعتبار)دا باس دەکات کە رۆژئاواییە خاچپەرستەکان چەندە نەزانو بێئاگابوون لە پزیشکی و زانیاری پزیشکەکانیان بەپادەیەك بووە خەڵك پێکەنینی پێی دێت، بۆ نموونە با سەیری ئەم دوو پووداوەی خوارەوە بکەین:

"یەکێك لە شتە سەیرەکانی پزیشکیی (ئیفرەنجەکان)[٢١٠] ئەوەیە جارێکیان میری (مونە یطرة) نامەیەکی نووسی بۆ مامەم بۆ ئەوەی دکتۆرێکی بۆ بنێرێت چارەسەری هەندێ لە هاوەڵە نەخۆشەکانی بکات، ئەمیش پزیشکێکی نەصرانی

---

[٢١٠] رۆژئاواییەکان خۆیان پەلامارەکانیان بۆ دونیای ئیسلامی ناونابوو، (الحملات الصلیبیە)، بەڵام موسڵمانان بەو پەلامارو هێرشانەیان ئەوت (هێرشی ئیفرەنجییەکان)، چونکە زۆربەیان لەوڵاتی فەرەنج (ئەوروپا)ەوە دەستی پێ ئەکرد. (وەرگێڕ).

بەناوی (ئابت) بۆ نارد، هەموو دە رۆژی پێچوو و گەڕایەوە، پێمان وت: چەند زوو گەڕایتەوە و چارەسەری نەخۆشەکانت کرد، وتی: کوڕێکی سوارچاکیان بۆ هێنام دوومەڵێك لە قاچی دەرهاتبوو، ئافرەتێکیشیان هێنا پێستی وشك بووبوویەوەو ڕەق بوو بوو، بۆ کوڕە سوارچاکەکە نیوەنمەکێکم لە کەپەکی گەرم بۆ کردو خستمە سەریو دوومەڵەکەم بۆ تەقاندو پاکم کردەوەو چاك بوویەوە، ئافرەتەکەشم خستە شوێنێکی گەرمو میزاجی تەڕبوویەوە و ڕزگاری بوو، کەچی زۆری پێنەچوو پزیشکێکی ئیفرەنجییان هێنا(دەربارەی من) ووتی: ئەو هیچ شتێك نازانێت تا بێت چارەسەری ئەم دەردانە بکات، جا بە سوارچاکەکەی وت: تۆ کامەت پێخۆشە، بژیتو یەك قاچت هەبێت یان بمریتو هەردوو قاچت هەر پێوە بێت ؟ وتی: بژیمو یەك قاچم هەبێت، وتی: دەی سوارچاکێکی بەهێزم بۆ بهێنەو تەورێکی تیژیشم پێبدەن، کابرای سوارچاکو تەورە تیژەکەیان ئامادەکرد، منیش هەرلەوێ بووم، قاچی کابرای خستە سەر قەدی دارێك و بە سوارچاکەکەی وت: هەوڵبدە بە یەك تەور قاچی ببڕیتەوە، سوارچاکەیش تەوری بردە ئاسمانو تا توانی پێیدا کێشا، بەڵام نەیبڕی، پاشان تەوری دوومەمی لێدا مۆخی ناو ئێسقانەکەی هاتە دەرەوە و کابرا یەکسەر مرد ! ".

پاشان باسی ئافرەتەکەش دەکات کە چۆن ئەو دکتۆرە خاچپەرستە فەرمان دەکات سەری بچەقێنن بە ئاوێکی کوڵادا و ئەویش دەمودەست گیانی دەسپێرێت ! !

جا ئێمە ئەم باسە بەوە کۆتایی پێ دێنین کە دوای ئەم بەراوردکارییانە سەرنجی هەموو لایەك بۆ ئەو ئەنجامانە ڕابکێشین کە پێیگەیشتووین ئەویش ئەوەیە کە: ئێمە لانی کەم تۆ سەدە لە پێش ڕۆژئاواوە نەخۆشخانەو سیستمی پزیشکیمان داهێناوە، نەخۆشخانەکانی ئێمە لەسەر بنەمای سۆزێکی ئینسانی ئەوەندە بەرز دامەزراوە کە بێوێنەیە لە هەموو مێژوودا، تەنانەت ڕۆژئاواییەکان تا ئەمڕۆش ئەوە نازانن، هەروەها ئێمە لە پێش هەموو میللەتانی تردەوە ئەوەمان زانیووە کە مۆسیقاو ئەدەبی

تەنزئامێز و ئیحائی زاتی زۆر کاریگەرییان هەیە لە چاککردنەوەی نەخۆشدا،.. ئێمە لە هاریکاری کۆمەڵایەتیدا گەیشتووینەتە سنورێك کە تائێستاش شارسیتانییەتی ڕۆژئاوا پێینەگەیشتووە کە پشکنین و چارەسەرو خواردنی نەخۆش بە بەلاشو بێپارە بێت، نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئێمە کاتی خۆی هەر نەخۆشێك کە لە نەخۆشی ڕاست دەبوویەوە ئەوەندە پارەمان پێ دەدا کە پێی بڵێ تا دەستی دەکردەوە بە ئیش و هێزی دەهاتەوە بەر! !

ئەوە هەستێکی ئینسانی زۆر بەرزە کە ئەو ڕۆژەی پەرچەمی شارستانییەتمان بەدەستەوە بوو گەیشتینە ترۆپکی ئەو هەستە مرۆییە، بەڵام مەخابن ئێستا لە کوێین؟ و ڕۆژئاواییەکانیش لە کوێدان".[٢١١]

٢ ـ لەبواری بەزەیی هاتنەوە بە گیانەوەراندا:

بواری دووهەم لەبوارەکانی ڕەوشتی سۆزو بەزەیی هاتنەوە لەلای موسڵمانان، کە بەڕاستی هەر موسڵمانان ئیمتیازیان هەبووە بەسەر هەموو میللەتانی تردا لەو ڕۆژگارانەدا بەوەی لە سۆزنواندندا بەرانبەر گیانلەبەران لە پێش هەموانەوە بوون، ئەو بوارە ئەمڕۆ ناونراوە (نەرمینواندن بەرانبەر ئاژەڵان: الرفق بالحيوانات).

بناغەی ئەم ڕەوشتە لای ئێمە لەو هەموو فەرموودە (صحيحەوە) سەرچاوەی گرتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی دەربارەی بەزەیی هاتنەوە بە خولقاوە بێهێزەکاندا وەك ئەو ئاژەڵانەی کە ئولفەت[٢١٢] دەگرن و مرۆڤ مالێیان دەکاتو بەکاریان دێنێت وەك: ڕەشەوڵاخو مەڕو مالاتو ئەسپو هێسترو گوێدرێژو مریشکو پەلەوەرەکانی تریش... یان وەك: ئەو ئاژەڵانەی کە مالّی ناکرێن بەڵام ئولفەتمان

---

[٢١١] من روائع حضارتنا، الدكتور مصطفى السباعي ١٩٨ـ ٢١٧.

[٢١٢] لە زمانی عەرەبیدا بەو ئاژەڵانەی کە هاوەڵێتی لەگەڵ مرۆڤدا دروست دەکەن و لەگەڵ مرۆڤدا دەژین، دەوترێت: حيوان أليف. (ڕێناس)

لەگەڵدا دەگرن وەك: پشیلەو سەگو... لە باسەكانی پێشوودا ئەوەمان وت كە وەقفی خێرخێوازی چەند بواری هەبووە تا تێیدا سەرف بكرێت، كەسی وا هەبووە مالّی حەلاّلّی خۆی وەقف كردووە بۆ ئەوەی خواردن و شوێنی حەوانەوە بۆ سەگە بەرەڵاكان دابین بكرێت بۆ ئەوەی لە برساندا لە دەشتو دەردا نەتۆپن!

لەم بوارەدایە كە چەندین فەرموودەی شیرین ڕیوایەت كراوە...

أ - "عذبت امرآة في هرة سجنتها حتى ماتت لا هي أطعمتها و سقتها ان هي حبستها ولا هي تركتها تأكل من خشاش الأرض".[٢١٣] واتە: ئافرەتێك لەسەر ئەوە خوا سزای دا كە پشیلەیەكی بەند كرد تا تۆپی، نەخۆی خواردنو خواردنەوەی بۆ دەبرد، نە بەریشی دا تا خۆی بلەوەڕێتو شتی سەر زەوی بخوات (و نەتۆپێت). (خشاش الأرض): یانی مارومێروو و ئەو شتانە..

ب - پێغەمبەر ﷺ دای بەلای حوشترێكدا سەیری كرد سكی نووساوە بە پشتییەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (اتقوا في هذه البهائم المعجمة فاركبوها صالحة، وكلوها صالحة).[٢١٤] واتە: لە خوا بترسن كاتێك دەكەونە مامەڵە كردن لەگەڵ ئەم ئاژەڵە بێزمانانەدا، تا ساغن سواریان بنو تاساغن گۆشتەكانیان بخۆن...

ج - "في كل كبد رطبة أجر".[٢١٥] واتە: لە بەزەیی هاتنەوە بە هەر بێزمانێكدا مرۆڤ پاداشتی دەست دەكەوێت.

د - "إن الله كتب الاحسان على كل شيء، فاذا قتلتم فأحسنوا القتلة، واذا ذبحتم فأحسنوا الذبحة، وليحد أحدكم شفرته، وليرح ذبيحته".[٢١٦] واتە: خوای گەورە چاكەكردنی فەرزكردووە بەرانبەر بە هەموو شتێك، بۆیە ئەگەر كوشتاریشتان كرد بە

---

[٢١٣] رواه البخاري، ٣٤٨٢، عن ابن عمر.

[٢١٤] رواه أبوداود، ٢٥٤٨. وابن خزيمة في صحيحه، ٢٥٤٥. وابن حبان وصححه، ٥٤٥، عن سهل بن الحنظلية.

[٢١٥] رواه البخاري من حديث أبي هريرة في قصة الرجل الذي سقى كلباً فشكر الله له فغفر له. ٢٤٦٦ ومسلم ٢٢٤٤.

[٢١٦] رواه مسلم ١٩٥٥ عن شداد بن أوس، وهو من أحاديث الأربعين النووية.

شێوازێکی چاك بیکەن و ئەگەر شتێکتان سەربڕی باش سەری ببڕنو با (ئەو کەسەی سەری دەبڕێت) چەقۆکەی جوان تیژ بکاتو پشوو بداتە سەربڕاوەکەی!

هـ - کابرایەك مەڕێکی دابوو بە زەویداو ئەوجا چەقۆکەی تیژ دەکرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەتەوێت دووجار بیکوژی؟ لەمەودوا چەقۆکەت جوان تیژ بکە ئەوجا ئاژەڵەکە پاڵ بخە.[٢١٧]

و - ئیبنوعومەر دای بە لای چەند گەنجێکی قوڕەیشیدا پەلەوەرێك _ یان مریشکێکیان _ نابوویەوە و نیشانە شکاندنیان پێ دەکردو هەرکەس نەیپێکایە شتێکی دەدا بە خاوەنی پەلەوەرەکە، کە ئیبنو عومەریان بینی بڵاوەیان لێ کرد، ئیبنو عومەر فەرمووی: کێ ئەمەی کردووە؟ نەفرەتی خوا لەوەی ئەمەی کردووە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە دڵنیاییەوە نەفرینی لەو کەسە کردووە کە ئەوەی (گیانی) تێدایە بیکاتە نیشانەو نیشانەشکێنی پێ بکات.[٢١٨]

ز- پێغەمبەر ﷺ ڕێگری لەوە کردووە کە ئاژەڵ بەشەڕ بدرێت لەگەڵ یەکتریدا،[٢١٩] وەك چۆن هەندێ کەسی دڵڕەق و بێبەزەیی هەندێ ئاژەڵ هاندەدەنە ئاژەڵانی ترو دێن بەیەکداو یەکتریی خوێناوی دەکەنو ئەوانیش پێیان پێدەکەنن!

ح - پێغەمبەر ﷺ ڕێگری لەوە کردووە کە بکێشرێت بەدەموچاودا، یان خاڵ لە دەموچاودا دروست بکرێت (واتە: داخ بکرێت)[٢٢٠]، مەبەست دەموچاوی گوێدرێژو ئاژەڵانی تریشە، تەنانەت دەموچاوی ئاژەڵانیش پێویستە پارێزراو بێت و عەیبدار نەکرێت!

---

[٢١٧] رواه الطبراني في الكبير ١١٩١٦ والأوسط ٣٥٩٠ عن ابن عباس والحاكم وقال: صحيح على شرط البخاري ٣١٦٢ كما في ترغيب المنذري.

[٢١٨] رواه الشيخان، البخاري ٥٥١٥، ومسلم ١٩٥٨ من حديث عبدالله بن عمر.

[٢١٩] رواه ابوداود، ٢٥٦٢ والترمذي ١٧٠٩ من حديث ابن عباس.

[٢٢٠] رواه مسلم ٢١١٦ عن جابر.

بۆیە هەموو خەلیفەکانو میرانی موسڵمان زەجری ئەوانەیان دەکرد کە بەرانبەر ئازەڵان بێبەزەیی ببوایەن، لە کتێبی (العتبیة) دا هاتووە: مالیك دەفەرموێ: عومەری کوڕی خەتتاب دای بە لای گوێدرێژێکدا کە باربڵك خشتیان لێ نابوو، ئەویش دوو خشتی لە بارەکە داگرت، خاوەنی گوێدرێژەکە هات بۆ لای عومەر و وتی: ئەرێ عومەر تۆ هەقت چییە بەسەر ئەم گوێدرێژەی منەوە؟ قابیلە سوڵتانی ئەویشی؟ عومەر فەرمووی: ئەی باشە من بۆچی لەم شوێنەدا دانراوم؟!

ئیبنو ڕوشد بە دوای ئەم قسەیەی عومەردا پاشکۆیەك دادەنێتو دەڵێت: مانای ئەم قسەیە زۆر ئاشکرایە، چونکە پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرموێ: (کلکم راع وکلکم مسئول عن رعیته..) واتە: هەمووتان شوانن‌و هەمووشتان پرسیارتان لێدەکرێت لەسەر ئەو شتانەی خوای گەورە خستوویەتیە ژێر دەستتان..

عبدالرزاق لە ئیبنو سیرینەوە دەگێڕێتەوە: عومەر ڕەزای خوای لێبێت کابرایەکی بینی مەڕێکی بە قاچ ڕادەکێشا بۆ ئەوەی بیبات سەری ببڕێت، فەرمووی: خوا بتگرێت،[٢٢١] بەشێوەیەکی جوان بیبە بەرەو مردن".[٢٢٢]

لە کتێبی (طبقات ابن سعد)دا لە(موسەییبی کوڕی داریم)ەوە گێڕاوەتەوە کە دەڵێت: "چاوم لێبوو عومەری کوڕی خەتتاب جارێکیان دای لە کابرایەکی بارهەڵگرو دەیفەرموو: باشە بۆچی ئەوەندە دەنێی لە حوشترەکەت کە لە توانای خۆی زیاترە؟!

عومەری دووهەمیش (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) لە سەر هەمان ڕێوڕەسمی عومەری یەکەم دەڕۆیشت، ئیبنوعەبدولحەکەم لە باسی ڕەوشتە جوانەکانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا باسی ئەوە دەکات کە فەرمانێك دەنووسێت بۆ بەرپرسی

---

[٢٢١] وشەی (خوابتگرێت)م بە گونجاو زانی لە کورییدا بۆ بەرانبەر (ویلك)ی عەرەبی. (وەرگێڕ).

[٢٢٢] مصنف عبدالرزاق ٨٦٠٥ عن ابن سیرین.

پۆستەبەرو[٢٢٣] دەڵێت: نابێت لغاوی قورس بکرێتە دەمی هیچ ئاژەڵێك یان بە داری نەقیزە دار لە وڵاخ بدرێت.

نامەیەکیشی نووسی بۆ (حیّان) کە لە میصردا بوو (تێیدا دەڵێت): وام پێگەیشتووە کە لە میصردا حوشتر باری هەزار ڕەتڵی[٢٢٤] لێ دەنرێت، کە ئەم نامەیەت دەگاتە دەست دوای ئەوە نەبیستم هیچ حوشترێك لە (شەشسەد ڕەتڵ) زیاتری لێ بار بکرێت". [٢٢٥]

فەقیهەکانیش هاتوون لەبابەتی خەرجییەکاندا[٢٢٦] لە هەموو کتێبە فیقهییەکاندا بە درێژی باسی ئەرکی خاوەن ئاژەڵیان کردووە، کە دەبێت خاوەنەکەی چۆن سەرپەرشتی بکاتو چۆن خەرجیی بکێشێ، هەروەك چۆن بە درێژی باسی ئەوەیان کردووە ئەرکی مرۆڤ چییە بەرانبەر سەگو پەلەوەرو ئەو شتانە..

ئەم فەقیهانە ئەوەندە بەدرێژی ئەو باسانەیان کردووە، شتی وا دەڵێن بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەهاتووە لەو ڕۆژگارانەدا، کە فاکتەری سەرەکی بۆ وتنی ئەو هەموو شتە تەنیا دابینکردنی بەرژەوەندی ماددی نییەو بەس، بەڵکو لەسەروو هەموو ئەوانەوە پاڵنەرێکی ئەخلاقی تەنیا هەیە کە ئەویش ئەوەیە ئازارو ستەم لەسەر هەموو ئەو زیندەوەرە بێزمانانە هەڵبگیرێت کە خاوەنی جگەرێکی تەڕن، کە هەست

---

[٢٢٣] بە عەرەبی پێی ئەوترێت (صاحب السکه) کە بەرپرسە لەو وڵاخانەی کە پۆستەیان پێدا دەنێردرێت بەملاولادا، دیارە ڕۆژگاری خۆی نامەی نێوان سەنتەری خیلافەتو هەرێمەکان لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە بەڕێوەبراوە. (وەرگێڕ).

[٢٢٤] : ڕطل(بەعەرەبی) و pound (بە ئینگلیزی) کە لە کوردیدا وابزانم وشەیەکمان نییە بەرانبەری بێت، هەر ڕەتڵ و پاوەندەکە بەکاردەهێنرێت.. کە یەکەیەکی پێوانی بارستەیە. یەك ڕەتڵ دەکاتە ٤٥٦ گم ... (ڕێناس)

[٢٢٥] التراتیب الاداریة ١٥٢/١ وسیرة ابن عبدالحکم.

[٢٢٦] عەرەبییەکەی دەڵێ: (في کتاب النفقات في کتب الفقه)، بەڵام ئێمە وامانامان کرد. (وەرگێڕ).

دەکەنو ئێشیان پێدەگاتو دەرکیان هەیە، بەڵام زمانێکیان نییە کە شکاتی حاڵی خۆیانی پێ بکەن!

یەکێك لەو باسە دوورودرێژانەیان ئەوەیە، باسی ئەوەیان کردووە: کەی ماق ئەوەت هەیە لە ئاژەڵ بدەیت؟ ئەبێت لە کوێی بدەی؟ بەچی لێی بدەی؟ چۆن لێی بدەی؟ (!!)

هەورەها دەبینین دەڵێن: وڵاخ لەسەر ئەوەی سەرسمێك بدات لێی نادرێت، بەڵام لەسەر مێشە کردن و هەڵتیزگاندن[٢٢٧] لێی دەدرێت، چونکە ئەمەیان بەدەستی خۆیەتی هەڵتیزگێنێو چەقبکاتەوەو نەڕوات، بەڵام سەرسمدان بەدەستی خۆی نییە.

شەرعزانەکان دەڵێن: نابێت لە دەموچاوی ئاژەڵ بدرێت، نابێت بە نەقیزە یان هەر دارێك کە ئاسنی پێوە بێت لە ئاژەڵ بدرێت، وەك چۆن قسەکەمان لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە گواستەوە.

لێرەدا (پێم باشە) چەند بڕگەیەك لە کتێبێکی فیقهی باوەڕپێکراو و بنەڕەتی لای حەنبەلییەکان بگوازمەوە کە کتێبەکە شەرحی (غایة المنتهی)یە، لەوێدا دەڵێت:

هەموو خاوەن ئاژەڵێك ئەرکی سەرشانییەتی خواردنی تەواو بدات بە ئاژەڵەکەی با کەڵکیشی نەمابێت (واتە ئومێدی کارکردنی پێ نەما بێت)، هەروەها لانی کەم لە نێوان دوو ژەم خواردندا جارێك ئاوی بدات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی ئیبنوعومەر کە دەیفەرموو: "عذبت امرأة في هرة حبستها حتى ماتت جوعاً.." الحديث. "ئەگەر کەسێك نەیدەتوانی خەرجی پێویستی ئاژەڵێك بدات ئەوە زۆری لێدەکرێت یان بیفرۆشێت یان ببدات بە کرێ، یان ئەگەر گۆشتی دەخورا ئەوە زۆری لێدەکرێت تا سەری ببڕێت، بۆ ئەوەی ستەمو زیان لەو ئاژەڵە دوورببرێتەوە،

---

[٢٢٧] وڵاخێك کە هەڵتەتیزگێنێتو لە خۆڕایی رائەکاتو خۆی شتێت ئەکات و بارەکەی ئەخات، پێی ئەوترێت (وڵاخەکە مێشەی کرد)... (وەرگێڕ).

هەروەها لەبەرئەوەش کە ئەگەر خەرجیی نەکێشێت تیادەچێتو مالّ بە فیڕۆدانیش لە شەرعدا نەهی لێ کراوە...

ئەگەر کابرایەک یەکێک لەمانەی نەکرد، ئەوە دادوەر یەکێک لەو سێ ڕێگەیەی لەگەڵدا دەگرێتە بەر، یان خەرجیی بۆ دەبڕێتەوەو دەیکاتە قەرز لەسەری و حسابی ئەو کەسەی بۆ دەکات کە ناتوانێت قەرزەکەی بداتەوە.

حەرامە نەفرین لە ئاژەڵ بکرێت بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی ئیمامی ئەحمەدو موسلیم کە لە حەزرەتی عومەرەوە ڕیوایەتی دەکەن کە پێغەمبەر ﷺ لە سەفەرێکدا بوو، گوێی لێبوو ئافرەتێک نەفرینی لە وشترێک دەکرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: باری ئەو حوشترە لێ بکەنەوەو بەرەڵای کەن با بڕوات، چونکە (تازە) حوشترێکی نەفرەتلێکراوە[٢٢٨]!! (جا عومەر دەفەرموێت): خەریکە بڵێم ئێستاش دەبینم لەناو خەڵکدا دێتو دەچێت کەس ناچێت بەلایدا!

هەروەها هەردووکیان لە ئەبوزەیدەوە ڕیوایەت دەکەن کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تصحبنا ناقة علیها لعنة الله)[٢٢٩]. با حوشترێکی نەفرین لێکراو نەهێنرێت لەگەڵ کاروانەکەماندا.

ئیمامی موسلیم لە ئەبودەردائەوە ڕیوایەت دەکات کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا یکون اللعانون شفعاء ولا شهداء یوم القیامة).[٢٣٠] واتە: لە قیامەتدا ئەوانەی کە نەفرین زۆر دەکەن نە تکایان وەردەگیرێت و نەشایەتیش!.

دروست نییەو حەرامە ئاژەڵ ئەوەندەی بار لێبنرێت کە ناڕەحەتی بکات، چونکە ئەوە ئازاری پێ دەگەیەنێت.

---

[٢٢٨] رواه أحمد ٤/٤٣١، ومسلم ٢٥٩٥ عن ابن عمر.

[٢٢٩] رواه أحمد ٤/٤١٩. ومسلم ٢٥٩٦ من حديث أبي برزة.

[٢٣٠] رواه مسلم ٢٥٨٩ من حديث أبي الدرداء.

دروست نییەو حەرامە ئەوەندە بدۆشرێت زیان بە بەچکەکەی بگەیەنرێت، چونکە ئەو شیرە خوا بۆ ئەوی خولقاندووە و لەمەدا وەک کەنیزەکی شیردەر حسابی بۆ دەکرێت، سوننەتە کە ئەو کەسەش شیری دەدۆشێت نینۆکەکانی خۆی بکات بۆ ئەوەی گوانی ئەو ئازەڵە بریندار نەکات!

حەرامە لە ڕوو (دەموچاو)ی ئازەڵ بدرێت، یان دیاری بکرێتو بسووتێنرێتو خاڵی بۆ بکرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ نەفرینی لەو کەسە کردووە بەدەموچاوی ئازەڵدا بکێشێت یان خاڵ لە ڕوویدا بکوتێت (داخی بکات) نەهی لەو شتە کردووە، ئەم شتانە لە کتێبی (الفروع)دا باسکراون[٢٣١]... یاڵ[٢٣٢] بڕینی ماین یان ناوچاوتاشین یان کلکبڕینی یان زەنگۆڵ هەڵواسین پێوەی یان کەوانەکردنە ملی، هەموو ئەوانە کەراهەتیان هەیەو باش نین بە بەڵگەی فەرموودە کە لە سەریان هاتووە[٢٣٣]... زۆر کردن لە ئازەڵ بۆ ئەوەی زۆر بخوات زیاد لە توانای خۆی کەراهەتی هەیە، چونکە هەندێ کەس خویەکی خراپیان گرتووە ئەمکارە دەکەن تا ئازەڵەکانیان قەڵەو بن، ئەمیشیان لە کتێبی (الغنیمة)دا هاتووە.

پێویستە ئەوانەی سەگی حەڵاڵیان ڕاگرتووە خواردنو خواردنەوەی پێویستیان بدەنێ، یان بەرەڵایان بکەن، چونکە ئەگەر وانەکەن دەبێتە مایەی ئەزیەت دانیان، بەندکردن و برسیو تینوو کردنی هیچ ئازەڵێك تا تیادەچێت دروست نییە، چونکە ئەوە سزادانی تێدایە با بێگوناهیش نەبێت، چونکە حەدیسەکە دەفەرموێ: (ان قتلتم

---

[٢٣١] الفروع/ ابن مفلح المقدسي، ٤٦١/٥.

[٢٣٢] یاڵ (عُرف)ە لە عەرەبییدا: بریتییە لە ئەو موانەی لە ڕووی سەرەوە بە درێژایی ملی ماین ئەڕوێت و هی وایان هەیە وەک پرچی ئافرەت درێژ ئەبێت... (وەرگێڕ).

[٢٣٣] هەریەک لەوانە حەدیسیان لەسەر هاتووە، (کەوان کردنە ملی ئازەڵ) خوویەکی نەفامییەو کاتی خۆی کردوویانەتە ملی ئەسپو وڵاخەکانیان بۆ ئەوەی نەبن بە چاوی پیسەوە. (وەرگێڕ).

فأحسنوا القتله).[٢٣٤] زانای گەورەی مالیکییەکانیش لە مەغریب (شێخ ئەبو عەلی کوڕی وەححال) باسی ئەمانە دەکاتو دەفەرموێ: "ئەو باسەی کە دەربارەی بەندکردنی پەلەوەر کراوە مەبەست پێی ئەوەیە کە سزای نەدرێت و تینوو و برسی نەکرێت، ئەگەر گومانی لەوەش بوو کە لەوانەیە پشتگوێی بخاتو لێی نەپرسێتەوە یان لەگەڵ پەلەوەرێکی تردا بەندی بکات دەنووک لەسەری بگرێت وەک چۆن کەڵەشێرەکانی ناو قەفەسێك دەنووک لەسەر یەکتری دەگرن جاری وا هەیە هەندێ کەڵەشێر ئەوی تریان دەکوژێت، ئەمانە هەمووی حەرامن بەکۆدەنگی زانایان، چونکە سزادانی گیانەوەران هیچ کەس لە زانایان قسەیەکی جیاوازی تێیدا نییە، سوودوەرگرتن لە گیانەوەران بەوە دەبێت سزایان نەدرێت، جا ئەگەر بە تەنیا بەندی کرد، یان لەگەڵ یەکێکی تردا کە نەکیشێت بەسەریدا، یان شتێکی خستە نێوانیانەوە بۆ ئەوەی دەمیان نەگاتە یەکتریو خواردنو خواردنەوەی پێدەدان وەک چۆن بە منالّەکانی خۆی خواردن دەدات‌و، دارێك بۆ بااندەکان هەڵواسێت بۆئەوەی بچنە سەری (ئەوە ئیتر قەیناکات)، بەڵام ئەگەر هەر لەسەر زەوییەکە دایبنێتو هیچی بۆ دانەنێت ئەوە زۆر زیانی پێدەگەیەنێت لەکاتی سەرمادا، ئەم مەسەلانە ئەوەندە ڕۆشنن پێویست ناکات بەڵگەیان بۆ بهێنینەوە لە دەقەکانی شەریعەتدا، چەند خەڵکی وامان بینیووە کە مریشك لە قەفەسدا بەند دەکاتو تووشی سزاو ئەزییەتی دەکات، هەریەکە بەشێوەیەك یان بەران بەند دەکاتو خواردنو خواردنەوەی لێدەگرێتەوە، یان ئەسپ دەبەستێتەوە لە شوێنێکدا و دەرگای لێدادەخاتو دەگاتە ئەوەی بمرێت لە برساندا، ئەوانەی کە بەزەیی لە دڵیاندا نییە، تەنیا ئەوە ئیعتباری لایان هەیە لە مەسەلەی بەرگریی لە بێزماندا ئەوەندە نەبەسترێتەوە تا بمرێت یان لاواز و بێهێز ببێت، بەڵام ئەزییەتدانیو ئەگەر ئەوانەی سەرەوە کە باسکرا تێیدا

---

[٢٣٤] مطالب أولى النهى، ٥/٢٦٢- ٢٩٤. والحديث رواه مسلم (إن الله كتب الاحسان على كل شيء، فاذا قتلتم فأحسنوا القتلة ...).

نەبێت ئەوە گوێی ناداتێ، بەڵام ئەوانە هەموو حەرامنو لە دونیا و لە قیامەتیشدا سزایان لەسەر وەردەگیرێت مەگەر خوا لەو کەسە ببورێت".

پاشان دەڵێ: "زۆر کەس _ بۆ نموونە _ دەبیستێت کە بەندکردنی باڵندە دروستەو هیچی تێدا نییە بۆ گەمەو یاریکردن ڕایبگرێت"و بەڵگەشیان حەدیسەکەی: "أبا عمیر! ما فعل النغیر"[٢٣٥]ە، ئەو کەسانە پشت بەو فەرموودەیە دەبەستن بێ ئەوەی ئەوە بە مەرج بگرن کە نابێ ئازاری بدات، ئەمەش مەسەلەیەکی گەورەیە چ لە ڕووی پاداشت وەرگرتن بێت لەسەری یان سزادان بێت لەسەری، بەهەمان شێوەش باری زۆر لەوڵاخ بارکردن زیاد لەوەی عورف دیاری دەکاتو، ئازاردانی تریش، هەموو ئەمانە لە ئەنجامی بێسۆزی ناو دڵەکانەوە دروست دەبێت، بەڵام خۆ ئەوە زانراوە کە (إنما یرحم الله من عباده الرحماء).[٢٣٦] واتە: خوای گەورە تەنیا بەزەیی بەو کەسانەدا دێتەوە (لەدونیاو ئاخیرەتیشدا) کە سۆزو بەزەیی لە دڵیاندا هەیە.

هەموارکردنو پاراستنی ئەم یاسایانە کە بریتییە لە بەزەیی هاتنەوە بە گیانەوەرانو چاکەکردن لەگەڵیاندا جێنەهێڵراوە بۆ وێڕانی خەڵک بە تەنیا، ئەگەر کەسێک کەمتەرخەمی کرد تیایانداو بە سووک سەیری ئەم یاسایانەی کرد ئیتر دەوڵەتو دادگاکان هیچ لێی نەپرسنەوەو دەسەڵاتیان نەبێت بەسەر ئەو کەسانەدا.

نەخێر شتی وانییە،[٢٣٧] لە پێشەوە باسمان کرد کە هەردوو عومەرەکە (عومەری کوڕی خەتتابو کوڕی عەبدولعەزیز) هاووڵاتیانیان بەو یاسایانەوە گەردنگیر دەکرد،

---

[٢٣٥] حەدیسەکە ئەفەرموێ: ئابوتەڵحەی ئەنصاری کوڕێکی هەبوو ناوی (أبا عمیر) بوو، بولبولێکی هەبوو لە ماڵدا، هەرکات نەهاتە مزگەوت، پێغەمبەر ﷺ ئەیفەرموو: کاکە عومەیر، دەنگوباسی بولبولەکەت؟ بولبولەکەی ناوی (نوغەیر) بوو، کە جۆرێکە لە کەناری. (وەرگێڕ).

[٢٣٦] التراتیب الاداریة، ١٥١/٥و ١٥٢.

[٢٣٧] (نەخێر شتی وانییە)مان بەرانبەر (کلاّ) وە داناوە، چونکە (کلاّ) لە زمانی عەرەبیدا پێی ئەوترێت (حرف ردع وزجر)و ماناکەشی ئەوەیە (نەخێر شتی وانییە و نابێ وابێتو جارێکی تریش شتی وانەڵێیو نەیکەیت)، خوای

بەڵام ئەوەی کە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ شتی وانەکراوە، لەبەرئەوە بووە خەڵکی لەو کاتەدا ئەوەندەی بەس بووە کە قسەی خێری بۆ بکرێت ئیتر هەڵسوکەوتی خۆی گۆڕیووەو پێویستی بەوە نەبووە ڕاپێچی دادگا بکرێت یان دەوڵەت دەخالەت بکات لەو شتەدا.

بەڵام پاش ئەو سەردەمە، سوڵتان و دادوەر و موحتەسیب[٢٣٨]، مافی ئەوەیان هەبووە کە دەخالەت بکەن لەو شتانەداو ستەم لەسەر ئەو ئاژەڵە لاوازو بێزمانانە هەڵبگرن، هەموو موسڵمانێکیش ئەرکی سەرشانی ئەوەیە کە هەر ستەمێك یان بێسۆزییەکی بینی خێرا بیگۆڕێتو نەیهێڵێت، مافی ئەوەشی هەیە بە ڕاپۆرت بەرزی بکاتەوە بۆ کاربەدەستان تا ئەو ستەمە هەڵبگرنو نەیهێڵن..

ماوەردی گەورە زانا لە (الأحكام السلطانية)دا دەڵێت: "ئەگەر لەناو خاوەن ئاژەڵەکاندا کەسێك هەبوو ئاژەڵی بەکاردەهێنا بۆ شتانێك لە توانایدا نەبوو، کەسی موحتەسیب بۆی هەیە ڕێگەی لێبگرێت و نەیەڵێت".

کاتێك ئیبنو ڕوشد لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (دادگا بڕیار دەدات لایەنگری کۆیلە بکات دژ بە خاوەنەکەی کاتێك کەمتەرخەمی دەکات لە ئەرکەکانیدا بەرانبەر کۆیلەکەی چ جلوبەرگ بێت یان خواردن بێت بە پێچەوانەی ئەوەوە کە لەگەڵ خاوەن ئاژەڵاندا دەکرێت، بۆ ئەمان ئەگەر کەمتەرخەمیشیان کرد تەنیا ئەوەندەیە پێیان دەوترێت لە خوابترسنو ئاژەڵەکانتان تێنوو و برسی مەکەن و دادگا بڕیارنادات بەوەی عەلەفی پێویستیان پێ بدرێت". جا ئەبو عەلی کوڕی ڕەححال لە (شرح

گەورە دەفەرموێ: (..فَيَقُولُ رَبِّي أَهَانَنِ * كَلَّا..). دەڵێت: خوا سووکایەتیم پێدەکات، نەخێر شتی وانییەو نابێت شتی واش بڵێی!. (وەرگێڕ).

[٢٣٨] موحتەسیب ئەو کەسانە بوون کە دەوڵەت دایدەنان بۆ چاودێریکردنی کۆمەڵگەو مافی ئەوەیان هەبووکە (منکر) لە بازاڕ و مزگەوت وقەبرستان و حەمام و شوێنەگشتییەکاندا لابەن، هەر کەسیش لاری ببوایە دەدرایە دادگا، ئەم کارە دەزگایەکی تایبەتی لە دەوڵەتدا بۆ دانرا بوو بە ناوی (دیوان الاحتساب)و لەوێوە بەرنامەی کارەکانیان سەرپەرشتی دەکرا وکەس نیدەتوانی بە ئاشکرا ستەم لە خەڵکی یان لە بێزمانان بکات.(وەرگێڕ).

المختصر) كه مەتنى كتێبێكە هى (خليل)ەو دەقى قسەكانيشى هى (ئيبنو عەبدولبەر) لە كتێبى (الكافى)[٢٣٩]دا، ئەبوعەلى لە (باب النفقات) دا زۆر بە توندى ئەم قسەيەى ئيبنو ڕوشد دەداتە دواوەو دەڵێت: "... بەزەييهاتنەوە بە گياندارانداا چ بۆ سواربوون بێت يان بۆ بارلێنان بێت يەكێكە لە (واجباتە شەرعييەكان) بە پێى سوننەتى پێغەمبەر ﷺ، چونكە گياندارانى بێزمانن و ناتوانن شكاتى حاڵى خۆيان بكەن و فەرموودەش دەفەرموێ: (في كل ذي كبد رطبة أجر) دەى خۆ ئەمە قسەى پێغەمبەرە ﷺ، جا ئەگەر لە چاكەكردندا بەرامبەر گياندارانى خێرت دەست بكەوێت بەدڵنيايىەوە لە خراپ جوڵانەوەشدا بەرانبەريان گوناهت بۆ دەنووسرێت، بۆيە نابێت بارى زياد لە توانای خۆيانيان لێ بنرێت، نابێت بكێشرێت بە دەموچاوياندا، نابێت پشتيان وەك كورسى لێ بكرێت، نابێ زەنگۆڵە بكرێتە ملياندو، نابێت شەو ئيشيان پێ بكرێت مەگەر كاتێك لە ڕۆژدا پشووياں بدرێتێ، حەڵاڵ نييە ئاژەڵ ببەسترێتەوەو ڕێگەى گەڕانو چوونە دەرى لێبگيرێتو خواردنى لێبگيرێتەوەو عەلەفى پێنەدرێت، جا ئيبنو ڕەحمال دەڵێت: ئەو قسەيەى ئيبنو ڕوشد كە دەڵێ: .. ئەگەر كەمتەرخەميشيان كرد... تا كۆتايى قسەكەى، ئەم قسەيەى ئيبنو ڕوشد ئەوە دەخوازێت كە هەر خاوەن وڵاخێك ئەگەر زياد لە توانای ئەو وڵاخە ئيشى پێ كرد يان بارى لێ نا، يان سزايەكى زۆرى هێنايە ڕێگەى بەبێ هيچ سودێك، ئەوە دادگا كارى نييە بەسەرييەوەو داوای لێ ناكا كە دەست لەو كارانە هەڵبگرێت، شتەكە ڕووبەڕووى خۆى دەكاتەوەو تەنيا هەر ئەوەندە هەيە ئامۆژگارى دەكرێتو پێ دەوترێت لەخوا بترسە، دەى ئەمە هەر لە بناغەدا حەڵاڵو دروست نييە، سەرەڕايى ئەوەى كە پێچەوانەى قسەى هەموو خەڵكيشە و پێچەوانەى حەديسەكەى پێغەمبەريشە ﷺ كە دەفەرموێ: (في كل ذي كبد رطبة أجر) ئەبو عومەرم بينى دەيفەرموو: ئەم حەديسە يانى هەركەسێك خراپە لەگەڵ ئاژەڵاندا بكات سزاو گوناهى بۆ دەنووسرێت،

---

[٢٣٩] الكافي في فقه أهل المدينة، ابن عبدالبر، ٦١٥/١.

گوناهیش یەکێکە لە (منکرات)و (منکر)یش پێویستە لابرێتو بگۆڕدرێت... وەك چۆن ئیبنو عەرەفە ئاماژەی پێداوە .. جا ئەگەر خەڵکی هەر ئەوەندەیان بەس بوایە کە کاربەدەست و خەلیفە پێی بووتنایە: لە خوا بترسن لە فلانە شتدا، (ئیتر خراپە نەمایە لەناو خەڵکدا) ئەوکاتە نە (سزا)و نە (کوشتن)و نە (بەندیخانە) و نە تەعزیرات[٢٤٠] پێویست بوو یاسای بۆ دابنرێت[٢٤١] ..

بەم چەند دەقە ڕووناکانەی گواستمانەوە، ڕادەی جوانیو شرینی ئەم یاسا تایبەتانەمان بۆ دەرکەوت کە دانراوە دەربارەی بەزەییهاتنەوە بە ئاژەڵاندا و ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کەموسڵمانان چۆن جوڵاونەتەوە لەگەڵ ئاژەڵاندا و زانا و شەرعزانە موسڵمانەکانیش چ گرنگییەکیان بەم باسە داوە، بۆمان ڕوون بوویەوە کە چەندین سەدە پێش ئەم سەردەمە تازانەو پێش هەموو دونیا و خەڵك، ئێمەی موسڵمان عەقڵمان بەو شتانە شکاوە و زانیومانەو چەندین قۆناغیش لەسەرو شتەکانی ئەوانەوە بووین[٢٤٢]..

ئەمانە هەمووی ڕادەی بێخداری بەها ڕەوشتییەکان و ڕەوشتبەرزی لەناو کۆمەڵگە موسڵمانەکان و لەناو شارستانییەتی ئیسلامی ئێمەدا دووپات دەکاتەوە...

. شایەتیدانی (لۆبۆن) بۆ لایەنی ڕەوشتی (شارستانییەتی ئێمە):

گۆستاڤ لۆبۆنی میژوونووس لە کتێبی (حضارة العرب)دا شایەتی ڕەوشتبەرزیو پێشکەوتنی ڕەوشتی دەدات لای عەرەبەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانیاندا، واتە ئەو ڕۆژگارانەی کە زۆر گەردنگیر بوون بە ئیسلامی ڕاستەقینەوەو بە شوێن پێغەمبەری

---

[٢٤٠] وشەی (یاج)م دانەنا بۆ (تەعزیرات) چونکە (تەعزیر) تەنیا باجی پارەناگرێتەوە و شتی تریش ئەگرێتەوە وەك زیندانیو نەفیکردنو ریسواکردن... هتد وەك لە کتێبە یاساییەکانی ئیسلامدا هاتووە. (وەرگێڕ).

[٢٤١] التراتیب الاداریە ٢/١٥١و ١٥٢.

[٢٤٢] بڕوانە ئەو کتێبەمان بەناوی (مدخل لدراسة الشریعة الاسلامیة)، ص١١٢ تا ١١٨.

ئیسلامدا ﷺ دەڕۆیشتنو چاویان هەر لەو دەکرد، (لۆبۆن) دەڵێت: "ڕەوشتی عەربەکان لە یەکەمین قۆناغەکانیاندا، زۆر ڕاقیتر بوو لە ڕەوشتی هەموو میللەتانی تری دونیا بە گشتی، بەتایبەتی میللەتە نەصرانیەکان، دادپەروەریو میانڕەوی و تەساموحیان بەرانبەر بە میللەتانی دۆڕاو و ئەمەکداریان بۆ پەیمانەکانیان و نەجابەتی سروشتی ناویان، ئەو ڕەوشتانەن کە هەڵوێستە بە مرۆڤ دەکەن و داوای لێدەکەن لێیان بکۆڵێتەوە، چونکە بە پێچەوانەی هەموو میللەتانی دونیاوە بوون، نەخوازەلا میللەتە ئەوروپییەکانی ڕۆژگارەکانی شەڕی خاچپەرستی". [٢٤٣]

قسەکەی لۆبۆن ڕاستە، سەیری ئەو جیاوازییە گەورەیە بکەن کە لە نێوان هەڵسوکەوتی سەلاحەددینو موسڵمانانو خاچپەرستاندا هەبوو، کاتێکدا چوونە قودس بۆ دایگرکردن و سەرکرزکردنی خەڵکەکەی و، کەچی موسڵمانان چوونە قودس بۆ ڕزگارکردنی، لەشەڕی خاچپەرستاندا خەڵک لەناو گۆمی خوێندا مەلەی دەکرد و تا ئەژنۆیان خوێن هەستابوو، زیاد لە شەست هەزار کەسیان کوشت، کەچی لە فتوحاتی ئیسلامیدا لێبوردەییو تەساموح و پاراستنی سەروماڵی خەڵکی ڕەوشتی ئاشکرایان بوو.

خوای گەورەش ڕاست دەفەرموێ: (وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَالَّذِي خَبُثَ لاَ يَخْرُجُ إِلاَّ نَكِداً كَذَلِكَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ) ﴿الأعراف : ٥٨﴾ واتە: زەوی پاک بەروبوومی چاک سەوز دەکات بەویستی خوداو، زەوی خراپیش شتی خراپ نەبێت هیچی تری لێ سەوز نابێت..

---

[٢٤٣] حضارة العرب، ترجمة عادل زعيتر، ٤٣٠.

٤- بەربڵاوی سەماحەتی ئایینی[٢٤٤] لە میژووی ئیمەدا

یەکێك لەو سەروەرییانەی کە تەنیا لە میژووی ئیمەدا هەیە و تەنیا لەناو شارستانییەتی ئیمەدا بوونی هەبووە بریتیە لە بەربڵاوی سەماحەتی ئایینی لەگەڵ ئایینەکانی تردا، لە جوولەکەو گاورەوە بیگرە تا دەگاتە ئاگرپەرستانو هیندۆسەکانو جگە لەوانیش..

ئەمەی دەیڵێین میژوو زۆر بەڕوونی بۆی تۆمار کردووینو میژوونووسان و نووسەرە ئەوروپییەکانو خەڵکانی تریش دانیان پێداناوەو ویژدانیان بە خەرجداوە دەربارەی ئیسلامو دەربارەی موسڵمانانو شارسیتانییەتی ئیسلامییش.

. بناغەی تەساموح لە قورئاندا:

سەیرنییە کە قورئان بنەماکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ ناموسڵمانداندا دابنێت ئەگەر ئەوان بێوەی بنو شەڕیان پێ نەفرۆشن لەبەر دینەکەیان و، لە مااڵو حاڵی خۆیان وەدەریان نەنێنو خەڵکیان لێ هان نەدەنو دەریان نەپەڕێنن، خوای گەورە لە سورەتی (الممتحنه)دا دەفەرموێ: (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) ﴿الممتحنة : ٨﴾ واتە: خوای گەورە ڕێگەی ئەوەتان لێ ناگرێت کە چاکە کار بنو بە دادبجوڵێنەوە لەگەڵ ئەوانەدا کە شەڕتان پێنافرۆشنو لە مااڵو حاڵی خۆتان وەدەرتان نانێن.

---

[٢٤٤] ئەکرا وشەی (چاوپۆشین) یان (ئازادکردن)مان بۆ وشەی (تەساموح) بەکاربهێنایە، بەاڵم وامان بە چاکزانی هەر وشەی سەماحەتی ئایینی بەکارهێنین. (وەرگێڕ).

ئەوە زانراوە کە ئەم ئایەتە دەربارەی خەڵکانی موشریك و بتپەرستان هاتووەتە خوارەوە وەك قوڕەیشو عەرەبەکانی تری وەك ئەوان، خوای گەورە چاکە کردنو بەدادجوولانەوە بەرامبەریان دەکاتە یاسا، بەدادجولانەوە بریتییە لە دادپەروەریو چاکەش بریتییە لە خێر پێکردنیان، دادپەروەریو بەدادجولانەوە ئەوەیە کە داوای شتی ڕەوایان لێ بکەین، چاکەش ئەوەیە لە هەندێ لە مافەکانی خۆت خۆشببیت لەبەر ئەوان. بەدادجولانەوە ئەوەیە کە مافەکانی خۆیانیان بدەینێ، چاکەخوازیش ئەوەیە کە لە سەرو مافەکانی خۆیانەوە شتێکی تری زیادیشیان پێ بدەین.

قورئان کە وشەی (البر) بەکاردێنێت بۆ چۆنێتی هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا مەبەستی ئەوەیە کە خەڵکی بزانێت ئەو وشەیە بۆ پیرۆزترین مافێك بەکاردێت پاش مافەکانی خوای گەورە، ئەویش (برّ الوالدین)ە (چاکە کردن لەگەڵ دایکو باوکدا)، (ئەمە بۆ موشریکەکانو بتپەرستەکان)، بەڵام هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەهلی کیتابدا ئەوە مامەڵەیەکی تایبەتترە لەم مامەڵەیە، ئیسلام بە دروستی دەزانێت کە نانو خۆراکیان بخورێت و ژنو ژنخوازیشیان لەگەڵدا بکرێت، ئەمە ئەوپەڕی سەماحەتی ئایینییە کە ژنی موسڵمان کە هاوەڵی ژیانیەتیو دایکی منداڵەکانیەتی ناموسڵمانە! خزمەکانی ئەم ژنەش دەبنە ماڵە خەزووڕانی و دەبنە باپیرو نەنکو خاڵۆ و پورێ بۆ منداڵەکانی...

قورئان ئەم سەماحەتە بێوێنەیە دووپات دەکاتەوە بەوەی دەیسەلمێنێت کە جیاوازی لە ئایینداً بڕیارێکی گەردوونی خوداییە و ویستی خودا و دانایی خوداش لە یەك جیانابنەوەو پێکەوەن، وەك دەفەرموێت: (وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعاً أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ) (یونس: ۹۹) واتە: ئەگەر پەروەردگاری تۆ بیویستایە بێگومان هەموو خەڵکی سەرزەوی سەراپا دەکردە ئیماندار، ئایا تۆ دەتەوێت زۆر لە خەڵکی بکەیت بۆ ئەوەی ببنە ئیماندار؟!

قورئان ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە بڕیاردان لە نێوان ئایینەکان و جیاکردنەوەیان لە یەکتری دەکەوێتە ڕۆژی قیامەت، خوای گەورە بەپێی دادی خۆی لە قیامەتدا دادگایی لە نێوانیاندا دەکاتو هەریەکەو بە پێی نیازو کاروکردوەوەی خۆی پاداشتی دەداتەوە وەک دەفەرموێ: (وَإِن جَادَلُوكَ فَقُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ * اللَّهُ يَحكُمُ بَينَكُم يَومَ القِيامَةِ فيمَا كُنتُم فيهِ تَختَلِفون) (الحج: ٦٨- ٦٩). واتە: ئەگەر کەوتنە جیدالو موناقەشە لەگەڵتدا، تۆ بڵێ: خوا خۆی لە هەموو کەس باشتر ئاگادارە لە کردەوەکانتان * خودا خۆی حوکمی نێوانتان دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە تێیدا ڕای جیاوازتان هەبووە.

هەروەها قورئان نرخی ئەو سەماحەتە ئایینییە دووپات دەکاتەوە لەگەڵ ئەو بەرانبەرەدا کە ڕای جیاوازیان هەیەو، دێت دادپەروەری لەگەڵ هەموو خەڵکیدا فەرز دەکات، ئیتر ئەو بەرانبەرانەت خۆش بوێت یان ڕقت لێیان بێت، نزیك بن لێتەوە یان دوورین، ئیماندارین یان کافر بن، بەم شێوەیە خودای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّهِ شُهَدَاء بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) (المائدة: ٨) واتە: ئەی خەڵکانی ئیماندار! ببنە خەڵکانێك؛ بۆ خودا هەستن بە شایەتیدانی دادپەروەرانە، ڕقبوونتان لە میللەتێك باواتان لێ نەکات کە دادپەوەر نەبن، دادپەروەر بن، ئەوە باشتر نزیکتان دەکاتەوە لە خواترسان، لە سزای خوداش خۆتان بپارێزن (و ئاگاداربن) بە دڵنیاییەوە خودا ئاگادارە لە هەموو ئەو کارانەی دەیکەن.

کەواتە دروست نییە کە ڕق (شنان) _ کە بریتییە لە ڕقێکی زۆر کە ئەمان یان ئەوان بەرانبەر یەکتری بیانبێت _ وا لە موسڵمان بکات کە لە داد خۆی لا بدات، ئیتر لە بڕیارەکانیدا بێت یان لە شایەتیدانەکانیدا، لە قسەکانیدا بێت یان لە کردارەکانیدا، چونکە ستەم لە تووندترین حەرامەکانی خوایە، جا ئەو ستەمە کافر بیکات یان موسڵمان بیکات، چونکە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە ستەمکارانی خۆش ناوێتو

هیدایەتی خەڵکانی ستەمکاریش نادات‌و کەسی ستەمکاریش هەرگیز سەرکەوتوو نابێت..

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی سەماحەتی ئایینی لە قورئاندا ئەم فەرموودەیەی خودایە کە دەربارەی چاکەکردن لەگەڵ باوک‌و دایکاندا دەیفەرموێت: (وإِن جَاهَدَاكَ عَلَى أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفاً) (لقمان : ١٥) واتە: ئەگەر دایک‌و باوک هەوڵیان لەگەڵتدا دا تا شتێك كە هیچ زانیارییەکت دەربارەی نییە بکەیت بە هاوەڵ بۆ من، (ئا لەوێدا) بە گوێیان مەکەو هەر باش هاوەڵییان بکە لە دونیادا!

سەرباری ئەوەی باوک‌و دایک (فشار) یش بهێنن بۆ منالەکەیان کە قورئان بە شێوەی (جاهداك) تەعبیری لێکردووە _ کە بریتییە لە هەوڵی تا مردن بۆ ئەوەی منالەکەیان لە دین دوورببخەنەوە _ کەچی خوا هەر فەرمان بەوە دەکات بە چاکی هاوەڵێتیان بکات‌و مافەکانیان بپارێزێت با لەو هەوڵەی دەیدەن لەگەڵیدا بە گوێشیان نەکات.

بەڵگەیەکی تری ئەم تەساموحە ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە مەدحی پیاوباش ی تێدا دەکات‌و دەفەرموێ: (وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِيناً وَيَتِيماً وَأَسِيراً) (الإنسان : ٨) واتە: ئەو براو پیاوباشانە ئەوانەن کە لە سەروو حەزی خۆشیانەوە خواردن دەدەن بە هەژاران‌و بێباوکان‌و ئەسیران، دەی خۆ دیارە ئەسیر ئەرکاتە تەنیا بریتی بووە لە ئەسیری موشریکەکان.

بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەم سەماحەتە ئاینییە ئەوەیە کە قورئان بە ڕوونی ئادابی حیوارو مونازەرەکردنی لەگەڵ ئەهلی کیتاب‌و بەرانبەرەکانیدا داناوەو ڕۆشنایی خستووەتە سەر ئەو شتە هاوبەشانەی کە نزیکی دروست دەکات نەك دووری، نەك ئەو خاڵانەی کە جیاوازی و خۆجیاکردنەوە دروست دەکات: وەك دەفەرموێت: (وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ

إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ) (العنكبوت: ٤٦). واتە: موناقەشەو جیدال لەگەڵ خاوەن کتێبەکاندا مەکەن مەگەر بە جوانترین شێوە، ئەوانەیان نەبێت کە ستەم دەکەن و بڵێن: ئێمە بڕوامان بەو خوایە هێناوە کە کتێبی دابەزاندووەتە سەر ئێمەو سەر ئێوەش، خودای ئێمە و خوای ئێوەش هەر یەک خودایەو ئێمەش هەر خۆمان تەسلیمی ئەو خوایە کردووە ! !

تەفسیرزانەکانی قورئان باسی ئەوە دەکەن کە هەندێ لە موسڵمانەکان گومانیان لەو خێرو چاکانە هەبوو کە بەرانبەر بە خزمو کەسوکاری موشریکی خۆت بیکەی مادامێک هەر لەسەر شیرکو بێدینی خۆی سووربێت، (دەیانپرسی) تۆ بۆیی دروست بێت خەرجییان بکێشی یان نا؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە کە ڕوو دەکاتە پێغەمبەرەکەی و پێی دەفەرموێت: (لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَـكِنَّ اللّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلأنفُسِكُمْ وَمَا تُنفِقُونَ إِلاَّ ابْتِغَاء وَجْهِ اللّهِ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ) (البقرة: ٢٧٢) واتە: تۆ ئەرکی سەرشانت ئەوە نییە هەمووان بخەیتە سەر ڕێگەی هیدایەت، بەڵکو ئەوە خودایە هیدایەتی هەرکەسی بوێت هیدایەتی دەدات، هەر خەرجیی و خێرێك دەکەن بۆ خۆتان باشە، هەر خەرجییو خێرێکیش دەکەن لەبەر خاتری خوا بیکەن، هەر خەرجییو خێرێك بکەن بۆتان پاشەکەوت دەکرێتو (سبەی) کەستان ستەمی لێ ناکرێت..

ئەم ئایەتە ئاماژە دەکات کە خەرجییو خێرکردن پێویستە بە دەوری تەوەرەی نێتی پاکو خوداڕازیکردندا بسووڕێتەوە، با ئیتر ئەو کەسەی خەرجییەکەی بۆ دەکرێت خەڵکی موشریکیش بێت، دیارە ئەمە مەبەست بە خەرجی و نەفەقەی سوونەتە نەک زەکاتی فەرز.

. سوونندنەتی پێغەمبەریش ﷺ سەماحەتی ئایینی دووپات دەکاتەوە:

پێغەمبەری ئەکرەمیش ﷺ زۆر بە جوانی ئەم سەماحەتە ئایینییەی جێبەجێ کردووە، کە لەسەر چاکەکردنو دادگەری ڕادەوەستێت، یان لەسەر دادپەروەریو خێر بە یەکتری کردن دادەمەزرێت کە قورئان خۆی بناغەکەی داڕێژاوە لە بابەتی چۆنێتی هەڵسوکەوتکردندا لەگەڵ ئەو ناموسڵمانانەدا کە بێوەینو شەڕنافرۆشن بە موسڵمانان...

ئیمامی بوخاریو موسلیم لە ئەسمائی کچی ئەبوبەکرەوە ڕیوایەت دەکەن کە فەرموویەتی: لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دایکم سەردانی کردین کە هێشتا هەر موشریك بوو، منیش پرسیم لە پێغەمبەر ﷺ دایکم هاتووە بۆ سەردانم و مەیلداریشە (واتە: هەر چاوەڕوانی ئەوە دەکات لە کچەکەی کە هاتوچۆی بکاتو هەڵسوکەوتی باش بێت لەگەڵیدا) دەکرێت هاتوچۆی بکەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (نَعَم صِلِي أُمَّكِ)[٢٤٥]. بەڵێ هاتوچۆی دایکت بکە. ئەم سەماحەتە بەهەمان شێوە لە مامەڵەی پێغەمبەر ﷺ دا دەردەکەوێت لەگەڵ ئەهلی کیتابدا چ گاورەکان و چ جوولەکەکان، ئەوە بوو پێغەمبەر ﷺ هاتوچۆشی دەکردنو ڕێزیشی دەگرتنو چاکەشی بەرانبەر دەکردنو سەردانی نەخۆشەکانیشیانی دەکردو شتی لێوەردەگرتنو شتیشی پێدەدان.

ئیبنو ئیسحاق لە کتێبی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ دا باسی ئەوە دەکات کە شاندی (نەجران) _ کە نەصرانی بوون _ هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە، دوای نوێژی عەسر بۆ لای چوونە مزگەوتەکەی، ئەو کاتە کاتی نوێژی ئەوان بوو، هەستان نوێژەکەیان بکەن لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ هەندێ لە خەڵکی ویستیان

---

[٢٤٥] متفق عليه، كمافي اللؤلؤ والمرجان فيما اتفق عليه الشيخان، ٥٨٧.

بەرگرییان لێ بکەنو نەهێڵن، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لێیان گەڕێن! ئەوەبوو ڕوویان کردە ڕۆژهەڵاتو نوێژەکانیان کرد.[٢٤٦]

ئیبنولقەییمی موجتەهید پاشکۆیەک لەسەر ئەم چیرۆکە دەنووسێت لە خوڕەوشتەکانی پێغەمبەر ﷺ و لە فیقهی ئەم چیرۆکەدا دەڵێت: "دروستە ئەهلی کیتاب بچنە مزگەوتەکانی موسڵمانانەوە... ڕێگەکردنەوە بۆ ئەهلی کیتاب تا بە دیارچاوی موسڵمانانەوە نوێژەکانیان بکەنو لەناو مزگەوتی موسڵمانانیشدا ئەگەر شتێکی کتوپڕی بێت ئاساییە، بەڵام نابێت بهێڵرێت خوو بەوەوە بگرن".[٢٤٧]

ئەبوعوبەید لە کتێبی (الأموال)دا و لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ جارێکیان (صدقە)و خێڕی نارد بۆ بنەماڵەیەکی جوولەکە، کەواتە خێر بۆ ئەوانیش دەشێت.[٢٤٨]

ئیمامی بوخاری لەئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ سەردانی نەخۆشێکی جوولەکەی کردو لەوێش باسی ئیسلامی بۆ کرد، کابرا موسڵمان بوو، کە هاتە دەرەوە دەیفەرموو: (الحمد لله الذي انقذه بي من النار).[٢٤٩]

ئیمامی بوخاری ڕیوایەت دەکات کە پێغەمبەر ﷺ کاتێک مرد قەڵغانەکەی بە ڕەهن دانابوو لای کابرایەکی جوولەکە کە خواردنی بۆ خێزانەکانی هێنابوو لای.[٢٥٠]

خۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەیتوانی قەرز لە هاوەڵەکانی بکات، بەدڵنیاییەوە ئەوانیش دڕێغییان لێ نەدەکرد، بەڵام مەبەستی بوو کە ئوممەتەکەی فێری ئەوە بکات (کە مامەڵە لەگەڵ ناموسڵمانانیشدا دروستەو کارێکی خراپ نییە)!.

---

[٢٤٦] السيرة النبوية، ٣/١١٤.

[٢٤٧] زاد المعاد، ٣/٦٣٨- طبعة الرسالة.

[٢٤٨] الأموال ٩١٣.

[٢٤٩] رواه البخاري ١٢٩٠ من حديث أنس بن مالك.

[٢٥٠] رواه البخاري، ٢٧٥٩ من حديث عائشة.

پێغەمبەری خوا ﷺ دیاری لە ناموسڵمانانیش وەردەگرت، لەشەڕو لە ئاشتیشدا کۆمەکی لەناموسڵمان وەردەگرت، چونکە گرەنتی پشتیوانیکردنیانی وەرگرتبوو، لە شەڕو فرتو فێڵیان نەدەترسا.

جەنازەیەک بە بەردەمیدا تێپەڕی، پێغەمبەر ﷺ هەستایەوە لەبەری، عەرزیان کرد ئەوە جەنازەی کابرایەکی جوولەکەیە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (أليست نفساً)[٢٥١] ئەی مەگەر ئەویش مرۆڤ نییە؟!.

. سەماحەتی صەحابەکان لەگەڵ ناموسڵماناندا: ئەم سەماحەتە ئایینییە بە جوانیش لە هەڵسوکەوتی ئەصحابەکانو تابیعینە بەرێزەکاندا دەردەکەوێت.

عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمان دەردەکات کە مووچەیەکی بەردەوام بۆ کابرایەکی جوولەکە ببڕدرێتەوە بۆ خۆیو بۆ مااڵو منداڵەکەشیو لە (بيت المال) بۆیان خەرج بکرێت، پاشان فەرمووی خوای گەورە دەفەرمووی: (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ) (التوبة : ٦٠) واتە: زەکات تەنیا بۆ هەژارانو کەمدەستان و ... خەرج دەکرێت، دەی ئەم کابرایەش یەکێکە لە کەمدەستانی ئەهلی کیتاب.[٢٥٢]

عومەر بەدەستی یەکێک لە (ئەهلی زیممە) کە ناوی (ئەبو لوئلوئەی مەجوسی) بوو بریندار کرا، کەچی ئەمە وای نەکرد وەسیەت بۆخەلیفەی دوای خۆی نەکات لەو کاتەیدا کە لەسەر جێگەی مردن بوو، ئەوەبوو فەرمووی: (وەسێتم وایە ئەوەی دوای من دەبێت بە خەلیفە دەبێت باش بێت لەگەڵ (ئەهلی زیممە)دا، با بەوەفا بێت

---

[٢٥١] رواه البخاري ١٣١٣، ومسلم ٩٦١ عن قيس بن سعد وسهل بن حنيف.

[٢٥٢] الخراج لأبي يوسف، ص٢٦، سەیری ئەو کتێبەشمان بکە بەناوی (فقه الزكاة: ٢/٧٠٥و ٧٠٦).

بەرانبەر پەیمانەکانیان‌و شەڕیان لەسەر بکات‌و کارێکیان پێ نەسپێرێت کە لە توانایاندا نەبێت).[٢٥٣]

عەبدوللای کوڕی عەمریش وەسێت بۆ غولامەکەی دەکات کە گۆشتی قوربانی بەرێت بۆ دراوسێ جووله‌که‌یان‌و هەموو جارێکیش چەند بارەی دەکاتەوە لێی تا غولامەکەی سەری سوڕدەمێنێت‌و دەحەپەسێت‌و پرسیاری ئەوەی لێدەکات نهێنی ئەم هەموو بەتەنگەوە بوونەی چییە بۆ ئەو دراوسێ جووله‌که‌یەی، ئیبنو عەمریش دەفەرموێ: چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (ما زالَ جبريلُ يُوصيني بِالجارِ حتَى ظَنَنتُ أنَّهُ سيُوَرِّثُهُ).[٢٥٤] واتە: بەردەوام جوبرەئیل ئەوەندە وەسێتی بۆ دەکردم کە باش بم لەگەڵ دەروجیراندا، تا گومانم وا برد کە دراوسێ میرات لە دراوسێکەی دەبات.

دایکی حارسی کوڕی ڕەبیعە کە ئافرەتێکی نەصرانی بوو، وەفاتی کرد، صەحابەکانی پێغەمبەر ﷺ دوای جەنازەکەی کەوتن و بردیان بۆ سەر قەبران).[٢٥٥]

. سەماحەتی پێشەواکان‌و فەقیهەکان:

هەندێ لە تابیعینە گەورەکان (ئیجتیهادیان کردبوو) کە لە سەرفیترە بەشێك دادەنرێت بۆ ڕاهیبەکانی نەصارا و هیچ گوناهێکیان لەوەدا شك نەدەبرد، تەنانەت هەندێکیشیان وەك عەکریمەو ئیبن سیرین‌و زوهری ئەوەش هەر بە دروست دەزانن کە لە زەکاتیش بەشیان بدرێت.

---

[٢٥٣] أخرجه البخاري ٢٨٨٧، ويحيى بن آدم في الخراج ص٧٤، والبيهقي في السنن، ٢٠٦/٦ باب الوصاة بأهل الكتاب.

[٢٥٤] القصة رواها أبوداود في كتاب الادب من سننه ٥١٥١، والترمذي في البرّ والصلة، ٩٤٣ والبخاري في الادب المفرد رقم ١٢٨ أما الحديث المرفوع فهو متفق عليه.

[٢٥٥] ذكر ذلك ابن حزم في (المحلّى): ١١٧/٥.

ئیبنو ئەبی شەیبە لە جابیری کوڕی زەیدەوە دەگێڕێتەوە کە پرسیاری لێ کرا، ئایا (صدقە)و خێر بۆ کێو کێ دەشێت؟ فەرمووی: بۆ کەمدەستانی موسڵمانانو... بۆ ئەهلی زیممەیش..).[٢٥٦]

(قاضي عياض)یش لە کتێبی (ترتيب المدارك)دا دەڵێت: "دارەقوتنی دەگێڕێتەود کە قاضي ئیسماعیلی کوڕی ئیسحاق،[٢٥٧] کاتێك کە عەبدونی کوڕی صاعدی نەصرانی _ کە وەزیری خەلیفە معتضید باللەی عەببباسی بوو _ هاتە لای هەستایەوەوە لەبەری و زۆر بەخێرهاتنی کرد، بەڵام بینی ئەو موسڵمانانەی کە لەوێ بوونو ئاگاییان لەم کارەی قاضي بوو ناوچایان دابەیەکدا، کە وەزیر ڕۆیشتە دەرەوە قاضي ئیسماعیل وتی: ئاگام لێتان بوو کە ناوچاوتان دابەیەکدا و پێتان ناخۆش بوو، بەڵام خۆ خوای گەورە دەفەرموێ: (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) (الممتحنة :٨) دەی ئەم پیاوەش کاروبارو پێویستییەکانی موسڵمانان هەڵدەسووڕێنێتەو باڵوێزی نێوان ئێمە و موعتضدە... ئەم کارەش بەشێکە لە چاکەکردن (البرّ).[٢٥٨]

ئەم هەڵوێستە (بەرگریکردن لە ئەهلی زیممە) پاش تابعین ڕۆشنتر لە هەڵوێستی زۆربەی پێشەوایان و فیقهزانەکاندا دەردەکەوێت کە مالّو ناموسیان وەك مالّو ناموسی موسڵمانان سەیر دەکەنو ئێمەش پێشتر بۆ نموونە باسی هەڵوێستی ئیمامی ئەوزاعیو ئیمامی ئیبنو تەیمییەمان کرد.[٢٥٩]

---

[٢٥٦] مصنف إبن أبي شيبة، ١٠٤٠٩، هەروەها بڕوانە (فقه الزكاة) سەرچاوەی پێشووتر.

[٢٥٧] یەکێکە لە زانا گەورەکانی ناو مالیکییەکانو ماوەیەکیش لە بەغداد دادوەر بووە ، لە ساڵی ٢٨٢ کۆچییدا وەفاتی کردووە، بۆ ژیاننامەکەی بڕوانە (ترتيب المدارك: ١٦٦/٣) ط، دار الحياة، تحقيق أحمد بكر.

[٢٥٨] سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٤.

[٢٥٩] لەم کتێبەداو لە پێشتردا دکتۆر یوسف القرضاوي باسی ئەمەی نەکردووە، خوا زاناترە پێدەچێ مەبەستی ئەوەبێت پێشتر لە (فقه الزكاة)ەکەیدا ئەو باسەی کردبێتو لە کاتی ئەم نووسینەدا خەیاڵی لەوێ بووبێ... (وەرگێڕ).

مێژوونووسان دەگێڕنەوە کە "قازان"ی پاشا و سەرکردەی تەتارەکان کاتێک کە پەلاماری (دیمەشق)ی دا لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی کۆچیو سەرەتای سەدەی هەشتەمدا ژمارەیەکی زۆر ئەسیری لە موسڵمانان گرتو لەناو ئەو ئەسیرانەشدا هەندێ گاور و جوولەکەی تێدا بوو، شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمییە لەگەڵ هەندێ لە زانایاندا چوون بۆ لای ئەم "قازان"ەو داوایان لێ کرد کە ئەسیرەکان بەرەڵا بکات، "قازان" داواکەی بۆ ئەسیرە موسڵمانەکان لێ قەبوڵ کردنو بۆ ئەسیرە گاور و جوولەکەکان قەبوولی نەکرد، بەڵام ئیبنو تەیمییە بەمە پازی نەبوو، وازی لێ نەهێنا تا هەموو ئەو ئەسیرانەی ئەهلی زیممەشی پێ بەرەڵا کرد وەک ئەسیرە موسڵمانەکان، ئیبنو تەیمییە دەیفەرموو بە "قازان": (إنّ لهم ما لنا وعليهم ما علينا وذلك حكم الاسلام).[٢٦٠] واتە: هەموو مافەکانی ئێمەیان هەیەو هەموو ئەرکەکانی ئێمەشیان لەسەرەو ئەمە بڕیاری ئیسلامە.

ئەم باسەش بە چەند قسەیەکی نورانی کۆتایی دێنین کە هی پێشەوای ئوسوڵیو فەقیە و لێکۆڵەری گەورە (شیهابەدین قەڕاڤی)یە، کە ڕاڤەی مانای (البرّ) دەکات، ئەوە (البرّ)ەی کە خوای گەورە فەرمانی پێدەکات موسڵمانان ئەنجامی بدەن بەرانبەر بە ناموسڵمانان، جا باسی هەندێ لە جۆرەکانی ئەو چاکانە دەکاتو دەڵێت: پێویستە نەرمونیانی بنوێنرێت بەرانبەر بەلاوازەکانیان، کەموکوڕی هەژارەکانیان چارەسەر بکرێتو برسیەکانیان تێر بکرێن و ڕووتەکانیان پۆشتە بکرێنو بەنەرمونیانی قسەیان لەگەڵدا بکرێتو بە شێوازی لوتفو سۆز لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکرێت، نەک بەشێوازی ترساندنو سەرکزکردنیان، پێویستە زەحمەتی دراوسێتیشیان قەبوڵ بکرێت _ هەرچەندە ئەگەر بشتوانرێت ئەو زەحمەتە نەهێڵرێت _ تا بزانن ئێمە بە لوتفین لەگەڵیاندا، نە لێیان .دەترسینو

---

[٢٦٠] شرح السير الكبير، طبعة الجامعة العربية، ١٠٨/١، هەروەها بڕوانە: (إحكام الذميين)ی عبدالكريم زيدان، ص٤٧٤.

نەتەماعێکیشمان پێیان هەیە، پێویستە دوعای هیدایەتیان بۆ بکەینو داوا بکەین لە خوا کە کامەرانیان بکاتو دەبێت لە هەموو کارەکانیاندا دڵسۆزبین بۆیان، ئەو کارانە کاروباری ئایینی بێت یان دونیای بێت، پێویستە لە پاشملە ڕێزو حورمەتیان بپارێزین ئەگەر کەسێك بەنیاز بوو ئازارێکیان بۆ دروست بکات، هەروەها پێویستە کە ماڵو منداڵو ناموسیان و هەموو مافو بەرژەوەندییەکانیان بپارێزنو پشتیوانییان لێ بکرێت بۆئەوەی هەر ستەمێکیان کەوتە سەر لەسەریان لایبەرینو دەستیان بگەیەنینە هەموو مافە ڕەواکانی خۆیان... هتد.[٢٦١]

. بەویژدانەکانی ڕۆژئاواش دان بەمەدا دەنێن:

زۆرێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە واناسراون کە کەسانی بابەتیو بەویژدانن لە نووسینەکانیاندا زۆر دێن بەشانوبالّی ئەم تەساموحە ئایینییەدا کە موسڵمانان هەیانبووە لە کاتێکدا ئەمەیان لەلای خاوەن ئایینییەکانی تر نەبینیووە.

یەکێك لەو ڕۆژهەڵاتناسە ناودارانە بریتییە لە "تۆماس ئارنۆڵد" کە ئەمەی لە کتێبەکەیدا کە ناوی (الدعوة الی الاسلام)ە بە ڕۆشنی باس کردووە و بەڵگەی مێژوویی زۆریشی بۆ هێناوەتەوە لە سەدان ڕووداوەوە کە لە وڵاتانی جیاجیا و سەردەمانی جیاجیا و سەرچاوەی جیاجیای زۆرەوە کۆی کردووەتەوە، کە هەموویان بەڵگەی قسەبڕن لەسەر ئەو تەساموحەی کە موسڵمانان هەیانبووە بەرانبەر بە ئەوانەی لەگەڵیاندا جیاواز بوون.

د.حسن ابراهیم حسن و دوو هاوڕێکەی ئەم کتێبەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیو زۆر وەسفی ئەو هەوڵە زانستییە گەورەیەی ئەم پیاوە دەکەن کە کێشاویەتی، هەروەها وەسفی ئەو ڕەوشتی وێژدان بەخەرجدانەی دەکەن کە لە کاتی

---

[٢٦١] الفروق ٣/١٠٥.

نووسینی ئەم کتێبە گەورەیەدا[٢٦٢] نواندوویەتی کە پەردەی لەسەر ئەو هەموو ڕاستییە لاداوە[٢٦٣]..

یەکێکی تر لەو کەسە بە ویژدانانەی ڕۆژئاوا بریتییە لە مێژوونووس و فەیلەسووفی کۆمەڵایەتی فەرەنسایی (گۆستاڤ لۆبۆن)، کە ئەویش سەرنجی خەڵکی زۆر بۆ ئەو سەماحەتە ڕادەکێشێت لە کتێبەکەیدا (حضارة العرب)، یەکێك لەو قسانەی لەوێدا دەیکات ئەوەیە: وەك بینیمان ئایەتەکانی قورئان کە باسمان کردن لە پێشەوە و تەساموحی موحەممەد لەگەڵ جوولەکەو گاوروودا ئەوپەڕی شتێکی گەورەیە، چونکە هیچ یەکێك لەوانەی ئایینییان دامەزراندووە _ وەك ئایینی جوولەکە و نەصارا بەتایبەتی _ شتی لەو جۆرانەیان نەوتووە، پاش کەمێکی تریش باسی ئەوە دەکەین کە چۆن خەلیفەکانیشی لەسەر هەمان ڕێباز دەڕۆیشتن بەڕێوە، هەندێ لە زانا خانەگومانەکانی ئەوروپا یان ئەو کەمە بەئیمانەی کە هەنو زۆر لە مێژووی عەرەب وورد دەبنەوە دان بەم سەماحەتە زۆرەدا دەنێن، ئەم چەند دەستەواژانەی خوارەوە جێ لە کتێبی زۆربەیان دەیچنم ئەوە دەردەخەن کە ئەم بیروڕایەی ئێمە تەنها تایبەت نییە بە خۆمانەوە.

ڕۆبرتسۆن لە کتێبەکەیدا (تأريخ شارلكن)دا دەڵێ: تەنیا موسڵمانەکان بوون کە توانییان غیرەتو دڵسۆزی بۆ ئایینەکەیان لەلایەك و گیانی تەساموح بەرانبەر بە شوێنکەوتەکانی ئایینەکانی تر لەلایەکی تردەوە، کۆبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەمیشە شمشێریان بەشانەوەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان کەچی هەرکەسێك

---

[٢٦٢] لە دەقە عەرەبییەکەیدا دەڵێ: (وهو يكتب هذا السفر) لە زمانی کوردییدا (سیفر) بەو کتێبە گەورەیە دەوترێت کە ڕاستی زۆری تێدا ڕوون بکرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: (كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَاراً) واتە ئەوانەی چوونەتە ژێر ئەرکەکانی تەورات‌و جێبەجێ ناکەن وەك گوێدرێژێك وایە کە کۆمەڵێك کتێبی گەورە گەورەی پڕ لە ڕاستی هەڵگرتبێت، کە دیارە هیچ سوودێکی لێوەرناگرێت. (وەرگێڕ).

[٢٦٣] بڕوانە: پێشەکی وەرگێڕانەکەی دکتۆر حسن ابراهیم حسن و هەردوو هاوڕێکەی بۆ کتێبی (الدعوة الى الاسلام) لە نووسینی تۆماس ئارنۆڵد.

حەزی لە ئایینەکەیان نەبوایە وازیان لێ دەهێنا و ئازاد بوو لەوەی دەست بە ڕێنماییەکانی ئایینەکەی خۆیەوە بگرێت".

"میشود"یش لە کتێبەکەیدا (تاریخ الحروب الصلیبیه) دا دەڵێ: ئەو قورئانەی کە فەرمان بە جیهاد کردن دەدات، سەماحەتی هەیە لەگەڵ شوێنکەوتەکانی ئایینەکانی تردا، باتیریاك و ڕاهیب و خزمەتکارەکانیان هەموو دەبەخشێت لە باجدان، موحەممەد کوشتنی ڕاهیبی بە حەرام لە قەڵەمداوە، چونکە خەریکی عیبادەتکردنن، عومەری کوری خەتتابیش دەستی نەبرد بۆ هیچ گاورێك کە قودسی فەتح کرد، کەچی خاچپەرستەکان کە چوونە ناو قودس بێبەزەییانە موسڵمانەکانیان هەموو سەربڕی و جوولەکەکانیان ئاگر تێبەردا!".

میشۆدی ڕاهیب لە کتێبەکەیدا (رحلة دینیة في الشرق) دەڵێ: "جێگەی داخە کە گەلانی نەصرانی لە موسڵمانانەوە فێری "تەساموح" نابن، کە بەڕاستی نیشانەی گەورەیی چاکەخوازیە لە نێوان گشت میللەتاندا، کە بتوانی ڕێز لە بیروباوەڕی خەڵکانی تر بگری و بیروباوەڕێکی دیاریکراو بەزۆرو زەبر نەدەی بەکۆڵیاندا".[٢٦٤]

پاش ئەمەی باسمان کرد خراپ نییە کە لاپەڕەیەکی تازە زیاد بکەم دەربارەی مامەڵەی موسڵمانان لەگەڵ "ئەهلی زیممە"دا لە هەردوو سەردەمی (ئومەوی)و (عەبباسی)دا، تا زیاتر بڕوامان قاییم ببێت بەو سەماحەتەی ئیسلام و تەساموحەی موسڵمانان بوویانە لە مێژوودا... هەرچەندە لە پێشەوە ئەوەندە باسی تەساموحی هەردوو خەلیفە ڕاشیدینەکەمان کرد، پێویستی بەم باسەی تر نەماوە و هەر ئەوە بەسە.

. تەساموح لە سەردەمی ئومەوییەکاندا: بۆ سەردەمی ئومەوییەکان هەر ئەوەندە بە پێویست دەزانم کە چەند دێڕێك لە کتێبی (قصة الحضارة)ی "ول دیورانت" بگوازمەوە کە دەڵێت: "بەدڵنیاییەوە ئەهلی زیممە، چ مەسیحییەکانو چ

---

[٢٦٤] حضارة العرب: پەراوێزی لاپەڕە (١٢٨).

زەردەشتییەکانو چ جوولەکەو صابیئەکان لەسەردەمی خیلافەتی ئومەویدا، بەپلەیەك سوودیان لە تەساموحی ئایینی وەردەگرت تەنانەت لەم رۆژانەشدا نموونەی لەو شێوانە لە ولاتە مەسیحییەکانیشدا نادۆزینەوە، هەموو ئەوانە تەواوی ئازادییان هەبوو لە پەیڕەویکردنیاندا لە ئایینەکانیان، هەموو خاوەن کڵێساو خاوەن عیبادەتی تایبەتی خۆیان بوون، زیاد لەوەی کە بەرگێکی تایبەت بە خۆیان (کەهەیانبوو) بیپۆشن هیچی تریان فەرز نەکرد لەسەریان، سالانەیەکیشیان خستە سەر شوێنێکەوتەی ئەو ئایینانە، کە هەر کەسەو بەپێی داهاتی خۆی بوو، کە ئەمپەڕی دینارێك و ئەوپەڕی چوار دینار بوو، ئەو باجە تەنیا لەسەر ئەو ناموسڵمانانە دادەنرا کە توانای چەکهەڵگرتنیان هەبوو، لە کاتێکدا کە ڕاهیبەکانو ئافرەتانو کوڕانێك کە هێشتا باڵغ نەبوونو کۆیلەکانو پیرەکانو پەککەوتەکانو کوێرو زۆر هەژارەکان _ ئەمانە هەموو _ بەر ئەو باجە نەدەکەوتن!

لەبەرانبەر ئەم باجەدا زیممیەکان لە خزمەتی سەربازی عەفو دەکران، یان ئەگەر دەتەوێت بڵێ: هەر وەرنەدەگیرانو ئەو زەکاتەش کە بە فەرز لە موسڵمانەکان دەسەنرا کە ڕێژەی لە سەدا دووندیوی داهاتی سالانەیان بوو کەچی لەسەر ئەمان فەرز نەدەکرا،[٢٦٥] دیسان لەبری ئەو باجەدا ئەرکی پاراستنیان دەکەوتە سەر حکومەت، شایەتیدانیان لێ وەرنەدەگیرا لە دادگا ئیسلامییەکاندا، بەڵام بۆ خۆیان خودموختارییەکیان هەبوو کە گوێڕایەڵی گەورەکانی خۆیانیان دەکردو ملیان بۆ دادگاو دادوەرییەکانی خۆیان دەدا[٢٦٦]..

---

[٢٦٥] زەکات لەسەر داهاتی سالانە دانانرێت بەڵکو لەسەر سەرمایەی ئیشپێکراو و ئەو قازنجەی کە داهات بە دەستی دێنێت دادەنرێت، وەك زەکاتی (پارە)و (بازرگانی)، یان هەندێ زەکاتی تر کە ئەخرێتە سەر بەربووەمی کشتوکاڵی (١٠٪) بۆ زەوی دێم و لە (٥٪) بۆ زەوی بەراو وەك لە فیقهی ئیسلامییدا بە درێژی باس کراوە. بۆزیاتر زانیاری لەبارەی زەکاتەوە، دەتوانیت بگەڕێتەوە بۆ (فقه الزكاة) ی خۆمان(هی د.یوسف خۆیەتی).

[٢٦٦] قصة الحضارة، ١٣/١٣١.

. تەساموح لەسەردەمی عەبباسییەکاندا: بەڵام سەبارەت بە سەردەمی عەبباسییەکان کە سەردەمی گەشەسەندنی شارستانییەتی ئیسلامی و ڕێوشوێنی باش بوو بۆ ئەهلی زیممە، دیسان لە بری زەحمەتی ئێمە لە قسەکردن لەو باسەدا چەند لاپەڕەیەکی تر لە کتێبی (الاسلام وأهل الذمة) دەگوازینەوە کە دکتۆر خەربوتلی نووسیەتی، بۆیەش ئەم کتێبە هەڵدەبژێرین، چونکە پشتی بە سەرچاوە سەرەکییە مێژوویییەکان بەستووە، یان لە نووسینی ڕۆژهەڵاتناسان خۆیان قسەکانی وەرگرتووە.. (خەربوتلی) دەڵێ: "لەسەردەمی عەبباسیەکاندا پیاوی گەورەی زۆر لەناو ئەهلی زیممەدا هەڵکەوتن وەک (جەرجیسی کوڕی بەختەیەشوع) کە دکتۆری تایبەتی خەلیفەی عەبباسی ئەبوجەعفەری مەنصور بوو، خەلیفەِ متمانەی خۆی دایەو ڕێزی زۆری لێنا و.. یەکێکی تر لەوانە: جوبرائیلی کوڕی بەختەیەشوع بوو کە دکتۆری تایبەتی هارونە ڕەشید بوو، هارونە ڕەشید دەربارەی ئەمە دەڵێت: هەر کەسێک هەر ئیشێکی بە من هەیە با قسە لەگەڵ جوبرائیلدا بکات، چونکە ئەو هەرچیم لێ داوا بکات و هەرچی داوا بکات دەیدەمێ!!

مووچەی مانگانەی دکتۆر بریتیی بووە لە (دە هەزار درهەم) ... هەروەها یەکێکی تر لەوانە (ماسەوەیهی) بووە کە هارونە ڕەشید سالانە هەزار درهەمی پێدەدا و هەموو سالێکیش دیارییەکی بیست هەزاری بۆ دەنارد".

"تریتۆن"[٢٦٧] یش زۆر وەسفی سەماحەتی موسڵمانان دەکات و دەڵێت: "نووسەرە موسڵمانەکان زۆر بە ڕێزەوە باسی چاکەی ئەو کەسانە دەکەن کە لە سەر دینەکەی ئەوانیش نەبن، بەڕادەیەک ئەم ڕەوشتە ڕەچاو دەکەن بۆ نموونە حەنینی کوڕی ئیسحاق بەسەرداری پزیشکانی سەردەمی خۆی دەدەنە قەڵەمو هیبەتوڵڵای کوڕی تیلمیز بە "هیپۆکرات"ی سەردەمی خۆیو جالینۆسی زەمانە دەزانن.

---

[٢٦٧] ص ١٤٥ـ ١٤٧.

بەختەیەشوعی کوڕی جوبرائیل لەناو نازو نیعمەتی خەلیفە موتەوەکیلدا دەهاتو دەچوو، تا ئەو سنوورەی شانبەشانی خەلیفە بوو لە جلوبەرگو خۆشگوزەرانیو مالّزۆریو پیاوەتی کردن و بۆنی خۆشو کەنیزەکو کۆیلەداریبدا".

کە "سەلمەوەیهی" نەخۆش کەوت، موعتەصیم کوڕەکەی خۆی نارد بۆ سەردانیکردنی، کە مردیش فەرمانی کرد جەنازەکەی بهێنرێتە کۆشکی خیلافەتو ڕێوڕەسمی نەصاراکانی بۆ بکرێتو نوێژی خۆیانو مۆمو بوخوڕی بۆ بسوتێنرێتو ئەو ڕۆژە موعتەصیم تا ئێوارە نانی نەخوارد!

یوحەننای کوڕی ماسەوەیهیش لە سەردەمی هارونە ڕەشیدەوە تا سەردەمی خەلیفە موتەوەکیل هەر لە کۆشکی خیلافەتدا خزمەتی دەکردو هەرگیز لەسەر سفرەی ئەوان غائیب نەدەبوو، ئەوانیش بەبێ ئەو هەرگیز نانیان نەدەخوارد، بەوشێوەیە وای لێهاتبوو لە نێوان ئەو و خەلیفە موتەوەکیلدا هیچ ڕەسمیاتێك نەمابوو، خەلیفە زۆر نەرمونیانی و شۆخی لەگەڵدا دەکرد، لە نێوان ئەهلی زیممەدا زۆر زاناش لەبواری ئەدەبو هونەردا هەڵکەوتن، "تریتۆن" دەڵێ: پەیوەندی نێوان عەرەبو ژێردەستەکانیان لەبواری ئەدەبو هونەردا پەیوندییەکی زۆر خۆشو پاك بوو، لەسەر بناغەی خۆشەویستی دامەزرابوو بەتایبەتی لەسەدەی یەکەمو دووهەمی کۆچییدا، هەرئەوە نا، بەڵکو ئەم خۆشەویستیو یەکترویستنە درێژەی کێشا بۆ دوای ئەم سەردەمەشو حکومەت چەندین ئەندازیارو کرێکاری ناموسڵمانیشی پێگەیاند.

ئەم مێژوونووسە دەڵێت: زۆر کەس لە زیممییەکان لەسەردەستی مامۆستای موسڵمان و فەقیهزانی موسڵمانانداوانەیان دەخوێند، لەو کەسانە حەنینی کوڕی ئیسحاقە کە دەرسی لای خەلیلی کوڕی ئەحمەدی (فەراهیدی) و (سیبویە)دا دەخوێند کە لە پاشاندا بوو بەیەکێك لەوانەی کە قسەی دەیخوارد لە بواری (عەرەبیی)دا.[٢٦٨]

---

[٢٦٨] الاصفهاني: الأغاني (١٣٦/٨) پەراوێزەکەی.

یەحیای کوڕی عەدی کوڕی حەمید کە زاناترینو شارەزاترین کەسی سەردەمی خۆی بوو لە _ منطق _ دا، قوتابی (فارابی) بوو.

(سابیتی کوڕی قورەرە)یش لەسەر دەستی عەلی کوڕی وەلید دا _ کە یەکێك بوو لە زانایانی موعتەزیلە

– خوێندنی تەواو کردووە، کابرایەکی دەستوخەتخۆش بوو، دەستێکی بالای لە ئەدەبدا هەبوو، کتێبو دانراوەکانی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم کابرایە خاوەنی ئەندێشەیەکی زۆر قوڵو مەعریفەیەکی بەهێزەو زۆریشی نەبرد ئەوە بوو بوویە موسڵمانو ئیسلامی قەبوڵ کرد).[٢٦٩]

تریتۆنی مێژوونووس نموونەیەك دەهێنێتەوە بۆ بوونی (ئەساموح)ی عەبباسییەکان لەگەڵ ئەهلی زیممەدا دەڵێ: "دەکرێ ئیبراهیمی کوڕی هیلال بکەینە نموونە بۆئەوەی تا چەندێك خەڵکی زیممی دەتوانێت بەرەو پلە بەرزەکانی دەوڵەت بڕوات، ئیبراهیم کاری گەورە گەورەی زۆری گرتە دەستو شاعیران زۆریان پێدا هەڵدەدا، عزالدولە (بەختیاری کوڕی موعیززولدەولە)[٢٧٠]ی بوویەهییەکان وەزارەتی خستە بەردەستیو بەڵێنی دایە بیکاتە وەزیر بەو مەرجەی موسڵمان ببێت، ئەو نەیکرد، ئیبراهیمی کوڕی هیلال بەینی زۆر خۆش بوو لەگەڵ موسڵمانەکاندا، پیاوێکی دەست و دەمپاك بوو ،[٢٧١] لە نێوان ئەو و "ئیسماعیلی کوڕی عوببباد"و "شەریفی رەضي"دا نامە گۆڕینەوەی بەردەوام و سەردانیکردن هەبوو، هەرچەندە

---

[٢٦٩] ابن أبي أصبيعيه: طبقات الاطباء (١/١٨٥).

[٢٧٠] دەسەلاتدارێك بوو بڕەوی بە مەزهەبی شیعەگرایی دەدا، زەهەبی لە (سير أعلام النبلاء: ١٦/٩٠)دا دەڵێ: (لەسەرەمەرگدا تەوبەی کردو پەزاو پەحمەتی بۆ صەحابە دەناردو کەوتە خێرو کێلە ئازادکردن و عارەق ڕژاندنو پەشیمان بوویەوە لەو زوڵمو زۆرەی کە کۆن کردبوونیو میراتی هەموو ئەوانەی گێڕابۆوە کە خزمو خوێشی بوون لێیان داگیر کرابوو، لە ڕەبیعی دووەمی ساڵی ٣٥٦ی کۆچیدا وەفاتی کرد). (وەرگێڕ).

[٢٧١] عەرەبیەکەی ئەڵێ: (عفيفاً في مذهبه) ئێمە ئەوەمان بە بەرانبەریەوە دانا (وەرگێڕ).

ئایینەکانیشیان جیاواز بوو، ئیبراهیم یەکێکیش بوو لەو کەسانەی کە هەموو قورئانی لەبەر بوو". [٢٧٢]

نووسەرە موسڵمانەکان گرنگی باشیان بە ئایینەکانو مەزهەبەکان دەدا، ئیبنوحەزمی ئەندەلوسی (٤٥٦ك - ١٠٦٤ز) شارەزاییەکی تەواوی لە ئینجیل و لاهوتی مەسیحیدا هەبوو، ئیبن خەلدون لە ئینجیلو سیستەمەکانی کڵێسادا شارەزایی زۆری هەبوو، لە (المقدمة)کەیدا باسی هەندێك لەو سیستەمانە دەکات، قەلقەشەندی ئەوە بە مەرج دەگرێت کە نووسەر دەبێت شارەزایی لە جەژنەکانی ئەهلی زیممەدا هەبێت، "مەقریزی"یش باسێکی دوورو درێژی جەژنەکانی نەصاراو جوولەکە دەکاتو باسی دەستەو تاقمە جیاوازەکانی نێوانیان دەکاتو باسی ناوی هەموو باترياکەکانی ئەسکەندەرییە دەکات ، چ قەزوێنیو چ مەسعودی، باسی هەموو تائیفەو تاقمەکانی ناو ئەهلی زیممە دەکەن، ئێمە لە کتێبی (التنبیه والاشراف)ی مەسعودییدا ئەمانە بە ڕوونی دەبینین.

تریتۆن دان بە سەماحەتی کاربەدەستە موسڵمانەکانیشدا دەنێتو دەڵێت: "هەڵسوکەوتی کاربەدەستە موسڵمانەکان لەگەڵ زیمەییەکاندا لە زۆر کاتدا لەو یاسایانە چاکتریش بوو کە بڕیار بوو بە سەریاندا جێبەجێ بکرێت، بەڵگەی لەوە باشتریش نییە کە ئەو هەموو کڵێسایانەیان بۆ دروست کردوون و ئەو هەموو خانەیان دروست کردبوو بۆ خودا پەرستی بەتایبەتی لە شارە عەرەبییەکاندا، دیوانێك نەبوو لە دیوانەکانی دەوڵەت[٢٧٣] ئیشکەرێکی گاور یان جوولەکەی تێدا نەبووبێت، نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە هەندێ کاتدا ترسناکترینو بەرزترین پلەشیان لە دەوڵەتدا پێ دەدرا، بەو بۆنەیەشەوە سەروەتو سامانێکی زۆریان خڕ دەکردەوەو تا دەهات سامانیان

---

[٢٧٢] وفیات الاعیان، ابن خلکان.

[٢٧٣] دیوان وشەیەکی فارسییە لە پێچینەداو مەبەست بەو شوێنانەیە کە زانیارییان تێدا تۆمار دەکرا وەك (دیوانی جوند)و (دیوانی خەلیفە)و (دیوانی وەقف)، ئێستا وشەی (فەرمانگە) لەبەرانبەریدا دادەنرێت.. (وەرگێڕ).

زیادی دەکرد، بە هەمان شێوە لای موسڵمانەکانیش بووبووە شتێکی سروشتی بەشداربیکردن لە بۆنەو جەژنەکانی مەسیحییەکاندا).[٢٧٤]

. هەندێ لە شتە جوانەکانی شارستانییەتی ئێمە:

ئەم بەشە بەوە کۆتایی پێدێنین کە ئەوەی دکتۆرو زانای گەورە موستەفا سباعی (بەڕەحمەت بێت) دەربارەی تەساموحی موسڵمانان باسی کردووە لە کتێبەکەیدا (من روائع حضارتنا) لێرەدا دەنووسینەوە، پاش ئەوەی کە باسی هەندێ ڕووداو و هەڵوێست دەکات کە شایەتی دەدەن بۆ بوونی ئەو تەساموحە جوانەی کە لە مێژووی ئەم ئوممەتەدا هەبووە، دێتە سەر ئەوەو دەفەرموێ: "لە پاشاندا، بەدڵنیاییەوە تەساموحی ئایینی لەناو شارستانییەتی ئێمەدا بەشێوەیەکە نموونەی لە سەردەمە پێشووەکاندا نییە، هەموو مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان ئەوانەی ڕێز لە ڕاستییەکان دەگرن لەسەر ئەم تەساموحە یەک دەنگن و زۆریشی پێدا هەڵدەدەن.

میستر "درایبر"ی ئەمریکی بەناوبانگ دەڵێ: موسڵمانە پێشینەکانی سەردەمی خەلیفەکان تەنیا هەر ئەوە نەبوو کە ڕێزی خەڵکانی زانستخوازی ناو نەصارا نەسطوریەکان و جوولەکەکانیان دەگرت، بەڵکو چەندین کاری گەورە گەورەیان پێ دەسپاردنو پلە بەرزەکانی دەوڵەتیان پێ دەدان، تەنانەت هارونە ڕەشید، حەننای کوڕی ماسەویهی کردبوو بە سەرپەرشتیاری هەموو قوتابخانەکان، (لەو سەردەمانەدا) سەیری ئەوە نەدەکرا خەڵکی چ شوێنێکی و سەر بە چ دینێکی، تاکە پێوەر ئەوەبوو چەندێك شارەزای زانستو مەعریفەی!!

(ولز)ی مێژوونووسی بەناوبانگی هاوچەرخ لە سەرەتای تۆێژینەوەکەیدا دەربارەی ئیسلام دەڵێ: "ئیسلام چەند سیستەمو بنەمایەکی زۆر گەورەی دامەزراند کە مامەڵەی دادپەروەرانەو بەڕێزانەی پێ بکرێت، هەر ئەو بنەمایانە گیانی

---

[٢٧٤] أهل الذمة في الاسلام، ص٢٥٦.

بەخشندەیی‌و سەماحەتیان کرد بە بەر خەڵکیدا، لە ڕاستییدا ئەو سیستەمو بنامایانە تا بڵێی سیفەتی مرۆییان تێدایەو لە توانادا هەیە جێبەجێ بکرێتو ئەو سیستەمانە توانییان کۆمەڵێك مرۆڤی وا دروست بکەن کە بێبەش بن لە دڵڕەقی و ستەمی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگەکانی تری پێش ئەمان تیایدا خنکابوون".

لەسەر ئەوە دەڕوات تا لەوەسفی ئیسلامدا دەڵێ: ".. بەڕاستی ئیسلام پڕە لە گیانی نەرمونیانی‌و سەماحەت‌و برایەتی".

بەڕێز[٢٧٥] "مارك سایس"یش لە وەسفی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی لە سەردەمی هارونە ڕەشیددا دەڵێ: "لەو سەردەمەدا مەسیحییەکان‌و بتپەرستەکان‌و جوولەکەو موسڵمانەکانیش هەموو شانبەشانی یەکتری خزمەتی ئەو حکومەتەیان دەکرد.

"تریتۆن"یش دەڵێ: "دین هیچ دەستی وەرنەدەدا لە کاروباری شاعیران‌و گۆرانیبێژان".

"لیفی بروتستال" لە کتێبی (إسبانیا الإسلامیة في القرن العاشر)دا دەڵێ: "ئەو کەسانەی کە پەیماننامەکانی ئەهلی زیممەیان دەنووسی زۆربەیان نەصرانی یان یەهودی بوون، ئەم کارانە لەو کارانە بوون کە هەر بە گاورو جوولەکە دەسپێردران، جاری واش بوو چەندین کاری کارگێڕی و سەربازیشیان لە هەڵسوڕاندنی دەوڵەتدا پێ دەدرا، جوولەکەی وا بوو وەك نوێنەری خەلیفە(باڵوێز) سەردانی دەوڵەتی ئەوروپاییە ڕۆژئاواییەکانی دەکرد".

"پینۆ"ش دەربارەی شەڕەکانی عەرەب لە فەڕەنسا و سویسراو ئیتالیا و جەزائیری دەریای ناوەڕاستدا، دەڵێت: "موسڵمانەکان لە تەواوی شارەکانی

---

[٢٧٥] : لە عەرەبییەکەدا د. یوسف (السیر)ی بەکارهێناوە و م.ئیکرامیش هەروەکو خۆی داینناوەتەوە، ئیتر نازانم هەردووکیان ماناکەیان نەزانیووە بۆیە هەروەکو خۆی دایاننناوەتەوە یان وایانزانیووە کە هەموو کەسێك ماناکەی دەزانێت وەك ئەوەی پێشو "میستر درایبر"، بەڵام وشەکە ئینگلیزییە (Sir) و بەواتای بەڕێز یان گەورە دێت...(ڕێناس)

ئەندەلوسدا مامەڵەی جوانیان لەگەڵ نەصاراکاندا دەکرد، هەروەها نەصاراکانیش هەستی موسڵمانانیان ڕادەگرتو، بە بەخەتەنەکردنی منداڵەکانیانو، نەخواردنی گۆشتی بەراز".

"ئارنۆڵد" یش کە باسی مەزهەبە ئایینییەکانی ناو مەسیحیەت دەکات، دەڵێ: "... بەڵام بنەماکانی تەساموحی ئیسلامی ئەو جۆرە کارانەی حەرام دەکرد کە زوڵمو زۆری تێدا بوایە، نەك ئەوە بەڵکو موسڵمانەکان تەواو پێچەوانەی ئەو کارانە بوون؛ ئەوەتا بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ کاتێك درێغییان لەوەدا نەدەکرد، لەگەڵ هاوڵاتییە ناموسڵمانەکانیاندا مامەڵەی دادپەوەرانەیان دەکردو بەیەك چاو بۆیان دەڕوانین، نموونە لەسەر ئەمەش: کاتێك فەتحی میصر کرا، یەعقوبییەکان ئەوەیان بە هەل زانی کە بێزەنتییەکان دەسەڵاتیان نەماوە، یەکسەر پەلاماری کڵێساکانی ئەرسەزۆسکەکانیان دا و تاڵانیان کردن، بەڵام موسڵمانەکان هەموو کەلوپەلەکانیان بۆ وەرگرتنەوەو دایانەوە بە خاوەنە شەرعییەکانی خۆیان، پاش ئەوەی کە ئەرسەزۆسێکان بەڵگەیان هێنا کە ئەوانە سامانی ئەوانن"... ئەگەر سەیری ئەو تەساموحە بکەین کە بەم شێوەیە بەرانبەر بە هاوڵاتییە مەسیحیەکانی موسڵمانان کرابێت لە سەرەتای دەسەڵاتی ئیسلامدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو بیرۆکەیەی کە بڵاوەو دەوترێت : شمشێر هۆکاری ئەوە بووە کە خەڵکی ڕوو بکەنە ئیسلامو موسڵمان بێن، تا بڵێی بیرۆکەیەکی دوورە لە ڕاستییەوە..

ئێمە کە درێژە بەم باسی تەساموحە ئایینییە دەدەین لە شارستانییەتەکەماندا و بەڵگەی زۆریشی بۆ دێنینەوە هۆکەی ئەوەیە دەمانەوێت بوختانی ئەو ڕۆژئاواییە ڕەگەزپەرستانە دەربخەین دەربارەی مێژووەکەمان، کە دەڵێن: گوایە ئێمە خەڵکانێکی دڵڕەق بووینو بە زۆر خەڵکمان هێناوەتە ناو ئایینو مامەڵەمان لەگەڵ ناموسڵمانەکاندا زۆر سەرکوتکەرانەو داپڵۆسێنەرانە بووە، (بەڕای من) بۆ خۆیان وا باشە ئەو دەرگایە نەکەنەوە لەسەر خۆیان، چونکە ئیشە ئابڕووبەرەکانیان _ کە لە

ڕەگەزپەرستییەکی ئایینییەوە سەرچاوەی گرتووە _ دژ بە موسڵمانان لە پەلامارە خاچپەرستییەکاندا و لە ئیسپانیا و لەم سەردەمە تازانەشدا مایەی ئەوەیە کە لە شەڕو خەجاڵەتیدا سەریان کز بکەن، نەک هەر ئەمە بەڵکو کارە ئابڕووبەرەکانیان دەربارەی هاودینەکانی خۆشیان بەڕادەیەکە کە هیچ توێژەرێکی مێژوو ناتوانێت نکوڵی لێ بکات، ئەوەش قەسابخانەکانی کاسۆلیکو پرۆتستانتەکان بوو، بەتایبەت قەسابخانەی (سانت بارتلمی)، هەروەها ئەو شەڕانەی کە پاپا بەڕپای دەکردن دژ بە نەیارەکانی لە گەلانی ئەورووپا، ئەی کارەساتەکانی دادگاکانی پشکنین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.... ئەمانە هەموو بەڵگەگەلێکن کە ڕۆژئاواییەکان ناتوانن نکوڵی لێ بکەنو بەڵگەشن لەسەر ئەوەی کە ئەم ڕۆژئاواییانە لە هەموو کەس زیاتر دەمارگیرو ڕقاوین بەرانبەر بە نەیارەکانیان ئیتر لە بیروڕا دا بێت یان لە ئایینداً بێت، با هەموو کوڕی یەک میللەتیش بن، ئەم ڕاستییانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەوان تەساموحی ئایینییان هەر نەزانیووە بەدرێژایی مێژووی کۆنیانو تا ئەمڕۆش هەر ئەو ڕەگەزپەرستییە ئایینییە کوێرانە دژ بە موسڵمانان ئاراستەیان دەکات، بەڵام لە ژێر پەردەیەکی تەنکی سیاسەتو داگیرکارییدا...

وا بە باش دەزانین بۆ کۆتایی هێنان بەم باسی سەماحەتە ئێمە و ئەو ڕەگەزپەرستییەی ئەوان شایەتی یەکێك لە حەبرە[٢٧٦] نەصرانییەکان بهێنینەوە کە بە کەسێکی لاگیر تۆمەتبار ناکرێت... بەتریرەکی ئەنتاکی (میخائیلی گەورە) کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی دوازدەدا ژیاوە واتە لەو ڕۆژگارانەدا کە کلێساکانی ڕۆژهەڵات بۆ زیاتر لە پێنج سەدە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا بوون، ئەم میخائیلە باسی تەساموحی موسڵمانانو چەوسانەوەی ڕۆمەکان دەکات بۆ کلێسا ڕۆژهەڵاتییەکانو دەڵێت: "ئا ئەمە ئەو هۆیەیە کە خوای تۆڵەسێن کە هێزو جەبەروت هەر لە لای ئەوەو، ئەوە دەوڵەتی مرۆڤەکان هەرچۆن خۆی بیەوێت

---

[٢٧٦] : حبر : یانی حاخام، زانا، سەرگەورەی مەسیحییەکان...(ڕێناس)

هەڵیدەسووڕێنێت، دەوڵەت دەداتە دەست هەرکەسێك کە بیەوێتو کە ویستی کەسی هیچیش بەرز دەکاتەوە، جا کە خوا بینی ڕۆمەکان دەستیان داوەتە خراپەکاریو بەهێزی خۆیاندا دەیاننازێ، هەموو کڵێساکانیان تاڵان کردو ماڵەکانیان ڕووت کردینەوەو هەرچییان تێدا بوو بردیانو سزاو تاڵاویان زۆر بێڕەحمانەو بێسۆزانە دەڕشت بەسەرماندا، خوای گەورە نەوەکانی ئیسماعیل (واتە عەرەبەکان)ی لە باشوورەوە (واتە دوورگەی عەرەبی) نارد بۆ ئەوەی لەسەر دەستی ئەواندا ئێمە لە ژێر چنگی ڕۆمەکان دەربهێنێت، لە ڕاستیدا ئێمە ئەگەر زەرەرێکیشمان کردبێت بەهۆی ئەوەی کە کڵێسا کاسۆلیکییەکانیان لێ سەندبینەوەو دابێتیان بە خەڵکی (خلقدونیە)، لە بندەستی ئەواندا هەر مانەوە، بەڵام کاتێك کە شارەکان کەوتنە دەست عەرەبەکان هاتن هەموو ئەوانەی کە کڵێسایان لێ داگیر کرابوو پێیان دانەوەوە، ئەو کاتە ئێمە کڵێسای گەورەی "حیمص" و "کڵێسای حۆران"مان داگیر کرا بوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ڕزگاربوونمان لە دڵڕەقیو ئازارو تووڕەیی بێسنوورو ئارەزووی توندوتیژی ڕۆمەکان دڕ بە ئێمە دەستکەوتێکی ئاسان نەبوو، بەهەمان شێوە ئەوەش کەم نەبوو بۆ ئێمە کە کەوتینە ناو خۆشیو ئاشتییەوە".

باشە تۆش لەگەڵ منداد نیت لەو قسەیەدا کە گۆستاف لۆبۆن دەیکاتو دەڵێ: "هەموو میللەتانی دونیا ڕۆژێك لە ڕۆژان نە فاتیحێکی بەسۆزو و خاوەن سەماحەتی وەك عەرەبەکانیان ناسیووە، نە دینێکی پڕ سەماحەتی وەك دینەکەی ئەوانیشیان ناسیووە". ئەم قسەیەی گۆستاڤ لۆبۆن وێژدان بەخەرجدانە بۆ ڕاستی پێش ئەوەی وێژدان بەخەرجدان بێت بۆ موسڵمانان.[٢٧٧]

---

[٢٧٧] من روائع حضارتنا/ الدكتور مصطفي السباعي. ١٣١- ١٣٥.

٥- توانای ئیسلام له بڵاوبوونەوەی بەشێوەی ئاشتی

یەکێکی تر لە سەروەرییەکانی مێژوومان ئەوەیە: کە مێژوو توانای خێرا بڵاوبوونەوەی ئیسلامی بۆ تۆمار کردووین، ئەوەی تۆمار کردووە کە میللەتان پۆل پۆل بەکەمترین بانگهێشت هاتوونەتە ناو ئەم ئایینەوە، هەرچەندە ئەوانەش کە بەو بانگەوازە هەستاون خەڵکانی پسپۆڕو شارەزاش نەبووبن لە شێوازی تەبشیرکردنداو کەسانێکیش نەبوون کە خۆیان یەکلاکردبێتەوە بۆ ئەو کارە !..

نهێنی ئەم خێرا بڵاوبوونەوەیەش ئەوەیە : ئەم ئایینە چ بیروڕاکانی و چ عیبادەتو پەرستشەکانیو چ ڕەوشتو یاسا مەدەنییەکانی چەند شتێکی گرنگی تێدایە وەک : گونجاوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا، لەگەڵ عەقڵیدا، دەروونەکان پاک دەکاتەوە، ڕۆحەکان بڵند ڕادەگرێت، لەشو جەستە تەندروست دەکات، خێزان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کۆمەڵگە تووندوتۆڵ دەکات، دادگەری ڕادەگرێت، بەرژەوەندی دەستەبەر دەکاتو زیانەکان لە مرۆڤ دووردەخاتەوەو گیانی خێرکردن لەناو خەڵکدا بڵاودەکاتەوەو خراپەکاری قەدەغە دەکات _ ئەوەندەی بتوانێت _ .

دیارترینو گەورەترین شتی ناو ئەم ئایینە ئەوەیە کە بیروڕاکانی (عقائد) ساناو ئاسانن‌و ناڕۆشنیو گرێو گۆتاڵو شتی دژ بەیەکی تێدا نییە، سروشتی ساغی هەموو کەسێك وەریدەگرێت و عەقڵی لار و خواریش نەبێت هەموو عەقڵێکی تر دەیانسەلمێنێت.

کەواتە سەیر نییە ئەم ئایینی ئیسلامە وەک گزنگی بەیان بڵاوبێتەوەو ئاسۆ هەموو بگرێتو تاریکایی ڕاو بنێتو، ئەو ڕووناکییە دڵەکانو چاوەکان ڕووناك بکاتەوەو هەموو خەڵکی و هەموو وڵاتان پێشوازیی لێ بکەن.

ئەوەی خەڵکی هێنایە ناو ئایینی ئیسلامەوە بریتی نەبوو لە (شمشێر) وەک چۆن هەندێ لە ناحەزانی ئیسلام بوختانی بۆ دەکەن، ڕاستە؛ پێدەچێت شمشێر زەوییەک بگرێتو داگیری بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت دڵێك داگیر بکاتو هیدایەتی تێدا دروست بکات.

نەک هەرئەوە، بەڵکو مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی حەز لە ئایینێك ذکات کە بە زۆری شمشێر بدرێت بەسەریدا، ئیسلامییش هەر خۆی دڕ بەوە دەوەستێتەوە کە زۆر لە خەڵك بکرێت بۆ وەرگرتنی ئیمان، لە ئایەتە مەککییەکانی قورئاندا خوای گەورە ڕوو دەکاتە پێغەمبەرەکەی‌و دەفەرموێ: (أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ) (یونس : ٩٩). واتە: ئەرێ تۆ زۆر لە خەڵکی دەکەی تا بێن و ببنە ئیماندار؟

لە ئایەتە مەدەنییەکانی قورئانیشدا بەهەمان شێوە خوای گەورە دەفەرموێ: (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ) (البقرة : ٢٥٦). واتە: زۆرکردن لە ئایینداا نییە، چونکە بە دڵنیاییەوە ڕاستی و نەفامی لێك جیاکراونەتەوەو ڕۆشن بوونەتەوە.

نەک هەر ئەمانە بەڵکو قورئان نرخ بۆ ئیمانێك دانانێت کە خاوەنەکەی بە حەزو هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆی وەرینەگرتبێت، ئەو ئیمانە دەبێت هیچ لەکەیەکی بە هۆی فشار یان زۆرلێکردنەوە تێدا دروست نەبووبێت، هەر بۆیە خوای گەورە ئەو ئیمانەی فیرعەونی قەبووڵ نەبوو کە هێنای لە کاتێکدا کە خەریك بوو دەخنکا وەک دەفەرموێ: (حَتَّى إِذَا أَدْرَكَهُ الْغَرَقُ قَالَ آمَنتُ أَنَّهُ لا إِلـهَ إِلاَّ الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ وَأَنَاْ مِنَ الْمُسْلِمِينَ) (یونس : ٩٠). ئەوەبوو خوای گەورە وەڵامی دایەوە و فەرمووی: (آلآنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ) (یونس : ٩١). واتە: فیرعەون لەسەر گەندڵی‌و بێدینی بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی کە خنکان ملی گرتو هاواری کرد و وتی: بڕوام بەو خوایە هێنا کە بەنی ئیسرائیلییەکان بڕوایان پێی هەیەو ئەوە منیش یەکێکم لە موسڵمانان... خوای گەورەش فەرمووی: ئا ئێستا (ئیمان دێنیت؟) کە

بێگومان پێش ئەم حاڵەتەت خەریکی بێگوێیو یاخییبوون بوویت، (نەخێر) تۆ یەکێکی لە گەندەڵان!

خوای گەورە لە بارەی هەندێ میللەتی درۆهەڵبەستەوە کە سزا داباریووەتە سەریان دەفەرموێت: (فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ * فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا) (غافر: ٨٤ ـ ٨٥) . واتە: کاتێك سزای دونیایی ئێمەیان بینی وتیان: بڕوامان بە تاکو تەنیایی خوا هێنا و کافربووین بە هەموو ئەو شتانەی کردبوومان بە هاوەڵی خوا * بەڵام ئەو ئیمانە هیچ کەڵکیان ناگرێت لەو کاتەدا کە سزای ئێمە دێتە سەریان.

لە ڕاستیدا سانایی ڕێنماییە ئیسلامییەکان و بەرزی ئاکاری موسڵمانان، ئەو دوو شتە ڕێگەیان خۆش کرد بۆ ئەوەی میللەتانی دونیا بێنە ناو ئیسلام نەك شمشێر ئەو کارەی کردبێت وەك بوختانچییەکان دەیڵێن.

. بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە هۆی شتە باشەکانیو بەهۆی ئەو هێزەی لە خودی خۆیدا هەیە:

مێژوونووسی ناودار دکتۆر "حسن مؤنس" کتێبێکی نووسیوە بەناوی (الاسلام الفاتح)، باسی کتێبەکەی دەکاتو دەڵێ: ئەمە تۆێژینەوەیەکە لە مێژووی ئەو وڵاتانەی کە ئیسلام فەتحی کردوون لە ڕێگەی شتە جوانەکانیو هێزە زاتییەکەیەوە، بۆ فەتحی ئەو وڵاتانە نە ئەسپو نە سوپای بەکارنەهێناوە، جا نووسەر یەك بەیەك باسی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەو وڵاتانەدا دەکات و باسی سەرەتای چوونە ژوورەوەی ئیسلام بۆ ئەو وڵاتانە دەکات، هەرچی گومان هەیە نایهێڵێتو قسەی هەموو ئەوانەش دەداتە دواوە کە وادەزانن موسڵمانان بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینەکەیان هێزیان بەکارهێناوە، دکتۆر مؤنس (بەڕەحمەت بێت) دەڵێ: "لەسەردەمانی پێشوو موسڵمانان سیاسەتێکی داڕێژراویان نەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام، کە چەند کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ بێنو لەسەر بەرنامەیەکی پێشوەخت دەست بە

بڵاوکردنەوەی ئیسلام بکەن، وەک چۆن نەصرانیەت لە پێی بەرنامەیەک دینەکەیان بڵاودەکەنەوە، بۆ نموونە ئێمە دەبینین کە بابەوییەتی کاسۆلیکی‌و هەموو ئەو ڕێکخراوە کەهەنوتیانەش کە هەن وەک: فەرنشەسکی و دۆمۆنیکی‌و جزوێتی‌و هەروەها هەموو ئەو دەستە و شاندە پرۆتستانتیانەی کە ئامادە دەکرێن بۆ کاری تەبشیر، دەیانهێنن لە پەیمانگای تایبەت بەو کارە باش پەروەردەیان دەکەن و پارەی زۆریان بۆ تەرخان دەکەن و پاشان دەیاننێرن بۆ وڵاتە دوورەکان تا خەڵکی بانگ بکەن بۆ لای ئایینەکەیان بە شێوازێکی زانستی داڕێژرا و کە هەوڵ دەدەن قەناعەت بە خەڵکی بکەن، ئەوەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرەو پێویستە خەڵکی ئەم عەقیدەیە وەربگرن، جاری وا هەیە ئەم کارە دەگاتە ئەوەی کە ئەو مژدەبەخشانە(مبشر) بە تەواوەتی واز لە دونیا بهێنن‌و بەیەکجاری یەکلابینەوە بۆ ئەو کارە، ئەم حاڵەتەش هەندێجار بە ڕوونی لەناو ئەو ڕاهیبە مەسیحی‌و بوزییانەدا دەبینرێت.

لە ئیسلامدا شتی وانابنین لەم سەردەمە تازانەدا نەبێت، ئەویش وەک کاردانەوەیەک بوو بۆ ئەو تەوژمە تەبشیرییەی ناموسڵمانان خستوویانەتە کار، چار نەما لەبەردەم موسڵمانەکاندا ئەوەنەبێت ئەوانیش هەستن بە ڕێکخستنی کاری بانگەوازی‌و پێگەیاندنی پیاوانی بە توانای بۆ ئەوکارە، لەمە بەدەربێت، ئیسلام خۆی بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی خۆی! ئیسلام خۆی خەڵکی بەرەو خۆی بانگ کردووەو دڵی خەڵکی کەمەندکێش کردووە، ئەو خەڵکەش کە موسڵمان بووە دڵی لە ئیسلام خۆی چووەو پێی سەرسام بووەو ئیسلامی کردووە بەو ڕێگایەی کە لێوەی ڕەحمەت‌و هیدایەتی خوایی پێ دەست بخات.

یەکێک لەو شتانەی کە چاو ڕادەگرێت و داوای توێژینەوەی لێ دەکات ئەوەیە کە ئەو هێزەی لە خودی ئیسلام خۆیدا هەیە پەکی هەموو ڕێکخراوە تەبشیرییەکانی خستووەو ئەوەی سەلماندووە کە ئەو هێزە زاتییە زۆر کاریگەرترو بەکارترە لە ئەو

هەموو پارەو مالّەی کە خەڵکی تر بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکانیان خەرجی دەکەن، ئیسلام بەو شێوەیە بڵاوبوویەوەو تا دەهات مەودای فراوانتر دەبوو، خودبەخود میللەت دوای میللەت دەهاتنە ناوی هەر ئەوەندەی کە بانگەوازی ئیسلامیان پێ دەگەیشت... وای لێهاتبوو، عەرەبە موسڵمانەکان کە وڵات دوای وڵات فەتحیان دەکرد ئیسلامیان دەخستە بەردەستی خەڵکی و ئیتر وازیان لێ دەهێنان خۆیان لێی وردببنەوە، تا لەسەرخۆ قەناعەتیان بە شتە مرۆییەو باشەکانی ئیسلام بۆ دروست دەبێت، ئەمە وای کردووە لە هەندێ کە ڕقیان لە عەرەبە موسڵمانەکانە بڵێن: موسڵمانە عەرەبەکان[٢٧٨] مەبەستیان بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان نەبووە، بەڵکو جزیەوەرگرتن لە لایان زۆر لە ئیسلام خۆشەویستتر بوو!!... شتی تر لەو شێوەیە زۆر دەبینی کە دوژمنانی ئەم میللەتە ئیسلامییە لە کتێبەکانیاندا دەینووسن و بڵاوی دەکەنەوە.

ئەم شێوازە یانی ئەوە نا کە عەرەبە موسڵمانەکان لە خەمی بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا نەبوون، بەڵکو ئەوە پەیڕەوی کردن بووە لە شێوازی بانگەوازی ئەو سەردەمە سەرەتاییە کە ئەویش ئەوە بوو: ئایین بخەیتە بەردەستی خەڵکی خۆی و ئیتر وازی لێ بهێنی و ئازادی بکەی، تا خواویستی لە هیدایەتدانی کێ هەبوو هیدایەتی بدات.

یەکێك لەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی لە وڵاتی میصرو ئەندەلوسدا ڕوویان دا ئەوە بوو ئەم شێوازە باشترین شێواز بوو کە وای کرد خەڵکی بە لێشاو ڕووبکەنە ئیسلام، چونکە پێشتر وا فێر کرابوون کە هەرکەس دەسەڵاتی پەیدا کردبێت بەسەر وڵاتدا زۆر

---

[٢٧٨] لە کوردستانی خۆماندا هەندێ نووسەری گوماناوی هەن دەستەواژەی ناشیرینی زۆر بەکاردێنن وەك "شەڕی عەرەبەکان بۆ ئایین نەبووە بۆ غەنیمەت بووە" یان ئەڵێ: "تەماع و قیرسمچەیی عەرەبە موسڵمانەکان لەبەدەستهێنانی دەستکەوتدا بەڕادەیەك بوو لە هەندێ شەڕدا دژ بە ئامۆژگارییەکانی خودی پێغەمبەریش دەجوڵانەوە" ئێمە بە درێژی وەڵامی ئەم بوختانانەمان داوەتەوە لە کتێبی (ئیسلامناسی یان ئیسلامنەناسی..)ی ژمارە (٢٣)ی پرۆژەی تیشکدا ...(وەرگێڕ)

لەسەر ئەوە مکوڕی کردووە کە خەڵکی بباتە ناو دینەکەی خۆی، ئەی باشە هۆی چییە ئەم عەربە موسڵمانانە زۆر لە خەڵك ناکەن بۆ ئەوە بچێتە ناو ئیسلامو هێز بەکارناهێنن بۆ ئەو مەبەستە؟! لە کاتێکدا کە پیاوانی هەردوو دەوڵەتی ڕۆمانو ڕۆم هێزیان بەکاردەهێنا بۆ ئەو مەبەستە؟!

"یولوج" کە ڕاهیبێکی قورتوبییەو زۆر ڕقی لە ئیسلامە، دەڵێت: "یەکێك لە فێڵو تەڵەکەبازیی عەربە موسڵمانەکان ئەوەبوو وایان پیشان دەدا کە گرنگی بەوە نادەن خەڵك ڕوو بکەنە ئیسلام، کە ئەمە وای کرد لە خەڵکی دڵیان لێ بدا بۆ ئەو ئیسلامە و بگەڕێن و بزانن ئیسلام چییە؟! تا لەوە تێبگەن بۆچی ئیسلام لەناو عەربەکاندا هاتووەتە خوارەوەو لەناو خەڵکانی تردا نەهاتووتە خوارەوە، بۆیە خەڵکی بەردەوام بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕان و پرسیاریان دەربارەی ئیسلام دەکردو بۆ تەفسیرەکەی دەگەڕان تا وای لێ هات بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن هەموو موسڵمان بوون".

یوحەننا نەقبوسی ڕاهیبی قیبتیش بەهەمان شێوە قسەیەکی بەم شێوەی (یولوج)ی هەیە و زۆر داخ بۆ ئەوە دەخوات کە عەرەبەکان پەنایان بۆ هێز نەبرد بۆ سەپاندنی ئیسلام، چونکە ئەگەر وایان بکردایە ئەوە قیبتییەکان زیاتر دەستیان بە عەقیدەی خۆیانەوە دەگرت لە عینادیداو، هەرواشە خەڵکی ئەو شتەی ناوێت بەزۆر بەسەریدا بسەپێنرێت، هەربۆیە ئیسلام ئەم ڕێگە ئاسانو سانایەی دۆزییەوە بۆ چوونە ناو دڵان لە میصرو لە ئەندەلوسدا.

تۆ کە هەوڵی ئەوە دەدەی بکۆڵیتەوە لەوە چۆن چۆنی ئەقباتەکانی میسر موسڵمان بوون کە لە هەموو کەس زیاتر بە عەقیدەی خۆیانەوە گەردنگیر بوون، بەڕادەیەك کۆمەڵ دوای کۆمەڵ شەهید دەکران لەسەر دەستی سەرسەختەکانی ڕۆماندا بۆ نمونە (دەقلدیانوس)و یان لەسەر دەستی سەرکەشەکانی ڕۆم لە نموونەی (قیرس)دا، بۆ ئەم پرسیارە هیچ وەڵامێکت دەست ناکەوێت، چونکە پرۆسەی چوونە

ناو ئیسلام لەم دوو ولاتەدا _ میصر و ئەندەلوس _ زۆر بە هێمنیو لەسەرخۆیی دەچوو بەڕێوە: عەقیدەی ئیسلامی وەك جۆگەلەئاو نرا لەدڵی خەڵکەکە وەك چۆن ئاو دەنرێت لە زەوی کشتوکاڵو پاش ماوەیەك سەوز هەڵدەگەڕێتو دەیکاتە بەروبووم بە مۆڵەتی پەروەردگاری.

لە ولاتی (مەغریب)یشدا خیلەکانی (بەربەر) سەرسامی ئەو هەموو جوانییە بوون لە ئیمانی یەکێکی وەکو (عوقبەی کوڕی نافیع)و هاوەڵەکانیدا، ئەو پیاوە کەسێکی ناوازەو هەڵکەوتەیە لە بواری خۆیدا، دەروونی خۆی پێشکەشی ئیسلام کردبوو، بەهەر سەرۆك خێڵێك دەگەیشت؛ دەیدواندو بانگی دەکرد بۆ لای ئیسلام خێرا باوەشی بۆ ئیمان دەکردەوە و بۆئەوەی بەشانازییەوە ببێتە ئەندامێکی میللەتەکەی عوقبەو پاش ئەمیش هەموو خێڵەکەی بەشوێنیدا دەڕۆیشتن.

یەکێك لەو دەرگایانەی کە ئیسلام لێوەی دەچێتە ناو دڵان برتییە لە ئەو ساکاریو سەماحەتو مرۆڤدۆستییە کە هەیەتی، ئیسلام دڵئارامیو خەیاڵراحەتی دەداتە شوێنکەوتەکانی، دەرگایەکی فراوانو گەورە دەخاتە سەرپشت بۆیان کە لێوەی لێبوردەییو ئومێدو پاداشتی ئاخیرەت ببینن، کە هەموو ئەمانەیان دەست دەکەوێت بەبێ هیچ بەرانبەرێك، کەچی لە ئایینەکانی تردا چەندین باجی دارایی و دیاری و قوربانی سەربڕینو گوێلەمشتبوونی ڕوهبانو قەشەکانی لەسەر فەرز دەکرێتو چاودێری دەخرێتە سەر و سزا دەدرێت و بێبەش دەکرێت لە نازو نیعمەتەکانی خوا بە بڕیارێك... هیچ شتێك لەمانە لەناو ئیسلامدا بوونیان نییە، ئالێرەوەیە کە دەرگای چوونە ناو دڵان ساناو ئاسان دەبێت بۆ ئیسلامەتی..

خۆ ڕێچکەکانی تری ئیسلام ئەوە ئیتر لە هەموو زەویدا پەلی هاویشتووە، بە دڵنیاییەوە ئیسلام بە ڕێگەی وشکانی و بە ڕێگەی دەریاییو بە ڕێگەی شەڕ و بە ڕێگەی ئاشتیش هەموو شاخو دۆڵێکی بڕیوەو ئەوەندەی ڕێگەو ڕێچکە دۆزیوەتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی کە بە خەیاڵی کەسدا نەهاتووە، تەنانەت کافرانیش بەشداربوون لە

بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا، لە نێوان ڕۆژهەڵاتناساندا پیاوێك هەیە _ کە پاش کەمێك باسی لێوە دەکەین _ ئامۆژگاری حکومەتەکەی خۆی وا دەکات کە لێبگەڕین با ئیسلام بەناو خەڵکدا بڵاوببێتەوەو خەڵکی سەرقاڵ ببن پێوەی و واز لە بازرگانی و پارە بهێنن بۆئەوەی هۆڵەندییەکان سەری تێ بکەن، سەیر ئەوەیە حکومەتیش ئەم پێشنیارەی ئەو جێبەجێ دەکات!

ئیسلام هەموو گۆڕەپانەکانی لە ئەندەنوسیادا گرتەوە، بەڕادەیەك کایەکانی ژیانی هەموو تەنی، جارێکیان شتێك ڕوویدا، ئەوەبوو خێڵێك لە خێڵەکانی (وەنقارە) لە ڕۆژئاوای ئەفریقادا لە داخی خێڵە دراوسێکانیان بوونە موسڵمان، کە موسڵمان بوون کەوتنە ناو کامەرانیو خێروخۆشییەوە بۆیە خێڵە دوژمنەکەی بەرانبەریشیان هاتنو موسڵمان بوون! _ بەهۆی خێری ئەم دوژمنایەتییەوە کە پاشان بوو بە برایەتی و هاوڕێیەتی _ ئیسلام توانی دوو سەد کیلۆمەتر جەنگەڵستانە ئیستیوائییەکان ببڕێت کە خەڵکی تر زۆر بە زەحمەت نەبێت ناتوانێت ئەو جەنگەڵستانانە ببڕێت، ئەم خێڵە _ کە (وەنقارەئایا)ی پێ دەوترێت _ بەسەرەتای خێڵەکانی داهۆمی دەبژێرێت کە لەم ڕۆژگارەدا چەندین دکتۆرو ئەندازیارو مامۆستاو دادوەریان تێدا هەڵکەوتووە، ئەم خێڵە هاتنە ناو ئیسلام بێ ئەوەی بزانن خوا چ بەختێکی بۆ نووسیوون کە لە ڕێگەی ئەم دینەوە دەستیان دەکەوێت...

. ئیسلام ئاییننێکی بڵدارە!

بەکورتی: گەورەترین بانگخوازی ئیسلام، خودی ئیسلام خۆیەتی، عەقیدەو شەریعەتی ئیسلام ئەوەندە شتی جوانی لەخۆی گرتووە، وا لە خەڵکی دەکات کە زۆر سوورین لەسەر ئەوەی کە بچنە ناو ئەو شتە جوانانەوە، پاش ئەمەش ئیسلام هەموو شتێك دەدات بەو کەسەی دێتە ناویو هیچی لێ ناسەنرێت، مرۆڤ لە ئیسلامدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خوای گەورەوە دەست دەکەوێتو ڕێگەی چوون بۆ لای

ئەو دەدۆزێتەوەو هەموو ڕۆژێ پێنج جار لە بەردەمیدا ڕادەوەستێتو لێی دەپارێتەوە بەبێ ئەوەی کەس لە نێوانیاندا هەبێت، ژیانێکی خۆشترو کامەرانتری لەم دونیایە دەست دەکەوێتو لەو ژیانە نەبڕاوەدا بە نەمری دەمێنێتەوە، هیچ زەحمەتێکیش ناخرێتە سەری ئەوە نەبێت کە شایەتومان بهێنێتو پەیڕەوی لە شەریعەتی ئیسلام بکات کە (لەڕاستییدا) هەمووی خێرو یەکسانیو دادپەروەرییە، لە کاتێکدا کە لە ئایینەکانی تردا پیاوانی ئایین لە هەموو بۆنەیەکدا دیارییەکی دەخەنە سەر شان، ئەگەر ژنی هێنا دەبێت سەرقەڵەمانە بدەن بە ئەوان، هەر جارێکیش ئەگەر منداڵێکیان بوو دەبێت بڕێ پارە بدات بە ئەوان، ئەگەر (تەعمید)ی منداڵەکەشی بکەن دەبێت بڕێکی تر پارە بدەن،[٢٧٩] کە دەشگاتە تاقی لاوێتی دەبێت بڕێ پارەی تر بدات بۆئەوەی لەناو کۆمەڵی مەسیحییاندا ناوی بنووسرێت، نەک ئەمە، بەڵکو دەبێت کە مردیش بڕێ پارە بدرێت بۆئەوەی نوێژی جەنازەی لەسەر بکرێت، لەسەروو هەموو ئەمانەوە تا لە ژیاندایە دەبێت شوێنکەوتەی پیاوێکی ئایینی بێت لە هەموو ئەو شتانەدا کە پەیوەندن بە خواوە، ئەگەر ویستی نوێژ بکات قەشەکە لە جیاتی ئەو نوێژەکە دەکاتو ئەم دەوەستێتو هەرئەوەندەی لەسەرە کە بەدواییدا بڵێ: ئامین، بەڵام تەنیا موسڵمانەکان لەناو هەموو ئەهلی دینەکانی تردا هەموو کەسێك خۆی دەبێت نوێژی خۆی بکات، تەنانەت ئەگەر نوێژی جەماعەتیش بێت، لە جگە لە ئیسلامدا قەشە لەگەڵ یاریدەدەرەکانیدا لە جیاتی خەڵکی نوێژ دەکەن..

بەڕاستی ڕاستترین بێژە کە وەسفی ئیسلامی پێ بکەی لەم شوێنەدا ئەوەیە کە "ئیسلام ئایینێکی باڵدارە" لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی ترو لە میللەتێکەوە بۆ

---

[٢٧٩] تەعمیدکردنی منداڵ لای مەسیحییەکان بریتییە لەوەی بە ئاوێك دەیشۆنو دەرگای مەسیحییەتی لێ دەکەنەوەو نهێنییەکانی ئایینی بۆ دەگوازنەوە، ئەم شۆردنە بەناوی (باوك)و (کوڕ)و (ڕۆحی قودس)ەوە دەکرێت، وشەکەش سریانییە لە بناغەداو مانای (تەڕبوونو تەرکردن) دەگەیەنێت..المنجد، لەفزی (عمد) (وەرگێڕ).

میللەتێکی تر زۆر بە ئاسانی و سانایی هاتووچۆ دەکات وەک ئەوە وایە کە دوو باڵی [٢٨٠] پیرۆزی هەبێت هەڵیبگرێتو بە خێرایی بیبات! تۆ کە سەیری نەخشەی زەوی دەکەیتو لە مەودای بڵاوبوونەوەی ئیسلام وردەبیتەوە زۆر سەرت لە پانتاییەکەی سووڕدەمێنێت، سەرسووڕمانەکەت لەوێدا زیاتر دەبێت کە سەیر دەکەی سێ یەکی ئەو ڕووبەرە ئەو وڵاتانەن کە سوپای ئیسلامی تێچووە، بەڵام ئەو باقی ئەو وڵاتانە ئیسلام چووەتە ناوی‌و دڵی خەڵکەکەشی پڕ کردووە (بە خۆشەویستی خۆی) بێئەوەی سوپای نیزامی تێچووبێت، یان پەیڕەوی لە سیاسەتێکی دیاریکراو لەوێدا کردبێت، مەسەلەکە هەر ئیسلام خۆیەتی، خوا ئێسکسوکی کردووە لە دڵەکاندا،[٢٨١] نزیکی کردووەتەوە لە دەروونەکان، وشەی ڕاستی هەرئەوەندەی گەیشتە گوێی خەڵکی خێرا دەچێتە ناودڵی، کە چووە ناو دڵی‌و جێگیریش بوو ئیتر هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ دەرهێنانی، چونکە ئەوە تێراوبوونێکە تاسەی دەروونە تینووەکان دەشکێنێت و دەیکاتە سەرچاوگەی خۆی، دەبێتە ئەو ئومێدەی کە زەحمەتی ڕێگەبڕین لەم دونیایەدا ئاسان بکات لەسەر مرۆڤو مردنی لەسەر سووک بکات، چونکە مردن کۆتا گەشتی مرۆڤ نییە لەم ژیانەدا، بەڵکو تەنیا دەرگایەکە کە لێوەی دەچیتە ناو ژیانێکی تر، پاش ئەم ژیانە ژیانێکی کامەرانتر و نەمرتر هەیە بۆ ئەو کەسانەی بەڕاستی ئیماندارن‌و لەخوا دەترسن..

لەوانەیە گەورەترین هۆی ئێسکسوکی ئیسلام لە دڵەکاندا ئەوە بێت کە زۆر ڕۆشن و ڕاستگۆیە، چونکە تۆ کە ئیمان بە ئیسلام دەهێنی ئیتر لەوەودوا بڕوات بە شتی نهێنی و ئەو شتانە نامێنێت کە عەقڵت قەبوڵیان ناکات، لە کاتێکدا ئەمە لە

---

[٢٨٠] : م.ئیکرام لێرەدا لە وەرگێڕانەکەدا نووسیبووی (باڵێکی پیرۆزی هەبێت هەڵیبگرێتو...) ، من کردم بە دوو باڵی ..... چون لێرەدا ئیسلام چوێنراوە بە باڵندە، دەی دیارە هیچ باڵندەیەک نییە بە باڵێک بفڕێت، وەک خوای گەورە دەفەرموێ (وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ)، جناحیه (مثنی)یه....(ڕێناس)

[٢٨١] دەقە عەرەبییەکەی ئەڵێ: (جعله الله خفيفاً على القلوب)، ئێمە ئەوەمان بۆ دانا. (وەرگێڕ).

دینەکانی تردا شتی وا هەیە، تەنانەت ئەو (غەیب)ەی کە تۆ لە ئیسلامدا دەبێت بڕوات پێی هەبێت شتێکی ڕاستییە، چونکە مرۆڤ بڕوا بە خوا دەهێنێت و کەچی بە چاوی سەر نایبینێت، بەڵام لە دەروونیدا هەستی پێ دەکات‌و، بەعەقڵیش لە هەموو شتەکانی دەوروبەریدا دەیبینێت، گەورەترین ڕاستی لەم بوونەوەرەدا بریتییە لە خولقێنەرەکەی، چونکە هەر ئەو ڕاستەقینەیە و جگە لەو وا نییە، تۆ کە بڕوات بە خوا نییە هۆکەی ئەوەیە داوادەکەیت موعجیزەو خەواریقت بۆ بنێرێت، بەڵام خوای گەورە سەرنجت بۆ شتە سەیرەکانی ئەم خولقاوانە ڕادەکێشێت، کە هەموو شتێکی ناویان بۆ خۆیان موعجیزەیەک‌و خەوارقێکەو تۆش ئەو خودایە بەچاو لە کەسێتی خۆتدا دەبینی کە دروستکراوێکی و دەژی و دەجوڵێی و لەشت حاڵی دەبێت کەچی نازانی چۆن، جا ئەگەر بڕوات بە خوا نەبێت ئەی باشە چۆن ژیانی خۆت و چۆن عەقڵ و لێدانی دڵت تەفسیر دەکەی؟ جا ئەگەر بڕوات بە خوا کرد ئەوە ئیتر بواری خۆدزینەوە نامێنێت لەو پێغەمبەرانەی کە پەیامی ئەو خودایە هەڵدەگرن بۆ تۆ، خوا (سبحانه وتعالى) ڕاستییەکە و پێغەمبەرانیشی ڕاستگۆن و هەموو ئەو پەیمانانەش کە قورئان پێتی دەدەن ڕاستن و ڕاستەقینەن، ئیتر دوای ئەوە پێویستت بەوە نامێنێت کە کەسێك بێت‌و شەرحی ڕاستی ئیسلام تەنانەت بۆ دڵو دەروونت بکات، هەموو ئەو شتەی کە تۆ پێویستت پێی هەیە ئەوەیە کە کەسیك هەبێت شتەکانت بیربخاتەوە، ئەمەش مانایەکە لەو هەموو مانایانەی کە خوای (سبحانه وتعالى) قورئانی ناو ناوە (ذکر) یان (الذکر الحکیم)[٢٨٢]...

. شایەتی دانی گۆستاڤ لۆبۆن:

ئەوە شایەتیدانی گەورە مێژوونووسێکی وەك "حسین مۆنس" بوو، بەڵام لەوانەیە بووترێت: ئەمە شایەتیدانی کابرایەکی موسڵمانە بۆ دینەکەی خۆی، دەی ئەمەی خوارەوە شایەتیدانی کابرایەکی ناموسڵمانە، کە فەیلەسوف‌و مێژوونووس‌و

---

[٢٨٢] الاسلام الفاتح لحسين مؤنس/ ٢٠- ٢٤، نشر الزهراء للأعلام العربي.

کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەرەنسییە (گۆستاڤ لۆبۆن)، لە کتێبەکەیدا (حضارة العرب) کە مامۆستا (عادل زعیتر) وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

. فەلسەفەی قورئانو پادەی بڵاوبوونەوەی لە دونیادا: لۆبۆن لە ژێر ناونیشانی (فلسفة القرآن وانتشاره في العالم)دا دەڵێت: "ئەگەر قورئان بگێڕینەوە بۆ عەقیدە سەرەکییەکانی: هەڵدەگرێت ئیسلام بە وێنەیەکی نەصرانیەت بزانی، لەگەڵ ئەوەدا کە ئیسلام لە زۆرێك لە بنەماکانیدا جیاوازە لە نەصرانیەت، بەتایبەتی لە یەکتاپەرستی ڕەهادا کە بریتییە لە بناغە بنەڕەتییەکەی، هۆکەشی ئەوەیە کە ئەو خوا تاکو تەنیایەی کە ئیسلام خەڵکی بۆ بانگ دەکات بە دەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا، فریشتەو پیاوە پیرۆزەکانو ئەو شتانەی تر کە پێویستە بە پیرۆز ڕابگیرێن (وەك لە نەصرانیەتدا هەیە) چواردەوری ئەو خوایەیان نەتەنیووە ! لە ڕاستیدا تەنیا ئیسلام مافی ئەوەی هەیە کە بەوەدا بنازێت کە یەکەمین ئاینێکە یەکتاپەرستی هێناوەتە ناو جیهانەوە.

"لۆبۆن" ئاماژە بۆ ئاسانی (ڕێنماییەکانی) ئیسلام دەکات کە ئەوپەڕی سانایی لە یەکتاپەرستییەکی پوختدا دەبینێت، کە نهێنی هێزی ئیسلام لەو ئاسانییەدایە و ئەوەیە وادەکات لە هەموو کەسێك زوو لە ئیسلام تێبگات، بەدڵنیاییەوە ئایینی ئیسلام هیچ ناڕوونیو گرێوگۆتاڵێکی تێدا نییە، کە لە ڕاستییدا لە ئایینەکانی تردا ئەو تەناقوزاتو ناڕوونیانە دەبینینو سروشتی ساغیش پێی قەبوڵ ناکرێت.

هەروەها دەڵێ: هیچ شتێك ئەوەندەی پایەکانی ئیسلام ڕوونو دوورنییە لە ئاڵۆزی کە باس لە بوونی تاکە خوایەك دەکاتو هەموو مرۆڤەکان لەبەردەم ئەو تاکە خودایەدا یەکسان دەکات بە یەکتریو پێنج شەش[٢٨٣] شت فەرز دەکات کە هەرکەس

---

[٢٨٣] دەقە عەرەبییەکە ئەڵێت: (وببضعة فروض) کە (بضع) لە (٣ تا ٩) ئەکاتو ئێمە لە نێوان شەش ئەسڵی دینو پێنج فەرعی دیندا، (پێنج شەش)مان بۆ (بضع)ەکە دانا. (وەرگێڕ).

کاریان پێ بکات دەچێتە بەهەشتو هەرکەسیش پشتیان تێبکات دەچێتە ناو ئاگر، سەیرکە تۆ کە لەگەڵ هەر موسڵمانێکدا کۆدەبیتەوە، ئەو موسڵمانە لەهەر چینو تۆژێك بێت، دەبینی چاك ئاگای لەو شتانە هەیە کە پێویستە ئیمانی پێیان هەبێتو لەچەند خولەکێکدا بە ئاسانی هەموو پایەکانی ئیسلامت بۆ باس دەکات بەچەند ڕستەیەك! ئەم حاڵەتەش بە تەواوەتی پێچەوانەیە لەگەڵ خەڵکانێکی نەصرانیدا کە (لێی بپرسی) نازانێت باسی (تثلیث)و (استحاله)[٢٨٤] و ئەو شتانەت بۆ بکات کە پڕن لە ناڕوونی مەگەر ئەو کەسە زانایەکی لاهوتی بێت کە خەریکی وردەکاریەکانی جەدەڵو موناقەشەن بە بەردەوامی.

ئەوەی کە زۆر بە ڕوونی یارمەتی ئیسلامی داوە بۆ بڵاوبوونەوەی بەدونیادا ئەو فەرمانانەیە کە باس لە دادپەروەری و چاکەکردن دەکات، بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە دەتوانین تەفسیری ئەو هەمووە پەرۆشیەی گەلە نەصرانییەکان بکەین لە وەرگرتنی ئیسلامدا بۆ نموونە وەك میصرییەکان کە کاتی خۆی لە کاتی دەسەڵاتی قەیصەرەکانی قوستەنتینیەدا هەموو نەصرانی بوون کەچی هەرئەوەندەی بنەماکانی ئیسلامیان ناسی خێرا موسڵمانێتی خۆیان ڕاگەیاند، هەر بە هۆی ئەم تایبەتمەندییەی ئیسلامەوە دەتوانین تەفسیری ئەوەش بکەین بۆچی هیچ میللەتێکی تر نابێتە نەصرانی! دوای ئەوەی کە بە ئایینی ئیسلام ڕازی دەبن، ئیتر ئەو میللەتە زاڵو دەسەڵاتدار بێت یان ژێردەستەو بێدەسەڵات بێت.

پێویستە ئەو کەسەی کە دەیەوێت بڕیار لەسەر سوودی کتێبێکی ئایینی بدات هەر تەنیا سەیری بنەما فەلسەفییە بێهێزەکانی نەکات بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو

---

[٢٨٤] (تثلیث) واتە کۆبوونەوەی خوایەتی لە سێ کەسدا (خوا) و (عیسا) و (مەریەم)، کە کەس نازانێ چۆن؟ عیساو مەریەم ئەگەر خوابن چۆن دەبێ بمرن؟ چۆن دەبێ نانو ئاوو ئەو شتانە بخۆن کەلە پاشاندا دەبنە پاشەڕۆ!!؟ یان ئایا خوا چ پێویستییەکی بە کوڕ هەیە؟!!

"استحاله"ش بریتییە لە توانەوەو حەلبوونی خوا لە عیسادا یان لە مەریەمدا(سبحان الله عما یشرکون)، کە پڕە لە شتی ناڕوونو نامەنتیقی... (وەرگێڕ).

سەیری مەزدای کاریگەری ئەو بیروڕایانە بکات، ئەگەر لەم ڕووەوە سەیری ئیسلام بکرێت دەردەکەوێت کە لە هەموو ئایینەکانی تر کاریگەری زیاتری لەسەر خەڵکی بەجێهێڵاوە، ئیسلام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی فەرمانکردن بەدادپەروەری و چاکەکردن و نوێژ کردنەوە...هتد لە زۆربەی ئایینەکانی تر دەچێت، کەچی ئەم بەشێوەیەکی زۆر سادەو ئاسان خەڵکی لەو کاروبارانە حاڵی دەکاتو بۆ هەموو کەس قووت دەچێت و زیاد لەمە ئیسلام باشیش دەزانێت چۆن ئیمانێکی دامەزراوی تووندوتۆڵ دەڕێنێتە ناو دەروونەکان بەڕادەیەک هیچ گومانو گرمانێك لەرزەی تێنەخات!

گومان لەوەدا نییە کە دەسەڵاتی سیاسی و مەدەنی ئیسلام تا ئەوپەڕی گەورەیی گەورەیە، چونکە وڵاتانی عەرەب پێش هاتنی موحەممەد ﷺ بریتی بوون لە چەند میرنشینێکی سەربەخۆ و چەند خێڵێکی پەرتەوازە کە هەمیشە خەریکی شەڕو شۆڕ بوون، بەڵام هەرکە موحەممەد دەرکەوتو تەنیا یەك سەدە ئیسلام تەمەنی کرد، دەوڵەتی عەرەبەکان لە هیندستانەوە تا ئیسپانیا درێژبوویەوە و شارستانییەتیش لەو سەردەمەدا ڕووناکی پرتەوی لە هەموو ئەو شارانەدا بڵاوکردەوە کە پەرچەمی پێغەمبەر بەسەریانەوە دەشەکایەوە.

ئیسلام لە هەموو ئایینەکانی تر گونجاوە تر لەگەڵ دۆزینەوە زانستییەکاندا و لە هەموو ڕیاتر دەروونەکان پاك دەکاتەوەو وایان لێ دەکات کە دادپەروەربێت و چاکەکاربێت و تەساموحی هەبێتو بەعەقڵ کار بکات، با فەلسەفەی ئیسلام لە سەروو فەلسەفەی هەموو ئایینە سامیەکانی تریشەوە بێت، بەڵام دەبینی ئەو فەلسەفەیەش ئەوەندە گۆڕانکاری تێدا کراوە وای لێهاتووە بۆ هەموو کەس قوت دەچێت کە بێگومان ئەم فەلسەفە ئیسلامییە هەموارکراوە لە خوار خودی ئیسلام خۆیەوەیە.

شارستانییەتی عەرەبیش کە شوێنکەوتەکانی موحەممەد دروستیان کرد بە هەمان ئەو قۆناغانەدا ڕۆیشت کە هەموو شارستانییەتەکانی دونیا پێیدا ڕۆیشتووە، دروستبوون، بەرزبوونەوە، هاتنە خوارەوە، مردن... کەچی لەگەڵ ئەو هەموو گەڵاوەرینەیدا وەک شارستانییەتەکانی پێش خۆی، زەمانە و ڕۆژگار دەستی نەبردووە بۆ خودی ئەو دینەی پێغەمبەر، لە ڕابوردوودا چەندێک دەسەڵاتی هەبووە بەسەر خەڵکیدا ئێستاش هەر هەمان دەسەڵاتی هەیە بەسەر دڵەکاندا، کەچی ئاییەنەکانی تر کە لە ئەو کۆنترن هەموو ڕۆژێک شتێک لە هێزو پێزی خۆیان لەدەست دەدەن.

لەم کاتەی ئێستادا زیاد لە سەد ملیۆن موسڵمان هەیە[٢٨٥] و هەموو دوورگەی عەرەبو میصرو سوریا و فەلەستینو ئاسیای بچووکو بەشێکی زۆر لە هیندستان و ڕوسیاو چینو پاشان هەموو ئەفریقیا تا دەگاتە ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە ژێر هێڵی ناوەڕاست (ی زەوی) هەموو ئیسلامیان وەرگرتووە.

لە نێوان هەموو ئەو میللەتە جیاجیایانەدا کە قورئانیان کردووە بە دەستوور بۆ خۆیان یەک زمان و یەک جۆر پەیوەندی کۆیان دەکاتەوە کە هاتنی ئەو هەمووە حاجیەی ئاسان کردووە کە دێنە مەککە لە هەموو وڵاتانی ئیسلامییەوە، هەموو شوێنکەوتەکانی موحەممەد ئەرکی سەرشانیانە بە عەرەبی قورئان بخوێننەوە ئەوەندەی دەتوانن، لەبەرئەوەیە کە زمانی عەرەبی یەکێکە لەو زمانانەی _ وەک دیارە _ لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا بڵاوبووەتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازییە ڕەگەزیەش کە لە نێوان ئەم میللەتە ئیسلامییانەدا هەیە کەچی هاوکاریو یەکترویستنێکی لەڕادەبەدەر هەیە، کە گریمانی زۆر هەیە بتوانرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموویان لە ژێر یەک پەرچەمدا کۆبکرێنەوە...

---

[٢٨٥] ئەمە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەوترا، لەگەڵ ئەوەدا موسڵمانان لەو ژمارەیە زیاتر بوون، لۆبۆن خۆشی لە پاشاندا هەندێ قسە دەکات کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی موسڵمانان لەو ژمارەیە زیاتر بوون.

هەندێ لەو مێژوونووسانەی دوژمنی ئیسلامن کە دێنە سەر باسی ئەم بڵاوبوونەوە خێرایەی قورئان بە دونیادا، دەیگێڕنەوە بۆ ئەو گومانەی کە بردوویانە گوایە موحەممەد کەسێکی توندو تیژ و ئارەزووباز بووە، بەڵام ئێمە زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەو گومانانە پووچ بکەینەوە، چونکە لەسەر شتێکی بێبناغە دانراون، بۆیە دەڵێین : هەر کەسێك کە قورئان بخوێنێتەوە هەموو ئەو شتانەی کە تێیدا یەك قسە دەکات لە هەموو ئایینەکانی تریشدا ئەو شتانە هەروان، ئەو فرەژنییەش کە قورئان ڕێگەی پێداوە پێش دەرکەوتنی موحەممەد شتێکی نامۆ نەبووە لەناو ئەو میللەتە موسڵمانانەدا، بۆیە ئەو میللەتانە بەم هۆیەوە شتێکی تازەی وایان لە قورئاندا نەدەبینی.

ئەو بەڵگانەش کە دەوترێت دەربارەی ئارەزووبازی موحەممەد، فەیلەسوفـو زانایەکی گەورەی وەك (بیل) لە زۆر زووەوە هەڵیوەشاندووەتەوە، (بیل) پاش ئەوەی کە باسی ئەو پەیڕەویکردنە وردە دەکات کە پێغەمبەر فەرمانی پێ کردووە وەك نوێژو ڕۆژوو و حەرامکردنی عارەقو بنەما ڕەوشتییەکان کە بە دڵنیاییەوە لەوانەی کە (نصاری) فەرمانی پێ دەکەن زیاتر و زۆرترن، پاش ئەمانە (بێل) دەڵێت:

"کەواتە ئەوە جۆرێکە لە سەرلەخۆتێکدان کە بڵاوبوونەوەی خێرای ئیسلام بەناو دونیادا بگێڕیتەوە بۆ ئەوەی گوایە ئەرکە گرانو کارە چاکەکانی لە کۆڵ مرۆڤ خستووەو بۆی حەڵاڵ کردوون لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا کام ڕەوشتەش خراپە قەیدی ناکا با بیکەن! "هۆتنجر" یەك لیستی درێژی دروست کردووە بۆ ئەو ڕەوشتە پیرۆزو ئادابە جوانانەی کە لای موسڵمانەکان بوونی هەیە، بۆیە من وا دەبینم _ لەگەڵ ئەو میانڕەویەدا لە پیاهەڵدان بە ئیسلامدا – ئەو لیستە ئەوپەڕی گرتووە لەو شتانەدا کە ڕەوشتی باشنو پێویستە مرۆڤ پابەند بێت پێوەی لە لایەکو لە لایەکی

تریشەوە لەو ڕەوشتانە خۆی بە دوور بگرێت کە عەیبداری دەکەن و تووشی گوناھ دەبێت پێیان". [٢٨٦]

یەکێکی تر لەو شتانەی زانای گەورە (بیل) ئاماژەی بۆ کردووە ئەوەیە: "ئەو پەناگایەی بەھەشت کە موسڵمانان پەیمانی پێ دەدەن بە خەڵکی، ھیچی زیاتر نییە لەو پەیمانانەی کە نەصاراکان لە ئینجیلدا بەخەڵکی دەدەن، لە ئینجیلدا ھاتووە: "ئەوەی چاو نەبینیووەو ئەوەی گوێ نەبیستووەو ئەوەی خورپەی نەکردووە بە دڵی ھیچ مرۆڤێکدا خوا ئامادەی کردووە بۆ ئەو بەندانەی کە خوایان خۆش دەوێت". خوێنەر پاش کەمێکی تر و لەباسی فتوحاتی عەرەبەکان و ھۆکاری سەرکەوتنیان دەبینێ کە بەکارھێنانی ھێز فاکتەر نەبووە لە بڵاوکردنەوەی قورئاندا، گومان لەوەدا نییە عەرەبەکان کە شوێنێکیان فەتح دەکرد خەڵکەکەیان ئازاد دەکرد پەیڕەوی لە ھەر ئایینێک، بکات، جا کە ھەندێ لە میللەتانی نەصرانی دەبینین کە ئیسلامیان قەبوڵکردووەو موسڵمان بوون و زمانی عەرەبییان وەرگرتووە ھۆکەی ئەوەیە دادی عەرەبە سەرکەوتووەکانیان بۆ دەرکەوتووە کە لەگەورە سەردارەکانی خۆیان شتی وایان نەدیووەو پێی سەرسامبوون و بۆشیان دەرکەوتووە کە ئیسلام ئایینێکی سادەو بێگرێیە کە لەوەو پێش ئایینی وایان نەناسیووە.

مێژوو ئەوەشی سەلماندووە کە ئایین بە زەبری ھێز ناچەسپێت، (بەڵگەش لەسەر ئەوە) کاتێک نەصاراکان عەربەکانیان بەزاند لە ئەندەلوسدا ئەو ھەموو

---

[٢٨٦] "کارلایل" ئەیلەسوف بەناوبانگ لە کتێبی (الابطال)دا لەو فەسڵەدا کە دەربارەی ئەو پاڵەوانانە قسە دەکات کە لە شێوەی پێغەمبەردان، موحەممەد پێغەمبەر ﷺ دەکات بە نموونەی بەرزی پاڵەوانێتی و دەڵێت: "ئایینەکەی ئایینێکی ئاسان نییە، بە دڵنیاییەوە ئایینەکەی بەھۆی ئەو ڕۆژووە قورسەی کە تێیدایەو بە ھۆی ئەو دەستنوێژو سیستەم ئاڵۆزو کردنی پێنج نوێژ لە ھەموو ڕۆژەکاندا و وازھێنان لە مەی خواردنەوە وای کردوەو کە نەیتوانیووە وەک ئایینێکی ئاسان و سوک بێتە بەرچاوی خەڵکی". الدعوة الی الاسلام، ص٤٠٦، تۆماس ئارنولد.

موسڵمانه لەناوچوونی هەمووان و دەرکردن و ئاوارەبوونیان زۆر پێ باشتر بوو لەوەی واز لەئیسلام بهێنن.

کەواتە قورئان بە زۆری شمشێر بڵاونەبووەتەوە، بەڵکو بە تەنیا بە بانگکردنی خەڵکی بۆی بڵابووەتەوە، تەنیا بەبانگکردن ئەو میللەتانەی تری دونیا وەک تورک و مەغۆلەکان (بۆ نموونە) ڕوویان کردە ئیسلام که لەم دوادواییانەدا توانیان عەرەبیش ببەزێنن، قورئان بە ڕادەیەک لەناو هیندستاندا بڵاوبووەتەوە که عەرەبەکان بە ڕێبواری نەبێت پێیدا گوزەریان نەکردووە، ژمارەی موسڵمانانی هیندستان پەنجا ملیۆن کەسی تری زیاد کردووە بۆ ژمارەی موسڵمانان،[٢٨٧] موسڵمانانی هیندستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندان، هەرچەندە ئینگلیز کە کاربەدەستو سەرداری هیندستانن لەکاتی ئێستاماندا،[٢٨٨] ئەو هەموو شاندە تەبشیرییەش سازو ئامادە دەکاتو یەک لە دوای یەک دەیانێرێت بۆ هیندستان بۆ ئەوەی خەڵکە موسڵمانەکەی ئەوێ بکەن بە گاور کەچی هیچ سوودێکی نییە!

وەنەبێت قورئان لە چینیشدا کەمتر لە ولاتانی تر بڵاوبووبێتەوە، لە کاتێکدا کە عەرەب هیچ پارچەیەکی چینیان بە فتوحات نەگرتووە، لە فەسڵێکی تردا باسی خێرایی بانگەوازی ئیسلامی لە چیندا دەکەین کە لە حاڵی حازردا ژمارەی موسڵمانانی ئەوێ زیاترە لە بیست ملیۆن موسڵمان.[٢٨٩]

ئەو (جەبریەتەش) کە ئیسلامی پێ عەیبدار دەکرێت ترسناکی لەوە زیاتر نییە کە ئێمە وەڵاممان دایەوە لە پێشەوە، وەنەبێ جەبریەت لە ئایەتەکانی قورئاندا

---

[٢٨٧] ئەو سەرژمێرییانە کۆنن و هی سەردەمی نۆزدەهەمەو لەگەڵ ئەوەشدا قسەیەکی وردو زانستی نیە.

[٢٨٨] مەبەستی گۆستاڤ لۆبۆن سەردەمی خۆیەتی کە سەدەی نۆزدەهەمی زاین ئەکات. (وەرگێڕ).

[٢٨٩] ئەگەر ژمارەی موسڵمانانی هیندستان لە (٥٠) ملیۆن زیاتر بن و ژمارەی موسڵمانانی چین لە (٢٠) ملیۆن زیاتر بن، دەی ئیتر کەوایە یانی چی ژمارەی موسڵمانانی هەموو دونیا (لەو ڕۆژەدا وەک تۆڕژەر پێشتر وتی) (٢٠٠) ملیۆنە.

هەبێت‌و لە کتێبی ئایینەکانی تردا نەبێت بۆ نموونە تەورات،[٢٩٠] چەندین فەیلەسوف‌و زانای لاهوت هەیە کە دان بەوەدا دەنێن کە ڕێچکەی ئەم ڕووداوانە شوێنکەوتەی سیستمێکن کە گۆڕانی بەسەردا نایەت، ڕیفۆرمخوازی ئایینی گەورە (لۆثەر) دەڵێت: "ئەتوانی لە دەقەکانی کتێبی پیرۆزدا ئەوەندە بەڵگە بهێنیتەوە بۆئەوەی کە مرۆڤ ئازادە و ویستی بەدەستی خۆیەتی لە ژمارە نایەت، خۆ ئەگەر حەز بکەی دەتوانی بڵێی هەموو دەقەکانی کتێبی پیرۆز بەڵگەن لەسەر ئەمە".

گشت کتێبە ئایینییەکانی میللەتانی دونیا پڕن لەم (جەبریەتە)ی کە کاتی کۆن ناویان ناوە (قەدەریەت)، خەڵکی کۆن وشەی (قەدەر)یان بۆ هەموو ئەو کارانە بەکاردەهێنا کە لە تواناندا نەبوو ڕەت بکرێنەوە و وایان دادەنا کە ئەوە دەسەڵاتێکی ڕەهایە و نەخەڵکو نەخواکانیش ناتوانن گۆڕایەڵی نەبن، (ئەدیبێك) بێهودە زۆر دەلاڵێتەوە لە کەسێك کە لە غەیبەوە پێی دەڵێ و ئاگاداری دەکات کە ماوەیەکەی تر باوکی دەکوژرێت‌و دایکی شوو دەکات، تا ئەو کارە نەکات کەچی کەڵکی نابێت، نەیتوانی‌و نەیتوانی ئەو بڕیارو قەدەرەی ئەو باڵادەستە ڕەت بکاتەوە..

موحەممەدیش (ئەگەر جەبرییش بێت) لە دامەزرێنەرانی ئەو ئایینانەی تر کە پێش ئەو هاتوون جەبری تر نییە، موحەممەد لەم جەبرییەتەدا پێشی زانایانی ئەم سەردەمەی ئێستاشی نەداوەتەوە کە هەموو پشتیوانی لە زانای گەورە (لابلاس) دەکەن کە هاوڕایە لەگەڵ (لیبنتز)ی فەیلەسوفدا لەوەدا کە دەڵێت: "ئەگەر زیرەکییەکی وەها هەبێت کە لەیەك کاتدا ئاگای لە هەرچی هێزی دونیا هەیە ببێت و

---

[٢٩٠] ئەمە وا نییە، چونکە سەدان ئایەت لە سوورەتە مەککیو مەدەنییەکانیشدا هەیە زۆر بەڕوونی ئەوە دەسەلمێنن کە: مرۆڤ داوالێکراوێکی ئازادە، خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات، خوای گەورەش ئەوەندەی هێزو بەهرەو توانا پێداوە کە بتوانێت بەو شتانە داهاتوو بۆ خۆی دروست بکات، وەك ئەفەرموێ: (مَّنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا) (الإسراء : ١٥) . (كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ) (المدّثر : ٣٨). (لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ) (البقرة : ٢٨٦) (وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللّهُ غَفُوراً رَّحِيماً) (الأحزاب : ٥) هەروەها چەندین ئایەتی تریش.

بزانێت بوون له کوێ و کوێدان، بتوانێت له هەموویان بکۆڵێتەوەو دەوری هەموو بزوێنەرەکانی گەورەترین گەلە ئەستێرەی جیهان و بچووکترین ئەتۆمی بدات، ئەو زیرەکییە هیچ شتێکی لا نامێنێت کە دیاری نەکرابێتو وای لێدێت ڕابوردوو و داهاتوو هەموو دەبنە یەک شتی حاڵی حازری لە دیدی ئەودا".

جەبرییەتی ڕۆژهەڵات کە فەلسەفەی عەرەب لەسەر بناغەی ئەو دامەزراوە، زۆر لە بیرمەندەکانی ئەم سەردەمەش پشتی پێدەبەستن بریتییە لە خۆتەسلیمکردنێکی هێمنانە کە مرۆڤ بە هۆی ئەوەوە فێر دەبێت چۆن ملکەچ بکات بۆ حوکمی قەدەر بەبێ ئەوەی بۆڵە بۆڵ بکاتو بکەوێتە پیلاندانان، تەسلیمبوونێکی لەو شێوەیە بەرهەمی میزاجی (ئەم و ئەوە) نەک بەرهەمی عەقیدەو بیروباوەڕێک بێت ، عەرەب هەر بە میزاج خەڵکانێکی سروشت جەبر بوون پێش دەرکەوتنی موحەممەدیش، ئەو جەبرییەتە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لە گەشەکردنیاندا، هەروەک چۆن کاریگەری نەبوو لە ڕووخاندنیاندا".[٢٩١]

. تۆماس ئارنۆڵد وێژدان بەخەرجدەدات دەربارەی ئیسلام:

ئەگەر گۆستاڤ لۆبۆنی فەرەنسی بە وێژدانەوە باسی ئیسلام و میژووی موسڵمانان دەکات لە کتێبەکەیدا، ئەوە پاش ئەویش ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی‌و توێژەری بەناوبانگ (تۆماس ئارنۆڵد) کە خۆی شارەزای زمانەکانی عەرەبی‌و فارسی‌و ژمارەیەک زمانی ئەوروپیش بوو، کتێبێکی زۆر بە نرخی دانا بە ناوی (الدعوة الى الاسلام بحث في تأريخ نشر العقيدة الاسلامية) کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی زاینییدا تەواوی کرد (ساڵی١٨٩٦ی زاین).

---

[٢٩١] بڕوانە: (حضارة العرب)ی گۆستاڤ لۆبۆن.

ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی چەند چاپێکی زۆری لێ دەرچوو، د. حسن ابراهیم حسن و دوو هاوڕێکەی[٢٩٢] وەریان گێڕایە سەر زمانی عەرەبیو چەندین جار چاپکراوەتەوە کە سەرەتا لە ساڵی (١٩٤٧ز)دا یەکەم چاپی عەرەبی دەرچوو.

ئەم کتێبە زۆر شایستەی ئەوەیە کە بخوێنرێتەوە، چونکە پوودا و ڕاستی زۆری تێدایە کە لە سەرچاوەیەکی زۆرەوە وەریگرتوون کە جێگەی متمانەن‌و، بە زۆرێك لە زمانەکانی دنیا نوسراون، ئەم پیاوە خۆی بەسەریاندا شۆڕ کردووەتەوە و لەناو ئەو سەرچاوانەوە ئەم کتێبەی دەرهێناوەو هەموو ئەو ڕاستییانەی ئاخنیوەتە ناو ئەم کتێبە زانستییە باوەڕپێکراوەی.

---

[٢٩٢] واتە: د. عبدالمجید عابدین‌و اسماعیل النحراوی. (وەرگێڕ).

٦- توانای تێپەڕاندنی نەهامەتییە گەورەکان

یەکێك لەو شتانەی بەڵگەیە لەسەر هێزی زاتی ئیسلامو ئوممەتی ئیسلامی، کە بەڵگەشە لەسەر ڕەسەنی گەوهەری ئیسلامو قووڵی ڕەگو ڕیشەکانی ئەوەیە کە: ئیسلام ڕووبەڕووی "نەهامەتیی گەورە" بووەتەوە لە سەرەتای مێژوویيەوە، کە ئەگەر ئوممەتێکی تر تووشی ئەو نەهامەتییە گەورانە ببوایە کە وەك ئەو خاوەنی ڕەسەنایەتی و پتەوی‌و بەهێزی پایە و بناغە نەبوایە، ئێستا هەر نەمابوو، ناویشی لە لاپەڕەکانی مێژوودا پێچرابوویەوە...

بەڵام مێژوو ئەوەی سەلماندووە بە ڕووداو و بەڵگەی زۆر کە ئەم ئوممەتە هەرکاتێك کارەسات‌و ناڕەحەتی چواردەوری دابێت‌و قەیران بەری دەرگای پێ گرتبێت[٢٩٣] و هەور ئاسمانی ساماڵی داگیر کردبێت، ئەم ئوممەتە قەدی زیاتر قایم بووە و هێزی زیاتری هاتووەتەوە بەبەردا‌و زیاتر وەڵەی بەرزبووەتەوە و لەو کاتانەدا هەموو هێزی خۆی کۆکردووەتەوە‌و ناخی خۆی وروژاندووەو هەموو گەنجینەکانی هێناوەتە دەرەوەوە و لە ڕووی ئەو هێرش‌و پەلامارو ڕووداوە قورسانەدا بە ئیمانێکی پتەو و ئارامێکی زۆر جوان‌و نەبەزییەکی قارەمانانەوە پشت بە خوای بەروەردگار ڕاوەستاوە، تا ئەو کاتەی خوای گەورە ناڕەحەتییەکانی ئاسان کردووەو دەرگاکانی تەنگی گوشاد کردووەو دەرووی کردووەتەوە لە موسڵمانان‌و شەوی تاریکی بۆ کردوون بە ڕۆژی ڕووناك‌و بەرەبەیانێکی گزنگئامێز.. ئوممەتی ئیسلامی بەو شێوەیە سەلماندوویەتی کە خاوەنی ڕەسەنایەتی‌و ڕیشەداری خۆیەتی‌و توانای ئەوەی هەیە کە گلان‌و شکستەکان بمژێت‌و باز بەسەر نەهامەتییەکان‌و ڕووداوە گەورەکاندا بدات‌و لە کۆتاییدا بە سەلامەتی خۆی بگەیەنێتە کەناری ئارامی.

---

[٢٩٣] دەقە عەرەبییەکە ئەڵێت (وتحل بساحتها الازمات) ئێمە ئەوەمان بە جوان زانی لە بەرانبەریدا. (وەرگێڕ).

أ ـ ئەهامەتیی پاشگەزبوونەوە (محنة الردة): یەکەمین بەڵایەك كە بەسەر ئیسلامدا هات كە هێشتا هەر لە بێشكەدا بوو بریتی بوو لە بەڵای پاشگەزبوونەوە، كە خۆی لەوەدا بینییەوە ژمارەیەك لە خێڵە عەرەبەكان پاش مردنی پێغەمبەر ﷺ لە ئیسلام هەڵگەڕانەوەو كەوتنە شوێن چەند پێغەمبەرێكی درۆزن كە لەناویاندا دەركەوتن، ئەو پێغەمبەرە درۆییننانە پێشتر خەریكی كاهینی بوونو وایان دەردەخست كە (سروش)ی خودابیان بۆ دێت، وەك چۆن موحەممەد بۆی دەهات! خێڵەكانیشیان بەشوێنیاندا دەڕۆیشتن وەك دەمارگیرییەك، خۆ خێڵەكانیان دەیانزانی ئەمانە درۆزنن، بەڵام دەیانوت: درۆزنەكەی عەشرەتی (ڕەبیعە) لە لامان خۆشەویستترە لە ڕاستگۆكەی عەشرەتی (موضەڕ)!

خەلیفەی یەكەم ئەبوبەكری صدیق (ڕەزای خوای لێبێت) ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە یان ئەم بەڵا گەورەیە بووەوەو هەر لە یەكەم ڕۆژی وەرگرتنی پۆستی خیلافەتدا، ئەبوبەكری صدیق ڕووبەڕووی ئەم پاشگەزبوونە بووەوە كە دوای پێغەمبەرانی درۆییننە كەوتبوون، لە هەمان كاتدا ڕووبەڕووی چەند دەستەیەكی تریش بوویەوە كە دەیانوت: ئێمە نوێژ دەكەین، بەڵام زەكات نادەین، چونكە زەكات بە پێغەمبەر ﷺ دەدرا و ئەویش لە پاداشتدا دوعای بۆ دەكردینو ئەو دوعایانەش ئارامیی بۆ دروست دەكردین، دەی دوای ئەو كەس ئەو مافەی نییە، ئەم تاقمانە ئەو ئایەتەیان دەكرد بە بیانووی دەستیان كە دەفەرموێ: (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) (التوبة : ١٠٣). واتە: هەندێ لە سامانەكانیان وەك صەدەقە (زەكات) لێ وەربگرە كە پێی پاك دەبنەوەو گەشەو نەشونماش دەكەن، تۆش دوعای خێریان بۆ بكە ئەو دوعایانەی تۆ دەبێتە مایەی ئارامیی بۆیانو خواش بیسەرە (بۆ قسەكانیان)و زانایە (بە نیازی ناو دڵەكانیان).

ئەو دەستەو تاقمانە ئەوەیان لەبیر نەبوو كە ئەم ئایەتە ڕوو دەكاتە پێغەمبەر ﷺو هەموو ئەوانەش كە دوای ئەو كاروباری ئەم دینە ڕادەپەڕێنن، ئەركی

سەرشانیانەوە کە زەکاتەکانیان وەربگرن و دوعای خێریان بۆ بکەن، ئەمەش مانای (صلاة)ە کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، چونکە (صلاة) یانی دوعا کردن بۆ ئەو کەسە.

لەم هەڵوێستەدا ئەم پیاوە ناسکە ملکەچە چاو بە گریانە وەک شێرێ ناو بێشە، نا، بەڵکو وەک شاخی سەرکەش لەبەردەم ئەم پاشگەزبوونەوە گشتییەدا ڕاوەستا و بەهیچ شێوەیەک قەبوولّی نەکرد موجامەلەیان بکرێت یان لێیان بگەڕێن، وەک هەندێ لە صەحابەکان ڕایان وابوو، (ئەم خەلیفە دڵسۆزە) بڕیاری دا کە شەڕ دژ بە گشتیان ڕابگەیەنێت و کاتێکیش حەزرەتی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) موناقەشەی دەربارەی ئەوانەیان دەکرد کە نوێژ دەکەنو زەکات نادەن، لە بڕوایەکی ئیماندارانەو ئیمانێکی بڕوادارانەوە فەرمووی: (والله لأقاتلنهم من فرق بين الصلاة والزكاة! والله لو منعونى عقالاً كانوا يؤدنه لرسول الله ﷺ لقاتلتهم عليه).[٢٩٤] واتە: سوێند بە خوا بە دڵنیاییەوە دەستەویەخە دەبمەوە لەگەڵیاندا و شەڕەکەم لەگەڵ هەرکەسێکدا کە جیاوازی بخاتە نێوان نوێژ و زەکاتەوە! سوێند بە خوا ئەگەر سەرەگورێستێك کە کاتی خۆی داویانە بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئێستا گلی بدەنەوەو نەیدەن لەسەر ئەوەش دەستەویەخە دەبمەوە لەگەڵیاندا.[٢٩٥]

ئەم پیاوە پتەوە یازدە سوپای ڕێکخست بۆ بەرەنگاربوونەی ئەمانەش و ئەوانەی تریش، خوای گەورەش سەرکەوتنی کرد بە نسیبی و هەموو ئەو مورتەددو یاخییانە گەڕانەوە بۆ ناو بازنەی ئیسلامو بوونەوە سەرباز لەناو سوپای ئیسلامداو سەنگەریان لێدا لە بەرانبەری دوو دەوڵەتە گەورەکەی ئەو کاتەدا کە دەوڵەتی فارسو ڕۆم بوو، وایان لێ هات کە قارەمانترین کەس بوون لە بەرانبەر دوژمنانی ئیسلامدا بۆ ئەوەی گوناهی پاشگەزبوونەوەیان لە ئیسلام بسڕنەوەو خوای گەورە

---

[٢٩٤] حديث متفق عليه عن أبي هريرة، بروانە : اللؤلؤ والمرجان فيما اتفق عليه الشيخان. (١٣).

[٢٩٥] زەکات مافی هەژارانەو نابێ دەوڵەمەندەکان دەستی بەسەردا بگرن، دەسەڵات پێویستە بەزۆریش بووە مافی هەژاران لە قوڕگی دەوڵەمەندەکاندا دەربهێنێتو بیگەیەنێتە مالی هەژاران. (وەرگێڕ).

لێیان خۆش ببێت‌و تەوبەیان وەربگرێت‌و کارە خراپەکانیان بۆ بگۆڕێتەوە بەکاری چاک.

ب ـ ئاژاوە گەورەکەی ناو صەحابەکان:

یەکێکی تر لەو بەڵا گەورانە یان ئەو کۆسکەوتنە گەورانە کە ئیسلام پێوەی گیرۆدە بوو لەبەرەبەیانی مێژوویدا (ئاژاوە گەورەکە) بوو کە خەلیفەی سێهەم عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خوای لێبێت) تێیدا شەهید کرا، کە لە دواییدا بوو بە هۆی ئەوەی صەحابەکان هەندێکیان ڕووبەڕووی هەندێکی تریان ببنەوەو کار گەیشتە ئەوەی هەندێکیان بە شەڕهاتن لەگەڵ هەندێکی تریاندا و چەند شەڕێك ڕووی دا لە نێوانیانداو ئاگرەکە هەڵگیرسا و شەڕی (جەمل)و شەڕی (سیفین) ڕوویاندا، (یەکەمیان) دایکی ئیمانداران عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) سەرکردایەتی دەکرد کە دوو گەورە صەحابەشی لەگەڵدا بوو: تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵاو زوبەیری کوڕی عەوام کە ئەم دوانە هەردووکیان کاندید کرابوون بۆ خیلافەت پاش حەزرەتی عومەر، هەروەها دوو کەسیش بوون لە (عەشرەی موبەشرە)و لەوانەش بوون کە هەر زوو هاتن بە دەم بانگەوازی ئیسلامییەوە، لەو کەسانە بوون کە خزمەتێکی زۆریان بەرانبەر بە ئیسلام کردبوو ، (دووهەمیان) لە نێوان عەلی میری ئیمانداران‌و موعاویە میری وڵاتی شامدا ڕوویدا، کە عومەری کوڕی خەتتاب کردبوویە میری شام و عوسمانیش هەر لەو شوێنەدا هێشتبوویەوە (ڕەزای خوا لە هەموویان بێت).

ئەم شەڕە هەندێ هێلکەو جووجەڵەی هەڵهێنا کە لە پاشاندا لە حەزرەتی (عەلی)یش یاخی بوون کە لە سەرتادا سەربازی خۆی بوون، ڕەخنەیان لێی ئەوەبوو کە خەڵکی کردووە بە حەکەم لە کاروباری دیندا لە کاتێکدا کە تەنیا خوا لە کاروباری دیندا دەبێت قسە بکات، ئەمانە لە پاشاندا ناونران (خەواریج)، (عەلی)یش دەستەویەخە بوویەوە لەگەڵیاندا لە شەڕی (نەهرەوان) داو بەسەریاندا زاڵ بوو.

لەم شەڕانەدا ژمارەیەک موسڵمان شەهید بوون کە ئەوەندەی ئەو ژمارەیە لە شەڕی موشریکو جوولەکەو فارسو ڕۆمەکاندا شەهید نەبوو بوون، خەڵکانی کینە لەدڵ لە کەمیندا دانیشتبوون بۆ ئیسلام لەم کەلێنانەوە هاتنە ناو ڕووداوەکانو فوویان کرد بە ڕووداوەکاندا و لە مێشێک گایەکیان[٢٩٦] دروست دەکردو لە بزیسکێک ئاگرێکی گەورەیان دەنایەوە، یەکێک لەو دوژمنانە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئی جوولەکە بوو، کە هات بە دووڕوویانە موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند تا ڕێگەی بۆ خۆش ببێت لە ناوەوە کۆمەڵگەی ئیسلامی وێران بکات، چی شتی ڕوپووچ هەیە بڵاوی بکاتەوە لەناو خەڵکداو هەر کات ئەوئاگرەی هەڵگیرسابوو ڕووی لە خامۆشی بکردایە ئەو سەرلەنوێ هەڵیدەگیرساندەوە یان هەرکات ئەم دوو کۆمەڵە لە یەکتر نزیک ببوونایەتەوە بۆ ئاشتی و تەبایی ئەم دەیانیدایەوە بە گژی یەکتریدا.

بەڵام (سوپاس بۆ خوا) زۆری نەبرد ئەم هەورە چڵکنە هەموو ڕەوییەوە، ئەویش بەهۆی هەنگاوێکی جوامێرانەی موسڵمانانەوە، کابرایەکی بە دینو جوامێر کە باوی ئاخیرەتی دا بە سەر دونیایداو ڕەزامەندی خوای لا گەورتر بوو لە ڕەزامەندی خەڵکو، هات لە پلەی خیلافەت دابەزی زۆر دونیا نەویستانە! کە پاش باوکی هەواداڕەکانی خۆیو باوکیشی بەیعەتی خەلیفایەتییان پێدا و ناویان نا (میری ئیمانداران) ، بەڵام ئەو بێمنەتی لە هەموو ئەمانە دەربڕی، بۆ خاتری ئەوەی قسەی موسڵمانان بکات بەیەک لە پلەی خیلافەت دابەزی بۆ بەرانبەرە ناکۆکەی بە دڵو بە هەموو ئیرادەیەکی ئازادانەی خۆیەوە..

ئەو کە سەش کچەزای پێغەمبەری خوا بوو ﷺ، کە زۆر لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەچوو، باوکی بریتی بوو لە (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)و دایکیشی بریتی بوو لە (فاتیمەی زەهرا) کە سەرداری ژنانی دونیایە، ئەو کەسە بریتییە لە (حەسەنی کوڕی عەلی)، کە خوای گەورە بە بۆنەی (حەسەن)ەوە ئەم ئوممەتەی جارێکی تر

---

[٢٩٦] عەرەبیەکە ئەڵێ (من جبة قبة).

یەکخستەوەو هەمووی پێکەوە گرێ دایەوەو ئەوسالّە کە (حەسەن) تێیدا دەستی لە خیلافەت کێشایەوە بۆ موعاویە ناونرا (عام الجماعة) واتە سالّی کۆبوونەوە و یەکگرتنەوە، قسەکەی پێغەمبەریش ﷺ هاتە دی کە فەرمووی: (إنّ ابني هذا سَيّدٌ، وسَيُصلِحُ اللهُ بِهِ بَينَ فيئَتَينِ عَظِيمَتَينِ مِنَ المُسلِمينَ).[٢٩٧]

ئەم ئاشتی و تەباییە بووە خێرێکی گەورە بۆ ئوممەتی ئیسلامی و بانگەوازی ئیسلامی، ئەوەبوو هەولّەکان یەکیان گرتەوەو ورەهاتەوە بە بەر موسلّمانانداو دەستیان دایەوە بلّاوکردنەوەی ئیسلام لە دەرەوەو بەهێزکردن و توندوتوّڵ کردنەوەی موسلّمانان لە ناوەوەو پانتایی هەرێمی ئیسلامی فراوانی پووی تێکردو خەلّك پۆل پۆل پوویان دەکردە ئیسلام.

ج ـ شەڕو پەلامارەکانی ئیفەرنجییەکان (خاچپەرستان):

یەکێکی تر لەو بەلّا و ناڕەحتییە گەورانەی کە تووشی موسلّمانان هاتووە لە مێژوویاندا ئەو هێرشو پەلامارانە بوو کە ئەوروپییەکان بە هاندانی قەشەو پیاوە ئایینییەکانیان کردیانە سەر دونیای موسلّمانان، بۆ نموونە (بوطروسي خوداپەرست)، یان غەیری ئەویش، ئەو ئەوروپییانە چەندین هەلّمەت و هێرشیان هێنا بۆ ڕۆژهەلّاتی ئیسلامی کە هۆ و پالّنەرەکانی ئەو هێرشانە چەند شتێك بوون، لە پووکەشدا بریتی بوون لە پالّنەری ئایینی و لە نهێنی دا بریتی بوون لە داگیرکردنی ئەو ولّاتانە، بۆیە مێژوونووسە موسلّمانەکان ئەم هێرشو پەلامارانەیان ناوناوە (جەنگەکانی فەرەنجی) بۆ ئەوەی ئاماژە بێت بۆ ئەوەی ئەو جەنگانە کە ئەوروپییەکان سەرکردایەتییان دەکردن جەنگی داگیرکاری بوون، بۆ داگیرکردنی ولّاتانی ئیسلامی و بە تالّانبردنی خێروخێراتی ئەو ولّاتانە بووەو بۆ دەستگرتن بووە بەسەر پیرۆزییەکانیاندا.

---

[٢٩٧] رواه البخاري، ٢٥٥٧، عن أبي بكرة.

بەڵام ئەوروپییەکان خۆیان ئەم شەڕو پەلاماردانانەیان ناوناوە "شەڕەکانی خاچپەرستی" هۆکەشی ئەوەیە کە بەرزکردنەوەی "خاچ" پەرچەمی ئەو شەڕانە بوو، لافی ئەوەشیان لێ دەدا کە بۆ ئەوە هاتوون قەبری حەزرەتی مەسیح ڕزگار بکەن[٢٩٨] لە دەست موسڵمانان ، لە کاتێکدا چ قەبری مەسیحو چ کڵێساکانیان و چ هەموو ئەو شتانەی لای نەصاراکان پیرۆزن، موسڵمانان بە پارێزراوی و پاسەوانکراوی ڕایانگرتبوون بە هەموو جۆرە سەرپەرشتییەک لە لایەن موسڵمانانەوە، کەس نەیتوانیووە دەستدرێژی بکاتە سەریان، چونکە هەرکەس شتی وای بکردایە کاربەدەستی وڵات بۆی هەبوو سزای توندی بدات و ڕای گشتی موسڵمانانیش دژی دەوەستانەوە، چونکە ئەو جەماوەرە پاراستنی پیرۆزییەکانی مەسیح و مەسیحییەکانی بە بەشێک لە شتە پێویستییەکانی پەیمانی (زیممە) دەزانێ کە ئەمەکداری بوون بەرانبەری بە فەرزێکی ئایینیی دەزانرێت لە ئەستۆی موسڵمانەکان، ئیتر کاربەدەست بێ یان هاوواڵاتی..

ئەم هەڵمەتە زۆرانە _ کە گەیشتە نۆ پەلامار _ دەستیان دایە گەندەڵینانەوە لە زەویدا، بێ ئەوەی پارێزگاری لە ڕێزی هیچ کەسێک بکەن یان پەیمانو خزمایەتی بخوێننەوە سەبارەت بە ئیمانداران، تەنانەت لە ڕێگەی هاتنیاندا بۆ فەلەستین بەسەر برا هاودینە مەسیحییەکانی خۆشیاندا ستەمێکی زۆریان دەرهەق بە وان و مالێ و منالێیشیان کرد.

(ڕاستە) خاچپەرستەکان[٢٩٩] کە پەلاماری دونیای ئیسلامییان دا موسڵمانان لە حاڵەتی پەرتەوازەییو پارچە پارچەییدا بوونو لاوازیو کزی ڕووی تێ کردبوون،

---

[٢٩٨] موسڵمانان بڕوایان وایە کە مەسیح نەمردووە و نەخراوەتە قەبر، بەڵام بە ئەرکی خۆشیانی دەزانن کە پاسەوانی پیرۆزییەکانی مەسیحییەکان بکەن (لە کاتی دەسەڵاتیاندا).

[٢٩٩] : زۆرێک لە وەرگێڕەکان و لەناوخەڵکیشدا بە زۆری وشەی(خاچپەرست) بۆ مەسیحی بەکاردەبرێت، بەڵام من پێم باش نییە چون مەسیحییەکان خاچ ناپەرستن بەڵکو خوا دەپەرستن هەرچەندە بڕوایان بە(تثلیث و

کاریەدەستان سەرقاڵی عەیش‌و نۆشی خۆیان بوون‌و ئەمیان پیلانی دژ بە ئەوی تریان دەگێڕا و میللەت و گەلیش سەرقاڵی پەیداکردنی نانێك بوون‌و، هیچ ئاگایان لەوە نەبوو چی لەدەوروبەریان دەگوزەرێت، زانایانیش لەلایەکی ترەوە سەرقاڵی کتێبەکانی خۆیان و دەرس و دەورو بەڕێوەبردنی ئەوقافەکانی خۆیان بوون‌و، ئاگایان لەوە نەبوو کە چی لە زەوی‌و چواردەوریاندا دێت‌و دەڕوات، هەندێکیشیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ بوون، هەر لە خەمی ئەوەدا بوون کارێك بکەن لە ئاگر بەدووریان بگرێت، هەموو بیر و خەیاڵێکیان هەر لای چارەسەری دڵی خۆیان و تەزکیەی دەروونی خۆیان بوو، بە زیکرکردنی خوای خۆیانەوە سەرقاڵ بوون، حەزیان بە فەنابوون‌و نوورکەوتنەوە بوو لە شتەکانی چواردەوریان، ئەم جۆرە هەلومەرجەش زۆر لە بارە بۆ خەڵکی شەڕکەرو پەلاماردەر، ئەو میللەتانە غافڵگیر بکەن کە سەرکردایەتییەکی سیاسیی هۆشیارو بەهێزیان نییە کە هەست بە بەرپرسیارێتی ڕاستەقینە بکات بەرانبەر بە ژێر دەستەکانی، لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتییەکی فیکری ڕۆشنبیریشی نییە زەنگی ترسناك لێ بدات بۆ میللەت لەو ترسانەی دەوری داوە و بەردەباوی ڕۆشن بکاتەوە.

خاچپەرستەکان وڵاتی شامیان گرت‌و هاتنە ناوپەوە _ فەڵەستینیش بەشێکە لەو وڵاتە _ هەر ئەوێش مەبەست و ئامانجی ئەوان بوو، ئەوەبوو زۆر بە ئاسانی زاڵبوون بەسەر میرەکانی ئەوێداو تواناییان هەندێکیان بە هەندێکی تریان بشکێنن و پشت بە خەڵکانێکی ناپاك و بەکرێگیراو ببەستن بۆ لێدانی برایانی خۆیان، چەند هەرێم و میرنشینێکی بچووکیان بۆ ڕاستکردنەوەو هەندێکیان بۆ دوو سەد ساڵیش زیاتر بەردەوام بوون‌و مانەوە.

استحالة) هەیە، ئەگرێت پێیان بوترێت خاچپەڵگر، من لێرەدا دەستکاری وەرگێڕانەکەی م.ئیکرامم نەکرد وەك ڕێزێك، چون لەوانەیە ئەو ئەوەی پێ باشتر بێت.... (ڕێناس)

پاش ماوەیەك پەلاماری (بیت المقدس)یان دا و دەستیان بە سەریدا گرت، بەڵام پاش دروستکردنی قەسابخانەیەکی گەورە کە مێژوو تۆماری کردووە کە دەیان هەزاریان لە خەڵکی شارەکە کوشت، بەپادەیەك خوێن تا ئەژنۆی خەڵك هەستا ! !

تەنیا بە شام و فەلەستینەوە نەوەستان و چاویشیان بڕیە میسرو هاتن (دمیاط)یان گەمارۆ دا.

ئەم لێقەومان و ماڵوێرانییە درێژەی کێشا و خەڵکی هەموو چاوەڕوانی قارەمانێکیان دەکرد کە ڕێبەرایەتییان بکات بۆ شەڕێکی یەکلاکەرەوە، کەچی دوعا نەبێت هیچی تریان شك نەدەبرد ئەوەنەبێت بڵێن: (أَنتَ مَوْلَانَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ) (البقرة: ٢٨٦) هەرتۆ گەورەو پشتو پەنامانی دەی سەرمان بخە بەسەر خەڵکانی کافردا!

هەر لەناو ئەو تاریکییە چڕەدا گزنگی ڕاستەقینەی بەیان دەرکەوت، ئەوەبوو خوای گەورە چەند پیاوێکی قارەمانی سازو ئامادەکرد بۆ ئەو سەرکەوتنەی کە خەڵکی چارەڕوانییان دەکرد، ئەو قارەمانانە عەرەب نەبوون، بەڵام ڕۆڵەی ئیسلام بوون.

یەکەمین قارەمانیان بریتی بوو لە (عیمادەدین زەنکی) کە تورك زمان بوو، یەکەمین هەنگاوی کاروانی جیهادکردنی دژ بە خاچپەرستان دەست پێکرد..

پاش ئەویش کوڕە پاڵەوانو دلێرو بەئیمانو دادپەروەرو دونیانەویستەکە بوو کە لە هەڵسوکەوتو ژیانیدا وەك خەلیفەکانی ڕاشیدین بوو، ئەویش (نورەدین مەحمود) بوو کە بە(شەهید) بەناوبانگە، ئەم پیاوە خەوی لە فەرەنجییەکان (یان خاچپەرستەکان) تێکدا و یەك لە دوای یەك چەند گورزەیەکی بە ئازاری تێسرەواندن و بەرنامەی یەکگرتنەوەی (شام) و (میسر)ی داڕێژا تا ببنە یەك قەوارە یان یەك یەکەی بەهێز لە بەرانبەر ئەم پەلامارە خاچپەرستییەدا.

پاش ئەمیش (سەلاحەددین: یوسفی کوڕی ئەیوب)ی کوردزمانی شاگردی نورەدین هات، کە خوای گەورە لەسەردەستی ئەودا و لە یەکەمین شەڕێکدا لەگەڵ خاچپەرستاندا سەرکەوتنی بۆ نووسی لە (حەتتین)دا و لەسەر دەستی ئەو (بیت المقدس) فەتحکرا، کە پێشتر بۆ ماوەی نەوەد ساڵ بەندی ئەسارەتی بندەستی پەلامارەران بوو.

ئەم جەنگانە لە میسردا و لەگەڵ فەرەنجییەکاندا درێژەی کێشا و یەکێك لە شەڕە بەناوبانگەکان لەگەڵیاندا بریتی بوو لە شەڕی "مەنصورة" کە لەو شەڕەدا پاشای خاچپەرستەکان کە بریتی بوو لە (لویسی نۆیەم) کە پاشای فەڕەنسا بوو بە ئەسیری گیرا و لە خانەی "ئیبنو لوقمان"دا لە شاری "المنصورة"دا زیندانی کرا.

بەردەوام سەرکردەکانی مەمالیك لە میسر و لە شامدا سوپا بەزیوەکانی خاچپەرستان و پاشماوەکانیان ڕاو دەنا، هەر لە (ظاهر بیبرس)ەوە بیگرە تا دەگاتە سەرکردە" قلاوون"، تا وای لێهات تێکیانیان شکاند و شوێنەواریانیان لەناو ولاتانی ئیسلامدا کوێر کردەوەو نەیانهێشت.

دەوڵەتی مەمالیکەکان پاش ئەم شەڕە پاکسازییانە یەکلابووەوە بۆ چاکسازی ناوخۆیی، ئەوەبوو دەست کرا بە دروستکردنی مزگەوتی گەورە و کردنەوی قوتابخانە و دامەزراندنی نەخۆشخانە و زانایانیش دەستیان دایە نووسینی (مەوسوعات)ی گەورە گەورە لە (فیقە) و (حەدیس) و (تەفسیر) و (زمانو ڕێزمان) و (ئەدەب) و (مێژوو) و زانستەکانی تریشدا.

د . نەهامەتیی هەڵمەتەکانی تەتار:

مێژوو هەرگیز ئەو لێقەومانە گەورەیەی لە بیر ناچێت کە ئێشی قوولّی بە ئوممەتی ئیسلامی گەیاند، و هەر زوو پاش پەلامارەکانی خاچپەرستان کرایە سەر وڵاتانی ئیسلامی کە لە هەندێ شوێندا لەگەڵ ئەو پەلامارانەشدا ئەم پەلامارەش دەستی پێ کرد کە لە مێژوودا بە "پەلامارەکانی مەغوّل" یان "تەتارەکان" ناودەبرێن.

ئەگەر هەڵمەتەکانی خاچپەرستان لە ڕۆژئاواوە کرانە سەر دونیای موسڵمانان ئەوە پەلامارەکانی تەتار یان مەغوّل لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن، ئەم مەغوّلانە بریتی بوون لە چەند خێڵێکی لادێنشین و ئاگایان لە ڕۆشنبیری و شارستانییەت نەبوو، لە لوتکەی هێزو دەسەڵاتیشدا بوون و هێزێکی گەنج و خاوەنی سەرکردایەتییەکی گوێ بۆگیراو بوون کە کوێرانە شوێن گەورەکانیان دەکەوتن و وەک کەسانێکی پیرۆز سەیریان دەکردن، یان وەک خوا سەیریان دەکردن، ئەمەش بە ڕوونی لە یەکێکی وەک هۆلاکۆی خەلیفەیاندا دەردەکەوت پاش جەنگیزخان..

ئەم تەتارانە لە ڕۆژهەڵاتەوە وەک ڕەشەبایەکی نەزۆک هەڵیان کرد، بیاندایە بەسەر هەر شتێکدا لە پەلوپۆیان دەخست و دروێنەیان دەکرد، ئەو کاتەی دایان بەسەر موسڵماناندا دونیای ئیسلامی لە بێئاگایی و سەرقاڵییەکی ترسناک و خەوێکی قوڵدا بوون، بۆیە وەک هەڵۆیەک چۆن پەلاماری نێچیرەکەی دەدات و دەیگرێت ئەمانیش هەروا، ئەوەبوو وڵات وڵات و میرنشین میرنشین هەموویان گرت، چونکە ئەوان ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی گەورە نەبوونەوە کە خەلیفەیەک ئاراستەی بکات، بەڵکو ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەرێمی خۆجێیی پارچە پارچە و لەیەک ترازا و بوونەوە، بە ئاسانی یەک لە دوای یەک دەیانیانگرت و ئەو هەرێمانە کە وەک ژمارەی خەڵک و وەک جۆری چەک و تفاقیش هەر کەم و لاواز بوون و نەیاندەتوانی لە ڕووی ئەم هێزە تازە گەنجەدا بووەستن کە هێزێکی مەشقپێکراو و ڕێکوپێک و زۆر بەتەماح بوو.

هێزی تەتار بەردەوام پێشرەوی دەکردو ئەم ولاتانە بەبێ موقاومەت و بەرگری یان پاش بەرگرییەکی زۆر کەم یەک لە دوای یەک لە بەردەمیاندا دەکەوتن و کار گەیشتە ئەوەی نزیکی (بەغداد) پایتەختی خیلافەتی عەببباسی بوونەوە! پایتەختی مەنصور و هارونە رەشید و مەئمون.

لە راستیدا بەغدادیش حاڵی لە ولاتانی تری پێش خۆی باشتر نەبوو، چونکە ناپاکی دەستی خۆی لێوەشاندبوو، بۆیە هەر زوو ئەم شارەش بوو بە زێر پێی جەنگاوەرە درندەکانی تەتارەوەو هاتن دەستیان کردە تاڵانیو خەڵک کوشتن کە وەک دەوترێت بە درێژایی چل رۆژ لە هەر کوێدا خەڵکیان بەرچاو بکەوتایە دەیانکوشتن و هەرچیشیان لە ماڵو موڵکی خەڵکی دەست بکەوتایە تاڵانیان دەکرد تا دەیانتوانی، ژمارەی ئەو کەسانەی تەتار کوشتنی بە دوو هەزارەزار (دوو ملیۆن) کەس مەزەندە دەکرێن ، کەمترین ژمارەی کوژراو کە مەزەندە کراوە بریتییە لە یەک هەزار هەزار (واتە ملیۆنێک) کەس، کوشتن بە پادەیەک بوو هەموو کۆڵان و ڕێگەوبانەکان پڕبوون لە خوێن و لە لاشەی مردوو، خوێن لە پلووسکەی سەربانەکانەوە دەهاتە خوارەوە!! ئاوی ڕووباری دیجلە هەمووی سوور بوو ئەوەندە خوێنی تێ ڕژا، پاشان ڕەش داگیرا بەهۆی ئەو هەموو کتێبەی کە تێی فرێدرابوو و ئەو هەموو مرەکەی خوێندنگاکانیش کە ڕژێندرابوونە نێوی!! مێژوونووسێکی گەورەی وەک (ئیبن ئەسیر) کە هاوچەرخی ئەو هێرش و پەلامارە تەتارییانەیە و خۆی سەرەتاکانی بینیووە، کاتێک باسی ئەو پەلامارانە دەکات سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆی بۆ ئیسلام و موسڵمانان ڕادەگەیەنێت!!

ئیبن ئەسیر لە کتێبەکەی (الکامل فی التأریخ)دا کە باسی هاتنو پەلاماردانەکانی تەتار دەکات بۆ ولاتانی ئیسلامی لە ڕووداوەکانی ساڵی (٦١٧ك)دا لەوێدا دەڵێت : "چەند ساڵێکی زۆر مامەوە و هەر خۆم لەم ڕووداوە لادەدا و دڵم نەیدەهێنا بینووسمەوە،، چونکە شتێکی زۆر قورس بوو لام، پێمناخۆش بوو باسی بکەم،

قاچێکم دەبردە پێشەوە و قاچێکم دەهێنایە دواوە! ئاخر لای کێ ئاسانە هەواڵی کەوتنی کۆسی گەورەی ئیسلام و موسڵمانان بنووسێتەوە؟! کێ هەیە یادی ئەو شتەی لا ئاسانو سووک بێت؟! خۆزگە بە خۆزگایی خوا من هەر لە دایك نەبوومایە! خۆزگە بە خۆزگایی خوا پێش ئەو کارەساتە بمردبایەمو کەس هەر ناوی نەبردمایە! بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێك هاوڕێ هانی زۆریان دام کە ئەو ڕووداوە بنووسمەوە، هەرچەند من هەر هەڵوێستەم دەکرد و نەمدەنووسی، پاش ماوەیەك بۆم دەرکەوت باسنەکردنی ئەو ڕووداوە هیچ کەڵکێکی نییە، بۆیە (ئێستا) دەڵێم : ئەم فەسڵە باسی ئەو ڕووداو، گەورەیە و ئەو لێقەومانە هەرە قورسەیە کە منالّدانی ڕۆژگار پاش ئەو تووشی نەزۆکی بوو، هیچ ڕووداوێکی تری وای لێ نەبوو، ئەم لێقەومانە هەموو خولقاوەکانی گرتەوە بەتایبەتی موسڵمانان، ئەگەر یەکێك بڵێ: لەوەتەی خوا ئەم جیهانەی دروست کردووە لە حەزرەتی ئادەمەوە تا ئێستا، جیهان لێقەومانێکی لەم شێوەیەی بەسەردا نەهاتووە! ئەو کەسە قسەکەی ڕاستە و درۆ ناکات!! چونکە بە ڕاستی لە هەموو مێژوودا لێقەومانێکی لەو شێوەیە یان نزیك لەو شێوەیە بەسەر کەسدا نەهاتووە، پێدەچێت هەموو خەڵکی ڕووداوێکی تری لەم شێوەیە نەبینن تا دونیا دونیایە!! قسەی ئەوە ناکەم کە (یأجوج و مأجوج) بێن و جیهان بپوکێننەوە و دونیا کۆتایی پێ بێت لەسەر دەستیان.

ئەم تەنارانە کەسیان نەدەبوارد، ژنو پیاو و منالّیان وەك یەك دەکوشت، سکی ئافرەتی دووگیانیان هەڵدەدڕی و کۆرپەکەی ناو سکیشیان دەردەهێنا و سەریان دەبڕی! (إنا لله وإنا اليه راجعون) (ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم)".[٣٠٠]

هەندێ کەس وادەزانێت کە ئەم قسانەی (ابن الاثير) باسی کوشتن و کوشتاری ناو بەغدادە، لە کاتێکدا شتەکە باسی شوێنی ترە، چونکە ڕاستییەکەی ڕووداوی ڕووخانی بەغداد دوای مردنی (إبن الاثير) بووە و ئەم کاتی ڕووداوەکە لە ژیاندا

---

[٣٠٠] الكامل، إبن الاثير، ٣٥٨/١٢، ٣٥٩. طبعة دار صادر و دار بيروت.

نەبووە ، .چونکە (إبن الأثیر) لە ساڵی (٦٣٠)ی کۆچی وەفاتی کردووە، کەچی پوودلوی کەوتنی بەغداد لە ساڵی (٦٥٦)ی کۆچیدا بووە.

(ئیبن کثیر) ی میژوونووسیش دەڵێت:"بەردەوام تا چل پۆژ بە شمشێر سەری خەڵکی لە لاشەی دەکرایەوە، کە ماوەی دیارکراو تەواو بوو، چل پۆژەکە کۆتایی هات بەغداد کاول و وێران کرا، کەست تێیدا نەدەبینی تاکوتەرا نەبێت، جەنازە لەسەر شەقام و کۆڵانەکاندا وەک گرد هەڵدرابووونەوە، بارانێکیش بەسەریاندا باری پووی هەموویانی شێواند و بۆنی ئەو جەنازانە هەموو وڵاتی داگیر کردو هەوا تەواو ئالوودە بوو، بەهۆی ئەو بۆنەیەوە چەندین نەخۆشی خراپ بڵاوبوویەوە، تەنانەت ئەو نەخۆشییانە بەدەم هەواوە گەیشتنە وڵاتی شام و بەهۆی بۆنەکەیەوە خەڵکێکی زۆر گیانیان لەدەستدا و وای لێ هات دوو بەڵای گەورە لەسەر خەڵکی کەڵەکە بوو: یەکێکیان گرانیو ئەویتریان نەخۆشی و مردن).[٣٠١]

نووسەرو میژوونووسی موسڵمان دکتۆر عیمادەدین خەلیل لە پاشکۆی ئەم هەڵمەتە گەورەیەی تەتاردا باسی ئەو ئاسەوارانە دەکات کە ئەم هەڵمەتانە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی جێی هێشتوون و دەڵێت:[٣٠٢] " کارەکە وا دەردەکەوت هەروەک شەوێکی تار کە مۆتەکەی کردبێت لەسەر سنگی پووبەرێکی فراوانی دونیای ئیسلامیدا، وای لێهات چرای شارستانییەتی کوژاندەوە و خەڵکی ئەوەندە هەژاند توانای کارو تۆژینەوەو داهێنانی لەقبوو، هەستی پووخێنەری گلان (و ئاشبەتاڵ) تا سەر ئێسقان پۆیشت، ئەوەتا ئێمە لە یەکێك لە کتێبەکانی (إبن الاثیر)دا دیمەنێکی بەرجەستە کراوی (کاریکاتێر ئامێز) دەخوێنینەوە کە بە پاستی مایەی پێکەنین و گریانیشە لە هەمان کاتدا، بۆ ئەو حاڵەتەی کە پۆڵەکانی دونیای ئیسلامی پێیگەیشتوون لەو پۆژگارانەدا، (إبن الأثیر) دەڵێت :" چەندین چیرۆکیان لێ

---

[٣٠١] البداية والنهاية ، ٢٠٣/١٣.

[٣٠٢] له كتيبى (هجمات مضادة في التأريخ الاسلامي) ص١٠، ١١، نشر بمكتبة النور بالقاهرة.

دەگێردرێتەوە کە خەریکە ئەوەی گوێی لێ دەبێت بڕوا نەکات خوای گەورە ئەو هەموو ترسەی خستبێتە دڵی خەڵکی دەربارەی تەتار، تەنانەت دەوترێت پیاوێکی (مەغۆل) بە تەنیا ڕووی دەکردە لادێیەك یان کۆڵانێك، لەو شوێنەدا خەڵکێکی زۆری دەبینی دانە دانە هەموویانی بەدوای یەکدا دەکوشت کەچی یەکێکیان غیرەتی نەدەدایە بەرخۆی لە ڕووی ئەم تاکە سوارەدا بووەستێت!! (نەك ئەمە)، بەڵکو بۆیان باسکردووم کە لە شوێنێکدا کابرایەکی تەتاری یەکێك دەگرێت، سەیر دەکات هیچی پێ نییە کابرای پێ بکوژێ، فەرمانی پێ دەکات سەر بخاتە سەر زەوی و نەجوولێ، کابراش سەر دەخاتە سەر زەوی و (بکوژە) تەتارەکەش دەڕوات و شمشێرێك پەیدا دەکات و دێت کابرای پێ دەکوژێت!!

کابرایەکی تر بۆی گێڕامەوە و وتی: جارێکیان من و حەڤدە پیاوی تر بەڕێگەیەکدا دەڕۆیشتین، سوارێکی تەتاری هاتە ڕێگامان و قیڕاندی : یەڵڵا هەموو شان بنێن بەیەکەوە (ڕیزبەن) ، هاوڕێکانم هەموو بە گوێیان کردو وایان کرد کە ئەو وتی، منیش وتم: باشە خۆ ئەمە یەك نەفەرە بۆچی بە هەموومانەوە نەیکوژین و هەڵبێین؟ وتیان : ئاخر دەترسین! وتم: جا خۆ کابرا هەر ئێستا بە نیازە بتانکوژێت، جا ئێمە ئەو دەکوژین و بەڵکو خوای گەورە ڕزگارمان بکات لە دەستی، سوێند بە خوا کەسیان زاتی ئەوەیان نەکرد لە ڕوویدا بوەستن، ناچار چەقۆیەکم هەڵگرت و دەستم لە کابرا کردەوە و کوشتم و هەموو بۆی هەڵاتین و ڕزگارمان بوو".[٣٠٣]

. زاڵبرونی ئیسلام بەسەر تەتارەکاندا پاش دوو ساڵ لە ڕووخانی بەغداد:

ڕووخانی بەغداد لە ساڵی (٦٥٦)ی کۆچیدا بوو، خەڵکی گومانی خراپی زۆریان بە (داهاتووی) ئیسلام دەبرد، بێئومێدی باڵی کێشا بەسەر دڵی هەموواندا، خەڵکی

---

[٣٠٣] الكامل، إبن الأثير، ١٢/٥٠٠و ٢٠١.

وا گومانیان دەبرد کە ئیتر پەڕەی ئیسلام پێچرایەوە و کۆتایی پێ هات، خۆری موسڵمانان ڕووی لە ئاوابوون کردو ئیتر چی میراتی دونیا هەیە دەکەوێتە دەست تەتارەکان و هەر هێزو سەربازی ئەوان زاڵ و بەدەسەڵات دەبن (لەمەودوا).

کەچی زۆری نەبرد و هەر دوای دوو ساڵ خوای گەورە بڕیاری وابوو هەڵوێستەکە گۆڕانی بەسەردا بێت‌و، "با" بەو شێوەیە هەڵی کرد کە بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدا بوو، سەرکردەی مەغۆلەکان نامەیەکی نووسی بۆ سەرکردەی مەمالیەکەکانی میسر لە نامەکەدا کەف دەچەڕێنێت و دەگرمێنێت و بروسکە لێدەدات و هەڕەشە لە میصرییەکان دەکات و داوا دەکات: هەموو دەرگاکانی وڵاتی بۆ بخەنە سەر پشت‌و ڕێگا و بانەکانی بۆ فەرش ڕێژ بکەن و جڵەوی دەسەڵات بخەنە ناو دەستی! ئەگەرنا ئەوە ئەم لە کەمینداید بۆیان و سوپاکەی ئەو سوپایەیە کە هەموو وڵاتانی گرتووە و هەموو خەڵکی ملکەچ کردووە و ... هتد.

سەرکردەی ئەو کاتەی میصر بریتی بوو لە پیاوێکی چاکەکارو قارەمان کە ناوی (سیف الدین قطز) بوو، کە ئەم نامەیەی گەیشتە دەست لەتوپەتی کرد لەبەردەم نوێنەرەکانی سەرکردەی تەتارەکان و سەرباز و پیاوەکانی خۆشیدا، مەبەستی ئەوەش بوو کە حاڵییان بکات ئەوان لە خاوەن نامە و لە سوپاکەشی ناترسێن و لە ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەدا پێیان دەسەلمێنن قارەمان‌و پیاوی ئازا کامانەن؟

(قطز) دەستی کردە تفاق کۆکردنەوە و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەران‌و دەستەویەخە بوونەوە لەگەڵ تەتاردا، ئەو تەتارانەی کە وا بڵاوبووبوویەوە کە "ئەگەر وترا تەتار شکستی خواردووە ئەوە هەرگیز بڕوا مەکە!" ئەمە هەر ئەو ئەفسانەیەیە کە زایۆنیزمی جیهانی ئەمڕۆ دەیخاتە ناو خەڵکی گوایە ئەو (ئەو هێزەیە کە مومکین نییە تێکبشکێنرێت)!.

ئەوەبوو کە هێزی سەربازی و سیاسیی موسڵمانان، هێزی زانستی و ئایینییشی هاتە پاڵ و سوڵتانی هەموو زانایان (عیزەدینی کوڕی عەبدولسەلام) دایە پاڵ (قطز)

و دەستی کردە هاندانی خەڵکی بۆ جیهادکردن و داوای کرد لە سەربازە مەمالیکەکان هەموو تۆبە بکەن و دەست بنێن بە هەموو حەرامێکەوە کە خۆیانیان پێ جوان کردووە، ئەو شتە حەرامە ئالتون بێت یان شتی تر بێت... بێنە مەیدان و دڵسۆزانە کار بکەن ئەو کاتە خوای گەورەش بەسەر دوژمنانی خۆی و دوژمنانی ئەوانیشدا زاڵیان دەکات.

(قطز) بە خۆی و سوپاکەیەوە لە مانگی ڕەمەزاندا بەرەو دوژمن کەوتنە ڕێ و وێستی خوا وابوو کە بە ڕۆژی جومعە و لە بیست و پێنجی ڕەمەزانی ساڵی ٦٥٨ی کۆچیدا و لەلای گوندی (عین جالووت)ی فەلەستیندا ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە، واتە دوای دوو ساڵ یا کەمتر لە مێژووی کەوتنی بەغداد.

ئەو ڕۆژە یەکێکە لە ڕۆژە (پڕفەڕ)ەکانی پەروەردگار، کە موسڵمانان تێیدا بەسەر تەتارەکاندا سەرکەوتن لە یەکێك لەو شەڕە یەکلاکەرەوانەی کە لە مێژوودا ڕوویان داوە، ئەویش بریتییە لە شەڕی (عین جالووت) کە دوای ئەم شەڕە ئیتر تەتار لە ڕووی سەربازییەوە باس و دەنگێکی وەهای نەما کە لەناو خەڵکدا باسی بکرێت.

پاش ئەم سەرکەوتنە سەربازییەی کە موسڵمانان بە دەستیان هێنا لە بەرانبەر ئەو سوپایەدا کە کەس بڕوای نەبوو تێك بشکێت، خوای گەورە وێستی سەرکەوتنێکی تری بۆ موسڵمانان تۆمار کرد کە هەرگیز بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەهاتبوو.

تەتارە سەرکەوتووە بەدەسەڵاتەکان، ئەوانەی کە ژمارەیەکی زۆر وڵاتیان لە ژێر چنگدا بوو و، بە هێز و توانای خۆیان سەرکردایەتی ئەو وڵاتانەیان دەکرد، کەچی سەیر دەکەین لە پڕێکدا هەموو موسڵمان دەبن و دێنە ناو ئایینی ئیسلام بە وێستو ئارەزووی خۆیان!

بۆ یەکەمین جارە کە مێژوو شتی لەو جۆرە تۆمار بکات کە خەڵکی سەرکەتوو بچنە ناو ئایینیی خەڵکە بەزیوەکەوە!! لەگەڵ ئەوەدا قاعیدەو ڕێسا ئەوەیە وەك _

ئیبن خەلدون و جگە لەویش دەیڵێن _ خەڵکی بەزیوو هەمیشە هەڵپەی ئەوەیەتی کە بە شوێن خەڵکی زاڵ و سەرکەوتوو دا بڕوات و چاو لە شتە ماددی و مەعنەوییەکانی بکات.

تەتارەکان بە ڕووکەش پابەندی ئیسلامەتی دەبوون و گەردنگیری ڕاستەقینەی ئیسلام نەبوون، بەڵام زۆری نەبرد بوونە موسڵمانێکی زۆر باش و لە زۆربەی شوێنەکانی زەویدا هەرێمی ئیسلامییان دروست کرد.

. بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناو هەموو تەتاردا

مێژوونووسی ناودار "تۆماس ئارنۆڵد" لە کتێبی "الدعوة الی الاسلام"ەکەیدا پاشکۆیەک لەسەر ئەم کارە سەیرە دەنووسێت و دەڵێت :" بەڵام ئیسلام هیچ چارێکی تری نەما، ئەوە نەبێت جارێکی تر و لە ژێر دار و پەردووی گەورەیی یەکەمجاری و سەروەرییە کۆنەکانیدا سەرلەنوێ هەستێتەوە، بە هەمان شێوە و بە هۆی بانگبەرەکانییەوە توانی ئەم پەلامارەدرە بەربەرییانە کەمەندکێش بکات بۆ خۆی و وابان لێ بکات موسڵمان ببن، ئەم چاکەیەش بۆ هەوڵ و چالاکی ئەو بانگخوازە موسڵمانانە دەگەڕێتەوە کە ئەوپەڕی ناڕەحەتیان دەهاتە ڕێگا بۆ پەکخستنی دوو ڕکابەرە بەهێزەکانیان، ئەو دوو ڕکابەرەی کە دەیانووێست گرەو لە ئیسلام بەرنەوە لەم مەیدانەدا، لە مێژووی هەموو دونیادا نموونەی ئەم شتە سەیرە نییە، جەنگێکی زۆر گەرم لە نێوان (بوزییەت) و (مەسیحییەت) و (ئیسلام)دا بەرپا بوو بوو، هەر ئایینەو لەلای خۆیەوە لە هەوڵی ئەوەدابوو کە ئەم پەلامارەدرە دڵڕەقانە بەلای خۆیدا بهێنێت، کە شوێنکەوتووانی هەموو ئەو ئایینە گەورانەیان خستبووە ژێر پێیانەوە لە کاتێکدا هەموویان بانگبەرو مژدەدەریان بە هەموو هەرێمو وڵاتاندا بڵاوبووبوویەوە".[٣٠٤]

---

[٣٠٤] الدعوة الی الاسلام، ص٢٥٠. چەند ماموستایەکی خەڵکی میصر وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

"وا دەردەکەوێت کارێکی ئاسان نەبووە کە ئیسلام ڕکابەری ئایینە بەهێزەکانی تری وەک "بوزییەت" و "مەسیحییەت" بکات لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی مەغۆلییدا، بەڵکو کارێکی تاقەتپڕوکێن بووە، چونکە موسڵمانەکان لە هەموو کەس زیاتر تاڵاویان بەدەست مەغۆلەوە چەشتبوو، زۆربەی شارەکانیان کە تا ماوەیەکی زۆر لە کیشوەری ئاسیادا شوێنی دەسەڵاتی ئایینی و قیبلەی زانست بووە لە ئیسلامدا، کەچی ئەم مەغۆلانە کردبوونیانە وێرانە و بایەقووش تیایاندا دەیخوێند، تەنانەت شەرعزانو پێشەوا لە خواترسەکانی ئایینی بەشیان هەر کوشتن و بڕین بوو،[٣٠٥] ئەو کاربەدەستانەی ناو مەغۆل کە واناسراو بوون بەرانبەر بە هەموو ئایینەکان لێبوردەن، کەچی هەر یەکەیان بەڕێژەیەک ڕق و قینیان دەردەبڕی بەرانبەر بە ئیسلام، بۆ نموونە (جەنگیزخان) فەرمانی دەرکردبوو کە هەرکەسێک بەڕێوەبەسمی ئیسلامەتی ئاژەڵ سەربڕێت دەبێت خۆشی بکوژرێت! پاش ئەویش (قوبیلائی) هەر لەسەر هەمان بەرنامەی جەنگیزخان دەڕۆیشت، خەڵاتی دانابوو بۆ هەر کەسێک هەواڵ لەو کەسە دەدات کە بەڕێوەبەسمی ئیسلام ئاژەڵ سەربڕێت، ئەم کابرایە بۆ ماوەی حەوت ساڵ موسڵمانانی سەرکوت دەکرد، ئەو یاسا و خەڵاتانە وای کرد لە خەڵکێکی نەبوو کە ڕێگەیەکی (چەوریان) دەست بکەوێت بۆ کۆکردنەوەی سامان، هەندێ کۆیلەش کەوتنە سەر ئەو فێڵەی کە شکاتیان لە خاوەنەکانیان دەکرد و تۆمەتباریان دەکردن بەم تۆمەتەو بەو بۆنەیەوە ئازادی خۆیانیان وەردەگرتەوە، موسڵمانان قورستترین و تووندترین سزایان تووش هات لە سەردەمی (کیکوک)دا (١٢٤٦ ـ ١٢٤٨ز)، ئەم کابرایە جڵەوی کاروباری دەوڵەتی هەموو سپارد بە هەردوو

---

[٣٠٥] مامەڵەی خراپی مەغۆلەکان لەگەڵ ئەم زانایانەدا گەیشتبووە ئەوەی کە چینییە مەشقکەرەکان بە ئەسپ کانێک کە نمایشێکیان دەکرد، دەهاتن بۆ دەرخستنی خۆشی و کەیفکردن بە لوتبەرزییەکەوە، پیاوێکی ڕیشسپی بە تەمەنیان دەهێنا و ملیان دەبەستەوە بە کلکی ئەسپەکەیانەوە و ئەویش رایدەکێشا بە دوای خۆیدا، ئەم تەنارانەش بۆیە ئەم کارەیان دەکرد تا ئەوە پیشانی خەڵکی بدەن کە سوارچاکەکانی مەغۆل تا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ موسڵمانانداً دەکەن.

وەزیرە مەسحییەکەی و پاش ماوەیەکی کەم کۆشکی پاشایەتی جمەی دەهات لە ڕوهبانی مەسیحیدا".[٣٠٦]

"ئەرەغۆن کە چوارەمین ئەلیخانییە مەغۆلییەکانی ناو فارسە (١٢٨٤- ١٢٩١ز) لە وڵاتی خۆیدا موسڵمانانی زۆر دەچەوساندەوە و بێبەشی کردبوون لە هەموو ئەو پلەو پایانەی کە پێشتر هەیانبوو لە کایەی (دارایی) و (دادگایی)دا، هەروەها یاساغی کردبوو کە پێ بنێنە کۆشکەکەی، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو زەحمەتو ناڕەحەتییانەدا ئەم مەغۆل و خێڵە بەربەریانە لە کۆتاییدا هەموو گەردنیان کەچ کرد بۆ ئایینی ئەم میللەتانەی کە ئەوان کردبوونیان بە ناخی زەوییدا و خستبوونیانە ژێر پێی خۆیان".[٣٠٧]

وەسێتو ئامۆژگاریم بۆ خوێنەری بەڕێز ئەوەیە کە ئەو کتێبەی تۆماس ئارنۆڵد (الدعوة الی الاسلام) بخوێنێتەوە، چونکە زانیارییەکی زۆری تێدایە دەربارەی چۆنێتی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەناو مەغۆلەکاندا، تا ئەوەبوو وای لێهات هەموو بوونە سەربازو پاسەوانی ئەم ئایینە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتداو چەندین میرنشینیان لە ژێر پەرچەمی ئیسلامدا دروست کرد.

. خۆری ئیسلام لە شوێنێکەوە ئاوا دەبێت بۆ ئەوەی لە شوێنێکی ترەوە هەڵبێت :

لێرەدا سوودێکی مێژوویی هەیە پێمخۆشە ئاماژەی پێ بدەم ئەویش ئەوەیە:

(بەدرێژایی مێژوو) ئیسلام کە شەپۆل لە وڵاتێکدا دۆڕاندبێت زۆری نەبردووە لە وڵاتێکی ترا شەپۆلێکی بردووەتەوە وەک ئەو شەپە یان چاکتریش، جاری وا بووە خۆری لە وڵاتێکدا ئاوابووە بۆ ئەوەی لە وڵاتێکی ترەوە هەڵبێت...

---

[٣٠٦] الدعوة الی الاسلام، ص٢٥٦، ٢٥٨.

[٣٠٧] سەرچاوەی پێشوو، ص٣٥٧، ٣٥٨.

ڕاستە ئیسلام چەند زەوی و چەند وڵاتی لەدەست داوە لەو وڵاتانەی فەتحی کردوون، ئەو کاتانەی کە خەڵکی وڵاتەکە هانای بۆ موسڵمانان هێناوە ئەمانیش چوون بە هانایانەوە و لەوێدا دەوڵەت و ڕۆشنبیری و شارستانییەتیان بەرقەرار کردووە، لەوانە ئەندەلوس کە بە بەهەشتی لەدەستدراو ناوزەد دەکرێت و دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ هەشت سەدە دەوامی کێشا لەوێدا، بەڵام دواتر خاچپەرستەکان دەستیان دایە پیلانگێڕان دژ بە موسڵمانان و، دەسەڵات و کڵێسا سەریان کرد بەیەکداو بەداخەوە هەندێ موسڵمانیش کلکیان گرێدا لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی لەوەڕو ئارەزووبازییان دەست بکەوێت و لەناو خۆیاندا پارچە پارچە و پەرتەوازە بوون و هەندێکیان شەرپیان بە هەندێکی تریان دەفرۆشت و تەنانەت هەندێکیان پەنای بۆ دوژمنەکەی دەبرد بۆ سەرکوتکردنی براکەی خۆی، هیچ سەروەرییەکیشیان نەبوو تەنیا ناوی زل زل نەبێت وەک خەلیفە گەورەکانی کۆنیان دەکرد... بۆ نموونە هەبوو خۆی ناونابوو (المعتصم بالله) یان (المعتضد بالله).... ئەوەتا شاعیرێکیان دەڵێ:

مما يزهد في أرض أندلس

القاب معتصم فيها ومعتضد!

القاب مملكة في غير موضعها

كالهر يحكي انتفاخاً صورة الاسد![٣٠٨]

هەر زوو ئەم میرنشینە پەرتەوازەو بچووک بچووکانە لە ژێر گورزی خاچپەرستە یەکگرتووەکاندا ڕمان، تەنانەت یەکێک لەو میرانە کاتێک کە میرنشینەکەی لە دەست دەدات و ئیسپانییەکان دەستی بەسەردا دەگرن، دەداتە کوڵی گریان! دایکیشی پێی دەڵێ:

---

[٣٠٨] مانای شیعرەکە: ئەوەی وام لێدەکات بێزار بم لە ئەندەلوس ئەوەیە پڕە لە نازناوی گەورە گەورەی وەک (معتصم)و (معتضد)، ئەم نازناوانە لە میرگەلێک نراون کە شایستەی نین، وەک ئەو پشیلەیە وایە کە خۆی گڤ دەکاتەوە بۆئەوەی وەک شێر خۆی بنوێنێت! (وەرگێڕ).

ابك مثل النساء ملكاً مضاعاً

لم تحافظ عليه مثل الرجال![٣٠٩]

غەرناتەش کە میرەکانی ئەوێ بە کۆشکی سوور جوان پازاندبوویانەوە و زیادەڕەویی زۆریان لە دروستکردنیدا کردبوو بەڕادەیەک ملیۆنەهایان تێدا خەرج کردبوو، بۆئەوەی وەک یادگارییەکی بیناسازی بمێنێتەوە و بەڵگەیەکی هونەری گەورە بێت و سەروەرییەکانی بگێڕێتەوە بۆ خەڵکی... غەرناتە کۆتایەمین شوێنێك بوو کە کەوتە دەستی نەصاراکانی ئیسپانیا، کەوتنی غەرناتە دەنگوباسێکی گەورەی لە جیهانی ئیسلامیدا دروست کرد و لە هەموو دونیای ئیسلامەوە فرمێسکی بێشوومارى بۆ ڕژێنرا، بەڵام گریان چ دادێك دەدات؟ ئایا فرمێسك ئەو شتە دەگێڕێتەوە کە لە دەست چووە؟ یان ئەو کەسە زیندوو دەکاتەوە کە مردووە؟ موسڵمانان ئاوەهایان لێهاتبوو هەرکاتێك شارێك لە شارەکانی ئەندەلوس لەدەست دەچوو تێر داخیان بۆ دەخواردو جەرگیان خوێنی لێ دەتکا بۆی،[٣١٠] و شاعیرانیش دەهاتن قەسیدەی شیوەننامێزیان بۆ دەهۆنییەوە، شیوەن بۆ وڵاتان و شارەکان نەك شیوەن بۆ خۆشەویستانو هاوەڵان، بۆ نموونە ئەم فرمێسك ڕشتنە لە شیعری (نفح الطیب)و شیعری تریشدا دەبینی.

بەناوبانگترین قەسیدەیەك کە پڕە لە گریانو مرۆڤیش دێنێتە گریان بریتییە لەو قەسیدەیەی کە ئەبوبەقائی صالحی کوڕی شەریفی ڕوندی گەورە شاعیر نووسیوویەتی، کە بە ڕاستی یەکێکە لە جوانترین شیعرەکانو پێویستە نەوەکانمان باش لەبەری بکەن کە سەرەتاکەی وادەست پێ دەکات:

---

[٣٠٩] مانای شیعرەکە : وەك ژن بگری بۆ مولك و دەسەڵاتێك کە لە دەستت دا، چونکە نەتتوانی وەك پیاو پارێزگاری لێ بکەی. (وەرگێڕ).

[٣١٠] لە عەرەبییەکەیدا ئەڵێ: (وتقطعت الاکباد علیها زفرات)، ئێمە ئەوەمان لە بەرانبەریدا دانا. (وەرگێڕ).

لكـل شيء إذا ما تم نقصـان

فلا يغـرّ بطيب العيش انسـان

هي الأمور كما شاهدتها دول

من سـرّه زمن ساءته أزمـان

تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ:

لمثل هـذا يذوب القلب من كمد

إن كان في القلب اسلام وإيمان[٣١١]

ئەم گلانە لە مێژووی ئیسلامیدا شتێکی بێ نموونەیە، پێش ئەم ڕووداوە شتێکی تری وا تۆمار نەکراوە کە ئیسلام شوێنێکی فەتح کردبێت و تێیدا دامەزرابێت و پاشان لێی هاتبێتە دەر یان دەرکرابێت.

ئەندەلوس تاکە وڵاتێکە هەڵوێردراوە لە مێژووی ئیسلامدا کە موسڵمانە پێشینەکان فەتحیان کردبێت (و پاشان لە دەست درابێت)، چونکە موسڵمانان هەر وڵاتێکیان فەتح کردبێت بۆئەوە بووە خەڵکی بە ئیسلام ئاشنا بێت و بێنە ناوی و پاش ئەوە خەڵکەکە خۆی ببینە بەرگریکەر لێی و خۆیان لە پێناویدا بەخت بکەن..

ئەم تەنیا بوونەوەی ئەندەلووس لە هەموو مێژووی ئیسلامدا پێویستی بەوە هەیە کە توێژینەوەیەکی لەسەرخۆ و هەمەلایەنی لەسەر بکرێت تا بزانرێت

---

[٣١١] دکتۆر لێرەدا و لە پەراوێزدا درێژەی ئەو شیعرەی نوسیوە، بەڵام ئێمە بە پێویستمان نەزانی هەمووی بنووسینەوە، کێ وێستی بگەڕێتەوە بۆ ئەو قەسیدەیە با سەیری (نفح الطيب من غصن الاندلس الرطيب وذكر وزيرها لسان الدين الخطيب) بکات کە هی (أحمد بن محمد بن محمد المقرّي الكساني)یە، محمد محی الدین عبدالحمید تەحقیقی کردووە، (٦/ ٢٣٢، ٢٣٣)، نشر دار الكتاب العربي، بيروت..(وەرگێڕ).

هۆکارەکەی چی بووە، فاکتەرەکان کامانەن، هەلومەرجەکە چی خواستووە، بۆ ئەوەی بەرەکانی داهاتوو کەڵکی لێوەربگرن...

دەسەلات(ی سیاسی) و کڵێسا هەردووک دەستیان نایە ناو دەستی یەکتری بۆ لەناوبردنی ئیسلامو وەدەرنانی لە ئەورووپادا، موسڵمانانیش ئەوکات نە هێزێکی وایان هەبوو نە پلانێکی ئەوتۆشیان هەبوو کە بەربگرن لەم پیلانەی کە لە دژیان دەچنرا.[٣١٢]

کەچی خوای گەورە لە قەرەبووی ئەم وڵاتەدا کە لە ئەورووپادا لە دەستیان دا، وڵاتێکی تری لە ڕووی ڕۆژهەڵاتەوە دا بە موسڵمانان کە ئەویش بریتی بوو لە (قوستەنتینیە) و وڵاتی بەڵقان، کە دەوڵەتی تازە پێگەیشتووی عوسمانی فەتحی کرد، ئەو دەوڵەتەی کە بۆ چەند سەدە تاکە هێزی جیهان بوو.

بەڵێ میرنشینی غەرناتە ڕووخاو بە ڕووخانی ئەویش کۆتایی بە بوونی ئیسلامی بە شێوەیەکی فەرمی هات لە ئەندەلوسدا لە ساڵانی (٨٩٧ك - ١٤٩٢ز)،(بەڵام) عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی موحەممەد فاتیح لە ساڵی (١٤٥٣ز) قوستەنتینییەیان فەتحکرد و ناوەکەشیان گۆڕیو کردیان بە (ئیسلامبول) یان (ئیستانبول) کە لە پاشدا کرایە پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ چەند سەدەی دواتر، تا لە ساڵی (١٩٢٤ز) دا سیستمی خیلافەت هەڵوەشێنرایەوە و پایتەختی دەوڵەتە عیلمانییەکە لە ئیسلامبولەوە گوێزرایەوە بۆ ئەنقەرە.

هەروەدا ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا چەندین وڵاتی تری کەوتە دەست (لە قەرەبووی ئەوەدا کە لە خۆرئاوای ئەورووپادا لەدەستی چووبوو) و ئەو وڵاتانەش بوونە بەشێك لە خانە گەورەکەی ئیسلام و خەڵکەکەشی هەموو بوونە موسڵمانو پارچەیەك لە ئوممەتی ئیسلامی وەك (ئەلبانیا و کۆسۆڤۆ و مەقدۆنیا و بۆسنە و هێرسك...)

---

[٣١٢] بڕوانە: کتێبەکەی "محمد عبدالله عنان" بەناوی "نهاية الأندلس وتأريخ العرب المنتصرين" مطبعة مصر.

ئایینی ئیسلام بە ڕەگداکوتراوی لەو وڵاتانەدا تا ئەمڕۆش سوپاس بۆ خوای پەروەردگار هەر ماوەتەوە هەرچەندە لێقەومانو ناڕەحەتی زۆریشی هێنرایە ڕێگە..

٤

کێ بەرپرسیارە لە شێواندنی میژووی ئێمە؟

١ـ بەرپرسیارێتی میژوونووسان
٢ـ بەرپرسیارێتی کتێبە نەدەبییەکان
٣ـ بەرپرسیارێتی فەرموودەناسان

کێ بەرپرسە لە شێواندنی مێژووی ئێمە؟

لێرەدا پرسیارێك ڕاست دەبێتەوە و مافی خۆمانە ئەو پرسیارە بکەین و مافی هەموو تۆژەرێکیشە ئەو پرسیارە بکات ئەویش ئەوەیە : باشە ئەگەر مێژووی ئیسلامی بەو شێوەیە نییە کە خەڵکی پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن و باسی خاڵە ڕەشەکانی دەکەن و خاڵە گەشەکانی دەشارەنەوە، نەك ئەوە بەڵکو ئەو خاڵە ڕەشانە گەورە دەکەن کە مێژووی هیچ ئوممەتێك نییە لەو جۆرە خاڵانە بە دوور بێت ئەو کەسان، وەك ئەوەی (مایکڕۆسکۆپێك)یان بەدەستەوە بێت و شتێکی بچووك چەندین جار گەورە بکەنەوە... کەواتە کێ بەرپرسە لە پڕوپاگەندە کردن بۆ وێنەیەکی پڕبوختان دەربارەی مێژووی ئێمەو شارستانییەتی ئێمە؟

پێمخۆشە زۆر بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە ئێمەی موسڵمان بەر لە هەموو کەس بەرپرسین لە بڵاوبوونەوەی ئەو وێنە ناشیرینەی مێژووی ئێمە لەناو خەڵکیدا، یەکەمین بەرپرسێکیش لەم شێواندنە بریتییە لە سێ تۆژ لە زانایانی خۆمان کە بریتین لە (مێژوونووسان) و (ئەدیبان) و (فەرموودەناسان).

١ـ بەرپرسیارێتی مێژوونووسە موسڵمانەکان

بەرپرسیارێتی مێژوونووسە موسڵمانەکان لە چوار خاڵدا دەردەکەوێت :

یەکەم: ئەو مێژوونووسانە زۆر خەمساردانە ئەو ڕیوایەتانەیان گێڕاوەتەوە کە دەربارەی ئەو ئاژاوانە وتراون کە لە نێوان صەحابە بەڕێزەکاندا (ڕەزای خوایان لێبێت) ڕوویان داوە، یان دەربارەی ئەو ڕیوایەتانەی کە باس لە (بەنی ئومەییە) دەکە، ئەم مێژوونووسانە نەهاتوون ئەم ڕیوایەتانە شەنوکەو بکەن و بێن ڕشتەی ڕیوایەتەکان شی بکەنەوە و ملکەچی ترازووی (جەرح و تەعدیل)[٣١٣]ی بکەن، هەروەک چۆن بۆ یاساکانی (فقە) و زانستەکانی تر وا دەکرا.

فەرموون! ئێمە پێشەوایەکی گەورەی وەک (تەبەری) دەبنیین، کە پێشەوایە لە (حەدیس) ـ (زانستەکانی حەدیس)دا کە کێشی تایبەت و ڕێزی خۆی هەیە و یەکێکە لەوانەی کە بنوبێخدارە لە زانینی ڕێساکانی (تەوسیق)و (تەضعیف)[٣١٤]دا...

هەروەها لە (فقە)یشدا هەر زانایەو (تەنانەت) مەزهەبی تایبەت بە خۆشی هەیە! و شوێنکەوتە و موریدی خۆشی هەیە و پێیان دەوترێت (تەبەرییەکان) و تا

---

[٣١٣] "جەرح و تەعدیل" بە کورتی برتییە لە هەڵسەنگاندنی ڕیوایەتەکان لە ڕووی (سند) و لە ڕووی (متن)ەوە، یانی ئەگەر لە (سند)ی ڕیوایەتەکەدا کەسێکی خراپ هەبوو، یان پچڕانو ناسازی هەبوو ئەوە ڕیوایەتەکە پووچ دەکرێتەوە، یاخود ئەگەر (متن)ی ڕیوایەتەکە لەگەڵ ڕۆحی قورئاندا یان لەگەڵ ڕیوایەتی (صحیح)دا یان لەگەڵ عەقڵی ساغدا نەدەگونجا ئەوە دیسان ئەو ڕیوایەتە پووچ دەکرێتەوە و هیچ زانیارییەکی پڕ ناسەلمێنرێ. (وەرگێڕ).

[٣١٤] ڕێساکانی "تەوسیق و تەضعیف": بریتین لەو مەرجە باشانەی کە ئەگەر لە هەر کەسێکدا هەبن ڕیوایەتی وەردەگیرێت، یان ئەگەر تێیدا نەبوو، یاخود مەرجی خراپی تێدا بوو ئەوە ڕیوایەتەکەی ڕەت دەکرێتەوە، بەمەیان دەووزترێ (تضعیف) واتە بە لاواز سەیرکردنی ڕیوایەتەکەی، بەوی تریان دەوترێ (توثیق) واتە متمانە بە ڕیوایەتەکەی دەکرێت... (وەرگێڕ).

ماوەیەکی باشیش دوای خۆی هەر هەبوون، بەڵام دواتر پووکانەوە.. پێشەوا تەبەری لە سەردەمی خۆیدا پێی دەوترا "مامۆستای موفەسیرەکان".

ئەم تەبەرییە کاتێك کە ڕیوایەتێك دەهێنێت لە کتێبێکی حەدیسدا، یان لە کتێبێکی فیقهدا، یان لە تەفسیرەکەیدا: دێت ئەو ڕیوایەتە بە تەواوی شیدەکاتەوە و لە (سند)ەکان هەموو دەکۆڵێتەوە و یەك بەیەك (ڕاویەکان) "جەرح و تەعدیل" دەکاتو ئەم ڕیوایەتەیان وەردەگرێت و ئەو ڕیوایەتەی تریان پووچ دەکاتەوە بەپێی ئەو پێوەرە زانستییانەی کە هەموو زانایان یەکدەنگن لەسەریان.

ئێمە ئەم حاڵەتە لە "تەبەری"دا دەبینین لە کتێبی (اختلاف الفقهاء)ەکەیدا بۆ نموونە، یان لە کتێبی (تهذیب الآثار)ەکەیدا و بە هەمان شێوە لە تەفسیری (جامع البیان)ەکەشیدا..

کەچی ئەم کارەی لە کتێبی (تأریخ الرسل والملوك)ەکەیدا نەکردووە!! (نەك هەر ئەوە) بەڵکو لە خەڵکی (لاوازو عەیبدار)[٣١٥]ەوە ڕیوایەت دەکات کە لای زانایانی (جەرح و تەعدیل) فرێدراون و زانایەك نییە بە ساغ دەریکردبن، یان ڕیوایەتی لێیانەوە کردبێت، کەچی ئەم ڕیوایەتیشی لێوەرگرتوون و شتی دوورو درێژیشی لێیانەوە هێناوە، کە هی وایان تێدایە ئەوەندە ئارەزووپەرستبووە، هەر لە خولیای شێواندنی ڕووی گەشی ئەو سەردەم و پیاو و ڕووداوانەدا بووە کە ئەو تێیدا ژیاوە..

ئەمە وای لە یەکێکی وەکو من کردووە کە هەر لە زووەوە ئاگاداری بدەم لەم ڕووەوە و زەنگی ترسناك لێ بدەم بۆ بانگبەرانی ئیسلام لە کتێبی (ثقافة الداعية)[٣١٦] ەکەمدا و بڵێم: کەس بە ڕیوایەتە مێژوویییەکان نەخەڵەتێت هەر لەبەر ئەوەی لە کتێبەکانی مێژوودا هاتوون، بەڵکو (بانگخوازان) دەبێت کەلتوورێکی

---

[٣١٥] لاوازو عەیبدارم بۆ (ضعفاء ومجرّحين) بەکاربردووە. (وەرگێڕ).

[٣١٦] : کتێبی (الثقافة الداعية) یەکێکە لە کتێبە ناسراو و نایابەکانی شێخ یوسف، کە سوپاس بۆ خوا ئێمە لە پرۆژەکەماندا چاپمانکردووە بە ناوی (ڕۆشنبیری بانگخوان)ەوە، کە هێمن خورشید وەریگێڕاوە... ڕێناس

مێژوویی ڕاستەقینە بۆ خۆیان پێکەوە بنێن، چونکە کەلتوورو ڕۆشنبیری مێژوویی شتێکی پێویستە بۆ هەموو کەسێکی بانگخواز، کاتی خۆی لەو کتێبەدا ئاگاداریم لەسەر دوو شت داوە کە پەیوەندییان بە مێژووەوە هەیە، ئەویش بریتین لە (نووسینەوەی مێژوو) هەروەها (تەفسیرکردنی مێژوو).

. نووسینەوەی مێژوو:

یەکەم: هەموو ئەوانەی کە لە کتێبە مێژوویییەکاندا باس کراون مەرج نییە ڕاست بن بەڕێژەی سەد لە سەد، مەگەر نابینی کە سەرچاوە مێژوویییەکان چەندین زیادەڕەوی و شێواندنو لادانیان لە خۆیان گرتووە کە بەڕێگەی "ئیستیقرا" یان بە ڕێگەی بەراوردکاری، یان بە بەڵگە ڕۆشنەکان لە سەرچاوەکانی ترەوە ڕاستییە سەلمێنراوەکان ناڕاستی ئەو ڕیوایەتانە دەسەلمێنن و دەیاندەنە دواوە، یان نابینی کە چۆن ئارەزووپەرستی، یاخود دەمارگیری سیاسیی و ڕەگەزپەرستی و مەزهەبگەرایی ڕۆڵی (خراپی خۆیان) بینیووە لە نووسینەوەی مێژوودا، چۆن ئەو ئارەزووپەرستییە ڕووداوەکانی بە ڕەنگی خۆی گێڕاوەتەوە و پاڵەوانەکانی ئەو ڕووداوانەی بەو شێوەیە وێناکردووە کە خۆی ویستوویەتی، ئیتر بەچاك بێت یان بە خراپ بێت، بەتایبەتی ئێمە ئەوە دەزانین کە باو وەهایە خەڵکانی زاڵ و سەرکەوتوو مێژوو دەنووسنەوەو سەرکەوتنیش بریق و باقی خۆی هەیە و زۆرجار بەرچاوی مێژوونووس دەگرێت و ناهێڵێت وەك پێویست عەیب و عاری خەڵکانی سەرکەوتوو ببینێت و لە هەمان کاتیشدا هەڵەی خەڵکە تێکشکاوەکە ئەوەندە گەورد دەکاتەوە کە هەموو چاکەکانیان دەشارێتەوە، جا ئیتر ئەو کارە بەمەبەستەوە بکرێت یان بە بێئاگاییەوە بکرێت.

بۆ نموونە ئێمە کە سەیری مێژووی ئیسلامیمان دەکەین بە تایبەتی مێژووی باشترین سەردەم و چەرخەکانی ئیسلام کە بریتییە لە سەردەمی یەکەمی مێژوو، ئەو

کاتانەی کە ئیسلام تێیدا گەیشتە هەموو ئاستۆکانو شانبەشانی ئایینەکە زمان و فقهەکەشی بڵاوەبوویەوەو، تا دەهات بازنەی شارەزابوون لە قورئانو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ فراوانتر دەبوو، مەبەستمان مێژووی سەردەمی صەحابەو ئەو بەرە بەرێزەیە کە بە چاکی پەشوێن ئەواندا ڕۆیشتوون، ئەو بەرەیەی کە خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ ستایشیانیان کردووەو، هەر ئەوان بوون کە قورئان و حەدیسیان بۆ ئێمە پاراستووە و بەدەستپاکییەوە گەیاندوویانەتە بەرەکانی دوای خۆیان... جا ئەگەر ئێمە سەیری ئەم مێژووە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ستەمێکی وا زۆری لێکراوە و لە ئەوەندە ڕووەوە شێوێنراوە هەر مەپرسە! پاشان بەرەی هاوچەرخ دێن و لەو کتێبانەوە زانیاری دەگوازنەوە بەڕاست و بە چەپدا و دەشڵێن: ئێمە لە ڕێگە زانستییەکان بە موو لامان نەداوە، ئەوەتا سەرچاوەی زانیارییەکانمان بریتییە لە کتێبەکانی (واقیدی) یان (تەبەری) یان (ابن الاثیر)... هتد، لە لاپەڕە ئەوەندە و بەرگی ئەوەندە و چاپی ئەوەندەدا !!.

ڕۆژهەڵاتناسان وا دەکەن و مامۆستایانی مێژووش لە زانکۆکاندا هەر وادەکەن و خەڵکانی تریش کە لە گۆڤارێکدا یان لە شتێکی تردا وتار دەنووسن هەروا دەکەن.

هەموو ئەمانە نەهاتوون ئەوەندە زەحمەتی خۆیان بدەن بزانن کتێبەکانی مێژوو چۆن چۆنی نووسراونەتەوە، جا با ئێمە بێین و (تأريخ الطبري) بە نموونە وەربگرین وەک یەکێک لە بەناوبانگترین سەرچاوەکانی مێژوو (تا بزانین مێژووی چۆن نووسیوەتەوە).

سەرەکیترین بیرۆکە کە دەستی بەسەر فیکری پێشەوا "طبری"دا کێشا بوو کاتێک کە مێژووەکەی خۆی دەنووسیەوە ئەوەبوو کە هەرچی هەیە کۆیبکاتەوەو تۆماری بکات بێ ئەوەی گوێ بە توێژینەوەی (سند)ەکان و ڕیوایەتەکان بدات، یان گوڵبژێریان بکات، هەرکەسێک هەواڵێکی لا بووبێت، هاتووە تۆماری کردووە بەناوی ئەو کابرایەوە با ئەو کابرایەش یەکێک بووبێت لەوانەی کە لاوازو تۆمەتبار و فڕێدراون

(له لای زانایان)، ئەوەی وای له "طبري" کرد ئەمە بکات ئەو حەزە زۆرەی بوو له کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری له ترسی ئەوەی نەك به پشتگوێخستنی یەکێك لەو ڕیوایەتانە زانیارییەکی لەدەست دەربچێت له بوارێك له بوارەکاندا، زانای گەورە و پایەبڵند (محب الدين الخطيب) ئەم کارەی (طبري) و ئەو زانایانەی له پلەی (طبري) دان که هەر هەواڵێکی لاوازیان دەست بکەوێت دەینووسن و وەریدەگرن، دەچووێنێت به کاری (پیاوانی پاڕێزەر لەم سەردەمەی ئێمە)دا، چونکە ئەوان کاتێك دەیانەوێت له کێشەیەك بکۆڵنەوە، دێن هەرچییان چنگ بکەوێت له بەڵگەو له شایەت که پەیوەند بێت بەو کێشەوە کۆیدەکەنەوە، هەرچەندە دەشزانن هەندێ لەو بەڵگانەش زۆر لاوازو بێنرخیشن، (بۆچی؟) چونکە بڕوایان وایە هەموو شتێك نرخی تایبەتی خۆی هەیە).[٣١٧] ئا ئەمە بیانووی دەستی پێشەوا (طبري) و هاوشێوەکانیەتی له ڕیوایەتکردنیدا له خەڵکانی بێکەڵکو لاوازەوە، بەڵام دوو بیانوو (عوزر)ی تریشی هەر هەیە.

یەکەمیان ئەوەیە: ئەو که ڕووداوێك دەگێڕێتەوە به سەنەد و زنجیرە دەیباتەوە بۆ لای ئەو کەسەی که لێوەی وەرگرتووە، بەمەش قەناعەتی وایە که گوناهی ڕیوایەتەکەی خستۆتە ملی ئەوانو له کۆڵی خۆی لابردووە، هەر له زۆر زووەوە وتراوە: (من اسند فقد حمّل) واتە: هەرکەس به سەنەد و زنجیرە زانیارییەکی گواستەوە ئەرکی ڕاستیو ناڕاستی زانیارییەکەی خستۆتە سەر شانی خۆیەرەکەی، ئەو قسەیەش یانی ئەرکی سەرشانی تۆیە له سەنەدەکەی بکۆڵیتەوە، ئەم قسەیە لەسەردەمی ئەودا جێگەی قەبوڵ بوو، چونکە زانایان به ئاسانی توانیویانە تۆێژینەوە لەو (سەنەدە) بکەن و بڕیاری خۆیان (بەچاك یان خراپ) بدەن لەسەر ڕیوایەتەکە، زانستی فەرموودەناسیی هەر بەم شێوەیە کاری لەسەر کراوە (صحيحو

---

[٣١٧] بڕوانە: مجلة الازهر، بەرگی (٢٤)/ صەفەری ساڵی ١٣٧٢ی کۆچی، وتاری (المراجع الولى في تأريخنا) که هی (محب الدين الخطيب)ە.

ضعيف و موضوع له يەكترى جياكرايەوە). دەى ئيتر دەبێت بۆ زانستى مێژوو چيان كردبێت؟

لەبەر ئائەم خالّەيە كە پێشەوا "طبري" لە پێشەكى مێژووەكەيدا دەفەرموێ:

"هەر هەوالّێك كە لەم كتێبەى منداً لەسەردەمە كۆنەكانەوە گێراوەتەوە و خوێنەر بۆى ناسەلمێت و ئەوەى گوێى لێ دەبێت بەشتێكى خراپ و ناجوانى دەزانێت لەبەر ئەوەى كە بە هيچ شێوەيەك قەناعەتى نييە (صحيح) بێت و هيچ مانايەكى ڕاستەقينەشى تێدا نابينێت، با ئەو كەسانە بزانن خەتاكە هى ئێمە نييەو لە هەندێك لەو ڕاويانەوە ئەو هەلّەو خەتايە هاتووە كە ئێمە زانيارييەكەمان لێيانەوە وەرگرتووە. ئێمە چۆنمان بيستووە و لە كێمان بيستووە بەو شێوەيەى خۆى گەياندوومانە". [٣١٨]

بەم شێوەيە پێشەوا طەبەرى گوناهى ناڕاستى زانيارييەكانى خستۆتە ئەستۆى ڕاويەكانى، بە هەمان شێوەش ئەركى گەڕان و لێكۆلّينەوەى خستۆتە سەرشانى هەموو ئەوانەى كە دێن و توێژينەوە لەسەر كتێبەكەى ئەو دەكەن، تا بڕۆن و لە كتێبەكانى (رجال) و كتێبەكانى (جرح وتعديل)دا بۆ ڕاويەكان بگەڕێن، كە بە دڵنيابيەوە هى وايان هەيە كە هەر لە ڕێگەوە عانەيەكى قەڵب ناهێنێت[٣١٩] و هەندێ كەسى تريان زانايان يەك قسە نين لە (متمانەپێدانيان) يان لە (بەلاواز سەيركردنيان)دا و هەندێكى تريشيان نكوڵى ناكرێت خەڵكى متمانەدار و قسە وەرگيراون.

هەندێ لەو پياوانە (طبري) ڕيوايەتيان لێوە دەكات بريتين لە (موحەممەدى كوڕى ئيسحاق) كە خاوەنى ژياننامەى پێغەمبەرە ﷺ، ئەم موحەممەدى كوڕى ئيسحاقە، پێشەوا ماليك و جگە لەويش ئەوەى دەربارەى ئەو دەيڵێن دەيڵێن(لە

---

[٣١٨] تأريخ الطبري (٨/١) طبعة دار المعارف بمصر، بتحقيق محمد أبو الفضل ابراهيم.

[٣١٩] دكتۆر ئەڵێ: (سيجد عدداً منهم ساقط بالمرة) من ئەوەم بە جوان زانى لە بەرانبەريدا (وەرگێڕ).

خراپی) و زانای واش هەیە ئەم (موحەممەد)ەیان قەبوولە، بەڵام هەموو ڕیوایەتێکی لێ وەرناگرن، هەر ئەو ڕیوایەتانەی لێوەردەگرن کە خۆی بە گوێی خۆی لە کەسێکی تری بیستبێت، بەڵام ئەگەر لە خەڵکی تریەوە ڕیوایەت بکات ئەوە ئەو ڕیوایەتەی لێ وەرناگرن،[٣٢٠] چونکە زانایان بەوە تۆمەتباری دەکەن کە (تدلیس)[٣٢١] ی زۆرە، زۆرجاریش ئەوانەی لە ئەمەوە ڕیوایەت دەکەن لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لاوازترو وێرانترن.

یەکێکی تر لەو پیاوانەی طبری ڕیوایەتیان لێوە دەکات بریتییە لە (واقیدی) کە کۆمەڵێك لە زانایانی (فەرموودەناس) بە پیاوێکی درۆزنی دەزانن، هەر زنایەکیش (واقیدی) قەبوڵ کردبێت بەڕەهایی قەبوولّی نییە.

یەکێکی تریان (هیشامی کوڕی موحەممەدی کەلبی)یە، خۆشیو باوکیشی: تۆمەتبارن بەوەی درۆزنن.

یان سەیفی کوڕی عومەری تەمیمی کە زانایان دەربارەی دەڵێن: کابرایەکی درۆزنە و حەدیس هەڵدەبەستێت بەدەم پێغەمبەرەوە، هەروەها حەدیسی (مەوضوع) لە خەڵکی متمانەدارەوە دەگێڕێتەوە، تۆمەتی زەندەقەشی دەدرێتە پاڵ، زیاد لە زانایەك بەلاوازو بێکەڵکی دەزانن.

هەروەها میخنەفی کوڕی لوتی کوڕی یەحیای ئەزدی کە یەکێکی تری لەو کەسانەی (طبري) ڕیوایەتیان لێوە دەکات، زەهەبی حافیز دەربارەی دەفەرموێ: هەواڵگێڕەرەوەیەکی بێکەڵکە و متمانە بە قسەکانی ناکرێت، ئەبوحاتەم و جگە لەویش هەروازیان لە ڕیوایەتەکانی هێناوە، (ئیبنو موعین)یش دەفەرموێ: متمانەدار

---

[٣٢٠] بە یەکەمیان دەوترێ (تحدیث)و بە دووەمیان دەوترێ (عنعنة)، یانی لە باری یەکەمدا خۆی بە ڕاشکاوی دەڵێ: حدثني ،لان... بەڵام لە باری دووەمدا دەڵێ: عن فلان عن فلان. (وەرگێڕ).

[٣٢١] (تدلیس) زاراوەیەکی زانستی فەرمونادەسییەو مەبەست پێی ئەوەیە کە کەسێك ڕیوایەتێك دەکات لە کاتی ڕیوایەت کردنەکەدا عەیبێك لە ڕیوایەتەکەیدا هەیە کەچی ئەم دەیشارێتەوەو جوانی دەکات لای خەڵکی، ئەم (تدلیس)ە دوو جۆرە: "تەدلیسی شیوخ"و "تەدلیسی ئیسناد". (وەرگێڕ).

نییە، جارێکیان دەربارەی وتوویەتی : هەر هیچ نییە ! ئینو عەدی دەڵێ : کابرایەکی شیعەیە و بۆ شیعەگەری سوتاوە و سەرچاوەی هەواڵەکانیانە ![٣٢٢]

جگە لەمانەش زۆر کەسی تر هەیە کە طبري ڕیوایەتیان لێوە دەکات کەچی عەیبدارو وازلێهێنراون بەلای زانایانی حەدیسەوە با لای پیاوانی مێژوو و هەواڵگران قەبوڵیش بن و ڕیوایەتیان لێوەبگرێت و پشت بە قسەکانیان ببەستڕێت! بۆیەش پێیان دەوترێت (هەواڵگرەکان)، چونکە کاریان هەر ئەوەیە هەواڵێك لێرە یان هەواڵێك لەوێ کۆبکەنەوە بەبێ ئەوەی شەن‌و کەوی بکەن.

هەربۆیە زانایانی تۆێژەر هیچ کێش و نرخێك نادەن بە ڕیوایەتی کەسی هەواڵگر و پشتی پێنابەستن و ئەوەش بە عەیبە دەزانن لەو کەسانەدا کە لە کتێبە بە نرخەکانیان دا شت لەو هەواڵگرانەوە بگوازنەوە.

کەواتە سەیر نییە زانایەکی وەکو پێشەوا (نەوەوی) دەربارەی کتێبی (الاستعاب)ی زانای مەغریب‌و حەدیسزانی ئەو وڵاتە (ابن عبد البر النمری) بڵەرموێ:

"بەدڵنباییەوە باشترین کتێبێکە کە لەسەر ژیانی صەحابە نووسرا بێت و زۆربەی نووسینەکەی پڕە لە سوود، ئەگەر عەیبداری نەکردایە بەو هەواڵ و ڕیوایەتانەی کە لە هەواڵگرەکانەوە وەریگرتوون و باسی ئاژاوەی ناو صەحابەکان دەکات! ! "

پێشەوا (سیوطي) لە پاشکۆی ئەم قسەیەدا دەڵێ: "هۆکەی ئەوەیە ئەم هەواڵگرانە هیوایەتیان زۆرکردنی هەواڵ و شت تێکەڵ و پێکەڵ کردنە لە ڕیوایەتەکانیاندا".[٣٢٣]

(عوزر) و بیانووی دووهەمی تەبەری لەوەدا کە شەن و کەوی ڕیوایەتەکانی نەکردووە لە مێژووەکەیدا ئەوەیە کە: ئەم جۆرە بابەتانە (بابەتی مێژوو) نابنە

---

[٣٢٢] دەقە عەرەبییەکە دەڵێ: شیعی محترق صاحب أخبارهم ! ئێمە بەو شێوەیەی سەرەوە مانامان کرد، (وەرگێڕ).

[٣٢٣] هەواڵگرمان بۆ (أخباريين) بەکارهێنا (وەرگێڕ).

سەرچاوە بۆ یاسا شەرعییەکان (الأحکام الشرعیة) وەک (حەلاڵ یان حەرام یان واجب یان یاساکانی تر) کە ئەمانە زیاتر لە زانستی (فیقە)دا باسیان لێوە دەکرێت، هەروەها ئەم بابەتانە پەیوەندی نییە بە تەفسیرکردنی قورئانەوە یان حەدیسەکانەوە وەک زانستی تەفسیرو زانستی فەرموودە بۆ نموونە، هەر بۆیە سەیر نییە کە پێشەوایەکی گەورەی بەڕێزی وەک (طبري) لە تەفسیرەکەیدا یان لە حەدیسدا یان لە فیقهدا زۆر وردەکاری و توێژینەوە دەکات لە ڕیوایەتەکانیدا کاتێک کە پەیوەندن بەم زانستانەوە، کەچی دەست شل دەکات و ئاسانکاری دەکات لە بابەتەکانی مێژووداو بۆ پاساوی ئەم کارەی دەفەرموێ: (إذ لم نقصد به الاحتجاج)، چونکە مەبەستمان نەبووە ئەمانە بکەینە بەڵگەی شەرعیی (بۆ قسە و فەتواکانمان).

خوای لێخۆش بێت، (بێ قەزا بێت) بەم دەست شلکردن و ئاسانکارییانەی مێژووی لە گزنگدەرهاتووی ئیسلامی زۆر شێواندووە و ئەو ڕیوایەتانەی بوونەتە کارێکی خراپ دەرهەق بە هەڵگرانی بەرەی یەکەمی ئەم دینە و بەم بیانووەشی بیانووی داوەتە دەست هەموو ئەوانەی دوای خۆی هاتوون و ئەمانیش بەهەمان شێوە هەرچی هەیە لە خەڵکانی پێش خۆیانیان گواستووەتەوە بۆ خەڵکانی دوای خۆیان... ئا ئەمەیە وای کردووە کەسانی وەک (ابن الاثیر) و (ابوالفداء) و (ابن کثیر) و کەسانی تریش پشت بە (طبري) ببەستن و بەو شێوەیە نووسەرانی هاوچەرخ و ڕۆژهەڵاتناسانیش پشتیان بە مانی تر بەستووە و ئەو کارەشیان بەکارێکی زانستی و توێژینەوەی زانستی لە قەڵەمداوە.

پاشان ئەم مێژووشێواندنە بەڵگەی داوەتە دەست ناحەزانی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامەوە کە لاق ئەوە لێبدەن کە ئیسلام تەنیا هەر لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا بوانراوە جێبەجێ بکرێو ئیسلام بیرۆکەیەکی ئایدیالیزمییە و لە توانادا نییە جێبەجێ بکرێت و یاساکانی لەسەرووی توانای مرۆڤەوەن، لە کاتێکدا ئەمانە

هەموو قسەی بەتاڵن‌و هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نییە، بەڵکو بەڵگەی زۆر پووچ‌و بەهێز ئەم بیرۆکەیە دەداتە دواوە.

بۆیە فەقیهێکی گەورە و پێشەوایەکی بەڕێزی وەک قازی (ئەبوبەکری ئەلعەرەبی، ٥٤٣ک) ناهەقی نییە کە بەرگرییەکی گەورە لە صەحابەکان بکات و بێت تۆڕێنەوەیەکی زانستی‌و بابەتیانەی ورد لە هەڵوێستی ئەو بەڕێزە بکات پاش مردنی پێغەمبەر ﷺ ئەویش بە نووسینی ئەو کتێبە بە نرخەی کە ناوی (العواصم من القواصم)[٢٢٤] ە، کە زانای پایەبەرز (محب الدین الخطیب) تۆڕێنەوەو پەراوێزێکی زۆرو جوانی لەسەر ئەو بەرگەی کتێبەکە نووسیوە کە تایبەتە بە ئەصحابی پێغەمبەرەوە ﷺ خوا پاداشتی هەردووکیان بداتەوە لە بری ئەو خزمەتەیان کە بەرانبەر ئیسلام کردوویانە، هەرچەندە (ئیبنولعەرەبی) هەندێ موبالەغەشی کردووە لە هەندێ لا، بۆچوونەکانیدا...

دووهەم: هەڵپەکردن بۆ کۆکردنەوەی شتی سەیرو سەمەرەو هەروەها لاوازیش لە هەستی ڕەخنەگرتندا..

خاڵی دووهەم کە دەچێتە ناو بەرپرسیارێتی مێژوونووسانەوە لە شێواندنی مێژوودا و لۆمەی ئەوانی لەسەر دەکرێت ئەوەیە کە: زۆر هەڵپەیان کردووە بۆ کۆکردنەوەی شتی سەیرو سەمەرە، حەزیان لە شتی قەبەو زیادەپێوەنراو بووە،

---

[٢٢٤] واتە: ئەو قەڵغانانەی کە مرۆڤی موسڵمان لە پشتشکاندن دەپارێزن، چونکە قسەوتن بە صەحابە مایەی پشتشکاندنی دین‌و ئەهلی دینیشە، ئیمام ئەبو زورعەی ڕازی دەفەرموێ: (هەرکەسێکتان بینی قسەی بە صەحابە دەوت، ئەوە بزانن پیاوێکی نێتپیسەو مەبەستێتی کە شایەتحاڵەکانی ئەم دینە عەیبدار بکات و پاشان "پێغەمبەر و دین"یش عەیبدار بکات، چونکە ئێمە ئەم دینەمان لە ڕێگەی صەحابەوە پێگەیشتووە... ئەگەر ئەوانیان عەیبدار کرد ئەوە داویانە لە ئامانجەکەیان کە عەیبدارکردنی دینە... لە قسەیەکی تریدا دەفەرموێ: دوژمنانی دین ناوێرن بە ئاشکرا قسە بە دین و بە پێغەمبەر ﷺ بڵێن، بەڵام قسە بە صەحابە دەڵێن بۆ ئەوەی خەڵکی بڵێن: دیارە موحەممەدیش هەر پیاوێکی خراپ بووە، ئەگینا هاوەڵەکانی ئەوەندە خراپ نەدەبوون !! (وەرگێڕ).

باسی ڕێژەو ژمارەی خەیاڵی وا دەکەن کە هیچ مەنتقێك قەبووڵی ناکاتو هیچ عەقڵێك نایبڕێت، مەگەر عەقڵی ئەو کەسە لە مۆڵەتدا بێت و لەوێ نەبێت ! !

هۆی ئەمانەش نەبوونی هەستی ڕەخنەگرتن و عەقڵیەتی هەڵسەنگاندنە، کە هەرگیز مۆڵەت بەخۆی نادات هەر قسەیەکی بیست جڵەوی بۆ شل بکات و، بەبێ شەنو کەوکردن تەسلیمی هەموو قسەیەك ببێت و، نەیەت بزانێ باشە ئەم قسەیە دەگونجێ لەگەڵ باو و یاسای خوادا یان ناگونجێ؟ ئایا لەناو خەڵکدا شتی وابوونی هەیە و خەڵکی بەو شتانە ئاشنان یان شتێکی ڕیزڕەڕە و پێچەوانەی باوی ناو خەڵکییە ؟ !

پێشەوایانی حەدیس یەکێك لەو شتانەی کە کردوویانە بە بەڵگە بۆ "حەدیسی مەوزوع" کە بەدەم پێغەمبەرەوە بە درۆوە هەڵبەستراوە ئەوەیە کە زیادەڕەوییەکی بێتامی تێدا بێت، ئیتر لەسەر کاری خێر بێت یان لەسەر کاری شەڕ بێت، وەك ئەو حەدیسەی کە دەڵێ: (لقمة في بطن جائع خير من بناء الف جامع!). واتە: تیکە نانێك بیخەیتە سکی کەسێکی برسییەوە لە دروست کردنی هەزار مزگەوتی گەورە کە جومعەی تێدا بکرێت، خێرترە ! ! یان ئەو حەدیسەی کە گرەنتی بەهەشت دەدات بەو کەسانەی ذویان موحەممەدە، یان ئەو حەدیسەی کە بەهەشت حەرام دەکات لەسەر ئەو کەسەی کە ڕیشی بە بۆیەی ڕەش ڕەنگ بکات ! !

پێویست بوو کە مێژوونووسان هەر هەواڵێکیان بەرچاو بکەوتایە کە زیادەڕەوییەکی بێتامی تێدایە ڕاستەوخۆ بیانکردایە بە بەڵگەی ناڕاستی ئەو هەواڵە یان بیانکردایە بە بەڵگەی ئەوەی (ئەو فەرموودە) زیادەی پێوەنراوە، "ئیبنوخەلدون" بەم پێوەرە ڕەخنە لە مێژوونووسانی پێش خۆی دەگرێت.

بڕوانە بۆ نموونە (ئیبنو خەلەکان) و جگە لەویش چ زیادەڕۆییەك دەکەن لە خەرجییەکانی زەماوەندی (بورانی کچی حەسەنی کوڕی سهل)دا کە شووی بە خەلیفە مەئمون کرد، دێن دونیایەك ڕووداو و ژمارەی خەیاڵی دەهێنن...

ئیبنو خەلەکان هاتووە و کۆمەڵێکی زۆر ڕیوایاتی داوەتە دەم یەك و دەڵێت :

"مەئمون بۆرانی کچی حەسەنی کوڕی سەهلی خواست، باوکی کچەکە سەرپەرشتی زەمانەدەکەی دەکرد، ئەوەندەی خوان و خۆشی دروست کرد کە هیچ کەس شتی وای پێش ئەو سەردەمە نەدیبوو، ئەم زەماوەندە لە (فم الصلح)دا بەڕێوەچوو، لە کۆتایی زەماوەندەکەدا شتێکی خڕی ڕەقی پێچراوەی بۆنخۆش[٣٢٥] دابەش دەکرا بەسەر هاشمییەکان و سەرکردە و نووسەران و پیاوماقوولاندا کە لەناویدا نامەیەك هەبوو ناوی پاچە زەوییەك یان کەنیزەکێك یان ئەسپێکی ڕەسەن یان... لەو شتانەی لەسەر نووسرا بوو، کاتێك ئەم شتە خڕەیان دەدایە دەستە هەر کەسێکەوە دەیکردەوە و نامەکەی ناوی دەخوێندەوە، کە دەیزانی چی بۆ نووسراوە، دەڕۆیشت بۆ لای ئەو کەسەی کە بەڕپرس بوو لەو کارە، کابرای بەرپرسیش شتەکەی پێ دەدا و ئەویش وەریدەگرت، ئیتر ئەو شتە پارچە زەویی بوایە، یان مووڵك و ماڵێك بوایە، یان ئەسپ یان کەنیزەك و کۆیلە بوایە، دوای ئەم دیارییانەش تورەکە پارەی پڕدینار و درهەم دەدرا بە خەڵکەکە بە گشتیو، شووشە عەتر یان بوخوڕی سپیان بەسەردا دابەش دەکردن، مەئمون ئەوەندەی شت بەخشیە سەرکردەکانی و هاوەڵەکانی و هەموو سەرباز و شوێنکەوتەکانی _ کە خەڵکی ئەوەندە زۆربوون لە ژمارە نەدەهاتن _ تەنانەت بەسەر حەماڵ و خۆێفرۆش و بەسەر هەموو ئەوانەشدا دیاری بەخشییەوە کە لەسەربازگەکەیدا بوون، تا وای لێهات کەسێك نەبوو لەو سەربازگەیەدا شتێك بۆ خۆی یان بۆ وڵاخەکەی بکڕێت".[٣٢٦]

پێشەوا "طبري"یش لە مێژووەکەیدا دەڵێ :"مەئمون لەلای "حەسەن" نۆزدە ڕۆژ مایەوە، هەموو ڕۆژێك پێویستی و خەرجی خۆی و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ئامادە دەکرا، ڕێژەی خەرجییان بریتی بوو لە هەزار هەزار درهەم، مەئمونیش

---

[٣٢٥] عەرەبییەکەی ئەڵێ: "بنادق مسك"و (بندق)یش بریتییە لە شتێکی خڕی پێچراوە.. (وەرگێڕ).

[٣٢٦] وفیات الاعیان، ژیاننامەی (بۆرانی کچی حەسەن)، بەرگی یەکەم، ل٢٦٠، چاپی (مکتبة النهضة).

فەرمانی کرد لە کاتی گەڕانەوەیدا دە هەزار هەزار درهەم بدرێتە "حەسەن"و (فم الصلح)یشی پێ بەخشی ، "حەسەن"یش لەناو سەرکردە و هاوەڵ و دەستە و دایەرەکەی خۆیدا دانیشت و دەستی کردە مااڵ بەخشینەوە".

جگە لەمیش هەیە دەڵێ : "حەسیرێکی بە ئاڵتون چنراو ڕاخرا بۆ پێشوازیکردن لە مەئمون، کە قاچی کەوتە سەری مرواریيەکی زۆر کرا بەسەر قاچیدا.. مەئمونیش خەراجی سااڵنێکی وڵاتی فارس و ناوچەی ئەهوازی ڕەها کرد(و خەڵکەکەی لەو خەراجە بەخشی!!)".

دیسان (طبري) دەڵێ : "مەئمون کە شەوی سێهەم (ی زاوایەتی) چووە لای بۆران کاتێك کە هاتە (فم الصلح)، ئەو شەوە لە نزیك بورانەوە دانیشت، نەنکی بوران هەزار پارچە گەوهەری هەڵڕشت بەسەریدا کە لەسەر سینەیەکی ئاڵتون بوو، مەئمونیش فەرمانی کرد کۆبکرێتەوە، پرسی چەند دانە گەوهەرە؟ ژنەکە وتی: هەزار دانەیە! مەئمونیش کردیە کۆشی بوران... هەر لەو شەوەدا مۆمیکی دروستکراو بە عەنبەر سووتێنرا کە کێشەکەی چل مەن[٣٢٧] بوو لەناو قااڵبێکی ئاڵتونیندا دانرابوو، مەئمون ڕەخنەی لەم کارەیان گرتو وتی: ئەمە(ئیسراف و زیادەڕۆییە".[٣٢٨]

جا من دەمەوێت لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو ژمارە خەیاڵییانە ڕابکێشم کە بە هیچ جۆرێك عەقڵ نایبڕێت و لە تەرازووی توێژینەوە و وردکردنەوەدا ناسەلمێت.

بۆ نموونە بڕوانە ئەندازەی ئەو خەرجییەی مەئمون کردوویەتی بۆ دەست و دایەرەکەی لە نۆزدە ڕۆژدا کە بریتییە لە پەنجا هەزار درهەم، واتە پەنجا

---

[٣٢٧] مەن: پێوانە یان کێشانەیەکە و (أمنان) کۆی وشەکەیەو بریتییە لە دوو (رەتڵ) بڕوانە: لسان العرب ٤١٩/١٣.

[٣٢٨] وفيات الاعيان، ترجمة بوران بنت الحسن، (٢٥٩/١، ٢٦٠).

ملیۆن درهەم، ئەمە لە سەردەمێکدا کراوە کە درهەم هێزی کڕین و فرۆشتنی زۆر بەهێز بووە، گومان لەوەدا نییە.[٣٢٩]

عەقڵی کەس ئەوە دەبڕێت کە خەرجیی کۆمەڵێکی دیاریکراو _ ژمارەیان هەرچەند بێت _ لە نۆزدە ڕۆژدا بکاتە پەنجا ملیۆن درهەم؟ دەبێ سەروەت و سامانی ئەم حەسەنی کوڕی سەهلە چەند بووبێت کە خەزووری مەئمون بووە؟ ئەی دەبێت داهاتی دەوڵەت چەند بووبێت (لەو سەردەمەدا)؟

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم ژمارانە بێگومان خەیاڵین، ئەوانەی کە هەڵپەی شتی سەیرو سەمەرەیانە ئەو ژمارانەیان داهێناوە یان زلیان کردووە، نەدەبوو مێژوونووسان مل بدەن بۆ ئەو هەواڵانە بەو هەموو دەرد و عەیبەوە کە هەیانە.

* ڕەخنەی ئیبن خەلدون لە مێژوونووسانی پێش خۆی:

ئیبن خەلدونی دانا و مامۆستای هەموو مێژوونووسان ڕەخنە لە مێژوونووسانی پێش خۆی دەگرێت بەوەی هەر هەواڵێکیان بۆ گواستراببێتەوە قەبووڵیان کردووە بێئەوەی شەن و کەوی بکەن یان لە بابەتەکە ورد ببنەوە، ئایا ئەم باسە لە تەرازووی عەقڵ · شیکردنەوەدا قەبووڵە، یان لە باو و ڕێسای کۆمەڵگەی مرۆیی و سیستمی ئاوەدانیدا جێی دەبێتەوە یان نا؟ ئایا ئەو هەواڵە سازوگونجاوە لەگەڵ زنجیرە ڕووداوەکانی دەوروبەریدا یان ناسازە؟ ئایا ئەو هەواڵە لەگەڵ بارودۆخی گشتییدا ڕێکدەکەوێت؟ یان لەگەڵ کەسایەتی ئەو کەسەدا ڕێکدەکەوێت کە قسەو باسەکانی دەربارە دەکرێت؟ یان ڕێکناکەوێت؟

جا ئیبن خەلدون چەند نموونەیەك دەهێنێتەوە بۆ ئەم مەسەلەیە لە مێژووی (بەنی ئیسرائیل) و لە مێژووی (تووبیعەکانی یەمەن)دا پێش سەردەمی ئیسلام، لە

---

[٣٢٩] چوار درهەمی ئەو کاتە حەیوانێکی قەڵەوی چاکی کردووە (الاسلام ، سعید حوّی: ص٢٨٤). (وەرگێڕ).

مێژووی ئیسلامیشدا چەند نموونەیەک دەهێنێتەوە و باسی دەکات و بەڕاستی لەژێربەشیاندا سەرکەوتوو بووە.[٣٣٠]

بۆ نموونە کە باسی (عەباسە)ی کچی مەهدی دەکات کە خوشکی هارونە ڕەشیدە و گوایە پەیوەندی دڵداری لەگەڵ جەعفەری بەرمەکیدا هەبووە، ئیبن خەلدون ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو مەسەلەیە خورافەیە (و بناغەی نییە)... یان ئەوەی کە دەوترێت هارونە ڕەشید شەرابی دەخواردەوە! ئیبن خەلدون دەریدەخات کە ئەوە درۆیەکی شاخدارە و هەموو بەڵگەکان ئەو قسەیە پووچ دەکەنەوە... یان ئەوەی کە دەربارەی یەحیای کوڕی ئەکسەم کە دادوەری (مەئمون) بووە دەوترێت، کە گوایە شەوێك ئەوەندە مەی دەخواتەوە سەرخۆش دەبێت (و عەقڵی لای خۆی نامێنێت)، ئیبن خەلدون ئەم ڕووداوە ڕەت دەکاتەوە و دەیسەلمێنێ کە ئەو شتە هەڵبەستراوە و بوختانە بە دەم پیاوێکی بەڕێزی واوە دەکرێت، کە یەکێکە لە پیاوانی (حەدیس)و، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و جگە لەویش زۆر وەسفی دەکەن و حەدیسزانێکی وەك (ترمیذی)یش لە (سنن)ەکەیدا حەدیسی لێوە ڕیوایەت دەکات، هەروەها پێشەوا بوخاریش لە کتێبەکانی تریدا جگە لە (صحیح)ەکەی بە هەمان شێوە حەدیسی لێوە ڕیوایەت دەکات، دەی ڕەخنەگرتن لە پیاوی وا مانای ڕەخنەگرتنە لە هەموو ئەو زانایانە).[٣٣١]

---

[٣٣٠] هەندێ لەو ڕەخنانەی لە مێژوونووسانی پێش خۆی گرتوونی ئێمە هاوڕا نین لەگەڵیدا، وەك ئەو بەرگرییە زۆرەی لە (عوبەیدییەکان)ی دەکات کە بەشێکن لە ئیسماعیلیە باتنییەکانو شەڕی مانو نەمان لەسەر ئەوە دەکات کە ئەمانە بێگومان نەوەی فاتیمەی کچی پێغەمبەرن ﷺ بەمەش پێچەوانەی هەموو ئەو زانا گەورانەی ئوممەتی ئیسلامی دەجوڵێنەوە کە پێش خۆی هەبوون.

[٣٣١] بڕوانە: مقدمة ابن خلدون، تحقيق: د. علي عبدالواحد وافي، طبعة لجنة البيان العربي الثانية، ص٣٦٢ تا ٣٨٥.

لێرە تەنها ئەوەندەمان بەسە باسی بەرگریکردنێکی ئیبن خەلدون لە هاروونە رەشید بهێنین، گوایە هارونە رەشید ڕۆژێك ئەوەندەی خواردووەتەوە تا سەرخۆش بووە ، ئیبن خەلدون دەڵێت : "خوا هەقە ، ئێمە هیچ خراپەمان لێ نەدیووە[٣٣٢]...

باشە ئەمە چۆن لەگەڵ حاڵەت و ژیانی هارونە رەشیددا دەگونجێت کە ئەو کاروباری حیلافەتو پاراستنی دین و بەرپاکردنی دادپەوەری لە ئەستۆدا بووە؟ ئەوێك هاودەمی زانایان و پیاوە سەرڕاستەکانی خوا بووە؟ لەگەڵ پیاوچاکانی وەك فوضیلي کوڕی عیاض و ئیبنو سەمماك و ئەلعومەریدا حیوار و دەمەتەقێی بەردەوامی هەبووە؟ نامەو نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ سوفیانی سەوریدا هەبووە؟ بەوەعز و ئامۆژگاری ئەم زانایانە دەستی بە گریان کردووە و لەناو کەعبەدا بە کوڵ لە خوا لاڵاوەتەوە و پیاوێکی عیبادەتکار و نوێژخوێن بووە و بەر لە هەموو کەس ئامادەی نوێژی بەیانی بووە، کە پیاوێکی وەك (طبري)و جگە لەویش باسی ئەوە دەکەن کە هەموو ڕۆژێك هارونە رەشید سەد ڕکات نوێژی سوننەتی کردووە [٣٣٣] و بەردەوام ساڵێك ڕۆیشتووە بۆ جیهادو ساڵێك ڕۆیشتووە بۆ حەج!

هارونە رەشید بە (ابن أبی مریم)دا هەڵدەشاخێ _ کە هاودەمی خۆی بووە و قسەی خۆشی بۆ کردووە و خۆستوویەتیە پێکەنین _ کاتێك کە دەیەوێت لە نوێژدا

---

[٣٣٢] بە بەرانبەر (حاش لله ما علمنا علیه من سوء)ەوە ئەم ڕستەیەم داناوە. (وەرگێڕ).

[٣٣٣] : سەیرم ئەوە دێت ئیبن خەلدون باسی ئەوە دەکات کە دەبێت ئەو قسە و باسانەی لە مێژوودا دەگێڕدرێنەوە لەگەڵ عەقڵدا بگونجێن، کەچی لێرە خۆشی تێکەوتووە و ئەم ڕیوایەتەی لە تەبەریيەوە وەرگرتووە بێئەوەی بیکێشێتە تەرازووی عەقلدا! من نازانم کەسێکی وا ئیمانداری وەك هارونە ڕەشید کە ئیبن خەلدون خۆی باسی دەکات دەبێت دوو ڕکات نوێژی بەچەند دەقە کردبێت وا توانیویەتی هەموو ڕۆژێك ١٠٠ ڕکات نوێژ بکات؟! بە پێی ئەو تەقوایەی باسی دەکات کە هارونە ڕەشید هەیبووە، ئەگەر لای کەمی هەر دوو ڕکات نوێژیشی ٦ دەقەی پێ چووبێت، دەبێت ئەم پیاوە جگە لە خەو و خواردن و ژن و مالّ و منالّ و نوێژە فەرزەکان ڕۆژانە ١٠ سەعات نوێژی سوننەتی کردبێت، ئەمە ئیتر ئەرکی خەلیفایەتی و هاتنی وەفد و میوان و بەڕێوەبردنی خەڵك و جێش و.... بخەرە ئەو لاوە!! بەداخەوە د.یوسفیش هەروا ئەمەی بەسەردا تێپەڕیووە!! (ڕێناس)

به قسەیەکی خۆش بیخاتە پێکەنین، پێیدا هەڵدەشاخێ و پێی دەڵێ: ئەی ئیبن ئەبی مەریەم، پێچاتە نوێژیش؟ نەکەی، نەکەی بپێچیتە قورئان و ئایین! بێجگە لە قورئان و ئایین ئارەزووی خۆتە ئیتر!

دیسان لە ڕووی زانستو سادەییەوە[٣٣٤] پلەیەکی وای هەبووە (کەس نەیبووە)، چونکە زۆر نزیك بووە لە پێشینەکانی خۆیەوە کە هەڵگری ئەو سیفەتانە بوون، بۆ نموونە ئەو و ئەبو جەعفەری باپیرەی (ئەبوجەعفەری مەنصور) زۆریان بەین نەبوو، کاتێك ئەو مرد ئەم کوڕە گەنجێك بوو، دەی خۆ ئەبوجەعفەر پلەی دین و خوێندەواری پێش خیلافەت و دوای خیلافەتیش نکولی لێ ناکرێت.

مەهدی کوڕی (باوکی ئەم هارونە ڕەشیدە)[٣٣٥] لەگەڵ باوکیدا ژیاوە کە چۆن خۆی لەوە دەپاراست کراسێکی تازە بۆ منالّەکانی بکات لە خەزێنەی دەوڵەت، ڕۆژێکیان چووە ناو کۆڕی باوکیەوە کە لەگەڵ خەیاتەکاندا دانیشتبوو خەریکی دوورمانی جلە کۆنە بوون (جل پینەکردن) کە هی منالّەکانی خۆی بوو، مەهدی ئەوەی زۆر پێناخۆش بوو، ڕووی کردە باوکی و وتی: گەورەی ئیماندارانا! من لە بودجەی ئەمسالّی خۆم جل بۆ هەموویان دەکەم، ئەبوجەعفەریش وتی : باشە بۆت هەیە! ڕێگەی لە ئەو نەگرت، بەڵام ڕێگەشی نەدەدا لە مالّی موسڵمانان خەرجی مالّ و منالّەکەی بکات!

دەی هارونە ڕەشیدێك ئەوەندە ڕۆژگاری لەم خەلیفەیە و باوکیەوە نزیك بێت و پەروەردەی دەستی ئەم بنەماڵەیە بێت و ڕەوشت لەمانەوە وەربگرێت کەی شیاوە مەی بخواتەوە و خۆی سەرخۆش بکات؟! لە کاتێکدا باوی بنەماڵە خانەدانەکان

---

[٣٣٤] مەبەستی ئیبن خەلدون لە سادەیی : هەڵسوکەوتخۆشی و بێئەرکییە، نەك ئەوەی ئەمڕۆ بۆ گێلحالّو کەسی کەمدەرك بەکاردێت.

[٣٣٥] ئەبوجەعفەری مەنصور (١٣٦- ١٥٨ك) باوکی مەهدییە (١٥٨- ١٦٩ك)و ئەمیش باوکی هارونە ڕەشید (١٧٠- ١٩٣ك)و موسا ئەلهادیە (١٦٩- ١٧٠ك) کە ئەم ئەخیرەیان تەنیا سالّێك و سێ مانگ خەلیفە بوو، مردو هارونە ڕەشید چووە جێگەکەی. (وەرگێڕ).

لەناو عەرەبدا و لە سەردەمی نەفامیشدا وا بەناوبانگ بووە کە دووربوون لە مەی خواردنەوە (و خۆ بێبەقڵ کردن)و مەی دروست کردن، لای زۆرێکیان مەی خواردنەوە مایەی شورەیی بووە، هارونە ڕەشید و باوباپیرانیشی لە خۆدوورگرتنیان لە کاری خراپدا چ لە کایەی دیندا یان لە کایەی دونیادا لە ترۆپکی[٣٣٦] ڕەوشتباشی و کەسێتی بەرز و خانەدانیدا بوون لە ناو عەرەبەکاندا.

ئیبن خەلدون چەندین ڕووداو باس دەکات کە دەیسەلمێنێ هارونە ڕەشید زۆر لەوەوە دوور بووە کە مەیی خواردبێتەوە و ئەمەش لای هاوەم و هاوڕێکانی سەرخوانەکانی زانراو بووە و لە سەردەمی خۆشیدا (ئەبو نەواس)ی لەسەر ئەوە بەند کرد کە بۆیان گێڕایەوە سەری کردووەتە مەی خواردنەوە و ئەوەندە لە زیندانداندا هێشتییەوە تا تۆبەی پێکردو وازی لە مەی خواردنەوە هێنا.

هارونە ڕەشید سرکەی خورمای دەخواردەوە کە بە پێی مەزهەبی زانایانی عێراق (مەزهەبی ئەبوحەنیفە و قوتابیەکانی و ئەو زانایانەش کە هاوڕان لەگەڵیاندا) هیچی تێدا نەبوو، فەتوای ئەو زانایانەش شتێکی زانراوە، بەڵام خودی مەی ئەوە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت خەلیفە تۆمەتبار بکرێت بە خواردنەوەی، یان بڕوا بکرێ بەو هەواڵە لاواز و پووچانەی لێرەدا دەگوازرێنەوە بە چاولێکەری، هارونە ڕەشید ئەو پیاوە نەبووە سەربکاتە گوناهێکی (کەبیرە)ی وا کە لەلای ئوممەتی ئیسلامی ئاشکراو دیارە.

ئەم جۆرە خەڵکانە خۆیان لەوەش بە دوورەدەگرن کە زیادەڕۆییو کەشخەیی لە جلوبەرگو خواردنەوەکاندا بکەن، لەبەرئەوەی ئەم کەسانە ژیانێکی زبر و لادێییانەیان بەسەر بردووە و سادەئایین بوون و، تا سەردەمانی دواتریش

---

[٣٣٦] ئیبن خەلدون وشەی (ثبج)ی بەکارهێناوەو دکتۆر (قەرزاوی)یش لە (القاموس)دا ماناکەی وا دەرهێناوە. (کان علی ثبج من کذا" أي متمکناً منه، وراسخاً فیه، وفي اسمی مرتبة من مراتبه...) ئێمەش (ترۆپك)مان بە بەرانبەرییەوە دانا. (وەرگێڕ).

هەرئەوەیان تێدا مابوویەوە، دەی ئیتر چۆن گومان دەبرێت کە لە بازنەی حەڵاڵ چووبنە دەرەوە و سەریان کردبێتە حەرام و وازیان لە شتی حەڵاڵ هێنابێت بۆ شتی حەرام؟![٣٣٧]

مەسعودی لە کتێبی "مروج الذهب"ەکەیدا چیرۆکێك دەگێڕێتەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە ڕاستیدا هارونە ڕەشید خۆی لە زیادەڕۆیی و کەشخەیی بەدوورگرتووە، مەسعودی دەڵێت: "ئیبراهیمی کوڕی مەهدی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: داوام لە هارونە ڕەشید کرد کە سەردانێکی (ڕقە) بکاتو بێت بۆ لام، ئەویش سەردانی کردم، عادەتی وابوو خواردنی گەرمی پێش خواردنی سارد دەخوارد، کاتێك کە خواردنە ساردەکانمان بۆ دانا، دەفرێکیان کە نزیکی ئەو بوو هەندێ ماسیی پارچە پارچە کراوی تێد بینی، پارچەکانی لەلا (گەلێ) بچکۆلە بوون، وتی: بانشە بۆچی چێشتکەرەکەتان ئەوەندە ئەم ماسییەی وردکردووە؟ وتم : میری ئیمانداران! ئەوە تەنیا زمانە ماسییە! وتی: جا کەواتە ئەم دەفرە دەبێ سەد زمانە ماسی تێدا بێت؟! کابرای چاودێر: "خزمەتکارەکە" وتی: میری موسڵمانان! ئەو دەفرە زیاتر لە سەدو پەنجا زمانە ماسی تێدایە! هارونە ڕەشید سوێندی دا ئەو خواردنە چەندی تێچووە، خزمەتکارەکە هەواڵی دایە کە زیاتر لە هەزار درهەمی تێچووە! هارونە ڕەشید دەستی گرتەوە لە خواردنەکەو سوێندی خوارد کە دەبێ چاودێرەکە بڕوات و هەزار درهەمی بۆ بهێنێت، کە پارەکەیان بۆ هێنا وتی بڕۆن بیبەخشنەوە بەسەر هەژاراندا پاشان وتی: ئومێد دەکەم لای خوا کە ئەم خێرە ببێتە کەفارەتی ئەو زیادەڕۆیی و سەڵتەنەتنواندنەدا کە لە دەفرێك ماسیدا هەزار درهەم خەرجکراوە، پاشان دەفرەکەی هەڵگرت و دای بە هەندێ لە خزمەتکارەکانی و وتی: بڕۆن بیبەنە دەرەوە و یەکەم کەس کێ داوای لێکردن بیدەن بەو با بیخوات".[٣٣٨]

---

[٣٣٧] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٨ ـ ٣٨١.

[٣٣٨] رجال الفكر والدعوة في الاسلام، ص٨٤.

ئەم هەڵسوکەوتە خانەدانانە شایستەیە بە خەلیفە هارون، نەک ئەوەی حیکایەتخوان و هەواڵگرەکان ئەفسانەی جۆراوجۆر لە خۆشخۆری و هەڵپەکردنی ئەم پیاوە بە دوای ئارەزووبازیدا دەگوازنەوە کە بە هیچ شێوەیەک نابنە بەڵگە (ی زانستی).

پێشەوا ئەبوفەرەجی ئیبنولجەوزی لە کتێبی (صفة الصفوة)ەکەیدا کە باسی ژیاننامەی دونیانەویستی گەورە (فوزەیلی کوڕی عەیاض) دەکات ، دەڵێت: " لەفەزڵی کوڕی ڕەبیعەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: میری موسڵمانان هارونە ڕەشید هات بۆ حەج و سەردانی منیشی کردو بەپەلە چووم بە پێشوازییەوە، و وتم: میری ئیمانداران با بتنارداید بەشوێنمدا من دەهاتم بۆ خزمەتت، وتی: کوڕە بێبەڵا بی فریام کەوە![٣٣٩] شتێك دەروونم ئازار دەدات، بەڵکو پیاوێکی صاڵحم بۆ پەیدا بکەی پرسیاری ئەو شتەی لێ بکەم! وتم: بابچین بۆ لای سوفیانی کوڕی عویەینە، فەرمووی: پێشم بکەوە با بڕۆین بۆ لای، کە چووینە بەردەرگاکەی، من دام لە دەرگاکە، وتی: کێیە؟ وتم: وەرە بەدەم میری ئیمانداران‌ەوە، بەپەلە هاتو وتی: میری ئیمانداران! با بتنارداید بە شوێنمدا من دەهاتم بۆ خزمەتت ،(هارون فەرمووی:) تۆ گوێم بۆ بگرە بزانە بۆچی هاتووم بۆ لات، ماوەیەک پێکەوە قسەیان کرد، پاشان هارونە ڕەشید فەرموی: هیچ قەرزاری کەس نیت؟! وتی: با! هارون فەرمووی: ئەبوعەبباس قەرزەکانی ئەم پیاوە بدەنەوە بۆی!

کە لە ماڵەکەی هاتینە دەرەوە فەرمووی: ئەم هاوڕێیەت کەڵکی نەگرتم، پیاوێکی ترم بۆ بدۆزەرەوە با پرسیارەکانی خۆمی لێ بکەم، عەرزم کرد: ئا لەوێدا

---

[٣٣٩] عەرەبیەکەی دەڵێ: "ویحك قد حك فی نفسی شئ"، وشەی (ویح) بۆ چەند مانایەك بەکاردێت، بۆ شتی سەرسوڕمان یان بۆ داواکردنی هاوکاری و هاوسۆزی یان بۆ "مەدح" یان بۆ زەم و دوعا لێکردن، سیاقی ڕستەکە ئەوە دیاری دەکات کام مانایان مەبەستە، و لێرەدا بۆ داوای هاوکاری کردنەو ئێمەش وامان مانا کرد ، سەیری (المنجد) وشەی (ویح) بکە، (وەرگێڕ).

"عبدالرزاقی کوڕی هومام"یش هەیە، فەرمووی: دەی با بچین بۆ لای ئەویش، هاتینە لای ئەویش و دام لە دەرگاو وتی: کێیە؟ وتم: وەرە بەدەم میری ئیماندارانەوە، بەپەلە هاتە دەرەوە و وتی: میری ئیمانداران! با بتنارایە بە شوێنمدا خۆم دەهاتمە خزمەتت، فەرمووی: جارێ بزانە بۆچی هاتووین.. ماوەیەکیش لەگەڵ ئەودا باس و خواستیان کردو فەرمووی: هیچ قەرزاریت هەیە؟ وتی: بەڵێ، وتی: ئەبولعەباس! قەرزەکانی ئەم پیاوە ببژێرن.

کە هاتینە دەرەوە فەرمووی: ئەم هاوڕێیەشت کەڵکی نەگرتم، بگەڕێ بەڵکو یەکێکی باشم بۆ بدزۆیتەوە و گرێی دڵمی بۆ بکەمەوە! عەرزم کرد: ئالەوێدا پیاوێك بەناوی فوزەیلی کوڕی عەیاضەوە هەیە، فەرمووی دەبا بچین بۆ لای! چووین بۆ لای سەیرمان کرد خەریکی شەونوێژکردنە و قورئان دەخوێنێت و هەر ئایەتێك چەند بارە دەکاتەوە، فەرمووی: بدە لە دەرگاکە، دام لە دەرگاکە، وتی: کێیە؟ وتم: وەرە بەدەم مین ئیماندارانەوە، وتی: من و میری ئیمانداران کوجا مەرحەبا؟! وتم: سبحان الله! باشە بەیەتی ئەوت لەگەڕندا نییە؟ باشە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەت نەکراوە کە دەفەرموێ: ئیماندار نابێت خودی خۆی ڕیسوا بکات ؟ بینم هاتە خوارەوە و دەرگاکەی کردەوە و دیسان سەرکەوتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی و چراکەی کوژاندەوە و چووە سوچێکی ژوورەکەو ئێمەش بە دوایدا چووینە ژوورەوە و بەدەست بژی دەگەڕاین، دەستی هارون بەر لە من لە دەستی فوزەیل کەوت، فەرمووی: چەند دەستێکی نەرم و شلە ئەگەر سبەی لە ئاگری جەهەننم بەدوور بێت و ڕزگاری ببێت! لە دڵی خۆمدا وتم: وادیارە ئەمڕۆ لە دڵێکی بێگەردەوە هەندێکی باش قسەی بێ گەردی بۆ دەکرێت! هارون فەرموی: گوێمان بۆ بگرە بزانە جارێ بۆچی هاتووین _ ڕەحمەتی خوات لێ بێت _ ! وتی : کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز خیلافەتی گرتە دەست ناردی بە شوێن "سالمی کوڕی عەبدوڵڵا"دا و پێی فەرموو: من ئەم بەڵایە خراوەتە سەرشانم و خوا تووشی ئەم تاقیکردنەوەی

کردووم، جا تکا دەکەم ئامۆژگاریت چییە بۆم؟ عومەر خیلافەتی بە بەلاّ دەزانی کەچی تۆ و هاوەلّەکانت وادەزانن خوا خەلاّتی کردوون ...

جا سالمی کوڕی عەبدوللاّ فەرمووی بە عومەر: ئەگەر دەتەوێت سبەی لە سزای خوا ڕزگارت ببێت ئەوە بڕیار بدە دەم نەدەی لە دونیا و ئەم ڕۆژووەت بە مردن نەبێت مەیشکێنە!

موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزیش پێی فەرموو: ئەگەر ڕزگاربوونت لە سزای خوا مەبەستە، ئەوە با پیاوە موسڵمانە بەتەمەنەکان وەک باوکت وابن و مامناوەندەکانیان وەک برات بن و منالّەکانیشیان وەک منالّی خۆت وابن، بەڕێزبە بەرانبەر باوکت و بەخشندەبە بەرانبەر براکانت و بەسۆزبە بەرانبەر منالّەکانت!

ڕەجای کوڕی حەیوەش پێی فەرموو: ئەگەر ڕزگاربوونی خۆت لە سزای خوا (عزوجل) مەبەستە ئەوە چیت بۆ خۆت پێ خۆشە هەر ئەوەشت بۆ موسڵمانان پێ خۆش بێت، خۆشت چیت لا ناخۆشە بۆ موسڵمانانیش ئەوەت با پێناخۆش بێت، دوای ئەوە ئەگەر وێستت قەیناکا بشمرێت!!

منیش بە تۆ دەڵێم :

من لەو ڕۆژەی تۆ زۆر دەترسم کە ئەژنۆکان تێیدا دەلەرزن،[٣٤٠] ئیتر نازانم _ خوا ڕەحمەت پێ بکات _ تۆ کەسێکی وات لەگەڵدایە کە ئەمەت بیربخاتەوە؟ هارون دەستی کردە گریان و زۆر گریا بەڕادەیەک هۆشی بەخۆی نەما! وتم : (کابرا) تۆزێ نەرمونیانبە بەرانبەر میری ئیمانداران، فەرمووی: ئیبنو ئەبی ڕەبیع! تۆ و هاوەلّەکانت دەتانەوێت بیکوژن و کەچی بەمن دەڵێی نەرمونیان بم لەگەڵیدا؟! هۆشی هاتەوە و بە فوزەیلی فەرموو: ئامۆژگاری زیاترم بکە!

فوزەیل فەرمووی: میری ئیمانداران! بۆیان گێڕاومەتەوە کە جارێکیان شکاتی یەکێک لە والیەکانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەبەنە لای و عومەریش نامەیەکی بۆ

---

[٣٤٠] عەرەب ئەڵێن: یوم تزل فیه الاقدام، بەلاّم کورد ئەڵێ: ئەژنۆ تێیدا ئەلەرزێ. (وەرگێڕ).

دەنووسێ و دەفەرموێ: برا عەزیزەکەم! شەونخوونی تاقەتپرۆکێنی خەڵکی ناو ئاگری جەهەننەمت بیردەخەمەوە کە هەتا هەتاشە و نابڕێتەوە، وریابە! با ئەو کەسانەی نزیکی خوان لێت زویر نەبن و پشتت لێ بکەن و ئیتر کۆتایی بەکارت بێت و ئومێدبڕاو ببی! جا دەڵێن: کە والیەکە نامەکە دەخوێنێتەوە وڵات دادەدرێ و خۆی دەگەیەنێتە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، ئەویش پێی دەفەرموێ: ئەوە چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟ والیەکە عەرزی دەکات: قوربان بەنی دڵمت بەو نامەیە بڕیووە، (خوا دەزانێ) من بم و بەرپرسیارێتی هەڵناگرم لەمەودوا تا دەگەمە حزوری خوای خۆم!

ڕەبیع دەڵێ : هارونە ڕەشید دایە کوڵی گریان! پاشان فەرمووی: ئامۆژگاری زیاترم بکە _ ڕەحمەتی خوات لێ بێ _ ! فەرمووی: میری ئیمانداران! عەببباس مامەی پێغەمبەری هەڵبژاردەی خوا بوو ﷺ هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بمکە بە بەرپرس لە کارێکدا، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: بەرپرسیارێتی پەشیمانیو داخ و خەفەتە بۆ ڕۆژی قیامەت، جا ئەگەر دەتوانی هەرگیز مەبە بە بەرپرس!

هارونە ڕەشید ئەوەندەی تر گریا، پاشان فەرمووی: ڕەحمەتی خوات لێ بێت، ئامۆژگاری زیاترم بکە! فەرمووی: "ئەی ڕوو جوان! پەروەردگار لە قیامەتدا پرسیاری هەموو ئەو خەڵکەت لێ دەکات، جا ئەگەر دەتوانی ئەم ڕووە جوانەت لە ئاگر بپارێزی ئەوە وا بکەی باشە! وریابە شەوت لێهات یان ڕۆژت لێ بوویەوە دڵت بپشکنە بزانە نەبادا گزیبازییەکی تێدا بێت بەرانبەر یەکێك لە ژێر دەستەکانت! چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : "من أصبح لهم غاشاً لم يرح رائحة الجنة". [٣٤١]

هارون دیسان دەستی بە گریان کردەوە و فەرمووی: قەرزارییەکت هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، قەرزارێکی زۆری خوام کە حساباتم لەگەڵدا دەکات، ڕەنجەڕۆخۆم

---

[٣٤١] واتە: هەرکەس ڕۆژی لێ بوویەوەو گزیبازی تێدا بوو بۆ موسڵمانان ئەوە بۆنی بەهەشت ناکات، (وەرگێڕ).

ئەگەر لێم بپرسێتەوە! پەنجەڕۆخۆم ئەگەر موناقەشەم لەگەڵدا بکات، پەنجەڕۆخۆم ئەگەر زمانم ببەسترێت و قسەم بۆ نەیەت!

هارون فەرمووی: من مەبەستم قەرزاری خەڵکە، فەرمووی: خوای گەورە فەرمانی شتی وای پێ نەکردووم، ئەوەی پەروەردگار فەرمانی پێ کردووم ئەوەیە کە دەفەرموێ: (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ * مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ * إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ) (الذاريات: ٥٦- ٥٨).

هارون فەرمووی: ئەوە هەزار دینار بیگرە و خەرجی بکە بۆ مارْ و منداڵت و گورێکی زیاتریشی پێ پەیدا بکە بۆ عیبادەتکردن! فوزەیل فەرموی: سبحان الله! من رێگەی رزگاری نیشانی تۆ دەدەم! کەچی تۆ بەمە خەڵاتی من دەکەی؟ (هەڵیگرەوە) خوا سەلامەتت بکات و هاوکارو هاریکارت بێ.

پاشان بێدەنگ بوو... هیچ قسەی لەگەڵدا نەکردین و ئێمەش هاتینە دەرەوە و کە گەیشتینە بەردەرگاکە، هارونە ڕەشید فەرمووی: ئەبولعەباس! ئەگەر وێستت بمبەی بۆ ڵای پیاو چاکێك بۆ لای یەکێکی ئاوەهام بهێنە، بەڕاستی ئەمە سەرداری هەموو موسڵمانانە! لەم کاتانەدا یەکێك لە خێزانەکانی هاتە ژوورەوە و وتی: پیاوەکە! خۆ ئاگات لێمانە لە چ بێوەزعییەکداین، دەی چی تێدایە ئەو پارەیە وەربگری و لەم نەبوونییە ڕزگارمان ببێت! فوزەیل فەرمووی: نموونەی من و ئێوە وەك ئەو کۆمەڵە خەڵکە وایە کە حوشترێکیان هەیە بژێوی ڕۆژانەیان بەو دەردەهێنن، بەڵام کە پیر دەبێت دێن سەری دەبڕن و گۆشتەکەی دەخۆن! کە هارون گوێی لەم قسانە بوو، فەرمووی: بچۆرە ژوورەوە، بەڵکو پارەکەت لێ وەربگرێت، کە فوزەیل لەمە ئاگادار بوو هاتە دەرەوە و لەسەر سەکۆی سەردەرگاکە دانیشت و هارونیش هات لە تەنیشتییەوە دانیشت و دەستی کردە قسەکردن لەگەڵیدا، ئەویش وەڵامی نەدەدایەوە، ئێمە لەم حاڵ و وەزعەدا بووین، کەنیزەکێکی ڕەش پێست هاتە

دەرەوە وتی: کابرا! ئەمشەو شێخت زۆر ماندوو کرد، ڕەحمەتی خواتان لێ بێت جێی بهێڵن، ئێمەش جێمان هێلا".[٣٤٢]

ئەمە ئەو پیاوەیە کە بەمەیخواردنەوە تۆمەتبار دەکرێت و باسی زیادەڕۆیی و کەشخەیی و فیزڵی دەکرێت کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم ژیانە جوانەدا یەکناگرنەوە و(ئەو تۆمەتانەش) هیچ نییە ئەوە نەبێت کۆمەڵێ چیرۆکی چنراوی خەیاڵی حەکایەتخوانەکان و بوختانی کەسانی درۆزن و پیلانی دوژمنە دیارو ئاشکراکانی ئەو پیاوەن.

ئیبن خەلدون لە کتێبی (المقدمة)ەکەیدا زۆر جوان باسی هۆی ئەم زیادەڕۆییە ناشیرینانە _ زیادەڕۆیی لە ژمارەو گەز و پێوانە _ دەکات‌و، لێیان دەتوێژێتەوە و دەڵێت:

"خەڵکی ئەم سەردەمە بە گشتی دەبینی کاتێك دێن قسە لەسەر ژمارەی سەربازی دەوڵەتی سەردەمی خۆیان یان سەردەمێکی نزیکی خۆیان دەکەن، یان کاتێك دەست دەکەنە گواستنەوەی هەواڵی سوپای موسڵمانان یان سوپای نەصارا، یان کە دێز ئاماری دارایی باج و خەراجی سوڵتانِ و خەرجی پیاوە خۆشخۆرەکان‌و کاڵای پیاوە دەوڵەمەندەکان دەکەن، دێن بە ئارەزووی خۆیان ژمارە لێ دەدەن و سنووری عورف و عادەت هەموو دەبەزێنن و بە گوێی وەسوەسەی خەڵکی نامۆ دەکەن، کەچی کە دێیت لە خاوەن دیوانەکان داوا دەکەی ژمارەی سەربازەکانیان دەربخەن ر دەگەڕێیت تا بزانی سامانی خەڵکی بازرگان و دەوڵەمەندەکان چەند بووە و چەندیان خێر کردووە و ڕۆشنی دەکەیتەوە خەڵکانی خۆشخۆرو بە ئەرك چەندێك خەرجیان بووە، دەبینی دەیەکی ئەوەشت دەست ناکەوێت! هۆکەشی ئەوەیە کە خەڵکی هەر حەزی لە شتی عەجیب و غەریب و ئەو شتانەیە کە خۆش دێت بە زماندا، کەچی لە خەڵکی ڕەخنەگر و پاشکۆنووسیش بێئاگان تا لە خۆیان

---

[٣٤٢] صفة الصفوة: ١٣٧/٢، ١٣٨، ١٣٩، تایبەت بە ژیانی فوزەیلی کوڕی عەیاضی تەمیمی...

بپرسنەوە لەسەر ئەو هەڵە و تاوانانەی دەیکەن و، کەس نییە داوای ئەوەیان لێ بکات لە هاوالگێڕانەوەدا مامناوەند بن و دادپەروەر بن و ئەو هەواڵانە شەنو کەو بکەنو جوان ببیشکنن، بۆیە خەڵکی جڵەو بۆ ئەو هەواڵانە شل دەکاتو بە کەیفی خۆی زمان لە بازاری درۆدا دەچەرخێنێت و، گاڵتەی بە ئایەتەکانی خوا دێت و خۆی دەکاتە کرپاری قسەی پڕوپووچ کە سەرەنجامەکەی وێڵ بوون و گومکردنی ڕێگەی ڕاستی پەروەردگارە، ئیتر خۆ ئەوە لای تۆش گەورەترین ڕەنجەڕۆییە ! ".[٣٤٣]

سێهەم: دەقگرتن بە مێژووی پاشا و کاربەدەستانەوە (مێژووی سیاسی)

خاڵی سێهەم کە دەچێتە ناو بازنەی بەرپرسیارێتی مێژوونووسانەوە لە شێواندنی مێژووی ئیسلامیمان بە ناڕەوا و لکاندنی هەندێ بوختان بەو مێژووەوە، ئەوەیە کە کتێبە گشتییەکانی مێژوو کە نووسەرە گەورەکان نوسیوویانە: خەو و خولیای گەورەیان و تەوەرەی سەرباس و خواستەکانیان بریتی بووە لە لایەنی سیاسیو سەربازی لە مێژوودا، وەک ئەوەی مێژوو تەنیا بریتی بێت لە مێژووی پاشا و کاربەدەستانو ئەوانەی لە خولگەی ئەواندا دەخولێنەوە وەک سەرکردەکان و هاوکارەکانیان و ڕووبەرێکی پێویستیان نەداوە بە گەلانو جەماوەر و کۆمەڵ و تۆژە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە.

ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو چین و تۆژانە ڕووبەرێکی بەرفراوانیان لەناو مێژووی ئیسلامیدا هەیە نەک لەسەر ئاستی مێژووە گشتییەکە، بەڵکو لەسەر ئاستێکی تر، ئەویش ئاستی ژیاننامەی کەسایەتییە ئیسلامییەکان و چینی زانایان و دەستە جیاجیاکانی کۆمەڵگەیە کە بە ڕاستی هەموو جۆرە خەڵکێکی کۆمەڵگەو هەموو چینو تۆژێکی ئەو سەردەمانەی لەخۆگرتووە، چ ئەوانەی لە لوتکەدا بوون و چ ئەوانەش لە خواری خوارەوە بوون.

---

[٣٤٣] مقدمة ابن خلدون، ص٣٦٧.

مێژوونووسی گەورەی ئیسلام (حافظ شمس الدين الذهبي) جۆرەکانی تری مێژوو دەژمێرێت کە زۆرێك لە چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگەی لەخۆگرتووە، ژمارەیان دەگاتە (چل) جۆر مێژوو، ئەم زانیارییە (حافز و مێژوونووس شمس الدين السخاوی) لە کتێبی (أعلان التوبيخ لمن ذم أهل التأريخ) لە زەهەبییەوە دەیگوازێتەوە، کە مێژووانە و ئەو چین و تۆێژانەش بریتین لە:

١- ژیانی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ.

٢- چیرۆکی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت).

٣- مێژوی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ.

٤- مێژووی خەلیفەکانی ناو (صحابە)، خەلیفەکانی بەنی ئومەییە، ئەوانەی بەنی عەببباس، خەلیفە مەروانییەکان لە ئەندەلوس و عوبەیدییەکانی مەغریب و میصر.

٥- مێژووی پاشایان و دەوڵەتان، کیسراکان و قەیسەرەکان، لەگەڵ ئەمانیشدا مێژووی پاشا موسڵمانەکانی وەك ئیبنو تولون و ئیخشیدەکان و بەنی بویەھ و بنەماڵەی سەلجوقییەکانو هاوشێوەکانیان، پاشاکانی خوارەزم و شام و پاشاکانی تەتار و، هەموو ئەوانەش کە نازناوی (پاشا)یان لە خۆیان ناوە.

٦- مێژووی وەزیرەکان، کە یەکەمیان حەزرەتی (هارونە) "سەلامی خوای لێ بێت"، پاشان ئەبوبەکر و عومەر، هەندێ لەم مێژووانە دەچنە ناو مێژووی پێغەمبەران یان مێژووی خەلیفەکان یان خەڵکانی تر‌ەوە، یان دەچنە ناو مێژووی پاشاکانەوە.

٧- مێژووی میرەکانو پیاوە گەورەکانو نمایندەی مەمالیکەکانو نووسەرە گەورەکانو... هەندێ لەمانە خەڵکێکی مۆربەدەست و هەندێکیشیان ئەدیبو شاعیر بوون.

٨- مێژووی شەرعزانەکان (فەقیهەکان)و خاوەن مەزهەبەکان و پێشەوایانی سەردەمەکان، یان ئەوانەی دانراون (لەلایەن دەسەڵاتەوە)، منیش دەڵێم: ئەو

کەسانەش کە خاوەن ئیجتهاد بوون و تەقلید کراون لەناو خەڵکدا، دێتە ناو ئەم بەشە و کەسانی تریشی هەر دەگرێتەوە.

٩- مێژووی حەوت قورئانخوێنەکە (واتە ئەوانەی بە حەوت جۆر قورئان دەخوێننەوە و پێویستە سێ جۆرەکەی تریشی بۆ زیاد بکرێت کە پێیان دەوترێت "دە" جۆر خوێندنەوە - القراءات العشر -).

١٠- مێژووی حافیزەکان (واتە: ئەوانەی کە هەموو قورئانیان لەبەرە، یان تا دە هەزار حەدیسیان لەبەرە: إکرام).

١١- مێژووی مامۆستایانی فەرموودەناس و پێشەواکانیان.

١٢- مێژووی مێژوونووسان.

١٣- مێژووی نەحوزانەکان، ئەدیبەکان، زمانەوانییەکان، شاعیران، زمانپاراوەکان، ئەوانەی عەروزی شیعری دادەنێن، حسابگرەوەکان.

١٤- مێژووی عاریف و دونیانەویست و ئەولیا و سۆفیە چلەکێشەکان.

١٥- مێژووی دادوەرەکان و پارێزەرەکان، لەگەڵیاندا مێژووی شایەتەکان و کەسانی بەناوبانگ بە دەستپاکی.

١٦ مێژووی مامۆستایان و کاغەزفرۆشان[٣٤٤] ، چیرۆکنووسان و خاوەن تەریقەتەکان و غەریبەکان.

١٧- مێژووی وەعزخوێنەکان، وتاربێژان، ئاوازدانەران، نەدیمان و گۆرانیبێژان.

١٨- مێژووی خانەدانەکان و بەخشندەکان و عاقڵان و زیرەکەکان و داناکان.

١٩- مێژووی پزیشکان و فەیلەسوفەکان، زەندیقەکان و ئەندازیاران و ئەوانەی وەک ئەمانن.

---

[٣٤٤] کاغەزفرۆشانمان بۆ (الوراقین) بەکاربردووە، هەرچەند ماناکانی لە نێوان نووسەر و کاغەزدروستکەر و کاغەزفرۆش و خاوەن کاغەز و پارەداردا هاوبەشە، بەڵام ئەو مانایە لەوێدا گونجاوە. (وەرگێڕ).

٢٠- مێژووی موتەکەللیمەکان و، جەهمیەکان و، موعتەزیلەکان و، ئەشعەریییەکان و، کەرامیەکان و موجەسسیمەکان.

٢١- مێژووی جۆرەکانی شیعە ، توندڕەوەکانیان ، ڕافیزەکانیان و ئەوانی تریشیان.

٢٢- مێژووی جۆرەکانی خەواریجو ناصیبیەکانو جۆرەکانی ئەهلی بیدعەو خەڵکانی ئاەزووپەرست.

٢٣- مێژووی ئەهلی سوننەت، زاناکانی ئوممەتی ئیسلامی، سۆفیەکانیان، فەقیهەکانیان، فەرموودەناسەکانیان.

٢٤- مێژووی بەخیلەکان، مشەخۆرەکان، ئێسکقورسەکان، زۆرخۆرەکان، گێلەکان، ڤیززلەکان، گەمژەکان، منیش دەڵێم (قسەکە هی سەخاویە) کەچی کەس مێژووی کەسانی بەخشندەو نانبدەکانی باس نەرکردووە، وەك بڵێی لەناو بەخشندەکانی خاڵی پێشوودا باسەکانیان هاتووەو ئەوەندە بەسە، بەڵام من لای خۆمەوە کۆمەڵێکی باش مێژووی ئەوانەم کۆکردووەتەوە.

٢٥- مێژووی نابیناکان و خاوەن نەخۆشییە موزمینەکان وکەڕەکان و لاڵەکان و پشت کۆمەکان.

٢٦- مێژووی ئەستێرەناسەکان و جادووگەران و کیمیاگەران[٣٤٥] و ئەوانەشی بە شوێن شتی بزرکراودا دەڕۆنو ئەوانەشی کە خەریکی قاوە و بەخت گرتنەوەن.

٢٧- مێژووی ڕەچەڵەکناسەکان و هەواڵگرەوەکان و عەرەبە خێڵەکییەکان.

٢٨- مێژووی ئازا و قارەمانەکان و سوارچاکەکان و زرنگەکان و پۆستەچییەکان.[٣٤٦]

---

[٣٤٥] مەبەست بەم کیمیاگەرانە ئەوانەن کە لاق ئەوە لێئەدەن کە ئەتوانن ئاسن بگۆڕن بۆ ئاڵتون! ! لەبەر ئەوە ئەمانیش لەگەڵ جادووگەرو هاوشێوەکانیاندا باسیان هاتووە.

٢٩- مێژووی بازرگانەکانو سەفەرە سەیروسەمەرەکان و دەریاوانەکان و نامۆکانی ناو دەریا (پێدەچێت مەبەستی چەتەدەریاییەکان بێت "قراصنه").

٣٠- مێژووی خاوەن پیشە سەیرەکان، کەسەسپۆرتەکان لە کاتی ئیشکردندا، یان لە کاتی پێشنیارکردندا، یان لە داهێنانی هونەری جۆراوجۆری کارکردندا.

٣١- مێژووی ڕاهیبەکانو خاوەن پەرستگاکانو تەکییەکانو خاوەن شەتەحاتەکان.

٣٢- مێژووی پێشەواکان (پێشەوایانی مزگەوت)و بانگبەرەکان و کاتڕاگرەکان و خەوپەرژێنەرەکانو عەوامەکان.

٣٣- مێژووی چەتەو ڕێگرەکان، مێژووی ئەوانەی داوای "فدیه"یان کردووە لەبری ئەوانەدا کە گرتوویانن! هەروەها مێژووی یاریزانانی شەترەنجو زارهەڵدەرانو قومارکەران، منیش دەڵێم: باسی ئەوانە نەکراوە کە ڕمبازی دەکەن.

٣٤- مێژووی کەسەقۆزەکان، عاشقەکانو دێوانەکان (المتمین)و سەماکەرانو مەیخۆرانو خەڵکانی بەرەڵا و سەرچۆپیکەرو درۆزنانو ئەوانەی کە ناونانێرە دەخەنە شوێن خەڵکی".[٣٤٧]

٣٥- مێژووی خەڵکانی فێڵبازو خەڵکان بە تەگبیر و کەسانی خاوەنڕا و کەسانی هەڵخەڵەتێر و نەبەزیوو.

٣٦- مێژووی "مەندییەکان" و خاڵکوتەکانو وەستایانی قسەو ماستاوچییەکان و ژنانیەکان و خەڵکانی بێحەیاو قۆشمەچی و عارەق فرۆشان و ترازوبازو درۆزنەکان[٣٤٨]

---

[٣٤٦] عەرەبیەکەی (*سعاة*) کە کۆی (ساعی)یەو ئێمەش بە (ساعی البرید) مانامان کردووە لەبەر گونجاوی شوێنەکەی. (وەرگێڕ).

[٣٤٧] - پێدەچێت مەبەست بەم کەسانە بریتی بێت لە خەڵکی تەعلیقباز و ئەوانەی نازناونەنێن لە خەڵکی . (وەرگێڕ) .

٣٧- مێژووی شێتە عاقڵەکان و وەسواسەکان و چەقەبازەکان و بۆڕدەرەکان و بەشخوراوەکان.

٣٨- مێژووی سوالکەرەکان و دەستپانکەرەوەکان و خەیالپڵاوەکان و حەرافشیەکان و جەمەریەکان.

٣٩- مێژووی شەهیدانی قورئان و عەشق و گۆرانی و کۆژراوانی دەستی زوڵفی یار وحاڵەتە ڕۆحیە تاقەت ڕوکێنەکان.

٤٠- مێژووی کاهین و نوقڵانە لێدەرەکان و خاوەن خواریق و کەشفەکان، وەک ئەوەی گوایە کەرامات لێ دەدەن لە کاتێکدا خاوەنەکانیان فاسق و شتی لەو شێوەن

..

زەهەبی دەفەرموێ: ئەمانە چل جۆر مێژوون.[٣٤٩]

منیش ئەمەوێ لێرەدا پێنج تێبینی هەیە بیخەمە سەر ئەم بابەتە:

یەکەم: چاو لە مێژووی هەندێ چین‌و تۆڕی گرنگ لە کۆمەڵگەدا داخراوە، وەک خاوەن پیشە جۆربەجۆرەکان بۆ نموونە: دارتاشەکان و ئاسنگەرەکان و بیناسازەکان و بەرگدروەکان و بۆیاخچییەکان و ڕاوکەرەکان و قەسابەکان و مزگەرەکان و ئاڵتونچییەکان و لەم جۆرە پیشانەی تریش.

---

[٣٤٨] دکتۆر قەرزاوی بۆ مانا و مێژووی ئەم خەڵکانە لەپراوێزدا ئەڵێ: (ئەمانە زاراوەن بۆ چەند چین وتوێژێك كه لەسەردەمی زەهەبیدا ناسراو بوون با ئێمە بەتەواوی نەزانین واتاکانیشیان چییە، بەڵام وادیارە هەموونەو شتانە کاری قەڵەو بێزاربوون، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو عەتف کراونەتە سەر یەك) ت. و ئێمەش لەپووی هەندێ (قوامیس)ەوە ماناماان بۆ هەندێکیان دانا بەو هیوایەی سودی زیاتری پێ بدەین بەخوێنەرانی کورد، خاڵەکە دەڵێ: (تاریخ المندیین والمخایلین و الصانعین و الفرشیین، والمخنثین، و اهل المجون و المزاح و التجر و التلار والکذب)... (وەرگێڕ).

[٣٤٩] : بڕوانە: الاعلان بالتوبغ لمن ذم اهل التاریخ، هی سەخاوییە، ص١٤٠-١٤٣، (فزانر روزنفال) بڵاوی کردۆتەوە بە زمانی ئینگلیزی و دکتۆر صالح احمد العلی کردوویەتی بە عەرەبی‌و (مؤسسة الرسالة) لە بەیروت پەخشی کردوەتەوە.

دووهەم: (سەخاوی یا زەهەبی) باسی مێژووی پێغەمبەرە درۆزنەکانیان نەکردەوە، ئەوانەی کە لافی پێغەمبەرایەتیان لێداوە، وەك (موسەیلەمە)و (سجاح)و (ئەسوەدی عەنسی)و (طلحە ی ئەسەدی)و خەڵکانێکی تریش کە دوای ئەو هاتوون.

سێهەم: هەروەها باسی مێژووی وڵاتانیشی نەکردووە وەك مێژووی مەککە و مێژووی مەدینە و مێژووی دیمەشق و بەغداد و یەمەن و میصر و جورجان و خۆراسانو جگە لەو شارانەی تر، نەك ئەمە، بەڵکو مێژووی هەرێم و شارە گەورەکانیشان نەکردووە وەك (صەعید)و (ئەسکەندەریە) بۆ نموونە لە میصردا.

چوارەم: لە هەندێ شوێندا چەند توێژێك کە بەیەك ناخۆن، کەچی پێکەوە باسی مێژووی هەموویانی کردووە، وەك: نەحوزانەکانو ئەدیبەکانو زمانەوانەکانو شاعیرانو قسەزانەکانو عەروزییەکانو حسابگرەوەکان، کە لەڕاستیدا ئەوانە لە یەك توێژ نینو چەند توێژێکن.

هەروەها هەر بۆ نموونە: مێژووی وەعزخوێنەکانو وتارخوێنەکانو ئاوازدانەرەکانو نەدیمەکان[٣٥٠] و گۆرانیبێژەکانو کەسانی تر، کە بێگومان ئەمانە یەك توێژ نین.

پێنجەم: هەندێك مێژوو هەیە گرنگی بە خەڵکی سەردەمێکی دیاریکراو داوە، وەك (الدرر الكامنة فى اعيان المائة الثمانية) کە هی ئیبن حەجەرە، هەروەها (الضوء اللامع في اعيان االقرن التاسع) کە هی سەخاوییە، جگە لەمانەش هی تریش هەیە..

لەگەڵ ئەمانەدا کتێبەکانی مێژووی گشتی یان مێژووی سیاسی گرنگی نەداوە بەو چل مێژووەی کە پێشەوا زەهەبی باسیان دەکات، سیان چواریکیان نەبێت کە

---

[٣٥٠] نەدیم: هاوڕێو هاوڕازی مرۆڤ کە قسەخۆشو سوبەتچییەو خەمڕەوێنە، پیاوە گەورەکان زۆربەیان نەدیمی تایبەتی خۆیان هەبووە. (وەرگێڕ).

ئەویش: مێژووی پاشا و میرو وەزیرەکانو هاوشێوەکانیانەو ئیتر چین و توێژەکانی تر هیچ!

پێشەوا زەهەبی لە کتێبی مێژووەکەیدا کە ناوی (تاریخ الاسلام)ە هەوڵی ئەوەی داوە زیاننامەی پیاوە گەورەکان لە هەموو چین توێژێکدا بنووسێتەوە، ئەو کتێبە لە هەموو کتێبەکانی تری مێژوو زیاتر ویژدانو گشتگیری پێوە دیارە.[٣٥١]

زانای گەورە سەخاوی لە کتێبی (اعلان التوبیخ لمن ذم اهل التأریخ)دا دەڵێ: " لە کتێبی مێژووی ئیسلامی(تأریخ الاسلام)[٣٥٢]ی زەهەبیداو بە دەستوخەتی خۆی، خوێندوومەتەوە کە دەڵێ: (لە کۆکردنەوەو نووسینەوەی ئەم مێژووەدا زۆر ماندوو بووم، لە چەندین سەرچاوەوە زانیاریەکانم وەرگرتووە، مرۆڤ لەم کتێبەوە ئاشنا دەبێت بە مێژووی ئەوانەی کە ڕابوردوون، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ئەم سەردەمەی ئێمە، هەر لە مردنی خەلیفە گەورەکانەوە بگرە تا دەگاتە قورئانخوێنەکان و دونیانەویستەکان و فەقێ و زاناکانو فەرموودەناسەکانو سوڵتانەکانو وەزیرەکانو نەحوزانەکانو شاعیران، لەم کتێبەوە ئاشنا دەبین بە چینو پلەی ئەو پیاوە ناودارانەو کاتەکانیانو مامۆستاکانیانو هەندێ لە هەواڵو دەنگوباسەکانیان، بە کورتترین دەستەواژەو کەمترین وشەی بەکارهێنراو، هەروەها

---

[٣٥١] : لە ڕاستیدا وەک مامۆستا ئەنوەرلجوندیش لە زۆرێک لە کتێبەکانیدا باسیان دەکات، زۆر مێژووی تر هەیە باسی نەکراوەو تیشکی نەخراوەتە سەر لەوانە: مێژووی شارستانێتی ئیسلامی، مێژووی زانست لە ئیسلامدا کە تەواوی زانستە ئایینی و مرۆییەکان بناغەکانو سەرەتاکانی لەلایەن موسڵمانەکانەوە دانراوە، مێژووی حیوارو گفتوگۆی زانستیو لۆژیکی، مێژووی ئازادکردنی میللەتانی ستەملێکرا و مێژووی سەماحەتی ئایینی و مێژووی حیواری ئایینەکان و... هتد، شێخ خزری بەگ "بەڕەحمەت بێت" لە کتێبی "محاضرات في تاریخ الامم والشعوب الاسلامیة"ەدا پەیمانی ئەوە ئەدات لەسەر مێژووی زانست لە ئیسلامدا کتێبێکی سەربەخۆ بنووسێت ، ئەمانە جێگەی خۆیانە زیاد بکرێن بۆ سەرنجەکانی دکتۆر قەرزاوی... (وەرگێڕ)

[٣٥٢] : تأریخ الاسلام (١/٧-١٣) (القاهرة: ١٣٦٧) (دارالغرب الاسلامی)یش ئەم کتێبەی بە توێژینەوەی "دکتۆر بشیر عواد معروف"ەوە جارێکی تر بڵاوکردۆتەوە کە بە ڕاستی جێگەی ڕێزو پێزانینە.

(ئاشنا دەبین بە) باسی فتوحاتە بەناوبانگەکان و شەرە لەبیرنەکراوەکانو شتە سەیرەکان کە تۆمارکراون، بێئەوەی کە درێژدادڕی بکەینو زۆر لەسەری بڕۆینو هەموو شتەکانی لە دەور کۆبکەینەوە، بەڵکو هەوڵمداوە کە باسی بەناوبانگەکانیان بکەم و ئەوانەی لەوان دەچنو وازم لەوانە هێناوە کە باربوون بەسەر خەڵکەوە یان وەک بار وبوون، ئاماژەش بۆ ڕووداوە گەورەکان دەکەم، چونکە ئەگەر هەموو ڕووداوەکانو ژیاننامەی هەموو(پیاوە ناودارەکان)م نووسیبا، دەبو ئەم کتێبە سەد بەرگ یان زیاتریش دەربچوایە، چونکە بۆ سەد کەس کە ژیننامەی بنووسم ئەوجا دەتوانم لە پەنجا بەرگدا باسەکانیان تەواو بکەم".[٣٥٣]

پێشەوا زەهەبی باسی ئەو کتێبو سەرچاوانە دەکات کە سوودی لێوەرگرتووە بۆ نووسینی (مێژووەکەی)[٣٥٤] (دەبینرێت ژمارەیەکی زۆر زۆرە، هەرچەندە هەندێکیان دەقی مێژوویی نین، بەڵام ئەو وەک ماددەیەکی مێژوویی سودی لێ بردووە).[٣٥٥]

چوارەم: پشتگوێخستنی خاڵە گەشەکان لە ئیسلامدا: خاڵی چوارەم کە دەچێتە ناو بازنەی بەرپرسیارێتی مێژوونوسان لەوەدا کە وێنەیەکی پەشی مێژووی ئیسلامیان داوەتە خەڵکی ئەوەیەکە: تیشکیان (وەک پێوست) نەخستووەتە سەر خاڵەگەشەکان و لایەنە جوانەکانی مێژووی ئیسلامی، ئەمەش دەکرێت بە لقێک لەو خاڵە سەیر بکرێت کە پێشتر وتمان گرنگی هەر بە مێژووی سیاسی دراوە تا مێژووی ڕیفۆرم و تازەگەری، مێژوونووسان گرنگییان زیاتر بە ژیاننامەی خەلیفەو پادشاکان داوە نەک ڕەوت و کاروباری گەلانو جەماوەرە ئیسلامییەکە، یان ئەو زانا و

---

[٣٥٣] ـ اعلان التوبیخ، ص١٤٣.

[٣٥٤] ئەم کتێبە بەنرخەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەکەیدا کە دکتۆر عمر عبد السلام التدمری کردوویەتی لە (٥٣) بەرگ(جەلد)دا بڵاوکراوەتەوەو یەکێکە لە شاکارە گەورەکانی پێشەوا زەهەبی (بەڕەحمەت بێت) (وەرگێڕ).

[٣٥٥] سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٣ بەدواوە

بانگخوازو پەروەردەکارانەی کە رێبەرایەتی ئەو گەلو جەماوەرە ئیسلامییانەیان کردووە، ئەوەی کە بەڵگەنەویستە: ئیسلام کۆتا ئایینو پەیامی ئاسمانییە کە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ بەرچاوڕوونی خەڵکی کە بەڕاستی بەهێزترین بەرنامەشە بۆ مرۆڤو کەمەندکێشکردنیان بەرەو رێگەی ڕاست کە کامەرانی دونیا و ئاخیرەتی تێدایە.

لەبەرئەوەش کە ئەم ئایینە کۆتایە و پاش ئەمە ئیتر ئایینێکی تر نایەتو دوای ئەم پێغەمبەرەش پێغەمبەرێکی تر نایەت کە چاکسازی بکات بۆ هەموو ئەو خراپانەی مرۆڤ بەرپای دەکەن لە سەردەمە جیا جیاکاندا، بۆیە باوی خوای گەورە وایە کە شوێنکەوتووەکانی ئەم پێغەمبەرە بەکارو ئەرکەکانی پێغەمبەرانو پەیامداران هەڵبسن، وەك زانا بەڕێزەکان کە میراتگری پێغەمبەرانن، یەکێکیش لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئومەتی ئیسلامە ئەوەیە کە: خوای گەورە هەرگیز ناهێڵێت هەموو یەکدەنگبن لەسەر گومڕایی؛ بەردەوام خوای گەورە خەڵکانێك بەرقەرار دەکات لە ناویاندا کە بەچەکی هیدایەت بچن بە گژ گومڕاییدا و بە چەکی ڕوشدیش بچن بە گژ لاداندا و بەچەکی ڕاستیش بچن بە گژ باتڵدا و بە ئیمان بێدینی بسڕنەوە، وەك خوای گەوورە دەفەرموێ : (وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ) (الاعراف: ١٨١). واتە: لەناو ئەوانەدا کە خولقاندومانن (بەردەوام) ئومەتێك بەرقەرار دەکرێن کە بە چەکی ڕاستی خەڵکی بەرچاو ڕوون بکەن و بەو ڕاستییە تەرازووی داد ڕابگرن.

یەکێك لەو شتانەی کە حەدیسی (صحیح)ی زۆر لەسەر هاتووە ئەوەیە کە دەفەرموێ (لا تزال طائفة من أمتي قائمين على الحق، لا يضرهم من خالفهم، حتى يأتي أمر الله وهم على ذلك).[٣٥٦] واتە: بەردەوام کۆمەڵێك لەناو ئوممەتی منذا لەسەر حەقنو کار بۆ حەقو ڕاستی دەکەن، ئەوانەش کە دژیان دەوەستنەوە ناتوانن

[٣٥٦] : رواه البخاري (٢٩٤٨)، مسلم (١٩٢٠) وغيرهم عن عدد من الصحابة.

زیانیان پێ بگەیەنن تا ئەوکاتەی کە فەرمانی خوا دێت ئەوان هەر لەسەر ئەمە دەمێننەوە.

بەهەمان شێوە حەدیسێکی تری پێغەمبەر ﷺ کە ئەبوهورەیرە دەیگێڕێتەوە دەفەرموێ:

"ان الله یبعث علی رأس کل مائة سنة لهذة الامة: من یجدد لها دینها".[٣٥٧] واتە: بەدڵنیاییەوە خوای گەورە لە سەر هەموو سەد ساڵێکدا کەسانێك بەناونیشانی تازەگەر دەنێرێت بۆ ئەم ئوممەتە تا ئایینەکەیان بۆ تازە بکاتەوە.

مێژوو ڕاستی ئەم فەرموودەیەی دەرخستووە، لە هەموو سەدەیەکدا _ بەتایبەتی لە سەر هەر سەد ساڵێك _ خوای گەورە کەسانێکی ناردووە کاریان ئەوە بووە تازەگەریان لە دیندا کردووە، کە بریتییە لە دروستکردنی زیندوێتی لەم دینەدا، بەوەی تێگەشتنێکی جوانیان بۆی هەبووەو، کاریان پێکردووە و جوان کاریان کردووە بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی و بڕوایان پێی پتەو بووە و، دڵگەرم بوون بۆ بڵاوکردنەوەیو بانگکردنی خەڵکی بۆ لایو کۆکردنەوەی ئوممەت لە دەوری ئەم دینە، تا وای لێدێت کە هەموو ئوممەت دەستیان گیر دەبێت لە حەبلی خوا و کۆتایی بە پەرتەوازەیی دێنن.

لەوانەیە، ئەو کەسەی کە ئەم ئایینە تازە دەکاتەوە تاکە کەسێك بێت، لەوانەشە زیاد لە کەسێك بن، چونکە وشەی (مَنْ) لە حەدیسەکەدا ئەو مانایە دەگەیەنێت، حافزو مێژوونووسانیش باسی ژمارەیەکی زۆر لەو تازەگەرانەیان کردووە لە سەردەمە جیاجیاکاندا، هەندێك لەو تازەگەرانە جێگەی یەکدەنگی زانایانەو هەندێکیش لەوانە زانایان ڕای جیاوازیان لە سەری هەیە.

بەڵام بە ڕای من زۆر تازەگەر هەیە کە مێژوونوسان باسیان نەکردوونو پشتگوێیان خستوون.

---

[٣٥٧] - رواه ابوداوود فی کتاب الملاحم (٤٢٩١)من حدیث ابی هریرة.

یەکێك لە ئەرکەکانی مێژوونووسان ئەوەیە کە: ڕووبەڕێکی فراوانترو گرنگیەکی زیاتر بدەن بەو کەسانەی کە کاری چاکسازیو تازەگەریان ئەنجام داوە لە مێژووی ئەم ئوممەتەداو، پێویستە تیشك بخەنە سەر ئەو خزمەتانەی کە کردوویانەو، باسی ئەو زەحمەت و پەرچانەش بکەن کە هاتوونەتە ڕێگەیان، چونکە هەر ئەوانە بوون کە ناسنامەی ئەم ئوممەتەیان پاراستووە و کەسایەتی ئوممەتی ئیسلامیان ڕاگرتووە بۆ ئەوەی لە سەر پێی خۆی بوەستێت و ئەو پەیامەی کە خوا خستوویەتییە ئەستۆی بیگەیەنێتە هەموو خەڵکی، تا باری ژیانی مرۆڤایەتی چاك ببێتو ئەمیش ئەرکی شایەتحاڵی خۆی بەجوانترین شێوە ئەنجام بدات وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً) البقرة ١٤٣ واتە: بەو شێوەیە ئێمە ئێوەمان کردووە بە ئوممەتێکی میانڕەو تا ببنە شایەتحاڵ بەسەر مرۆڤایەتییەوە و پێغەمبەریش ببێتە شایەتحاڵ لەسەر ئێوە.

*** مێژووی چاکسازی و تازەگەری هەمیشە بەردەوامبووە لە ئیسلامدا:**

زانای گەورە ئەبولحەسەنی نەدەوی دەڵێت: "یەکێك لە پاستییە مێژووییەکان ئەوەیە کە مێژووی چاکسازی و تازەگەری بەردەوامبووە لەئیسلامدا و، ئەوەی بەدوای ئەم مێژووەدا دەگەڕێت کەلێنێك یان درزێك نابینێتەوە لەم پرۆسەی چاکسازی و تازەگەریەدا، یان سەردەمێك نابینێت کە کەسانێکی تێدا نەبووبێت چووبن بە گژ ڕەوتی لادان و گەندەڵیداو هەوڵیان نەدابێت بۆ ڕامالێینی و، دەنگی ڕاستیان بەرزنەکردبێتەوە و، لە بەرانبەر جەورو ستەمی خەڵکانی گەندەڵدا نەوەستابن‌و، دەرگای تازەیان نەکردبێتەوە بەڕووی بیرو بیرکردنەوەی تازەدا. تۆژەرەوانی مێژوو و ئەوانەی بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان‌و کەسایەتییەکان دەکەن نابینن سەردەمێك هەبووبێت _ چەند کورتیش بێت _ کە تاریکایی دەستی بەسەر جیهانی ئیسلامیدا کێشابێت و چراکانی چاکسازی تێیدا خامۆش بووبن و دەنگی

ڕاستی کز بووبێت و ویژدانی ئیسلامی مردبێت، یان هەست (بەبەرپرسیارێتی) چەقی بەستبێت ـ هزری ئیسلامی مانی گرتبێت و دەستی لەکار کێشابێتەوە، ئەو کەلێنانەش کە هەندێ جار هەستی پێ دەکەین لەو کاتانەی توێژینەوەیەکی سەرپێیی یان ڕوانینێکی بەپەلە دەکەین لە مێژووی ئیسلامیدا، هۆیەکەی ئەوەیە کەمووکورتی لە میتۆدی مێژوونووسانی کۆن و تازەدا هەیە لەکاتی نووسینەوەی مێژوودا، نەڕەکانی دواتریش دەقیان بەو شێوەوە گرتووە".

* نەهامەتییەکە لە شێوازی نووسینەوەی مێژووداید:

" لەگەڵ ئەوپەڕی لێبوردنم بۆ هەموو توێژەرو نووسەرێك کە من خۆم بە قەرزاریان دەزانم چ لە ڕووی زانیارییەکانمەوە و چ لە ڕووی موحازەرەکانیشمەوە، بەڵام کەمووکورتییەکە لە شێوازی نووسینەوەی مێژووداید نەك لە خودی مێژووەکە، یان بە دەستەواژەیەکی تر بیڵێین: بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە سەرشانی مێژوونووسان و نووسەران، نەك بکەوێتە سەرشانی تازەگەران و ڕیفۆرمخوازان کە هەر ناوبەناو دەردەکەوتن و ئیسلامیان دەپاراستو نەیان دەهێشت جدییەتو گەنجێتی خۆی لەدەست بدات، ئەو تازەگەرانە قەڵاچۆی زۆر فیتنە و بیدعە و پیلان و لادانیان دەکرد، وایان لێکردوون بوونەتە شتێکی لە گۆڕنراو و بەشێك لە ڕابوردوو، کە لەم سەردەمەدا کەسێك زۆر بەدوای ئەو لادانانەدا نەگەڕێتو خۆی بۆ ماندوو نەکات نایاندۆزێتەوە ! زۆر کەس هەیە لەم بەرە تازانەی ئێستا کە ناوی ئەو دەستە لادەرو بێرە فیتنەئامێزانە هەر نازانێت و ئاگای لە ڕاستی ئەو شتانەش هەر نییە مەگەر خۆی زۆر ماندوو بکاتو عەقڵو چاوی بەجارێ بخاتە کارو کارکردن! بەدڵنیاییەوە هەندێ لەو مەزهەب و بزاڤانە کۆشکی دەسەڵاتدارانیش دەیانپاراستن‌و، پشتیان بە دەسەڵاتو پارەو سوڵتانو پاشاکانیش قایم بوو، لە سەردەمی خۆشیاندا زاتو زۆری خۆشیان هەبوو، بەڵام بەهۆی هەوڵو تێکۆشانی ئەو ڕیفۆرمخوازە

دڵسۆزانەوە گرمۆڵە کران‌و خرانە ناو زبڵدانی مێژووەوە، وایان لێهاتووە بوونەتە باس وخواستی زانایانی شوێنەوارناس‌و، لاپەڕەکانی مێژوو و مۆزەخانەکان بوونەتە تاکە جێگەیان.

ئەو کەم‌وکورتییە لە نووسیندا _ کە من بەڕاشکاوی‌و هاوڕێ لەگەڵ لێبوردندا درکاندم _ وای کردووە لە زۆر کەس کە بڕوایان وابێت کە مێژووی ڕیفۆرم و موقاوەمەت لە ئیسلامدا شتێکی پچڕپچڕ بووە‌و کەلێنێکی زۆرو زەبەندەی تێدا بووە‌و چەندین ماوەی درێژیش هەبووە لە مێژوودا کە خەڵکی تەنیا لەگەڵ تەوژمەکەدا ڕۆیشتوون‌و هەموو تەسلیمی گەندەڵی بوون‌و خەڵکی هەموو بریتی بوون لە کۆمەڵێ کەسی بچوک لە عەقڵ‌و بیرکردنەوەدا و بچووک لە زانست‌و بەرهەمدا!

جاری وا بووە کەسێکی عەبقەری یان هەڵکەوتوویەک بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بوونی نەبووە، یان چەندین سەردەم هەبووە کە بە سەدە یان بە سەدان سااڵ تێپەڕیووە و کەسێکی گەورەی وانەبووە کەشایستەی ئەوە بێت پێی بووترێت (عەبقەری)، یان (عەبقەری) یان (تازەگەر) لەدین‌و زانستدا... ئەم بیروڕا هەڵەیە بەرهەمی هیچ نییە جگە لە تووێژینەوەیەکی کورت و سەرپێیی دەربارەی مێژوو، یان ئەو مەنهەجییەتەی کە بەداخەوە زۆرێک لە مێژوونووسان لە نووسینەوەی مێژوودا گرتوویانەتە بەر، ئەویش نووسینەوەی ئەو مێژووەیە کە پەیوەندی بە پاشاکان و داروودەستەکانیانەوە هەیە، یان پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە هەیە کە بە سیاسەت و حوکمەوە پەیوەستن، ئەمەیە وادەکات لە هەندێ گەنجی دڵگەرم یان هەندێ لە پیاوانی بانگەوازی ئیسلامی زیادەڕەویی لە گومانبردنی خراپدا لە ئیسلام‌و بێهێزی کەلەپوری ئیسلامیدا بکەن... ئەم بیروڕا هەڵەیە ئەنجامێکی ترسناکەو متمانە بە ئیسلام لاواز دەکات‌و حەماسەت‌و سۆزی بەرگریی و ئیدارەدانی خەبات لەم سەردەمەدا بێهێز دەکات، چونکە ئەو هێزە شاراوەی کە پاڵ بە خەڵکییەوە دەنێت خەبات بکات‌و کار بۆ سەرخستنی هەموو فیکرەیەک بکات لە متمانەبوون بە

ڕابوردووەو، سەرچاوە دەگرێت، ئەو کەسە بڕوای وایە کە لە ڕابوردوودا گەنجینەیەکی گەورە لە جیهادو دڵسۆزی بوونی هەبووە و باشترین سەرچاوەو پشتوانیشە بۆ بەرگریکردن و سەرکەوتن"

* سەرچاوە پشتگوێخراوەکانی مێژوو:

" گوناە تەنیا گوناهی مێژوونوسان نییە، گوناهی ئەوانەشی تیایە کە تەنیا مل دادەژەنن بەسەر کتێبە مێژوویییەکان و سەرچاوە مێژوویییەکاندا، ئیتر سەر هەڵنابرێت تا ئەو کتێبانەش بخوێنێتەوە کە کتێبی مێژوویی نین، لە کتێبخانەکاندا لە گۆشەی کتێبە مێژوویییەکاندا دانانرێن، بەڵام لە ڕاستیدا مادەیەکی دەوڵەمەندن بۆ بابەتە مێژوویییەکان، سەرچاوەیەکی بە نرخن لە سەرچاوەکانی مێژوو، کە ئەو سەرچاوانەش بریتین لە کتێبەکانی (ئەدەب) و کتێبە ئایینییەکانو ئەو کتێبانەش کە پیاوە گەورەکان دان پێدانانەکانی خۆیانیان تێدا تۆمار کردووەو هەموو ئەو ڕووداو و ئەزموونانەی بەسەریاندا هاتووە لەوێدا نووسیوویانە، هەروەها ئەو کتێبانەی کە هەندێ قوتابیو شاگردی زانایان هاتوونو بیروڕای مامۆستاکانیان و وتارو ئامۆژگارییەکانی ئەوانیان تێیدا تۆمارکردووە، ئەو حیوارو موناقەشانەشیان نووسیوە کە لە کۆڕی ئەو زانایانەدا ڕوویان داوە، ئەم قوتابییانە هاتوون نامەو وتارەکانی ئەم مامۆستایانەشیان پاراستووە کە بەڵگەن لە سەر گیان و ناخی ئەو مامۆستایانەو بیرو بیرکردنەوەیان، یان ئەو کتێبانەی کە دەربارەی (ئیحتیساب)[٣٥٨] نووسراون کە

---

[٣٥٨] - (حیسبەت) و (ئیحتیساب) : زاراوەیەکی ئیسلامییە لەسەردەمە ئیسلامییەکاندا بەکارهاتووە بۆ کاری ئەو کەسانەی کە لێپێچینەوەیان کردووە لەگەڵ خەڵکیداو موحاسەبەی تۆندیان کردوون لە سەر کاری بێشەرمیو زوڵمو زۆرکردن، ئەگەر پێویستیشی کردبێت دراون بەدادگا، کاری ئیحتیساب لە سێ کایەدا ئەنجام دەدرێت : شتێك مافی خوایەو خەڵکی پشتگوێی دەخەن، شتێك مافی خەڵکییە و خەڵکی تر پشتگوێ دەخەن ، شتێك هاوبەشە لەنێوان مافە خودایی‌و مافە مرۆییەکاندا.. پەیوەندی یەکتر تەواو کردن لەنێوان (وەزارەتی مەزاڵم)

ڕەخنەیان لە کۆمەڵگا گرتووەو بە گژ بیدعەو خراپەکاریدا چوونەتەوە، جا ئەگەر تۆڕێنەوە لە مێژوو هەموو ئەم سەرچاوانە بگرێتە خۆی کە خەڵکی پشتگوێیان خستووەو تۆڕێڕێکی هزرفراوان و بەتاقەت هەبێت کە حەوسەڵەی خوێندنەوەی زۆری ببێت و ووردبین بێت لە سەرنجداندا ئەوە (بە قەناعەتی من) دەتوانێت مێژوویەکی نەپچڕاو و گشتگیر بەرهەم بیهێنێت کە دەری دەخات ڕیفۆرمو تازەگەریو بیری نوێ لە ئیسلامدا حاڵەتێکی هەمیشەیی بووە و ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی چاکسازی و بەرگریی هەمیشە هاوشانی یەکتری بوون لە ناو ئەم ئوممەتەدا و سەردەمێك نەبووە کە ئەم پرۆسەیە لە ناو میللەتی ئیسلامیدا خەفە بوو بێت"[٣٥٩].

"وەزارەتی ناوخۆی ئەم سەردەمە ئەکات" و(قەزا) و (ئیحتیساب) دا هەیە وەك ماوردی و ئیبنولفەرائیش لە (الاحکام السلطانیة) دا باسی دەکەن ..(وەرگێڕ) .

[٣٥٩] ـ رجال الفکر والدعوة فی الاسلام ، ص٢٨،٢٦.

٢ ـ بەرپرسیارێتی کتێبە ئەدەبییەکان:

تاقمێکی تر هەن بەرپرسیارێتی شێواندنی مێژووی ئیسلام دەکەوێتە سەر شانیان ئەوانیش بریتین لە کتێبە ئەدەبییەکان، مەبەستمان ئەو کتێبانەیە کە حیکایەت‌و شیعرو داڕشتن‌و قسەی نەستەق‌و چیرۆک‌و ئەفسانە دەگێڕنەوە... هەروەها هاوڵی ئەدیبەکان‌و شاعیران‌و هەموو ئەو شتانەش کە دەدرێتە پاڵیان ئیتر لەکاتی جددیات یان شۆخییاندا، یان لەکاتی بەئاگابوون یان مەستییاندا، یان لەکاتی وێقار یان شێتبوونیاندا، یان لەکاتی خۆڕاگری یان لادانیاندا (وتبێتیان)... ئەم کتێبانە لە گێڕانەوەی هەموو ئەوانەدا مەبەستیانە خوێنەر دڵخۆش بکەن‌و چێژی پێبدەن‌و کاتەکانی پێبکوژن بەپێکەنین‌و ڕابواردن، یان بەغەمباری‌و خەفەتخواردن، مەبەست لەم کتێبانە ئەوە نییە توێژینەوەیەکی زانستی بدەنە خەڵکی یان شەن‌وکەوی شتەکانی مێژوو بکەن، چونکە ئەمانە نە کتێبی تەفسیرن‌و نە کتێبی حەدیس‌و فیقە و ئوصوڵی دینن، بەڵکو ئەمانە کتێبی چێژبردن‌و دڵخۆشکردنن‌و مەبەست پێیان کات بەسەربردنە، ئیتر جاری وا هەیە زانیاریەک یان دانایەک دەدەنە خوێنەر بەڵام پێکەنین و سەرسامبوون نەبێت مەبەستێکی تری تێدا نییە.. بەهەرحاڵ ئەم نووسینانە بڕیارو یاسایەکی شەرعیان لێوە دروست نابێت، وەک واجیب‌و سوننەت‌و حەڵاڵ‌و حەرام.

دەگونجێ هەموو کتێبەکانی (جاحظ) بخەیتە ئەم بوارەوە، وەک: (الرسائل) و (کتاب الحیوان) و ئەوانی تریشی، (جاحظ) شتی وا لەم کتێبانەدا باس دەکات کە شەن‌وکەو نەکراوە، بیرۆکەیەکی خراپ یان تاریک و ناشیرینی مێژووی موسڵمانان دەگرێتە خۆی.

لەو جۆرە کتێبانەش کتێبی (الکامل)ی موبەڕەدە، کە حیکایەتو چیرۆکی بێ سەنەدی وا دەگێڕێتەوە لە پێشینانەوە کە بایی ئەوە نییە متمانەی پێبدرێت، بۆیە پێویستە بۆ ڕاستی ئەو شتانەی ئەو لەشوێنی تردا بگەڕێین.

هەروەها (العقد الفرید)ی (ئیبنو عەبدی ڕەببیهی) کە شتی لەو شێوانەی زۆر تێدایە کە یەکێکی وەکو ئیبن خەلدون نکوڵی زۆرێك لەو شتانەی ئەو دەکات و ئاگاداری دەدات لەسەریان، یەکێك لەو شتانە کە باسی دەکات، هۆی ژنهێنانی خەلیفە مەئمونو خزمایەتی کردنیەتی لەگەڵ (حەسەنی کوڕی سەهل)دا لە ڕێگەی بۆرانی کچیەوە، ئەوانەی کە بەدوای شتی سەیروسەمەرەدا گەڕاون هەر بەوەوە نەوەستاون کە زیادەڕەوییەکی زۆریان کردووە لە زەماوەندەکەی (بۆرانی کچی سەهل)دا کە عەقڵی کەس نایبڕێت، بەڵکو هاتوون (پاڵەوانبازی)یەکی خەیاڵی تریان پێوە ناوە کە زۆر لەو پاڵەوانبازیانە دەچێت کە ئێمە لە منداڵیدا گوێمان لێی دەبوو وەك ئەفسانەکانی (الغیلان و العفاریت) یان (الشاطر حسن و ست الحسن والجمال)!

ئیبن خلدون نکوڵی لەمانە دەکات لەکتێبی (المقدمة)کەیداو دەڵێ:

"نموونەیەك لەسەر ئەم حیکایەتانە ئەوەیە کە (ابن عبد ربِّه) خاوەنی کتێبی (العقد الفرید) لە باسی (حدیث الزنبیل) دا باسی هۆکاری ژنهێنانی مەئمون و بەخزمکردنی حەسەنی کوڕی سەهل دەکات، باسی ئەوە دەکات شەوێکیان مەئمون کە بەکۆڵانەکانی بەغداددا پیاسە دەکات ڕێی دەکەوێت لە (زەمبیلەیەك) لەیەکێك لە خانووەکانەوە شۆڕکراوەتەوەو بە چەند گوریسێکی چنراو لە ئاوریشم بەستراوەتەوە، مەئمون دەچێتە ناو زەمبیلەکەوەو گوریسەکان ڕادەتەکێنێتو لەسەرەوە هەڵیدەکێشنو کە دەچێتە ژوورەوە سەیر دەکات کۆڕگەرمەو چێو چی تێدایە، ئیتر وەصفێکی سەیرو جوانی فەرشەکانو ڕازاوەیی دیوارەکانو جوانی شتەکان دەکات کە چاو ئەبڵەق دەبێت لێیو دەحەپەسێت، پاشان باسی ئەوە دەکات کە ئافرەتێکی وەها جوانو جحێل لە پەردەوە دێتە دەرو دێتە ناو

کۆڕەکەوە، جوانییەکەی واو وا دەبێتو لەش و لاری ئافرەتەکە کەمەندکێشی دەکاتو سەلامێك لە مەئمون دەکاتو داوای لێ دەکات ببێتە نەدیمی، مەئمونیش بە قسەی دەکاتو تا بەیانی لەگەڵیدا خەریکی مەیی خواردنەوە دەبێت و بەیانی کە ڕۆژ دەبێتەوە دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی‌و سەیر دەکات هاوەڵەکانی هەر لە شوێنەکەی خۆیاندان و چاوەڕوانی خەلیفە دەکەن!! ئەم ڕووداوە عەشقی بوران دەخاتە دڵی و وای لێدەکات داوای خزمایەتی بکات لە باوکی بوران!

ئەمە لە کوێو ئەو دینداری‌و زانایی‌ەی مەئمون لە کوێ کە لای هەموخەڵکی زانراوە! مەئمونێك کە هۆڵی ئەوەی بوو بە ڕێوشوێنی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا بڕوات کە باوباپیری خۆی بوون، بە تایبەتی چوار خەلیفە ڕاشیدینەکە کە پایەکانی ئەم میللەتە ئیسلامییەن.

مەئمونێك کە بەردەوام لە مونازەرە و حیواری زانایاندا بووە، پارێزەرێکی سنورەکانی پەروەردگار بووە، چ نوێژەکان‌و چ یاسا ئیسلامییەکان، ئیتر کەی ئەوە ڕاستە شتێك بدرێتە پاڵی کە کاری خەڵکی بەرەڵا و کۆڵانگەڕەکانە لە شەواندا کە دەدەن لە دەرگای ماڵان‌و بە شوێن ڕابواردن‌و کاری حەرامدا دەگەڕێن، کە ئەمە کاری عاشقە ڕووتەڵەکانی ئەعرابە! یان ئەمە لە کوێ ڕێکدەکەوێت لەگەڵ پلەوپایەی بۆرانی کچی حەسەن کە ئافرەتێکی بە حورمەت‌و پارێزکار بووە لە ماڵی باوکیدا؟!

لەم جۆرە حیکایەتانە زۆر زۆرن، لە کتێبی مێژوونووسانیشدا هەن، ئەوەی پاڵ دەنێت بەنووسەرانی ئەم حیکایەتانەوە کە شتی وا دابهێنن و باسی بکەن ئەوەیە زیاد لەسنور چوونەتە ناو حەزو خۆشی‌و حەرامەوە، حەزیان لە دڕاندنی ئەو پەردانەیە کە دراون بەسەر خەڵکیدا و بە حسابی خۆیان دەیانەوێت چاو لەو کەسانە بکەن‌و ئەمانیش وەك ئەوان بێدڵی خۆیان نەکەن و پاساو بۆ هەوەسپەرستی خۆیان بهێننەوە!! بۆیە زۆربەیان (شتێ زۆر) لەو جۆرە هەواڵانە لای خۆیان کەڵەکە دەکەن‌و دەچن کونوقوژبنی دیوانەکان دەگەڕێن بۆدۆزینەوەی چەند وەرەقەیەك لەو

بارەوە، ئەگەر ئەوانە بهاتایەن لە جیاتی ئەمە بەشوێن حاڵو هەواڵەکانی تری ئەم پیاوانەدا بگەڕایەن و چاویان لێبکردنایە لەو شتانەدا کەشایستەن بەو پیاوانەو، بەو شتانەوە بەناوبانگ بوون، زۆر باشترو خێرتر بوو بۆیان ئەگەر بیانزانیبا.[٣٦٠]

گرنگترین کتێبێك لەم بوارەدا باس بکرێت بریتییە لەکتێبی بەناوبانگ (الأغاني) کە هی " ئەبوفەرەج عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی موحەممەدی ناسراو بە (الأصفهاني)یە کە لە ساڵی (٣٥٦ی کۆچیدا) وەفاتی کردووە بەپێی ڕاسترین ڕیوایەت.

ترسناکی ئەم کتێبی (الأغانی)یە لەوەدایە کە مەوسوعەیەکی ئەدەبی گەورەیە و یەکێکە لە کتێبە سەرەتاییەکانی کەلەپوری عەرەبی کە لەم سەردەمەی ئێمەدا چاپ و پەخشکراوەتەوە.

لەوانەشە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بەئاراستەی پشت پەردەی ڕۆژهەڵاتناسانو قوتابییە دڵسۆزەکانی ئەوان بووبێت ... ئەم کتێبە پەیوەندی بەباسوخواستەکانی سێ سەدەی یەکەمی کۆچییەوە هەیە، تا سەردەمی (معتضد)ی هێناوەو لەوێدا وەستاوە، ئەصفەهانی بەشێوازی نووسینی (حەدیسزانەکان) کتێبەکەی نووسیوەتەوە و هەموو ئەو حیکایەتو شتە سەیرانەی بە (سند)و فلاّن لە فلاّنەوە ڕیوایەت کردووە هەرچەندە عەقڵ نایانبڕێت.

ئەم زنجیرانە لە ڕشتەی حیکایەتەکانی ئەصفەهانیدا زۆرکەسی فریو داوە بەتایبەتی ئەوانەی کە بەدوای زانستی ناوکتێبدا دەگەڕێن، ئەوانە وا دەزانن یان وایان لێهاتووە کە هەرکەسێك بڵێ (حدثنا او اخبرنا) ئیتر ئەوە ڕاست دەکات و قسەکانی جێگەی متمانەیەو هەرچی وت وایە !

تەنیا قسەی زانایانی حەدیس لەم بوارەدا دەخوات، ئەو زانایانەی کە (ئیسناد) بەمەرج دەگرن لە هەموو ئەو شتانەدا کە بۆیان ڕیوایەت دەکرێت، ئەم زانایانەن کە

٣٦٠ـ مقدمه ابن خلدون، ص٣٨٣ـ٣٨٥.

دەفەرموون: (الاسناد من الدين، ولولا الاسناد لقال من شاء ماشاء)[٣٦١]، هەروەها دەفەرموون (ان هذا العلم دين، فانظروا عمن تأخذون دينكم).[٣٦٢]

ئیمامی شافعی (بەڕەحمەت بێت) کە تەفسیری (مقاتل)ی خوێندەوە فەرمووی: (یا له من علم لو کان له اسناد...) .. چەند زانستێکی جوانی تێدایە ئەگەر بدرایەتە پاڵ خاوەنەکانیان!

بەڵام فەرموودەناسان کە مەرجی ئیسناد دادەنێن بۆ ڕیوایەتکردنی حەدیسێك مەبەستیان ئەوە نییە تەنیا بووترێت (حدثنا فلان عن فلان عن فلان ...)، بەڵکو پێویستە ئەو (سند)ە بخرێتە ژێر نەشتەرگەریو لێکۆڵینەوەو، دانە دانە ئەو (ڕاویانە) جەرح و تەعدیل بکرێن.

ڕیوایەتی هیچ کەسێك وەرنەگیرێت ئەوانە نەبێت کە جێگەی متمانەن، مەبەستیشمان بەمە ئەوەیە کە پێویستە (لانی کەم) ئەو (ڕاویە) دوومەرجی تێدا بێت : لەلایەك (عەدالەت)و (استقامەت)ی تێدا بێت (وەك خودی کەسەکە) لەلایەکیش (ضبط) و (حفظ)ی تەواو بێت (بۆ ڕیوایەتەکە)، جا ئەگەر یەکێك لەم دوو سیفەتەی کەلێنی تێکەوت ئەوە ڕیوایەتەکەی لێوەرناگیرێت.

دەگونجێت (ڕاویەك) پیاوێکی صالح و دونیانەویست و کەسێکی ناوداریش بێت لە خوداپەرستیداو یەکێك بێت لەوانەی لەقاتو قڕیدا بەدوعای ئەو باران ببارێت لەو ئاسمانەوە! بەڵام (حفظ)ی لاواز بێت، لەبەرئەوە فەرموودەی لێوەر ناگیرێ! ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە (ڕاوی) پێویستە ناسراو بێت و نەناسراو نەبێت، واتە خۆشی ناسراو بێت و، حاڵ و هەڵسوکەوتی ژیانیشی ناسراو بێت.

---

[٣٦١] قسەکە لە بناغەدا هی (عبد الله)ی کوڕی موبارەکە و ماناکەشی واتە: قسەگێڕانەوە بەڕشتەو زنجیرەی یەك لەدوای یەك بەشێکە لەدین، چونکە ئەگەر ئیسناد نەبێت هەرکەس حەزی لەهەرچی بوو دەیڵێت (وەیداتە پاڵ دینو ئەهلی دین)..(وەرگێڕ).

١٦ـ قسەکە لە بناغەدا هی (ئیبن سیرینە) و واتاکەشی ئەوەیە: (ئەم زانستە بریتییە لە دین و ئێوەش وردببنەوە بزانن دینی خۆتان لەکێ وەردەگرن... (وەرگێڕ).

هەروەها مەرجێکی گرنگی تریش هەیە لە (سند)دا بۆ ئەوەی وەرگیراو بێت ئەویش ئەوەیە: پێویستە (سند)ەکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی لە هیچ شوێنکدا نەپچڕێت، مەبەستیان ئەوەیە کە هەموو (ڕاویەکان) ڕاستەوخۆ ئەو حەدیسەی لە کێ وەرگرتووە ناوی ببات و کەلێن نەکەوێتە نێوان ئەو و (ڕاوی)یەکی تردوە، ئەگەر نا ئەوە حەدیسەکە دەپچڕێت و(ڕەت دەکرێتەوە) با هەموو (ڕاویەکان)یش ئەوپەڕی جێگەی متمانە بن!!

دەی ئایا ئەصفەهانی کە خاوەنی (الأغانی)یە ڕەچاوی ئەم مەرجانەی کردووە؟ ئایا حیکایەت لەکەسێکی متمانەدارەوە نەبێت ڕیوایەت ناکات کە (ضبط)و (حفظ)و (عدالة)ی دیار بێتو هەموویان لە خەڵکی وەکو خۆیان بیگێڕنەوە تا دەگاتە کۆتایی ڕشتەکە؟!

ئایا ئەصفەهانی ڕەچاوی ئەوەی کردووە (سند)ەکە نەپچڕاو بێت وەک حەدیسزانەکان بەمەرجیان داناوە؟!

من وانازانم کە ئەصفەهانی پابەند بووبێت بەمەوە لەهەموو ئەو شتانەدا کەڕیوایەتی کردوون! لەوانەیە عوزری ئەمیش هەمان عوزری ئەو مێژوونووسانە بێت، کە بۆ نموونە دەڵێن: مادامێك ڕیوایەتەکان لە ئەحکامدا نین‌و پەیوەند نین بە حەڵاڵ و حەرامەوە، کەواتە مەرجی قورس بۆ (سند)ەکان پێویست ناکات یان لەوانەیە عوزری ئەصفەهانی عوزری هەمان ئەو زانایانە بێت کە دەڵێن: ئێمە بە (سند) ڕیوایەتەکانمان هێناوەو ئەرکی خەڵکی تر بڕۆن لە (سند)ەکان بکۆڵنەوە (و صحیح و ضعیف)یان دیاری بکەن! جا کێ هەیە حەوسەڵەی گەڕان‌و پشکنینی (سند)ەکانی هەبێتو بچێت لە کتێبەکانی (الرجال)دا بۆ یەکە یەکەی ئەو ڕاویانە بگەڕێت؟ بەتایبەتی لە زەمانێکدا کە هیممەت لاوازبووە و زۆربەی خەڵك هیممەتی ئەوەیان نەماوە هەنگاو بەرەو لوتکە بنێن، ئەوەی شاعیر دەربارەی دەڵێ:

بقدر الجدّ تکتسب المعالي

ومن طلب العــلا سهر الليـالي[٣٦٣]

بەڵام "سوپاس بۆ خوا" خوای گەورە دڵی یەکێك لە برا عێراقییە توێژەرەکانی گوشادکرد، ئەوانەی کە هیممەت بەرزن، هەستا ئەم ئەرکە گەورەیەی ئەنجامدا و ئەرکی لێکوڵێنەوە لە (سنەد)ەکانی ئەصفەهانی گرتە ئەستۆ " کە خاوەنی کتێبی (الأغانی)یە"، ئەم توێژەرە بەڕێزە دوو ساڵی تەواو خۆی بۆ ئەم کارە گەورەیە یەکلاکردەوە، دانە دانە توێژینەوەی لەسەر ڕاویەکانی ناو ڕشتەکانی ئەصفەهانی کرد و، لە ڕووی کتێبەکانی (الرجال)و ڕای زانایان لەسەر ئەو ڕاویانە هەڵیسەنگاند، بینی خەڵکێکی زۆری درۆزن و عەیبدار و ناباش لەو (سند)انەدا هەیە، جا کاتێك یەك یەك ئەو ڕیوایەتانەی ئەصفەهانی ئامارکرد کە لەو خەڵکە درۆزن و عەیبدارانەوە ڕیوایەتی کردوون، خەریکبوو سەری بئاوسێ[٣٦٤] لەو ڕێژە زۆرە، کە لە زۆربەی شوێنەکانی ئەوکتێبەدا هەیە.

جا ئەگەر ئەمانە درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) بکەن ئیتر چۆن درۆ بەدەم خەڵکی ترەوە ناکەن؟

ئەم کارەی باسمان کرد کاری برای شاعیرو توێژەری ڕەخنەگر (وليد الاعظمي)یە کەیەکێکە لەئەدیبە گەورەکانی عێراق (بەڕەحمەت بێت)، بەرهەمی ئەم گەڕانو پشکنینەی بریتی بوو لەو کتێبەی کە خستیە بەردەم خوێنەرانی عەرەب و ناوینا (السيف اليماني فی نحر الاصفهاني صاحب الاغاني)، وادیارە وەلید ئەعزەمی وای بەخەیاڵدا هاتووە کە لەگەڵ ئەصفەهانیدا کەوتووەتە شەڕێکی ڕاستەقینەوەو شمشێرە (یەمەنییەکەی) بۆ دەرهێناوەو ناویەتییە سەر گەردنی بەرانبەرەکەیو سەری بڕیووە (و گۆڕی گوم کردووە)، سەیریش نییە! چونکە وەلید ئەلئەعظەمی

---

[٣٦٣] ـ واتە: بەئەندازەی جدییەت مرۆڤ پلەی بەرز بەدەست دێنێ، هەرکەسێك لوتکەی بوێ پێویستە شەونخونی زۆر بکێشێ (وەرگێڕ).

١٨ـ عەرەبیەکەی ئەڵێ: (فهاله كثرة ما نقل عن هؤلاء)، وێنەم ئەوەمان بەبەرانبەریەوە دانا.. (وەرگێڕ).

ئەصفەهانی بەوە تۆمەتبار دەکات کە کەسێکی (شوعوبی)و ڕەگەزپەرستە و ئاواتی دژایەتیکردنی عەرەبە، (بەڵام) خۆ ئەصفەهانی کابرایەکی عەرەب و قورەیشی و ئەمەوییشە، ئیتر چۆن دەنگونجێت (شوعوبی) بێت؟! کەسیشم نەدیووە لەوانەی ژیاننامەی ئەصفەهانیان نووسبێتەوە وەها تۆمەتێکیان دابێتە پاڵی.

نەک ئەوە، بەڵکو یەکێکی وەک زانای گەورە (ئیبن خەلدون) مەدحێکی جوانی ئەصفەهانی دەکات و بەشان و باڵی کتێبی (الاغانی)دا هەڵدەدات و دەڵێ: "... لەو کتێبەدا ئەصفەهانی هەواڵەکانی عەرەب و شیعرەکانیانو ڕەچەڵەکەکانیانو سەردەمو دەوڵەتەکانیانی کۆکردووەتەوە، بناغەی ڕەچەڵەکەکانیانو سەردەمو دەوڵەتەکانیانی کۆکردووەتەوە، بناغەی کتێبەکەی لەسەر گۆرانیی دامەزراندووە لە سەد دەنگدا کە گۆرانیبێژەکان بۆ هارونە ڕەشیدیان هەڵبژاردووە، کە لەو کارەیدا خەریکە بڵێی هەموو ئەوانە یان نزیک لەوانەی کۆکردوەتەوە. سوێند بەخوا ئەو کتێبە دیوانی عەرەبەو، کۆکەرەوەی هەموو ئەو شتەباشانەیە کە دراوەتە پاڵیان، لە هونەرەکانی شیعرو، مێژوو و، گۆرانیو، حاڵەتەکانی تردیش. ئەوەی من بزانم هیچ کتێبێکی تر لەم بوارەدا شان نادات لەشانی، ئەو ئامانجەشە کە ئەدەب دەیەوێت پێی بگاتو لەوێدا بوەستێت.. ئیتر چی هەیە پێی بگات؟!".

وەلید ئەلئەعظەمی لە کتێبەکەیدا _ کە لەوێدا ڕەخنە لە ئەصفەهانی دەگرێت _ پاشکۆیەک لەسەر ئەم قسەیەی ئیبن خەلدون دەنووسێت و دەڵێت: "وای بۆ دەچم کە ئیبن خەلدون ئەو کتێبەی بە تەواوەتی نەخوێندبێتەوە، کە ئاوا بەو شێوەیە وەسفی دەکات!! وائەزانم ئەم ڕایەی لە خەڵکی ترەوە وەرگرتبێت".

بەڵام من ڕام وایە _ قسەکە هی دکتۆر یوسف قە رضاویە _ کە ئیبن خەلدون ئەو کتێبەی خوێندووەتەوە، مەرجیش نییە کە لە ئەلیفەوە تا یائی بخوێنێتەوە ئەوجا حوکمی بۆ بدات یان حوکمی لەسەر بدات، بەڵکو وەک ئەهلی مەنطق دەڵێن (الحکم علی الشیء فرع من تصوره) "بڕیاردان لەسەرشتێک بەشێکە لە وێناکردنی

ئەو شتە"، بۆیە من بڕوام وایە کە کابرا ئەوەندەی لەو کتێبە خوێندووەتەوە کە دیدێکی باشو تەواوی وای بۆ دروست کردووە بتوانێت بڕیار دەربارەی ئەو کتێبە بدات.

من لەوەدا لەگەڵ (ئەعظەمی)دام، کە ئەصفەهانی لە خەڵکانی درۆزن و عەیبدارەوە ڕیوایەتی کردووە، بەڵام ئەم کارە خۆی بۆ خۆی [٣٦٥]وای لێناکات کە بیکاتە کەسێکی درۆزن یان کەسێکی قەڵب.

ئێمە پێشتر بینیمان یەکێکی وەکو پێشەوا ئیبنو جەریری طبری لە کتێبی مێژووەکەیدا لە خەڵکانی درۆزنو عەیبدارەوە ڕیوایەت دەکات، کەچی ئەوە وای نەکردووە (طبری)یمان لا عەیبدار ببێت، ئەوەش زیانی بە پلە و پایەی (طبری)ی گەورە موفەسیر نەگەیاندووە کە لە ڕاستیدا حەدیسزانێکی گەورەو فەقیهێکی موجتەهیدو خاوەنی مەزهەبێکی سەربەخۆ بووە کە چەندین شوێنکەوتەی هەبووە، هۆکەشی ئەوەیە کە ئەو بە(سند) ڕیوایەتەکان دەگێڕێتەوە و پابەند نەبووە بەوەی تەنیا صحیح بگێڕێتەوە یان هەر لە خەڵکی متمانەدارەوە شت بگوازێتەوە و لە خەڵکی ترەوە هیچ نەگوازێتەوە، بەو کارەی گەردنی خۆی ئازاد کردووە و (قەرزاری کەس نییە)، دەی ئەصفەهانیش لەکتێبەکەیدا هەر هەمان ئیشی کردووە، ئیتر بۆچی دەبێت ئەمی پێ عەیبدار بکەینو کەچی (طبری) پێ عەیبدار نەکەین؟!

ڕیوایەتکردنی فەرموودەکانیش لە خەڵکی عەیبدارەوە ئەوە ناخوازێت کە ئەصفەهانی ئارەزووپەرستی کردبێت لە گواستنەوەی ئەو ڕیوایەتانەدا، چونکە ئەوە زانراوە کە هەموو ئەوانەی ژیاننامەی ئەصفەهانیان نووسیوە دەڵێن: کابرایەکی شیعە مەزهەبە، هەرچەندە بەڕەچەڵەك ئومەویشە، (زەهەبی) دەڵێت:" بەڕاستی ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنە! (واتە کابرا ئومەوی بێتو شیعەش بێت)" لەگەڵ ئەمانەشدا

٣٦٥- عەرەبیەکەی ئەڵێ: (لا یجعله بالضرورة کذابا او مجروحا) ئێمەش ئەوەمان بەگونجاو زانی بۆی.

کابرا هەندێ شتی دەربارەی سەکینەی کچی حەزرەتی حوسەین گواستووەتەوە کە شایستە نییە بەپلە و شوێنی ئەو خاتوونە، دەی دەکرێت شیعە مەزهەبێك بە دەستی ئەنقەست خراپە بداتە پاڵ ئالوبەیت؟! هەمووی هەر ئەوەیە کە کابرا گەورەترین خولیا و خەیاڵی ئەوە بووە، هەموو ئەو شتانەی کە سەرنجی خەڵك ڕادەکێشن و جێی خۆشی ئەوانن بگوازێتەوە، ئیتر ئەو شتە _ صحیح _ بێت یان _ صحیح _ نەبێت، چونکە ئەم بە (سند) دەیانگێڕێتەوە!

زۆر لە حافیزان و مێژوونووسان ژیاننامەی ئەم ئەصفەهانییەیان نووسیوەتەوە، کەسێکم نەبینیووە عەیبداری کردبێت ئەو ڕیوایەتە نەبێت کە خەتیبی بەغدادی لە مێژووەکەیدا دەیگێڕێتەوە لە زمانی (نەوبەختی)یەوە کە دەڵێت: ئەبو فەرەجی ئەصفەهانی درۆزنترین کەسە! ئەم ئەصفەهانییە دەڕۆیشتە بازاڕی کاغەزفرۆشان، کە بازاڕێکی ئاوەدان و دەوڵەمەندبوو، هەروەها دەچووە دوکانی کتێبفرۆشەکان کە پڕ پڕ بوون لە کتێب، کتێبکی زۆری دەکڕی و هەڵیدەگرتن و دەیبردنەوە بۆ ماڵەوە، جا دەات لەو کتێبانەوە هەموو ڕیوایەتەکانی دەگواستەوە![٣٦٦]

(خەتیب)یش لە (العلوی)یەوە ئەوە دەگوازێتەوە کە وتویەتی:" ئەبولحەسەنی بوتتی دەڵێت: متمانەدارێکی تری وەك ئەبو فەرەجی ئەصفەهانی شك نابرێت "[٣٦٧].. کەواتە چەند قسەی دژبەیەك لەسەر ئەصفەهانی کراوە، هەر کاتێکیش دوو قسەی دژبەیەك لە شتێکدا هات، هەردوو قسەکە پوچ دەکرێتەوە ئەگەر ڕێگە نەما بۆ (ترجیح)ی یەکێکیان .

زەهەبی لە کتێبی (السیر)دا دەربارەی ئەصفەهانی دەڵێت: " گەورە زانای هەوالگر... دەریایەك بوو لە ئەدەبیاتدا ... پیاوێکی شارەزابوو لە ڕەچەڵەکی عەرەبەکانو ڕۆژانی ڕابوردوویاندا، شیعری چاکی دەوت..".

---

[٣٦٦] ـ تاریخ بغداد، (٣٩٩/١١).

[٣٦٧] ـ هەمان سەرچاوەی، (٤٠٠/١١) .

ئەبو عەلی تەنوخیش دەڵێ: یەکێکی تر لەو ڕاویە بیر فراوانانەی کە بەرچاومان کەوتوون بریتییە لە ئەبو فەرەج عەلی کوڕی حوسەینی ئەصفەهانی، ئەو کابرایە ئەوەندە شیعرو هەواڵو گۆرانیو قەواڵەی لەبەربوو من کەسی ترم بەرچاو نەکەوتووە وەک ئەو ئەموو شتەی لەبەربێت، هەروەها زمان _ اللغة_ و نەحو و هەواڵی شەڕەکانی لەبەربوو، کتێبی جۆراو جۆری زۆری هەبوو.

باسی زۆرێك لە کتێبە دانراوەکانی دەکەن هەندێکیان لە پۆژهەڵاتدا ناسراون وەک (الأغانی)و (مقاتل الطالبین) و (أیام العرب) کە لە پێنج بەرگدایە، هەندێ لەو کتێبانەش لە ئەندەلوسدا ناسراون ..

زەهەبی دەربارەی دەڵێت : کەسێکی خراپ نییە.

لە (میزان الاعتدال)ەکەیدا دەڵێت: "خەڵك بۆ زانینی هەواڵەکانو پۆژە ڕابوردووەکانی خەڵکی و شیعر و گۆرانیو وانەکان، هەموو بۆ لای ئەو دەچن.. شتی سەیرو سەمەرەی زۆر بەڕێگەی (حدثنا واخبرنا) دەگوازێتەوە، بەڵام وادیارە خۆی کەسێکی ڕاستگۆ بێت.

حافیز ئیبنو حەجەری عەسقەلانیش لە کتێبەکەیدا (لسان المیزان) دەڵێ: "دارەقوتنی چەند حەدیسێکی لێوە ڕیوایەت دەکات لەکتێبی (غرائب مالك)دا کەچی باسی (خراپەی ئەصفەهانی) ناکات[٣٦٨] ... ئەمە ڕای پێشەوایانی حەدیس لەسەر ئەصفەهانی، کە هەموو پێشەوان لە (جەرح) و (تعدیل)دا زۆرینەی ئەو کەسانەی کە دەربارەی ئەم پیاوە شتیان نووسیوە تۆمەتباری ناکەن، عەیبێك هەبێت لەو میتۆدایە کە پابەندبووە پێوەی لە نووسنەکەیدا، ئەویش ئەوەیە صحیح و

---

[٣٦٨] : زانایانی حەدیس ڕستەی (لم یتعرض له) بەکاردێنن بۆ ئەو کەسانەی کە باسی (جرح)و (تعدیل)یان نەکراوە، وەك بڵێی: مادامێك عەیبدارنەکراوە کەواتە عەیبدار نییە.. (وەرگێڕ)

[٣٦٩] بڕوانە: السیر، الذهبی، (٢٠١/١٦)، المیزان (١٢٣/٣)، لسان المیزان، ابن حجر (٥٢٧/٥،٥٢٦) ژیاننامەی ژمارە (٥٣٧١) تحقیق عبدالفتاح ابوغدة، طبعة دار البشائر الاسلامیة، بیروت.

ناصەحیحی ڕیوایەت کردووە، بیانووەکەشی ئەوەیە _ وەک وتمان _ ئەو بە سەنەد شتەکان ڕیوایەت دەکاتو ئەرکی گەڕانو پشکنینەکەی دەخاتە ئەستۆی خوێنەرانی، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە خەڵکی ئەم سەردەمە هەرنازانن _ سەنەد _ چییە و هیچ گرنگییەکیشی پێ نادەن، بەڵکو هەرچی بیرۆکەیان هەیە لەکۆی ئەو نووسینانەوە بۆیان دروست بووە کە خوێندوویانەتەوە، کە زۆر جار بیرۆکەیەکی ڕەش (وقەڵبە) و ئیدانەی ئەم ئۆممەتەو مێژووی ئەم ئۆممەتە دەکات و، ڕوانینێکی بێویژدانانەی هەیەو هەموویشی لە ئەو چیرۆکو ئەفسانانەوە سەرچاوەیان گرتووە کە نووسراونەتەوە.

زۆر پیاوی گەورە کەوتوونەتە ناو ئەم هەڵەیەوە وەک بانگبەری گەورە و زانای بەرز (ئەبو حەسەنی نەدەوی) کە لە (الأغاني)یەوە چەند چیرۆکێکی گواستوەتەوە کە خراپو ناباشنو وێنەی سەردەمی خۆیان زۆر ناشیرین دەکەن، بەتایبەتی لەو کتێبە بەنرخەیدا کەناوی (رجال الفكر والدعوة فى الاسلام)ە، هەروەها لە (ئیبن خەلەکان)و جگە لەویشەوە شتی تری وا دەگوازێتەوە کە عەقڵ نایبڕێت .

دکتۆر (طه حسين)یش کە بە ڕاگری ئەدەبی عەرەبی دادەنرێت لە سەردەمی خۆیدا، دەربارەی سەدەی دووەمی کۆچی دەڵێت: " کەواتە ئەم سەردەمە سەردەمی گومانکردن بووە لە هەموو شتێك، سەردەمی بەرەڵایی و لەپەتبەربوون بووە چ لەژیانی کرداری و چ لە قسەکردنیشدا.."[٣٧٠] لەبۆنەیەکی تردا دەڵێت: "بڕوام وابوو _ ئێستەش بڕوام هەروایە _ کە سەردەمی دووەمی کۆچی لەگەڵ بوونی ئەو هەموو شەرعزان و دونیانەویست و عاریف و پیاوانەی کە عاشقی کارکردن بوون، کەچی بەدڵنیاییەوە سەردەمی گومانکردن و بەرەڵایی و گەڕان بەدوای چێژدا بووە،

---

[٣٧٠] ـ حديث الاربعاء / طه حسين (٢٩/٢).

سەردەمی لادان بووە لە ڕەوشتە باوەکان و نەریتە بەجێماوەکان و تەنانەت لادان بووە لە دینیش".[٣٧١]

سەرچاوەی سەرەکی "طه حسین"یش بۆ ئەم بڕیارانەی لێرەدا بریتییە لە کتێبی (الأغانی) کە وا لە خوێنەرانی دەکات ئەو جۆرە قەناعەتانەیان بۆدروست ببێت دەربارەی ئەو کۆمەڵگەیە کە ڕابواردنو بەرەڵایی و ڕووتوقوتی تێدابووە و ژیانێك بووە دوور لە ئیمان و دین! !.. ئێمە لێرەدا لە ئەدیبو ڕەخنەگری گەورە دەپرسین: ئایا دروستە ئێمە وێنەی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەهەموو ڕەهەند و ئاستۆ و چینو توێژێکییەوە لە کتێبێکی وەکو (الأغانی) وەربگرین؟ کە گەورەترین خولیا و خەیاڵی لەلای یەك لایەنی دیاریکراوی ئەو کۆمەڵگە بەرفراوانەیە کە ئەویش لایەنی گۆرانیو سەما و گەمەوگاڵتەو بەرەڵایی‌و ئەو شتانەیە کە پەیوەندن بەو لایەنەوە؟ بەڵام لێرەدا پێویستە دادێك بەخەرج بدەین لەنێوان هەڵوێستی طه حسینو هەڵوێستی شێخ نەدەویدا کە بەشێوەیەکی گشتی ئەویش وەك طه حسین ئەو شتانەی گواستووەتەوە کە لەسەردەمی دووهەمی کۆچیدا هەبوون، بەڵام ئەگەر لە هەڵوێستەکە وردببینەوە دەبینین کە جیاوازیەکی زۆر هەیە و، جیاوازیەکەش زۆرە لە نێوان دکتۆر طه حسین و زانای گەورە نەدەویدا...

"طه حسین" بەچڕی تیشك دەخاتە سەر لایەنە خراپو تاریکەکانی کۆمەڵگە و بەردەوام هەر ئەو لایەنە چەندبارە دەکاتەوە، وەك ئەوەی لەڕاستیدا ئەوە ئەسڵ و بناغەبێت‌و، خەریکە بڵێی جگە لەمە شتێکی تری وا نییە کە ئەمانە پوچ بکاتەوە یان لەبەرانبەریاندا ڕابوەستێت!

کەچی نەدەوی بەچڕی تیشك دەخاتە سەر لایەنە گەشەکانو لاپەڕە درەوشاوەکانی کۆمەڵگەو دەریان دەخات بۆ خەڵکی و دەیخاتە پێش چاویان

---

[٣٧١] ـ هەمان سەرچاوە (١٨٦/٢).

بەڕادەیەک خەریکە لایەنەکانی ترت هەر لەبیر نەمێنێتەو، ئەم لایەنە گەشانە ئەوان دەکەن بەژێرەوە..

دەی دادپەروەریو ویژدان ئەمە دەخوازێت، نەک ئەوە، بەڵکو لۆژیکی ئیمان ئەمە دەخوازێت، چونکە ئیماندار کە تووڕەش ببێت لەشتێک، نابێت ئەو تووڕەییەی لە بازنەی ڕاستی بیباتە دەرەوە، وە ئەگەر لەشتێکیش ڕازی بوو نابێت ئەو ڕەزامەندییە بیباتە ناو بازنەی ناحەقییەوە، بەڵکو دەبێت کە بڕیاری لەسەر شتێک دا مافی هەموو کەسێک وەک خۆی بدات.

سەیری شێخ نەدەوی بکە کە باسی سەدەی دووهەمی کۆچی دەکات _ کە "طه حسین" بە سەردەمی بەرەڵایی و ڕووتوقوتیو گومانو لادان ناوزەندی دەکات _ ئەو چی دەڵێ؟! نەدەوی پاش ئەوەی باسی ژیانی لوتبەرزیو ئیسرافو بێعەقڵیو گاڵتە و گەپ دەکات دەڵێت: "بەڵام لە پاڵ ئەم شارستانییەتە بەرەڵا و ژیانە پڕلوتبەرزییەدا، لە پاڵ ئەم ئیسرافو خۆشخۆری و کەشخەییو گاڵتەوگەپەدا، دەبینین پیاوانێکی زۆر هەن خۆیان یەکلاکردووەتەوە بۆ دینی خوا و خەڵکی بانگ دەکەن بۆلای ئەو و دەروونەکان پەروەردە دەکەن و زانیارییە ئایینییەکان بڵاودەکەنەوە و لوتیان داژەندووە بەسەر وەرگرتنی زانستو گەیاندنی زانستدا، هەر ئەم پیاوانە شۆڕشێک دژ بەم ژیانە بێمانایەی ئەوانو شتە فریو دەرەکانیان بەرپا دەکەن، دەبینیت شەپۆلی دەوڵەمەندیو خۆشخۆری لەجاڕی ئەماندا دەوەستێتەو بەملی شکاویەوە دەگەڕێتەوە دواوە و هەروەک ئەوە وایە ڕێگەیەک شک نەبات لێوەی بچێتە دڵی ئەو پیاوانەوە، ئەم پیاوانە _ وەک شێخ حەسەنی بەصری لەپێشدا _ سەرقاڵی پاسەوانی و پاراستنی گیانی ئەم ئوممەتە بوون تا پەیوەندییان نەبچڕێت بەخواوە، پارێزگاریان دەکرد لە سەرچاوەکانی ژیانی ئیسلامەتی (واتە قورئان و حەدیس)، حکومەتەکانی ئەو سەردەمەش لە کڕینی ویژدانی ئەو پیاوانەدا یان لە دوورخستنەوەیان لەو کارانە بەردەوام شکستی دەخوارد، ئەو پیاوانە دوورگەیەک

بوون لەناو دەریای ئەو ژیانە ماددییەدا کە شەپۆلی دەدا، ئەو دوورگەیە پەنای هەموو ئەو کەسانەی دەدا کە خەریک بوون لەو دەریایەدا بخنکێن یان کەشتییەکانیان تێکشکابوو، پەنایان بۆ دەبردو خۆیان ڕزگار دەکرد، هەر ئەمانە لە بەرانبەر ئەو ژیانە پڕئیسرافەدا لەناو بەغداددا، ژیانێکی پڕزوهدیان دامەزراندبوو کە لەسەر ئیمان و ڕێزگرتن لە بەها ڕۆحی‌و ئەخلاقییەکان هەستابوویەوە..

ئەو ژیانەی ئەوان دەسەلاتی بەسەر دڵەکان و جارجاریش بەسەر ژیانی ماددی خەڵکەکەدا زۆر بالاتر بوو لە دەسەلاتی خەڵکە دونیاییەکە، ئەگەر خەلیفەو میرەکان حوکمی جەستەیانیان دەکرد، ئەوە ئەمان حوکمی دڵ و عەقڵیانیان دەکرد، کە ململانێش دەکەوتە نێوان ئەوان‌و ئەمان، ئەوە زۆر جار سەرکەوتن دەبووە بەشی ئەمان و دەسەلاتی سیاسی (بەناچاری) ملکەچی دەسەلاتە ڕۆحی و عەقیدەییەکان دەبوو، خەلیفە یان میر لەبەردەم زانایەکی گەورەدا یان لە بەردەم حەدیسزانێکی بەڕێزدا سەری کز دەکرد و دادەنیشت.

ئیبن خەلدون چیرۆکێك دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەم سەردەمە کە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە پیاوانی زانست‌و دین زۆر بەدەسەلات بوون، ئیبن خەلدون دەڵێت : "هارونە ڕەشید سەردانی (ڕیققە)ی کرد، خەڵکی هەموو لەبەردەم (عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك)دا بەپەلە کۆبوونەوە[٣٧٢] بەڕادەیەك چەند کەسێك قایشی نەعلەکانی بچڕا و تۆز بەرزبوویەوە لەو ناوەدا، دایکی منداڵەکەی میری ئیمانداران لە کەژاوە تەختەکەی خۆیەوە سەرێکی هێنایە دەرەوە و ئەو خەڵکەی بینی وتی: ئەوە چییە؟ وتیان: ئەمە زانایەکە و خەڵکی خوراسانەو هاتووە بۆ (ریققە) و پێی دەڵێن: (عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك)، ئافرەتەکە وتی: سوێند بەخوا دەسەلاتێ ببێ ئەو دەسەلاتەیە نەك دەسەلاتی هارون کە خەڵکی بەزەبری پۆلیس‌و هاوکارانی نەبێت کۆنابنەوە".[٣٧٣]

٣٦٠- وشەی (انجفل) بەکارهاتووە کە ماناکەی ئەوەیە لەسەرەوە نووسیومانە .(وەگێڕ) .

٣٦١- وفیان الاعیان، (٢٣٨/٢)، ژیاننامەی عبدالله ی کوڕی موبارەك.

(نەدەوی)یش دەڵێت: "بە دڵنیاییەوە ژیانە ئایینییەکە، کە ئیمان و تەقوا و خۆپەکلاییکردنەوە بۆ زانست و دونیانەویستی ڕێبەرایەتی دەکرد بە ئاشکرا لە بەغدادا بەرجەستە بووبوو، بەغداد ئەوکاتە بوو بووە هەوارگەی ڕێبەرانی زانست و دین و هاوەڵانی ئیمان و یەقین، بانگەوازانی ڕێگەی دین لە هەموو لایەکەوە ڕوویان دەکردە ئەوێ و پریاسکەی خەمیان تێدا دەکردەوە و دەیانکردە سەنتەری چالاکی‌و بانگەوازی خۆیان، چونکە بەغداد شادەماری لەشی جیهانی ئیسلامی بوو، دڵی گەورەی بوو، (قەناعەتیان وا بوو) ئەگەر ئەوێ کاریگەری لەسەر دروست ببێت ئەوە هەموو جیهانی ئیسلامی پێی کاریگەر دەبێت، ئەگەر دڵ باش بوو هەموو لەش باش دەبێت، هەر بۆیە پێشەوایانی هونەرەکان (مەبەست پێی زانستەکانە) _ قسەکە هی قەرزاویە _ و گەورە بانگخوازەکان و ڕێبەرانی دونیانەویستی هەموو لەو شارەدا گردبوونەوە، بەڕادەیەک ئەوەی کتێبەکانی (طبقات وتراجم)[٣٧٤] بخۆێنێتەوە وادێتە پێش چاوی کە بەغداد بریتی بووە لە قوتابخانەی حەدیس یان مزگەوتێک بووە وەعزو ئامۆژگاری تێدا کراوە، یان سەنتەرێک بووە بۆ تەزکیەو پەروەردەکردنی خەڵکی‌و، گوێت لە هیچ نابێت ئەوە نەبێت کە لەلایەکەوە خەڵکی دەرس دەخوێنن‌و لە سوچێکەوە خەڵکی قورئان دەخوێننەوە‌و لە لایەکی تریشەوە خەڵکێکی تر حەدیس دەگێڕنەوە‌و لە گۆشەیەکی تردا تیماری دڵی دڵبرینداران دەکرێت، خوێنەر دەوڵەتێکی دێتە بەرچاو کە زانست‌و دین دەسەڵاتی تێیدا هەیە و لە دەسەڵات‌و بەرفراوانیدا هیچی کەمتر نییە لە خەلیفە عەبباسییەکان.

---

[٣٧٤] زانایانی ئیسلام دوو جۆر کتێبیان نووسیوە یەکێکیان ناوی (تراجم)ە کە کۆی (ترجمە)یە‌و مەبەست پێی ژیاننامەی زانایانە، ئەویتریان ناوی (طبقات)ە کە کۆی (طبقة)یە‌و مەبەست پێی ژیانی چەند کەسێکی تایبەتە کە یان هاوپیشەن یان هاومەزهەبن یان هاومەشرەبن وەک (طبقات الفقهاء) یان (طبقات الشافعية) یان (طبقات الصوفية) ..(وەرگێڕ).

به دڵنیاییەوە ئەو زانا گەورانە و ئەو زاهیدە حەدیسزانانە هەڵوێستی بەرزی زۆریان هەبووە لەبەردەم خەلیفەکاندا و ئەرکی ئامۆژگاری خۆیانیان بە جوانی ئەنجام داوە و بە سزا و تۆڵەی خوا ترساندونیانن و خۆیان بەری کردووە لەو ستەم و ناڕەواییانەی کە لەناو خەڵکیدا تەشەنەیان کردووە، یەکێك لەوانە ئیمامی ئەوزاعی یان سوفیانی سەوری لەبەرامبەر خەلیفە مەنصوری عەباسییدا، یان صالحی کوڕی عەبدولجەلیل لەبەرامبەر مەهدیدا یان ئیبنو سەماك لەبەردەم هارونە ڕەشیددا.[٣٧٥][٣٧٦]

---

[٣٧٥] بڕوانە (العقد الفرید) ابن عبد ربە ١٦٢/٣ هەروەها لاپەڕەکانی (٦٥و ١٥٨و ١٦٤) بۆ هەڵوێستی هەریەك لەوانە.

[٣٧٦] بڕوانە: رجال الفکر والدعوة في الاسلام: ص٨٤و ٨٦.

٣ ـ بەرپرسیارێتی زانایانی حەدیس (فەرموودەناسەکان)

هەروەك چۆن مێژوونووسان و راویەکانی ئەدەب بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەکەوێتە سەریان لەو ستەمانەی کە لە مێژووی ئێمە دەکرێت و کاری شێواندنیان کردووە، بەڕای من زۆرێك لە فەرموودەناسەکانیش هاوبەشن لەم باری بەرپرسیارێتییەدا.

هۆکەشی ئەوەیە هەندێ حەدیسیان ڕیوایەت کردووە کە خیلافەی ڕاشیدە _ خیلافەتی پێغەمبەرایەتی _ قۆرخ دەکەن لە (٣٠) ساڵی دوای پێغەمبەردا ﷺ و ئیتر دەڵێن: دوای ئەوە پاشایەتی و دیکتاتۆرییەت بووە ! !

بۆیە دەڵێم زۆرێك لە حەدیسزانەکان چونکە حەدیسزانی تر هەیە هیچ جۆرە حەدیسێکی لەو شێوانەیان هەرگیز ڕیوایەت نەکردووە، وەك هەردوو پێشەوا گەورەکە (بوخاریو موسلیم) لە هەردوو (صحیح)ەکەیاندا کە بە هیچ جۆرێك ڕیوایەتی شتێکیان نەکردووە کە ماوەی خیلافەتی ڕاشیدەی دیاری کردبێت.

ئەوەی ئەو حەدیسانەی ڕیوایەت کردووە بریتییە لە خاوەن (سەندەکان) و (سنن) و (معاجم)ەکان، وەك پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلو ئەبوداود و ترمیذی و نەسائی و تەبەرانیو بەززار و حاکیم و جگە لەوانیش کە هەموویان پابەندی ئەوە نەبوون کە هەر _ صحیح _ ڕیوایەت بکەن، (حاکم) نەبێت ! !

هەموویان ئەم حەدیسەیان لە صەحابەیەکەوە گێڕاوەتەوە کە ناودار نییە لەناو صەحابەکاندا، تەنانەت ناوەکەشی زۆر زانراو نییە، بەڵکو هەر بە نازناو ناوبراوە کە بریتییە لە(سەفینە) کە مەولا (و خزمەتکاری) پێغەمبەر ﷺ بووە.

بازنەی ئەم حەدیسە لەسەر یەك (ڕاوی) دەسوڕێتەوە کە زانایان ڕای جیاوازیان لەسەری هەیە، ئەویش بریتییە لە (سەعیدی کوڕی جومهانی ئەسلەمی) کە لە

یەحیای کوڕی موعینەوە دەگێڕێنەوە دەربارەی ئەم سەعیدە وتوویەتی : (کەسێکی متمانە پێکراوە).

"ئیبنو عەدی"یش لە _ الكامل _ دا دەڵێ: سەعید لە سەفینەوە حەدیسی وا دەگێڕێتەوە کە جگە لەو کەس نایگێڕێتەوە، ئومێد دەکەم خراپ نەبێت، هەرچەندە حەدیسەکەی لەوە کەمترە.

"ئاجوری"یش لە ئەبوداودەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: جێگەی متمانەیە، لە شوێنێکی تردا دەڵێ : "إن شاء الله" جێگەی متمانەیە و هەندێ خەڵکیش بە لاوازی دەزانن (واتە عەیبداری دەکەن)، بەڵام ترس لە سەروو ئەو هەیە، ناوی پیاوێك دەبات (واتە: سەفینە).

نەسائی دەڵێت : ليس به بأس[٣٧٧] _ خراپ نییە _.

دەی کەسی لەو شێوەیە پشت بە ڕیوایەتەکانی نابەسترێت کاتێك پەیوەندبێت بە کارێکی گەورەو ترسناکەوە وەك سنووردارکردنی خیلافەتی ڕاشیدە یان خیلافەتی پێغەمبەرایەتی.

حەدیسەکەش وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی دەکات لە موسنەدەکەیدا لە سەعید ، کوڕی جومهانەوەو ئەویش لە سەفینەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: (الخلافة ثلاثون عاماً، ثم يكون بعد ذلك الملك).

سەفینە وتی: بیگرە، خیلافەتی ئەبوبەکر دوو ساڵ و خیلافەتی عومەر دە ساڵ و خیلافەتی عوسمان دوازدە ساڵ و خیلافەتی عەلی شەش ساڵ.[٣٧٨]

---

[٣٧٧] بڕوانە: تهذيب الكمال، المزي (١٠/٣٧٦- ٣٧٩) الترجمة رقم (٢٢٤٦). هەروەها (تهذيب التهذيب) ابن حجر ٤/١٤. هەروەها ميزان الاعتدال، الذهبي، بەرگی دووەم، ژیاننامەی ژمارە (٣١٤٩).

[٣٧٨] رواه احمد في مسنده برقم (٢١٩١٩) الموسوعة الحديثية (٣٦/٢٤٨، ٢٥٦) باشراف شعيب الاناؤوط ومشاركة عدد من العلماء وقالوا في تخريج الحديث: اسناده حسن، وهذا اقصى ما يقال فيه، وفيه نوع من التساهل لما في ابن جمهان من المقال. واتە: ئەمە ئەوپەڕی شتە دەربارەی بووترێت، ئەم قسەیەش جۆرە دەستشلکردنێکی تێدایە دیارە لەبەر ئەو قسانەیە کە دەربارەی (ئیبنو جمهان) وتراوە. (وەرگێڕ).

مەبەست بە خیلافەتی ڕاشیدە: خیلافەتی پێغەمبەرایەتییە وەک لە ڕیوایەتەکەی ئەبوداوددا هاتووە بە ژمارە (٤٦٤٧).

خیلافەتی عەلی بۆیە بە شەش ساڵ دانراوە، چونکە ماوەی خیلافەتی حەسەنیشی بۆ زیاد کراوە (ڕەزای خوا لە هەردووکیان بێت)، ئەمە قسەی (السندی)یە بە ڕەحمەت بێت.[٣٧٩]

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم حەدیسە لەگەڵ ئەو هەموو عەیبەی تێیدایە وەسفی پاشایەتییەکە بە تاکڕەو (عضوض) ناکات، ڕێی تێدەچێت مەبەست ئەوە بێت خیلافەت دەبێتە شتێکی پشتاوپشت وەک چۆن لەناو ئەو میللەتانەدا کە پاشایەتی پەیڕەو دەکەن ئەم سیستمە هەیە، ئەم تێگەیشتنە پێدەچێت باشترین چەمک بێت بۆ ئەم حەدیسەو شتەکە وای لێدێت کە جیاوازی لە نێوان خیلافەتی ڕاشیدەو پاشایەتیدا ئەوەیە کە خیلافەت پشتاوپشت نییەو پاشایەتی پشتاو پشت دەڕوات.

لەگەڵ ئەمانەشدا موسڵمانان هەموو ڕەزامەندییان لەسەر ئەوە داوە کە بە هەموو ئەو پاشانەی کە لە سەردەمی "موعاویە"ەوە تا کۆتا سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانی درێژ دەبێتەوە بڵێن: خەلیفە.. و قەناعەتیان وابووە ئەو خیلافەتەی کە پێویستە موسڵمانان دەستی پێوەبگرن و دایبمەزرێنن تا ئەو کاتەی کەمال ئەتاتورک هەڵیوەشاندەوە هەر بەرقەرار بووە و هەبووە.

هەروەها زانایانی موسڵمانانو بانگخوازە ئیسلامیەکان ڕووخاندنی ئەو قەڵا مێژووییەیان(سستمی خیلافەتی عوسمانی) بە ڕووداوێکی ترسناک سەیر کردووە لە مێژووی موسڵماناندا هەروەک چۆن بە لێقەومانێکی گەورەیان زانیووە لە ژیانی موسڵماناندا.

---

[٣٧٩] الموسوعة الحديثية ٣٦/٢٥٠) طبعة الرسالة- بيروت.

ئێمە دەبینین کە مێژوونووسە گەورەکانی موسڵمانان بەردەوام میرەکانی بەنی ئوممەییە و بەنی عەببباس و بەنی عوسمانیان هەموو بە خەلیفەکان ناوبردووەو "سيوطي" (تأريخ الخلفاء)ی هەیە.

پێشەوا ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا دەڵێ: "سولەیمانی کوڕی داودی تەیالیسی قسەی بۆ دەکردین کە داودی کوڕی ئیبراهیمی واسیتی قسەی بۆ کردووە ئەویش حەبیبی کوڕی سالم لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە وەریگرتووە کە دەڵێت: جارێکیان لە مزگەوتدا دانیشتبووین لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ، بەشیر پیاوێك بوو قسەی خۆی کۆدەکردەوە، ئەبوسەلەبەی خوشەنی هات و وتی: بەشیری کوڕی سەعد! ئەو حەدیسەی پێغەمبەرت ﷺ لەبەرە کە باسی کاربەدەستو میرەکان دەکات؟ حوزەیفە وتی: من وتارەکەی پێغەمبەرم ﷺ هەموو لەبەرە، ئەبوسەلەبە هات و دانیشت، حوزەیفە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: " تكون النبوة فيكم ماشاء أن تكون ، ثم يرفعها الله اذا شاء ان يرفعها، ثم تكون خلافة على منهاج النبوة ، فتكون ما شاء الله ان يكون ثم يرفعها اذا شاء ان يرفعها، ثم تكون ملكاً عاضاً فيكون ماشاء الله ان تكون، ثم يرفعها اذا شاء ان يرفعها، ثم تكون ملكاً جبرية فتكون ماشاء الله ان تكون، ثم يرفعها اذا شاء ان يرفعها، ثم تكون خلافة على منهاج النبوة، ثم سكت".

حەبیب دەڵێت: کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز خیلافەتی گرتە دەست، یەزیدی کوڕی نوعمانی کوڕی بەشیر لەناو هاوەڵەکانیدا بوو، منیش ئەم حەدیسەم بۆ نووسی و بیرم خستەوە و پێم وت: ئومێد دەکەم کە میری ئیمانداران _ واتە عومەر _ ئەو خەلیفەیە بێت کە دوای پاشا عەضوض و جەبریەکان دێت، یەزید نامەکەی منی بردە ژوورەوەو پیشانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی دا، زۆر دڵی خۆش کرد و پێی سەرسام بوو.[٣٨٠][٣٨١]

---

[٣٨٠] رواه احمد في مسنده (١٨٤٠٦) تۆێژەرەکانی (مسند) دەڵێن: أسناده حسن، جا بە درێژی باسی (سند)ەکەی دەکەن، هەیسەمییش لە (مجمع الزوائد: ٥/١٨٨- ١٨٩)دا ئەم حەدیسەی هێناوە، بەڵام هەندێ

دەی حەدیسەکە ماوەی خیلافەتی دیاری نەکردووە ئەو خیلافەتەی لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتی دەڕوات بەڕێوە، بەڵکو دەڵێت: ئەوەندەی خوا بیەوێت ئەو خیلافەتە بەردەوام دەبێت تا خوای گەورە ویستی ئەوە دەکات هەڵیبگرێ.

تەفسیرەکەی (حەبیب)یش کە یەکێکە لە (ڕاویەکانی حەدیسەکە) ئەوەی کە مبری ئیمانداران عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دوای پاشا عەضوض و جەبریەکان هاتووە، کە ئەو جۆرە ئیجتیهادێکە لەو بەڕێزەوە، لەوانەیە مەبەستی بەسەردەمی بەنی ئوممەییە ئەوە نەبووبێت کە پاشای عەضوضو پاشای جەبری بووبێت، هەرچەندە زوڵم و داگیرکارییەکی زۆریش ڕوویدابێت بە تایبەتی لەسەردەمی حەججاجی ستەمکار و کەللەڕەقدا.

پستەی تێدا نییە، دەڵێت: رواه احمد في ترجمة نعمان والبزار أتم منه ، والطبراني ببعضه في الاوسط ورجاله ثقات، ورواه الطيالسي في مسنده (٤٣٨) وقد وقع فيه سقط وتحريف، لە حەدیسەکەدا هەندێ لەفزی نامۆ هەیە، وەک ئەو قسەی نوعمان کە دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا لە مزگەوت دانیشتبووین) دەی خۆ پۆشنە پرسیارەکەی سەعلەبە لەحزوری پێغەمبەردا نەبووە، دەی ئیتر ئەو پستەیە هیچ مانایەکی نییە مەگەر بڵێی مانای مەجازی هەیە _ یانی لە خزمەت حەدیس و ژیانی پێغەمبەردا بووین ﷺ _ یان نووسەر و کۆپییەکەری حەدیسەکە بە هەڵە نووسیویەتی و مەبەست ئەوەی لە مزگەوتی پێغەمبەردا بوون ﷺ. ئەوەش کە دەڵێ : "بەشیر (واتە باوکی نوعمان) قسەی خۆی کۆدەکردەوە" مەبەستی ئەوەیە کە کەمدوو بوو بەتایبەت ڕیوایەتکردنی حەدیس لە پێغەمبەرەوە ﷺ، هەر بۆیە دەستپێشخەری نەکرد بۆ وەڵامی پرسیارەکەی سەعلەبە.

[٣٨١] پاشای عەضوض بریتییە لەو کاریەدەستو سوڵتانانەی کە قەپ دەکەن بە کورسی دەسەڵاتدا، یان خەڵک دەخۆن، پاشای جەبریش بریتین لەوانەی تاکڕەوی دەکەن لە دەسەڵاتدا و دیکتاتۆرییەت دەدەنە بەر، پێغەمبەرایەتیش زانراوە و خیلافەتیش لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتی دیارو ئاشکرایە کەواتە قۆناغەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرەتا پێغەمبەرایەتییە، پاشان خیلافەتە لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتی، پاشان پاشایەتییەک کە قەپ بە دەسەڵاتدا دەکەن، پاشان دیکتاتۆرییەتو پاش ئەمانە دێتەوە سەر خیلافەت لەسەر بەرنامەی پێغەمبەرایەتی... کەوا دیارە خۆری دیکتاتۆرییەتیش لە ئاوابوونداید "ان شاء الله" و لەوەدایە خیلافەت دەست پێبکاتەوە. (وەرگێڕ).

* ئەو حەدیسانەی باسی ئاژاوە و فیتنە دەکەن: یەکێکی تر لەو پەخنانەی کە لە حەدیسزانەکان دەگیررێت، ئەوەیە کە حەدیسێکی زۆریان هێناوە لە باسی ئاژاوە و نیشانەکانی هاتنی قیامەتدا، ئەم حەدیسانە وا لە خوێنەرەکانی دەکەن قەناعەتێکی وایان بۆ دروست ببێت کە ئیسلام لە ئاوابوونو کوفر هەڵهاتندایەو، بەشێوەیەکی زەها هەموو سەردەمێك کە دێتە پێشەوە خراپترە لەوەی کە ڕابوردووە، خێر بەردەوام لەکەمبوونەوەدایەو خراپەش لە زیادبوونداید، خەڵکی چاك هەر پەراوێز دەبنو دێنە داوەو خەڵکی خراپیش لە گەشەو چوونەپێشدان، ئەمەیە وای لە زۆرێك کردووە کە بڵێن: ئێمە لە ئاخرزەماندین و هاکا قیامەت هەستا و، بەدڵنیاییشەوە قیامەت کاتێك دێت کە کەسێك نامێنێت لەزەویدا بڵێ: اللّه! اللّه!

بەتایبەتی هەندێ حەدیسی لاوازو مەوزوع هەن باسی ئەوە دەکەن گوایە تەمەنی ئەم ئوممەتە ئیسلامییە هەزار ساڵ تەواو ناکات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو حەدیسانەی کە مژدە و هیوا دەبەخشنەوە بڵاونابنەوە لەناو خەڵکیدا لەچاو ئەو حەدیسانەی کە بێئومێدیو هیوابڕاوی دەبەخشنە خەڵکی! هەرچەندە ژمارەی ئەو حەدیسانەی هیوا و مژدەیان تێدایە زۆرترن لەوانی تر و صەحیحترینشن.

وەك ئەو حەدیسەی تەمیمی داری _ بۆ نموونە _ کە دەفەرموێ: (ليبلغن هذا الامر ما بلغ الليل والنهار، ولا يبقى بيت مدر أو وبر الا أدخله الله هذا الدين ، بعزّ عزيز أو بذلّ ذليل، عز يعز الله به الاسلام، وذل يذل الله به الكفر).[٣٨٢] ئەم کاروباری ئایینی ئیسلامە دەگاتە هەموو ئەو شوێنانەی کە شەو و ڕۆژی پیدەگات، ماڵێك نامێنێت لە

---

[٣٨٢] رواه احمد (١٩٧٥٧) تويژەرەكانى ئەڵێن: اسناده صحيح على شرط مسلم، وابن أبي شيبة في المصنف (٣٢٨٨٩) واخرجه ابن منده في الايمان (١٠٨٥)، والطبراني في الكبير(١٢٨٠)، والبيهقي في الكبرى (١٨١/٩) من طريق أبي المغيرة بهذا الاسناد، والهيثمي في المجمع (١٤/٦)، وقال/ رواه احمد والطبراني ورجال احمد رجال صحيح.

چیخ یان موو دروست کرابێت و ئەم دینە خۆی پێدا نەکات، ئیتر بەبۆنەی دەسەلاتی دەسەلاتدارێکەوە بێت یان بە بۆنەی لاوازی کەسێکی لاوازەوە بێت، دەسەلاتێك خوای گەورە بەهۆیەوە ئیسلام سەربەرز دەکات و لاوازێك کە خوای گەورە بەهۆیەوە کوفر و بێدینی سەرشۆڕ دەکات... ئەم فەرموودەیە ئاماژە بۆ ئەو دەکات دین زۆر فروان دەبێت.

نموونەیەکی تر حەدیسەکەی (ثوبان)ە کە دەفەرموێت: " إن الله زوى لي الأرض (جمعها وقبضها لي) فأريت مشارقها ومغاربها ، وان ملك أمتي سيبلغ ما زوى لي منها".[٣٨٣] واتە: بەدڵنیاییەوە خوای گەورە زەوی بۆ گلێرکردمەوە (کۆیکردەوە بەقەدەر لەپی دەستێکی لێ کرد بۆم) و ڕۆژهەڵاتەکانو ڕۆژئاواکانی هەموو پیشان دام، دڵنیابن کە دەسەڵاتی ئوممەتەکەم دەگاتە هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆم گلێرکرابوویەوە، ئەم فەرموودەیەش ئاماژە بۆ بەرفراوانی دەسەلاتی ئیسلامیو هێزی دەوڵەتی ئیسلامی دەکات.

یان _ بۆ نموونە _ ئەو حەدیسەی کە مژدە دەدات بە فەتحی ڕۆمییە[٣٨٤] (واتە ڕۆما) پاش فەتحی قوستەنتینییە، مانای فەتحکردنی ڕۆمییەش ئەوەیە کە سەرلەنوێ ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ ئەروپا و جارێکی تر فەتحی ئەو کیشوەرە دەکات، هەرچەندە ،ووجار دەرپەڕێنراوە، جارێك لە ئەندەلوسو جارێکیش لە بەڵقان.

---

[٣٨٣] رواه مسلم (٢٨٨٩) من حديث ثوبان.

[٣٨٤] رواه احمد (٦٦٤٥) عن عبدالله بن عمرو، واخرجه الحاكم في المستدرك من طريق ابن وهب (٥٥٥/٤)، واخرجه أيضا بطريق آخر (٤٢٢/٤) وقال: هذا حديث صحيح الاسناد ووافقه الذهبي، واورده الهيثمي في مجمع الزوائد (٢١٩/٦) وقال: رواه احمد ورجاله رجال الصحيح غير أبي قبيل وهو ثقة، وصححه الالباني واورده في السلسلة الصحيحة، وذكر محقق مسند الامام احمد: الشيخ شعيب الاناؤوط واخوانه في التعليق عليه: ان اسناده ضعيف لأن فيه يحيى بن أيوب، وهو الغافقي المصري وذكروا الخلاف الذي فيه ، وانا ارجح تصحيح الحديث وما قالوه لا ينزل بالحديث عن درجة الحسن.

مەرجیش نییە ئەم فەتحەی کە حەدیسەکە وەعدی دەدات و هەر دەبێت بێتە دی، لە رێگەی شەڕو شمشێرەوە بێت... بەبڕوای من، فەتحی ئەمجارەی ئەورووپا بە چەکی فیکرو بانگەواز دەبێت، نەک بە شمشێرو تۆپباران، فەتحی ئاشتییانەش لە ئیسلامدا بەڵگەو بناغەی هەیە، ئەوەتا لە ئاشتییەنامەی حودەیبییەدا خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً) (الفتح: ١) ... عومەر پرسی: باشە قوربان ئەم ئاشتییە فەتحە؟ فەرمووی: بەڵێ ئەوە فەتحە[٣٨٥]... چونکە عومەر وای دەزانی بەبێ شەڕ فەتح دروست نابێت.

لە(کتێبەکانی حەدیسدا) حەدیسێکی زۆری تر هەیە کە هەموویان مژدەی باش دەدەن دەربارەی داهاتووی ئیسلام و ئوممەتی ئیسلامی، لە کتێبی (المبشرات بانتصار الاسلام)ەکەماندا کۆمەڵێکی زۆر لەو حەدیسانەمان باس کردووە، کە ئەو کتێبانە لە بناغەدا بۆ تەرشیدی ئەم ڕابوونە ئیسلامییە نووسراون، با ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن لەمانە زیاتر بزانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو کتێبە.

*** حەدیسی پارچە پارچەبوونی ئوممەتی ئیسلامی بۆ هەفتاوسێ تاقم:**

یەکێکی تر لەو شتانەی کە من لۆمەی حەدیسزانەکانی لەسەر دەکەم، کارکردنیانە لەسەر حەدیسی پارچە پارچەبوونی ئوممەتی ئیسلامی بۆ حەفتاوسێ تاقم، کە هەموویان لە ئاگردان تەنیا یەک تاقمیان نەبێت، لەوەدا لۆمە دەکرێن کە دونیایەک هەوڵ دەدەن ئەو حەدیسە بەهێز بکەن _ با "ضعیف"یش بێت _ لە رێگەی زۆری ڕیوایەتەکانییەوە، کە حەدیسەکە خودی خۆی ناچێتە پلەی (صحیح)، هەر بۆیە نە بوخاریو نە موسلیم لە صەحیحەکانیاندا ئەو حەدیسەیان نەهێناوە.

ئەم حەدیسە کاریگەری زۆری هەبووە و بەشی خۆی لێڵی لە دیدی مێژوونووساندا دروست کردووە کاتێک کە بۆ ئەو دەستە و تاقمانەیان ڕوانیوە، ئەو

---

[٣٨٥] متفق علیه من حدیث سهل بن حنیف، انظر اللؤلؤ والمرجان فیما اتفق علیه الشیخان (١١٦٨).

مێژوونووسانە کە سەیری ئەو دەستەو تاقمانەیان کردووە وەک خەڵکانێکی جەهەننەمی و هاوەڵانی ئاگر بۆیان ڕوانیوون! من لە کتێبی (الصحوة الاسلامية بين الاختلاف المشروع والتفرق المذموم)دا موناقەشەی (سند) و (متن)ی ئەو حەدیسەم کردووە، هەندێ لەو شتانەی لەوێدا وتوومن ئەوەیە سەبارەت بە حەدیسی پارچە پارچەبوونی ئوممەتی ئیسلامی بۆ زیاتر لە حەفتا تاقم کە هەموویان لە ئاگردان یەکێکیان نەبێت، قسەیەکی زۆر هەیە دەربارەی ماناکانی و دەربارەی ڕێگەکانی سەلماندنی:

أ ـ یەکەمین شتێک کە پێویستە بزانرێت دەربارەی ئەم حەدیسە، ئەوەیە کە ئەم حەدیسە لە هەردوو صەحیحەکەدا نەهاتووە لەگەڵ ئەوەدا بابەتەکەی زۆر گرنگیشە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەرجی صحیح بوونی هیچکام لە بوخاری و موسلیمی تێدا نییە.

ئەوەشی کە دەوترێت دەی خۆ بوخاری و موسلیم هەموو حەدیسە صەحیحەکانیان لەخۆنەگرتووە، بەڵێ؛ بێگومان وایە، بەڵام چ بوخاری و چ موسلیم زۆر لەسەر ئەوە سوور بوون کە (باب)ێکی گرنگ چییە لەزانستدا جێی نەهێڵن تا ئەگەر یەک حەدیسیش بووبێت ڕیوایەتیّ بکەن تێیدا!

ب ـ هەندێ لە ڕیوایەتەکانی ئەو حەدیسە باسی ئەوە ناکەن کە تاقمێکیان نەبێت هەموو لە ئاگردان، بەڵکو تەنیا هەر باسی پارچە پارچە بوونەکە دەکەن و دەیانژمێرن، ئەوەتا حەدیسەکەی ئەبوهورەیرە کە ئەبوداودو ترمیزیو ئیبن ماجە و ئیبن حەببان و حاکیم ڕیوایەتی دەکەن بەم شێوەیە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: "افترقت اليهود على احدى او اثنتين وسبعين فرقة، وتفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة".[٣٨٦]

---

[٣٨٦] رواه أحمد (٨٣٧٧، وابوداود (٤٥٩٦)، وابن ماجة في الفتن (٣٩٩١)، والترمذي (٢٦٤٢)، وقال: حسن صحيح، وابو يعلى في مسنده (٥٩١٠)، وابن حبان في صحيحه (٥٩١٠).

حەدیسەکەش هەرچەندە ترمیزی دەربارەی دەڵێ: (حسن صحیح) و حاکیم و ئیبنو حیببانیش بە صحیحی دەزانن، بەڵام حەدیسەکە بە دەوری (موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی عەلقەمەی کوڕی وەققاصی لەیسی)دا دەسووڕێتەوە و هەرکەسیش ژیاننامەی ئەم موحەممەدە بخوێنێتەوە لە (تهذیب الکمال)دا یان لە (تهذیب التهذیب)[٣٨٧] دا تێدەگات کە ئەم پیاوە خەڵکی زۆر باسی لاوازی لەبەرکردنی دەکەن و کەس نییە بێقەیدو شەرت قەبوڵی کردبێت، کۆی هەموو ئەو قسانەی لەسەر ئەم پیاوە کراوە ئەوەیە کە ئەمیان لا باشترە لەوانەی کە لەو لاوازترن! هەر بۆیە حافظ (ابن حجر) لە (التقریب)دا تەنیا ئەوەندە دەڵێ : "صدوق له أوهام" کەسێکی ڕاستگۆیە و وەهم و خەیاڵاتی زۆری لا کۆبووەتەوە... دەی خۆ (ڕاستگۆیی _ صدق) بەتەنیا لێرەدا بەس نییە تا (کۆنترۆڵکردن _ ضبط)ی نەدەیتە پاڵ، نەخوازەڵا کابرا ئەوهام و خەیاڵاتیشی لا کۆبووبێتەوە؟!

ئەوەشی زانراوە تیرمیزی و ئیبنو حیببان و حاکیم لەو کەسانەن کە دەستیان شل کردووە بۆ بە صحیح دانانی حەدیسەکانی پێغەمبەر ﷺ، گومان لەوەدا نییە کە حاکیم وا وەسفکراوە کە (هەنگاوی درێژ درێژ دەنێت بۆ بە صەحیحکردنی حەدیس!).

دەی حاکیم لێرەدا ئەم حەدیسەی بەپێی مەرجەکانی موسلیم بە صحیح داناوە، بەو حسابەی کە پێشەوا موسلیم حەدیسی لە موحەممەدی کوڕی عەمر وەرگرتووە و لای مەقبوڵ بووە، بەڵام پێشەوا زەهەبی ئەم ڕایەی (حاکیم)ی ڕەتکردووەتەوە، لەبەرئەوەی موسلیم بە تەنیا حەدیسی لە "موحەممەدی کوڕی عەمر" وەرنەگرتووە،

---

[٣٨٧] بڕوانە: (تهذیب الکمال) (٢١١/١٦) بە دواوە، هەروەها (تهذیب التهذیب) (٣٧٥/٩) بە دواوە، یەحیای کوڕی موعین دەربارەی ئەم موحەممەدە ئەڵێ: بەردەوام خەڵکی لە حەدیسی ئەم کابرایە خۆی لا دەدا، ئەبوحاتمیش دەڵێ: صالح الحدیث ـ حەدیسەکانی باشن ـ یکتب حدیثه ، وهو شیخ!! ئیبنو حیببانیش لە (الثقات)دا دەڵێ : کان یخطئ.... هتد.

بەڵکو داوەتییە پاڵ خەڵکی تر،[٣٨٨] هەروەها حەدیسەکەی ئەبوهورەیرەش لەم باسەدا ئەو زیادەیەی تێدا نییە کە دەڵێ :" کلها فی النار الا واحدة"! ئەم زیادەیەشە کە هەموو شەڕەکەی لەسەر هەڵگیرساوە !

بەڵێ ئەم حەدیسە بەو زیادەیەوە لە ڕێگەی چەند صەحابەیەکی تریشەوە ڕیوایەت کراوە وەک: عەبدوڵڵای کوڕی عەمر، موعاویە و عەوفی کوڕی مالیك و ئەنەس، بەڵام هەموو ئەو حەدیسانە (ضعیف)ن لە ڕووی (سند)ەوە، زانایانیش ئەم حەدیسانەیان یەك یەك داوەتە دەم ئەوی ترەوە، بۆیە بە (بەهێز)ی دەزانن (نەك لەبەر حەدیسەکە خۆی بەتەنیا).

من بڕوام وایە کە بەهێزکردنی حەدیس بەڕێگەی زۆری ڕیوایەتەکانی هەروا ڕەها نییە (و مەرج و قەیدی نەبێت)، چەندین حەدیس هەیە ڕێگەی زۆریشی هەیەو کەچی زانایان هەر بە (ضعیف)ی دەزانن، ئەمە لە کتێبەکانی (تخریج) و (علل)و کتێبەکانی تریشدا بە ڕۆشنی دەبینرێت، کاتێك ئەو قسەیەی سەرەوە وایە کە **ئەو حەدیسە شتی تر نەبێت پێچەوانەی ئەو بێت و ئیشکالیش لەماناکەیدا نەبێت.**

دەی لێرەدا نەك هەر ئیشکال هەیە، بەڵکو کێشەیەکی گەورەش لەوەدا هەیە کە گوایە ئەم ئوممەتی ئیسلامە لە جوولەکە و گاور زیاتر پارچە پارچە دەبن، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە یانی چی ئەم تاقمانە هەموو دەچنە ئاگر، تەنیا یەکێکیان نەبێت؟ ئەمە وادەکات هەریەك لەو تاقمانە لافی ئەوە لێبدات کە تەنها هەر خۆی تاقمە ڕزگاربووەکەیە و ئەوەی لەگەڵ ئەم نەبێت ئەوە خەسارۆمەندو دۆڕاوە، دەی ئەمە خۆی بۆ خۆی مایەی پارچە پارچەکردنی ئوممەتی ئیسلامییە و وایان لێدەکات ئەم قسە بەوی تر بڵێت: کە ئەوەش هەموو لایەك لاواز دەکات و دوژمنەکانیان بەهێز دەکاتو وایان لێ دێ چاویان تێببڕن (هەروەها پێچەوانەی ئەوەشە کە ئەم ئوممەتە

---

[٣٨٨] المستدرك، ٦/١.

باشترین ئوممەتە کە خوا دابێتی بە خەڵکی‌و، فەزڵی پشتبێت بەسەریداو بەزەیی هاتبێتەوە پێیدا).

هەربۆیە زانای گەورە (ابن الوزیر) هەموو ئەو حەدیسانە عەیبدار دەکات، بەتایبەتی ئەو زیادەیەی کە لە ڕیوایەتەکانی تردا هاتووە، چونکە ئەم حەدیسە _ بەڕای ئەو _ بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێك لەم ئوممەتە هەندێکی تری بەسەرلێشێواو بزانێت و نەك ئەوە بەڵکو هەندێك هەندێکی تر بە کافر بزانێت! !

بەڕەحمەت بێت لە کتێبی (العواصم)دا کە دێتە سەر باسی فەزڵ و گەورەیی ئوممەتی ئیسلامی و هۆشیاری دان بە خەڵکی تا کەس هیچ موسڵمانێك بەکافر نەزانێت، دەڵێ:

دەخیلتم هەرگیز بەوە فریو مەخۆ کە دەڵێ: "کلها هالکة الا واحدة"، چونکە ئەوە زیادەیەکی گەندەڵە و لە بناغەدا ڕاست نییەو دوورپش نییە خەڵکانی مولحید و بێدین خزاندبێتیانە ناو حەدیسەکان!

دەڵێت: لە ئیبن حەزمیشەوە گوزاراوەتەوە کە وتوویەتی: ئەو زیادەیە (موضوع)ە، نەبەرز کراوەتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ نەبەرزیش کراوەتەوە بۆ صەحابە،[٣٨٩] بەهەمان شێوە هەموو ئەو حەدیسانەی زەمی (قەدەرییەکان)و (مورجیئەکان)و (ئەشعەرییەکان) دەکەن، هەموو حەدیسی (ضعیف)نو بەهێز نین".[٣٩٠]

جا لە کۆنو نوێشدا چەندین زانا هەن کە ئەم حەدیسەیان لە ڕوونی (سند)ەوە ڕەتکردووەتەوە، زانای واش هەیە لە ڕووی (متن) و (مەعنا)ەوە ڕەتی کردووەتەوە.

---

[٣٨٩] واتە (مرفوع) نییە و (موقوف)یش نییە، (مرفوع) حەدیسێکە تا دەگاتە پێغەمبەر (سند)ەکەی نەوەستێ، (موقوف)یش حەدیسێکە تا دەگاتە صحابە نەوەستێ. (وەرگێڕ).

[٣٩٠] بڕوانە: العواصم و القواصم في الذب عن سنة أبي القاسم (١/٦٨٦، ٦٨٧).

ئەوەتا ئەبو موحەممەدی کوڕی حەزم ڕەتی هەموو ئەوانە دەداتەوە کە خەڵکی بەکافر دەدەنە قەڵەم لەبەرئەوەی جیاوازی بیروڕای هەیە لە شتانێکدا کە ئەو باسیان دەکات.

هەندێ لەو شتانەی کە باسی کردوونو خەڵکی دەیانکات بە بەڵگە بۆ بە کافر دانانی بەرانبەرەکانیان دوو حەدیسە کە دەیدەنە پاڵ پێغەمبەر ﷺ کە بریتین لە:

١- "القدرية والمرجئة مجوس هذه الأمة". واتە: قەدەرییەکانو مورجیئەکان ئاگرپەرستانی ناو ئەم ئوممەتی ئیسلامەن.

٢- "تفترق هذه الامة على بضع وسبعين فرقة ، كلها في النار حاش واحدةً، فهي في الجنة".

ئەبو موحەممەد دەڵێ: "ئەم دوو حەدیسە لە بناغەدا هیچیان _ صحیح _ نین لە ڕووی سەنەدەوە، هەر حەدیسێکیش حاڵی وەها بێت کاری پێناکرێت لای ئەوانەش کە کار بە (حەدیسی ئاحاد)[٣٩١] دەکەن، ئیتر لای ئەوانەی کە کاری پێ ناکەن هەر مەپرسە!!".[٣٩٢]

موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی وەزیریش کە پێشەوایەکی یەمەنییە و موجتەهیدیشەو بە سەرخەری سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دادەنرێت و لە ڕاستیدا (مەعقول)و (مەنقول)یشی پێکەوە کۆکردووەتەوە، ئەم زانایە لە کتێبی (العواصم والقواصم)ەکەیدا و لەو بەشەدا کە حەدیسە ڕیوایەتکراوەکانی موعاویە باس دەکات (ڕەزای خوای لێ بێت) لە حەدیسی هەشتەمدا دەڵێت: حەدیسی پارچە پارچە بوونی ئوممەتی ئیسلامی بۆ حەفتا و ئەوەندە تاقم، هەموو دەچێتە ئاگر تەنیا یەک تاقمیان

---

[٣٩١] حەدیسی ئاحاد ئەوەیە کە یەک کەس بیگێڕێتەوە، بە بەرانبەرییەوە حەدیسی (موتەواتەر) و (مەشهور) هەیە. (وەرگێڕ).

[٣٩٢] بڕوانە: الفصل في الملل والاهواء والنحل، ٢٩٢/٣، طبعة عكاظ للنشر والتوزيع.

نەبێت ئەوە دەڵێم: لە (سند)ی ئەو حەدیسەدا کابرایەکی (ناصبي)[٣٩٣] هەیە، بۆیە ئەو حەدیسە لەبەر ئەو نابێت _ صحیح _ بێت، ترمیذیش بەهەمان شێوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە ئەو حەدیسە ڕیوایەت دەکاتو دەڵێ: "حدیث غریب"، لە باسی (الایمان)دا هێناویەتی و لە ڕێگەی (الافریقی)یەوە کە ناوی (عبدالرحمن بن زیاد)ە لە عبدالله کوڕی یزیدەوە ئەویش لە ئەوەوە (لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرە)وە.

ابن ماجەش نموونەیەکی ئەو حەدیسە لە عەوفی کوڕی مالیك و لە (أنس)ەوە ڕیوایەت دەکات... جا دەڵێت: هیچ کامێك لەو حەدیسانە مەرجی _ صحیح _یان تێدا نییە، هەربۆیە هیچکام لە بوخاریو موسلیم ئەو حەدیسەیان ڕیوایەت نەکردووە.

پێشەوا ترمیزی حەدیسەکەی ئەبوهورەیرە بە (صحیح) دادەنێت کە لە ڕێگەی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی عەلقەمەوە ڕیوایەتی کردووە، بەڵام ئەو حەدیسەی (کلها في النار الا فرقة واحدة)ی تێدا نییە، بەپێی قسەی ئیبن حەزمیش بێت ئەو زیادەیە (موضوع)ە، ئەمەی ڕابوردو خاوەنی کتێبی " البدر المنیر" باسیان دەکات.[٣٩٤]

پێشەوا شەوکانیش باسی قسەکانی ئیبن کەسیر دەکات لەسەر ئەم حەدیسە و پاشان دەڵێت: منیش دەڵێم: ڕاستە ئەو زیادەیەی کە دەڵێ "کلها في النار الا واحدة"

---

[٣٩٣] "ناصبي" زاراوەیەکە بۆ خەوارێج زیاتر بەکار براوە، چونکە دوژمنایەتی عەلیو ئالوبەیتیان کردووە، دەوترێ (ناصبه العداء) بوو بە دوژمنی و بەرانبەری وەستا، هەرچەندە هەندێ لە شیعە توندڕەوەکان ئێستا بە هەموو موسڵمانێکی سوونتی هەر دەڵێن (ناصبي)، گوایە دوژمنی ئالوبەیتین، حاشا بێت. (وەرگێڕ).

[٣٩٤] بڕوانە: العواصم و القواصم، ٣/١٧٠ـ ١٧٢، بڕوانە ئەو کتێبەشمان بەناوی: (الصحوة الاسلامیة بین الاختلاف المشروع والتفرق المذموم).

کۆمەڵێك لە زانایانی حەدیس بە (ضعیف)ی دەدەنە قەڵەم، بەڵکو ئیبنوحەزم دەڵێ: ئەو زیادەیە (موضوع)ە.[٣٩٥]

[٣٩٥] شەوکانی لە تەفسیری ئایەتەکانی (٦٥ـ ٦٧)ی سورەتی "المائدة"دا باسیان ئەکات، (٥٩/٢)، طبعة دار الفکر، بیروت، "الصحوة الاسلامیة"ەکەی پێشوو ص٣٤ـ ٣٩، طبعة دار الشروق، القاهرة.

٥

ـ دەربارەی دووبارە نووسینەوەی مێژوو

١ـ بۆچی بانگەشەی دووبارە نووسینەوەی مێژوو دەکەین؟
٢ـ دەبێت کێ مێژووی ئیسلامی بنووسێتەوە؟
٣ـ چۆن مێژووی ئیسلامی بنووسرێتەوە؟

١ـ بۆچی بانگەشەی دووبارە نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی دەکەین؟

زۆر کەس لەم سەردەمەدا هاوار دەکات: پێویستە دووبارە مێژووی ئیسلامی بنووسرێتەوە لە ڕووی میتۆدێکی تازەو لە ڕووی تەفسیرێکی تازەوە..

گومانی تێدا نییە ئەمە پێویستیشەو گرنگیشە، بەڵام شتێکی ترسناکەو پێی زۆر کەسی تێدا هەڵدەخلیسکێت، چونکە هەموو کۆمەڵێك دەیەوێت بەپێی قوتابخانە فیکرییەکەی خۆی مێژوو بنووسێتەوە، یان بە پێی (عەقیدە) و ئایدۆلۆژیای خۆی.

کابرای عەلمانی لیبرالّی دەیەوێ نووسینەوەی مێژوو والێبکات خزمەت بە فەلسەفە تاکگەراییەکەی خۆی و تیۆری سەرمایەداری بکات و، ڕووداوەکان بەو فەلسەفەیە ڕەنگ بکات و بەو پێیەش تەفسیریان بۆ بدۆزێتەوە.

کابرای مارکسیش دەیەوێت تەفسیرێکی ماددی بۆ مێژوو بکات و هەموو بیرۆکەیەکی غەیبی و ڕۆحی _ لە بڕوابوون بە خوا و وەحی و ئاخیرەتدا _ لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان دووربخاتەوە، دەیەوێت ماددە بکاتە فاکتەری سەرەکی بۆ ئاراستەکردنی ڕووداوەکان، دەیەوێت مێژوو خزمەتی فەلسەفە دەستەجەمعییەکەی خۆی بکات و ئاماژەی ململانێی چینایەتی تێدا بدۆزێتەوە، تەنانەت لە ژیاننامەی پێغەمبەریشدا ﷺ، ئەوەتا دێن صەحابەکان دابەش دەکەن بەسەر (ڕاست) و (چەپ)دا و ململانێیەکی خەیاڵی (بەتاڵ) لە نێوانیاندا دەهێنن و دەیبەن.

کابرای ناسیۆنالیزمی عەرەبیش لە گۆشەنیگای هەستە نەتەوایەتییەکەیەوە سەیری هەموو شتەکان دەکات، خەریکە دان بە مافی هیچ میللەتێکی تردا نەنێت، دێت و ڕووداوەکان پەلکێش دەکات بۆ ئەوەی خزمەتی نەتەوەپەرستییەکەی خۆی پێ بکات، ئەم بابای نەتەوەپەرستە دێت هەرچی کەسی عەبقەری هەیە کە لە مەیدانی زانست و کاردا لە مێژوودا هەڵکەوتوون، ئەم ناسنامەیەکی ناسیۆنالسیتیان

دەداتێ بۆ ئەوەی قارەمانەکانی خۆی پێ زیاد بکات!... هەروەها خەڵکانی تریش (هەریەکە ئامانجێکی هەیە).

* مێژووی ئیسلامی بەوشێوەیەی زلهێزەکان دەیانەوێت :

بەهەمان شێوە هەندێ لە هێزە گەورەکانی دونیای ئەمڕۆمان _ لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا _ دەیانەوێت ئێمە دەستکاری مێژووی خۆمان بکەین و لە پێناو ئەواندا ناسنامە و بوونمان بگۆڕینو، بەو شێوەیەش ئەو بێت و لە ئێستاماندا ببێتە دەسەڵاتدار بەسەرمانەوە، ئەمریکا دەیەوێت ئەو شتانەمان بۆ دیاری بکات کە پێویستە ئێمە بیخوێنین و فێری ببین، تەنانەت دەیەوێ یاساکانی دینەکەشمان هەر خۆی بۆمان دیاری بکات!!

(سەیرە) ئەمریکا دەیەوێت چارەنووس و داهاتووشمان هەر ئەو بڕیاری لەسەر بدات..

ئەم هێزانە بەنیازن دەست وەربدەنە ڕابوردوومان و ئەو وێنانەی لێ بهێڵنەوە کە ئەوان دەیانەوێت!! ئیتر هەرچیان ویست لەو مێژووەدا وەریبگرن و بیهێڵنەوە و هەرچیشیان نەویست بیگۆڕنو شتێکی تری لە جێگەدا دابنێن!

کەواتە هیچ سەیر نییە کە بە ئاشکرا یان لە پشتی پەردەوە داوامان لێبکات ئێمە بێین و غەزاکانی پێغەمبەر ﷺ و مەفرەزەکانی بسرپینەوە و فتوحاتی صەحابە بەڕێزەکانی و تابیعینە بەوەفاکانی لابدەینو، بەهەمان شێوە هەموو ئەو جەنگانەی کە موسڵمانان کردوویانە لە کاتی پەتکردنەوەی هێرشی خاچپەرستەکان (ئیفرەجییەکان)و پەلامارەکانی تەتاردا!! ئەمانە هەموو بکوژێنینەوە لە مێژووی خۆماندا، ئەو هێزە گەورانە هەر بەوەنەدەوە ناوەستن و دەیانەوێت ئێمە ناوی پیاوە گەورەکانیشمان کوێر بکەینەوە، وەک (ئەبوعوبەیدە) و (سعد) و (خالدی کوڕی وەلید) و (عەمری کوڕی عاص) و (عوقبەی کوڕی نافیع) و (تاریقی کوڕی زیاد) و

(نورەددین مەحمود) و (سەلاحەددینی ئەیوبی) و (سیف الدین قطز) و (محمدی فاتح) و هاوشانەکانی ئەم پاڵەوانانە.

بە کورتی: ئەو هێزە دەستڕۆیشتووانە دەیانەوێت بە قەڵەمەکانی خۆیان یان بە قەڵەمی کۆیلەو خزمەتکارەکانیان مێژووی ئێمە بنووسنەوە، تا شتێکی کلك و گوێکراوی شێوێنراومان پێشکەش بکەن کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی نەبێت بە ئێمەوە، نە ئێمە ئەو بناسین و نە ئەو ئێمە بناسێت!

نووسینەوەی مێژوو بەم شێوازە هیچ سوودێکی نییە، نەك ئەوە، بەڵکو زیانی زۆرترە لە سوود، ئەگەر شتی واش بکەین پاش چەند ساڵێك ناچار دەبین کە سەرلەنوێ هاوار بکەین و بڵێین: پێویستە سەرلەنوێ مێژوو بنووسینەوە.. ئەم هاوکێشەیە بەردەوام دەسوڕێتەوە (لە بازنەیەکی داخراودا).

بۆیە ئەگەر بمانەوێت مێژووی ئیسلامی بنووسینەوە پێویستە بەر لە هەموو شتێك ئامانج لەو نووسینەوەیە دیاری بکەینو، ئەو کەموکوڕییانەی کە دەمانەوێت تێیدا نەبێت (واتە لە نووسینەکەدا) پێویستە دیاری بکرێت و لەسەری ڕێکبکەوین و ئەو میتۆدەش دیار بێت لەلامان کە ئەو مێژووەی پێ دەنووسینەوە.

٢ـ کێ مێژووی ئیسلامی بنووسێتەوە؟ چۆنیش بنووسرێتەوە؟

بەم شێوەیە دەبینین هەموو ئەو کەسانەی کە پسپۆڕن لە زانستی مێژوودا ناتوانن هەستن بە نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی ئێمە، بەڵکو پێویستە ئەو کەسەی دەیەوێت وەها کارێك بکات ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی فراوانی وای هەبێت کە لە مێژووی ئیسلامی تێبگات، لەو ئوممەتە ئیسلامییەش تێبگات کە ئەو مێژووەی دروست کردووە، هەروەها دەبێت لە فەلسەفەو عەقائد و شەریعەت و شارستانییەتی ئوممەتی ئیسلامییش حاڵی بووبێت، ئەو کەسانە پێویستە لەو میتۆدەش تێگەیشتبن کە مێژوونووسە پێشینەکانی ئێمە مێژوویان پێ نووسیوەتەوە _ تا لەو خاڵە لاوازانە خۆی لابدات کە پێویستە لە کاتی نووسینەوەی مێژوودا دووبارە نەبنەوە _ ئەو کەسە دەبێت ئەو سەرچاوە زۆر و جۆراوجۆرانەش بناسێت کە پێویستە مێژوویان لێ وەربگیررێت، جگە لە سەرچاوە گشتییەکانی مێژوو کە خەڵکی دەقیان پێوەگرتووە (لە کاتی نووسینەوەی مێژوودا)، کە بە دڵنیاییەوە ئەو سەرچاوانەی تر شتێکی زۆرن (و بەکەڵکن)و ئێمەش لە پێشەوە باسی هەندێکیانمان کرد لەو شوێنەی باسمان لە بەرپرسیارێتی مێژوونووسان کرد، (زیاد لەمانەش) پێویستە ئەو کەسەی کە دەیەوێت مێژوو بنووسێتەوە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات لە بەردەم خودادا و لەبەردەم وێژدانی خۆیدا و لەبەردەم ئەو ئوممەتەشدا کە ئەو مێژووەکەی دەنووسێتەوە، چونکە ئەوەی ئەو دەینووسێتەوە پەیوەندە بە ڕێزو ناموسی ئوممەتێکی گەورەی واوە کە لەسەر بناغەی دینێکی گەورە بەرقەرار بووە و لە دونیادا شارستانییەتێکی بەرزو بڵندی دروست کردووە، بۆیە دروست نییە بە سووك سەیری کاری وابکرێت، یان شل دەستی بۆ ببرێت، لەبەر ئەمەیە دەڵێین: یەکەمین شتێك کە پێویستە مێژوونووس خۆی لێ بپارێزێت _ لەو شتانەی کە دەبێت لێیان بەدوور بێت _ ئەوەیە ئارەزووبازی و لایەنگری نەکات، چونکە ئەو دوو شتە مرۆڤ کەڕ و کوێر دەکەن و لە

ڕاستی لای دەدەن، ئەو کەسە پێویستە ڕووداوەکان _ بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی کە لە سەردەمی ئاژاوەو ململانێدا دروست دەبن _ ڕزگار بکات لە ڕیوایەتە چێنراوەکانو ئەو حیکایەتانەی ڕاستی لە مرۆڤ دەشارنەوە، وەک لە زووەوە کەسانێکی بەڕێزی وەک (محب الدين الخطيب) و (دکتۆر محمد فتحي عثمان) و جگە لەوانیش ئەم باسەیان وروژاندووە.

*** دوو بەڵا هەیە پێویستە مرۆڤ خۆی لێیان ڕزگار بکات :**

نووسینەوەی مێژووی ئەم ئوممەتە پێویستە ڕزگار بکرێت لە دوو بەڵای بنەڕەتی:

یەکەمیان: لاوازی لە سەلماندنو متمانەدان بە شتەکاندا.

دووەمیان: خراپ خوێندنەوە و خراپ تەفسیرکردنی ڕووداوەکان.

ڕزگاربوون لەم دوو بەڵایە مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی لە ڕووی میتۆدێکی ڕاستەقینەوە مێژووی ئوممەتەکەمان بنووسینەوە.

١. لاوازی لە متمانەبەخشیندا:

سەبارەت بە لاوازی لە متمانەبەخشیندا؛ لە پێشەوە باسمان کردو، بە درێژی لەسەری ڕۆیشتین لەو شوێنەدا کە باسمان لە بەرپرسیارێتیی مێژونووسانی کۆن کرد کە هاتوون هەموو ئەو ڕیوایەتانەی بۆیان گوازراوەتەوە قەبوڵیان کردووە و نووسیویانەتەوە و بڵاویشیان کردووەتەوە (بەدنیادا)، با (سند)ەکانیشیان درۆ و هەڵبەستراو یان لاوازو پووچ و عەیبداریش بووبن لە دیدی پێشەوایانی (جەرح)و (تعدیل)دا، گوایە ئەوان هەر ئەوەیان بەسە کە (بەسەنەد) هەواڵەکانیان بۆ دوای خۆیان گواستووەتەوە و، هەر کەس بیەوێت خۆی دڵنیا بکات لە ڕاستی شتەکە

پێویستە بڕوات‌و ژیاننامەی پیاوانی ناو (سند)ەکە بخوێنێتەوە و بۆ ڕادەی (عەدل) و (هێزی لەبەرکردن، حفظ)یان بگەڕێت.

ڕاستترین‌و دروستترین میتۆدێك کە ئەم مێژووەی پێ بنووسرێتەوە بریتییە لە دووبارە سەیرکردنەوەی (سند)ی هەموو ڕیوایەتەکان، جا ئەگەر (ڕاوییەك)مان بینی ڕیوایەتی شتێکی دەکرد ڕەواجی بۆ تاقمێکی تایبەت دروست دەکردو خۆیشی سەر بەو تاقمەیە، ئەوە پێویستە بەگومانەوە لەو ڕیوایەتە بڕوانین، ئەگەر هەر ڕەتیشی نەکەینەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر (ڕاوییەك) هەبوو لە (سند)ەکە کەسێکی درۆزن بوو یان هەڵەی زۆری هەبوو یان لەبەرکردنی نەبوو، یان شتێك لەو بابەتانە، ئەوە پێویستە ڕیوایەتەکەی چز بکرێت یان بخرێتە ناو بازنەی گومانەوە و وەرنەگیرێت، مەبەستم ئەوەیە لێرەدا هیچ بوارێك نییە ئەوە نەبێت پشت بە میتۆدی (زانایانی حەدیس) ببەستین، هەرچەندە زۆربەی مێژوونووسان ئەم ڕایەیان نییە، هۆکەشی ئەوەیە زۆر شارەزا نین لەم میتۆدەداو نازانن جوان مامەڵەی لەگەڵدا بکەن!

کاتی خۆی لە کۆنگرەی جیهانی سوننەت‌و سیرەتی "پێغەمبەر"دا کە لە (دەوحە) گیرا لە سەرەتای سەدەی پازدەهەمی کۆچیدا من لەوێدا موناقەشەیەکی زۆرم لەسەر ئەمە کرد، هەندێك دەیانوت: ئەگەر مەنتیقی زانایانی حەدیس بکەینە پێوەر بۆ مێژوو، وای لێدێت شتێکی وا نامێنێت لە مێژووی ئێمە کە جێگەی متمانە بێت و پشتی پێببەستڕێت، منیش وام وەڵامدانەوە: باشە خۆ هیچ نەبێت پێویستە لە کێشە گەورەکاندا کە جیاوازییان لەسەر دروست بووە ئێمە ئەم پێوەرە پیادە بکەین، بۆ ئەوەی بەڵگەمان هەبێت لە بەرانبەر ئەوانەدا کە ڕای پێچەوانەیان هەیە، ئەو کاتە تەرجیحدانەکەمان بەبێ (مورەجیح) نابێت (بە بەڵگە دەبێت).

مەبەستمان بە میتۆدی زانایانی حەدیس ئەوە نییە گرنگی بە فۆرم و شێوە بدرێت و گوێ بە ناوەرۆك نەدرێت، یانی هەر گرنگی بە (سەنەدەکان) و ڕاوییەکان

بدرێت و ئیتر گوێ نەدرێت بە (دەق)ەکە یان مەتنەکە وەک ئەوەی زانایانی (مصطلح الحدیث) باسیان کردووە.

نەخێر پێویستە هەردوو بارەکەی باس بکرێت: (سەنەد)یش و (مەتن)یش پێکەوە، دەبێت بێین لە هەموو ڕاوییەکان وردبینەوە و ڕادەی (صدق) و (عەدالەت) و (ضبط)و (جوانحاڵیبوون)یان بدۆزینەوە، یانی دەبێت وابکەین دڵنیا ببین لەوەی کە ئەمانە لە ڕووی ڕەوشتەوە جێگەی متمانەن و لە ڕووی عەقڵیشەوە هەر جێگەی متمانەن، ئەمە ئەوەیە کە پێشەوایانی پێشین لەسەری ڕۆیشتوون، ئەوانەیان کە هەم (فیقە) و هەم (حەدیس)یشیان لا کۆبووبوویەوە، ئەم پێشەوایانە هەندێ لە زانایان ناویانیان نابوو (فقهاء الحدیث) واتە فەقیهە حەدیسزانەکان، کە پێشەوا مالیك و سوفیانی سەوری و شافیعی و ئیبن حەنبەل و بوخاری و هاوڕێنەکانیان هەندێکن لەو فەقیهە حەدیسزانانە...

ئەو پیاوانە چەندین حەدیسیان چێ کردووە کە خەڵکانی گەورە و ناوداریش لە حافزەکان ڕیوایەتیان کردوون، هەر لەبەرئەوەی کە بینویانە ئەو حەدیسانە دژ بەو شتانەن کە لە دیندا یان لە زانستدا قسەی کۆتاییان تێدا کراوە، یان وایان بنیوە ئەو حەدیسانە دژ بە ئایەتێکی قورئانن یان دژ بە حەدیسێکی ترن کە لەو حەدیسانە بەهێزترو بڵاوترن، ئەم (ڕایە) پێوەرێکی چاکە و پێویستە سودی لێ ببینین بۆ هەڵسەنگاندنی ڕیوایەتە مێژووییەکان کاتێك کە وەریاندەگرین یان چزیان دەکەین.

هەر لەبەر ئەمەیە کە یەکێکی وەکو ئیبن خەلدون ژمارەیەکی زۆری ڕیوایەت لە کتێبەکانی مێژوودا لە بەنی ئیسرائیلو جگە لەوانیش کە باسکراون، چێ دەکات و دەیداتە دواوە، چونکە زیادەڕەویی و زلکردنی زۆریان تێدایە و عەقڵ نایانبڕێتو، ڕووداو و پێشکەوتنەکانی ئەو سەردەمەش نایانسەلمێنێت.

مێژوونووس نابێت کەسێکی (موتەناقین) بێت لە بیروڕا و چەمکەکانیدا، یانی بڕوا بە شتێك بکات و بڕوا بە دژەکەشی بکات، ڕیوایەتێك قەبووڵ بکات کە لۆژیکی ئەو

دینەی ئەو بڕوای پێیەتی چزی دەکات، بۆ نموونە ئەو ڕیوایەتە لاوازانە قەبوولّ بکات کە سەردەمەکانی صەحابەو تابعین دەشێوێنن کەچی لە چەندین حەدیسی (صحیح)دا هاتووە کە ئەو سەردەمانە باشترین سەردەمی ئەم ئوممەتەن.

بە هەمان شێوە مێژوونووس نابێت (موتەناقین)یش بێت لە بەرهەمەکانی زانستە جۆربەجۆرەکاندا، یانی بێت شتانێك لە مێژوودا قەبوولّ بکات، کەچی ئەو شتانە (لە هەمان کاتدا) دژ بە بەرهەمەکانی زانستی کۆمەڵناسیی بێت یان دژ بە بەرهەمەکانی سایکۆلۆژی یان ئابووریناسی یان زانستە سروشتییەکان یان بیرکاری یان زانستە ئایینییەکان بێت.

هەروەها ئەوەی مێژوو دەیگێڕێتەوە نابێت لەگەڵ باوەکانی خوادا (سنن الله) _ کە ئەم بوونەوەرەی لەسەر دامەزراندووە _ دژ بەیەك بن!

خوای گەورە ئەم بوونەوەرەی هەموو وەك تۆڕێك پێکەوە بەستووەتەوە چ هۆکارەکان و چ ئەنجامەکان، ئەم جیهانە هەروا بە هەڕەمەکی ناڕوات بەڕێوە، یان لەسەر سیستمێکی گۆڕاو بێتو بچێت، ئەمڕۆ بەسیستمێك و سبەی پێچەوانەی ئەو سیستمە، نەخێر! ئەو سیستمانە هەموو نەگۆڕن وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلاً وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلاً) (فاطر: ٤٣) واتە: تۆ نابینی کە باو و سیستمەکانی خوا بکرێنە شتێکی تر یان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

٢ . خراپ تەفسیرکردنی مێژوو:

مێژوو چۆن لە کاتی نووسینەوەدا دووچاری لادان و شێواندن دەبێت، بە هەمان شێوەش تووشی ئەو دوو دەردە دەبێت لە کاتی تەفسیرکردنو خوێندنەوەکاندا بۆی.

لەم سەردەمی ئێمەدا دەبینین ئارەزووپەرستی و دەمارگیری و ڕەوتە فیکرییەکان کاری خۆیان دەکەن لە کاتی خوێندنەوەی مێژوودا یان لە کاتی

تەفسیرکردن و ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا، ئەم حاڵەتە بەسەر مێژووی ئیسلامیشدا هاتووە و ڕەنگی داوەتەوە تێیدا.

ڕۆژهەڵاتناسان بەشێوەیەکی گشتیی کە تۆێژینەوە لە مێژوودا دەکەن ،[٣٩٦] دێن ئەو تۆێژینەوانە دەخەنە خزمەت بیرۆکەیەکی تایبەتی خۆیان کە دەربارەی موحەممەدی پێغەمبەر ﷺ و دینەکەی هەیانە، لای ئەوان موحەممەد پێغەمبەری خوا نییە، ئیسلامیش ئایینی خوا نییە و، ئەصحابەکانی پێغەمبەریش ﷺ هیچ نین جگە لە کۆمەڵە کەسێکی موغامەرەچی کە لەسەر دونیا خەریکی کێبەرکێ کردنن!!

دەی ئەگەر ئەوە بیرۆڕایان بێت دەربارەی (صحابە)، ئەی ئیتر دەبێت بیرۆڕایان بۆ دوای صەحابە چی بێتو چۆن بێت؟!

ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە ئایین لەلایان تەنیا ئایینی گاور و جوولەکەیە، ئیسلام لای ئەوان کۆپیەکی ئەو دوو ئایینەیە، بەڵام پڕ کراوە لە لادان!! لای ئەوان تەنیا خەڵکی ڕۆژئاوا پیاوی گەورەی تێدا هەڵدەکەوێت و شارستانییەت تەنیا شارستانییەتی یۆنان و ڕۆمانە و موسڵمانەکان هیچێکی تازەیان نییە ئەوە نەبێت کە لە ئەوانەوە گواستوویانەتەوە... هتد.

جا لە پێناو ئەم بیرۆکانەیاندا دێن ڕووداوی گرانبەهای زۆر پشتگوێ دەخەن و ڕووداوی هیچوپووچی(زۆریش) گەورە دەکەن و چەندین هەواڵی دروست چڕ دەکەن و پشت دەبەستن بە چەندین هەواڵی لاوازو درۆ، ڕاوی ئەو هەواڵە درۆیانە دەکەن لەهەر کتێبێکدا کە پێشچاویان دەکەوێت وەک کتێبی (الإمامة والسياسة) کە دراوەتە پاڵ (ئیبن قوتەیبە)، یان لە کتێبەکانی ئەدەب، وەک ئەوانەی (جاحظ) یان کتێبی (الأغاني) ئەصفەهانی، زۆرجاریش دەبینی کە بە هەڵە ئەو ڕووداوە مێژووییانە

---

[٣٩٦] بڕوانە کتێبی (المنهج عند الغربيين في كتابة التأريخ الاسلامي، دکتور عبدالعظيم الديب)، یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی "كتاب الامة" لە دەوحەدا.

دەخوێنەوە، جا نازانم، ئایا ئەوە عەرەبی نەزانینە و ئاگانەبوونە لە ڕێزمانی عەرەبی یان ئەوکارە بە ئەنقەست دەکەن و نیازیان پیسە!

هەموو ئەو توێژینەوانە بە ئاڕاستەیەکدا دەبەن کە پڕە لە ژەهرو بیروڕا پێشوەختەکانیان کە دەربارەی ئیسلامو قورئانو پێغەمبەرو صەحابەو ئوممەتی ئیسلامی و پەیامو شارستانییەتی ئیسلامی هەیانە، کە بەو توێژینەوانە پشتڕاستیان دەکەنەوە.

مارکسییەکانیش لە ڕووی فەلسەفە زانراوەکەی خۆیانەوە دێن مێژوو تەفسیر دەکەن، تەفسیرێکی ماددی بۆ دەکەن و تیۆری (ململانێی چینایەتی) بەکاردێنن لەو تەفسیر کردنەیانداو، هەوڵ دەدەن ئەو تیۆرە بسەپێنن بەسەر سەرەتاکانی ئیسلام و دەرکەوتن و بڵاببوونەوەیداو، لەم تەفسیرکردنەیشیاندا بە ڕاستی ملی ڕووداوەکان دەقەمچێننەوە بۆ تەفسیرەکانیان و مانایەکی وا لەو ڕووداوانە دەردێنن کە هەرگیز ئەو مانایە هەڵناگرن و دێن (چەپڕەوەکان) و (ڕاستڕەوەکان) لەناو صەحابەدا دروست دەکەنو ململانێیەکی خەیاڵی (ناواقیعی) لەو نێوانەدا دروست دەکەن... ئا بەو شێوەیە...

زۆرێك لە نووسەرە موسڵمانەکانیش خۆیان دێن هەندێ بەرگ دەکەنە بەر ڕووداوەکانی مێژوو، یان هەندێ هەڵوێستی پیاوە ناودارەکانی مێژوو کە خەڵکی وا تێدەگات ئەوە گەمەکردن و درۆکردن بووە لەگەڵ یەکتریدا، وا دێتە بەرچاوی کە پەیوەندی نێوان عومەر و خالید، یان عوسمان و عەلی، یان عەلی و تەڵحە و زوبەیر، هەر هەمان پەیوەندییە کە ئەمڕۆ لە نێوان خەڵکانی چاوچنۆکو دونیاخۆرەکانی ناو حزبە سیاسییەکان و بازرگانانی سیاسەتدا بوونی هەیە، ئەمانە دێن لە ڕووی ئەم دیدە ستەمکارانەی خۆیانەوە ئەو هەڵوێست و ڕووداوانە تەفسیر دەکەن، کە بە ڕاستی ئەم تەفسیرانە تاوانێکە دژ بەو نەوە خوداویستە دەکرێت، کە ئەوەندە میسالیو ناوازە بوون پێناچێت هەموو دنیا کەسانێکی لە هاوشێوەی ئەوان دیبێت...

ناسیۆنالیستە عەرەبەکانیش مێژووی ئیسلامیی بە پێی دیدە نەتەوەپەرستییەکەی خۆیان ئاراستە دەکەن، لە دیدی ئەواندا ئیسلام ڕاپەڕینێکی عەرەبی بووە، یان قەڵەمبازێکی عەبقەرییانەی عەرەب بووە، خودی پێغەمبەری ئیسلامیش لای ئەوان پاڵەوانێکی ناسیۆنالیستەو ئوممەتی عەرەب پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە! کەواتە سەیر نییە کە "قارەمانەکانی ئیسلام"و زانا و پیاوە گەورەکانی ئەم دینە بە درێژایی مێژوو لەم نەتەوەپەرستانەی عەرەب ببنە "پاڵەوانی عەرەبی"! لەگەڵ ئەوەدا خەڵکی فارسیو ئەفغانی و هیندی و میللەتانی تریشیان زۆر تێدایە!

ئەوەش سەیر نییە کە شارستانییەتی ئیسلامییان لێ ببێتە (شارستانییەتی عەرەبی)، کە بێگومان ئەو شارستانییەتە شارستانییەتێکی ئیسلامییە بە حوکمی ئامانجەکانی و بەهاکانی و فەلسەفەکەشی کە لە ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە... ئەو شارستانییەتە ئیسلامییە، بە حوکمی ئەوەش کە پاڵنەرەکانی و هاندەرەکانی هەموو بە ئیسلامەوە پەیوەست بوون ... هەروەها بە حوکمی ئەوەش کە ئەوانەی بەشداربوون لە دروستکردنی ئەم شارستانییەتەدا لە هەموو ڕەگەزو میللەتێکی تێدا بووە وەک (فارس، ئەفغان، هیندستان، تورک، کورد، بەربەر و خەڵکانی تریش)، بۆیە دەڵێین شارستانییەتێکی ئیسلامییە... دیسان بە حوکمی ئەوەش کە لەسەر پانتاییەکی فراوانی دونیا ئەم شارستانییەتە دامەزراوە کە هەموو جیهانی ئیسلامی گرتووەتەوە، بۆیە هەر دەبێت ناوی شارستانییەتی ئیسلامی لێ بنرێت نەک عەرەبی.

ڕاستە نکوڵی لە فەزڵی عەرەب ناکرێت، چونکە یەکەمین لەشکری ئیسلامییان لێ دروست بوو، سەرەتا ئەوان ئیسلامیان نا بەشانەوە و گەیاندیانە دونیا و، ئەوان قورئان و سوننەتیان ناساند بە خەڵکی و، کۆتا پێغەمبەریش ﷺ لەناو ئەواندا پێگەیی و بە زمانی ئەوان ئەم پەیامە نەمرە هاتە خوارەوە و، کەعبە و مەدینەش لە زەوی ئەوانداید و مزگەوتی (ئەقصا)ش هەر لە هەمان زەویدایە کە خوای گەورە

بەرەکەتی خۆی ڕشتووە بەسەریدا و بە چواردەوریدا، بەڵام ئەمانە شتێکن و شێواندن و لادانی مێژووش شتێکی ترە.

یەکێک لەو خراپخوێندنەوانە بۆ مێژوو ئەوەیە کە بەتەنها لە سۆنگەی مێژووی سیاسییەوە بڕیاری خۆت بدەی دەربارەی ئەو ئوممەتەی ئەو مێژووەی دروست کردووە، لە کاتێکدا مێژووی سیاسیی مێژووی پاشا و سەرکردە سیاسیی و سەربازییەکانە و ناکرێت ئەو کۆمەڵگە بەرفراوانو گەورەیە پشتگوێ بخرێت بەو هەموو چین‌و توێژە جیاوازەوە، وەک زانایان و ئەدیبان و دونیانەویستان و دانایان و بازرگانان و جوتیاران‌و خەڵکانی تریش کە پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری دەدات دەربارەیان و دەفەرموێ: "هل ترزقون وتنصرون إلا بضعفائكم؟".[٣٩٧] واتە: مەگەر ئێوە بە بۆنەی خەڵکە لاوازەکەی ناوتانەوە نییە کە خودا نان و سەرکەوتنتان بۆ دەنێررێت! پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی ئەوە دەدات کە چینە لاوازەکان و گومناوەکانی کۆمەڵگە سەرچاوەی نان و بەرهەمن لە ئاشتیداو، سەرچاوەی زیانیشن لە جەنگدا، هەر بۆیە پێویستە مێژوونووس ماف خۆیان و پانتایی شایان و شایستەیان پێ بدات لە کاتی نووسینەوەی مێژوودا.

* کۆیلە و دوژمنانی مێژوو:

پێویستە لەکاتی نووسینەوەی مێژوودا لە کاریگەری دوو دەستە خۆمان ڕزگار بکەین کە یەکێکیان لاگیری کەمتەرخەمییە و ئەوی تریان لاگیری زیادەڕەوییە.

ئێمە باش ئاگامان لەوە هەیە کە خەڵکانێک هەن لە چواردەورماندا و لە خوێن‌و گۆشتی ئێمەن،[٣٩٨] کەچی نکوڵی لە ڕابوردوو دەکەن و چاویان بە کەلتووردا

---

[٣٩٧] رواه البخاري عن سعد بن أبي وقاص.

[٣٩٨] عەرەبییەکەی ئەڵێ: (ومن بني جلدتنا)، ئێمە ئەوەمان لە بەرانبەریدا بۆ دانا. (وەرگێڕ).

هەڵنایەت و هیچ گرنگییەك بە مێژوو نادەن‌و، قەناعەتیان وایە مێژوو چەند چینێك تاریکاریی لەسەر یەك نیشتووە!

ئەو کەسانە لای ئەوە لێدەدەن کە ئەمان هەڵگرانی تازەگەرین، تازەگەریش لای ئەوان ئەوەیە کە پابوردوو بڕوخێنن و سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە، خەڵکە نەخوێندەوارەکەی وڵاتی ئێمەش دەڵێن: هەرکەس پابوردووی نەبێت، داهاتووشی نابێت! ئەوانە دەیانەوێت "فرمانی پابوردوو"ش لە زماندا نەهێڵن و دوێنێ لە بازنەی کاتدا دەربهێنن، ئەحمەد شەوقی وەسفی ئەو جۆرە کەسانە دەکات و دەڵێ:

ولو استطاعوا في المجامع انكروا من مات من آبائهم أو عمّرا[٣٩٩]

لەبەرانبەر ئەمانەشەوە هەندێکی تر دەیانەوێت خۆمان لەناو زبڵدانی مێژوودا بەند بکەین و هەر خەریکی کاوێژ کردنەوەی خۆشی و ناخۆشییەکان‌و چاکە و خراپەکانی پابوردوو بین و چەق ببەستین لەوێداو، نەجوڵێین و هەوڵ نەدەین مێژوویەکی تازە بۆ خۆمان دروست بکەین، کە شاعیرەکە دەڵێ:

کـن ابن من شئت واكتسب ادبا
يغنيـــك محمـوده عن النسب
ان الفتى من يقـول: هـــا أنا ذا
ليس الفتى من يقول: كان أبي[٤٠٠]

نەك هەر ئەمە، بەڵکو هی وا هەیە وا دەزانێت مێژووی ئێمە هەر هەمووی سەروەرییەو گشتی خاڵی گەشە و، دێن بەرگریی لە زاڵمترین کەسی ناو ئەو مێژووەش دەکەن، ئێمە لە زۆر کتێبدا وەڵامی ئەو دوو ئاراستەیەمان داوەتەوە [٤٠١]،

---

[٣٩٩] واتە: گەر بیان توانیایە نکوڵیان لەباوباپیرانی مردوو و زیندوویان دەکرد لەناو خەڵکیدا.

[٤٠٠] کێت دەوێت بیە بەکوڕی، بەڵام خۆت فێری ئەدەب بکە جێگەی هەموو ڕەچەڵەکێکت بۆ دەگرێتەوە، گەنج ئەوە نییە بڵێ: باوکم وا بوو و بنەماڵەکەم وا بوو، گەنجی ڕاستەقینە ئەوەیە بڵێ : ئەمەتا من ئەمەم کە هەم!

[٤٠١] وەك کتێبەکانی: (الوقت في حياة المسلم) و (ثقافتنا بين الاصالة والمعاصرة) و (بينات الحل الاسلامي) و (كيف نتعامل مع التراث) و کتێبی تریش.

ئاراستەی ئەوانەی کە نکولّی لە ڕابوردوو دەکەنو دەیانەوێت خۆیانی لێ دابڕنن، ئاراستەی ئەوانەش کە خۆیان بەندی زیندانی ئەو ڕابوردووە کردووە و نایانەوێت بە هیچ جۆرێك بێنە دەرەوە لێی.

*** قوتابخانەیەکی تازە بۆ نووسینەوەی مێژوو:**

ماوەی چەند ساڵێکە لە میصردا کۆمەڵێك پەیدا بوون دەیانەوێت مێژوو بنووسنەوە بەگوێرەی میتۆدێکی تازە، بەتایبەتی مێژووی کەسایەتییە ئیسلامییەکان، دەیانەوێت بێن سەنەدی ڕیوایەتەکان هەموو بپشکنن و بەراوردکاری لە نێوان ڕیوایەتە جۆراوجۆرەکاندا بکەن و، ڕەچاوی ڕەوتی گشتی ئەو کەسایەتییە بکەن لەگەڵ ڕەوتی گشتی کۆمەڵگەدا، هەروەها دەیانەوێت ڕەچاوی سیاقی ڕووداوەکان بکەن، واتە ئەو ڕووداوە بخرێنە ناو شوێن و کات و سیاقی مێژووی خۆیانەوە و دادگایی ئەو ڕووداوانە بە سەردەم و پێوەرەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان نەکرێن، چونکە ستەمێکی زۆر گەورەیە.

ئەدیبو ڕەخنەگر و بیرمەندی گەورە (سەید قطب) بەڕەحمەت بێت دیارترین کەسە کە ئەم بیروڕایەی هەبوو بێت، ئەم بیروڕایەی خۆی لە نامیلکەیەکدا ڕاگەیاندووە کە ناوی (التأریخ: فکرة ومنهاج)ەو، لەوێدا ڕۆشنی کردووەتەوە کە پێویستە چۆن مێژوو بنووسینەوە.

یەکێکی تر لەو کەسانە بریتی بوو لە زانایەکی ئەزهەری، ڕیشەدار لە زانستەکاندا، بەرچاوڕوون لە دید و سەرنجەکانیدا، لاگیری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا نەبوو، کەسێکی بە توانا بوو لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەدا، ئەو زانا گەورەیەش (شێخ محمد صادق عرجون) بوو بەڕەحمەت بێت، شێخ عرجون سێ کتێبی مێژوویی لەم بابەتەدا نووسیوە، سەرەتاکەی بە کتێبی (عثمان ابن عفان) دەستی پێ کرد، کە تێیدا زۆر بە ویژدانەوە لەسەری نووسیوەو مافی ئەو و ئوممەتی ئیسلامی و مێژووی ئیسلامیشی

پاراستووه، دووهەم کتێبی بریتی بوو لە کتێبی (خالد بن الولید)، کە تێیدا ڕەخنەی لە هەموو ڕیوایەتەکان گرتووە و ڕووداوەکانی شیی کردووەتەوە و توێژینەوەی لەو خاڵانەدا کردووە کە جێگەی مشتومڕن لە مێژووی ئەو پیاوەدا، وەک: لابردنی لەسەر کار لە لایەن عومەرەوە، زەواجکردنی بە ژنەکەی مالیکی کوڕی نوەیرە و هەندێ خاڵی تریش، (ئەلهەقی) وەک توێژەرێکی زانا و ورد و مێژوونووسێکی قسەکەر بە بەڵگەو و دادوەرێکی بەویژدان لەو کتێبەدا هەڵسوکەوتی کردووە.

سێیەمین کتێبیشی بریتییە لە "محمد رسول الله" کە بۆ ژیانی پێغەمبەری تەرخان کردووە و چوار بەرگە، هاتووە لەسەر ڕووداوەکانی ناو ژیانی پێغەمبەر ﷺ توێژینەوەیەکی قوولّ و فراوانی کردووە، سەنەدەکانی هەموو شیکردوونەتەوە و بەراوردکاری لە نێوانی قسە و ڕیوایەتەکاندا کردووەو گومانەکانی ڕووچەڵ کردووەتەوەو وەڵامی درۆ و بوختانەکانی داوەتەوە و چەمکەکانی ڕاست کردووەتەوە، یاڕەبی خوا پاداشتی بەخێری بداتەوە لەسەر ئەو خزمەتەی بەرانبەر دین و ئوممەت و مێژووی ئیسلامی کردوویەتی.

هەندێ لە زانایانی توێژەر بە هەمان شێوازی (شێخ صادق عرجون)ی ڕەحمەتی ئەوانیش هاتن دەستیان کردە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و دەرخستنی ساختەکارییەکان و وەڵامدانەوەی ئەو درۆ و بوختانانەی کە بە قەسدی خزێنراونەتە ناو مێژووی ئێمەوە و دوژمنانی ئەم میللەتە ئیسلامییە بازاڕیان بۆ گەرم کردوون‌و، بەداخەوە چوونەتە ناو مێشکی زۆرێکیش لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی موسڵمانانەوە.

دکتۆر جەمال عەبدولهادی زنجیرەیەک توێژینەوەی لە ژێر ناونیشانی (أخطاء يجب أن تصصح في التأريخ) نووسیوە، هەروەها دکتۆر (عبدالعزيز الشناوي)یش کتێبی (الدولة العثمانية: خلافة مفترى عليها)ی نووسی... ئەمانە و جگە لەمانەش چەندین کتێبی تر هەن کە بە دەستوقەڵەمی چەند زانایەکی متمانەدار و نەدۆڕاو نوسراونەتەوە.

* زیادەڕۆیی کردن لە جوان کردنی وێنەی مێژوودا:

ئێمە وەک چۆن ڕەخنە لەوانە دەگرین کە زیادەڕۆیی دەکەن لە دەرخستنی کەم‌وکوڕی‌و خاڵە ڕەشەکانی مێژووی ئێمەدا، کە ڕێکدەکەوێت لە کاتی توێژینەوەدا ڕاست نەبێت، بەهەمان شێوە ڕەخنە لەوانەش دەگرین کە زیادەڕۆیی دەکەن لە جوانکردنی وێنەی مێژوودا با ئەو زیادەڕۆییەش بریتی بێت لە بەرگریکردن لە کەسایەتییەک کە ئەوە ناهێنێت بەرگریی لێ بکرێت.

هەندێ توێژەر ئەوەندە زیادەڕۆیی کردووە، بۆ نموونە نامەی ماستەرەکەی یان دکتۆراکەی ناوناوە "الحجاج ابن یوسف المفتری علیه"! ! هاتووە بەرگرییەکی زۆری لە حەججاج کردووە و هەوڵی داوە کە خراپەکانی کاڵ بکاتەوە و چاکەکانی تۆخ بکاتەوە و گەورەیان بکات.

گومانی تێدا نییە حەججاج چاکەشی هەبووە و خراپەشی هەبووە، بەڵام خراپەکانی زۆر قورسترن لە چاکەکانی لە ترازوودا، گوناهی لە کەڵکی زیاترە، بەسە کە چەندین خوێنی بە حەرامی ڕژاند هەر لەبەر گومانێک یان شوبهەیەک، هەندێجار هەر بەبێ گریمان و گومانبردنیش.

پێشەوا قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا ڕیوایەتێک باس دەکات لە هەندێ کەسەوە کە وتوویەتی: من لە ڕاسەری حەججاجدا ڕاوەستابووم کە ئەسیرەکانی ڕاپەڕینەکەی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەشعەسیان هێنایە لای کە چوار هەزار و هەشتسەد کەس بوون (کە زۆرێکیان خەڵکی خوێندەوار و زاناش بوون)، نزیکەی سێ هەزار کەسی لێ کوشتن، تا کابرایەکیان هێنایە لای کە خەڵکی (کیندە) بوو، بە حەججاجی وت: حەججاج! ڕەببی خوا هەقی سوننەت و خانەدانیت لێ بسێنێت![٤٠٢] حەججاج وتی: بۆچی؟ کابرا وتی: خوای دەفەرموێ: ﴿فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا

---

[٤٠٢] عەرەبییەکەی ئەڵێ: (لا جزاك الله عن السنّه والكرم خيراً) من ئەوەم بەباش زانی لە بەرانبەریدا. (وەرگێڕ).

أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً﴾[٤٠٣] (محمد: ٤)، خوا ئەمە لە هەقی کافراندا دەفەرموێ، کەچی هەی هاوار! تۆ لە هەقی موسڵماندا نە مننەتێکت کرد و نەبەرانبەرێکت وەرگرت! خۆ شاعیرەکەی ئێوە کە مەدحی قەومەکەت دەکات و باسی پەوشتبەرزیان دەکات دەڵێ:

ولا نقتل الأسرى و لكن نَفُكُّهُم

إذا أثقَلَ الأعناقَ حملُ المَغارِمِ![٤٠٤]

حەجاج وتی: حەیف بۆ ئەو هەموو جەنازەیە! باشە ئەو هەمووە کەسێکی تێدا نەبوو قسەیەکی لەم شێوەیە بزانێت؟! ئەوەی ماوە ڕێگەیان بۆ بەرەڵا بکەن و ئازادیان کەن، ئەو ڕۆژە هەموو ئەسیرەکانی تریان بەرەڵا کرد، کە نزیکەی دوو هەزار کەس دەبوون، هەر لەبەر خاتری قسەی ئەو کابرایە.[٤٠٥]

سەیرکە ئەو کابرایە چۆن ئەو ژمارە زۆرە لە موسڵمانان دەکوژێت _ کە نزیکەی سێ هەزار کەسێك بووە _ بەبێ ئەوەی وردی بکاتەوە یان لە شتەکە بکۆڵێتەوە کە ئایا دروستە بیانکوژێت یان نا؟ لە کاتێکدا کە لە سەردەمی صحابەوە ئەوە بڕاوەتەوە کە ئەسیری کۆمەڵێ " باغی"[٤٠٦] ناکوژرێت، ئەوەی ڕابکات لەو شەڕانەدا

---

[٤٠٣] ڕاتە: کاتێك دەستەوێخە دەبنەوە لەگەڵ کافراندا بدەن لە گەردنیانو کە تێکتانشکاندن بەندەو ئەسیریان بکەنو دوای ئەوە یان منەت بکەن بەسەریانداو ئازادیان بکەن بە خۆڕایی یان (بەرانبەرێکیان) لێ وەربگرن. (وەرگێڕ).

[٤٠٤] واتە: ئێمە ئەسیر ناکوژین، بەڵکو بەرەڵای دەکەین ئەگەر هاتوو نەیتوانی غەرامەکەی بدات و لەگەردنیدا قورس بوو. (وەرگێڕ).

[٤٠٥] تفسير القرطبي، ٢٢٦/١٦، طبعة دار الكتب المصرية.

[٤٠٦] هەر کۆمەڵێك بچن بە گژ خەلیفەو دەوڵەتی ئیسلامیداو موسڵمان بن لەبەر ستەمێك یان تەئویلێك بەوانە دەوترێ (بغاة) ـ واتە یاخیبووەکان ـ ئەمانە جیاوازن لە کۆمەڵێك کافر کە بچن بە گژ دەوڵەتی ئیسلامیداو مامەڵە لەگەڵ ئەماندا دوو شتی جیاوازن و بە درێژی لە کتێبە فیقهییەکاندا باسکراون .(وەرگێڕ).

شوێنپێی هەڵناگیرێت و وازی لێ دەهێنرێت، برینداریان ناکوژرێت، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە خوێنڕشتن لەلای حەججاج نرخی نەبووە.

پێشەوا زەهەبی لە کتێبی (سیر الأعلام)دا دەربارەی حەججاج چەند دێڕێك دەنووسێت زۆر ماناداره، دەڵێ: کابرایەکی ستەمکار و دڕندەو، کەڵپەدار و، پیس و، خوێنڕێژ بوو، بەڵێ کابرایەکی ئازا و خاوەن هەڵمەت بوو، فێڵو تەڵەکەی زۆری هەبوو، کەسێکی زمانپاراو و قسەزان بوو، گەورە بۆ قورئانی دەڕوانی.

شتێکی زۆرم دەربارەی خراپەکانی ژیانی ئەم کابرایە نووسیوە لە مێژووە گەورەکەمدا کە چۆن گەمارۆی خستە سەر (ئیبن زوبەیر) کە لە کەعبەدا بوو، چۆن دایە بەر مەنجەنیق و چۆن خەڵکی مەککە و مەدینەی زەلیل کردو پاشان چۆن دەستی گرت بەسەر عێراق و ڕۆژهەڵاتدا بۆ ماوەی بیست ساڵ... شەڕەکانی لەگەڵ "ابن الاشعث"دا و چۆن نوێژی دوادەخستو.. تا ئەو کاتەی کە خوا لە ڕەگوڕیشە دەریهێنا، ئێمە (بە دروستی دەزانین) قسەی پێ بڵێین و خۆشمان نەوێت، بەڵکو ڕقمان لێیەتی لەبەر خوا، چونکە ڕقبوونیش لەبەر خوا گرێی ئیمان قایمتر دەکات (لەدڵدا).. هەروەها دەڵێ : (وله حسنات مغمورة في بحر ذنوبه وامره الى الله)[٤٠٧] واتە: چاکەشی هەیە، بەڵام لە دەریای تاوانەکانیدا خنکاون و، حەواڵەی خواش بێت!

ئێمە بە شوورەیی دەزانین کەسێك بێت و وێنەی مێژووی ئیسلامیمان بشێوێنێت لە زێڕینترین سەردەمەکانیدا، یان مێژووی پاڵەوانو پیاوە بەڕێزەکانی مێژوو بشێوێنێتو قسە و کارانێکیان بدەنە پاڵ کە هی ئەوان نین و ڕاستی ئەو قسانە نەسەلماون دەربارەی ئەو پیاوانە.

بە هەمان شێوەش هەر شورەییە کە یەکێك بێت و ڕووی کەسانێکی ستەمکار و یاخییمان لا جوان بکات، کە طوغیانیان لە وڵاتدا کردووە و دونیایان پڕ کردووە لە گەندەڵیو خوێنی ناهەقیان ڕشتووەو شتە حەرامەکانیان حەڵاڵ کردووە، کەچی

---

[٤٠٧] بڕوانە: سیر اعلام النبلاء، ٣٤٣/٥.

ئەمان بێن پاساو بۆ تاوانەکانیان بهێننەوەو ئەو کارە گەورەو ئابرووبەرانەیان کاڵ بکەنەوە و ئاسانی بکەن... هەیهوو، هەیهوو! .[٤٠٨]

یەکێك لە نیشانەکانی ئیمانداری ڕاستەقینە لای موسڵمان ئەوەیە کە: هەرکاتێك تووڕەبوو ئەو تووڕەبوونەوەی نەیباتە دەرەوەی بازنەی هەق‌و ڕاستی، ئەگەر کاتی ڕازیبوونیشی بوو ئەو ڕازیبوونە ناهەقی پێ نەڵێت، هەر بۆیە یەکێك لە دوعاکانی پێغەمبەر ﷺ کە لێوەی وەرگیراوە ئەوەیە دەفەرموێ: "واسألك كلمة الحق في الغضب والرضا"، واتە: داوا دەکەم لە خوای پەروەردگار قسەی ڕاستم پێببەخشێت لە هەردوو حاڵەتی تووڕەیی و ڕەزامەندیدا...

*** بەرگرییەکانی دکتۆر عوەیس لەبەنی ئومەییە:**

هاوڕێی عەزیزمان دکتۆر "عبدالحليم عويس" بەرگرییەکی زۆر و گەرم لەبەنی ئومەییە دەکات لە کتێبەکەیدا "بنو أمية بين السقوط و الانتحار"، لەوێدا شتانێکی زۆر چاکی باس کردووەو شتی بە نرخی زۆر هێناوە، بەڵام لەبەرگریکردنیدا لە بەنی ئومەییە زیادەڕۆییەکی زۆریشی کردووە، کە بە ڕاستی جێگەی قبوڵ نییە بەو شێوەیە خۆی بکاتە (پارێزەر)ی مێژووی بەنی ئومەییە بە چاکەکانیان‌و خراپەکانیانەوە..

دکتۆر هاتووە هێرشێکی بێپاساوی کردووەتە سەر ئەو خەلیفەیەی کە هەموو خەڵکی یەکدەنگن لەوەدا کە دادپەروەرترین خەلیفەی بەنی مەروان بووە دوای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز _ مەبەستم یەزیدی کوڕی وەلیدە _، کەچی لە هەمان کاتدا بەرگرییەکی زۆر سەیر لە (وەلیدی کوڕی یەزید) دەکات کە هەموو مێژوونووسان یەکدەنگن لەوەدا کە لادەر بووە و گەندەڵ بووە.

---

٤٠٨ "هەیهوو، هەیهوو"م بۆ "هیهات، هیهات"ی عەرەبی بەکاربردووە. (وەرگێڕ).

دکتۆر لەوەشدا دژ بە ئیجماعی ئوممەتی ئیسلامی وەستاوەتەوە کە موعاویە زۆر بەتوانادارتر دەزانێت لە بەڕێوەبردنی سیاسیدا لە کەسانی وەک عەلی کوڕی ئەبوتالێب و زوبەیر و تەڵحە و سەعدی کوڕی ئەبو وەققاس _ کە لە گەورە صەحابییەکانن، لەوانەن کە کاتێک پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد لێیان ڕازی بوو، ئەوەبوو حەزرەتی عومەریش کاندیدی کردن بۆ پلەی خیلافەت پاش خۆی _ سەرەڕایی حەسەن و حوسەین و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر! !

د. عویس بەبێ پەردە دەڵێ[٤٠٩]: "موعاویە پیاوێکی خاوەن ئیمتیازی وابوو کە زۆر کەم ئەو سیفەتانە لە دامەزراندنی دەوڵەتدا دەستدەکەوێت... موعاویە ئەو کەسە بوو بەڕاستی هەردوو سیفەتی (هێزو دەستپاکی) تێدا هاتبووەجێ وەک خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ﴾ (القصص: ٢٦) واتە: ئەوەی تۆ دەتەوێ کرێی بێ بدەی و بیکەیتە خزمەتکار کەسێکی هەم بەهێزەو هەم دەستپاکیشە.

ڕاستە لەناو صەحابەکاندا هەبوو لە موعاویە لە خواترستر بوو و، دونیانەویست تر بوو لە دینداریدا و لەو زیاتر خاوەنی خەباتو سابیقە بوو لە ئیسلامەتیدا... عەلی و حەسەن و حوسەینو زوبەیرو تەڵحە لە موعاویە پاکتربوون، ئەمە کەس نکوڵی لێ ناکات و هیچ موسڵمانێک موناقەشەی تێدا ناکات... سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسیش یەکێک بوو لە (عەشەرەی موبەشەرە) کە مژدەی بەهەشتیان پێدرابوو، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو جگە لەوانیش...

بەڵام موعاویە لە هەموو ئەوانە بەهێزتر بوو لە دروستکردنی شارستانییەتدا و لە سەرکردایەتیکردنی ئوممەتی ئیسلامیدا، دەی خۆ هەموو پیاوێکی سالّح لە کاروباری دیندا مەرج نییە بە تواناتر و گونجاوتر بێت بۆ کاروباری دونیا، موعاویە خۆی ئەم ڕاستییەی دەزانی دەربارەی خۆی، بۆیە وتارێکی دا بۆ خەڵکی و وەک ئیماندارێکی

---

[٤٠٩] بنو أمية بين السقوط والانتحار، ص١٨، نشر دار الصحوة بالقاهرة.

خاکی وتی : خەڵکینە! من باشترینی ئێوە نیم، بێگومان لەناو ئێوەدا چەند خەڵکێکی باشتر لە من هەیە، بەڵام ئومێد دەکەم کە لە ئێوە باشتر حوکمڕانی بکەم، باشتر دەست لە دوژمن بوەشێنم و لە ئێوە باشتر شیر بدەم". [٤١٠]

سەیرکە دکتۆر عویس چۆن موعاویە بە چاکتر دەداتە قەڵەم بۆ دروستکردنی شارستانییەت و ڕێبەرایەتیکردنی ئەم ئوممەتە و، لە عەلی و تەڵحەو زوبەیرو سەعد بە باشتری دەزانێت، کە ئەوانە هەموو ڕێبەرانی ئوممەت بوون، عومەر کاندیدی کردن بۆ خیلافەت، ئەوانەبوون پەرچەمی ئیسلامیان هەڵگرتو سەرۆکایەتی شەڕە گەورەکانیان دەکرد چ لە سەردەمی پێغەمبەردا و چ لە سەردەمی خەلیفەکاندا، هەروەها لە حەسەنو حەسەینو ئیبن عومەریش بەباشتری دەزانێت، دەی ئەمە قسەی هیچەو هیچ مێژوونووسێك زاتی وتنی شتی واناکات، ئەوەندەی پێی بزانم لە (سلف)و لە (خلف)دا کەس شتی وای نەوتووە. [٤١١]

ئەو قسەیەی موعاویەش کە دکتۆر بەڵگەی پێ دێنێتەوە، ئەوە موعاویە دوای مردنی عەلی و تەڵحەو زوبەیرو سەعد وتوویەتی، تا ئەوان لە ژیاندا بوون زاتی نەدەکرد قسەی وا بکات، لە سەردەمی "عەلی"یشدا داوای خیلافەتی بۆ خۆی نەدەکرد، بەڵکو داوای خوێنی عوسمانی دەکرد!

نەك هەر مافی هەموو مێژوونووس یان توێژەرێکە، بەڵکو ئەرکی سەرشانییەتی کە بەرگریی لە بەنی ئوممەییە بکات لە بەرانبەر ئەو هەمووە ستەمەی دراوەتە پاڵیان

---

[٤١٠] البداية والنهاية، ابن كثير، ١٣٤/٨.

[٤١١] خوا دکتۆر قەرەزاوی بپارێزێت و ببەخشێت ، ئەو قسەیەی دکتۆر (عوەیس) مایەی ئەوەندە نیگەرانی نییە، چونکە دکتۆر نالێ موعاویە لە ئەوان ئەفزەڵترە، خۆ هەرچەندە موعاویەش صەحابەیە ، بەڵام ئەوان ئەفزەڵترن بە دڵنیاییەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا خۆ مێژووش دەری خست کە موعاویە بە تواناتر بوو لە هەموو ئەوانی ترو توانی کۆتایی بە ئاژاوەکانی ناوخۆ بهێنێ و ئاگری فیتنەگێڕان بکوژێنێتەوە و (عام الجماعە) دروست بکات و دەرگای فتوحات سەرلەنوێ بکاتەوەو بە حیکمەتە کەموێنەکەی خۆی ئەو دەوڵەتە گەورەیە بەرێت بەڕێوە و گەلەکەشتی دروست بکات.... خۆزگە ئەو باوەی دانەهێنایە کە خیلافەتی گۆڕی بە پشتاوپشت...(وەرگێڕ).

به درۆوه، که هیچی وا لێیان ڕووینەداوە، یان شتێکی کەم ڕوویداوە و کەچی خەڵکی هاتوون گەورەیان کردووە و فوییان تێکردووە، یان ئەو خەڵکانە هاتوون چەندین چاکەو سەروەری بەنی ئوممەییە هەیە کردوویانە بە ژێر پێوە و باسیان نەکردووە !..

بەڵام تاکە شتێك کە لە هیچ تۆێژەرێك یان مێژوونووسێك قەبوڵ ناکرێت پاساوهێنانەوەیە بۆ ئەو تاوانانەی کە دراونەتە پاڵیان، یان فووکردنە بەو چاکانەی ئەوان بەرانبەر ئیسلام و موسڵمانان کردوویانە، بێت وایان پیشان بدات کە هیچ خراپەیەکیان لێوە دەرنەچووە.

* وەرگرتنی بەیعەت بۆ یەزید لەلایەن موعاویەی باوکییەوە:

ئەو کێشەیەی کە موسڵمانان یەکڕان لەسەریو بە یەکێك لە هەڵەکانی موعاویەی دەژمێرن بریتییە لە دانانی (ویلایەتی عەهد) و بەیعەتوەرگرتن بۆ یەزیدی کوڕی (لە ژیانی خۆیدا)، لەکاتێکدا لە ناو خەڵکیدا هەندێ صەحابەی هاوشان و گونجاو هەبوون و، موعاویە بەم کارەی خیلافەتی لە شوراوە گۆڕی بۆ پاشایەتی پشتاوپشت و، ئەم باوە خراپەی خستە ناو موسڵمانان و خیلافەتی ڕاشیدەی کردە کیسراگەرایی و قەیسەریەت، نەهات وەك پێغەمبەر ﷺ بکات کە موسڵمانانی ئازاد کرد لەوەدا کە کام کەس لەناو خۆیاندا بەباش دەزانن و لە هەمووان بەتواناتری دەزانن هەڵیبژێرن، موعاویە نەهات وەك ئەبوبەکریش بکات کە دوای ئەوەی ڕاوێژی بە موسڵمانان کرد، باشترین کەسی ناو موسڵمانانی کانید کرد کە خزم و کەسوکاری خۆشی نەبوون، موعاویە وەك عومەریشی نەکرد کە خیلافەت بخاتە سەرشانی کۆمەڵێك لە ئەهلی (حەل و عەقد)ی ناو موسڵمانان تاوەکو لەناو خۆیاندا یەکدەنگ دەبن لەسەر باشترینیان: یان ڕای زۆرینەیانی دێتە سەر، موعاویە هیچ ڕێگەیەك لەم ڕێگایانەی نەگرتەبەر، نە ڕێگەی پێغەمبەر ﷺ و نە ڕێگەی ئەبوبەکر و نە ڕێگەی عومەریش، بەڵکو خیلافەتی بۆ نەوەکانی قۆرخ کرد.

لەگەڵ ڕووبی ئەم هەڵەیەدا، کەچی دکتۆر عومەیسی برامان خۆی دەکاتە (پارێزەر)ی ئەم کارە کە هەموو موسڵمانان لە کۆن و تازەدا ڕەخنەی لێدەگرن.

دکتۆر عومەیس بۆ پاساوهێنانەوە بۆ موعاویە لە بەرگرییەکانیدا دەڵێت:

"خاڵێکی تر ماوەتەوە لەسەری ڕاوەستین کە زۆرجار لێپرسینەوەی موعاویەی لەسەر دەکرێت... ئەگەر موعاویە ئەو پیاوە بێت کە باسمان کرد، شایستە بێت بۆ ئەوەی خیلافەت بگرێتە دەست و سەلماندیشی کە چەندێك شایەنە بەو پلەیە... ئالێرەدا خاڵێکی تر هەیە کە لای زۆر کەس زۆر قەبوڵ نییە ئەویش کاندیدکردنی یەزیدی کوڕیەتی بۆ ئەوەی دوای خۆی کاروباری خیلافەت بگرێتە دەست.. ئەو کەسانە لە دوو گۆشەوە ڕەخنە لەم کاندیدکردنە دەگرن:

١ـ لەو گۆشەیەوە کە خیلافەتی کردە میراتگری و پاشایەتی زۆرداری...

٢ـ لەو گۆشەیەشەوە کە یەزید شایستە نەبوو بەو شوێنە و خەڵکی تر هەبوون لەو شایستەتر بوون.

سەبارەت بە مەسەلەی گۆڕینی خیلافەت بۆ پاشایەتی ستەمکاری، قسە و بڕیار تێیدا ئەوە دەخوازێ بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی حوکمڕانی لە ئیسلامدا، دەی ئایا جگە لە بنەمای (شوورا) و (عەدل) بنەمایەکی تر هەیە پێویست بێت پێوەی گەردنگیر بین؟ تەنانەت (شوورا)ش _کە بنەمایەکی پێویستە_ ئایا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی جەماعییەوە دەبێت یان لە ڕێگەی ئەندامانی (حەل و عەقد)ەوە؟ یان لە ڕێگەیەکی تری نزیکەوە دەبێت کە بتوانرێت بە ئاسانی لە ناو پایتەختدا کاری پێ بکرێت؟

تەنانەت بەیعەتی زۆرلێکراو (مکرە)یش کە یەکێکی وەك ئیمام مالیك هەڵیدەوەشێنێتەوە و دەفەرموێ: "لا بیعة لمُکرە" _بەیعەتی زۆرلێکراو دانامەزرێ_ ئایا ئەو جۆرە بەیعەتەش ڕێگە دەدات بە خەڵکی کە یاخی ببن و کودەتاو شۆڕشی لە دژدا بەرپا بکەن و ئاژاوە بخەنە ناو وڵات؟ یان ڕێگە بە شتێکی لەوە کەمتر دەدرێت،

بۆ نموونە کابرا ناچێتە ناو پرۆسەکە و پەیوەندی نێگەتیڤی دەبێت لەگەڵ کاریەدەستەکەدا"[٤١٢].

* زۆرلەخۆکردن لە کاتی بەرگریکردن لە بەیعەتی یەزیددا:

ئەوەی جێگەی داخە لێرەدا ئەوەیە نووسەر وەک فێڵێك دەیەوێت ئەو دوو کارەی کە جێگەی ڕەخنەن سووکو ئاسان بکات، کە بریتین لە:

- گۆڕینی خیلافەت بۆ پشتاوپشت و پاشایەتی ستەمکار.

- ناشایستەیی یەزید بۆ پلەی خیلافەت کە لە ئەو شایستەتر هەبووە بۆ ئەوە پلەیە.

ئەو دوو کارە ئەوپەڕی ڕوونە بۆ هەرکەسێك بیری لێبکاتەوە و وێژدان بە خەرج بدات و دان بە واقیعدا بنێت.

سەبارەت بە گۆڕینی خیلافەت بۆ پاشایەتی، ئەوە بە حەدیسی پێغەمبەر ﷺ سەلماوە و ئیجماعی ئوممەتی ئیسلامی لەسەرە و موعاویەش ئەم باوەی داهێنا و تاوانەکەی لە گەردنی ئەوەو دەبێت هەڵیبگرێت، بەهۆی ئەو تاوانەشەوە بوو کە ئەم ئوممەتە تووشی زەحمەتێکی زۆر بوو، پێشەوا زەهەبی لە (سیر أعلام)دا لە حەسەنی بەصرییەوە ڕیوایەتی دەکات کە موغیرەی کوڕی شوعبە پێشنیار دەکات بۆ موعاویە تا بەیعەت وەربگرێت بۆ یەزیدی کوڕی، ئەویش بە گوێی کرد، پێیان وت: مەبەستت چی بوو لەو پێشنیارە؟ وتی: قاچی موعاویەم کردە ناو داوێکەوە تا قیامەت لێی نایەتە دەرەوە! حەسەن دەفەرموێ: لەبەر ئا ئەمە بوو کە خەڵکی گشتی بەیعەتی بۆ منالّەکانی خۆی وەردەگرت، ئەگەر ئەمە نەبوایە کارەکە بە شورا بەڕێوە دەچوو"[٤١٣].

---

[٤١٢] بنو أمية بين السقوط والانتحار، عبدالحليم عويس، ص٢٠، ٢١ بە دواوە.

[٤١٣] سير أعلام النبلاء: ٣٩/٣.

دەی ئیتر بۆچی دەبێت دکتۆر عوەیس بڵێ: ئیسلام لە حوکمڕانیدا کەسی ئیلزام نەکردووە بە سیستمێکی تایبەتەوە! دکتۆر دەیەوێت سیستمی پشتاوپشت بشەرعێنێت[٤١٤]، چۆن دەتوانێت وا بڵێت لە کاتێکدا ئەم ئایەتەی قورئان دەخوێنێتەوە کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَاماً قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ﴾. (البقرة: ١٢٤) واتە: خوای گەورە بە چەند پەیامێك ئیبراهیمی تاقیکردەوە و ئەویش بە تەواوی پێڕەوی لێکردن، فەرمووی: بەدڵنیاییەوە من دەتکەم بە پێشەوا بۆ خەڵکی ئەویش وتی: لە نەوەکانیشم پێشەوا بڕیار بدە، فەرمووی: پەیمانی من خەڵکی ستەمکار ناگرێتەوە.

کە ئێمە ئەرکمان ئەوە بێت بە شوێن پێغەمبەر ﷺ و خەلیفەکانی ڕاشیدیندا بڕۆین، دەی خۆ سیستمی پشتاوپشت نە سوونەتی پێغەمبەرە و نەسوونەتی خەلیفەکانی ڕاشیدینە وەك لە پێشەوە باسمان کرد، کەواتە ئەمە ئەو سیستمە بیدعە و داهێنراوەیە، کە حەدیس ئاگادارمان دەکاتەوە لێی و هەموو بیدعەیەکیش سەرلێشێوانە، هەندێ لە صەحابەکانیش ئەو کارەیان بە کیسراگەرایی و باوی قەیسەرەکان داوەتە قەڵەم!

عوەیس لەم ترازووکارییەدا سووکی کێشاوە، کە دێت باس لە کودەتا و شۆڕش دەکات و باسی ئاژاوە دێنێتە گۆڕێ، وەك ئەوەی هەموو خەیاڵی هەر لەلای ئەوەیە کارەکەی یەزید بشەرعێنێت و حوسەینی کوڕی عەلی تاوانبار بکات! هەرچەندە ئەوە لە ڕاستیدا باسی ئێمە نییە و باسەکە ئەوەیە خیلافەت کە لەسەر هەڵبژاردنی ئازاد و شورا و بەیعەتی بێگەرد ڕاوەستا بوو، گۆڕا بۆ پاشایەتی و پشتاوپشت کردن.

سەبارەت بە خاڵی دووەمیش کە ناشایستەیی یەزیدە بۆ پلەی خیلافەت، گومان لەوەدا نییە ئەو کەسەی ئاگای لە کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوکاتە بێت دەزانێت کە لەو

---

[٤١٤] بڕوانە: ئەو باسەی کە شێخ غەزالی لە کتێبی (الإسلام والاستبداد السياسي) دا بە ناوی (هل تورث الزعامة) نووسیویەتی..

ڕۆژەدا کەسی تر لە یەزید شایستەتر و چاکتر هەبووە بۆ خیلافەت، چ لە ڕووی سابیقەوە و چ لە ڕووی زانستو کار و پلە و پایەشەوە، ئەگەر هەر هیچ نەبێت ئەو کەسانەی تر هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ بوونو لە خودی پێغەمبەرەوە ئایینیان وەرگرتووە و لە خزمەت ئەودا جیهادیان کردووە، وەک (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو حەسەنی کوڕی عەلی) ڕەزای خوا لە هەموویان بێت، ئیتر یەزید لەکوێ و ئەو پیاوانە لەکوێ؟ زەوی لە کوێ و ئاسمان لەکوێ؟

نووسەر لەمانەیشدا پشتی بە قسەی ئەبوبەکری عەرەبی بەستووە کە دەڵێت: موعاویە دەستی نا بە کارێکی چاکترەوە کە بریتی بوو لە سیستمی شووڕا.. دەستی بەوەوە نا و هات دەسەڵاتی دا بە کوڕەکەی و بەیعەتی بۆ وەرگرتو، خەڵکی والێکرد بەیعەتی پێ بدەنو هەشبوو بەیعەتی نەدایە، بەڵام خۆ لە ڕووی شەرعەوە بەیعەتەکەی دامەزراوە، چونکە بەیعەت بە دوو کەس دادەمەزرێت و هەشە دەڵێ بە یەک کەسیش دادەمەزرێت.[٤١٥]

حەزم دەکرد دکتۆر عوەیس بگەڕایەتەوە بۆ ئەو موناقەشە بەهێز و بەچێژەی کە لە نێوان بەڕێز محب الدین الخطیب _کە بڵاوکەرەوەی کتێبی "العواصم من القواصم"ی (ئیبنولعەرەبی)یە و پاشکۆو پەراوێزیشی لەسەر نووسیوە_ و بەڕێز شێخ (موحەممەد ئەلفەزالی)دا ڕوویداوە کە ڕەخنە لە (ئیبنولعەرەبی) دەگرێت _لەگەڵ ئەو پلەبەرزیو زانستە زۆرەشیدا_ و بە لۆژیکێکی زۆر بەهێز و ڕەسەن وەڵامی دەداتەوەو و دەڵێت: باشە دەی ئیتر چیمان هێشتووەتەوە بۆ زانایانی سوڵتان، ئەوانەی وا وەک هێلکە فەتوا بۆ سوڵتانەکان دەردەکەن و بەو فەتوایانە

---

[٤١٥] بڕوانە: العواصم من القواصم، ص٣٣١. لەگەڵ توێژینەوەکانی محب الدین الخطیب دا، هەروەها بڕوانە : بنو أمیة بین السقوط والانتحار، ص٢٤.

پاساو بۆ هەموو ئەو کارانە دەهێننەوە کە پێی هەڵدەستن و پشتیوانێکی شەرعی چاکیان دەدەنێ لە بەرانبەر جەماوەرو خەڵکیدا؟![٤١٦]

یەکێکی تر لە قسەکانی عومەیس ئەوەیە کە دەڵێ: کارەکە هەرچی بێت، یەزید بەو شێوەیە نییە کە باس دەکرێت، بەڵکو یەکێکە لە پیاوانی تۆڕێی یەکەم لەناو تابیعیندا و عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەربارەی دەفەرموێت : "ئەگەر بنەماڵەی (حەرب) لەناو خەڵکدا نەمان ئەوە زاناش لەناو خەڵکدا نامێنێت! !".

من وا نازانم هیچ کەسێك لەناو (سلف)و (خلف)دا یەزیدی لە ڕیزی زانایاندا لە قەڵەم دابێت و ئاگام لە (سەنەد)ی ئەو قسەیەی (ئیبن عەباس)یش نییە کە دەربارەی یەزید کردوویەتی و واش نازانم ئەو ڕیوایەتە _ صحیح _ بێت.

عومەیس دەڵێت: "باوکی _موعاویە_ فێری دادپەروەری و مافپارێزی و بێفیزی کردبوو، ساڵی (٤٩)ی کۆچی ناردی بۆ فەتحی قوستەنتینییەو موحەممەدی کوڕی حەنەفییە شایەتی بۆ دەداتو بەرگری لێدەکات[٤١٧]... هتد.

چەندم پێخۆش دەبوو ئەگەر دکتۆر عومەیسی برامان لەم بابەتە مێژوویە ئاڵۆزانەدا، دادوەرێکی بێلایەن بوایە، لەبری ئەوەی خۆی بکاتە پارێزەرێك و دڵگەرمانە بەرگری لە وەکیلەکانی بکات بە ڕووی دوژمنەکانیدا، بەڵام داخەکەم ئەو لەناو گەرمەی هەڵچوون و دڵگەرمیدا هەمیشە بابەتیبوون و بێلایەنی بوونی خۆی لە دەست دەدات.

بەدادترین قسەیەك کە دەربارەی یەزید کرابێت ئەوەیە کە مێژوونووسی ئیسلام پێشبەوا زەهەبی باسی دەکات لە کتێبەکەیدا (سیر أعلام النبلاء)دا : "یەزید یەکێکە لەو کەسانەی کە قسەی پێنالێین و خۆشیشمان ناوێت، خەلیفەی تری

---

[٤١٦] بڕوانە: ئەو وتارەی غەزالی لە وەڵامی محب الدین الخطیب دا لە کتێبی (فی موکب الدعوة) طبعة مکتبة نهضة، مصر.

[٤١٧] بڕوانە: بنوأمیة بین السقوط والانتحار، ص٢٤.

هاوشێوەی ئەو لە هەردوو دەوڵەتی ئەمەوی‌و عەبباسیدا هەن، هەروەها لە پاشاکانی دەوروبەریشدا خەڵکی وەك ئەو هەن، نەك ئەوە، بەڵکو خەڵکی وایان تێدایە لە یەزید خراپترە، کێشەکە لەوەدایە کە ئەو چل‌و نۆ ساڵ دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ چووە سەر دەسەڵات، سەردەمەکە زۆر نزیك بوو هێشتا، صەحابەکان هەر لە ژیاندا بوون وەك (ئیبن عومەر) کە بە بێگومان لە یەزیدو باوك و باپیریشی شایستەتر بوو".[٤١٨]

ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایەشدا نین کە مامۆستای بەڕێزمان شێخ موحەممەد غەزالی دەربارەی یەزید دەیڵێت:" گەنجێکی بەرەڵا بوو، شایستەی ئەوە نەبوو کە بکرێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی نەخوازەڵا بکرێتە ڕێبەری ئوممەتێك"! چونکە ئەوەی لە ژیاننامەکەیەوە دەردەکەوێت لە ڕووی (هێز) و (کیفایەتەوە) لە هیچی کەم نەبوو، بەڵکو کەموکوڕی لە دین و دەستپاکیدا هەبووە، ئەوەتا زەهەبی لە موحەممەدی کوڕی میسمەعەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: یەزید جارێکیان سەرخۆش دەبێت و هەڵدەستێتەوە دەست بە سەماکردن دەکات و بەسەردا دەکەوێت و سەری لەت دەبێت و مۆخی کەللەی دێتە دەرەوە!

زەهەبی دەفەرموێ: منیش دەڵێم: یەزید کابرایەکی بەهێزو قارەمان بوو، خاوەن ڕاو ئێرادە بوو، ژیرو قسەزان بوو، شیعری جوانیشی هەیە و ناصیبی بوو (ڕقی لە عەلی‌و بنەماڵەی عەلی بوو)، کەسێکی تووڕە و کەللەشەق و بێسۆز بوو، مەی دەخواردەوە و کاری خراپیشی دەکرد، سەرەتای دەوڵەتەکەی بە شەهیدکردنی حوسەین دەست پێکرد، لە کۆتاییشدا شەڕی (حەڕە)ی لە مەدینەدا بەرپا کرد، بۆیە خەڵکی ڕقیان لێی هەستا، بەڕەکەت لە تەمەنیدا نەبوو، پاش شەهیدکردنی حوسەین چەند کەسانێکی تریش لێی ڕاپەڕین، وەك خەڵکی مەدینە کە لەبەر خوا لێی

---

[٤١٨] سير أعلام النبلاء، ٣٦/٤.

هەستان، هەروەها (میرداسی کوڕی ئەددەبەی حەنزەلی بەصرەیی و نافیعی کوڕی ئەزرەق و تەواق کوڕی مەعەللای سەجوسی و ئیبنو زوبەیریش لە مەککە.."[٤١٩]

زەهەبی لە نافیعیشەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "عەبدوڵڵای کوڕی موتیع و هاوەڵەکانی چوون بۆ لای (ئیبنولحەنەفییە)[٤٢٠] و داوایان لێ کرد بەیعەتی خۆی بۆ یەزید هەڵوەشێنێتەوە و لەسەر کار لای بدات، ئەو بەڕای ئەوانی نەکرد، ئیبنولموتیع وتی: ئاخر مەی دەخواتەوە و نوێژ ناکات و باز بەسەر یاساکانی قورئاندا دەدات، ئیبنولحەنەفییە وتی: من ئەو شتانەی ئێوە دەیڵێن (یان دەوترێت دەربارەی) لێم نەدیوە، من چەندجار لای ماوەتەوە بینیومە پابەندبووە بە نوێژەوە و بە دوای خێردا گەڕاوە و پرسیاری فیقهیی دەکرد، وتی: ئاخر ئەوەی هەموو هەر بۆ ڕیابازی و نمایشکردن کردووە !

زەهەبی دیسان لە نەوفلی کوڕی ئەبی فوراتەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: لای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دانیشتبووم ، کابرایەک وتی: یەزیدی میری ئیمانداران بەفەرموێت! حەزرەتی عومەر فەرمانی کرد بیبەن و بیست قامچی لێ بدەن.[٤٢١]

ئەوە جێگەو پلەی یەزیدە لەلای خەلیفەیەکی ڕاشیدی وەک عومەرو لای هاوچەرخەکانی خۆیشی لە گەورە تابیعینەکانو لای پێشەوا میانڕەوەکانی ئیسلام، ئیتر ئەوە باسی هەڵوێستی شیعە هەر مەکە کە شتێکی زانراوە دەربارەی یەزید.

ئێمە دەمانەوێت مێژوو لە ڕووی میتۆدێکی زانستی و بابەتییەوە جارێکی تر بنووسرێتەوە، ڕووداوەکان و هەڵوێستەکانو کەسایەتییەکان هەڵبسەنگێنرێت بە ترازوویەکی ڕێك و دادئامێز، نەسووك بیخوێنێتەوە و نەقورسیش، لایەنگری لەلایەکیش نەکرێت دژ بە لایەکی تر.

---

[٤١٩] هەمان سەرچاوە، ص٣٧ـ ٣٨.

[٤٢٠] ابن الحنفیه: موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتالیبە.

[٤٢١] هەمان سەرچاوە، ص٤٠ و تأریخ الاسلام، ٩٤/٣.

* میانڕەویی موحەممەد قوتب لە ڕوانیندا بۆ مێژووی ئیسلامی:

لەگەڵ ئەوەدا کە موحەممەد قوتب بەشێوەیەکی گشتی لە ئاراستە فیکرییەکانیدا هەروەک سەید قوتبی برا گەورەیەتی و لە زۆربەی بیروڕاو پرسە وردەکانیشدا هەروەک ئەو بیر دەکاتەوە و لە نووسینەکانیشیدا زۆر خوێنەرانی ئاگادار دەکاتەوە کە بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکانی (سەید قوتب)ی برای، بەڵام دەبینین موحەممەد قوتب لە باسی مێژوودا پێچەوانەی سەیدی برای بۆ مێژوو دەڕوانێ و وەک ئەو بێڕەحم نییە بەرانبەر مێژوو (غەرقی ڕەحمەت بێت)، بەتایبەت بەرانبەر سەردەمی بەنی ئوممەییە.

لەوانەیە، تەمەندرێژی موحەممەدی برای _خوا ئەوەندی تر تەمەنی بداتێ_ و مانەوەی پاش (سەید) بۆ ماوەیەکی زۆر، بواری باشی بۆ ڕەخساندبێت پێداچوونەوە بکات بە زۆرێك لە بیروڕاکانیدا لە ژێر ڕووناکی ئەو هەمووموناقەشەو حیوارو ڕاگۆڕینەوانەدا کە لە نێوان ئەهلی فیکرو زانستدا ڕوو دەدەن لە گۆڕەپانی زانکۆکان و شوێنەکانی تردا.

هەر بۆیە ڕای موحەممەد قوتب لێرەدا میانڕەوی و وێژدانی پێوە دیارە و ئەمەش خاڵێکە لە ترازووی چاکەکانیدا بۆی دەنووسرێت، موحەممەد قوتب بەرانبەر بە بەنی ئوممەییە وێژدانی بەخەرج داوەو مافی تەواوی خۆیانی پێ داون با ڕەخنە لە هەندێ هەڵوێستیشیان بگرێت و لۆمەیان بکات لەسەر ئەو لادانو هەڵانەی کە کردوویانە، با ڕاشی تەریب نەبێت لەگەڵ ڕای هەندێ لە مێژوونووساندا کە شت زل دەکەنو فوویان تێ دەکەن، لە پێناو ئەوەی کە چاکەو شوێنەواری جوانی بەنی ئوممەییە چز بکەن، ئەو چاکانەی کە موسڵمانان سودی زۆریان لێ بینیون.

موحەممەد قوتب پەخنەی توند لە هەڵوێستی پۆژهەڵاتناسان دەگرێت کاتێك کە مێژووی ئیسلامی دەنووسنەوە و هەوڵی شێواندنی دەدەنو سەروەریو شکۆمەندییەکانی دەشارنەوە..

لە کتێبی (کیف نکتب التأریخ الاسلامی)دا موحەممەد قوتب (خوا بیپارێزێت) دەفەرموێ: "پۆژهەڵاتناسان زۆر پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن _ وەك وتمان _ کە مەشخەڵە دیارەکانی مێژووی ئیسلامی بە گشتی بشێوێنن لەبەر زیاتر لە هۆیەك".

یەکەم شت ئەوان هەست بە ڕقو کینە دەکەن کاتێك دەبینن موسڵمانان شانازی بە ئیسلامەوە دەکەن، یان دەکرێت ناوبنرێت (بەرزڕاگرتنی ئیمان)، تۆینبی لە موحازەرەیەکدا دەربارەی (ئیسلامو خۆرئاوا) دەڵێت: "بە دڵنیاییەوە ئێمە هەرگیز ئەو موسڵمانە تورکە تەقلیدییەمان خۆش نەویستووە کە لە لوتکەیەکی بەرزەوە سەیرمان دەکات و ڕقمان هەڵدەستێنێت... جا لەبەرئەوەی کە تورکێکی تەقلیدی کۆن خۆی وا دادەنا کە لە قوربکی تایبەت دروست کراوە ! ئێمەش دەهاتین هەوڵمان دەدا کە لوتی بشکێنین و وای وێنا بکەین کە ئەو قوڕەی ئەوی لێ دروست کراوە تا بڵێی شتێکی قێزەونە". (٤٢٢)

لەبەرئەوە شتێکی سروشتییە پۆژهەڵاتناسان کە باڵی پۆشنیری ئەم نەخشە خاچپەرستییە زایۆنیزمییەن، بەردەوام لە هەوڵی کوشتنی "عیززەت نەفسی" موسڵمانانداا بن! دیسان لەبەرئەوەش کە سەروەرییەکانی مێژووی ئیسلامی بەدرێژایی ئەو مێژووە سەرنجی هەموو کەس بۆ خۆی ڕادەکێشێتو، مایەی دروستکردنی ئەو "عیززەت نەفسەیە"، بۆیە سروشتییە کە پۆژهەڵاتناسان زۆر بە تووندی پەنا بەرن بۆ شێواندنی ئەو مێژووە! بە هیوای ئەوەی کە ڕەونەقەکەی بکوژێننەوە و ئەو جوانی و کەمەندکێشییەی بڕوات و ئیتر نەبێتە سەرچاوەی

---

[٤٢٢] دکتور نبیل صبحی کردوویەتی بە عەرەبی بەناوی: "الاسلام ... والغرب... والمستقبل" طبع بیروت، ص٥١.

"عیززەت نەفسی" و، شانازی پێوە نەکرێت، بەڵکو ئەگەر توانیان بیکەنە مایەی بێزاری و خۆدارنین لەو مێژووە !

ئەگەر دەستی ڕۆژهەڵاتناسان بۆ شێواندنی مێژووی ئیسلامی گەیشتبێتە سەردەمە ڕێڕینەکانی ئیسلام کە مێژوویەکە ئاسۆ و لووتکەکانی پڕ کردووە لە سەروەری، نەك ئەوە بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر نامەردانەش دەستیان بردبێت بۆ شێواندنی مێژووی خودی پێغەمبەریش ﷺ! کە گەورەترین کەسێکە ئەم سەر زەوییە بە درێژایی هەموو مێژوو بە خۆیەوە بینیبێتی! کەواتە ئیتر بۆ سەیرە هەوڵی شێواندنی مێژووی دوای ئەو سەردەمانە بدەن؟! کە لە ڕاستیشدا هەندێ هەڵە و لادان تیایاندا ڕووی داوە و دەتوانرێت بکرێنە بەڵگە بۆ ئەو شێواندنە بە تایبەتی کاتێك کە گەورە بکرێن و مانایەکیان لێدەربهێنرێن کە خزمەت بەو ئارەزووپەرستییەیان بدات.

زیاد لەمانەش ڕۆژهەڵاتناسان لە پاڵ ئەم هەوڵانەیاندا بۆ کوشتنی شانازیکردنی موسڵمانان بە"باوەڕبەرزی" یانەوە _ کە ئەوان زۆر تووڕە دەکات، چونکە زۆر زەحمەتە تا ئەو کارە نەکەن بتوانن کەسایەتی موسڵمان تێکبشکێنن و لیقی بکەنەوە ! ! _ ئەوان ئامانجێکی تریشیان هەیە لە شێواندنی مەشخەڵەکانی مێژووی ئیسلامیدا، ئەو ئامانجەش: هەوڵی لەناوبردنی ئەم بێداریيە ئیسلامییە ترسناکەیە کە خەریکە دەبێتە سەرەتایەك بۆ هێنانەوەی ئیسلام جارێکی تر بۆ ئەو بوون و دەسەڵاتەی کە پێشتر هەیبووە، بوونی ئەم بێداریيە ئیسلامییە ترسناکترین شتێکە کە خاچپەرستی زایۆنیزم لێی بترسێت! وەك چۆن "ولفرد کانتول سیمث" لە کتێبی " الاسلام فی التاریخ الحدیث islam in modern history " هەروەها "نثرۆپ" لە کتێبی " السیف المقدس the sacred sword " دا بە ڕوونی باسی دەکەن، ڕۆژهەڵاتناسی تریش جگە لەوان هەر ئەم ڕاستییە باس دەکەن..

هەروەها لەبەرئەوەش کە سەروەرییەکانی مێژووی ئیسلامی یەکێکە لە بەهێزترین کەرەستە کە بانگخوازانی ڕێگەی خوا بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر مێشك و دڵی خەڵکی پەنای بۆ دەبەن، چونکە ئەو مێژووە گەورەیەیان وەبیردێنێتەوە کە لێی بچڕاون، ئەوەش وایان لێدەکات کە هەوڵی سەرلەنوێ هێنانەوەی بدەن، بۆیە شتێکی سروشتییە کە پیلانگێڕان _ بە تایبەت دەزگا ڕۆشنبیریەکانیان _ زۆر پێداگیری لەسەر ئەوە بکەن کە هەر دەبێت ئەو مێژووە بشێوێنن، بەو هیوایەی کە کاریگەری ئەم بانگەوازە تازەیە لەسەر خەڵکی نەهێڵن! کە توانیشیان بەو شێوەیەی دەیانەوێت وێنەکانی مێژوو بشێوێنن، ئەو کاتە نەك هەر نابێتە پاڵنەرێك بۆ جوواڵەو کارکردن، بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆیەکیش بۆ بێئومێدکردنی خەڵکی سەبارەت بەو بزاڤە تازەیەی کە جوولەی بەم دینە داوە! وەك ئەوە وایە بە خەڵکی بڵێن: ئا ئەمە ئەو مێژووەیە کە دەتانەوێت خەڵکی بۆ بانگ بکەن و سەرلەنوێ بیگێڕنەوە؟! (نەخێر) ئیسلام هەر ئەو ڕۆژە کۆتایی پێهات کە کۆتای بە خیلافەتی ڕاشدین هات، لەبەرئەوە دەست لەوە بشۆن کە ئەو مێژووە جارێکی تر بگەڕێتەوە و وەرن لە چەرخی بیستدا و بە کەرەستەکانی چەرخی بیست ژیان بەڕێ بکەن! (وەرن) با شارستانی ڕۆژئاوا بە خێر و شەڕیەوە لە باوەش بگرین، چونکە هیچ ئومێدێك نییە کە ئیسلام زیندوو بکرێتەوە سەر لە نوێ! لەکاتێکدا پێش چواردە سەدە کۆتایی پێهاتووە! ئائەمەیە ئامانجەکانیان و ئەوەش کەرەستەکانی بندەستیانە..

* هەڵوێستی ئەو مێژوونووسە عەرەبانەی کە لە ژێر کاریگەری ڕۆژهەڵاتناسان و میتۆدی ئەواندان:

پاش ئەمە "مێژوونووسانی عەرەب" دێن و ئەم ژەهرەی ئەوان بەبێ هیچ هەڵوێستەکردنێك دەگوازنەوە، زۆریش پێی دڵخۆشن و وا دەزانن کەوتوونەتە سەر " کەنزێك" کە پەردەی بەرچاویانی هەڵماڵیوە، بۆ ئەوەی نهێنییەك لە پاستییەکانی ئەم مێژووە ببینن.

هەندێ لەوانە ڕاوبۆچوونی قوتابخانە تازەکانی ڕۆژهەڵاتناسان زۆر فریوی داون _ بەتایبەتی جب و، ولفر کانتول سمیپ و، جرونیباوم _ کە ژەهرەکانیان بە هەنگوینەوە شێلاوە و، خۆیان وەك کەسانێکی دڵسۆز بۆ ڕاستی و خەڵکانێکی پاك لە ڕووی " زانستییەوە!"، پیشاندەدەن، بۆیە (مێژوونووسە عەرەبەکان) بەبێ هیچ هەڵوێستەکردنێك تۆێژینەوەکانیان وەردەگرن...یەکێك لەوانە دەڵێت: ئەمانە نووسەرانێکی بەویژدانن و، هەر شوێنێکی ئیسلام سەرنجی ڕاکێشابن باسیان کردووەو، ئەو هەڵانەش حەقیقەتن بۆیە ئەوانیش باسیان کردووە ئەگینا باسیان نەدەکرد! ئەو هەڵانەش تا ئیستا ئێمە پێمان نەزانیوە و هۆکەشی ئەوەیە ئێمە بە عاتیفە ئیسلامییەکەمانەوە بۆ شتەکان دەڕوانین و پێویستە لەمەودوا ئێمەش بە "گیانێکی زانستییانەوە" مامەڵە بکەین و خۆمان لە عاتیفە دابڕنین لە پێناو بەرژەوەندی تۆێژینەوەی زانستیدا!!

باشە ئەمە هەر ئەوە نییە کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکان دەیڵێت: ﴿وَقَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُوا بِالَّذِي أُنْزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾. (آل عمران: ٧٢).

واتە: کۆمەڵێك لە ناو ئەهلی کیتابدا هەن، دەڵێن: تا نیوەی ڕۆژەکە بڕوا بهێنن بەو دینەی دابەزیوەتە سەر ئیمانداڕەکان و لەکۆتای ڕۆژەکەشدا کافربوونی خۆتان بەو دینە ڕابگەیەنن، بۆئەوەی موسڵمانان پاشگەز ببنەوە!!

ئەرێ هەقی خۆی نییە ئیتر دوای ئەم قسە ڕۆشنە خوداییە پڕ هیدایەتە، بە هیچ جۆرێك ڕاستییەکانی دینەکەمان لە دوژمنانی ئەم دینە وەرنەگرین؟!

*** تۆێژینەوە لە هێڵی ئەم لادانە بە ئەوپەڕی دەستپاکییەوە:**

پاش ئەمانە موحەمەد قوتب ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە کە پێویستە چۆن لە مێژوو بکۆڵینەوە و خێر و شەڕی نەشارینەوە! و خراپەکانی پەردەپۆش نەکەین و بەڵکو بە پێوەرێکی دادئامێز ئەو هەڵانە هەڵبسەنگێنین، ئەوەتا دەڵێت:

کاتێك کە تۆێژینەوە لە قۆناغە دوورەکان دەکەین، بێگومان وردە وردە لادانێك لە ڕاستییەکانی ئیسلام دەبینین، بەڵام قەبارەی ئەو لادانانە بە مەبەست گەورە دەکرێن، بۆئەوەی وێنەکە بە تەواوی پڕبکرێتەوە و لە پاڵ ئەوەدا ئەوەی ماوەتەوە لە ڕاستییە بنەڕەتییەکانی ئیسلام بچوکبکرێتەوە یان گومبکرێت!! بۆئەوەی لە کۆتاییدا ئەو پەیامە ژەهراویە بگەیەنرێت کە: ئیسلام بە کۆتاییهاتنی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین ئەویش کۆتایی پێهاتووە(بەڵکو پێش ئەوەش!) بۆیە هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی کارێکی بێهودەیە..

کاتێك کە دێین و ئەمانەوێت بە مێژووی ئەم سەردەمەدا بچینەوە بۆئەوەی بەرنامەی نووسینەوەی مێژوو ڕاست بکەینەوە، ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت کە کەرەستەی ئەو ڕاسکردنەوەیە ئەوە نییە بێین ڕێڕەوی لادانەکان پەردەپۆش بکەین، چونکە ئەوە هەر خۆی پێچەوانەی بەرنامەی پەروەردگارە: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى﴾. (الأنعام: ١٥٢). واتە: ئەگەر ویستتان قسەیەك بکەن ئەوە بەداد قسە بکەن با ئەو شتەش پەیوەندی بە خزمی خۆتەوە هەبێت! ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ﴾.. (النساء: ١٣٥).

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! وەرنە مەیدان بۆ خوا و شایەتی بەداد بدەن ئەگەر دژ بە خۆشتان بوو!

نەخێر شتی وانییە ! ئێمە گزی لە مێژوو ناکەین و تەزویرکاری ناکەین، نەک ئەوە بەڵکو ئێمە پێویستیمان بەوەیە کە بەو پەڕی دەستپاکییەوە بکۆڵینەوە لەو هێڵە لارەی دروست بووە و لەسەری ڕابوەستین، ئەوانە ئەو هەڵانەن کە موسڵمانان بە درێژایی مێژووی پەیڕەویکردنیان لە ئیسلام کردوویانە و، ئەوەندە لەسەریەک کەڵەکە بوون تاوەکو ڕێگەکەیان بەستووە و، لەو کۆتاییانەدا (ئەو هەڵانە) گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی کە خەریک بووە ئەم ئومەمەتە لەناو بەرێت! و لە سەر نەخشە بیسڕێتەوە، بۆیە ئێمە کە بۆ جارێکی تر دەمانەوێت دەست بەم کاروانە بکەینەوە زۆر پێویستیمان بەوە هەیە لەو هەڵانە بکۆڵینەوە و وانەی باشیان لێوەبگرین، بۆئەوەی جارێکی تر نەکەوینەوە ناو ئەو هەڵانەوە ! تا جارێکی تریش نەگلێین وەک پێشتر گلاین، بۆئەوەی هەر زوو لەو مالوێرانییانە خۆمان بپارێزین پێش ئەوەی بکەوینە ناوی.

کەواتە ئێمە هەر وەک خۆپەروەردەکردن پێویستیمان بە توێژینەوە هەیە لە ئەو هێڵە لارانە، بەڵام جیاوازییەکی ڕوون هەیە لەنێوان ئەوەدا کە تۆ بۆ پەندوەرگرتن توێژینەوە بکەیت یان بۆ ئەوە توێژینەوە بکەیت خەڵکی چەواشە بکەیت بەوەی ئیسلام ماوەیەکی کەم نەبێت قۆناغی جێبەجێکردنی بەخۆیەوە نەبینیوە ! ! و ئەوەش یانی ئیسلام چەند تیۆرێکی جوانن کە قابیلی جێبەجێکردن نین لە دونیای واقیعدا !

هەندێ ڕاستی هەن مەبەست لە باسکردنیان دەرخستنی ڕاستییە و، هەندێ ڕاستیش هەن مەبەست پێیان دەرخستنی ناهقی و چەواشەکارییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چەندە بە شێوازێکی ناهەقییانە ئەو ڕاستییە باس دەکەن و، لادان و قاڵی بەدەوردا دروست دەکەن و، شتەکان زل دەکەن.

* ڕێژەی لادانەکانی سەردەمی ئەمەوییەکان:

پاش ئەمانە موحەممەد قوتب دەڵێت: کاتێك لە مێژووی ئەمەوییەکان دەکۆڵینەوە، لە سیاسەتی حوکمڕانیدا لادانێکی ئاشکرا دەبینین بەبەراورد بەو سیستمە بێوێنەیەی کە لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا جێبەجێ دەکرا، کە دیارترین هێڵی ئەو لادانە بریتییە لەگۆڕانی سیستمی حوکم لە خیلافەتەوە بۆ پاشایەتی قەپگر بەدەسەڵاتدا وەك پێغەمبەر هەواڵی داوە..(الخلافة بعدي ثلاثون عاما ثم يأتي الملك العضوض)[٤٢٣]. واتە: (سیستمی) خیلافەت دوای من سی ساڵە، پاشان دەبێتە پاشایەتی و قەپ دەکەن بە (کورسی) دەسەڵاتدا[٤٢٤].

بەڵێ ڕاستە، دەقێك نییە شێوازی حوکمکردن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دیاری بکات و، دەق تەنیا دوو شتی سەرەکی دیاری کردووە (کە ئەویش بریتییە لە): شوورا و، حوکمکردن بەوەی خوا ناردوویەتییە خوارەوە..

﴿وأمرُهم شُورى بَينَهُم﴾. الشورى /٣٨.

﴿وَشاوِرْهُم فِي الأمرِ﴾. آل عمران/١٥٩.

﴿وَمَن لَم يَحكُم بِمَا أَنْزَلَ اللهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الكافِرون﴾. المائدة /٤٤.

﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ﴾. المائدة/٤٩.

واتای ئایەتەکان یەك لە دوای یەك:

کاروباری نێوان موسڵمانان بە ڕاوێژ دەبرێت بەڕێوە.

ڕاوێژیان پێ بکە...

هەرکەس حوکم بەوە نەکات کە خوا ناردوویەتییە خوارەوە ئا ئەوانە بێباوەڕن.

---

[٤٢٣] رواه احمد والترمذي .

[٤٢٤] سەرچاوەی پێشوو ، ص ١٢٦ _ ١٢٨.

دەی ئیتر بەپێی ئەو (یاسایانە)حوکمی نێوانیان بکە کە ناردوومانەتە خوارەوە و شوێن ئارەزووەکانی ئەوان مەکەوە، ئاگاداری ئەوەش بە نەوەک لە هەندێ لەو یاسایانەی خوا ناردوویەتیە خوارەوە بۆت....

بەڵام دەقێك نەهاتووە کە شێوەی حوکم دیاری بکات: ئایا پاشایەتییە یان خیلافەتە؟ (سەرۆك) تا دەمرێت سەرۆکە یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە؟ ئەو شتانەی تریش کە لەم شێوەیەن و درێژەکانیان باس نەکراوە و جێهێڵراوە بۆ ئەوەی ئوممەتی ئیسلامی ئیجتیهادی تێدا بکات لە کاتی جێبەجێکردنیاندا.. و ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ بە دەق باسی کردووە و لە سەردەمی بەنی ئومەیەشدا لە پاستیدا ڕوویدا ئەوە بوو حوکم لە خیلافەتەوە کرا بە پاشایەتی قەپگر، کە ئەمە پەیامی ئەوەی تێدایە کە ستەمێکی زۆر لە خەڵکی کراوە!!

بە ویژدانترین قسەیەك موحەممەد قوتب لێرەدا دەیکات ئەوەیە کە دەڵێت:

ئەوەی جێگەی سەرنجە و پێویستە تەرکیز بکەینە سەری ئەوەیە، قەبارەی ڕاستەقینەی ئەو لادانە چەندێکە کە لە سەردەمی بەنی ئومەییەدا ڕوویداوە بەبەراورد بە ڕاستییەکانی ئەم دینە کە چەندێکی لە دونیای واقیعدا ماوەتەوە.

وەك لە پێشەوە چەند جارێك باسمان کرد، وەهمێك هەیە ئیتر بەبێنیاز یان بەنیازەوە گەورە دەکرێت، ئەویش: گوایە ئەو لادانەی لە سەردەمی بەنی ئومەییە دا ڕوویدا _ سەرەڕای لادانەکانی دوای ئەوانیش _ ئەم دینەی لەناوبرد! ئەم وەهمە واقیع بەدرۆی دەخاتەوە، ساکارترین بەڵگەش ئەوەیە کە ئەم دینە لەم سەرزەوییەدا تا ئەم چرکەساتانەش هەر ماوە و نەفەوتاوە و، بەڵگەش لەسەری ئەم ڕابوونە ئیسلامییەیە لەپاش ئەو لادانانەش کە دەدرێنە پاڵ بەنی ئومەییە پێش نزیکەی چواردە سەدە..!

شایەتی واقیعیش بەسە..

بەڵام ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین ئەوەیە هەوڵبدەین قەبارەی ئەو لادانە بەبەراورد بەو بەشە ساغەی کە لە وێنەکەدا(وینەی ئیسلامەتی) ماوەتەوە، دیاری بکەین..

گومان لەوەدا نییە کە دابەزینێك لەو لووتکەوە ڕوویدا کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا و خەلیفەکانی ڕاشدینی هەبووە، ئەم دابەزینەش لەو لووتکە بەرزەوە یەکێکە لەو هۆیانەی کە ئەو وەهمەی دروست کردووە، کە گوایە ئیسلام هەر لەو ڕۆژەوە فەوتاوە و نەماوە.

پێمان خۆشە هەر لە سەرەتاوە ئەوە بسەلمێنین کە ئەو لووتکەیەی پێغەمبەرﷺ لەسەری بوو _ بەو هەمووە جوانییەی کە هەیبوو _ حەتمی نەبوو کە تا ماوەیەکی زۆر دوای ئەو بەردەوام بێت، چونکە بوونی کەسایەتی خودی پێغەمبەرﷺ هۆیەکی گرنگ بوو لە مەسەلەکەدا! هەروەها کاریگەری ئەو گەشە تازەیەش هۆیەکی تر بوو بەبێگومان، ئەم دوو هۆیەش _ بەشێوەیەکی سروشتی _ دووبارە نابنەوە!

هەروەها دەمانەوێت ئەوەش بسەلمێنین کە: ئەو بەرەیە کە بەرزبوونەوە بۆ ئەو لووتکە بەرزە بە وێست و حەزی خۆیان بەرزبوونەوە، نەك وەك ئەرکێکی سەرشانیان! خوای گەورەش "عز وجل" ئەرکی ئەوەی لەسەر مرۆڤ دانەناوە کە حەتمەن دەبێت بەرز ببنەوە بۆ ئەو لووتکە بەرزە و، فەرزی کردبێت لەسەریان، هەرچەندە بەدڵنیاییەوە پێی خۆشە بگەنە ئەو لووتکەیە، هۆی گەیشتنی ئەو بەرە ناوازەیەش بەو لووتکەیە ئەوەبوو کە ئەوان سوننەت و کارەباشەکانیشیان هەر وەك فەرز سەیر دەکرد لەسەر خۆیان! و بە حەزی دڵی خۆیان وەك فەرز سەیریان دەکرد نەك ئەوەی کە لە ڕاستیدا فەرز بێت لەسەریان..

وا چەند نمونەیەك بۆ ئەمە دێنینەوە ...

خوای گەورە بڕیاری لەسەر برایەتی موسڵمانان داوە، وەك دەفەرموێت:(إِنَّما المُؤْمِنُونَ إِخْوَة) الحجرات/١٠، " ئیمانداران هەموو برای یەکترن" هاوکاری نێوان موسڵمانانیشی بەیەکێك لە ئەرکەکان داناوە، وەك زەکاتدان و، دوای ئەوە چاکەکردنی وەك سوننەتێك داناوە لە نێوانیاندا هەرکەس بە ئەندازەی ئەوەی هەیەتی ودەروونی ڕێگەی پێدەدات، دەی ئەوانەی کە خوا دەربارەیان دەفەرموێت: (وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ).الحشر/٩ " باوی ئیماندارانی تر دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە خۆشیان پێویستیان بەو شتانە هەیە!! دەی ئەمانە بە حەزی دەروونی خۆیان ئەم بەخشندەییەیان ئەنجام داوە و پلەیەك چونەتەسەرووی خەڵکانی چاکەخوازەوە، چونکە ئەوان وەنەبێ پاش ئەوەی بەشی پێویستیان بۆ خۆیان دانابێت و ئیتر زیادەکەیان بەخشی بێت، نا ! ئەوان لەگەڵ پێویستی خۆیان بۆ ئەو شتە، هاتوون ئەو شتەیان بەخشیوە! دەی ئەم لووتکەی چاکەخوازییە هەموو کەس ناتوانێت پێیدا سەربکەوێت و خوای گەورەش فەرزی نەکردووە لەسەر هیچ کەسێك..

پێغەمبەریشﷺ دەفەرموێت:(الحلال بيّن و الحرام بيّن، و بينهم امور مشتبهات، فمن اتقى الشبهات فقد استبرأ لدينه، و من حام حول الحمى اوشك ان يقع فيه)..(متفق عليه عن النعمان ابن بشير).."واتە: حەرام ڕوونە و حەڵاڵیش ڕوونە و لە نێوانیشیاندا کۆمەڵێك شتی گوماناوی هەن، هەرکەس خۆی لەو شتانە بپارێزێت ئەوە دینی خۆی پاراستووە و هەرکەسیش هەر دەور و خولی ئەو شتانەی بێت زۆر نابا دەکەوێتە ناویان!! دەی پێغەمبەرﷺ بەم فەرموودەیەی موسڵمانان ئاراستەدەکات تا خۆیان بپارێزن لە "شوبوهات"! بەڵام ئەوانەی کە دەربارەی حاڵی خۆیان دەڵێن: (كنا نترك تسعه اعشار الحلال مخافه ان نقع فى الحرام) " ئێمە دەستمان دەنا بە نۆ بەش لە دە بەشی حەڵاڵەوە لە ترسی ئەوەی نەکەوینەناو حەرامێکەوە!! دەی ئەو (خەڵکە مەردە) شتێکیان لەسەر خۆیان فەرز کردووە کە خوا و پێغەمبەرﷺ

فەرزیان نەکردووە لەسەریان، مەسەلەکەش ئەوەیە خۆشەویستییەکی[٤٢٥] زۆریان بۆ خوا هەبووە و حەزێکی زیادیشیان بۆ پەرزامەندی و خۆنزیککردنەوە لە خوا هەبووە ...

بە هۆی ئەو شتە و ئەم شتە و شتانێکی ترەوە ئەو بەرە ناوازە هاتنە بوون، بەڵام ئێمە ناکرێت بەو پێوەرانە بێین بەنی ئومەییە یان بەنی عەبباس یان عوسمانییەکان و خەڵکانی جگە لەوانیش دادگایی بکەین! کە ئەو پلەیە تەنها کەسانی زۆر گەورە و تاک لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا پێی دەگەن، لەسەرووی هەموشیانەوە خەلیفەکانی ڕاشدین، ئێمە پێویستە لە ڕووی ئەو شتانەوە دادگاییان بکەین کە خوا فەرزی کردووە لەسەریان و، کەمتەرخەمیکردن لەو شتانەدا بە تاوان دادەنرێت و لەبەردەم خوادا لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێتو، ئیتر ئەگەر خوا ویستی لەهەر کەس خۆش ببێت ئەوە لێی خۆش دەبێت و، ئەگەریش ویستی سزای بدات ئەوە سزای دەدات..

ئەمە یانی ئێمە دادگایی بەنی ئومەییە ناکەین کە بۆچی وەک عومەری کوڕی خەتتاب دادپەروەر نەبوون! بەڵام لەسەر ئەو پاشایەتییە قەپگرە دادگاییان دەکەین کە بە هۆیەوە ستەمێکی زۆر کەوتە سەر خەڵکی کە بێگومان خوای گەورە پێی ڕازی

---

[٤٢٥] م.ئیکرام لێرەدا وشەی عیشقی دانابوو بەڕانبەر بە خودا _هەرچەند ئەو دێرە لە دەقە عەرەبییەکەدا هەر بوونی نییە، م.ئیکرام بەگوێرەی مانای ئەو پەرەگرافە خۆی نووسیویەتی، کە بەدرێژایی وەرگێڕانەکەی ئەم کارەی کردووە_ منیشم کردم بە (خۆشەویستی)، چون هەندێ پێیان وایە وشەی عیشق تەنها بۆ خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ بەکاردێت، بۆیە بێئەدەبییە بۆ خوا بەکاربهێنرێت! مامۆستای ئازیزم قانع خورشید لە کتێبی (عیشق لە نێوان عەقڵ و ئایینداً) بەدرێژی باسی ئەمەی کردووە و، هەروەها هاوڕێ و دۆستی ئازیزیشم شڤان ئیبراهیم لە (عیشق لەبەردەم دادگای ویژداندا) باسی ئەم بابەتەی کردووە و پێی وایە عیشق بۆ خۆشەویستییەکی زۆر بەکاردەبرێت، بۆیە ئاساییە بۆ خوداش بەکاربهێنرێت، منیش هەمان بۆچوونی ئەوم هەیە، بەڵام لێرەدا بە مەبەست ئەو وشەیەم گۆڕی، چون بابەتەکە باسی خۆدوورگرتنە لەو شتانەی کە دەکەونە ناو بازنەی شوبوهاتەوە، وشەی عیشقیش مادام بووە شتێکی خیلاق بە باشم نەزانی لەوێدا بەکاربهێنرێت! واللە أعلم. (ڕێناس).

نەبووە، بەو رێژە سەیرەش لەهەستیاری و دەستپاکی خەلیفەکانی ڕاشدین (کە پێنجەمیان عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە) سەبارەت بە دەست نەبردنیان بۆ دارایی گشتیی موسڵمانان دادگایی بەنی ئومەییە ناکرێت، بەڵام لەسەر ئەوە دادگای دەکرێن کە بە تەئویلی خراپ و فاسد مانّیان دەدا بە ئەم و ئەو، بۆئەوەی دڵی خەڵکی بە لای خۆیان و دەسەلاتەکەیاندا ڕابکێشن، لە کاتێکدا مانّی زەکات بۆ ئەوە خەرج دەکرێت کە دڵی خەڵکی بەرەو ئیسلام کەمەندکێش بکرێت! لەسەر ئەوەش دادگاییان دەکەین کە توندوتیژ بوون لەگەڵ نەیارەکانیاندا، لە کاتێکدا هەندێ لەو نەیارانە ڕەخنەیان لە سیاسەتی بەنی ئومەییە هەبووە لە چۆنێتی حوکمکردندا نەک ئەوەی هەوڵیان بۆ ئەوە دابێت کە دەسەلاتەکەیان لە چگ دەربهێنن، باشترین چارەسەریش ئەوەبوو کە بەنی ئومەییە دەست لەو هەڵانە هەڵبگرن نەک لەو نەیارانە بدەن!

کورتەی قسە ئەوەیە کە دابەزین لەو ئاستە بەرزەوە خۆی بۆ خۆی پێی ناوترێت لادان! بەڵکو ئەوە شتێکی زۆر سروشتی بووە کە دوای نەمانی پێغەمبەر ﷺ، یان دوای نەمانی کاریگەری ئەو دەستنەمامانەی کە ئەو ناشتنی لەناو خەڵکیدا، نەمێنێت، بەهەمان شێوە ئەو دابەزینە نابێتە هۆی ئەوەی ئیسلام بفەوتێت و بوونی لەسەر زەویدا نەمێنێت، خوای گەورە کامەرانیی ئەم مرۆڤەی لە سادەترین ئاستی ئەم ئیسلامەدا _ مەبەستمان پەیوەستبوونە بەو شتانەی کە خوا فەرزی کردوون و زیادە نەخستنە سەریان _ دابین کردووە، ئەگەر بێتو پەیڕەوی لێبکەن و شوێنی بکەون، لە حاڵێکدا کە هیچ یاسایەکی جاهیلی ناتوانێت بگاتە ئەو ئاستە، ئەمە و پاداشتی ئاخیرەتیش لەسەر ئەمە بریتییە لە بەهەشت ..

ئەوەی بەنی ئومەییە و جگە لەوانیشی لەسەر دادگایی دەکرێت _ وەک وتمان _ ئەوەیە بێنە خوار ئەو ئاستەی کە فەرزە و دەبێت لێی لانەدەن، ئەم لادانەش لە ڕاستیدا ڕوویدا، بەڵام قەبارەکەی چەندە؟ چەندێک کاریگەری هەبوو لەسەر جێبەجێکردنی واقیعیی ئیسلام لەسەردەمی بەنی ئومەییەدا؟

ئەوەندە بەسە کە ئێمە بزاڤی فتوحاتی ئیسلامی لەسەر زەویدا، لە سەردەمی بەنی ئومەییەدا تۆمار بکەین، بۆ ئەوەی ئەو هەموو وەهم و خەیاڵپڵاویە پووچ بکەینەوە، کە گوایا ئیسلام کۆتایی پێهات و دوای خەلیفەکانی ڕاشدین بوونی نەما!! بزاڤی فتوحاتی ئیسلامی تەنیا فراوانخوازی نەبوو لەسەر زەویدا و ناشبێت بەو شێوەیە سەیر بکرێت..

(فتوحات) گەورەترین بزاڤێك بووە لە مێژوودا بۆ "هیدایەتدانی " خەڵکی، گەورەترین بزاڤێك بووە بۆ دەرهێنانی خەڵکی لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، ئەم قسەیە لە هەستی خەڵکانێکی ڕۆشنبیردا لەو قسانە دەچێت کە "دەوڵەتە زلهێزەکان" دەیکەن کاتێك پەلاماری وڵاتانی تر دەدەنو دەڵێن شارستانییەت بڵاودەکەینەوە لەسەر زەویدا و، بزاڤە فراوانخوازییەکانیان ناو دەنێن کارکردن لە پێناو بڵاوکردنەوەی شارستانییەتدا..!

دەی کەواتە با سەیرێکی مێژووی ئیمپراتۆرییەتە گەورەکان بکەین لە هەموو دونیادا لە کۆن و تازەدا، (وەك) ئیمپراتۆرییەتی فیرعەونەکان، ئیمپراتۆرییەتی ئاشوورییەکان، ئیمپراتۆرییەتی فینیقییەکان، ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەکان، ئیمپراتۆرییەتی فارسەکان، ئیمپراتۆرییەتی هیندەکان، ئیمپراتۆرییەتی صینییەکان، ئیمپراتۆرییەتی بەریتانییەکان، ئیمپراتۆرییەتی فەرەنسییەکان، ئیمپراتۆرییەتی ئەمریکییەکان، ئیمپراتۆریەتی ڕووسەکان... تا دەگاتە هەموو ئەو ئیمپراتۆرییەتە جاهلییانەی کە مێژووی سەرزەوی جمەی دێت لێیان..

با بزانین ئەمانە سەرەتا چۆن دروست بوون؟ و چیشیان بڵاوکردەوە لەسەر زەویدا؟!

سەبارەت بەوەی لەسەر چی بەرقەرار بوون و چۆن دروست بوون، ئەوە دیارە لەسەر زوڵم و زەبر و زەنگ و چەوساندنەوەی خەڵکی و چۆکپێدادانیان بۆ دەسەڵاتەکانی دەوڵتی دایك!! و گۆڕینیان بۆ کۆمەڵێك کۆیلە و خزمەتکار بۆ

دەولّەتەکەی خۆیان، کاریان بریتی بووە لە کۆمەکی کردنی ئەو دەولّەتی دایکە بە پیاو و بە پارە و، بە تەسلمیکردنی هەموو خێرو خێراتێکی ولاّتەکە بەو زلهێزانە تا ئەوان پاوانکاری زیاتری پێبکەن و تێر بخۆن و ئینتەلا بکەن.. هەموشی لەسەر حسابی خەلّکی برسی و زەحمەتکێش و بێبەش، ئەم شتەش پاستییەکە و بڕواناکەم کەس موناقەشەی تێدا بکات! ![٤٢٦]

بە هەمان شێوە ئادەی فەرموون چی بلاّوکردووەتەوە لەسەر زەویدا؟ کوا کام پەیامی هیدایەتی؟ کام پەیامی دادپەروەری، هەموو هیوا و ئاوات و پەیامێکی بریتی بووە لە خۆزلکردن و کەشوفشکردن لەسەر زەویدا!!

_ هێلّی لادان لە سەردەمی عەباسییەکان و عوسمانییەکاندا:

موحەممەد قوتب بەردەوامە لەسەر قسە هاوسەنگەکانی و باسی ترسناکی ئەو لادانانەش دەکات کە لە سەردەمی عەباسییەکان و عوسمانییەکاندا ڕوویان داوە و ڕۆشنی دەکاتەوە کە ئەو هێلّی لادانەی کە لەسەردەمی ئەمەویەکانەوە دەستی پێکرد لەم دوو سەردەمەدا بەرەو زیاد بوون ڕۆیشتن و هەندێ لادانی تازەشیان بۆ زیاد بوو، حکومەت و کۆمەلّگە پێکەوە زیاتر لە ئیسلام دوورکەتنەوە، هەریەکەیان بەپلەیەکی جیاواز لەوی تر، ئەمانەش هەموو سەریان کێشا بۆ ئەو داهاتووە حاشا هەلّنەگرەی کە هەموو حکومەت و کۆمەلّگەیەکی بەرەو ڕوودەڕوا بەپێی یاساکانی خوا، حکومەتی عەباسی بەتەواوەتی ڕووخاو و بوونی نەما و کۆمەلّگەش تووشی ئەو هەمووە پێکانە هات کەتووشی هات.

بەلاّم خودی ئیسلام نەفەوتا و هەر مایەوە .

دەولّەتی عەباسی لەبەغداد و (دەولّەتی ئیسلامی لە ئەندەلوس) لقی ئەو درەختەبوون کە وشك بوون و کەوتنە خوارەوە، بەلاّم خودی درەختەکە هەر

---

[٤٢٦] کیف نکتب التاریخ الاسلامی،ص ١٣٤-١٣٦.

ڕەگەکانی زیندووە و توانای ئەوەی هەیە لقی تازەتر بداتەوە لەجێی لقە وشکەوەبووەکانی... هەر بەوشێوەیە بوو، بۆیە لەو درەختە دەوڵەتی عوسمانی لاو لەدایك بوو، کە بۆ چەندین سەدە لەگۆڕەپانەکەدا بوونی هەبوو، ڕووبەرێکی زۆری زەویشی لەبن دەستدا بوو، جەنگێکی زۆریشی لەگەڵ دوژمناندا تووش هات.

محمد قوتب باسێکی ڕوون و جوانی سەردەمی عوسمانییەکان دەکات کە زۆر پێویستە بخوێنرێتەوە چونکە بەڕاستی گرنگ و بەکەڵکە بۆ کەسێك کە بیەوێت لەمێژووی ئەم ئوممەتە تێبگات .

لێرەدا پەرەگرافی زۆرمان لەکتێبەکەی محمد قوتب گواستەوە، چونکە توێژینەوەکانی قوولّ و مانادارن و ڕاستییەکی زۆر لەبیروڕاکانیدا هەیە و، میانڕەوی و هاوسەنگی لە بیروبۆچوونەکانیدا دیارە لەنێوان ئەوانەی کە هێرش دەکەنە سەر مێژووی ئێمە و، ئەوانەشدا کە زیاد لەسنوور بەرگری لەو مێژووە دەکەن و دەیگەیەننە ئاستی زۆر لەخۆکردن و ناحەقی وتن، ئێمە مەبەستێکی تریشمان هەبوو ئەویش ئەوە بوو مافی محمد قوتب بدەین لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا کەتۆمەتباری دەکەن بەوەی لەسەر هەمان هێڵی سەییدی برای دەڕوات لە هەموو شتێکدا! (مەبەستمان بوو) ئەوە ڕۆشن بکەینەوە کەئەم پیاوە لێرەدا خاوەنی دید و بیروڕای سەربەخۆی تایبەتی خۆیەتی ...

_ پێویستە ئەو چاویلکە ڕەشە کە شت گەورە دەکات لە چاودا لابەرین:

ئێمە لێرەدا ئامۆژگاریمان ئەوەیە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە پێویستە دیدێکی بابەتییانەی بێلایەنمان هەبێتو، ئەو چاویلکە ڕەشەش لابەرین لە چاوماندا کە شتەکان زۆر گەورە دەکات ...

زۆربەی ئەوانەی کە قسە لەسەر مێژووی ئێمە دەکەن، چاویلکەیەکی ڕەش یان زەڕەبینئاسایان لە چاودایە و شتەکانی ناو مێژووی ئێمە بە ڕەشی و بە گەورەیی

دەبینن! ! بناغەی ئەم بیروڕایانەشیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێمە و لە مامۆستا ڕۆژهەلاتناسەکانیانەوە وەریان گرتووە، ئەوانەی کە لە گۆشەیەکی ڕۆژئاواییانەوە سەیری مێژوو و کەلەپووری ئێمە دەکەن، گاڵتەیان بە هەموو شتێك دێت کە بەرهەمی ڕۆژهەلاّت بێت! کە لە پشت هەموو ئەوانەوە دەمارگیرییەکی خاچپەرستانەی شاراوە هەیە، ڕقی لە هەموو شتێکە کە مۆرکی ئیسلامی پێوە بێت، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندییەکی داگیرکارانەی خۆیاندا دەیکەن کە زانست بۆ ئارەزووەکان و سوودەتەسکەکانی خۆیان بەکار دێنن!

ئەمە حاڵی ڕۆژهەلاّتناسانە لەگەڵ کەلتووری ئێمەدا، مەگەر یەکێکیان کە خوا ویستی وابێت دەمارگیر نەبێت کە ئەوەش زۆر کەمە لە ناویاندا!

زانای گەورەی هیند ئەبو حەسەنی نەدەوی چەند جوان وەسفی ئەم ڕۆژهەلاّتناسانە دەکات لە کۆڕبەندی (ئیسلام و ڕۆژهەلاّتناسان)دا کە پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر لە شاری(ئەعزەم کرە)ی هیندستان بەسترا، دەڵێت: (ئەم ڕۆژهەلاّتناسانە وەك پشکنەری زیڵدانەکان وان، چاویان هەمیشە هەر بۆ شتی پیس دەگەڕێت! و هەر پیسی دەبینێت! !

هەر بە شێوەیەش بینیومانن، بەردەوام خەریکی گەڕانن بە شوێن عەیب و عاری ئەم و ئەودا! و دەور و خوولی خاڵی بێهێز و لادانەکان دەدەن، با ئەو شتانەش بە سەنەدی زۆر لاواز و ڕیوایەتی ناسەلماویش گێڕرابێتنەوە و عەقڵیش نەیانبڕێت! ! ئەوان مەبەستیانە کە ئەو ڕووداوانە بەهێز بکەن و گەورەیان بکەن و، مایکرۆسکۆبیان بخەنە سەر و جار لەدوای جار گەورەتریان بکەن، کە لە مێشێك گایەك و لە پشیلەیەك هوشترێك.. نا! بەڵکو لە مێروولەیەك فیلێك دروست بکەن! !

تەنانەت ئەو ڕەمزە گەورانەش کە هەموو موسڵمانان لە هەموو سەردەمەکاندا لەسەر فەزل و گەورەییان یەکدەنگن، ئەم ڕۆژهەلاّتناسانە هەوڵی ئەوەیان داوە کە

ئەوانەش بشکێنن، بۆ نموونە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کە موسڵمانان بە پێنجەم خەلیفەی ڕاشدینی دا دەنێن و دەڵێن: لە عومەری کوڕی خەتتابی باپیرەی چووە ! !

ئێمەش چەندین کەسمان بینی ڕۆژنامەکان دەرگایان بۆ دەخستنە سەر پشت بۆئەوەی قسە بە یەکێکی وەکو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بڵێت و تۆمەتباری بکات بەوەی نەیزانیوە وڵات بەڕێوە بەرێت و ئاگای لە سیاسەت و ئابووری نەبووە و بووەتە هۆی وێرانکردنی دەوڵەت! تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە یەکێك لەوانە بە هەموو لووتبەرزییەکەوە ئەمانە بڵێت!! کەچی لەپاڵ ئەمەدا دێت بەرگری لە سەرکەشەکەی بەنی ئومەییە حەججاجی کوڕی یوسف دەکات! ![٤٢٧]

ئەگەر کۆمەڵگەی موسڵمانان بەو شێوە خراپ و ناشیرینە بووایە کە ئەوان وێنای دەگرن و دەیدەنە پاڵ بەنی ئومەییە، ئیتر چۆن توانییان نووری ئیسلام بگەیەننە ئەو هەموو ئاسۆ فراوانە لەناو ئاسیا و ئەفریکا و ئەوروپادا، کە لە چینی ڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێدەکرد تا ئەندەلووسی ڕۆژئاوا ... یان ئەگەر بەو شێوە خراپە بێت کە دەیدەنە پاڵ سەردەمی بەنی عەبباس، ئەوە کەی دەتوانرا ئەو شارستانییەتە سەرمەشقە دروست بکرێت کە هەموو دونیای پڕ کرد لە زانست و بۆ چەندین سەدە ئەم زەوییەی ڕووناك کردەوە پێی!

ئەوەی زانراوە کە لادانی کاربەدەستێك لە سەردەمێك لە سەردەمەکاندا ئەوەندە کاریگەری نەبووە ڕەوتی هەموو کۆمەڵگە ڕابگرێت، یان کاریگەری بەناو ناخی گەلدا بچێتەخوارەوە و ئاسەوار لەسەر بیر و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و هەستی خەڵکی دابنێت! دەوڵەتی ئەو کاتانە دەزگا و دامەزراوەی لەو جۆرەی نەبووە، وەك ئەوەی ئێستا لەم سەردەمانەدا هەن و دەوڵەت بەهۆی دەزگا پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنەکانییەوە دەتوانێت بیروڕا و حەزیش بۆ گەل دروست بکات و

---

[٤٢٧] لە بەشی یەکەم و فەسڵی "نموونەیەکی حاشامەڵنەگر لە شێواندنی مێژوودا" وەڵامی ئەمەمان داوەتەوە.

تا پادەیەکی زۆر هەست و هەڵسوکەوتیان ئاراستە بکات بۆ ئەو شوێن و مەبەستانەی کە ئەو دەیەوێت ! !

زۆر پێویستە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت مێژووی ئێمە سەرلەنوێ بنووسنەوە، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە دەیانەوێت ئەم مێژووە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بخوێننەوە کە دوور بێت لە ڕۆچوون و لە کەمتەرخەمیش، ئەو چاوێلکە ڕەشە لە چاوی داکەنێت، کە هەموو شتێکی بە ڕەش و تەڵخ پیشان دەدات و، شتێکی جوان و ڕۆشنی پێ پیشان نادات، هەروەها پێویستە ئەو چاوێلکە زەرەبینئاسایەش لابێت کە شتەکان چەند قات گەورە دەکات و زیاد لە قەبارەی خۆیان دەیانخوێنێتەوە ! !

ئەو کەسانە پێویستە کە سەیری ڕووداو و کەسەکان دەکەن بەوێژدانەوە بۆیان بڕوانن و پەیڕەوی لەو فەرمانە خوداییە بکەن کە داوای داد و میانڕەوییان لێدەکات کە زەوی و ئاسمانەکان لەسەر ئەو دادە ڕاوەستاون و، هەر ئەوە باشە کە پەیڕەوی لەو میتۆدە میانڕەوە بکات کە قورئان دەستەکانی بۆ کێش دەکات...(ألاّ تطغوا في الميزان و أقيموا الوزن بالقسط و لا تخسروا الميزان)..الرحمن/٨ و٩.

واتە : سەرکەشی مەکەن لە ترازوودا و شتەکان بەداد بکێشن و ترازووەکان سووک مەکەن(و بەقەسدی شتی لێدەرمەهێنن)..

_ سوودوەرگرتن لە میتۆدە هاوچەرخەکان:

وا باشە مێژوونووسی موسڵمان یان ئەو کەسەی خەریکی نووسینەوەی مێژووی ئیسلامییە: سوود وەربگرێت لە هەموو ئەو میتۆدە تازەو هاوچەرخانەی کە لە ڕۆژئاواوە سەریان هەڵداوە[٤٢٨] و خەڵکێکی زۆریش لە ڕۆژهەڵاتدا بە چاك یان بە خراپ پێی کاریگەر بوون، بەڵام دەبێت بە چاوێکی بابەتییانە و بێلایەنانەوە بۆیان بڕوانێت، نابێت وەك دوژمن بۆیان بڕوانێت پێش ئەوەی کە بیانناسێت و لێیان بکۆڵێتەوە، یان

---

[٤٢٨] بڕوانە: نحو تحديث دراسة التاريخ الاسلامي، د. محمد صفوت، نشر: رؤية للنشر و التوزيع.

وەك كۆمەڵێك شتی بەڵگەنەویست وەریانبگرێت و بەکاڵ و کۆڵاوێوە قەبوڵی بکات[٤٢٩].

دەبێت ئەوەی لەو بەرنامە تازانەدا هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و بەکەڵکی ئەوە دێت سوودی لێوەربگرین بۆ نووسینەوەی مێژووەکەمان، وەریبگرین و سوودی لێ ببینین، چونکە دانایی گومبووی موسڵمانە و لە هەر شوێنێکدا دۆزییەوە (وەریدەگرێتەوە و) ئەو شایانترین کەسە پێی! بەتایبەت ئالییەتە زانستیەکان کە بەرهەمی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانن وەك: ئامار و پشکنین و قیاس و لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری و شتانی تریش... ئەمانە هیچ کەسێکی ژیر نایانداتە دواوە .

هەر میتۆدێکیش لەوانە پێویست بوو کە هەمواریان بکەین، دەیکەین بۆئەوەی بەکەڵکی ئێمە بێت و، بگونجێت بخرێتە ناو مەنزومە فیکری و مەنهەجییەکانمانەوە !

ئەوانەشی کە لەگەڵ بەڵگەنەویستە فیکری و دینییەکانماندا یەکناگرێتەوە: ئێمەش لای لێ ناکەینەوە و کەسیش ناتوانێت شتێکمان لەسەر فەرز بکات کە سوودی بۆمان نەبێت! یان دژ بێت لەگەڵ بنەما و ناسنامە و تایبەتمەندییە ئایینی و کەلتووری و شارستانییەکانماندا! بە حوکمی ئەوەی خوای گەورە وەك ئوممەتێك وەسفمان دەکات و دەفەرموێت:(وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا)..البقرة/ ١٤٣. ئێمە بەو شێوەیە ئێوەمان کردووە بە ئوممەتێکی میانڕەو تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە و پێغەمبەریش ببێت بە شایەت بەسەر ئێوەوە.

لێرەدا پێویستە ئەو سەرنجە بدەین کە شتێکی ترسناکە ئێمە لەبەر خاتری فەلسەفەکانی خەڵکی تر بێین مێژووی خۆمان بشێوێنین! بە بیانووی ئەوەی گوایە " خوێندنەوەی تازە" دەکەین بۆ مێژوو! !

---

[٤٢٩] عەرەبییەکەی ئەڵێ: بعجرها و بجرها ، ئێمە کاڵ و کۆڵاومان لە بەرانبەریدا دانا.. (وەرگێڕ)

هەبوو دەستی خستە ناو قورئان و قورئانی لە سروشت و پەیام و ناوەرۆکەکەی خۆی لادا و خستییە خزمەت ئایدۆلۆژیا و کەلتووری تڕەوە و، نەک ئەوە بەڵکو خستییە خزمەت کەلتوورێکەوە کە دژ بە ئیسلامە ! ئەمەش هەموو لە ژێر دروشمی: " خوێندنەوەیەکی تازە بۆ قورئان" کە ئەنجامەکەشی داهێنانی ئایینێکی تازەیە، کە (نە ئەوەیە خوا فەرموویەتی و) نە ئەوەیە پێغەمبەرﷺ زانیویەتی و نە ئەوەیە صەحابە زانیویەتی و نە ئەوەشە تابیعینە بەڕێزەکان _کە وەفادارانە شوێن ئەوان کەوتوون_ زانیویانە..هەروەها ئەوەش نییە کە زانایانی ئەم ئوممەتەش زانیویانە بە درێژایی چواردە سەدە !

باشە ئەمە بەسەر قورئاندا بهێنرێت کە خوا وادەی پاراستنی داوە، ئیتر کەی سەیرە کە وەک قورئان و زیاتر بەسەر مێژوودا بهێنرێت و لادانی تێدا دروست بکرێت !

. دیدێکی گشتگیرانە بۆ مێژوو:

لە کۆتایی ئەم قسانەماندا _ کە لە پێشەوە زۆرمان لەم بارەیەوە وت و ئاگاداریمان دا_ دەمانەوێت ئەوە بڵێین: دەبێت دیدێکی گشتگیرانەمان هەبێت بۆ مێژووی خۆمان !

پێویستە هەر کەسێک ویستی ئەم مێژووە بنوسێتەوە بەوێژدانەوە ڕاستییەکان بخوێنێتەوە و لە ئاسۆیەکی فراوانەوە بۆی بڕوانێت و، نەیەت تەنیا دەقبگرێت بە مێژووی سەربازی یانَ سیاسییەوە، یان هەر بنیشێت بەسەر مێژووی پاشا و میر و سەرکردەکانەوە .. کە ئەمە لە کۆندا بە ئاشکرا بە مێژووی ئیسلامیمانەوە دیارە !

نەک ئەمە بەڵکو پێویستە بازنەی مێژووی ئیسلامی زۆر فراوان بکرێت و هەموو کۆمەڵگە و هەموو ژیان بگرێتەوە، مێژووی جەماوەرەکەش بنوسرێتەوە وەک چۆن مێژووی کاربەستان دەنووسرێتەوە، مێژووی زانایان و پیاوچاکان بنووسرێتەوە وەک چۆن مێژووی خەلیفەکان و وەزیرەکان دەنوسرێتەوە، مێژوو دەبێت وەک چۆن

گرنگی به ژیاننامەی توێژی سیاسەتمەداران و خاوەن دەسەلاتەکان دەدات، پێویستە بە هەمان شێوەش گرنگی بە توێژە هەژارەکانی تریش بدات وەک: جوتیاران و کرێکاران و پیشەوەران و بازرگانە بچوکەکان.. بە هەمان شێوە دەبێت چۆن گرنگی بە پایتەختی خیلافەت و دەسەلآت دەدات هەرواش گرنگی بە لادێکان و شوێنە دوورەدەستەکان بدات..

هەروەها دەبێت گرنگی بدرێت بە مێژووی دامەزراوە کۆمەلآیەتییە جۆربەجۆرەکانی وەک: قوتابخانەکان و زانکۆکان و مزگەوتەکان و کتێبخانەکان و دادوەر و دادگاکان و فەتوا و فەتوادەرەکان و ئەوقافەکان و نەخۆشخانە و بیمارستانەکان[٤٣٠] و تەکیە و خانەقاکان و رێگەکان و خانەی هەتیوان و شتانی تریش...

بەم گیانەوە و، بەم بەرچاو ڕوونی و، بەم دیدەوە و، بەم میانڕەوییە هاوسەنگەوە، پێویستە بۆ مێژوو بڕوانرێت و، مێژووی پێ بنووسرێتەوە، پێش ئەوەی خەلّکی تر بەگوێرەی ویستی خۆی بینووسێتەوە! ئێمە بەم میتۆدە دادنامێزە بەویژدان دەبین بەرانبەر باوباپیرانمان و خۆمان و ئایینەکەمان و بەرانبەر بە شارستانییەتەکەشمان و لە پێش هەموو ئەوانەشەوە بە ویژدان دەبین بەرانبەر بە ڕاستی!!

خوایە فێری وشەی ڕاستیمان بکە لە حالّەتی تووڕەیی و ئاساییدا، لە کاتی ڕق و خۆشویستندا و، بمانخەرە سەر ڕێگە ڕاستەکەی خۆت ..ئامین.

---

[٤٣٠] دکتۆر قەرەزاوی دەفەرموێ:"المستشفيات و البيمارستانات" ئێمەش حەزمان کرد هەر وەک ئەو بکەین. ئەلبەت مەبەست لە بیمارستان نەخۆشخانەی دەروونییە! (وەرگێڕ)

پێڕست

پەیڤێك لە دەستوورەكەی خواوە ٥

لە چرای پێغەمبەرایەتییەوە ٦

پێش باس ٧

یەك دوو وشە بۆ چاپی دووەم ١١

وتەیەكی پێویست پێش وەرگێڕان ١٢

پێشەكی نووسەر ١٥

بەشی یەكەم: بێویژدانی عەلمانییەكان دەربارەی مێژووی ئیسلامی ٢٣

پوچكردنەوەی ئەو قسەیەی گوایە شەریعەتی ئیسلامیی تەنها لە سەردەمی عومەردا جێبەجێ كراوە ٢٥

وەلامی ئەم ڕەخنە گەورەیە زۆر بە كورتی ٢٧

سێ هەڵە یان سێ چەواشەكاری لەم قسەیەدا ٢٨

دووبارەبوونەوەی ئەزموونی عومەر بە شێوەیەك یان زیاتر ٣٣

بە بێ بەڵگە و لە خۆڕا بریندارکردنی هەموو مێژووی ئیسلامی ٣٥

شەریعەتی ئیسلام بە درێژایی سێزدە سەدە بناغەی كۆمەڵگەی ئیسلامی بووە..٤٢

حەججاج مل شۆڕ دەكات بۆ شەریعەتی ئیسلامی ٤٨

كاریگەری كاربەدەستان لەو ڕۆژانەدا كاریگەرییەكی سنووردار بووە ٥٠

نموونەیەكی حاشا هەڵنەگر بۆ تەزویرکردنی مێژوو ٥٢

لافی ئەوەی لێدەدا كە عومەری كوڕی عەبدولعەزیز پیاوێكی بێ سیاسەت و بێ ئیدارە بووە ٥٤

ژیری و ئیجماع و مێژوو هەرسێكیان ئەم لافلێدانە دەدەنە دواوە ٥٥

بڕیاری ناڕەوای هەندێك لە گەورە بانگخوازەكان دەربارەی مێژووی ئیسلامی .. ٧٣

دوو تێڕوانینی دوور لە یەکتری بۆ شارستانییەتی ئیسلامی ٨٠
زیادەڕەوی کردن لە گشتاندندا ٨٣
مەودودی خۆشی دان بە ئەمەدا دەنێت ٨٤
ڕەخنەی تووند لە شارستانییەتی ئیسلامی ٨٥
ڕای شەهید سەید قوتب ٨٩
ڕای شێخ (محمد الغزالی) ٩٦
بە خێر شایەتیدانی ئەو زانایانەی کە بێڕەحمانە لە سەر مێژووی ئیسلامی نووسیویانە ١٠٢
شایەتیدانی شێخ محمد الغزالی ١٠٢
پەیڤی شەهید سەید قوتب ١٠٦
شایەتیدانی مەودودی ١٠٧
پەیڤی دکتۆر جابری ١١٣
بەشی دووەم: هەردوو دەوڵەتی ئومەوی و عەباسی ١١٧
دەوڵەتی بەنی ئوممەیە ١١٨
ڕاستییە مێژوویییەکانیش هەر بە درۆی دەخەنەوە ١٢٢
کورتە باسێکی ژیانی موعاویە ١٢٨
موعاویە وەک خەلیفە و کاربەدەستێک ١٣٣
حیکایەتخوانەکان ستەمی زۆریان لە بەنی ئوممەیە کردووە ١٤٤
خەڵکە تووڕەکانی ئەم سەردەمە ١٤٦
بیروڕای ئیبن خەلدون لەوەدا کە ماوەی دەسەڵاتی موعاویە دەخاتە سەر خەلیفەکانی ڕاشدین ١٤٨
وەلیدی کوڕی یەزید و یەزیدی کوڕی وەلید ١٥٢
دەوڵەتی بەنی عەباس ١٥٧

دەوڵەتی گەشەی زانست و مەدەنییەت ١٦٠
لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر (ئەششار) دەربارەی میتۆدی زانستی لای موسوڵمانان.. ١٦٦
هۆی ڕاستەقینە لە ڕەخنەکانی موسوڵمانانداو بۆ لۆژیکی ئەرستۆگالیسی ١٦٨
شایەتیدانی (لۆبۆن) دەربارەی میتۆدە زانستییەکانی عەرەب ١٧٣
زانستە کردارییەکان و پیشەسازی ١٧٦
زانستە پزیشکییەکان ١٧٧
ئەو کەلتوورە زانستی و مێژووییەمان کە دەستی دوژمنانیان پێگەیشت ١٧٨
پاشماوەی کەلتووری موسوڵمانان لە کتێبخانەکانی جیهاندا ١٨٠
ڕۆڵی عەرەب و ئیسلام لە ڕاپەڕینی ئەوروپادا ١٨٢
بەشی سێیەم: مێژوو پڕە لە مەردایەتی و شانازی ١٩١
لە کەلتوورەکانی مێژوومانەوە ١٩٢
بێخداری لایەنی خودا پەرستی لە مێژووی ئێمەدا ١٩٤
کاریگەری ئایین بە سەر شارستانییەتی ئێمەوە ١٩٧
لە مێژووی ئیسلامی ئێمەدا ئایین و زانست دەست لە ملانی یەکترن ٢٠٠
عەقڵ و نەقڵ لە شارستانییەتی ئێمەدا دەست لە ملانن ٢٠٣
ڕوونی بەها مرۆییەکان لە مێژووی ئێمەدا ٢٠٩
ڕیشەیی و ڕەسەنایەتی مانای خێر و چاکە ٢١٣
هەندێ لە شوێنەوارەکانی خێر و چاکەکردن لە ناو مێژووی ئیسلامیدا ٢١٥
وەقفێك بۆ قاپ و قاچاغی شکاو هەبوو ٢١٦
وەقفێك بۆ سەگە بەرەڵا و بێخاوەنەکان هەبوو ٢١٧
وەقفێك بۆ خواستن و قەرزکردنی خشڵ هەبوو بۆ بووك و زاوا ٢١٧
وەقفێك بۆ ژنە تۆراوەکان ٢١٧
وەقفێك بۆ دڵدانەوەی نەخۆش و خەڵکی غەریبە ٢١٨

وەقفێك بۆ چاككردنەوەی نەخۆش بە (ئیحائی دەرەكی) ٢١٨
دامەزراوە خێرخوازییەكان لە مێژووی موسوڵمانانداا ٢٢٠
بێخداری بەها ڕەوشتییەكان لە مێژووی ئێمەدا ٢٢٧
هەڵوێستی عوسمان بەرانبەر ئەو كەسانەی گەمارۆی خانووەكەیان دابوو ٢٣٦
وەسێتەكەی عەلی پاش ئەوەی كە (ئیبنولمەلجەم) دایە بەر خەنجەر ٢٣٨
نەخۆشخانە خێرخوازییەكان لە مێژووی ئیسلامیماندا ٢٤٣
لە بواری بەزەیی هاتنەوە بە گیانەوەراندا ٢٦٧
شایەتیدانی (لۆبۆن) بۆ لایەنی ڕەوشتی (شارستانییەتی ئێمە) ٢٧٩
بەربڵاوی سەماحەتی ئایینی لە مێژووی ئێمەدا ٢٨١
بناغەی تەسامح لە قورئاندا ٢٨١
سوننەتی پێغەمبەریش سەماحەتی ئایینی دووپات دەكاتەوە ٢٨٦
سەماحەتی صەحابەكان لەگەڵ ناموسڵمانانداا ٢٨٨
سەماحەتی پێشەواكان و فەقیهەكان ٢٨٩
بەویژدانەكانی ڕۆژئاواش دان بەمەدا دەنێن ٢٩٢
تەسامح لە سەردەمی عەباسییەكاندا ٢٩٦
هەندێ لە شتە جوانەكانی شارستانییەتی ئێمە ٣٠٠
توانای ئیسلام لە بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەكی ئاشتی ٣٠٥
ئیسلام ئایینێكی باڵداره ٣١٢
شایەتیدانی گوستاڤ لۆبۆن ٣١٥
فەلسەفەی قورئان و ڕادەی بڵاوبوونەوەی لە دونیادا ٣١٦
تۆماس ئارنۆڵد ویژدان بە خەرجەدات دەربارەی ئیسلام ٣٢٤
توانای تێپەڕاندنی نەهامەتییە گەورەكان ٣٢٦
نەهامەتی پاشگەزبوونەوە ٣٢٧

ئاژاوە گەورەکەی ناو صەحابەکان ٣٢٩
شەڕ و پەلامارەکانی ئیفەرنجییەکان ٣٣١
نەهامەتی هەڵمەتی تەتار ٣٣٦
زاڵبوونی ئیسلام بەسەر تەتارەکاندا پاش دوو ساڵ لە ڕووخانی بەغداد ٣٤٠
بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناو هەموو تەتاردا ٣٤٣
خۆری ئیسلام لە شوێنێکەوە ئاوا دەبێت بۆ ئەوەی لە شوێنێکی تردە هەڵبێت. ٣٤٥
بەشی چوارەم: کێ بەرپرسیارە لە شێواندنی مێژووی ئێمە ٣٥١
بەرپرسیارێتی مێژوونووسە موسوڵمانەکان ٣٥٣
نووسینەوەی مێژوو ٣٥٥
هەڵپەکردن بۆ کۆکردنەوەی شتی سەیر و سەمەرە و هەروەها لاوازییش لە هەستی ڕەخنەگرتندا ٣٦٢
ڕەخنەی ئیبن خەلدون لە مێژوونووسانی پێش خۆی ٣٦٦
دەقگرتن بە مێژووی پاشا و کاربەدەستانەوە (مێژووی سیاسی) ٣٧٨
پشتگوێخستنی خاڵە گەشەکان لە ئیسلامدا ٣٨٦
مێژووی چاکسازی و تازەگەری هەمیشە بەردەوامبووە لە ئیسلامدا ٣٨٩
نەهامەتییەکە لە شێوازی نووسینەوەی مێژوودایە ٣٩٠
سەرچاوە پشگوێخراوەکانی مێژوو ٣٩٢
بەرپرسیارێتی کتێبە ئەدەبییەکان ٣٩٤
بەرپرسیارێتی زانایانی حەدیس (فەرموودەناسەکان) ٤١١
ئەو حەدیسنەی باسی ئاژاوە و فیتنە دەکەن ٤١٦
حەدیسی پارچە پارچەبوونی ئوممەتی ئیسلامی بۆ هەفتاوسێ تاقم ٤١٨
بەشی پێنجەم: دەربارەی دووبارە نووسینەوەی مێژوو ٤٢٦
بۆچی بانگەشەی دووبارە نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی دەکەین ٤٢٧

مێژووی ئیسلامی بەو شێوەیەی زلهێزەکان دەیانەوێت ٤٢٨
کێ مێژووی ئیسلامی بنووسێتەوە؟ چۆنیش بنووسرێتەوە ٤٣٠
دوو بەڵا هەیە پێویستە مرۆڤ خۆی لێیان پزگار بکات ٤٣١
لاوازی لە متمانە بەخشیندا ٤٣١
خراپ تەفسیرکردنی مێژوو ٤٣٤
کۆیلە و دوژمنانی مێژوو ٤٣٨
قوتابخانەیەکی تازە بۆ نووسینەوەی مێژوو ٤٤٠
زیادەڕۆیی کردن لە جوان کردنی وێنەی مێژوودا ٤٤٢
بەرگرییەکانی دکتۆر عومەیس لە بەنی ئومەییە ٤٤٥
وەرگرتنی بەیعەت بۆ یەزید لە لایەن موعاویەی باوکییەوە ٤٤٨
زۆرلەخۆکردن لە کاتی بەرگریکردن لە بەیعەتی یەزیددا ٤٥٠
میانڕەویی موحەمەد قوتب لە ڕوانیندا بۆ مێژووی ئیسلامی ٤٥٦
هەڵوێستی ئەو مێژوونووسە عەرەبانەی کە لە ژێر کاریگەری ڕۆژهەڵاتناسان و میتۆدی ئەواندان ٤٦٠
توێژینەوە لە هێڵی ئەم لادانە بە ئەوپەڕی دەستپاکییەوە ٤٦١
ڕێژەی لادانەکانی سەردەمی ئەمەوییەکان ٤٦٣
هێڵی لادان لە سەردەمی عەباسییەکان و عوسمانییەکاندا ٤٧٠
پێویستە ئەو چاوێلکە ڕەشە کە شت گەورە دەکات لە چاودا لابەرین ٤٧١
سوود وەرگرتن لە میتۆدە هاوچەرخەکان ٤٧٤
دیدێکی گشتگیرانە بۆ مێژوو ٤٧٦